زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# قەدەغەشکێنی لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا
# باشووری کوردستان (۱۹۸۰-۱۹۹۱)

**نامەیەکە**
**پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر کراوە**
**وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا**

**لەلایەن**
## هاوکار مامەند طه
**بەکالۆریۆس لە زانکۆی سەلاحەدین- ۲۰۰٦**

**بە سەرپەرشتیاری**
## پ.د. نەوزاد وەقاس سەعید

**گەلاڕێزان ۲۷۱۵**

# بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەرنامەیە کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (قەدەغەشکێنی لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا- باشووری کوردستان١٩٨٠-١٩٩١) هەمووی کاری ڕەسەنی تاکەکەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێ کردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان تۆژینەوەی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی : هاوکار مامەند طه

بەروار: /٢٠١٥/٩

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادە کراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆری ئەدەبی کوردیدا. من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

ناو : پ.د.نوزاد وقاص سعید واژوو :

بەروار : / /٢٠١٥

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو :

ناو : د.گۆران سۆران

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

بەروار : / /٢٠١٥

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلیژ

واژوو :

ناو : پ.ی.د.محمد قادر خورشید

بەروار : / / ٢٠١٥

## بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەرنامەیەمان که ناونیشانی بریتی بوو لە: (قەدەغەشکێنی لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا- باشووری کوردستان١٩٨٠-١٩٩١) خوێندەوە و قوتابییەکەمان کە ناوی (هاوکار مامەند طـە) بوو، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆری ئەدەبدا تێدایە.

واژوو:
ناو:
ئەندام:
بەروار:

واژوو:
ناو:
ئەندام:
بەروار:

واژوو:
ناو:
ئەندام:
بەروار:

واژوو:
ناو:
سەرۆکی لیژنە
بەروار:

واژوو:
ناو: پ. ی. د. سعید عمر ابراهیم
ڕاگری کۆلیژی پەروەردە - بەوەکالەت
بەروار:

هەواڵنامەی کتێب

## پێشکەشە بە

- دایک وباوک وخوشک وبراکانم
- هەموو مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست
- هاوسەری دڵسۆزم (ئەڤین)
- (هەژان)هیواو ئاواتی ئایندەم
- ڕۆحی پاکی شەهیدانی ڕای ئازاد
- ئەو قەڵەمە بوێرانەی لەپێناو ڕاستیدا دەنووسن.

# سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ سەرپەرشتیاری نامەکەم وماماۆستای پێشووم پ.د(نەوزاد وەقاص سەعید) کە بەرەخنەو پێشنیازەکانی ڕێنوێنی کردم .
- سوپاس بۆ سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی پەروەدە –کە پاڵپشتم بوون لە نووسینی نامەکەمدا.
- سوپاس بۆ (کتێبخانەی ناوەندی هەولێر) وکتێبخانەی (گشتی هەولێر) کە بەکتێب گۆڤارو ڕۆژنامەکان یارمەتیان دام.
- سوپاس وپێزانینم بۆ گشت ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە لەماوەی خوێندنی باڵادا وانەیان پێ گووتووم.
- سوپاس بۆ هەموو ئەم هاوڕێ و کەسە نزیکانەی بەپێی تواناو تایبەتییەکانی خۆیان کارئاسانیان بۆ کردم.
- سوپاس بۆ ئەم شاعیرە ڕۆح سووکانەی,گفت وگۆی ڕاستەوخۆم لەگەڵیان ئەنجامداو بەدڵێکی فراوانەوە دەرفەتیان پێ دام پرسیاریان ئاڕاستەبکەم.

هەولێرنامەی کتێب

توێژەر

هاوکار مامەند طه

## پوختەی توێژینەوە:

وەکو وتراوە (ئەدەب ئاوێنەی کۆمەڵە) بۆیە کۆمەڵ بەهەموو پرسە مێژوویی و هەنووکەییەکانیەوە لەئەدەبدا شوێن پێی خۆی قایم کردووەو,ئەدەب زمانحاڵی خۆشی وناخۆشی و,شەڕو,ئاشتی و,مرۆڤایەتی و,عەشق و,سروشت و,حەزوخولیاو,ئاواتەکانی تاک وکۆمەڵە.لەسەر ئەم بنەمایە شیعر وەکو بەهێزترین کایەی ئەدەبی ومەعریفی ڕوومالّی ڕووداوە سیاسی وکۆمەڵایەتی ومەدەنییەکانی مرۆڤ دەکات لەهەر کات وشوێنێکدا. جیاکردنەوەی ناوەرۆکە شیعریەکان پێویستییەکە بۆ تایبەتمەندی و قۆناغبەندی وڕەهەندەکانی هەریەک لەم دەروازانەی شیعر سەریان پێدادەکات,کەواتە ئەم ژینگە کۆمەڵایەتی وسیاسیانەی شیعری تیا لەدایک دەبێت شوناسێک دەدات بەجەستەی شیعرو,دەرگای ناساندن ولێکۆڵینەوەی بۆ دەخاتەسەرپشت. هەرلەکۆنەوە شیعرمایەی مشت ومڕو جێگای بایەخ پێدان بووە,لەلایەن گشت ئەدیب وڕەخنەگرو فەیلەسووف وسەرکردەکان,چونکە شیعر سازان لەگەڵ زانستەکانی تری مرۆڤایەتیدا دەکات و,بەنێو شادەمارەکانی دەروونزانی و کۆمەڵناسی و ئایدۆلۆژیاو فەلسەفەدا ڕۆدەچێت .

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەنجەمان خستۆتەسەر ئەم قاوغە سەپێنراوانەی لەدەیەی ١٩٨٠-١٩٩١-ی سەدەی ڕابردوو,کە زنجیربەندی ئازادی و,کۆت وبەندی نەریتی و کۆمەڵایەتی وئاینی و, دەمگرتنی فیکری وئەدەبی ئەم سەردەمە دەگرێتەوە.هەروەها لەسەرەتادا خوێندنەوەیەکمان بۆ ماف وتابۆگشتی وتایبەتی ویاسایی ونایاساییەکان پێشکەش کردووەو چەمک وپێناسی تابۆمان لەدیدی کەسایەتیە ئەدەبی وجیهانییەکانەوە شرۆڤەکردووە.

لەبەشێکیتری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەم هەڵچوونانەی لەشیعردا خاڵی دەبنەوە بووەتە ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکەمان,جگەلەمەش لەتەوەرێکیتردا هونەری ئەفراندنی شیعری قەدەغەشکێنمان لەڕووی زمان ومیکانیزمی دەربڕینەوە خستۆتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەکەو جیاوازی ئەم جۆرە شیعرانەشمان لەگەڵ جۆرەکانیتری نزیک لەخۆی شەن وکەو کردووە.

جگەلەمانەش لە تەورێکیتردا ئەم پەیوەندی وکاریگەرییە دیالێکتیکیانەمان دیاریکردووە ,کەلەنێوان ئەدەب وتابۆکاندا مێژوویەکیان هەیە,وەلەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەمدا دێمەسەر ئەم بەرهەمە شیعریانەی,کەلەماوەی ئەم دەساڵەدالە باشووری کوردستان دەتوانین بەشیعری قەدەغەشکێن ناویان ببەین وجۆری ئەم قەدەغانەمان دیاریکردووە ,کەلەلایەن شاعیرانی ئەو دەمەوە شکێنراون بەتایبەتیش لەلایەن شاعیرانی ڕەچەشکێنی وەک:(لەتیف هەڵمەت ,قوبادی جەلی زادە,فەرید زامدار,محسن ئاوارە, کامەران مەنتک,جەلالی میرزا کەریم ,هاشم سەڕاج ,فەرهاد شاکەلی,سەباح ڕەنجدەر,کەریم دەشتی,ژیان بابەگوڕگوڕ ,مۆیدطیب.)

لەکۆتاییشدا دەڵێم هەموو لێکۆڵینەوەیەک شایەنی درێژکردنەوەو سەرنج وتێڕامانی زیاترە, بۆیە هەرچەند وترابێت و,هەرچەندیتر بوترێت بەدواداچوونی زیاتر هەڵدەگرێت.

## ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| بەڵێنامە | II |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | III |
| بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە | IV |
| پێشکەشە بە | V |
| سوپاس و پێزانین | VI |
| پوختەی توێژینەوە | VII |
| ناوەڕۆک | IV-VIII |
| پێشەکی | ١-٣ |
| بەشی یەکەم: | ٣-٥٧ |
| تەوەری یەکەم:قەدەغەشکێنی چەمک وقۆناغ وئەدگار | |
| أ-چەمکی(قەدەغەشکێن) لەڕووی فەرهەنگی و واتاییەوە | ٤ |
| ب-دەستەواژەی نامۆیی | ٥ |
| ج-پێناسەو جۆرەکانی نامۆیی | ٧ |
| د-لەنامۆبوونەوە بەرەو یاخیبوون | ١١ |
| تەوەرەی دووەم:چەند تێڕوانینێکی فەلسەفی بۆ چەمکی تابۆ | ١٤ |
| تەوەرەی سێیەم:جۆرەکانی تابۆ: | ٢١ |
| أ-ماف وتابۆیە گشتی وپاساییەکانی مرۆڤ | ٢١ |
| ب-تابۆی تابۆ | ٣٧ |
| ج-تابۆی جێگیر | ٥١ |
| د-تابۆی گۆڕاو | ٥٤ |
| بەشی دووەم | ٥٨-١١٨ |
| تەوەرەی یەکەم: | |
| أ-لەتابۆشکێنی واقیعییەوە بەرەو تابۆشکێنی لە ئەدەبیاتدا | ٥٨ |
| ب-پەیوەندی وکاریگەری دیالێکتیکی نێوان ئەدەب - تابۆکان | ٧٣ |
| تەوەرەی دووەم:ڕەی شیعر بۆ شکاندنی بەستەڵەکەکان | ٧٥ |
| أ-شیعرو شکاندنی بەستەڵەکی ئایدۆلۆژیا | ٧٦ |
| ب-شیعروشکاندنی بەستەڵەکی کۆمەڵایەتی | ٨٧ |
| تەوەرەی سێیەم:شیعرییەتی شیعری قەدەغەشکێن | ١٠٠ |

| | |
|---|---|
| ١٠٠ | أ-زمانی شیعر |
| ١٠٤ | ب-وێنەی شیعری |
| ١٠٨ | تەوەرەی چوارەم:میکانیزمی شیعر بۆ قەدەغە شکاندن |
| ١٠٩ | أ-بێ ئاگایی ونەستی شاعیر |
| ١١٣ | ب-ئاگایی ومەبەستی شاعیر |
| ١١٦ | تەوەرەی پێنجەم:تابۆی گشتی وتابۆی تایبەتی ورۆڵی ڕووناکبیران |
| ١٧٣-١١٩ | بەشی سێیەم |
| ١١٩ | تەوەرەی یەکەم:شیعری هاوچەرخی کوردی وزەڕوڕەتی دەرچوون لە سیاقە گشتییەکان |
| ١٢١ | تەوەرەی دووەم: پەیامی شیعری هاوچەرخی کوردی کۆتایی سەدەی بیستەم |
| ١٢١ | أ-شیعری هاوچەرخی کوردی وتوانای وشیارکردنەوە |
| ١٢٥ | ب-شیعری هاوچەرخی کوردی-لەیاخیبوونەوە بەرەو ڕەچەشکاندن |
| ١٣٠ | ج-قەدەغەشکێنی وجۆرەکانی لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا (١٩٨٠-١٩٩١) |
| ١٣٢ | ١-دەقی ئیرۆتیکی |
| ١٤٥ | ٢-دەق ودەسەڵات |
| ١٥٦ | ٣-دەقی دژبەکەسایەتی وپیرۆزییە ئاینییەکان |
| ١٧٠ | ٤-دەقی دژە باو یا نەریت شکێن |
| ١٧٤ | ئەنجام |
| R١٧٦ | سەرچاوەکان |
| N١٨٧ | تێبینییەکان |
| A | پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی |

## پێشەکی:

هەموو ئەم هەوڵ وبەدواداچوونانەی بۆ نووسینی ناوەرۆکی ئەم باسە گرتوومەتەبەر بەمەبەستی تیشک خستنە سەرو گرینگی پێدانە بەکاریگەریەکانی ئەم یاساو قەدەغەکارییە نێردراوو دارێژراوانەی,کەبوارەکانی ئاین وسیاسەت وکۆمەڵگای پێ بەسیستەم دەکرێت بۆ سەر ئازادی ڕادەربڕین ونووسین وکاری ئەدەبی,جائەم یاسایانە چ دەسکردی مرۆڤبن یاخواکردبن,پەیامێک یاخود ئامانجێکیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە,بۆدەرخستنی لایەنی باش یان خراپی ئەم ئامانجانەش بەسەر ئەدیب وبەرهەمە ئەدەبییەکانیان,لێکۆڵینەوەکەم بەسەرچەند تەوەرێکی جیاواز دابەش دەبێت,شیعری هاوچەرخی کوردی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم ودەیەی هەشتاکان بەدیاریکراوی بەرکاری ئەم لێکۆڵینەوەیە.

- گرینگی لێکۆڵینەوەکە :

گرینگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە کەبەقۆناغ گشت ئەم بۆشاییە دەروونیانەی شاعیران وئەدیبان دەپشکنێت,کە سێکتەرە تابۆییەکان,دروستیان کردووەو,وەلەئەنجامی پەنگخواردنەوەو داچەپاندنی بەردەوامیشەوە,ئەم ترس ودڵەڕاوکێیانەی لەم بۆشاییە دەروونیانەدا قەتیس بوون,مەودای ئارام گرتن ومانەوەیان لەدەست داوەو,دواتر لەدرزی ئاوەزو نەستەوە,لەشێوەی شیعری هاوچەرخ دەرکەوتوون و تابۆییەکانیان شکاندووە.

- سنووری لێکۆڵینەوەکە :

سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە لەدەسپێکدا بەشێوەیەکی تیۆری باس لەم تابۆیانەدەکات ,کەهەندێکیان بوونەتە بەشێک لەماف ویاسا گشتییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی,هەندێکیشیان لۆکاڵین وپەیوەندیان بە داب ونەریتی خێڵەکی وکۆمەڵایەتی یان ئاینی یان ناوچەگەرێتییەوە هەیە,وەبۆ دەرچوون وشکاندنی بەستەڵەکی هەرجۆرێک لەتابۆکاریەکان,بابەتەکەمان بەسەر قۆناغەکانی نامۆبوون وپاخیبوون و ڕەچەشکێنی پلەبەندکردووە,پەیوەندی وکارلێکی هەمەلایەنانەی نێوان ئەم قۆناغانەو,ئەدەبیات بەگشتی وشیعرمان بەتایبەتی بەسەر ڕەهەندەکانی ئایدۆلۆژی وسۆسیۆلۆژی دابەش کردووە,دواتر جۆری میکانیزم وچۆنیەتی شێوازی دارشتنی ئەم بەرهەمە شیعریانە بۆ ئەم مەبەستە بەگشتی خراوەتە ڕوو,لەکۆتاییشدا بەشێوەیەکی پراکتیکی شیعری هاوچەرخی کوردی سالانی ١٩٨٠-١٩٩١ ی باشووری کوردستانمان کردووە بە سنووری کارەکی لێکۆڵینەوەکەمان و کەم تازۆر شاعیرانی ئەو دەیەیەمان لەم ڕووەوە بەسەرکردۆتەوە,لەنموونەی ئەم شاعیرانەش :(لەتیف هەڵمەت, فەریدزامدار,عبدألله پەشێو ,شێرکۆبێکەس, هاشم سەراج ,نەوزاد ڕەفعەت ,کەریم دەشتی ,ژیان بابەگوڕگوڕ, مؤید طیب ,سامی شۆرش, فەرهاد شاکەلی ,قوباد جەلی زادە,سەباح ڕەنجدەر,محسن ئاوارە,کامەران مەنتک, جەلالی میرزاکەریم )

- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

لەدرێــژەی لێکــۆڵینەوەکەدا بــۆ تێڕامــان و ووردەکــاری و هەڵوەســتەکردن لەســەر ئەم دەرهاویشــتانەی لە تابۆکارییەکانەوە دەکەونەوەو بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر,ڕێبازی شیکاری وەسفیمان گرتۆتەبەر,لەم ڕێگەیەشەوە لە پانتــاییەکی فراوانــدا جــومگە ســەرەکییەکانی(ئەدەب – تابۆ)کانمــان بەیەک گەیاندووەو,لەئاســتی پێویســتدا ڕەنگدانەوەی بابەتە تابۆییەکانمان بەسەر شیعری هاوچەرخی کوردی شیکارکردووە.

- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :

هۆکـاری هەڵبژاردنـی ئەم بـابەتەم بـۆ لێکۆڵینەوەکە دەگەڕێتەوە بـۆ ئەوەی,کەتـا ئێستا بەشێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوە لەسـەر ئەم بـابەتە نەکراوە لەئەدەبـی کوردیداو,ئەگەر لێرەو لەوێش لەڕووی دەروونیەوە کـاربۆئەم بـابەتە کرابێت,بەڵام نەیتوانیـوە پـڕ بەپێستی خـۆی پێداویسـتیەکانی پڕبکـاتەوەو قسەلەسـەر هەمـوو کـونج وکەلەبەرەکـانی بکات,یـاخود دەتـوانین بڵێین ئەگەر لەهەر سووچێکدا دەروازەیەک بـۆئەم بـابەتە واڵاکرابێت لە سنوورێکی تایبەتدابووەو مافی تەواوی لەسەرجەم بەشە پەیوەستدارەکان پێ نەدراوە.

- گیروگرفتەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە :

ئەوگرفـت وئاسـتەنگیانەی لە میـانەی نووسینەوەی لێکـۆڵینەوەکەدا هاتەبەردەممـان جگە لە کەمـی سـەرچاوەی پێویست بۆ ئەم بابەتەو ,لەلایەکی تریشەوە بریتـی بوولە گشتـاندنی زۆرینەی پـاژە تیۆرییەکـانی ئەم تەوەرە بەســەر شیعری هــاوچەرخی ســاڵانی هەشــتاکانی باشــووری کوردســتان,چونکە ســەرلەبەری ئەم شــیعرانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا خستوومانەتە بەربـاس,لەدیوانی شـاعیراندا هەڵبژاردنـی بـۆکراوە لە هەردوولایەنـی نـاوەڕۆک ومێـژووی هۆنینەوە,یـاخود دانـانی شیعرەکاندا,ئەگەرچی هەنـدێجار شـاعیر وابەسـتە نەبـووە بەنووسـینی ئەم مێــژووە لەگەڵ دەقەکەیــدا,بەڵام لەم حاڵەتەشــدا کۆڵمــان نەداوەو پەنامــان بــردۆتە بەر ئەم تێبینـــی ورەشنووسانەی شاعیران لە گۆشەیەکی دیوانەکانیاندا ئاماژەیان بۆ کردووە.

- لێکۆڵینەوەکەمــان بە ناونیشانی(قەدەغەشــکێنی لەشــیعری هــاوچەرخی کوردیــدا-١٩٨٠-١٩٩١-باشــووری کوردستان)ە,سـەرجەم پێکهاتەکـانی لێکـۆڵینەوەکەش بـریتیە لەسێ بەش وپێشـەکی و ئەنجـام وسـەرچاوەکان وکـورتەی بـاس بەزمانەکـانی کـوردی وعەرەبـی وئینگلیزی,وەبەشـەکانیش بەسـەرچەندلایەنێکدا دابەش دەبـن بەم شێوەیەی خوارەوە :

- بەشی یەکەم بەناسـاندنی چەمکی(قەدەغەشکێن) دەست پێدەکات ودواتـریش دەستەواژەی نـامۆیی وجۆرەکـانی بەکـورتی دەخاتەڕوو,پاشـان لەنـامۆبوونەوە بەرەو یـاخیبوون دەچێـت و چەنـد تێڕوانینێکـی فەلسـەفی لەدیـدی کەسایەتیەکانیشـەوە بـۆ تـابۆو,پێناسـی چەمکـی تـابۆگەری پیشـان دەدات,تەواوکەری ئەم بەشـە بەپـۆلینکردنی جۆرەکانی تـابۆدێت بەسەر :

أ- ماف و تابۆیه گشتی وباسابییەکانی مرۆڤ: کەئەم لقانە لەخۆدەگرێت :

١- ماف وتابۆی سڤیل – مەدەنی ,کەئەویش دابەش دەبێت بۆ :أ- قەدەغەی ئەشکەنجەدان ب-مافی گەشە پێدان ج-مافی یەکسانی ڕەگەزی .

٢- ماف وتابۆی کەمینەی نەتەوەیی یان زمان, ٣- ماف وتابۆی ئاینی, ٤- ماف وتابۆی سیاسی, ٥- ماف وتابۆی ڕەگەزی, ٦- ماف وەتابۆی فیکری ورۆشنبیری وئەدەبی وڕاگەیاندکاری

ب- تابۆی تابۆ :کەئەم لقانە لەخۆدەگرێت: ١-تابۆی ئیرۆتیک,٢- تابۆی دژەباو, ٣- تابۆی گوناهـ,٤-تابۆی داشۆرین

ج- تابۆی جێگیر

د- تابۆی گۆڕاو

-لەبەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەشدا سەرەتا تیشکم خستۆتەسەر ڕێڕەوی گوێزانەوەی تابۆشکێنی لە واقیعەوە بۆ نێوئەدەب وەدوای ئەوەباسم لە پەیوەندی وکاریگەری دیالێکتیکی نێوان ئەدەب – تابۆکان کردووە, پاشان شیعرم وەکو گرینگترین وبەهێزترین کایەی ئەدەبی بۆشکاندنی هەریەک لەبەستەڵەک وقەدەغەکارییەکانی ئایدۆلۆژیای ئاینی وسیاسی لەلایەک ونەریتی ورەگەزیش لەبواری سۆسیۆلۆژیدا دەستنیشانکردووە,دواتربۆ فۆرمی ئەم جۆرەشیعرانەی دەکەونە بەرخانەی قەدەغەشکێنییەوە,زمانی شیعری و وێنەی شیعریم لەڕووی چۆنایەتی وجۆرایەتیەوە کردووە بە پێوەرو,لەگەڵ ڤۆناغە ئەدەبیە جیاوازەکانیشدا باسم لە گۆڕانکارییەکان کردووە لەم بارەیەوە,لەکۆتایی ئەم بەشەشدا هەردوو میکانیزمەکانی(بێ ئاگایی) و(ئاگایی)م بۆگەیشتن بەمەرامی تابۆشکێنی لەشیعردا دیاریکردووە,کەشاعیران بە پێی ئەم ڕۆژگارو بارودۆخە تایبەتانەی پێیدا تێپەڕیون لەم دەیەیەدا گرتوویانەتەبەر لەشیعرەکانیاندا.

- لەبەشی سێیەم و کۆتابەشی ئەم لێکۆڵینەوەیەشدا,شیعری هاوچەرخی کوردی ساڵانی هەشتاکانی باشووری کوردستان بەشێوەیەکی گشتی بۆتەلایەنی پراکتیکی لەکارنامەی لێکۆڵینەوەکەدا,وەئەم سەردێڕانەی لەم بەشەدا خستوومەتە بەرچاو ئەمانەن :

- شیعری هاوچەرخی کوردی و زەرورەتی دەرچوون لەسیاقە گشتییەکان

- پەیامی شیعری هاوچەرخی کوردی کۆتایی سەدەی بیستەم :

أ- شیعری هاوچەرخی کوردی وتوانای وشیارکردنەوە, ب- شیعری هاوچەرخی کوردی –لەیاخیبوونەوە بەرەو ڕەچەشکاندن

ج- قەدەغەشکێنی وجۆرەکانی لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٠ – ١٩٩١ :

١- دەقی ئیرۆتیکی, ٢- دەق ودەسەڵات, ٣- دەقی دژبەکەسایەتی وپیرۆزییە ئاینیەکان, ٤ - دەقی دژەباویانەریت شکێن

## بەشی یەکەم :

**قەدەغەشکێنی (چەمک وقۆناغ وئەدگار), چەند تێڕوانینێکی فەلسەفی بۆ چەمکی تابۆو,جۆرەکانی تابۆ لەڕووی (یاسایی, وکۆمەڵایەتی و,سیاسی و,ئاینی و,ڕەگەزی و,ڕۆشنبیری وئەدەبی)یەوە.**

- **تەوەرەی یەکەم-(قەدەغەشکێنی)چەمک وقۆناغ وئەدگار:**

**أ- چەمکی(قەدەغە شکێنی) لەرووی فەرهەنگی و واتاییەوە :**

(قەدەغەشکێن) وشـەیەکی لێکـدراوە لەزمـانی کوردیـدا لە وشـەی (قەدەغە) کە پەسنێکە بەرامبەرە بەوشـەی (Prohibition) لە زمـانی ئینگلیزیـدا و (ممنـوع) لە زمـانی عەرەبیـدا [1]، لەگەڵ ڕەگـی کـاری (شـکێن) کە لەچـاوگی (شـکاندن)ەوە وەرگیـراوە, هەردوو وشـەکە بەیەکەوە (قەدەغەشـکێن), ئاوەڵنـاوێکی لێکـدراویان دروستکردووە, ئەم ئاوەڵناوە تایبەتە بە مرۆڤ واتە ئەو کەسەی کە گوێ بەیاساو داب و نەریتە دەستکردوو ئاسمانیەکان نادات. یان لەدەرەوەی پرانسیپە کلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییەکان چالاکی کردەیی یان هزری ئەنجام دەدات. بەپشتبەستن بەدەقە ئاسمانیەکان دەردەکەوێت هەر لە سەرەتای بـوونی مرۆڤایەتیـدا واتە لە(بـابە ئـادەم ودایە حەواوە)لەلایەن یەزدانەوە قەدەغەکـردن هەبـووەو, مـرۆڤیش دەسـتی بـۆ بـردووە, بە مەبەسـتی لادان لێـی, جـا لەسـەر هەر بنەمـایەک بێت بەپێـی دەقە ئاینییەکـان. (خـواردنی هەمـوو میوەکـان ڕێگە پێدراوە...جگە لەمیوەیەک کەخواردنی قەدەغەیە. لەقورئانـدا تەنیـا نـاوی درەختـی قەدەغەکراو هـاتووە - لاتقربـــا هـــذە الشـــجرة-)[2] وە دواجـــار فریودانیـــان لەلایەن شـــەیتانەوەو, شـــکاندنی فەرمـــانی خـــودا ئەم قەدەغەشکێنیەبوو,کە چارەنووسی گشت مرۆڤـایەتی هێنـایە سەر زەوی. بەسەرنجدان لەوەی کە گشت قەدەغەو قەدەغە کراوەکـان ,پەیوەسـتن بەیاسـا ئـاینی و کـۆمەڵایەتی و ئایـدۆلۆژیەکانەوەو, تێپەڕانـدن و لادان لەم چەپێنـراوانە لەسـەر ئاسـتی هۆشـەکی و ناهۆشـەکیدا بەدوو هەنگـاو لە پێشـە خـۆی دەبێت. ئەوانـیش سـەرەتا نامۆبوون و دواتر یاخیبوونە.

کەواتە ئەو مـرۆڤەی یـاخی دەبـێ لەسیسـتەم و سـنوورەکان دەبەزێنێـت , یەکەم ئاکـاری نـامۆبوونەو گۆشـەگیرییە,جیاوازە لەکەسـانیتر مـرۆڤە نـامۆکەش وێـڵ و سەوداسـەری تـازەگەرییەو, هەمیشـە یـاخییە لەو بەربەستانەی ڕێگـا لەئـازادی و دەربڕینەکـانی دەگـرن (جیـاوازی نێـوان مرۆڤـی تـازەگەرو مرۆڤـی ئـاسایی سەر شـەقام ئەوەیە, مرۆڤـی ئـاسایی نـامۆبوونی خـۆی هەسـت پـێ ناکـات, یـاخود کە هەسـتیپێکرد لەنـاو بونیـادە ئاسینەکان ناچێتە دەرەوە...بەڵام مرۆڤی تـازەگەر تێئاوارەبوونی خۆی "واتە نـامۆبوونی خـۆی –اغتـراب" لەنـاو بونیادەکانـدا جێـدەهێڵێت بـۆ تێئـاوارەبوون لە بونیـادەکـان.)[3], بەو مانـایەی مـۆڕاڵی نوێخـوازی وگـۆڕانکـاری لە خوێن و دەمارەکانیدا لەگڕو تینێکی بەردەوامدایە.(تـازەگەرلەجیهـانێکی بێقەیدوبەنـددا دەژی,هـیچ مەعریفەیەکـی باڵادەست لەگۆڕێ نییە,هیچ مەرجێ لەگۆڕێ نیە, مەرجی بڕینـی تـاریکی و نادیـار نەبێت)[4] بـۆبردنەوەی گـرەوی ئەم مەرجەش,نـایەتە ژێربـاری هیچ زۆرکـاری وزۆردارییەک,هەرتەنیـا بەمەش ناوەسـتێت کەمەرجە داسـەپاوەکان ڕەتبکـاتەوە,بەڵکو ژێـرانە ئەلتەرنـاتیڤی تـازە دادەنێـت بـۆ سـڕینەوەیان. لەمەشـەوە بۆمـان ڕوونـدەبێتەوە کە

---

١ - زانەر محەمەد- فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)- کوردی –عربی -ئینگلیزی -چاپخانەی چوارچرا-سلێمانی-٢٠١٤-ل٢٥١

٢ - د.عەلی شەریعەتی- یاخیبوونەکەی کامۆ- و.ڕێکان تەحسین - چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر-٢٠١٤-ل١٠٣-١٠٤

٣ - بەختیار عەلی -لەدیارەوە بۆ نادیار- بەرگی دووەم -چ١- چاپخانەی کارۆ - سلێمانی - ٢٠١١-ل ١٧

٤ - هـ -س -پ -ل٧٨

بۆئەوەی لەکەسایەتی قەدەغەشکێن تێبگەین دەبێت لە پێشەوە پەنجە بخەینەسەرچەمک و زاراوەو پێناس و جۆرەکانی نامۆبوون و, ئەم ڕەهەندانەدیاریبکەین کە مرۆڤە نامۆکە هەنگاوی بۆ دەنێت,وە سەرەنجام ڕێخۆشکەر دەبێت بەرەو یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە.(هەستکردن بە نامۆیی بەزۆری هاندەر دەبێت بۆ یاخیبوون, وە یاخیبوونیش شتێک نییە، جگە لەناڕازیبوونێکی ئاڕاستەکراو دژ بە بارودۆخێک لە بارودۆخەکان, ئەم یاخیبوونەش ئەگەر ڕوویەکی خراپ وەرگرێت بە لەبەریەک هەڵوەشانەوەو گۆشەگیربوونی تاک,یان ڕوویەکی باش وەرگرێت لە هەنگاو نان بۆ گۆرانکاری,دەبێتە هۆی نامۆبوون.)[1] لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مەرج نییە هەمووکات نامۆبوویەک یاخی بێت و هەموو یاخیبێکیش قەدەغەکان بشکێنێت.

**ب- دەستەواژەی نامۆیی:-**

هەمووئەو سەرچاوانەی ئاماژە بەماناو جۆرو ئەم دەستەواژانە دەکەن, کەنامۆبوون هەم وەکو وشە هەم وەکو چەمک دەناسێنێت ,جۆرێک لە ئالۆزی نیشاندەدەن.هۆکاری ئەم ئالۆزیەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی نامۆبوون, کە سەردەکێشێت بۆ بەرەیەکی فراوان لە دەرهاویشتەکانی سایکۆلۆجیاو ڕیالیستیەتی ژیانی مرۆڤایەتی(لەگەڵ بڵاوبونەوەی بیرۆکەی نامۆیی لە ژیانی هاوچەرخماندا,وەکو کێشەیەک ئالۆزی لەخۆ دەگرێت.زۆری ماناو جۆرا وجۆریەتیبوونی لە ئەنجامی چەند حاڵەتێکی مرۆڤایەتیە لە ڕاڕایی ودابڕان جا بەڕەزامەندی بێت یان بە ناچاری)[2] لەڕووی دەستەواژەییەوە لەزمانە جیاوازەکاندا بەم شێوەیەی,کەلێکدانەوەی واتای وشەیی بۆکراوە لەفەرهەنگدا ,هەروەک پێشتر خستمانە ڕوو پەرش و بڵاویەک دەبینرێت.بەجۆرێک کەهەرکۆمەڵگایەک لەڕوانگەی پێداویستیەکانی تاکەکانی خۆیەوە لێی ڕوانیوە, لە گۆشەنیگای مەعریفەی گشتیەوە دەلالەتەکانی دەرخستووە.

لەبەرئەوەی نامۆبوون وەکو دیاردەیەکی ژیانی ئادەمیزادلەزۆربەی بوارەکاندا هەستی پێ دەکرێت بۆیە جگەلەجیاوازی زمان ونەتەوەکان بەکلتوورو فەرهەنگی کۆمەلایەتی وئابوری و سیاسی وڕۆشنبیریەوە لەهەریەک لەم بوارانەشدا دەبێتە چەمکێکی تایبەت بەم بوارە,لێرەوە دان بەوە دادەنێین کە هەرگیز ناتوانین پڕ بەهەموو دەللاقەکان سەروسەودای چەمکی نامۆبوون بگەرێین.(چونکە هەموو زمانەکان کاتێک دێنە سەر پەسنی دۆخێکی دەروونی یان پەسنی هەڵچوونێکی ناخ کەموکوڕیان هەیە)[3]واتە پێناسەکانی نامۆیی لەزمانێکەوە بۆزمانێکیتر جیاوازەوهەر پێناسێکیش تایبەتمەندی ئەو شوێنەی هەڵگرتووە کەتیایدا هاتووە, بەرلەوەی ووشەی (نامۆیی) لەزمانی کوردیدا شیتەڵ بکەین بۆ پێکهاتە واتاییەکان, بەرامبەر وشەکە دەستەواژە بیانیەکان وەردەگرین وتیشک دەخەینە سەر جیاوازیەکان.

---

١ - نوزادحمد عمر -الغربة في الشعر كاضم السماوي-رسالة ماجستير- جامعة صلاح الد ين- كلية تربية -٢٠٠٨-ص١٥

٢ - عبدالقادر موسى المحمدي - الإغتراب في تراث صوفية الإسلام - بيت ألحكمة - بغداد-٢٠١١ -ص١٣

٣ - غياث الدين نقشبندی - نامۆیی -چ٢- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان - سلێمانی- ٢٠٠٤- ل٣٤

لەزمانی ئینگلیزیدا(کاری "Alienate" بەمانای دووردەکەوێتەوە یاخود گۆشەگیر دەبێ دێت)[1] لەتێگەیشتنە باوەکانی نامۆییدا کە لایەنی شوێن یان جوگرافی یان جێهێشتنی نیشتیمان, دوورکەوتنەوە لە زێد,یان لایەنی دوورەپەرێزی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە بەوەی تاک یاخی دەبێ لە ڕۆتیناتی باوو,دووردەکەوێتەوە لە پەیوەندیکردن بەخەڵکەوە.,لە زمانی عەرەبیدا زیاتر جەخت دەکرێتە سەر واتای جوگرافی و کۆمەڵایەتی نامۆیی,ژێدەرەکانی ئەم زمانە سەبارەت بە هەردوو دەستەواژەی"الغربة " ئەمە ئاشکرا دەکەن کە دەستەواژەکە لە غوربەتی مرۆڤی دوورخراو لە لانەو ماڵ, یان کۆچکردوو خۆی بە ئەدەبیاتی عەرەبیدا ناساندووە,دواتر"اغتراب" ئەومرۆڤەی کە لە کۆمەڵگا دابڕاوە بە هۆکاری نەگونجان و قبوڵنەکردنی ئەم چەمکە کۆمەڵایەتیانەی کەداڕێژراوەو ,خودی ئەم کەسەی تێدا فەرامۆشە, هەست بەبوون و کەسایەتی خۆی ناکات لەناویدا.

لەفەرهەنگی (العین)ی فەراهیدی پێناسەی"غربة"بەم شێوەیە کراوە(الأغتراب عن الوطن,وغرب فلان عنا یغرب غربا,و أغربتە غربتە أی نحیتە والغربة النوی البعید)[2] هەروەهالە فەرهەنگی "ژیر" دا زاراوەی "إغتراب" بەمانای "ئاوارەکەوتن" هاتووە جا ئەم ئاوارەییە لەناوەوەی وڵات بێ یا لەدەرەوە . زاراوەی "غربة" بەمانای "کۆچکردن , وڵات بەجێهێشتن" هاتووە.کە هەردوو ماناکە دەلالەتێکی شوێنیان هەیە.[3]لە زمانی ئەڵمانیشدا (Entfremdung) ی بۆ بەکار هاتووە کە(-بەمانای تێکچوونی عەقڵی دێت مانای تریشی بە ئەڵمانی بە نابەڵەدبوونی پەیوەندی نێوان کەسەکان دێت.)[4], هەروەها شێواوی باری دەروونی تاک وهەستکردن بەبۆشاییەکی زۆر لە نێو خودی کەسەکە لە لایەکو کەسەکەودەوروبەر لەلایەکیترەوە.

لەزمانی کوردیشدا دەستەواژەکە هەندێجار وەکو ناو"نامۆیی" ڕاڤەکراوە, هەندێ جاریش وەکو ئاوڵناو"نامۆ"ڕاڤەکراوە,لە فەرهەنگە کوردیەکاندا بۆ نموونەلە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەدا هەژاری موکریانی(نامۆیی بەواتای بێگانەیی و,نامۆش بەمانای غەریبە,بێگانە)[5]بەرامبەر دەکات. هەروەهالەفەرهەنگی خاڵ(نامۆ:غەریب,نامۆیی:بێخەوی,بێکەیفی)[6] بۆ دانراوە.لەفەرهەنگی کوردستان("نامۆ"ی بە"هۆگرنەگرتوو")[7] ڕاڤەکردووە.لەڕووی واتاییشەوە هەر سێ لایەنی نامۆبوونی خودو,شوێن و,کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت کە هزری فەرهەنگ نووس لە چوارچێوەی کوردبوونەوە لەسەر زاراوەکە هەڵوەستە پێ دەکات.

---

١- سەلام ناوخۆش- فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)-ئینگلیزی –کوردی- چاپخانەی نازە-چ١- هەولێر –٢٠٠٢-ل٣٧

٢- أبو عبدألرحمن ألخلیل بن أحمد فراهیدی- کتاب( ألعین)–-دارألشؤن ألثقافیة ,ط٢-١٩٨٦,ص٤١٠-٤١١

٣- ڕزگار کەریم -فەرهەنگی (ژیر), عربی-کوردی , چ١-چاپخانەی إحسان- سلێمانی -٢٠١٣-ل٢٥،٤٣٧

٤- د.کەمال معروف- ئەدەبیاتی کلاسیکی و شیعری نوێخوازی کوردی-چاپخانەی ژین ,چ١ –سلێمانی-٢٠٠٣-ل٧٥

٥- هەژار- فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە - (کوردی –فارسی)- تهران- ١٣٤٩-ل٨٥٧

٦- شێخ محمدی خاڵ- فەرهەنگی خاڵ-چ ١- سلێمانی- ٢٠٠٠- ل٣٣١

٧- گیوی موکریانی- فەرهەنگی کوردستان- چ ١ -١٩٩٩- ل٨٧١

ج-پێناسەو جۆرەکانی نامۆیی:-

هەروەک دەستەواژەکانی نامۆیی لە زمانە جیاوازەکاندا فرە ڕەنگی و فرە دەنگی لەخۆ گرتبوو,بەدڵنیاییەوەش بە هەمان شێوە پێناس و جۆرەکانی نامۆییش فرە ڕەهەندی وهەژمارێک لێدوان بە ئایدیاو فەلسەفەی جیاوازو ,بە فەرهەنگ و ڕەگەزی جیاواز بە مەژارو ژینگەی جیاواز لەخۆ دەگرێت.من لێرەدا بە پێویستم زانی کە جۆرەکانی نامۆیی بە گەڕانەوە بۆ تێڕوانینە فەلسەفی و سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەکان پۆلین بکەم . واتە لەژێر سێبەری پێناسەی نامۆییدا جۆرەکانی نامۆیی دەخەینەبەرباس.

١-نامۆبوونی جوگرافی:-

پەیوەندی مرۆڤ بە خاکەوە پەیوەندییەکی ئەزەلیەو بەتایبەت لەگەڵ شوێنی لەدایک بوون وگەورەبوونیدا,هیچ کەسێک نییە بەویستی خۆی دووری لە زێدو وڵات هەڵبژێرێت, ئەگەر بە هۆکارێکی بەهێز لەسەری فەرز نەبووبێت.مرۆڤ هەر لە سەرەتای فڕێدانی بۆسەر زەوی بەهۆی تاوانی قەدەغەشکێنییەوە هەستی بەنامۆبوون کردووە (زۆربەی لێکۆڵەران وای دەبینن کە نامۆیی قەدەرێکی نووسراوە لەلای مرۆڤەوە هەر لەگەڵ لەداک بوونیەوە, وە ئەم قەدەرە بەردەوام دەبێ لەگەڵی تا کۆتایی ژیانی,وە ناشتوانێ بیگۆرێت.)[1] نامۆیی شوێن یان جوگرافیا بەواتای گواستنەوە یان پێ گوێزانەوەی کەس دێت ,لەخاک یان وڵات یان شار بۆخاک یان وڵات و شارێکیتر کە خودی ئەم کەسە بیانییە بەم شوێنەو دەوروبەرەکەش بەلای ئەم نامۆیە.جا ئەم گواستنەوەو گوێزانەوەیە بە هۆکاری تایبەت یان هۆکارگەلێکی سیاسی یان ئابووری لەپشتە ,کەوادەکات مرۆڤ سەری خۆی هەڵگرێت بەرەو ئاقاری غوربەت.(کەواتە دەتوانین بڵێین نامۆبوونی جوگرافی یان بەویستی تاکەو بۆ مەرامێکی تایبەتی خۆیەتی جا بۆ خوێندن یان کارێک بێت یان بەزۆرەملێیە..)[2] لەئەنجامی شەڕوشۆڕی بەردەوام یان لاوازی باری ئابووری وململانێی سیاسی,کەمرۆڤ تیایدا ناچاردەبێت پەنابۆ کۆچکردن ببات و ژیانی پەنابەری هەڵبژێرێت.

٢-نامۆبوونی خودی :-

خود هەمیشە دوو لایەنەیە لە جەستەی مرۆڤدا.خودی دەرەوە واتە(من)بە هەموو ئاکارو ڕەوشت و کەسایەتیە ئاگاییەکانەوە دەناسرێتەوە,خودی ناوەوە(ئەو) ئەو خودەیە کە نا ئاگاییانە لە جەستەی مرۆڤدا خۆی مەڵاسداوەو هەڵگری ئەم خەون و خولیاو حەزو ویستە ناخەکیانەیە, کە لەژێر چەپاندن و قەدەغە کردنی ئاینی وکۆمەڵایەتی یاساو ڕێسا نەریتی و دانراوەکاندایە.خودی دەرەوە(من) بۆ ئەوەی ژیان لەگەڵ کەسانیتردا بباتەسەر, دەبێت بێتە ژێرباری ئاسایشی کۆمەڵایەتی .بەڵام زۆرجارخودی ناوەوە(ئەو) نارازی و تووڕەیە لە

١- أحمدحاجم محمد- ألغربة وألحنين في ألشعرألعربي ألأندلسي -رسالة ماجستير –جامعة بغداد –كلية ألاداب- -١٩٨٣ -ص٥٦
٢ - سەرکەوت سەعدی قادر- نامۆیی لە ڕۆمانەکنی(سەڵاح عومەر)دا- چ١-چاپخانەی حاجی هاشم–هەولێر -٢٠١١ –ل٤٤

هەمبەر خۆی, کە ناتوانێ وەک ئەوەی خۆی دەیەوێت نمایشی کەسایەتی خودی خۆی بکات. بۆیە ڕەفتارەکانی شاز دەبێت و, هەستدەکات خودی خۆی لێ ونبووە.خاوەنی خۆی نییە. (نامۆبوونی تاک لە ڕوانگەی سایکۆلۆجیەوە ئاڵۆزترین و سەختترین کێشەی خۆژی تاک دەگەیەنێت, واتە دابڕانی تاک لەکێشە هاوسەنگەکانی خودی خۆی لەگەڵ پێداویستی و حەزو ئارەزووەکانی و دەوروبەری)[1] بەگشتی ئەم جۆرە ناهاوسەنگییە دەروونی و دەرەکیانە دەرەنجامی داهێنانی ئەدەبی ,یان کەسایەتی تێکدەرو گێرەشێوێنی لێدەکەویتەوە.

(ئەریک فۆرم), کە یەکێکە لە شاگردەکانی قوتابخانەی دەروونشیکاری (فرۆید),خاوەن تێڕوانینی تایبەتی خویەتی لەبارەی نامۆییەوە ,کەوا بەلایەوە مرۆڤی نامۆ( پەیوەندی لەگەڵ خودی خۆیدا بەهەمان شێوە پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا لەدەست دەدات.)[2] لەلایەکیتریشەوە ڕێبازی بوونگەرایی وکەسایەتی وئەدیبە دیارەکانی سەر بەم ڕێبازە بۆچوونەکانیان لەمەڕنامۆبوون بۆ خود چڕدەکەنەوە بەوپێیەی (فەیلەسوفی بونگەرا لەمانا ناوەکیەکەیدا لە نامۆبوون دەڕوانێت, کە بریتیە لەنامۆبوونی مرۆڤ لەبوونی قوڵی خۆی بە جۆرێک وای لێ دێت,کەچیدی خودی خۆی نابێت ...)[3] هیگڵ یەکێکە لەم فەیلەسوفانەی کەهەڵسەنگاندن و لێدوانەکانی سەبارەت بە دیاردەکان جێگای وردبوونەوەو هەڵوەستەکردنە,هیگڵ لەفەلسەفەی تایبەتی خۆیدا بەشێوەیەک لێکدانەوە بۆکەسایەتی نامۆبوو دەکات, کە(لەناخیدا دوو ئاڕاستەی بزوێنەری هاوسەنگ هەیە,ئاڕاستەی یەکەم هەوڵی لێکۆڵینەوەی تاکی نامۆیە لەڕاستی بابەتێکی دەرەکی,وەهەوڵی دوورخستنەوەی ناهەموارییەکانی ئەم بابەتەدەدات لەناخی خۆیدا, ئاڕاستەی دووەمی ئەم بزاوتە هەوڵی ئاشتبوونەوە دەدات لەگەڵ بابەتەکەو دەورووبەر)[4] بەم شێوەیە لەبیرۆکەی هیگڵدا تێدەگەین,کە نامۆبوون بە دوو ئاڕاستە وەسف دەکات لەنێو خودی مرۆڤەکەدا,کەئەوانیش بەرەنگاری تاک دژ بەکاریگەرییە دەرەکی و,ناوەکیەکان.دواتر خۆبەدەستەوەدانی تاک و, خۆ گونجاندنە لەگەڵ سیستەم.

- نامۆبوونی کۆمەڵایەتی:-

دابڕان لەهەندێ لە پڕانسیپە کۆمەڵایەتییەکان بەمانای ویستی مرۆڤ دێت بۆگۆڕانکاری لەم پڕانسیپانە. ئەگەر کۆمەڵگا بە فلتەری چاکسازی لە بەرژەوەندی گشتیدا نەڕوات,بێگومان چینایەتی وجیاوازی پلەو پایەو کەسایەتی نەشیاو بۆ شوێنی شیاو..ئەم دیوەزمە ڕۆحیە دەخاتە سەر ژیانی ئادەمیزاد,کە جگە لە نامۆبوون یان ڕەتکردنەوە زیاتر هیچ شک نەبات.بیرمەندان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا گرینگیان بەم جۆرە نامۆبوونە داوە بۆ

---

١- یوسف عوسمان -خەسڵەتی نامۆبوونی تاک ئەنتی کەسایەتی - گۆڤاری ڕامان- ژ٧٣ -٢٠٠٢-ل٢٠١

٢- ڕەفیق سابیر- نامۆبوون لەچیرۆکەکانی حسێن عارفدا- گۆڤاری گەلاوێژی نوێ- ژ٣-١٩٩٧- ل٣٥

٣- ئارام محمد قادر- نامۆیی لەشیعری کوردیدا-کرمانجی خواروو - نامەی ماستەر - زانکۆی سلێمانی -٢٠٠٧ -ل١٧

٤- عبدألقادر موسى ألمحمدي- ألأغتراب في تراث صوفية ألأسلام -ص٣٧

نموونه.(دۆركهایم كه زاراوەی نامۆبوونی خسته ناو زانستی كۆمەڵایەتی"كۆمەڵناسی"یەوە, له لێكۆڵینەوە بەناو بانگەكەیدا كەلە سەر(خۆكوشتن)بوو.)[1]بەمەش پەیوەندی هەمەلایەنەی لەنێوان نامۆبوون وكۆمەڵناسیدا ئاوەڵاكرد.

٤- نامۆبوونی ئاینی:-

ئاین لەنێوان بەرداشی فیزیک و میتافیزیكدا یان له نێوان وەهم و واقیعدا, فەلسەفەی هێناوەته زمان. لەوێشەوە بەرەو جومگەكانیتری وەک كۆمەڵناسی ودەروونناسی و ئایدۆلۆژی و...شۆڕدەبێتەوە. ئەم كلكە پرسیارانەی له ئەزەلیەتەوە بەرۆكی مرۆڤایتی گرتووە,خودی نامۆبوونی ئاینی پێكدەهێنن: ژیان؟,مردن؟, خودا؟, بوون؟, زیندوبوونەوە؟, دونیاو قیامەت؟ ... ئاینە ئاسمانیكان هەریەک بە جۆرێک وەڵامیانداوەتەوەو سنووربەندی بیری مرۆڤ دەكەن. له ئاینی ئیسلامدا,كەپەیامهێنەكەی (محمد)ە(د.خ) له فەرموودەیەكدا دەفەرموێ:(كن في ألدنيا كأنكَ غريب,أو عابر سبيل, وعد نفسكَ من أهل ألقبور)[2] بەڵام هەستكردن بە نامۆیی بەر له هەبوونی هیچ پەیامێكی ئاسمانی سەریهەڵدا. كاتێک مرۆڤ(باوەڕی وایه كه تاوانی كردووە لەسەر ئەو تاوانە سزادراوە بە ژیانێک كه شایەنی ئەو نییە, لێرەدا بابەتی یەكەمین گوناه دێتە ئاراوە)[3] كه یەكەم زەنگی زەنگی نامۆبوونە.

هەروەها قەدەغەكردن و سنووردانان به ناوی ئاینەوە بۆ مرۆڤ دەمامكێک دەخاتە سەر ڕوخسارە ڕاستەقینەكەی كه له ناخیدا پەنگی خواردووە.(كەواتە ئاینەكان مرۆڤیان بەشێوەیەكیتر دەوێ كه خۆی نیەو كەسایەتیەک نیشانبدات كه ڕەنگدانەوەی خودەكەی نییە, ئەوەش خودی نامۆییە.)[4] ماركس لەژێر ڕۆشنایی فەلسەفەی "فیورباخ"دا تێڕوانینە ئاینیەكانی بەیانكردووە"لودویگ فیورباخ"(كە لە كتێبی "كریستیانیسم"دا- ١٨٤١- توێژینەوەیەكی ئەنترۆپۆلۆژیانەی ئاینی ئەنجامداوەو, بەوردی "نامۆبوونی ئاینی" ڕاڤەكردووە گەیشتوەتە ئەو ئەنجامەی كه ئەم نامۆبوونە دەرەنجامی هەوڵدانی مرۆڤە بۆ وەرگێڕانی خۆی له بوونێكی فیزیكیەوە بۆ بوونێكی غەیبانی, هەروەها لەسەر ئاستی سیاسیش ماركسیسم پێی وایە ئاین كەرەسەیەكی بەكارهێنراوە له لایەن چینی هەیمەنە دارەوە, بۆ شەرعیەتدان بە هەیمەنەكردن و ڕێگرتن لەهەر ڕاپەڕینێكی هەیمەنە لەسەر كراوەكان.)[5] ئەم دەرئەنجامانەش بەڵگەن لەسەر نامۆبوونی خود,یاخود پەرتەوازەبوونی لەڕووی ئاینییەوە.

---

١- شريف مهني عبدة محمود- دراسة الاغتراب وعلاقته بمستوى الطموح لدى طلاب الثانوي العام وافني والصناعي - رسالة ماجستير- جامعة عين شمس- ٢٠٠٠ -ص١٧

٢- عبدألقادر موسى ألمحمدي- ألأغتراب في تراث صوفية ألأسلام -ص٦٩

٣- د. عەلی شەریعەتی - یاخیبوونەكەی كامۆ - ل٥٦

٤- نامۆیی غیاث ألدین نقشبندی - ل٦٦

٥- عادل باغەوان- پرۆژەی تێگەیشتن و ڕاڤەكردنی ئاین - گۆڤاری سەردەم-ژ٥١-٢٠٠٧- ل٦

### ٥- نامۆبوونی سێکسی :-

وابەستەی نامۆیی بە سێکسەوە بریتیە لە خنکاندنی ئازادی ڕەها بۆ سێکس و لە قاوغدانی لەژێر سانسۆری ئاین و کۆمەڵ و تەوتەمی خێڵەکی. بە پێی تیۆری دەروونشیکاری "فرۆید"ئەم قاوغە دابەستراوانە هەمیشە لەژێر فشاری(ئەو)دایە لە ئەنجامی ململانێدا(منێکی) نامۆ سەر هەڵدەدات. کە یان داهینانی ئەدەبی یان خەون یان قەدەغەشکێنی و توندوتیژی ئەم بەربەستانە خاڵیدەکاتەوە.. هەموو ئەم پاڵنەرو هەڵچوونە دژبەرانەی کە لە(ئەو)دالە ئەنجامی ئەزموونەکانەوە دەرکەوتوون لەنەستدا کۆدەبنەوە.[1]قەدەغەکراوە سێکسییەکانیش دەبنە بەشێکی سەرەکی لەم هەڵچوونانە,کە هەمیشە لەنەستدا وەکو ڕەمەکێکی داگیرکراو مۆڵ دەخۆن, بێگومان هەموو ئەم چەپاندنانەش خودێکی نامۆ بەسێکس و قەدەغەکارییە سێکسیەکان بەرهەم دەهێنێت.

### ٦- نامۆبوونی ڕۆشنبیری- هزری:-

ڕۆشنبیر ئەم مرۆڤە نوێخوازو بیر ڕۆشنەیە ,کە هەمیشە بۆ داهێنان و تازەگەری بەدوای فەزایەکی ئازاددا دەگەڕێت تا لە ڕێگەیەوە هزری خۆی نمایش بکات, بەڵام مەرج نیە هزر لە هەموو ئان و سات وشوێنگەو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی و ئابوریدا ئەم فەزایەی بۆ فەراهەم بێت, یان نایەکسانی باڵانسی تێگەیشتن و جیهانبینی نێوان ڕۆشنبیرو کەسانیتر جۆرێک لە نامۆیی دەخولقێنێ. "بەختیار عەلی" ئاماژە بە کەبتی مەعریفی دەکات و دەڵێت:(خاڵێکیتر لە بونیادگەریدا کە لای من زۆر گرینگ بوو بایەخدانی بونیادگەرانبوو بە چەپێنراوی کلتووری (ألمكبوت ألثقافي) ئێمە لەگەڵ قوتابخانەی دەروونشیکاردا زانیاریەکی تەواومان سەبارەت بە چەپێنراوی جنسی وغەریزی دەستکەوت. بەڵام دواتر بونیادگەرەکان — لە چەپێنراوی غەریزیەوە,گواستیانەوە بۆ چەپێنراوی کلتووری , بۆ قسەکردن لەسەر نەستێکی کلتووری و مەعریفی.)[2] خودی ڕۆشنبیری نامۆبوونێکی سروشتی و خوازراوە, جیاکاریەکی ئاوەزیانەیخاوەنداره, گەشتێکە بەرەو تایبەتمەندبوون(بە تایبەت کاتێک مرۆڤ هەست بەوە دەکات, ئاستی ڕۆشنبیری لەچاو ئاستی ڕۆشنبیری دەورووپشتی زیاترەو لێی تێناگەن)[3] ئەژنۆی نا ئومێدی دەگرێتە باوەش و نامۆ دەبێت.

### ٧- نامۆبوونی سیاسی:-

ئەگەر سیاسەت لە سەرکردەو چەند کادیرو کایەیەکی حیزبی کورت نەکەینەوە, دەکرێت هەر یەکێک لە ئێمە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سیستەمێکی خۆبەڕێوەبردنی تایبەت لە چوراچێوەی بۆچوونەکانیدا هەست پێبکات ,کە بەپێی گۆڕانکاریە مێژووییەکان دەشێ هەمان ئەم سیستەمە تایبەتانە لە نێو نوخبەیەکدا گشتاندنی بۆ

---

١- سیجموند فروید - معالم تحليل نفسانى - ت:د.محمد عثمان نجات - ب ط- مطبعة سعادة بمصر - قاهرة - ص١٢٥

٢ - بەختیار عەلی- لەدیارەوە بۆ نادیار- بەرگی دووەم - ل١٧٥

٣- سامان محمد - ڕەنگدانەوەی نامۆبوون لەنێوان شێرکۆ بێکەس ومەحموود دەروێشدا- ڕامان- ژمارە-١٤١-٢٠٠٩- ل٥٠

بکرێت. وەدواتر بە پرانسیپ و بنەمای ئایدۆلۆژیایەک بناسرێت.گومان لەوە دانییە کە هێڵی سەرەکی لە هەر بیرۆکەیەکی سیاسیدا بریتیە لە پاراستنی ئەم بەرژەوەندیانەی,کە درێژە بە مانەوەی دەدات و,شەرعیەتی کارکردنی پێدەسپێرێت.(بەکورتی سیاسەت..وەک ئامرازێک وێنادەکرێت کە ڕۆڵی سەرەکی دەستەبەرکردنی«سودو قازانج و مەسڵەحەتی تایبەت» وسەرخستنیەتی بەسەر«سودو قازانجی گشتیدا» .)[1] لە دیویکیتردا سیاسەت ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانە لە پێناو ئارامی وخۆشنودیدا,ڕێگایەکە بۆ پێکەوەژیان لە کۆمەڵگایەکی پڕ لە جیاوازیە ئایدۆلۆژیەکان(سیاسەت وەک هانا ئارێنت دەڵێت,ئەو چالاکیەیە کە ئینسان لە ڕێگەیەوە مانایەک بە«بوونی پێکەوەیی»خۆی لەگەڵ ئینسانەکانی تردادەبەخشێت,وەک چۆن لە هەمانکاتدا خۆشی وەک بونەوەرێکی ئازادو خاوەن بڕیارٍ مامەڵەدەکات.)[2] بەڵام نامۆبوونی سیاسی زاڵبوونی هێزێکی ستەمکارە بەسەر تاک یاکۆمەڵانی خەڵک کاتێک ئازادی و حورمەتیان پێشێل دەکات, هەروەها ڕەتکردنەوەی سەرلەبەری سیستەمی سیاسیە,حاڵەتی ناڕازیبوونە لە ڕەوشی سیاسی و بەڕێوەبردن,لەئەنجامی بێ متمانەیی نێوان کۆمەڵگاو دەسەڵاتی سیاسی سەرهەڵدەدات.بەوەی تاک دووردەکەوێتەوە لە بەشداریکردن لە سیاسەت(بەلای "رۆبەرت دال"یشەوە ئەم بەشدارینەکردن و خەمساردییە سیاسیەی کەسی نامۆ لە ڕووی سیاسییەوە ,پەیوەستە بەوەی هەست بکات هێنانە کایەوەی گۆڕانکاری شتێکی مەحاڵەو بەشداریکردنی ئەویش لە هەر شێوەیەکی بەشداری سیاسیدا, گۆڕانێک لە ڕەوشی باوو نالەباری کۆمەڵگادا ناهێنێتە کایەوە..)[3] هەربەم هۆیەشەوە کەسی نامۆبوو,هەست بەبۆشاییەکی فراوان دەکات لەنێوان خۆی ودەسەڵاتی سیاسیدا.

### د- لەنامۆبوونەوەبەرەویاخیبوون:-

لەڕووی زاراوەوە "یاخیبوون"بەرامبەرە بەزاراوەی "تمرد"لەزمانی عەرەبیداو "Revolt"لەزمانی ئینگلیزیدا کە هەرسێ زاراوەکە هەمان واتای لەیەکتر نزیکیان هەیەکەڕەتکردنەوەو ڕاپەڕینە لەدژی دەسەڵاتی داسەپاو جائەم دەسەڵاتە هەر ڕەهەندێکی هەبێت[4].مرۆڤ هەر لە سەرەتای بوونیەوە لەزۆر شت یاخی بووەو هەوڵی زاڵبوون و دژبوونی داوە بەرامبەر ئەم دیاردەو کاریگەریانەی دەوروبەری کە تەنگی پێ هەڵچنیوە بۆ نموونە(تاریکی) یان (مردن), هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەم یاخیبونانەشی لە داستان و فۆلکلۆردا دەرکەوتووە.یاخیبوون وەکو چەمکیش چەندین گوزارشتی جیاجیای بۆکراوە بەڵام کۆی گوزارشتەکان جیاکردنەوەی بارێکی تایبەتە لەنێو کۆبەندی بارودۆخی گشتی یان بارودۆخی ئارامگرتن. "مارتین هایدیگەر"سەبارەت بەم جیاکردنەوەیە دەڵێت: (خودی مرۆڤ دژ بە پەرتەوازەبوونی خۆیەتی لەحەشاماتدا,چونکە خود تەنها بەجیاوازبوون لەتەک

---

١ - مەریوان وریا قانع- سیاسەت ودونیا- چاپخانەیئاوێنە- سلێمانی-٢٠١٢-ل٩

٢- هـ -س- پ-ل١٣

٣- جلال أحمدعبدالله-ڕەهەندەکانی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەنجان -نامەی ماستەر—زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر-٢٠١٠ - ل٤٧

٤ - پرشنگ حەمە ئەمین ئەحمەد- فەرهەنگی یاد—ئینگلیزی,عربی,کوردی-سلێمانی-چ٢-چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە-٢٠٠٣-ل٦١٠

ئەوانیتردادەردەکەوێت.)[1]هەروەهـا گیـانی یـاخیبوون بـوونی نـابێ تەنهـا لەکۆمەڵگایەکـدا نەبێت کە یەکسـانی تیـۆری پەیـڕەو دەکـات,نەک یەکسـانی ڕاسـتەقینە واتەتـاک لە ڕووی تیـۆریەوە یەکسـان ناسـێنراوە کەچـی لە واقیعدا ئەم یەکسانیە فەراهەم نییە.لە ڕووی فەلسەفییەوە ئەوە زانـراوە کە بـوونی یـاخیبوون پێویستیەکی دان پێنـراوە,وە گرینگـی و ڕۆڵـی خـۆی هەیە لەگـۆڕینی بەهـاو ئامرازەکـانی بەڕێـوەبردن.وە ئەنجامـدانی کـردەی یـاخیبوونیش لە ئاگـاییەوە چـاو هەڵدێنێت.(فەلسـەفەی ئەورووپـی بەدیـاریکراوی ئەڵمـانی و فەرەنسـی, لەسـەر زەروڕەتی یاخیبوون و گرینگیەکەی کۆکن,کە جگە لەوەی پێویستە ئاگاداری ئەوە بین کە لایەنی درک پێکردن و ئاگـایی نـاوەوەی مـرۆڤ مانـای هەمـوو حاڵەتێـک نـادات, ئەوە یـاخیبوون تـاکێکی تێگەشـتوو بە ئاگـا پێـی هەڵدەستێت بـۆ مافەکـانی)[2] جگە لەوەی کە کەسـی یـاخیبوو ئامـانجی تـایبەت وبیرکـردنەوەی تـایبەتی هەیە لەگەڵ ئەمەشدا ڕێبازێکی ئاڕاستەکراو دەگرێتەبەر بەرەو بەرژەوەنـدی کۆمەڵانی خەڵـک و, قسە لەسەر ماف و ئازادیە گشتیەکان دەکات.

کەواتە دەبێ تێگەیشتنمان بۆیاخیبوون تەنها لەخودی یاخیگەرتەسک نەکەینەوە بەڵکو تێڕوانینەکـان بخەینە سەرئەم بۆشاییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریانەی,کە مرۆڤەکـان بەرەو داخـوازی و پێداویسـتیەکانی پەلکێش دەکـات ولە ئەنجامـدا لە بەربەسـتەکانی بەردەم داواکـارییە ڕەواکـانی یـاخی دەبێت (بزاوتـی یـاخیبوونی خـود ئەوەیەکە دەگۆڕیت بۆ ئەزموونی گشتی, بۆ ئەمەش هەنگاوی پێشینە و یەکەم لای عەقڵ نـامۆبوونە لە شتەکان و ئەوە دەزانێت کە هەسـتکردن بەنـامۆبوون هاوبەشـە لەنێـوان خەڵکـداو,یەکگرتنی مرۆیـی لەسـەر یـاخیبوون و دەوەسـتێت, وەیـاخیبوون هیچ پاسـاوێکی نییە تەنهـا لەم یەکگـرتنە نەبێـت)[3] وەک لەپێشـینان گـوتراوە (هەر زاڵەوە زەواڵێکـی خـۆی هەیە) بـۆیە هەرسـتەمکارو سـتەمکردنێکیش وەک کردارێکـی فیزیکـی یـا مەعـنەوی کـاردانەوەیەکی خۆی هەیەو دەنگی نـاڕەزایی لەگەرووی یـاخیگەر بەوشـەی (نـا)دێتە سـەر زوبـان و,(نـا)یەک کە ئیتر (بەڵێ)ی قبوڵ نییە .لێرەوە ڕاستیەک خۆی پێش نیگا دەکات ئەویش ئەوەیە کە, دوای پرۆسـەی یـاخیبوون لەمژارگەلـی جیـاوازدا مێژوویەکـی نـوێی دوور لە نـامۆبوون تۆماردەکرێت کە دەسپێکی ئەم مێـژووە گێـڕانەوەی ئیرادەو هێزی بەرەنگاریە بۆ مرۆڤی (نامۆ)(یاخیبوو لەچرکە ساتی "ئیتـر بەسە"دا کۆتـایی بە ڕەوتێکی مێژویـی دەهێنێـت:لە وێسـتگەیەکی دیـکەوە درێـژەبە مێـژوو دەدات, ئەگەر وەهـا هەڵگێـڕانەوەیەک ڕوونەدات, بێگومـان تەواوی مێـژوو دەبێـتە مێـژووی ستەمکاری.)[4] یەکێک لەو نـاوەنـدانەی هەر لەزووەوە بـۆتە گۆڕەپـانی یـاخیگەران نـاوەنـدی ئەدەبیـیە بەو پێیەی‌ئەدیبـان و نووسـەران زۆربەی کـات ئەوانەن کە لەکرۆکـی ئـازارو لە نـاوەخنی ناهەمواری و بێدادیەوە دێنە گۆ, لە نـامۆبوونەوە هەڵوێست وەردەگرن و لە یـاخیبوونی هونەریدا بە کەرەسەی هەمەڕەنـگ دایـدەڕێژن.ئەدەب کـاریگەرترین و ترسـناکترین جبەخـانەیە بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی تونـدوتیژی و,

---

١ - ئومێد حەمەعەلی- دیاردەناسی مرۆڤی یاخی- -گۆڤاری هەنار- ژ-٦٨-٢٠١١ —ل[٢٦]

٢- فاروق ألقاضي- آفاق ألتمرد —ط١ - ألمؤسسة ألعربية للدراسات وألنشر- بيروت -٢٠٠٤ ص[٤٦]

٣- ن - م -س -ل[٤٧]

٤- ئومێد حەمە عەلی- دیاردەناسی مرۆڤی یاخی - گۆڤاری هەنار -ژ-٦٨ -٢٠١١- ل[٢٩]

ناسکترین و جوانترین ئەم یاخیبوونە پۆزەتیڤانەیە,کە دوور لە ئاژاوەو تێکدان پەیامی ئازادیخوازانەی خۆی دەخاتە ڕۆژەڤەوە.(یاخیبوونا ئەدەبی نەڕازیبوونا تشتەکییە کو بکریار دهێتە دەربڕین,ژچارچوڤێن قالبێن هونەرییێن جوان هزرا وێ دهێتە وەرگرتن و تێکەڵی هەلچوونێن دەروونی دبیت)[1] یاخیبووبەرلەهەر کاردانەوەیەکی دژبەردا لەخودی خۆی نامۆ دەبێت و پاشان دۆخی بێ دەنگی تێدەپەڕێنێت,هەر لەم خودە نامۆیەدا یاخی دەبێت, لەم کۆیلایەتیەی کەچۆکی پێداداوەو,نەستی داگیرکردووە, واتە دەکەوێتە بەرەیەک کە هارمۆنیەتی ناوەوەی خود بەرامبەر خود لەدەست دەدات و, لەسەر ئاستی قوربانیدان لەڕازیبوونی خۆی نابوورێت دەرحەق بەکپکردنەوەی ماف و ویست و ئارەزووەکانی . هەر ئەمەشە وادەکات مرۆڤ یاخییەکە سیمایەکی دوو لایەنەی هەبێت, لەلایەک تووڕەیە لە نامۆبوون و سەرگەردانیەکەی ,لەلایەک هەوڵ و تەقەللا دەدات بۆ گۆڕانکاری (مرۆڤی یاخی لە یەکەم هەنگاوی ڕووبەڕووبوونەوەیدا دەکەوێتە هەڵوەشاندنەوەی خودی خۆی, چونکە ئەو یاخییە لە خودی خۆی وەک ئەوەی کە هەیە,دەیەوێت ببێت بەوەی کە پێویستە ببێت, کامۆ هێما بەوە دەکات کە" مرۆڤ لە یاخیبووندا زاڵدەبێت بەسەر سنووردارێەتی خۆیدا", ئەم زاڵبوونە وەدەست هێنانەوەی خودی ئیرادەی مرۆڤە لە چنگی ئەوانیدیکە)[2]

هەر پڕۆژەیەکی هزری یان کردەکی لای ئادەمیزاد پێویستی بە پلان و بەرنامەیەکی گونجاو هەیە بۆ وەدەستهێنانی ئەنجام و پێکانی ئامانجەکان,یاخیبوونیش سەرەتا وەک کارلێکێکی میتافیزیکی لە ئەندێشەی بە ئاگاوە دەبێت,وە ئەم هاوکێشەیەی کە وەک کارنامەی یاخیبوون کاری پێدەکرێت لەلای یاخیبوو ئەوەیە "کەدوای ڕەتکردنەوە ڕاستەوخۆ دەبێت جێگرەوەی هەبێت" واتە ئەم یاساو داب و نەریت و کۆت وبەندانەی ڕاست و چەپیان بەسەردا دەهێنرێت لە هەمان کاتدا دەبێت پێشنیازو بیرۆکەی ئامادەکراوی هەبێت بۆ جێگرتنەوەیان.(یاخیبوون لە ڕاستیدا یکەمجار ڕەتکردنەوە لە خۆدەگرێت و دەسەپێنێت, بەڵام وەستان لەسەر ڕەتکردنەوە بەتەنها, بۆ پێداویستی یاخیبوو, هیچ نانوێنێت تەنها لایەنی (سلبی) نەرێی یاخیبوون نەبێت ,وە یاخیگەری ڕاستەقینە ئەوەیە کە جێگرەوەیەک دەناسێت بۆ ئەو شتەی کە ڕەتیدەکاتەوە. وە لە واقیعدا مرۆڤ ناتوانێت ڕەتکەرەوەیەکی ڕاستەقینە بێت تەنها ئەگەر جێگرەوەیکی ڕاستەقینە بناسێت)[3] کەسایەتی یاخی دوو نوێنەرایتی لە ئەستۆ دەگرێت بە پێی بۆچوونی "سارتەر" نوێنەرایتی یەکەم هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی خودییەو, دەربڕی هەڵچوونە ناوەکیەکانە.نوێنەرایەتی دوووەم بەرپرسیاریەتی گشتییە بەوەی دەبێتە زمانحاڵی دەستەیەک یان کۆمەڵانێک یان جەماوەر بە گشتی[4] هەروەها لەژێر ڕۆشنایی فەلسەفەی بونگەرادا بە چاوخشاندن بە لێکدانەوە فەلسەفیەکانی "هایدیگەرو سارتەردا" ئەوە دەبینرێت,کە تەنیا هەبوونی مرۆڤ بەس نییە بۆ ڕاوکردنی ئاسودەگی وماف ودادی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری بەڵکو داینەمۆی یاخیبوون لەگەڵ

---

١- أمین عبدألقادر - دوو چەمکێن هاڤیبوون یاخیبوون د هۆزانا نوێخوازا کوردیدا - -چ١ -چاپخانا هاوار-دهۆک- ٢٠٠٥ -ل٩٢
٢- هـ - س- پ -ل٣٢
٣- د.عزألدین إسماعیل - ألشعرألعربي ألمعاصر- ط٥ - دارألعودة -بیروت-١٩٨٨ -ص٤١١
٤- بۆزانیاری زیاتر بڕوانە گۆڤاری هەنار - ژ-٦٨ -٢٠١١ -ل٣٣

ڕەوڕەوەی ڕەوتی زەمەن زامنی ئەم ئازادی و ئاشتەوابیە دەکات,کە هەموو تاک و لایەن و ئایدیاو ئاینزاکان ململانێ و نەخشەکێشی بۆ دەکەن[1]ئەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە هۆشە, تێفکرین و خەیاڵ و ئەندێشەی تیژو پەنهانە کە خولقێنەری دونیای تەکنەلۆجی وهونەریە. هونەر بەگشتی بەرهەم و وەچەزای خەیاڵی مرۆڤە, هەر ئەم خەیاڵ کردنەشە,کە بە نێو دیوارە ئەستوورو بەردینەکانی یاساو ڕێسا ئاینی و جڤاکی و ڕامیاریەکاندا گوزەردەکات و سڵ لە هیچ بەربەستێک ناکاتەوە بۆ ئەفراندن. بۆیە مرۆڤ لە خەیاڵی هونەریدا یاخییە لە هەر گەمارۆدانێکی دەستکرد یان ئاینی(چونکە مرۆڤ لە ڕێگای خەیاڵەوە بە هونەر دەگات, هاوکات هونەر خەیاڵ بەربڵاودەکات و سانسۆرەکان ڕادەماڵێت, ئەم دۆخە مرۆڤ لەبەرامبەر تابۆکان کە بنەمای ئاینە یاخی دەکات)[2]وەهەر ئەم یاخیبوونەشە لە هونەردا, پاڵ بە هونەرمەندەوە دەنێت,کەسەرکێش بێت و,ئەگەری گەڕانەوەشی بۆدۆخی نامۆبوون لاواز دەکات.

**•تەوەرەی دووەم: چەند تێڕوانینێکی فەلسەفی بۆ تابۆو چەمکی تابۆ لەدیدی کەسایەتیەکانەوە:-**

"تابۆ" ئەم زاراوەیەی کە لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەرە بە واتای " قەدەغەکراو" لەزمانی کوردیداو(محرمات) لەزمانی عەرەبیدا[3], وەکو جۆرێک لە بڕیار ناسراوە بەسەر هەموو ئەم لایەنە پڕاکتیکی و تیۆریانەی کەژیانی ئادەمیزاد ڕێک دەخەن لەچوارچێوەیەکی یاساییدا. تابۆ یان قەدەغە یان(گوناە بەمانا ئاینیەکەی) لێکدانەوەو تێڕوانینی جیاجیای لای ڕێبازو تیۆرە فەلسەفیەکان دروست کردووە جا لێرەدا بە پێویستم زانی خوێندنەوەیەک بۆ هەندێ لەم لێدوانە فەلسەفیانە بکەم لەبارەی بابەتەکەوە.لەفەلسەفەی بونگەرادا جەخت لەسەر ئازادی و فراوانکردنی ئازادی و لابردنی تەگەرەکانی بەردەم ئازادی دەکەن, ئەوان ئازادی و بوون بەیەکەوە دەبەستنەوە, کەواتە بەپێی تێڕوانینە فەلسەفیەکانی ئەم ڕێبازە.(تابوو(حەرامکراوە)کۆنەکان لە هەموو لایەکەوە دەوری مرۆڤیان تەنیوەو ژیانی ئاکاری (ئەخلاقی)یان کۆتکردووە. بۆیەوەی مرۆڤیش خۆی لەم تابووانەڕزگار بکات,ئەبێ هەست بەوە بکات کە لە ناوەوەی خۆیدا ئازادە ئەوکات دەتوانێ لەدەرەوەیدا لەپێناو ئازادیدا تێبکۆشێت)[4] بەلای بوونگەراکان حەرام یان تابۆ هەمیشە لەبەردەم ئەگەری دەست بۆ بردن دایە ئەمەش بەپێی ئەوەی لە ڕووی پێکهاتەییەوە مرۆڤ بوونێکی ئازادیخوازە,"هایدیگەر" بە شێوەیەکیتر لە گوناە دەدوێ کە بە حەتمیەتی کردن یان کەمووکوورتی مرۆڤی لە قەڵەم ئەداو,تابۆکان بەوە دەناسێنێت کە لە ئەنجامی بوونێکی ناتەواومەندانە ئەبەزێنرێت[5] بەر لەسەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستیش لە ئەوروپا فەلسەفەی یۆنانی وبەتایبەت "ئەرستۆ" مرۆڤ وەک کائینێکی نامۆ ناوزەد کراوە,لە سەردەمی مەسیحیەتیشدا نامۆبوونەکە لە ئەنجامی

---

١- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هـ. س. پ - ل٣٤

٢- سۆنیا سدیق -هونەر مرۆڤ یاخی دەکات -گۆڤاری هونەر -ژ- ٤٩ -٢٠١٣ —-سەروتار

٣- پرشنگ حەمە ئەمین- فەرهەنگی یا - ل٧٣٤

٤ - جۆن ماکواری فەلسەفەی بونگەرایی -و. ئازاد بەرزنجی -چ١-چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی -٢٠٠٥-ل٢٠٧-٢٠٨

٥ -بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هـ -س -پ —ل٢٣٠

پەشیمانبوونەوە لەگوناهو تاوان لێکدراوەتەوە بەڵام لە سەردەمی رۆشنگەری و رێنسانسدا کۆتایی بە فەلسەفەی ئەرستۆیی هات,واتە چیتر تابۆو موقەدەسات نابێت ئازادی و داهێنانی مرۆڤایەتی بخاتە ژێر پێیەوە, دەسپێکی ئەم یاخیبوونەش لە"دیکارت " ەوە دەست پێ دەکات بە تایبەت لە هۆشمەندانە ترین دەربڕینەکانی کە دەڵێت "من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم"ئەمەی کرد بە سەرەتای گەشتەکەی[1] لە فەلسەفەی هیچگەرایەتیشدا تابۆی خودا یان بە مانای دەسەڵاتی باوک بە شیکاریە "فرۆید " یەکەی ڕەتدەکرێتەوە,مرۆڤی بڕوادار بە نامۆو دەستەمۆ دەخرێتە بەرچاو,"نیتچە"کە بیرمەندێکی ئەم ڕاستیانەیە ئازادبوونی تاک لە نەچوونە ژێر باری ملکەچبوون بۆ خودا پێناس دەکات بەو مانایەی دەیەوێت ئازادی لە ژێردەسەڵاتی میتافیزیکدا نەتوێتەوە [2] ئەوەی هەستی پێ دەکرێت لەم فەلسەفەیەدا سەبارەت بەکوشتنی بەهاکان بۆ ئەوەنییە کە مرۆڤ بخاتە نێو ڕەشبەڵەکی بێ بەهایی و تابۆشکاندن بەڵکو ئامانج بەرز ڕاگرتنی مرۆڤایەتییە لە چوارچێوەی خەون و خولیای تاکە کەسیدا نەک زاڵبوونی هێزی بەهاکانی دەسەڵاتی سەروو, بە شێوەیەک کە قۆرغی سەربەستی تیا نەکرێت و کەسایەتی قوربانی بەهاکان نەبێت کەواتە نیتچە کۆمەڵگای ڕەوشتی بەبەهاکراو لە خزمەت بەرژەوەندی چەند لایەنێک بەناوی ئاین یان میتافیزیک یان هەر کایەیەک لەکایەکان ڕەتدەکاتەوە وە پێوەری پێویستی و ناپێویستی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بەکاردەبات بۆ بەها ڕەوشتیەکان و بەتابۆ ناساندنیان. (لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستەمە میتافیزیکیەداو دامەزراندنی هیچگەرایتیدا ڕاستی و دروستی بیرۆکەو بەها هەمەکی ونەگۆڕەکانیش لەناودەچن وهیچ شتێک لەبەردەم تەوژمی گۆڕانکاری و چڕانەوەدا (وەکو خۆی) نامێنێتەوەو دەبێت بەڕێژەیی.)[3] ئەم بەهایانەی چارەنووسی مرۆڤ دەشێوێنن دەبێت بە پیرۆز نەمێننەوەو ئەو بەها ئاکاریانە شوێنیان بگرنەوە,کە خواستی کۆمەڵیان لەسەرەو لەگەڵ پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی مرۆڤایەتیدا تەباو هاوچەرخن. (ئەو سیستەمە ڕەوشتیەش کە دەستەو تاقمێکی کۆمەڵ بەخۆفەرزکردن بەسەر کۆمەڵدا بۆ سەرکوتکردنی تاک سەقامگیریان کردووە, بووە بە نەریتی باوو یاساو ڕەچەڵەکی حەرام و حەڵاڵ کردن لەژیانی کۆمەڵدا بۆ ئەوەی سیستەمە ڕەوشتیەکە زیاتر دەسەڵاتی تاک خەفەبکات و لەناوی بەرێت)[4] بیرمەندو فەیلەسوفی دەروونشیکاری ناسراو "زیگمۆند فرۆید" لە پەرتوکێکی تایبەتدا بەناوی "تەوتەم و تابۆ" بەپێی لێکدانەوە دەروونیەکان دەڕوانێتە ئەو شتانەی لەنێو هۆزو خێڵەکانی مرۆڤایەتیدا بونەتە تەوتەم و بە حەرام کراون هەر لە پەیوەندییە سێکسی و, ژن و مێردایەتیەوە بگرە تا مردن و, سەرکردەو, لایەنە کۆمەڵایەتیەکان .. بەشێوازێک دەخەمڵێنێت کە جۆرێک لە پەیوەندی و کاریگەری دوو لایەنە لە نێوان هەست و نەست و داڕشتنی تابۆو نەریتە خێڵەکیەکاندا هەیە. فرۆید کەدێتەسەر چەمکی تابۆ سەرەتا زاراوەکە لەلایەن چەند نەتەوەیەکەوە دەخاتە ڕوو, دواتر دەڵێت:( لە ڕوانگەی ئێمەوە تابۆ

---

١- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە- د.محەمەد کەمال- نیتشەو پاش تازەگەری- چ٢ —دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی -٢٠٠٩ -ل١٧-١٨

٢- بڕوانە هـ - س-پ -ل٧١

٣- هـ - س-پ -ل٧٦

٤- د.محەمەدکەمال-نیتشەو پاش تازەگەری —ل١٤١

نیشــاندەری دوو واتــای نــاکۆکە.لە لایەکەوە بە واتــای پیــرۆزو بەختکــردنەو لە لایەکــی دیــکەوە واتــایەکی مەترسیدار, ترسناک , یاساخ , گلاوو پڕ ڕەمزو ڕازی هەیە... دەستەواژەی بەناوبـاگ و ناسراوی "ترسی پیـرۆز" کەلەنێـو ئـێمەدا بـاوە زێـدەتر خـۆی هەمـان واتــای تـابۆیە.)[1] هەرلەگەڵ ئەمەدا "فرۆیـد" پێناسـی تـابۆ بە ئامــاژەکردن بــۆ مرۆڤناسـێک بە نــاوی "Northcate.w.thomas"لە چەنـد خاڵێـک دەخــاتە بەرچــاو لەوانە:(پیرۆز "یان ناپاک" بوونی کەسایەتیەکان و ئامرازو کەرەستەکان ئاکامەکانی پیرۆزبوون (یـان ناپـاکی) کە لەکــاتی سەرکێشــی کــردن لەم یاســاخکاریانە ئەم جــۆرە یاســاخکاریە دێــتە گــۆڕێ کەلەم دۆخەدا سـەرهەڵدەدات)[2] " فرۆیـد" چەنـد ئامانجێـک لە دانـانی تـابۆدا دەردەخـات کە کـۆی ئامانجەکـان چڕدەبنەوە لە پاراستنی هاوسەنگی کردارو پارێزگاریکردن لە لاوازەکان وەک منداڵ و ئـافرەت هەروەهاکەسایەتی ئـاینی یـان سـەرکردە یـان کەرەسـەی بەهـادار..."[3] لە لایەکیتــرەوە" فرۆیـد" گرینگـی بە لێکـۆڵینەوەو بەدواداچوونەکـانی کەسایەتیەکی تر دەدات سەبارەت بە چەمکی تـابۆو واتاکـانی ئەویش (وونتwndt.) ە هەر لەم بـارەیەوە ڕای خۆشی بەرامبەر وتەکانی (ونت) دەردەبڕێت .(بەبڕوای وونت چەمکی تـابۆ بـریتییە لەو هەمـوو داب و نەریتەی کە نیشاندەری ترسێکی لە ڕادەبەدەرن لە هەندێک شتدا, کە دەڵێن توانـای ئەنجامدانی هەر کارێکیـان هەیە)[4] لە ژێر ئـاسەواری دەروونیدا "فرۆید" "تـابۆو" ترسان لە یاسـاخەکان دەبـاتەوە سـەر هەمـان ئەم بەر بەرەکـانێیەی لە نێوان "هەست و نەست "دا ڕوودەدات. لە کۆتـاییدا تـابۆ وەکـو پەتـایەک بـۆ نـانەوەی "ڕاڕایـی "لە دەروونـی مرۆڤدا هەست پێ دەکات. واتە حەزە خەفە کراوەکانی نەست بەهۆکاری سەرەکی دادەنێت بـۆ بە یـاساخ کردنـی ڕەوشتەکان لە هەستدا. بە بەڵگەی ئەوەی دەڵێت:(ئەو هێزە سیحراویە کە دراوەتە پاڵ تابۆ لە ڕاستیدا هەمـان هێزی دوو دڵی بەخشە کە لە مرۆڤدایە وەک پەتـایەک ڕەنگدانەوەی دەبێت, چونکە هێماکـان هەمیشە تەشـەنە کـارن و حەزی یاسـاخکاری لە نەسـتدا لە شـتێکەوە بـۆ شتێکی دیـکە جێگـۆرکێ دەکـات)[5]د. عرفـان مسـتەفا لە لێکـۆڵینەوەیەکی ئەنتۆلۆجیـانە بـۆ ئاکـارو بـوون و دەرکەوتەکـانی مرۆڤ دوای ئەوەی" هەڵسوکەوتی ئاکـاری و هەڵسـوکەوتی نـا ئاکـاری" بە پێـی ژینـگەو مەرج و یاسـاکانی کۆمەڵگـا, بە هێمـای ڕێپێـدراو یـان ڕێپێنـەدراو ڕۆنـووس دەکـات, هەروەهـا لێکۆڵینەوەکـانی فرۆیـد لە مەڕ ژینگەی هەستەکی کۆمەڵایەتی بە مەرج دادەنێت بـۆ زانینی ئەم سەرچاوانەی کە ئەم ئایدیاو هەڵس و کەوتە کردەیی یان هزریانە دەکـات بە ڕەوشتێک کە کۆدەنگی وەربگرێت[6](کاتێک دەچینە ناو کۆمەڵگایەک و لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا هەست بەوە دەکەیـن کە هەنـدێک هەڵس و کەوتـی کردەیـی و هەڵچـوونی قەدەغەکـراوو ڕێ لێگیراون,لەکاتێکـدا ئەم کـردانە تێـرکەری ئـارەزوویەک لە

---

١- زیگمۆند فرۆید -تەوتەم و تابۆ و. ڕەزا مەنوچەهری- چ١- چاپخانەی گەنج- سلێمانی -٢٠٠٥ -ل٥٧

٢ - هـ -س- پ - ل٥٩

٣ - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هـ .س .پ — ل٦٠

٤ - هـ - س -پ - ل٦٧

٥ - هـ - س- پ ¯ل٩١

٦ - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د.عرفان مستەفا- بوونی مرۆڤ و دەرکەوتەکانی —چ١ -٢٠١٠ —هەولێر - چاپخانەی منارە- ل٣٠٤

ئارەزووەکـانی تـاکەکـانی ئەو کۆمەڵگـایەن بەڵام تـاکەکـانی نـاو ئەو کۆمەڵگـایەیە بەهـۆی ئەو قەدەغەکـردنە کۆمەڵایەتیەکەوە ئەم کـاروکردەوانە بـۆ تێرکردنـی ئـارەزووەکانیـان جێ بەجێ نـاکەن)[1] "فرۆیـد" لەدابەشکردنی کۆمەڵگا بەسەر کۆمەڵگای "بـاوک و براکاندا" دەیەوێت پێمان بڵێت کە "تـابۆکـان" لە هەستی فیزیکیـانەوە کە لە لایەن دەسەڵاتدار یـان بەوتەی ئەو "بـاوک" دەگۆڕێت بـۆ هەستێکی سـایکۆلۆجیانە لە نێـو خەڵکدا(براکان) وە وەکـو هێزێکـی وەهمـی قەدەغەکراوەکـان هەیـمەنەت دەکەن بەسـەر نەسـتی تـاکەکـان و حەڵاڵ و حەرامیـان بـۆ دیاریـدەکەن ئەمە لەکاتێکـدا لە سـەردەمی "باوکـدا" سـزای قەدەغە شـکاندن بەکردەیەکـی فیزیکیـانە وەڵامـی دەدرایەوە بەڵام ئەم سـزایە لەسـەردەمی براکانـدا دەبێـتە سـزایەکی هەسـتپێکراوی گشـتی کە لە نەسـتدا گیرسـاوەتەوە, ئەم دۆخ گـۆڕینەش لەدوای کوشـتنی "بـاوک" دەسـت پێـدەکات,کەدواتر هەمـان ئەم یاسـاخکارییە باوکیانە پەیـڕەو دەکرێتەوە لای براکـان بە فۆڕمێکی جیـاواز (لەسەردەمی براکانـدا تـارمایی بـاوک دەکرێت بە سـەرچاوەیەک بـۆ تەشـریعکردنی ئەو یاسـایانەی کە دواتـر حەرام و حەڵاڵەکـانی نـاو کۆمەڵگـا دیاریدەکەن)[2]سەردەمی رۆشنگەری لە ئەوروپـا بە دووبـارە دارشتنەوەی بەهـاو بنەمـا یاساییەکان ڕەوشێکی نوێی مرۆیـی و فیکـری سـازاند, فۆرمـوولە جڤـاکییە سـواوو بـاوەکـانی بەستەوە بە ژیـانی سـەردەمیانەی تـاکەکـان و ڕێکـارێکی ناوچەگەریـانەی بەخشـی بە بڕیـارە یاساییەکان, بێگومـان هەر گۆڕانکـاری و ڕا پەڕینێـک پێشـڕەوانی خـاوەن ئـایـدۆلۆجیای جیـاواز جـڵەوی بـۆ دەگـرن و جـاڕی بـۆدەدەن. وەک دەردەکەوێت لەسـەردەمی ڕۆشـنگەریدا فەلسەفەی یـاسایی بەشێوەیەک کـارو چالاکیەکان ڕێک دەخاتەوە کە بەرژەوەندی تـاک و کۆ لەبەرچاوبگرێت.

"مۆنتسکیۆ"کە یەکێکە لە ڕابەرانی ئەم سەردەمە بۆچوونەکـانی سەبارەت بە یاسـاکان کە لە نێویدا قەدەغەو ڕێپێـدراو دادەڕێژرێت ,دەخـاتە ڕوو لەم سۆنگەیەوە تێبینـی ئەوە دەکـات کە یاسـاکان لە بنەڕەتـدا لە سروشـتی مرۆڤ و ژینگەی سروشـتی و کـۆمەڵایەتیەوە هەڵـدەهێنجرێت, وەک دیـاردەیەکی کـۆمەڵایەتی پێناسـەی دەکـات وە دەرکەوتەی یاسـا داسـەپێنراوەکان لە ئەنجـامی کـارلێکی چەنـد لایەنێکـی جیـاواز دەبینێـت وەک نەسـتەکان , سروشت,ڕەوشـت, وە بـارودۆخی کۆمەڵگـاکـان. هەروەهـا هەر نەتەوەیەک یـاسـاگەلێکی تـایبەت بەخـۆی بەڕێـوەی دەبـات, لەهەمـان کاتـدا "مۆنتسکیۆ" بـۆ یەکەمجـار یاسـاکان بەڕێژەیـی نـاودەبـات. هەروەهـا بیرمەنـدێکیتری ئەم سەردەمە بەنـاوی "هۆبز" گەشەکردنی یاساکانی گرێدەداتەوە بە گەشەکردنی کۆمەڵگاکـان, دەیانگونجێنێت لەگەڵ جۆری حوکمڕانی و جۆری ژیـانی کۆمەڵایەتی و چەنـدایەتی و چۆنـایەتی ئەم ئـازادیەی تـاک خـاوەنیەتی, لەگەڵ ئەوانەشدا بیروبـاوەڕی خەڵـک و ئـارەزوو ئەزموونە وەدەست هاتووەکـان[3] ئـاین و مەزهەب و پەیـامی ئـاسمانی یـان بە پیرۆزکردنی هەر شتێک لای گەل و هۆزەکان تیایاندا بەڕوونی و ئاشکرایی هێڵی نێوان تـابۆو ناتـابۆکـان دەکیشرێت بەمەبەستی سوود گەیاندن وبە یاساکردنی هەڵس و کەوت و پاداشتی باش بۆ کاری باش و سزاش بـۆ

---

١ - هـ -س-پ - ل٣١٥

٢- هـ -س -پ -ل٣٤٧

٣- إبراهيم حيدري- ألنقد بين ألحداثة وما بعد ألحداثة –ط١-دارألساقي - بيروت-لبنان ٢٠١٢- ص٨١

لادەرو سەرپێچیکاران دانراون. کەواتە دەتوانین بڵێین ئاین بەشێکە لەو پاژانەی کە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە نووسینەوەی دەستووره فەرمیەکان و لە ڕێگای تارماییە رۆحیەکانەوە دادەسەپێت بەسەر هەست و نەستی مرۆڤەکان, لە تابۆ ئاینییەکاندا شەرعیەت دەدرێت بە ڕەوشت وکرداری تاک و کۆ.( وە لەسەر ئەوەش ناوەرۆکی ئاین و ڕەوشت بەیەک دەگەن لەوەی مرۆڤ ئامادەنییە لە حاڵەتێکی ئاساییدا مەزهەب لە باوەش بگرێت,بەڵام پێویستە لە ویژدانیدا ژیانێکی نوێ لە قیەم و پابەندبوون لە دایک بێت, لەدایکبوونێک لە دواییدا ناکۆکییە نێرراوەکانی پشت ئارەزوو سوود ڕەتبکاتەوە, وە ڕاپەڕینێک بە سروشت بدات بۆ ئەرک و بە نموونەیی بوون ... لە ڕاستیدا مەزهەب لە ڕەوشتەوەیە, وە بە پیرۆزکردنی لە ئیرادەی چاکەکارییە, ڕەوشتی ئاینی شتێک نییە جگە لەوەی لە ناوەرۆکیدا فۆرمێکی فەلسەفی وەردەگرێت ,بەوەی دووانەی بەهاو بوونی سروشتی دەشێت بگۆڕیت بۆ بیروباوەڕی ئاینی لە دووانەی ڕۆح و مادەدا,وە ئایا سروشتێک هەیە بەبێ مادیەت وە ئایا بەهایەک هەیە بە بێ ڕۆح یان هیچ نەبێ گوزارشتی لێ نەکات؟ )[1] بۆ ئەوەی سیستەمێکی تەندروست کاروبارە سیاسی و مەدەنیەکانی مرۆڤ ڕێکبخات دەبێت تابۆکان بە یاسا هەژموون بەسەر تاک و کۆمەڵدا بکەن لە هەمان کاتیشدا ئازادییە سەرەتایی و مافدارەکان پێوەند نەکەن, هەروەها بە هیچ شێوەیەک دەست تێوەردانی لایەنەکان نابێت ببێتە سەکۆی بڕیارە یاساییەکان بۆ دانانی تابۆو ڕێپێدراوەکان, چونکە لە حاڵەتی وادا سوودو قازانجی لایەنێک یان چەند کەسانێک زاڵدەبێت بەسەر خواست و داواکاریەکانی گەل و تابۆکان چارەنووسی پێکەوە ژیان بەرەو هەڵدێرێکی پڕ لە گومان دەبەن (ڕاستە یاسا داوای مل کەچ بوون وگوێڕایەڵی لەبەر خەرمانان دەکات, لەهەمان کاتدا دەبێ ئازادی بیروباوەڕە فەلسەفی و سیاسی و ئاینیەکان بپارێزێ, پێویستە یاسا لە خەڵک بگەیەنرێ وپەیڕەو بکرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو بیرو باوەڕانە, لەبەر ئەوەی ئەگەر فەلسەفەیەکی دیاریکراومان خستە نێو یاساوە ئەوا ئێمە بەناوی یاساوە ئەو فەلسەفەیە دەسەپێنین , بەمەش زیان بە شان وشکۆی یاسا, هاوکات بە ئازادی بیر دەگەیەنن)[2] کات وبەسەرچوونی ڕۆژگارەکان هەر وەک چۆن مێژوو جێدەهێڵن و مرۆڤ پیر دەکەن هەر بەم شێوازە سرووشتیەش گۆڕانی بەرچاو لەم فەلسەفەو بیروباوەڕە کۆنانەدا دروست دەکەن, کە سەردەمانێک مۆرکی یاسایی نەتەوەیەک بوون لەگەڵ پێشوەچوون و داهێنانی بەردەوامدا, خوێندنەوەو تێڕامان و دەستووری نوێ دەبێتە پێوەر بۆ کردنەوەو بەستنەوەی دەرگای ئاکارو ئازادییەکان,کەواتە ئەم ڕاستیە گەڵاڵە دەبێت کە ئەوەی بۆ ئێستا بە بڤەو تابۆ حەرام ناسراوە لە ڕابردوو یان لە داهاتوودا مەرج نییە پەیڕەو کرابێت, یان پەیڕەوەی لێ بکرێت. بۆ نموونە دەشێ ئەوەی دوێنێ بەناوی سیاسەتێکی تاک ڕەودا مەحکومی چەند چالاکی و مافێک دەکرا ئەمڕۆ ڕەنگێکیتری وەرگرتبێت و بێ سانسۆر بانگەشەی بۆبکرێت.جگە لەمە تێبینی ئەوە دەکەین,کە قوربانیدانی تاک بەکۆتکردنی هەندێ لە ئازادیەکانی لە پێناو ئەوەیە,کە ئەمنیەتی پارێزراو بیت واتە خۆ بەدەستەوەدانی بەرامبەر هەندێ لە تابۆ گشتیەکان ڕێک کەوتنێکە

---

١- هـ -س -پ -ص٦٧-٦٨

٢- کامەران مەنتک- ئازادی لە نێوان فەلسەفەو یاسادا- دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم -چ١- سلێمانی-٢٠٠٥-ل١٠٩

لە نێوان تاک و دەسەلاتی یاسا دانان بۆ زامنکردنی ڕەوشێکی یەکسان و دوور لە دەست درێژی و تاوان( هەر ئەمەشە وای لە هەندێک لە هزرمەندان کردووە, وای بۆ بچن پەیمانێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان فەرمانڕەواو بەرفەرمانەکاندا هەیە , لەوانە ئەفلاتوون و هۆبزو لۆک و ڕۆسۆ...بە گوێرەی ئەو پەیمانە مرۆڤ دەست بەرداری بەشێک, یاخود هەموو مافە سروشتیەکان دەبێت. بڕی ئەم دەست بەرداربوونەش بە گوێرەی هزرمەندەکان دەگۆڕێت , تاوەکو لەبەرامبەر ئەم دەست بەرداربوونەدا, فەرمانڕەواکان واتە هێزی دەسەڵاتدار ئارامی و ئاسایشیان بپارێزن)[1] لە لایەکیترەوە پەیوەندی دیالێکتیکیانەی نێوان قاوغە یاساییەکان و داب و نەریتی کۆمەڵ لە ئاستێکدایە کە داب و نەریتەکان هەمیشە ئەم قاڵبە کۆنکریتیانەن کە میکانیزمی بە تابۆکردنی هەڵس وکەوتەکان دیاریدەکەن, بەو مانایەی ئەو ڕێ و شوێنانەی لە لایەن دەسەڵاتەوە دەگیرێتە بەر بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیەکان, بەبێ ڕەچاوکردنی نەریتە باوو دیارو دانپێنراوەکان لەنگی تێدەکەوێت و کۆدەنگی لەسەر نابێت. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیەش پشت بە بۆچوونی فەیلەسوفێکی وەک "ئەرستۆ" دەبەستین کاتێک(ئەرستۆ پاساو بۆ ئەمە بەوە دەهێنێتەوە کەوا داب و نەریتەکان, بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خەڵک ناچار دەکەن گوێڕایەڵی یاساکانی دەوڵەت بن, لەبەر ئەوەی پیادەکراوەو بۆتە ڕەگەزێکی گرینگ و ڕەفتارەکانیان بەڕێوەدەبات)[2] ئەگەرچی داب و نەریتەکان بەرهەمی پێشینانن و بە پێی زەروڕەتی قۆناغێکی پێشتر کاریان بۆکراوە, بەڵام بەسەرچوونی ئەم قۆناغە بەرئەنجامێک نابێت بۆ گۆڕینی سەرلەبەری تابۆو ڕێ پێدراوەکان, وەکو پێشتر باسمانکرد گۆڕانکارییە مێژووییەکان بەها کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ خۆیاندا دەگۆڕن, بەڵام ناشێت هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ بە یاساغ کراون یان دەرفەتیان پێدراوە, بۆ بەیانی ڕشبکرێنەوەو بەمردوو دابنرێن, چونکە پێشینانمان لە ئەزموونی سەرکەوتن و داکەوتنەکانی ژیانەوە, فێری شتگەلێک بوون کەوەکو پەندو ئامۆژگاری دواتریش وەک نەریتێک بۆ وەچەکانیان جێهێشتووە ( نابێت داب و نەریتەکان هەر لەبەر هێندە ڕەتبکرێنەوە, چونکە پێشینە بڕیاریان لەسەرداوە! لەبەرئەوەی ئەزموونێکی گەورەی مرۆڤایەتیان بەخۆوەگرتووە, لە پاڵ ئەو زیان و لایەنە نێگەتیڤانەی هەیانە, لە هەموو سەردەمەکاندا, تارادەیەکی زۆر ڕۆڵیان لە مانەوەو سەقامگیربوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بینیوە)[3] فەیلەسوفان دانەرو داهێنەری ئەم تیۆریە گرینگ و پڕبایەخانەن کە ناوەرۆکە هزریەکانیان جێگای سەرنج و هەڵوەستەیەو, زۆرجاریش وتە ناودارەکانیان دەبنە سەر مەشقی کاروانی ژیان, هەروەها ئەوان هەردەم بەوە ناسروان کە یاخیگەرو نوێخوازو بگۆڕی تەوژمی ئایدیایی وسیاسی ئەو دەمانەیان لە ئەستۆ گرتووە کە تیایدا ژیاون وبگرە تا ئەو کاتەش بە ڕێبازو ڕێنما دانراون کە وزەی کارتێکردن و بڕوا پێهێنان دەبەخشنەوە بە نەوەکانی تر.زۆرجار مۆڵەتی داڕشتنەوەی چەمکە تابۆییەکان و خەسڵەتە ڕەوشتییە سروشتیەکانیان لە دەسەڵات وەرگرتووە لەم بارەشدا وشیارانە هاوسەنگی و

١- هـ- س - پ - ل١٦١ -١٦٢
٢- هـ - س -پ - ل١٨٩
٣- هـ- س- پ- ل٢٠١

ماف و دادو مافی تاک و کۆیان لەبەرچاو داناوە( واتە فەیلەسوف کە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت دەبێ سیستەمێک بۆ خەڵات و سزا دامەزرێنێ, تاکو مرۆڤ کە شتێکیان کرد بەختەوەری زیاتری بەدوادا هات خەڵات بکرێن و کە کارێکیشیان دژی بەختەوەری کرد سزا بدرێن)[1] ژیری و تەکنەلۆژیا هەرچەند خۆشبەختی و سانایی بدەن بە کارو کردەوەکانی مرۆڤ, لە ڕوویەکی ترەوە کۆمەڵێک ئاستەنگ و ڕێسای نوێ دەهێنێتە بەرهەم بۆ ڕایی بوونی ئەم کارانەو هەر ئەمەشە وای لە بیرمەندان کردووە کە جیهانێکی تر داوابکەن لە فەلسەفەی بیرۆکەکانیاندا , ئەو جیهانەی خەونی ئازادیخوازانە جیهانێک نەکەوتبێتە بەر نەشتەری وەیشوومۆکانی عەقڵی مۆدێرن چ لە ڕووی تەکنێک و زانستەوە بێت چ لە ڕووی سەربازی و داهێنانی مرۆیی و مەدەنییەوە بێت. ئەم جۆرە خولیایە یۆتۆپیایەکی خولقاندووە کە نەست و ناوەخنی گشت مرۆڤایەتی ئاواتی پێ دەخوازێ, تاوەکو تارمایی تابۆکاریەکان لەسەر خۆی لابدات و هەناسەیەکی دوور لە پەیوەندکردن هەڵمژێت. بۆیە دەبینین بیریارێکی وەک ( مارکیوز لەدەروازەی کتێبی ئیرۆس و شارستانیەت دەڵێ: ماوەیەکە ئەو بابەتەی فرۆیدم قبووڵ کردووە, کەوا سەیری شارستانیەت دەکات کە تیایدا هەمیشە ئارەزووەکانی مرۆڤکۆنترۆڵ کراوە, ئەو بیرمەندە بەدوای مانایەکی دیکەی شارستانیەتدا وێڵە, کە جیاوازە لەو شارستانیەتەی لە کۆمەڵگای پیشەسازی و تەکنەلۆژیدا هەیە, لەمەشدا پشت بە بۆچوونەکانی هیگڵ و مارکس و فرۆید دەبەستێت و پێشنیازی شارستانیەتێکی تر دەکات, کە مرۆڤ تیایدا مرۆڤایەتی خۆی دەدۆزێتەوە, ئەو ئازادیەش بە دەست دێنێ کە بە درێژایی مێژوو لێی قەدەغە کراوە )[2] یەکێک لە فەیلەسوفە مەزنەکان لە یۆنانستانەوە کە بە باوکی فەلسەفەی یۆنانی ناوی دەرکردووە(سوقرات)ە لە سازدانی گفت وگۆیەکدا لە نێوان خۆی و کەسایەتی (ئیوثیفرۆ)داکە دێتە سەر باسی "کۆبەندو دەسەڵات" سەرەتا دەیەوێت لەودیو ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتی سیاسییەوە تانە لە بەندبوون لە ژێر میکانیزمی یاسایی یان تەوقە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکان بدات کە بە شێوەیەک لە شێوەکان فەرمانڕەوا سەپاندوویەتی بەسەر تاک یان بەرفەرمانەکاندا, ئەمەش جەخت کردنە لەسەر کاڵکردنەوەی هێڵی سووری تابۆکان لە لایەن " سوقرات "ەوە بۆ دەرکەوتنی ئاسۆی ئازادی و, ڕێگرتن لە تاوان و گەندەڵی و چاو سوورکردنەوە, بەناوی ماف و یاساو دەسەڵات.(میتۆدی دایەلۆگی و دایلەکتیکی حوکمڕانی ئەم کۆبەندە ئایدۆلۆژیە هەڵدەوەشێنێتەوە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەوهەم (کۆ)و هەم (بەند) یان بەندێتی واتە بەندیی کۆ, یان کۆیەتی بەندبوون بە بیرە باوەکانەوە هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەم هەڵوەشاندنەوەیەش بەوە دەبێ تاکەکان ئازادبن و ئەم هەڵوەشاندنەوەیە تاکەکان ئازاد دەکا: وەک مرۆڤی تاک خاوەن مێشکی سەربەخۆ, جیهان جوانتر دەبێ)[3] لە هەموو ئەمانەی باسکردن ئەوە بەدی دەکەین کە تێڕوانینی زاناو بیرمەندو فەیلەسوفان هەر لە کۆنەوە بۆ تابۆ ئەوەیە کە هەم ئاسایشی کۆمەڵایەتی و تاک بپارێزی و گونجان و کۆدەنگی بسازێنێ لە ڕەفتارو

---

١- ئایزایابێرلین- ئازادی و خائینانی -و:مەنسوورتەیفولای- چ١- چاپخانەی موکریان -هەولێر-٢٠١٠- ل١٨

٢- عوسمان یاسین-هیگڵ ودوولەقوتابیانی- چ١- چاپخانە:خانی دهۆک- ٢٠٠٨-ل٨٧

٣- د.کەمال میراودەلی-بیرکردنەوەو ئازادی- چ١- -چاپخانەی ڕەنج -سلێمانی -٢٠٠٧-ل١١٩

چـالاكییه گشـتییه‌كاندا. وه‌هه‌م نه‌بیـّـته‌ ته‌وقه‌ ملـی خنكیـّنـه‌ری ئـازادی و سروشـتی بـوونی ئـاده‌میزاد له‌ڕووی پیّداویسته‌ سه‌ره‌تایی و ئاساییه‌كان .

- **ته‌وه‌ره‌ی سێیه‌م:جۆره‌كانی تابۆ**

**أ- ماف وتابۆیه‌ گشتی ویاساییه‌كانی مرۆڤ :**

**١- ماف و تابۆی سڤیل – مه‌ده‌نی :**

مه‌به‌ستمان له‌م چه‌مكه‌ی سه‌ره‌وه‌ قسه‌كردنه‌ له‌سه‌ر مافه‌ سروشتییه‌كانی مرۆڤ و له‌ یاسادانی هه‌ندێ له‌و مافانه‌ له‌ پێناو به‌رژه‌وه‌ندی و به‌یه‌كه‌وه‌ ژیانی گشتی دایه‌ پێشه‌كی ده‌مه‌وێ هه‌ڵوه‌سته‌ بكه‌م له‌سه‌ر "مه‌ده‌نی" بـوونی مـرۆڤ له‌ ڕوانـگه‌ی تیـۆریه‌وه‌, دواتـر دابه‌شكردنی مـاف و تـابۆ مه‌ده‌نییه‌كـان به‌ پێـی ڕیككه‌وتننـامه‌ جیهانییه‌كان. ئه‌وه‌ی بیستوومانه‌ له‌كۆنه‌وه‌ سه‌باره‌ت به‌ "مه‌ده‌نی" بوون زیـاتر ئه‌وه‌ ده‌رده‌خه‌ن كه‌ دیموكراسیه‌ت و ئـازادی فـاكته‌ری سه‌ره‌كی دابینكردنـی ئه‌و ژیـان و بـوونه‌ مه‌ده‌نیه‌ن كه‌ ئـاده‌میزاد له‌ دێرزه‌مـانه‌وه‌ شۆڕش و تێكۆشـان و قوربـانی بـۆ داوه‌,به‌ڵام ئه‌م زاراوه‌یه‌ به‌ پێـی چـاخه‌ زه‌مه‌نییه‌كـان واتـایه‌كی نـوێی هه‌ڵگرتـووه‌و, باركراوه‌ به‌و هه‌ڵكشانه‌ خێراو به‌رده‌وامانه‌ی مرۆڤـایه‌تی هێنـاوه‌ته‌ به‌رده‌م خۆ ئامـاده‌كردن و خۆڕاهێنـان له‌گه‌ڵ شارستانیه‌تی نوێدا. یه‌كێك له‌م كه‌سایه‌تیانه‌ی بۆچوونه‌ ڕاشكاوه‌كانی خۆی له‌ نووسینه‌كانیدا بۆ ئه‌م بـابه‌ته‌ ده‌ربڕیـوه‌ (جـۆن لـۆك )ه(" لـۆك" خه‌سـڵه‌تێكی ته‌واو مرۆیـی ده‌داته‌ چه‌مكگه‌لـی وه‌ك مـافی سروشـتی و یاسـای سروشـتی و خۆ ده‌بوێرێ له‌ خستنه‌ ڕووی ئه‌و چه‌مكـانه‌ وه‌ك بـابه‌تی سه‌ربه‌خۆو جیـا له‌ مرۆڤ. به‌ بـڕوای ئه‌و هه‌ر مرۆڤێك كه‌ پێی نایه‌ سه‌ر دنیا مافی ژیـانی هه‌یه‌, چونكه‌ به‌ر له‌ هه‌ر شتێك ئـامانج له‌ خولقانـدن ,ژیـان به‌سه‌ربردنه‌, له‌ ڕاستیدا مـافی ژیـان مـافێكی خۆكـار, خودی و سروشتییه‌, چونكه‌ له‌ ئیـراده‌ی خواوه‌نـد بترازێ هیچ چاوگ و سه‌رچاوه‌یه‌كی تـری نییه‌)[1] شایه‌نی باسه‌ كه‌ لێره‌دا درك به‌وه‌ بكه‌یـن كه‌ مـاف و یاسـای سروشتی له‌سه‌ر هه‌ساره‌كه‌ماندا وه‌ك ئه‌وه‌ی یه‌زدان بـۆی ڕه‌خسـاندووین جیـاوازده‌بێ له‌م سـاته‌ وه‌خته‌ی تـاكه‌كـان هه‌وڵـی خــۆ به‌ڕێكخســتن و دامه‌زراوه‌ی یاســایی كــردن بــده‌ن, به‌هــۆی ئه‌وه‌ی تاكه‌كــان ده‌كه‌ونه‌ ژێــر كــۆنترۆڵی به‌ڕیوه‌به‌رایه‌تیه‌كی دانپێنراووشه‌رعی و هه‌ڵبژێردراو, ئه‌مه‌ش ئه‌م هێزه‌ قبوڵكراوه‌یه‌ كه‌ قه‌ده‌غه‌كـاری و تـابۆو مـافه‌ مه‌ده‌نییه‌كـان دیاریـده‌كات و, ڕۆڵـی ئاكتیڤـانه‌ی خۆی ده‌گێڕێت بـۆ سه‌روه‌ركردنی سه‌قامگیری و پـاراستنی سه‌روه‌ته‌ مـاددی ومه‌عنه‌وی و كلتووری و ئاینییه‌كـان.( به‌ بـڕوای "لۆك"و نـزیكه‌ی سه‌رجه‌م بیرمه‌نـدانی ئـازادی ,مرۆڤه‌كـان له‌ كـۆمه‌ڵی مه‌ده‌نیـدا به‌ ڕواڵه‌ت ئـازادی كه‌متریـان هه‌یه‌, به‌ڵام له‌ ڕاستیدا له‌ سایه‌و چوارچێوه‌ی ئه‌و كـۆمه‌ڵه‌یه‌ ئـازادی ڕاسته‌قینه‌ وه‌ده‌ست دێـنن, چـونكه‌ له‌ دۆخـی سروشـتیدا, هه‌میشه‌ ئـازادی و مـافه‌ تـاكه‌ كه‌سییه‌كانی ئه‌وان له‌ ژێر هه‌ڕه‌شه‌ی ده‌ست درێژی به‌ هێزتره‌كاندایه‌)[2] لێره‌دا به‌ پێویستی ده‌زانم كه‌ چه‌ند

---

١- موساغه‌نی نه‌ژاد- كۆمه‌ڵی مه‌ده‌نی:ئازادی ئابووری وسیاسه‌ت- و:ڕێبازمسته‌فا-چ٢- چاپخانه‌:داناز- سلێمانی -٢٠٠١ -ل١٦

٢- هـ- س-پ- ل١٨

نموونەیەک بۆ ئەم بابەتە بخەمە بەرچاو یاخود هەندێ لەم دەستووورە نێو دەوڵەتییانەی بڕیاری لەسەر دراوە بۆ ناساندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و ڕێپێدراو و ڕێپێنەدراوەکانیان بخەمە بەرباس:

## أ-ئەشکەنجەدان:

لە هەر وڵاتێکی دنیا یان لە هەر شوێنێک کە واژۆی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤی کردبێت دەبێت پابەندبێت بەم دەستوورانەی جاڕنامەکە کە یەکێ لەمانە قەدەغەکردنی ئەشکەنجەدانی مرۆییە بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان جا ئەم ئەشکەنجە دانە لەلایەن دەسەڵاتی فەرمییەوە بێت یا کەس و لایەنی سەربەخۆ , کەواتە مرۆڤ بە پێی ئەم یاسایە مافی پاراستنی جەستەیی و ڕۆحی کەوتۆتە ئەستۆی دەزگاکانی نەهێشتنی تاوانکاری و دەست درێژی کردن بەرامبەر بەم مافەش تابۆی لاساریکردن بە یاسا ڕوونکراوەتەوە (مادەی"٧"لە پەیمانی نێو دەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی وسیاسییەکان"١٩٦٦"ئەڵێت: (نابێت هیچ کەس ڕووبەڕووی ئەشکەنجەدان یان مامەڵە یان سزای توند یان نائینسانی یان کەرامەت شکێن بکرێتەوە))[1] ئەمەش دەکرێ وەکو مافێکی یاسایی مرۆڤ لەلایەک وقەدەغەکاریەکی یاسایی بۆلایەنی سەرپێچیکار چاوی لێبکرێت.

## ب- مافی گەشە پێدان:

بریتییە لەوەی کە ڕێگا بدرێت بە تاکەکان یەکە یەکە بەشدارو کاریگەربن بەسەر بەرەو پێشبردن و گەشەی هەموو لایەنەکانی ژیانی مەدەنی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا بەمانای ئەوەی هەمووان دەبێ بە پێی ئەرک وپێگەی خۆیان مافی ڕۆڵ بینینیان پێ بدرێت لە فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و نیشتیمانی و..هتد هەروەها تابۆ بخرێتە سەر ڕێگریکردن لەم مافە(کۆمەڵەی گشتی بە پێی بڕیاری خۆی ١٢٨/٤١لە ٤ی کانونی یەکەمی ١٩٨٦دا, پەسەندی کردووە بەگوێرەی ئەم جاڕنامەیە: مافی پەرەو گەشە پێدان یەکێکە لە مافەکانی مرۆڤ و بە هۆیەوە هەر ئینسانێک وگشت گەلان مافی بەشداریکردنی لە هێنانەدی گەشە پێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری و سیاسیدا هەیە,هەروا سودوەرگرتن لەو گەشە پێدانە)[2] هەر سەبارەت بەم مافە هەروەک باسمکرد تابۆی ئەو لایەن و کەسایەتییانە دەکرێت کە بەهەر شێوازێکی بەکارهێنانی هێز سانسۆر دەخەنە سەرئارەزوومەندانی بەکارهێنانی ئەم مافە.

## ج- مافی یەکسانی ڕەگەزی :

لەکۆمەڵگای مەدەنیدا دەبێت نێرومێ بە یەک چاو سەیر بکرێن و ئەرک و مافەکانیان لە نێواندا دابەشبکرێت بۆیە گەلانی دونیا لەسەر چەند بڕگەیەکی سەرەکی پێکهاتن بۆ یەکسانکردنی توخمە بنەڕەتییەکانی ژیان و

---

١- بەرهەمی ژمارە٤ی هوشیاری(1.rev)- مافەکانی مرۆڤ- چاپخانەی دێکان- چ ١-سلێمانی-٢٠٠٥-ل[٢٣]

٢- هەژاری عزیزسورمێ- لەبیرەوەری یۆبیلی زێڕینی جاڕنامەی مافی مرۆڤ-چ١-چ:وەزارەتی پەروەردە-هەولێر-١٩٩٨-ل[١١٤]

لابردنی ئەم جیاکارییەی دەبێتە هۆی بایەخدان بە یەکێکیان و فەرامۆشکردنی ئەویتریان کە لە ئەنجامیشدا توندو تیژی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی لێدەکەوێتەوە بە پشت بەستن بەم مافە مەدەنییە دەتوانین ئەم تابۆیانە بناسین کە ناهێڵێت پێشێلکاری ڕووبدات ( دەوڵەتان پەیمانی زامنکردنی ئێکسانی نێوان نێرو مێ دەدەن لە سوودوەرگرتن لە مافە سڤیل و پۆلەتیکەکان, تەئکیدکردنەوەی پاراستنی مافی ژیان بە هۆی یاساوە)[1]یەکێکە لەم بنەمایانەی لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا بەگرینگیەوە جەختی لەسەردەکرێتەوە.

## ٢- ماف و تابۆی کەمینەی نەتەوەیی یان ئاینی یان زمان:

لە شارستانییەتی نوێدا مافی کەمینەکان بە یاسا ڕێکخراوە, هەر کەمینەیەک بە ئازادانە مافی پیادەکردنی کلتوورو بەکارهێنانی زمان و پەیڕەوکردن لە بنەما ئاینییەکانی خۆی هەیە, هیچ هێزو لایەنێک ناتوانێت شوێنە ئاینییەکانیان تێک بدات یان ڕێگە لە بەکارهێنانی زمان و ڕێ وڕەسمە نەتەوەییەکانیان بگرێت واتە (ئەو دەوڵەتانەی کە کەمینەی نەتەوەیی و ئاینی و زمانەوانییان تێدایە , نابێت کەسانی سەر بەو کەمایەتییانە لە سوود وەرگرتن لە کلتوورو ئاینی خۆیان وبەکارهێنانی زبانەکەیان قەدەغەبکەن)[2]هەر لە خولانەوەمان بەدەوری ئەم ماف و تابۆ مەدەنییانەدا پوختەی بابەتەکە چڕدەکەمەوە لەسەر ناوهێنانی زۆرێک لە مافە یاساییە مەدەنیەکانی مرۆڤ کە ڕەزامەندی ئەم وڵاتانەی لەسەرە بە ئارەزوومەندانە واژۆی پەیڕەوی لێکردنیان کردووە,,سزای جێبەجێنەکردنیان بەسەردا دەسەپێت لە حاڵەتی نەدان و لادان لە پرانسیپەکانی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان .لەمانەش:

مافی ژیان بۆ هەموو کەسێکەوتابۆی سزای لە سێدارەدان هەیە بۆ گیراوان ,مافی ئازادی و ئارامی وئاسایش بۆ هەمووانەو دەبێت دەست بەسەرکراوان ئاگاداربن لە هۆکاری گرتنەکانیان, هەموو خەڵک یەکسانن لەبەردەم یاسادا, نابێت دەست درێژی بکرێتە سەر تایبەتمەندییەکانی کاروباری خێزانی هیچ کەسێک, هەروەها هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە خاوەن بیروڕای جیاوازبێت و ئازادەلەپەیڕەوکردنی هەر بیرو باوەڕێک نابێت ڕێگری لێ بکرێت, هەموو مرۆڤێک بە ئازادی لە دایک دەبێت, بەبێ جیاوازی لە ڕەنگ و زمان و ئاین,تۆخم,نەتەوە دەبێت مافی پارێزراوبێت[3] جگە لەمانەش هەموو کەسێک مافیکارکردن و فێرکردن و حەوانەوەی هەیە لەگەڵ قەدەغەکردنی کۆیلایەتی بەرامبەر بە لایەنێک یان لەبەر هۆکاری ئابووری یان هەر شتێکیتر[4]

---

١- هـ - س- پ- ل٦٤

٢- هـ - س- پ -ل٦٥

٣- بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: ڕێکخراوی دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی-مافەکانی مرۆڤ:چەمک,پرانسیپ,داکۆکی- چ١- چاپخانە:بینایی -سلێمانی-٢٠٠٦-ل١٢٣-١٥٦

٤- بۆزانیری زیاتر بڕوانە: کلاوس هوفنر- چۆن سکاڵادژی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ بەرزئەکەینەوە -چ٣- چاپخانەی دێکان- سلێمانی-٢٠٠٥-ل١١١- ١١٧

**٣- ماف وتـابۆی ئـاینی :**

ئاینەکـان بە ئاسمانی و نائاسمانیەوە مانـای پیرۆزبـوون و پەیوەست بـوون دەگەیەنـن لەکـاتی تێکەڵبـوونی ڕۆحیـانەت لە بـۆتەی پەرسـتن و نـزاو پـاڕانەوەدا بەنـدایەتییەک دروسـت دەبێـت تیایـدا تـاک جـگە لەوەی هەیمەنەتی ئەم بەندایەتیە بەسەر خۆیدا قبووڵ دەکات, داوای ئەوەش دەکات بەوپەڕی متمـانەو لە نێو کەش و هەوایەکـی ئاشـتییانەو دۆسـتانەدا پەرستشـی خـۆی ڕابگەیەنێـت و بـوار نەدات لە ژێـر هـیچ ناوونـاتۆرە وهەڵبەستنێک ئەم ئازادیەی ڕامبکرێت. فرە ئـاینی لە هەر وڵاتێکدا ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە لەسەر بـوونی ڕەوشی دیمـوکراتی خوازانەی دەسـەڵات وکۆمەڵگـاو ڕادەی هوشیاری نەتەوەیی دەردەخـات, بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا بەردەوام لێرەو لەوێ چەوساندنەوەی ئـاینی بەرگـوێ دەکەوێ تـا ڕادەی هەوڵـدان بـۆ سڕینەوەی ڕەگ و ڕیشـەو ڕەچەڵەکە مێژووییەکان. مەترسییەکانی ئەم دیـاردەیەش لەسـەر کۆمەڵگـای مرۆڤـایەتی ڕای گشـتی و نێودەوڵەتـی هێنایە دەنگ و لەماددەی ١٨ی جاڕنـامەی مـافی مرۆڤداهاتووە (هەمـوو مرۆڤێـک مـافی ئەوەی هەیە ئازادبێت لە بیروبـاوەڕو ویـژدان وئاینـدا,ئەمە ئەومـافەش دەگـرێتەوە کە ئازادبێـت بەچ ئـاینێکەوە پەیوەسـت دەبێت,ئـازادی ئەوەیـش کە چ ئاینێـک هەڵـدەبژێرێت پابەنـدبێت پێوەی,ئـازادی ئەوەیـش کە ئـاین یـان بیروبـاوەڕی خـۆی ئاشکرابکات لەڕێی پەرستش وپیادەکردن وفێرکردنەوە,بەتەنیـا یـابەکۆمەڵ,..)[1] لەسـەر ئەمەش گشت لایەنەکـان داکۆکی لەوە دەکەن کە دەست بردن بۆ پیرۆزییە ئاینییەکان قەدەغەیەو سوکایەتیکردن بە ناسنامەی ئـاینی هەر مرۆڤێـک ڕێپێـنەدراوە ,ئەمـانەی باسـمکردن ڕووە گشـتییەکەی پاراسـتنی مـافە مەزهەبـی و ئاینییەکـانە لە بەرنامەکـانی مـافی مرۆڤـدا , بەڵام پێویسـتە بزانین لە نێـو خـودی هەمـوو ئاینێکدا, بەرنامەیـک داڕێـژراوە بـۆ چۆنیەتی پەیڕەوکردن و تەنانەت بۆ ئاکـارو ڕەوشتە کەسایەتییەکانیش واتە هەر بیروبـاوەڕێکی بـڕوا پێهێنـراو لە لایەن کۆمەڵێ لە خەڵـک هەر یەک لە تـابۆو ناتـابۆکـان بـۆ ئەم خەڵکە بـاوەڕداره دیاریـدەکات, فەیلەسـوفی فەرەنسی "هنری برجسۆن"لە چەند خاڵێکدا پەیوەندی نێـوان ئـاین و ئاکـار دەبینێت (هۆکـاری یەکەم: بـابەتییە کەبە بـڕوای "برجسـۆن" بـۆ تێگەیشـتن لە دیـاردەی ڕەوشـت لە لایەنـی سـەرچاوەیی و هۆکـاری و گەشـەکردندا پێویسـتە بەدواداچـوون لە ئاینـدا بکەیـن, چـونکە دیـاردەی ڕەوشـتی هەر لە کـۆنەوە بە تونـدی بە یەکەوە بەستراوە لەگەڵ دیاردەی ئاینییەوە, بەوەی کە ئاین ڕوویەکی پیرۆز بە ڕەوشت دەدات وە کـاریگەریەکی بە هێـزی دەبێت لەسەر دەروون, خاڵی دووەم ئەرکییە ,بەوەی کە ئاینی جێگیـر زامنـی دوو متمـانە دەکـات لەوکـاتەی کـاری ڕەوشت ڕایی دەکات, بەوەی تاکەکان هەژمار دەکات بە پاداشتی یەکسـانی و بە پێـوەری زۆرتـرین جێگیربـوون.)[2] کەواتە ئـاین کـاریگەری ڕاستەوخۆی بەسـەر ڕەوشـتەکانی مـرۆڤەوە هەیە, ئـاین ئەو دەسـەڵاتە ڕۆحیەیە کە لە ڕێـگەی کارنـامەکەیەوە ئەرک وتایبەتمەنـدییەکانی خـۆی ڕادەگەیەنێـت و زۆرینەیەکـی ڕەهـاش ئەم کارنـامە

---

١- لەلایەن چەند لێکۆلیارێکی یاساییەوە نووسراوە -دادپەروەری ومافی مرۆڤ لە سەردەمی جیهانگیریدا- چ١-چاپخانەی بینـایی - سلێمانی -٢٠٠٦-ل١٥٣

٢- أكرم مطلك محمد- ألأخلاق والدين بين ألفلسفة ألأنغلاق وألأنفتاح للفيلسوف هنری برجيسون –ط١- بيت ألحكمة - بغداد- ٢٠١٣-ص١٣٥

دەپارێزن و ئامادەن سزای سەرپێچیکاران بدەن لەکاتی بەزاندنی سنووره نەگۆڕو بڕواپێهێنراوەکان. بۆ چاوساغی ئەم سزادانەش لیستی تابۆکان بەرامبەر جەماوەر ئاشکرا دەکرێت.

### ٤- ماف وتابۆی سیاسی:

لەگەڵ دابشبوونی جیهان بەسەر نەخشەی سیاسی وجوگرافی وڵاتاندا,وەبەرلەمەش هەر لەگەڵ کێشمەکێشمی ئابووری و ئاینی وگرتنە دەستی دەسەڵات, لایەن و دەستەو گروپ و پارت و ئایدیاو فەلسەفەی جیا جیا کەوتنە بانگەشەو کارکردن بۆ خۆ سەپاندن و, بەڕێوەبەرایەتیکردنی سیستەم و پەیوەندییەکان, بەگوێرەی جیاوازی کۆمەڵگاکان, دواتر ئەم پەسنە جەوهەریانە درا بە هەر فەلسەفەیەکی سیاسی کە ئەستوندەگی پرانسیپەکانیەتی. بۆ نموونە بە دەسەڵاتێک دەگوترێت "دیموکراتی" بە یەکێکیتر دەگوترێت "تۆتالیتاری" یان "سۆسیال دیموکراتی" و چەندیتر, ئێمە پێش چوونە ناو مشت و ماڵی ئەم بابەتە بۆ فەزای کاری هەر یەک لە سیستەمەکان دەمەوێت لە ڕووی یاسا نێو نەتەوەییەکانەوە چاوێک بە ماف و تابۆ سیاسیەکاندا بهێنم, لە پەیماننامەی نەتەوە یکگرتووەکاندا هاتووە کە(هەموو گەلان مافی ئەوەیان هەیە خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاریبکەن, بە پێی ئەم مافەش ئازادن لە دیاریکردنی ناوەندی سیاسی خۆیانداو لە هەوڵدانیاندا بۆ بەدیهێنانی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووریان, ڕێگە نادرێت هیچ کۆت و بەندو تەسک کردنەوەیەک بەسەر هیچ کام لە مافە بنچینەییە متمانە پێبەخشراوەکانی مرۆڤدا یان پیادەکراوەکانیدا لە هیچ وڵاتێک بسەپێنرێت بەناوی پیادەکردنی یاساکان یان ڕێککەوتننامەکان یان سیستەم وعورفەکان ..,هەموومرۆڤێک مافی ئازادی ڕادەربڕینی هەیە.., کۆبوونەوەی سیاسی مافێکی دانپێنراو دەبێت, ناکرێت کۆت بخرێتە سەر بەکارهێنانی ئەم مافە تەنها ئەوە نەبێت کە بە یاسا دیاریدەکرێت و ڕێو شوێنی پێویست پێک دەهێنن لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا)[1] لە دۆخێکیتردا سیاسەتی نێوەخۆیی هەریەک لە وڵاتان سیمایەکی ڕێژەیی وەردەگرێت لە پێدانی چەندایەتی و چۆنایەتی بە پرانسیپ و بەهاکانی دیموکراسی و بەشداری پێکردنی تاکەکان لە پرۆسەکەدا. هەروەک پێشتر ئاماژەمدا ڕایەڵەی بەیەکەوە بەستنەوەی نێوان هێزی سیاسی و تاک لە کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا بریتییە لە مەرجی پێشوەختەی دابینکردنی مافە مەدەنی و ڕەگەزی و کلتووریەکان, ئەمەش لەکاتێکدا دەبێت کە دەستاودەستکردنی جومگە سەرەکییەکانی سیستەمە سیاسیەکە زەمینە سازی بۆ بکرێت و لە ڕێگای سندووقەکانی دەگدانەوە هەرەمی دەوڵەتداری و بەڕێوەبردن پێکبهێنرێت.هەروەها بۆ تانەدان و خەوش گرتن دەبێت هەمیشە لایەنێکی چاودێر هەبێت بەسەر پرۆگرام و بەرنامەو چالاکیەکان. ئەمە لە لایەک و لە لایەکیترەوە قەدەغەکاری یان تابۆکان ئەم خاڵە کۆنترۆڵییانە دەبن کە هەم بەهۆی پابەندبوون بە یاسا نێودەوڵەتیەکان و هەم بە گەڕانەوە بۆ فەرهەنگی کۆمەڵایەتی ڕێگر دەبن لەبەردەم هەر هەوڵێکی تێکدەرانەی نەخوازراو دژ بە ئاشتی و ئازادیەکان, خۆ ئەگەر ئەم تابۆکارییە تاک ڕەوانە بێ و بێ ڕەچاوکردنی سیاقە دەستووری و مرۆڤ

---

١- بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: داکۆکی-ڕێکخراوی دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی -مافەکانی مرۆڤ :چەمک -پرانسیپ- ل١٢٤-١٢٧-١٣٧

دۆستەکان کاری پێبکرێت ئەوا هەموو جۆرە جموجۆڵێکی ئاسایی و دانپێنراوی تایبەتیش دەکەوێتە ژێر پرسیارەوەو, لە ئەنجامیشدا دروشمێک بەناوی دیموکراسی بڵند دەکرێت بۆ سەربڕینی دەنگ و ڕەنگە جەماوەریەکان کە خواز یاری دابینکردنی یەکسانی چینایەتی و ڕەتکەرەوەی دەسەڵاتێکی داپڵۆسێنەرن.( چونکە دیموکراسیەت بریتییە لە دۆزینەوەی سیستەمێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابووری, کە ڕێز لە ئازادییە سەرەتاییەکان بگرێت, پێچەوانەش ئەوەی لەم بابەتەدا جێگای ئاماژە بۆکردنە, ئەوەیە دیموکراتی لە هیچ شوێنێکدا بە هەر بیانوویێک بێت نەشیاو نییە, بەڵکو دەتوانین لە هەموو پێگەیکدا بە دابینکردنی ئازادیە سەرەتاییەکان, بەدی بهێنرێ. جابا ئەو دەوڵەتە لەڕووی ئابووریشەوە پێشکەوتوو نەبێت- بەڵکو ئەوەی لەبەردەم بەدەستهێنانی ئەم خواستەدا ڕێگرە تەنها خودی ئەو دەسەڵاتانەیە کەبەناوی شۆڕش وهێزی ڕزگاری خوازیەوە بوونی خۆیان بەسەر ئێمەدا دەسەپێنن)[1]

لە نموونەی ئەم کردەوە نامرۆڤانەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی جیهاندا بریتین لەو فشارە توندڕەوانەی کە هەوڵی ڕەگەزپەرستی و فەرزکردنی یەک سەقفی سیاسی و چاوسوورکردنەوەو هەڕەشەکارین, گەلی کورد یەکێکە لەم قوربانیانەی کەلەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەرەوە هەمیشە لە مافی سیاسی ونەتەوەیی خۆی بێبەشکراوەو تابۆی زمان و کلتوورو خوێندن و ناسنامەو دیاریکردنی مافی چارەنووسی خراوەتە سەر,( لەڕاستیدا دەوڵەت مەبدەئییەن قۆرخی دەسەڵاتی جەستەیی دەکات لەسەر پیادەکردنی هێز,بەوەی دادوەری دەکات وسزادەدات, کوشتن یاساغ دەکات و سیستەم فەرز دەکات,سیستەمەکەش ئەوەیە کە زیاترە لەوەی کە هەموو هاوڵاتیان دەیانەوێت,یاریکردنی دەسەڵات بەتاک پێکدێت لە توندو تیژی پیشاندانی کۆمەڵێکی هێزدار)[2] بەپێی ئەزموونی گەلانی دنیا لەمەڕ باشترین ویەکسانترین مامەڵەکردن لەگەڵ هاونیشتیمانیاندا لەلایەن کارەکتەرە سیاسییەکانەوە,ئەم شێوازەیە کە لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەی لیبراڵیانە دێتە بەرهەم و, لەسەرەکیترین و سەرەتاییترین بنەما دارێژراوە دەستووریەکانی پێدانی مافە بنچینەییەکانەو لەگەڵ ئەوەشدا تەلبەند نەکردنی نەشونومای هزری تاکەکانە بە جیاوازی پارت و لایەن ورەنگ و بۆچوونەکانەوە, ئەگەروا لە سیاسەت بڕوانین کە دەشێت لەهەر شوێنێک و لەگەڵ هەر ڕەوشێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی گۆڕانکاری بەسەرداببێت.ئەوا ئەو کات ماف و تابۆکان ڕەزامەندی گشتی لەسەر دەبێت و هەردووک دەبنە تەواوکەری یەک ئایدۆلۆژیا( بەوتەی بیرمەندو فەیلەسووفی بەناوبانگی سەدەی بیستەمی ئەورووپا " کارڵ بووپێر" هەنووکە دیموکراسی ڕۆژئاوایی(لیبرال دیموکراسی) چاکترین چەشنی سیستەمی دەسەڵاتدارییەو دەبێت بۆ پاراستنی ئەم جۆرە سیستەمە دەسەڵاتدارییە تێ بکۆشین )[3] لەڕەهەندێکیتری ئەم بابەتە هەڵوەستە لەسەرپەیوەندی و کارلێکی نێوان مافەکانی مرۆڤ و سیاسەت دەکەین بەوەی خاڵی هاوبەش وپێویستی بوونی ئەم پەیوەندیانە دەبێت

---

١- هوشیاری عبدالعزیز -کۆمەڵگاوبیرکردنەوەی نادیموکراتییانە- -بیری نوێ ژ-٤٥- ٢٠٠٨- ل[٣٥]

٢- فریق من ألأختصاصین- ألمجتمع وألعنف -ت-ألأب ألیاس زحلاوی -ط٣-ألمؤسسة ألجامعیة للدراسات وألنشروألتوزیع -١٩٩٣- ص[٢٩]

٣ - کەیهان یوسفی - ڕاگەیاندنی ئازاد -تیشک -ژ-٢٧-١٣٨٩-ل[٤]

بدۆزرێتەوە لە پێناو کاملکردنی دەستەی ڕابەرایەتیکردن و, دواتر ئەم پەیوەندییە ببێتە سەنگی محەک بۆ ناسنامەیەکی هاوبەش کە شوناسێکی سیاسیانەی مرۆڤ پەروەرانەی لێ لە دایک دەبێت, بەمانایەکیتر بەرجەستەکردنی دەوڵەتی مۆدێرن و دانەبڕاو لە ڕیفۆرمی ئاشتییانە کە سەروەریەکان بپارێزێت ڕێز لە تایبەتمەندی وئارەزووە کەسی وجەماوەرییەکانی بگرێت. بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکخراوە مەدەنی وچالاکوانە سیاسییەکان دەبێت چالاکی و ڕێ و شوێنی پێویست بگرنەبەر تا ماف بدرێتە مافخوازو تابۆش بخرێتە سەر سەرڕێچیکار (مافەکانی مرۆڤیش, لەکاتێکدا بریتییە لە بەرهەڵستیکردنی هەموو دیاردەکانی چەوسانەوە لەهەر ئاست و شوێنێکدا"وەک مافەکانی مەدەنی و سیاسی "و بەرهەڵستیکردنی هەموو شێوەکانی ستەمی کۆمەڵایەتی" وەک مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی وڕۆشنبیریەکان" لە هەمان کاتیشدا بریتییە لە شێوەیەکی نوێی شێوەکانی پڕاکتیزەکردنی سیاسەت)[1]

## ٥- ماف و تابۆی ڕەگەزی :

بەبیستنی ناوی "ڕەگەز" نێرومێ وەک پێکهاتەی بایەلۆجی بوونەوەران خۆی پێشنیگا دەکات, ئەوەی لێرەدا دەبێتە میوانی باسەکەم لایەنی جەستەیی نیە بەڵکو وردبوونەوەیە لەم هەڵس و کەوت وقەدەغەو ڕێپێدراوانەی بە پێی پەیامە ئاینی و نووسراوە یاساییەکان سەلمێنراوە کە ئەمەش لە ڕۆژگارێکەوە بۆ ڕۆژگارێکیترو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر گۆڕانی ڕێژەیی بەسەردادێت. بەڵام ئەگەر دیاریکراوتر بچمە ناو بابەتەکەوە(ژن وپیاو)لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دەبنە کارەکتەری یەکلاکەرەوەی ئەم ئەرک ومافە دابەشکراوانەی نێوانیان.

من هەوڵدەدەم سەرەتا لە دیدگای ئاینییەوە خوێندنەوەیەک بدەمە دەست بەوەی هەر ئاینێک بەتایبەت ئەوانەی سرووشی ئاسمانییان هەیە بەجیا ڕێڕەوو بەربەستەکان دەست نیشان دەکەن, ئاینی ئیسلام وەک دووەم خاوەن زۆرترین پەیڕەوکەرانی لە جیهاندا بە هۆی پەرتووکە ئاسمانییەکەی کە "قورئان" ی پیرۆزە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا جیاکردنەوەی بۆ خەسڵەت و ڕەوایەتی و ناڕەوایەتی ئاکارەکان خستۆتە ڕوو بە جۆرێک کە ڕاشکاوانە بێ پێچ و پەناو تەمومژی دادوەری ڕەگەزی دەکات و بڕیارە کۆتاو باوەڕپێهێنراوەکان رووماڵ دەکات. لێرەدا سێ حاڵەت بۆ ئەم بابەتە پەردەی لەسەر هەڵدەدرێتەوە ئەوانیش ئەو مافانەی بۆ ڕەگەزی "نێر "شیاوە و بۆ "مێ "نەشیاوە,هەروەها بە پێچەوانەکەش سێیەم حاڵەتیش ئەم مافانەی کە لە نێوان هەردوو ڕەگەز یەکسان و هاوبەشن بۆ نموونە(پێویستە پیاوی موسڵمان لەگەڵ هاوسەرەکەی بە باشی گوزەران بکات و, ڕەفتاری جوان بێت لەگەڵیدا, وەک خوای گەورە دەفەرموێ:وعاشرو هن بالمعروف... واتەبەچاو بە باشی گوزەرانیان لەگەڵدابکەن...پێویستە لەسەر پیاوی موسڵمان بە چاوی ڕێزەوە سەیری هاوسەرەکەی بکات, نابێ قسەی ناشرین و جنێوی پێ بدات و نابێ لێی بدات..وەک پێغەمبەر (د.خ)دەفەرموێ :(ولن یضرب خیارکم) واتە باشترین پیاوتان ئەوەیە کە لە هاوسەرەکەی نەدات... لەسەر پیاوی موسڵمان پێویستە خواردن

١ - بەهرام محەمەد(کاکل)-ڕۆشنبیری کۆمەڵگای مەدەنی- چ١-چاپخانەیبینایی -سلێمانی-٢٠٠٦-ل١١٦

و خواردنەوەو پۆشاک و جل وبەرگ و خانوو لەسەر بنچینەی حەلاڵ بۆ خێزانەکەی دابین بکات..)[1] بە هەمان شێوەش لە ئاینی ئیسلامدا ماف و ئەرک و تابۆی پیاو بەسەر ژن واتە ئەو مافانەی بۆ پیاو دانراوە دەبێت ژن جێ بە جێیان بکات باسی لێوە کراوەو بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوە, ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە هەردوو ڕەگەز لە ئاینی ئیسلامدا خاوەن ماف و تابۆکانن و هەر مرۆڤێکی موسڵمان دەبێت پابەند بێت پێیانەوە.

لەو مافانەش کە فەرموودەو ئایەتەکان ڕایانگەیاندووەو فەرمانی کارپێکردنیان تیادا دراوە( پێویستە ئافرەتی مێردداری موسڵمان, شەرمن وئابڕووی مێردەکەی بپارێزێ و, پارێزگاری لە ماڵ وسامان و کەلوپەلی ناو ماڵ و, چاودێری منداڵەکانی بکات, خوای گەورە دەفەرموێ :فالصالحات قانتات حافضات للغیب بما حفض الله..,پێویستە لەسەر ئافرەتی مێرددار خۆی بۆ مێردەکەی جوان بکات و ڕوو بەخەندەو قسە خۆش بێت و گرژنەبێت وببێتە مایەی حەساندنەوەی مێردەکەی و زمان درێژی لەسەرنەکات.., پێویستە لەسەر ئافرەتی مێرددار هەر کاتێک مێردەکەی داوای سەر جێی (جووت بوون) ی لێ کرد , یەکسەر بەدەم داواکەیەوە بچێت و سەرپێچی نەکات...)[2] بەهەمان شێوە لە ئاینەکانیتری وەک مەسیحیەت وجوولەکەو تەنانەت ئاینە نائاسمانییەکان وەک یەزیدیەت و صابیئەو کاکەیی و...هێما بۆئەم تایبەتمەندی و پاداشت و سزا ڕەگەزیانە کراوە کە هەر یەک لەسەر بنەچەو بیروباوەڕی خۆی پەیڕەوکەرانی پێ گۆشکردووەو پەروەردەکراون.ئەم مافانە لە ڕێگای ئاینەوە شەرعیەتی یاساییان لە دەوڵەت وەرگرتووەو جگە لە هەندێ مافی دەستووریانەی نێو دەسەڵاتەکانی یاسا دانان و ماف و تابۆکانی بڕیار لەسەر دراولە لایەن کۆنگرەو پەیماننامە جیهانییەکان, جا بۆ قسەکردنمان لەسەر ئەم خاڵ وبەندە گشتی و واژۆکراوە نێودەوڵەتییانە چاوێک دەخشێنین بە لاپەڕەکانی ئەم کۆبڕیارە ناسراوو قبوڵکراوانە لای وڵاتانی ئەندام , بەڵام بەر لەبەبەرچاوخستنی هەر بەندێک پێویستە ئەم ڕاستییە بزانین لە ناو بڕیکردن بۆ مافە ڕەگەزییە بایۆلۆجییەکان هەمیشە ژن دەبێتە بەرەی ماف خوراوو پیاو دەبێتە ڕەمزی پێشێلکردنی ئەم مافانەی کە ژن ڕەوایە هەیبێت, ئەگەرچی پیاویش پەیوەندداره بەوەی لەلایەن ژنەوە شەرەف و ماڵ و کەسایەتی و نهێنی باری ئابووری بپارێزرێت لە چواررچێوەی خێزاندا, جا بۆیە کاتێک باس لە هاوتایی ڕەگەزی نێوان "ژن و پیاو" دەکرێت تای تەرازوو بەلای پیاودا دەشکێنرێتەوەو, هەر لەم تایەشەوە بەهای ئەرک و مافەکانی پیاو دەخەملێنرێت.

لەرێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٩ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکاندا چەند بنەمایەک بۆ هەڵاوێرکردنی جیاکاری دژی ئافرەت دانراوە لەوانە لەسەر بنەمای : ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و مافە مەدەنی وکەسییەکان گرینگی پێدراوە, لە هەمان کاتیشدا یەکسانی ڕەگەزی نێوان " نێرومێ" هێڵی سەرەکی ڕێککەوتننامەکەیە( پێشەکی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان جەختی سەر لەنوێ باوەڕ کردن بەمافەبنچینەیەکانی مرۆڤ, شکۆو بەهای مرۆڤ و ماف یەکسانی پیاوو ژن وەک ئامانجێکی بنچینەیی

١- نەوامحمدسعید-مافەکانی ژن ومێرد لە ئیسلامدا- چ٢-چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر-٢٠٠٦-ل١٩-٦
٢- هـ -س.پ —ل٢٢-٣١

دیاریدەکات)[1] هەروەها زۆر بەڕوونی کاریگەری نێگەتیڤانەی جیاکاری ڕەگەزی بە پشت بەستن بە داب ونەریت یان کلتووری نەگۆڕ بۆ سەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی دەرخراوەو, داواش دەکرێت لە وڵاتانی ئەندام کە دژی هەرجۆرە پابەندبوونێک بن, وا لە خوارەوە هەندێ لەم ماددانەی لە ژێر ناونیشانە گشتییەکاندا ڕاگەیەندراوە بە پێی پێویست دەخەمە بەر چاو. (ماددەی -١١-بە ئاشکرا دەڵێت, پێویستە ئافرەتان ئەو مافە بنچینەییەی مرۆڤیان هەبێ, کە مافی کارکردنە..,ماددەی -٦-دەوڵەتە لایەنەکان هەموو کارسازییەکی گونجاو دەکەن, بە یاسییەکانیشەوە بۆ بنبڕکردنی هەموو شێوەکانی بازرگانیکردن بەژنەوەو,بەکارهێنانی لەشفرۆشی ئافرەت,ماددەی -٥-گۆڕینی ڕەوتە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی ڕەفتاری پیاوو ژن, بە ئامانجی بنەبڕکردنی لایەنگری و خوە نەریتیەکان و هەموو ڕەفتارکردنەکانیتر کە لەسەر ئەم باوەڕە دامەزراون کە یەکێک لەو دوو ڕەگەزە نزمتر یان بەرزترە لەویتر بڕگە -١-ی ماددە -١٢- داوا لە دەوڵەتە لایەنەکان دەکات کە یەکسانی نێوان ژن وپیاو لە دەستکەوتنی چاودێری تەندروستیدا دەستەبەربکەن —ماددەی -١٥-بڕگەی -١-دەوڵەتە لایەنەکان دان بەوە دادەنێن کە پیاوو ژن لە بەردەم یاسادا یەکسانن, ماددەی -١٦-پیاووژن هەمان مافی ئازادی و هەڵبژاردنی هاوسەریان هەیە)[2]، جگە لەوەش هەر لەجاڕنامەی بەندەکانی مافی مرۆڤدا لەماددەی -٢٤- هاتووە کە"هەمووکەس بە ئازادی لەدایک دەبێت بەبێ جیاوازی ڕەگەزو توخم وبیروڕاو ئاین"[(٣)] بمانەوێ ونەمانەوێ لێرەو لە وێ دەنگی ناڕەزاییەکان لە هەردوو ڕەگەز هەر بەرگوێ دەکەوێ, وە زۆر ئەستەمە لەهیچ شوێنێکدا پڕاوپڕ بە پێستی خۆی چ بەپێودانگی ئاین چ بەپێودانگی یاسا ماف و ئازادیەکان دەستەبەربکرێن,بەرامبەر بەمەش قەدەغەکارییەکان ببڕاو ببڕ نابنە ڕێگر لەبەردەم توندوتیژی و سەرکێشییەکان, لەڕاستیدا ئەگەر هیچ پاساوێک نەخەینە بەردەم وەک یەک ڕاگرتنی داواکاری و ویست و ئاروزووەکان دەبێت تاکە کەس بەهەند وەربگیرێت و ڕەگەز نەکرێتە بناغەی دابەشبوون . بێگومان ئەمەش لەکۆمەڵگایەکدا دێتەدی کە دیموکراسییەت و مەدەنییەت دایەنگەی پەروەردەیی و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە جڤاکی و سیاسی و ئابوورییەکان بێت, ڕۆژئاوا بە تێپەڕبوون بەشکست و پەند وەرگرتن لە کارەساتە مرۆییە کۆمەڵایەتی وڕەگەزییەکان, هەنگاوی باشیان بەرەو ڕیشەکێشکردن و جیاکردنەوەی هەندێ لە ماف و ئەرکە دیاریکراوەکان هەڵێناو بە دروشمی دوورخستنەوەی ئاین لە دەسەڵات و نەبەستنەوەی چارەنووسی مرۆڤایەتی بە عەقڵیەتی کۆن وداسەپاو هاتنە پێشەوە, هەروەها بۆئەوەی بەهەڵە لەو ئاڕاستە مۆدێرنە تێنەگەین پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگرین کە (مافی یەکسانی ئەوەیە کە ئەوەی خواست و ویست و ئارەزووی هەر لایە لە نێرومێ ئەگەر بۆ لایێکیان دروست و ڕەوابێ بۆ لاکەی تریش دروست و ڕەوا بێ بەبێ ڕەچاوکردنی مێیایەتی یان نێرایەتی ئەمەیە مافی مرۆڤایەتی و ئینسانی ئەگەر خۆمان نەخەڵەتێنین وڕێڕەوێکی تایبەتی گرتووەو تێڕوانینێکی تایبەتی هەیە)[4]

١- ناوەندیمافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان -مافەکانی مرۆڤ- جیاکاری دژی ژن- چاپخانەی نازە هەولێر-٢٠٠٠-ل[٣]

٢- هـ - س- پ -ل[٩-٣٧]

٣- لەلایەن چەندلێکۆڵەرێکی یاساییەوەنووسراوە-ئازادییە گشتییەکان و دیموکراسی -چ١-چاپخانەی بینایی -سلێمانی -٢٠٠٥-ل[١٠٠]

٤- عەبدولخالق مەعروف- ئادەمیزاد لەکۆمەڵی کوردەواریدا- ڕۆڤار-ژ-١٧٠-١٩٩٩-ل[٥]

بەدیوێکیتردا دەتوانین بڵێین تا ئافرەت ئازاد نەبێت پیاویش ئازاد نابێت,و کۆمەڵگاش یەخسیرو دەستەمۆی بەندو باوەکان دەبێت. خێزان ئەم قوتابخانە بەهادارەیە کە بێشکەی پەروەردەی مرۆڤایەتییەو ڕێزگرتن و خۆشەویستی و هەستکردن بەئەرک و مافەکان هەر لەوێوە دەست پێ دەکەن, بۆیە لە دەسپێکدا بۆخۆناسین و یەکترناسینی هەردوو ڕەگەز دەبێت کار لەسەر خێزانی تەندروست و بەختەوەر بکرێت.

**٦- ماف وتابۆی فیکری ورۆشنبیری و ئەدەبی و ڕاگەیاندکاری:**

پێگەیشتنی فیکری بریتییە لەخاڵی وەرچەرخانی ئادەمیزاد لە زانینی بابەتییانەوە بەرەو زانینی فراوان وگشتگیر,یاخود پەرە پێدانی توانا ناوەکییەکان بۆ درک پێ کردن لەسەر ئاستێکی باڵادا. ئەم دۆخەش پەیوەستە بە قۆناغبەندییەوە واتە ڕیتمی بەرەو پێشەوە چوونی فیکری لە دوو کاتدا هاو ئاهەنگ نییەو, گۆڕانی بەردەوامی بەسەردادێت. ڕۆشنبیر لەوساتەدالەدایک دەبێت کە ناچێتە ژێرباری وەرگرتنە سواوەکان, بەڵکو قەڵغانێک بەدەوری بیروباوەڕی نوێخوازو جیهانییانەی خۆیدا دروستدەکات و,دەرگای هەناسەدان بۆ بەخشین ووەرگرتنی زانیارییەکان دەخاتە سەر پشت, ئەدیب و بەرهەمی ئەدەبیش زادەی ڕۆشنبیری و گەشەی فیکری تاکەکانە, جێگای سەرسوڕمان نابێت ئەگەر ئەدەب یان ڕۆشنبیر وەک هەموو یەکە پێکهێنەرەکانی تری ڕەوتی ژیان ماف و تابۆی بخریتە سەر یان بەرەو ئاڕاستەیەکی سیاسی ئایدۆلۆژی ببرێت و مەیدانی هزرو قەڵەمڕەوی بۆ دیاریبکرێت.

هەر لەکۆنەوە تائێستا نووسەران دابەشبوون بەسەر نووسەری سەربەخۆو نووسەری لایەنگری پارتێک یان کارتێکراو بە فەلسەفەیەکی فیکری دیار, ئەوەی من گەرەکمە خوێندنەوەی بۆ بکەم نووسەرو ڕۆشنبیری ئازادیخوازە, هەروەها بینینی ڕای گشتی جیهانییە بۆ داکۆکیکردن لەکاری ئەدەبی و نووسین وڕاگەیاندن, بۆ نموونەلە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤدا ئەم خاڵانە بەدی دەکەین( ماددەی-٢٧-ی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ - مافی بەشداریکردنی ئازادانە لەژیانی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەداو چێژوەرگرتن لە هونەرەکان و بەشداریکردن لە پێشکەوتنی زانستی و ئەو سوودانەی لێیان دەکەونەوە)[١] وە مافی دەربڕین و دەنگدان و لێدوان ونووسینە سەربەست و تابەتییەکانی هەر مرۆڤێک دەبێت پارێزراوبێت ,هەر نەتەوەو ئاینێک بۆی هەیە گوزارشت لە چەمک و شوناسی نەتەوەیی و مەزهەبی خۆی بکات بێ ئەوەی بە ناوی هیچ شتێک ڕێگریان لێبکرێت بەڵام کاتێک ڕۆشنبیر قەڵەمی خۆی دەخاتە ژێر ڕکێفی هێزێکی باڵادەستی سەروو, ئەوا دوورو نزیک ئەم ماف و ئازادییانە لە خۆی دادەماڵێت کە نووسەر یان ئەدیبێکی بێلایەن دەگرێتەوە, لەم حاڵەتەشدا ئەم جۆرە ڕۆشنبیرە دەبێتە بەکارهێنراو نەک بەکاربەر, لێرەشدا مەبەستم لە بەکارهێنراو ئەوەیە کە فیکرێکی فەلسەفی یان سیاسی بە ئارەزوو بەرژەوەندی خۆیەوە فەرمان بەسەر جووڵەی هزری ئەم قەڵەم بەدەستە دەدات, هیچ مەودایەک نامێنێتەوە بۆ خودو وەرگێڕانی واقیعی دەوروبەر بە ڕاستی و ناڕاستیەکانییەوە.(ئایدۆلۆژی بەو مانا میکانیکیە وشکە وەک هاو واتایەکی بێ گیانی ڕێبازگەیەکی لێ دێت تیایدا هەموو فۆرمیولەکانی هۆشی

---

١- لەلایەن چەند لێکۆلیارێکی یاسلییەوە نووسراوە -دادپەروەری ومافی مرۆڤ لە سەردەمی جیهانگیریدا - ل[٢٤٣]

ڕاستەقینەی مرۆڤ تێکەڵ بە هۆشێکی ڕووکەشی خۆنەگرو ناجێگیری لێ دێت, ئەوەندەی نووسین و بەرهەمەکان لە ڕاژەی کێشەو مەسەلە ڕاستەقینەکانی مرۆڤدا دەبن, دەها ئەوەندە دەکەونە ناو ڕاژەی ئەو بازنە تەسکەی بۆیان دروستکراوەو تیایدا بواری سەردەرهێنان و هەناسە وەرگرتنیان نابێت)[1] کەواتە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی ئەدیب یا کارمەندی ئەدەبی لە بۆتەنراو هەمیشە لەپشت پەردەی بەرهەم و وتارو پەرەگرافەکانییەوە تارمایی تابۆکاری هەڵدەگرێت, یان بەمانایەکیتر خۆی دەبێت بە کەسایەتییەکی تابۆ بەخش و پارێزەربۆ دەستەو تاقمێکی ناسراو, لەمێژووی فەلسەفەو فیکرو ئەدەبیتی جیهاندا پابەندبوون بۆتە سیفەتێکی بەرچاو بە جۆرێک زۆربەمان ئاشنای کەسایەتییە دیارەکانی سەر بە ئایدۆلۆژیا جیاوازەکانی دوێنێ و ئەمڕۆین."مارکس"( لە کتێبی "فەقری فەلسەفە"دا لە ساڵی ١٨٤٨ نووسی: هەر ئەو کەسانەی کە بە پێی دەسەڵاتی ماددیان پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن, هەر بەو جۆرەش مەسەلەی ڕۆشنبیری لەسەر ئەو بنەمایە پێکدێنن)[2] لەم وتەیەی مارکسدا زۆر بەڕوونی ڕۆشنبیرو چینی سەرمایەدار هاوتەریبن, یان بە بڕوای ئەم فەیلەسوفە مادده هەوێنی گەشەو پێکهاتنی ڕۆشنبیرە, منیش بۆ تیشک خستنە سەر ئەم بیرۆکەیە دەڵێم ئەگەر لە کۆمەڵگایەکی چینایەتیدا ڕۆشنبیر ئیرادەو تواناکانی خۆی خستە ژێر پێی هەڵپەرستان و لەپێناو بەرژەوەندییەکی ماددیدا کەسایەتی خۆی تواندەوە, ئەوا بەبڕوای من هیچ بەهایەکی مرۆیی و زانستی نامێنێت, ئەگەرچی ئەوەی مارکس باسیدەکات تایبەتە بە قۆناغێک بەڵام لە ئێستاشدا بەرامبەر بەوە ئاڕاستەیەکی سیاسی و ماددی لە پشت زۆربەی ڕۆشنبیران دەبینرێت.ڕاگەیاندن وەک تەکنەلۆژیای سەردەم بە هەموو لقەکانییەوە,گۆڕەپانی مەشق و کاری ڕۆشنبیرو خاوەن فیکرو هونەرمەندانە.

ئازادی ڕاگەیاندن بڕبڕەی پشتی بەدیهێنانی دیموکراسییەلە ڕووی بابەتی فیکری و ئەدەبی و دەربڕینی زمانی و ڕەشکردنی پەڕاوی گۆڤارو ڕۆژنامەکان. بەڵام ڕاگەیاندنی حیزبی و زمانحاڵی لایەن و پارتەکان, ڕۆشنبیرانی سەر بە ناوەندی سیاسی لەخۆکۆدەکاتەوە.کە بەردەوام هەوڵی پاوانخوازی دەدەن بە ناوی پڕاکتیزە کردنی مافەمەدەنی و کۆمەڵایەتی وئابووریەکان. هەربۆیە ئەم جۆرە ڕاگەیاندنانە بەرهەمهێنەری ڕۆشنبیری نا ئازادو نادیموکراسی دەبن. بەنەخشەسازی فریودان و سنووربەندکردنی جیاوازی بیرو ڕاکان دادەنرێن چونکە(ڕاگەیاندنی ئازاد ئەو ڕاگەیاندنەیە کە فەزایەک بۆ ئازادی ڕادەربڕین فەراهەم دەکات, ئەو ڕاگەیاندنەیە کە فەزایەک بۆ هاوسەنگی دەپارێزێ و بە یەک دووری لەگشت بیرو باوەڕە جیاوازەکان و دەستەو گروپ و تاقمە سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتییەکان دەوەستێ, ڕاگەیاندنی ئازاد خۆی لە سەنگەر نانێ و هیچ جۆرە شەڕێک "جگە لە شەڕی پاراستنی ئازادی" بە ڕەوا نازانێ, نە بۆخۆی نە بۆ هیچ لایەنێکی بە ڕەوا دەزانێ)[3] لەپەیوەندی ڕاستەوخۆیانەی نێوان ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیردا ئەو ڕاستییە لەبەرچاومان گەڵاڵە دەبێت

١- ئەکرەم قەرەداغی -پابەندبوون لە ئەدەبدا -ئاینده -ژ٦٩ -٢٠٠٦ —ل٢٣

٢ - عەلی ئەکبەر مەجیدی -جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت و چاکسازی لە یاسادا -کەوانە —ژ-٣-٢٠١١-ل١٥١-١٥٢

٣- کەیهان یوسفی -ڕاگەیاندنی ئازاد -تیشک —ژ-٢٧-١٣٨٩ —ل٣٥

که ئایا به پانتایی ئەم زەمینه یان لەهەر کونجێکی دنیادا لەکوێ دەزگای ڕاگەیاندن وناوەندە ڕۆشنبیریەکان هەبن چ پاڵنەرێک وادەکات بە حیزبی بکرێن یا ئەوەتا لە بەرەی جەماوەرو چەوساوەکاندا کاربکەن؟ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەمان دەبێت چاوبگێڕین بە فەرهەنگی مێژویی و کلتووری و سیاسی کیشوەرو وڵاتانی جیهانداو ئاگاداری چۆنیەتی و جۆرایەتی ڕەوشی فەرمانڕەوایی و ئاستی وشیاری تاکەکانیان بین, هەروەها ئەم دیوارە بەرزە سیاسیانەی وەک فۆبیا لەنێوان کۆمەڵگاو دەسەڵات دروستکراون ڕوویەکی تری ئەم مەسەلەیەیە, بەڵام لەبەرئەوەی بیرمەندان و ڕۆشنبیران هەموو ئان و زەمانێک وەک هێزێکی کاریگەر بەسەر ویژدانی زیندووی مرۆڤایەتییەوە ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیوە لە جموجۆڵە کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و یاساییەکان, هەر ئەمەشە وای لە سەرکردەکان کردووە بە بایەخەوە لێیان بڕوانن و هەوڵی ڕاکێشانیان بدەن بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان و نەخشەسازی بکەن بۆ شێواندنی خەیاڵدان و دیدگای ڕاستەقینەیان.(هەندێک پێیان وایە قەیرانی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵات گرفتێکی ڕۆژهەڵاتیەو پەیوەستە بە ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی ڕۆژهەڵاتییەوە, سەرچاوەی سەرەکی ئەم قەیرانەش لە ڕەوشی دواکەوتووی ئەم ناوچەیەوە ڕێچکەی گرتووە, چونکە لە کرۆکیدا ئەم کێشەیە لە ئاکامی بوونی خەلەلێک لە پەیوەندی نێوان تاک ودەسەڵاتەوە دروست دەبێت,واتە ڕۆڵی ڕۆشنبیرلەم وڵاتانە لە مەسەلەی ڕۆشنبیری ئەبستراکت تێپەڕدەبێت ودەبێتە قەزیەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی,ڕەنگە ئەم تێڕوانینە لەم سۆنگەوە ڕاست بێت, کە ڕۆشنبیران و بیرمەندانی ڕۆژئاوایی لە مێژووی هزری سیاسی خۆیاندا شوێن دەستیان بەرووونی دیارە, بیرمەندە مەزنەکانی وەک ڕۆسۆ,مۆنتیسکۆ فۆلتێر,ودلامبیر,ودیورو ..هتدبەتێڕوانین و هزریان لەمەڕ ئازادی,یەکسانی, عەدالەت, مافی مرۆڤ, هاوڵاتیبوون, یاساودەستوور,دیموکراسی, جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتی حوکمڕانی,ڕێگا خۆشکەربوون بۆ شۆڕش و گۆڕان)[1]کاتێک ڕۆشنبیران درک بە چەوسانەوەو سەپاندن و نادادی دەکەن ناچار دەبن لەڕێگەی دەربڕین ونوسینەکانیانەوە کۆشش بکەن بۆ گەڕاندنەوەی مافەکانیان بەڵام زۆرجار چینی سەرووی خاوەن بەرژەوەندی تایبەت دەکەونە پاکتاوکردن و ڕاوەدوونان و گرتن و سوکایەتی کردن بە ئاوەزمەندانی ئازادی بیروڕاو پڕوپاگەندەی بێ بنەمای وەک خیانەتکارو گێرە شێوێن یا دەرچوو لە بەها بە پیرۆزکراوەکانیان بۆ هەڵدەبەستن, ئەم جۆرە ستەمکارییە نادیموکراتییانە ڕەنگدانەوەو کاردانەوەی خراپ بەدوای خۆیدا دەهێنێت, ڕای گشتی وجەماوەر دێنێتە دەنگ چونکە هەر لەکۆنەوە لەوەتەی ململانێی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ, مرۆڤ و دەسەڵات, نەتەوەو نەتەوە,..هەیە فیکر قوفڵ نادرێت ئەگەر هەرچی چەک و هێزی لەناوبەرانەشە بۆ لەناوبردنی یەکتر بەکاربێت. کەواتە بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتی هەموو دنیا لەوە تێدەگات کە دانانی یاسایەک کە گشت پێکهاتەو لایەن و بیروڕاکان لەخۆبگرێت باشترین چارەسەرە تا توندو تیژی و ناهاوسەنگی لە هیچ کاتێک هەستی پێ نەکرێت(توندوتیژی دەوەستێتە سەرئەوەی کاتێک ملکەچدەکەن بۆ بەهاو ئامانجی تایبەت بەکەس یاکەسانێک,وە بەمانای گشتی دەگەڕێتەوە بۆ دامرکاندنەوەی هەوڵدان بۆ هاوتایی و بەرامبەر

---

١- عەلی ئەکبەرڕەجیدی -جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت وچاکسازی لە یاسادا- ل١٢٩

یەکی کەس یا کەسانیتر, وەلە حاڵەتی ڕوودانی توندوتیژی بەرچاویا بەیەکداچوون و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ناچارمان دەکات کە بپرسین چین ئەم کۆمەڵە بەهایانە,وە چیە ئەم سیستەمە ڕۆشنبیرییەی دەناڵێنێ لەبەر دامرکاندنەوەو بێ دەنگکردن بە درێژایی ئەم ماوەیە, تاچالاکی و ڕێگای گوزارشت لەخۆ کردن تەنها شۆڕش نەبێت)[1]هەموو چالاکوانێکی سیاسی یامەدەنی لە بواری هزریداخۆی بە ڕۆشنبیر دەزانێت بەلام لە ڕاستیدا ڕۆشنبیر هەڵگری سومبڵ وئالایەکە کەئەرکی بەرپرسیاریەتی لە هەموو لایەک زیاتر دەکەوێتە ئەستۆ,ئەوەی مایەی سەرنجە لەدابەشبوونی کارسازانی دەربڕین و نووسیندا شەڕی ئایدۆلۆژیایە نەک شەڕی ژیاندۆستی و ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە ژێر هەوری ڕەشی بێدادی و کۆت وبەندەکان. هیچ کادیرێکی خاوەن قەڵەم بە بارتەقای ڕاستەقینە لە ڕاستییەکان نادوێت تەنانەت ئەگەر هۆکاری کەسی و تایبەتیشی لە پشتەوەبێت,دواجار شێواندن بە ناوەرۆکی بابەتەکانیانەوە هەر دیارە, بەلام ئەوەی مەبەستمە پەنجەی بخەمەسەر ئەوەیە کە مێژوو سەلماندوویەتی کەسایەتی تێگەیشتوو وەک چاوساغێک پشتی پێ بەستراوە بۆ چارەسەری کێشەو گیروگرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان, وە هەمیشە پرسیان پێکراوەو بڕیارەکانیان بەچاوی ڕێزەوە حیسابی بۆکراوە, لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین ئەرک و مافە هەرە گرینگ وپێویستیەکانی ڕۆشنبیران دیاریبکەین.

هەروەها هێزە سیاسییەکانیش بەوە ئاشنا بکەین کە بە تابۆکردنی هەندێ لەم لێدوان و پەرەگرافانەی پێچەوانەی کاری سیاسی ئەوانن, هەڵگەڕانەوەو بەدەستەمۆکردنی ئازادی بیروڕاو بەکارهێنانی ڕۆشنبیری کۆیلەی ئەڵقە لە گوێی لێدەکەوێتەوە, کەجگە لە زیان هیچ سوودێکیان بۆ پێشکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی نابێت.(ڕۆشنبیر ئەوەیەکە بە ئەدەبیاتی سەردەمەوە پابەند بێت وپاساکانی مێژوو سروشتی واقیع بزانی, دەستێکی لە دەستی دەسەلات ودەستێکی لە دەستی گەل بێت, بۆ ئەوەی لە یەکدیان نزیک بکاتەوەو دژایەتی نێوانیان بە ئاشتەوایی بگۆڕێ و, ئەو جیاوازیەی نێوانیان کەلەسەر دەسەلات هەیانە بیگۆڕێ و لە نێوان خۆیاندا ڕێکیانبخات)[2]هەروەک پێشتر ئاماژەمدا خوێنەران یا چینی ئاگامەندو زانست پەروەرو ئەدیبان لە هەر چاخێکی زەمەنیدا "نووکی ڕمن لەگشت شۆڕش و ڕاپەڕینێکدا"وەکاروانی بەرەو پێشکەوتن وگۆڕانکاری وریفۆرمە واقیعیەکان لەسەر دەستی ئەواندا دێتە دی و هەردەم وەک بزاوت و داینەمۆی داماڵینی پەردە لەسەرگەندەڵی و بڕین وستەمکاری دەناسرێن. ئەگەر لە هەر نەتەوەیەکدا گەنجان لە خەمی خۆ ڕۆشنبیرکردن وخۆ پێگەیاندن نەبن ناتوانن لە چاوی سووری بەرپرسان دەربازیانبێت و پاوانکاریەکانییان بشکێنن, هەروەک دەزانین لە مێژە وتراوە "ماف دەسەنرێت,نادرێت"هەروەها ئەمرۆ دان بەوە دانراوە ئەوەی بە تێکۆشینی هزری و خەباتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری دەکرێت, هیچی کەمتر نابێت لە خەباتی چەکداری , بگرە لەوانەیە زۆرجار وشیاربوونی تاکەکان بەکۆدەنگی بتوانێت تەخت وتاراجی زۆرداری لەبنڕا هەڵکەنێت و بەربەستە ئاسنینەکانی بەردەم ئازادیش

١- فريق من ألأختصاصين- ألمجتمع وألعنف -ص٨٦

٢- بەهرام محەمەد(کاکل)-ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی مەدەنی- سلێمانی- چ١ –چاپخانەی بینایی- سلێمانی-٢٠٠٦ -ل٦٢

ڕامالێت(گومـانیش لەوە دانییە کە یەکێک لەو پێداویست و ئەرکـانەی دەکەونە ئەسـتۆی هزرمەنـدو ڕۆشـنبیران بریتییەلەلادانی دەمامکی ئاینی ونەتەوەیی لەسەر ڕووی حوکمڕانە زۆردارەکان, ئەمەش بەبەدیارخستنی بەرنـامە سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی ئەم حوکمڕانـانەو هەلوێستیان بەرامبەر ڕێزگرتنـی مافەکـانی مـرۆڤ وئـازادی و دیموکراسـی,هەروەهابە بەدیارخسـتنی ڕووی ڕاسـتەقینەیان و,دوورخسـتنەوەی ئەو نەفـام و گەوجە ڕۆشنبیرانەی لە دەوریـان کۆبـوونەتەوە.)[1] ڕۆشـنبیر بەر لە هەر شت پێویسـتە ئاگـایی هەبێت بەرامـبەر مـافە چارەنووسسـازەکانی خـۆی وە لەژێـر سـایەی ئەم مافانەشەوە بـڕوانێتە کەسـانیترو, چـی بۆخـۆی بەڕەوا ببینێـت دەبێت بـۆ بەرامبەریش پێی ڕەوابێت,کاتێک ڕۆشنبیر هەوڵی کردنەوەی دەرگـا داخراوەکـان دەدات, پێویسـتی بە وریـایی و ئاگـاییەکی زۆر هەیە لەوەی کەمـافی کەسـانیتر نەبەزێنێـت لەڕووی دەروونـی و ئـاینی و مەسـەلە تابۆییەکـان تـادەگـاتە لایەنـی سێکسـی و سیاسـی و ..هتـد بە ڕەچـاوکردنی برینـدارنەکردنی هەسـتەکان ,واتەئـازادییەکەی تـائەو ئاستە بێت کە ئـازادی خەلـک نەخـاتە ژێـر تـانەو تەشەر, هەر بەم ڕەنگەش لەسەر هەمـان تێگەیشتن ولێکدانەوە ولاتـانی ئەنـدام لە بەیـاساکردنی پرۆگرامی کـاری ڕۆژنـامەوانی یـان ڕاگەیانـدن بەڕوونی هەر جۆرە قەدەغەکارییەک لەسەر مەودای بیروڕای تاکەکەسی و چالاکی مەدەنییانە ڕەت دەکەنەوە.

بـۆئەوەی زیـاتر باسـەکەمان دەولەمەنـدکەین لەم ڕووەوە پشـت دەبەسـتین بە بەنـدەکانی مـافی مـرۆڤ وئەم دەقانەی وشەکانیان پەیوەستە بە ڕێزگرتن لە ئـازادی ڕادەربـڕین و سەروەری یاسـا(لەبەندی-١٩-ی ڕاگەیـاندنی مافی مرۆڤی سالی ١٩٤٨ هاتووە:هەموو کەسێک مافی ئازادی بیـرو ڕاو ڕادەربـڕینی هەیە,ئەم مـافەش هەلگرتنـی بیروڕا بەبێ خۆتێکەلکردنی کەسێکی دیکەو وەرگرتنی هەوال و بیرو بـاوەڕو بلاوکردنەوەیـان بە هەر شێوەیەک و بە بـێ خۆبەسـتنەوە بە سـنووری جـوگرافی دەگـرێتەوە)[2]هەروەهـا هەمـدیس بەرامـبەر بەوە ڕێگە لە شۆڕشـوانانی بواری چاپەمەنی و نووسینی سەربەخۆ دەگیرێت لەوەی کە ئەم مـافە وەک هەلێک نەقـۆزنەوە بـۆ سوکایەتیکردن بە پیرۆزی وشەرەفمەندی بیرو باوەڕو ڕێبازی ئەوانەی کە ناکۆکن لەگەلیان, چونکە ئەمە هەر خـۆی لە خۆیـدا دەبێـتە هـۆی ڤێزەونکردنـی ئەم سەربەسـتییەی کە بڕیـاری لەسـەردراوە بـۆیە هەر لە نێـوان ئەم بەنـدانەدا( لەبەنـدی-١١-ی ڕاگەیـاندنی مـافی مرۆڤ و هاونیشتیمانانی فەرەنسـای سـالی ١٧٨٩ هاتووە:ئـازادی بیـرو بـاوەڕ یەکێکە لە مـافە بە نرخەکـانی مـرۆڤ. کەوابـوو هەمـووکەس مـافی هەیە بە ئـازادی هەرچـیەک بـیەوێ بیلـێ وبینووسێ و بەچـاپی بگەیەنـێ, بە مەرجێـک کەلکـی خـراپ لەو ئـازادییە وەرنەگـرێ, لەو حـالەدا ئەوکەسـە بەرپرسە بەرامبەر بە یاسـا لە بەکارهێنـانی ئەو ئـازادییەدا)[3] دەزگـای چـاودێری و وەزارەتـی ڕۆشنبیری یەکێکە لەم ناوەنـدە دەسـەلاتدارییەی کە دەبێت ئەرکێکی دوو لایەنە وەربگرێت سـەبارەت بە زامنکردنـی "مـاف و تـابۆی هـزری و ڕۆشـنبیری و ئەدەبـی" بەوەی ڕێگە نەدەن دەست تێـوەردان وبە لاڕێـدابردن نووسەران و ئەدیبـان قـۆرخ

١- هـ -س- پ -ل[82]

٢- س ەردارعەزیزخۆشناو-نووسەر لەنێوان ئازادی ڕادەربڕین وپابەنـدبوون بەیاسادا-چاپخـانەی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر - ١٩٩٩-ل[8]

٣- هـ -س -پ -ل[8]

بکات, هەروەها ئاسۆی ئازادییەکانیان بە ڕەهایی پێ ببەخشێت, لە لایەکیتریشەوە نووسەران شارەزابکات لە چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن لەم بڵندگۆیانەی دەنگ و سەدای بۆچوونەکانیانی پێ بڵاو دەکەنەوە, وە لە هەرێم و جوگرافیای نەتەوەیی یاسایی جیاواز ئەم ئەرکە بە پێی ئەم دەسەڵاتە دەگۆڕێت کە حکومەت و پەرلەمان دەیخەنە بەردەم وەزارەت وڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراتی,وە لەحاڵەتی نەگونجان یان قبوڵنەکردنی ئەم یاسایانە لەلایەن گەلەوە دەکرێت بە کۆدەنگی لە ڕێگای دەستووری ناوەخۆوە گۆڕانکاری بکرێت لە شێوازی پەیڕەوکردن بە مەرجێک دادوەری کردن بە هیچ لایەکدا لاسەنگ نەبێت و مافی کەس نەخورێت و وەلاوە نەنرێت.(یاسا مافی ئازادی ڕادەربڕینی زامنکردووە,لەهەمان کاتدا بێدادی"تعسف" لەبەکارهێنانی ئەو مافەی دژی کەسانیدیکەو بەرژەوەندی گشتی و هتد قەدەغەکردووە,لەم ڕوانگەوە چەمکی ئازادی و بەرپرسیاریەتی تەواوکەری یەکترن لەم بارەوە یاسا هاوسەنگی لە نێوان مافی نووسەر لە ئازادی ڕادەربڕین و بێدادی نەکردن لەبەکارهێنانی ئەم مافەی پاراستووە,کاریگەری کات و شوێن لەسەر ئەو دەربڕینانەی بڵاودەکرێنەوەو بە بێدادی دادەنرێن بەڵگە نەویستە, بەرچاوترین پاساوی قەدەغەکردنی بێدادی لە بەکارهێنانی ئازادی ڕادەربڕین پاراستنی مافی هاوڵاتییان و سیستەم و تەندروستی گشتی و ڕەوشتە)[1]

لەئەنجامی هەموو ئەمانەی باسکران لەسەر ئەرک و ماف و ئازادییەکانی کاری ئەدەبی و ڕۆشنبیرو هزرمەندو نووسەران دەگەینە ئەوەی کە بڵێین کەسایەتی ئەم جۆرە مرۆڤە دەبێت کۆمەڵێک تایبەتمەندی و جیاکاری لەخۆبگرێت و, دووربێت لەهەر پەڵەیەکی ئەخلاقی وسازش لەسەر بەرژەوەندییە مرۆڤایەتییە ڕاستەقینەکان نەکات لە پێناو هیچ دەستکەوتێکی ماددی یان حیزبی, ئەدیب یا ڕۆشنبیر بە هۆی بڵاوکراوەو بەرهەمەکانییەوە مایەی سەرنجڕاکێشانی جەماوەرە, وە سەنگ و کاریگەری و هەڵسەنگاندنی بە گوێرەی پاکی و ڕاستگۆیی و کارامەیی بۆ دەکرێت لە پیشەکەیدا, بۆیە لایەنگری لەلایەن جەماوەرەوە یان پشتگیریکردنی لە لایەن خەڵکەوە هاندەر دەبێت بۆ پێشوەچوون و کاری باشتر. بەڵام خۆڵکردنە چاوی خەڵک و لە ژێر سێبەری میدیای لایەنێک مافدان بە ئازادی بە ناڕەوا بزانێت یان تابۆکاری بخاتە بەردەم ئەم ڕەهەندە چارەنووسسازانەی پەیوەندیان بە ژیان و مرۆڤایەتییەوە هەیە, دەکەوێتە بەردەم سزای گەل و بە چاوێکی کەم نرخ سەیری دەکرێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە لەم حاڵەتەدا ڕۆشنبیر خۆی مافەکانی لێ زەوتکراوەو, کەوتۆتە نێو چاڵی ئایدۆلۆژیایەکی تەسک کە بەردەوام زوومی چاودێریکردن کەوتۆتە سەر وشەکانی بە شێوەیەک وەک بەکاربەرێک یان وەک قەڵەمێکی جێبەجێکار خوێندنەوە بۆ واقیع دەکات بێگومان هەر وڵاتێکی خاوەن سیستەمی ڕادیکاڵی بێبەرییە لەم جۆرە کەسانەو بواری مانەوەیان بۆ نارەخسێنێت. هەروەها ئەم سیما کەسییانەی بۆ ڕۆشنبیرو ئەدیب یانووسەر خرانە بەرباسەکەمان لە سیفەت و ڕۆڵ و ئەرک و ماف, ڕۆژنامە نووسان و ڕاگەیاندکارانیش دەگرێتەوە, چونکە بواری ڕۆژنامەوانی و کاری ڕاگەیاندن لەگەڵ ڕۆشنبیرو بواری ئەدەبی وەک و دوو ڕووی یەک دراو تەواوکەری یەکترن, چونکە ڕاگەیاندکار دەشێ ئەدیب و ئەدەب دۆست بێت, وە بەهەمان شێوەش کەسایەتی

---

١- هـ -س -پ -ل[11]

ڕۆشنبیرو خاوەن بەهرەو دنیابینی تایبەت دەشێت ڕۆژنامەوانێکی سەرکەوتوویێت ,جابۆیە بەهەمان هەناسەی پێشوو دەتوانین بڵێین(ڕاگەیاندن پیشەو پەیامە, لەسەرمانە بیپارێزین و ناخۆشییەکانی لەسەر لاببەین, پێش ئەوەی یاسای بۆ دابڕێژین, پیشەیەکی پێشەنگ و پشکنەرە لە دەوڵەت و کۆمەڵی مەدەنیدا, وە هەرکەس ڕێز لە پیرۆزی ئەم پیشەیە نەگرێت, فێڵ لە ئەرکی نیشتیمانی و مرۆڤایەتی دەکات وە دواتر, ئەم کەسە شایەنی ئەوە نابێت ئەم بەرپرسیاریەتییە هەڵبگرێت, یان هەر بەرپرسیاریەتێکیتر)[1] دەسەلاتی ڕاگەیاندن بڵاوکردنەوە بەهەرجۆرێک لە جۆرەکانی وەک بینراو نووسراو بیستراو, دەخاتە نێو گەمارۆدانێکی یاسایی بە ئاگاداربوون لە دەست کراوەیی نووسەران و زویرنەکردنی هاونیشتیمانییان , ئەمەش پێویستی بە کەسانی شارەزاو پسپۆڕ هەیە لەم بوارەدا کە ڕەچاوی دابینکردنی ڕەزامەندی هەردوولا بکەن, دەوڵەت و سەندیکاو ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان نوێنەرایەتی و بەرپرسیاریەتی بۆ هەموو جۆرە بڵاوکراوەو ڕاگەیاندنێکیان دەکەوێتە سەرشان, بۆیە دەبێت لە ئاست بڕیارو دەرکردەکاندا وریاو چاوکراوەبن. گرینگیدان و بە بایەخەوە سەیرکردنی ئەم بابەتە لەوەدایە کە ستوونێکی سەرەکییە لە پێکهێنانی هەماهەنگی سیاسی و کۆمەلایەتی و بەرپاکردنی پرانسیپەکانی دیموکراسی لەهەر کۆمەڵگایەکدا.

تان وپۆکانی ئازادی و بە شارستانی بوون خۆی لەناو پرۆتۆکۆڵەکانی گەشەسەندنی کاری ڕاگەیاندن و ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا دەبینێتەوە( لەکۆمەڵگەی مەدەنیدا دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە ئازادن و هیچ کۆسپ و تەگەرەیەکیان لەبەردەم دانانرێ بە پێی یاسا نەبێت . بەلام بۆ ئەوەی هاوسەنگییەک دروستبێت لە نێوان ئەو ئازادییەی بە ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسان دراوە لەگەڵ ئەو مافەی کە هەرتاکێک لە تاکەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵ بە گشتی هەیەتی دەبێت چوارچێوەیەک بۆ مومارەسەکردنی دیاریبکرێت لەبەر ڕۆشنایی هەندێک پرانسیپی گشتی بە مەبەستی ڕێزگرتن لەمافی کەسان و بەرژەوەندی گشتی و سیستەمی گشتی )[2]بەبیستنی ئەم چەمکانە لەوە تێدەگەین کە هەموومان بە ئازادی و بە یەکەوە ژیانەوە جوانین بەلام نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە پەتی فڕاندنی دەربڕینەکانمان بە ئاسمانی ئەم ئازادییەدا لە شوێنێک دەوەستێت کە چیتر بۆمان نییە دەست بخەینە نێو قوڵایی کارو ڕەوشتە کەسی و پیرۆزییەکان.( کەواتە ئازادی ڕۆژنامەگەری ڕەها نییەو حکومەت بۆی هەیە لە هەندێ حاڵەتدا بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵ لە چوارچێوەیەکی تەسکدا کۆت و بەندی لەسەر دابنێ, لەم حاڵەتەشدا هەرچەندە ڕۆژنامەنووس ڕێگای قسەکردن و نووسین وبڵاوکردنەوەی لێ ناگیرێت بەلام هەرکاتێک ئەم سنوورەی بەزاند بەرپرسیاریەتیەکە دەکەوێتە ئەستۆی خۆی لەئاکامی ئەو قسەیەی کە کردوویەتی یان نووسیویەتی یان بڵاویکردۆتەوە, ڕووبەڕووی لێپرسینەوەو سزایەکی دوایینەدەبێتەوە)[3]

---

١- د.فائق بطي -جدل ألحرية وألاحرية قراءات في قانون ألعمل- مجلة ألصحفي - عدد-٤٥-٢٠٠٨ -ص[٤١]

٢- کمال سعدی مصطفی- چوارچێوەی یاسایی ئازادی ڕۆژنامەگەری لەکوردستانی عێراقدا- نامەی ماستەر - کۆلێژی یاساو ڕامیاری- زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر-٢٠٠٣- ل[١٢١]

٣- هـ - س- پ- ل[١٢٨]

وەپێویستە لەم حاڵەتەشدا دادگا ڕۆڵی بێ لایەنانە ببینێت و,کەیسەکە بەلاڕێدا نەبات و,ڕێگاش بەهیچ کەس ولایەنێک نەدرێت دەست بخەنە کاری دادوەریەوە.

## ب- تابۆی تابۆ:

تابۆی تابۆ" بریتییە لەم دیاردەو ڕەوشتە نەشیاوو دژ بە داب و نەریتانەی کە لە ڕووکاری دەرەوەیدا وەک کردەیەکی ڕێپێنەدراو دەناسرێت.هەرچەندە بەڕێگای جیاواز یان لە ژێر دروشم و ناونیشانی تر یان وەک حەزێک لە پەنای چاوی کۆمەڵ وبە نهێنی مومارەسەی دەکرێت. ڕوونتر ئەوەیە بڵێین تابۆ کۆمەڵایەتییەکان کاتێک دووبارە لە لایەن هێزێکی بالاّوەبە تابۆ دەکرێنەوە دەتوانین ناوی "تابۆی تابۆ "یان بەسەردابدەین.خاڵی جیاکەرەوەی نێوان ئەم جۆرە تابۆیەو تابۆیەکانی پێشوتریش لەوەدایە, تابۆکانیتر کاتێک بە یاسا قەدەغەدەکرێن کۆمەڵگە بەشەرمی نەکردووە, بەڵام ئەم جۆرە لە تابۆ خۆی جارێک لە لایەن کۆمەڵگاوە ڕەفزکراوەتەوەو قبوڵناکرێت ,وەدواتر بەیاسا دادەڕێژرێت و سزای پیادەکردنی بۆ دادەنرێت.جۆرەکانی ئەم تابۆیەش بریتین لە:

### ١-تابۆی ئیرۆتیک :

لێرەدا سێکس و خۆشەویستی چ لە ڕووی هونەری و ئەدەبییەوە چ لە ڕووی لادان لە عورفی کۆمەڵایەتی یان ئەو پەیوەندییە نهێنییە ناباوو دژە سەردەمییانەی, لە ڕووی ئاینی و ئاکاری گشتییەوە ڕێگە پێنەدراوە,دەکەونە بەر ئەم باسە. بۆ ئەم مەبەستەش ئیرۆتیک وەکو چەمک وەردەگرم. بە ئاماژەکردن لەو ئارەزووە سروشتی و بایەلۆجییانەی دەبنە هۆکاری وروژاندنی هەر یەک لە ڕەگەزەکانی نێر یان مێ, یان ئەم پەیوەندییانەی پردی ڕۆحی دروستدەکەن بەمەبەستی لەیەکتر نزیک بوونەوەی ئەم ڕەگەزانە دەچنە خانەی ئیرۆتیکاوە( ئیرۆس"eros" خواوەندی خۆشەویستییە لای یۆنانییەکان, هەروەها ئارەزوویەکی زۆرە بۆ دەست بەسەراگرتن و خاوەنداری, زیاتریش حەزەسێکسییەکانن.)[1] سێکس یان ڕۆحیانەتی سێکسی بە تابۆکراو, لە ڕوویەکی تریشەوە دووبارەجەختکردنەوە لەسەر بە تابۆ ناساندنیان لە چوارچێوەیەکی یاساییدا لە هەرجۆرە نمایشێکی مرۆییدا. وەک لە نمایشی ئەدەبی و هونەریدا یان لە نمایشی دەرچوون لە پرانسیپی کۆمەڵگا یان لەڕووی هەوڵدان بۆ بەستنی پەیوەندییە ڕۆحی یان جەستەییەکان.ئەم تابۆیە دووبارە بەتابۆ دەکاتەوە.جابۆ تێڕامانی زیاترو ڕاکێشانی ئەم چەمکە بۆ دیاردەیەکی تابۆکراو بێ دوودڵی چاومان دەخەینە سەر کاریگەرییە خراپەکانی پێ لەسەر ئەوە دادەگرین کە "ئیرۆتیک" بەکام هۆکارو لەکام حاڵەتدا خۆی تابۆیە, بۆ نموونە ئەگەر نەتەوەیەکی وەکو نەتەوەی کوردو ئاینەکەی کەزۆرینەی موسوڵمانە وەربگرین, بەوە گۆش دەبین کە "ئیرۆتیک" جگە لە بەکاربردنە ڕێپێدراوە ئاینی وجڤاکیەکەی, بەهەر شێوەیەکی تر بەکاربرێت بە تابۆ هەژمار دەکرێت. چونکە وەک مەترسییەک پێناس دەکرێت بەسەر بەهای ئەخلاقی نێو تاکەکانی کۆمەڵ. وە دەروونناسان و کۆمەڵناسان

---

١- محەمەد چیا - فەرهەنگی فەلسەفی - ئینگلیزی - عەرەبی - کوردی- چ٢-سلێمانی- ٢٠٠٤ - ل٦٣

و پیـاوانی ئـاینی شیکاری و بەرەنجـامە نەخوازراوەکانیـان بە ئاشکرایی دەستنیشـانکردووە. هەر لەسـەر ئەم بنەمایانە"ئیرۆتیک" بەگشت لقەکانییەوە بۆتە هەڵگری سیمایەکی تابۆیی یاساغکراو, بەلأم پێویستە درک بەوە بکەیـن ئەم سیمایە لە نـاوچەیەک تـا نـاوچەیەکیتر یـا لە نەتەوەیەک بـۆ نەتەوەیەکیتـر جیاوازدەبێـت و چەنـدایەتییەکی ڕێژەیـی وەردەگرێـت. لە کلتـوورە ڕۆژهەڵاتییەکانـدا ئەم چەمـکە وابەسـتەیە بە چەمکـی "شـەرەف"ەوە,وە بچـووک کـراوەتەوە لەجەسـتەی مێیـنەدا,لە گەڵ ئەوەشـدا پشـتیوانییە ئـاینی و خێڵەکـی و نەریتییەکانیشی بەدوای خۆیدا ڕاکێشاوە( لەکۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا کوشتنی مرۆڤ وڕشتنی خوێن وپێنـان لەمافی ژیـان وکوشتنی سادەترین بنەمـای ئـازادی و دیموکراسی و فرۆشتنی سەروەری نیشتیمانی و نەتەوەیی هیچیـان بە ڕووخانـدنی ئەخلاق دانـانرێن, بەلأم مەسـەلەی سێکس دەکرێتە پێـوانە بـۆ ئەخلاق, ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەمـوو ڕووبەرو پنـت و جـومگە کۆمەڵایەتییەکـان وژیـانی کـۆمەڵایەتیش لە مەسـەلەی ئەخـلاق ڕوونکراونەتەوەو هەموو سەنگ و قورسی ئەخلاق دراوە بە سێکس)[1]

کەواتە سێکس بە هەموو مانـا ئیرۆتیکییەکـانی لە بـۆتە نـراوەو بە بیـانووی پاراستنی شەرەف و کەڕامەتەوە تەلبەندکراوە,ئێمە لەوە حاڵیبووین کە "تـابۆی ئیرۆتیـک" دوو ئاراستەییە, وە لە ئاڕاستەی "ئیرۆتیـک" خۆیەوە باسمان لە خـودی "ئیرۆتیـک"کرد لە ڕووی تـابۆییەوە ئێستا دەبێت بـاس لە یاسـاکانی داڕێـژراو سـەبارەت بە قەدەغەکـردن وڕێگـا پێنەدانی مومارەسـەی هەنـدێ لایەتـی "ئیرۆتیکی"بکەین,هەروەک پێشـتر زانیومـانە زۆرجـار هەمـان یاسـا باوەڕپێکراوەکـانی بنـاغە بـۆ دانـراو لە لایەن نەریتـی کـۆمەڵایەتییەوە یـان دەقە ئاسـمانی و ئاینییەکان ئەگەر نەشبن بە یاسای دەستووری وڵاتـان بەلأم یارمەتیدەرو ڕێخۆشکەردەبن بگرە بەژداریش دەبن لە کۆنووسی ڕەشنووسە ئیدارییە ناوەخۆیی یان نێودەوڵەتییەکان.

هەندێ لە کەسایەتی و خاوەن ئایـدۆلۆژیاو ڕابەرە بزووتنەوەییەکـان بە لای ڕاست یـان بەلای چەپدا لە نێو سێکتەرە پێکهێنەکانی داڕشتەی کارنامەکانیاندا کەم تازۆر ئاوڕیان لە لایەنـی چۆنیەتی مامەڵەکردنی بـابەتە "ئیرۆتیکییەکـان" داوەتەوەو قسـەی خۆیـان کـردووە بەکـردار, ئەگەر لەکۆتاییشـدا بە زیـان بـۆ مرۆڤـایەتی شکابێتەوە, چەپگەراکـان بەردەوام زەمینەیەکی کراوەی ئازادانەیـان بـۆ فەراهەم کردووە,وەک بەشێک لە مـافە سروشتییە ڕەهاکـانی مرۆڤ لە قەڵەمیانـداوە, ڕاست ڕەوەکـانیش هەریەک بەجـوڵێنەری مەزهەبیـی تـایبەتەوە, هەنـدێ لە پەڕوباڵەکانیـان کـردووەو ,بەپشتبەسـتن بەسـەرچاوە فیکریەکانیـان بەرنامەیـان بـۆ چـۆنییەتی چێژوەرگرتن لە کردە "ئیرۆتیکییەکان" داناوە. بۆ نموونە دەبینین لە سەردەمی فەرمـانڕەوایی(لینین) لە وڵاتێکی گەورەی وەک یەکێتی سۆڤیەتی جاران "ئیرۆتیک" ئەگەرچی وەک خۆی لە نێو کۆمەڵـدا بەتـابۆش ناسرابێت,بەلأم لە ئایدیای فەرمانڕەواییدا بە هەموو شێوەیەک "تابۆ" ی لەسەر هەڵگیرابوو(جەختکردنی کۆمۆنیستەکان لەسەر دابڕینـی پەیوەنـدی جنسـی لەهەر یاسـاوبەندێکی ئـاینی و کـۆمەڵایەتی و جێ هێڵانـی ئەو پەیـوەنییە ناسـک و ترسـناکە بـێ پێناسـەو قسەلەسـەرکردن و بەسـتنەوەی تەنهـا بە حەزو ئـارەزووی سێکسـی بە هەردوو تـاک و

---

١- عەتا قەرەداغی - گەڕان بەدوای ماناکانی شیعردا -چ١- دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی-٢٠٠٦-ل٢٦٢

سەیرکردنی وەک مەسەلەیەکی شەخسی و وەک هەر چالاکییەکی بایەلۆژی مرۆڤ)[1] ئاسەواری خراپی لێکەوتەوە هەروەها لە پێناو بەرگریکردن لە جەستەو بەرز ڕاگرتنی کەرامەتی مرۆڤایەتی بە گشتی و ئافرەت بەتایبەتی, وە بۆ کۆمەڵگایەکی تەندروست و دوور لە کابووسی دەست درێژییەکان و نەخۆشییە درمەکان , بەبڕیارێکی نێودەوڵەتی لایەنە "ئیرۆتیکییەکان" سنووردارکراوەو ,ڕێگەنادرێت سێکس بەدەر لە شێوازە ڕەسمییەکەی یان شێوازە ڕووپێوکراوە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام بدرێت, بەشێوەیەک بکەرانی کردەی سێکسی لە هەردوو ڕەگەز دووچاری لێپێچینەوەو سزا دەبنەوە, هەروەک دەبینین لە جاڕنامەی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ ماددەی -٦-دا تایبەت بە لەناوبردنی هەمووجۆرەکانی جیاکاری دژ بە ژن هاتووە( دەوڵەتە ئەندامەکان هەموو ڕێوشوێنێکی گونجاودەگرنەبەر, لەوانە ڕێوشوێنە یاساییەکان, بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە بازرگانییەک بە ژنان و بەکاربردنیان بۆ لەشفرۆشی)[2] بەڵام لەژێر ئەم هێڵە سوورانەشدا بنەبڕکردن و بە تابۆکردنی کردە "ئیرۆتیکییەکان" بەدەر لە یاساو شەرع کارێکی قورسەو غەریزە سێکسییەکان ونەستی داچەپاو بە تایبەت لە کۆمەڵگا دواکەوتوو خێڵەکییەکان یان ئەم وڵاتانەی لە ژێر هێڵی هەژاریدان,زاڵە بەسەر خودەکان و بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ڕۆحی و ماددی و جەستەییەکان زۆرجار تابۆکان دەشکێنرێن, بە بڕوای ئێمە مرۆڤ کاتێک دەتوانێت خۆی داگیربکات یان بە پێوەرە "فرۆید" یەکەی خودی بالا بە ماسکە ئایدۆلۆژی و نەریتییەکانەوە بەسەر خودە نەستییەکەیدا قبوڵ بکات,کە هیچ نەبێت دەروازەیەکیتری یاسایی ئاسان شک ببات بۆ دامرکاندنەوەی پاڵنەرەکانی. هەرچەندە زۆرجار دەروازە یاساییەکانیش پڕ بە پێستی هەردوو ڕەگەز ماف و ئازادییەکان نابەشنەوە, چونکە لەکۆتاییدا سیفەتی خاوەنداریکردن دەدرێتە پاڵ ڕەگەزی نێرینەو هەر ئەویش ڕەنگ ڕێژەکەری بنەما دەستووریەکانە(لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئاڵوگۆڕی زۆر بە دەسەلات وبەرژەوەندییەکان کراوە, جەستەی ژنیش لەو ململانێیەدا ئەو گورزەی بەرکەوت کە ببێت بە ئامرازی حەرامکراو سێکسوالێتی ژن کرا بە میکانیزمی بە کۆیلە کردن, بەڵام هاوکات چونکە سێکس یەکێکە لە غەریزەکانی مرۆڤ و مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری بێت, بۆیە پیاو خۆی نەیتوانیوە ئەو تابووە نەشکێنێ و نەبێتە بکەری گوناهن, بەلام سزاکەی بۆ ژن بووەو لە ئاکامیشدا جەستەی ژن کراوە بە زیندانێک بۆ خودی خۆی)[3]لە نامۆبوونی سێکسیدا باسمان لە گرفتەکانی ئەم نامۆبوونە کردوو, لە تیۆرییە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانەوە کۆتیشکی سەرنجمان خستە سەر, لە بەدواداچوونی زیاتر دەتوانین ئەم جۆرە نامۆییە ببەستینەوە بە باکڕاوندە تابوویەکانی, یاخود ڕوونتر بڵێم ئەوەیە سەرچاوەکانی خامۆشکردنی بلێسەی پاڵنەرە "ئیرۆتیکییەکان" لە مرۆڤدا دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی کلتووری و داسەپاوی سەر تاکەکان.ئەگەر نەوەکانی قۆناغە یەک بەدوای یەکەکان بە شۆڕشێکی ڕۆشنبیری نوێوە نەیەنە پێشەوە, ئەوا بێگومان دەستی ناوازەکردن و بێ هەستکردن

---

١- عمرعلی غفور-مافی ئافرەت لەنێوان ڕەگەزسالاری ومرۆڤسالاریدا – چ١-چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر-١٩٩٧-ل٣٣

٢ - لەلایەنچەندلێکۆڵەرێکی یاساییەوەنووسراوە-ئازادییەگشتییەکان ودیموکراسی- ل٣٢

٣- خالیدعەبدولکەریم حەمەلاو- لەفیمینیزمەوە تاهیومانیزم -چاوپێکەوتن: مهابادقەرەداغی- چ١-چاپخانەی ئاراس -هەولێر-٢٠١٠- ل٦٢

دەچێتە بینی خەون وخولیا سروشتییەکانیشەوە, لە لایەک ولەلایەکیتریشەوە کۆمەڵێک مافیای نەریتی تۆقێنەر دەورەی ئەم ئازادییە "ئیرۆتیکییە" خۆڕسکانە دەدەن کە بوونیان بەندە بە پێکهاتەی بایەلۆجییەکانەوە.(مرۆڤ ئەگەر لە نێو کلتوورێکی عەیبە پەروەردا ژیا ناتوانێت هەست بە دڵنیایی بکات. نەمانی دڵنیاییش واتە نەمانی ئاسایشی دەروونی و جۆرێکی تۆخ لە جۆرەکانی نامۆبوون بە خۆو دەوروبەر)[1]وەلە حاڵەتی وەهادا ئەو شێواویەی بەرچاوی خۆشیە ڕۆحی و جەستەییەکان تەڵخ دەکات لەمپەرێکی گەورەش دەخاتە بەردەم بەرەو پێشەوەچوونی هزری و دەبێتە هۆی تاودانی یاخیبوون و لادان لەم ڕەسەنایەتییەی خودا بە بوونمانی بەخشیوە, خۆشویستن و قوربانیدانی هەردوو ڕەگەز بۆ تەوانەوە لە بۆتەی یەکتردا, حەزێکی ڕۆمانسییانەی بێ گوناهە ئەگەر بەدوور لە دەقە داسەپاوەکان سەیری بکەین, هەروەها ئارەزوویەکی خواکردە بۆ مانەوەو بەردەوامبوونی ژیان. بۆیە من وای دەبینم ئەم بەشە لە "ئیرۆتیک" سەرچاوەیەکە بۆداهاتی بە شارستانیبوون و کامڵبوونی تاک لە ڕووی عەقڵی و لۆجیکییەوە, بۆیە لە هەر شوێنێکدا خولگەی میانڕەوانەی ئیرۆتیکای عەشق ڕابگیرێت ئەوا بە دڵنیاییەوە زەمەنیش لەم شوێنەدا وەستاوە, هیچ ئاسۆیەکی گەش بۆ پەرەسەندنی زهنییەتی ڕوحی و بەهای جوانیناسی لای مرۆڤەکان بەدی ناکرێت. چونکە بە بڕوای من عەشق بە دیوە سایکۆلۆجیەکەی گەیشتنە بە لوتکەی ماهییەتی هەستپێکردنە ناوەکی و دەرەکییەکان( کاتێ کلتوورەکان دیواری تابوو قەدەغەکان بنیات دەنێن, حەزو ئارەزووە سروشتییەکان دەچەپێنن و, لە نێو نەستی مرۆڤدا جێگەی دەگرن. بێگومان مرۆڤێکی چەپێنراویش پێش هەر شتێکیتر غەریزە پاڵی پێوەدەنێت لە بەرامبەرەکەی نزیک ببێتەوە نەک هەستی خۆشەویستی. لەو کلتوورانەدا کە غەریزەی سێکس دەچەپێ و پێوەندی نێوان کچ وکوڕ لە فەزای ئازاددا قەدەغە دەکرێت, ئەم مرۆڤانە لە پەناو پەسێوێ دەگەڕێن بۆ خاڵیکردنەوەی ئارەزووە سێکسییە خەفەکراوەکان, ئەو خۆشەویستییەی غەریزە بەڕێوەی دەبات ناتوانێ ببێتە هەنگاوێک لە پرۆسەی گەشەسەندنی کەسایەتیدا)[2]کەواتە کەسایەتی مرۆڤ بۆ گونجان و تێرکردنی پەیوەنییەکانی بە کەسانیترەوە پێویستی بە وەرگرتن و بەخشینی سۆزو خۆشەویستی هەیە. وەدەستهێنانی ئەم خۆشەویستییە دەشێ هەمە لایەنەبێت, خۆشەویستی بۆ خاک وخوداو دەوروبەروسروشت وهاوڕێ..هتد هەروەها دەشێ خۆشەویستی مۆرکێکی "ئیرۆتیکییانەی" تایبەت وەربگرێت ڕووبکاتە یەک سەرووچاوە هەر لە وێوە دەروونی خۆی هەڵبڕێژێت و بە هەمان ڕێگەش لە ژێر سێبەریدا بحەسێتەوەو, ئاوی سازگاری ئەوین بە ئاگری عەشقیدا بکات, جا قەتیسکردنی ئەم ئاگرە لە ناخێکی نامۆدا بورکانێکی هەمیشە گڕگرتووی بڵێسەداری لێ بەرهەمدێت, کە بەردەوام سەردەکێشێت بۆ تەقینەوە, ئەم حاڵەتە ناجێگیرەش کەسایەتی ناجێگیرو ڕاڕا بەرهەمدێنێت کە توانای سەرکەوتنی نابێت بەسەرڕیایەکانی ژیاندا(خۆشەویستی سۆزێکی مرۆیی بەرزە,کە بەنەبوونی مرۆڤ بەرزترین سۆزی لەدەست دەچێ کە وەک مرۆڤێک جیای دەکاتەوە, جگە لەوەی کەبەبێ خۆشەویستی ژیان بوون و خۆشی

١ -هـ -س - پ- ل١٠٤

٢- هـ -س -پ- ل١١٠

خۆی لەدەست دەدات)[1]هەروەک پێشتر باسمکرد لە وڵاتـانی پابەنـد بە نەریتە کلتوورییەکانـدا بە تـایبەت وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکـان ئەگەر بەراورد بکرێن بە وڵاتـانی ڕۆژئـاوا زۆر بە ئاسـانی درک بە دیـاردەی "ئیرۆتیکـی" نهێنـی وتـابۆ خستنە سەر"ئیرۆتیک"دەکەین,هەم وەک خۆی کە لەنێو کلتوورەکەدابـاوە هەم بە یـاسـاش کە قەدەغەکـاری خراوەتە سەر, بەڵام وەک ڕایەکـی تـایبەتی دەتـوانین بڵێین ئەوەی لە پێنـاو بەرژەوەنـدی گشتی و سەقامگیری کۆمەڵگای مرۆڤایتیدا پەیڕەو بکرێت و بڕیاری لەسەربدرێت ئەوە جێگای دەست خۆشییە,بەڵام ئەوەی کە بەنـاوی ڕووشانی نازنـاوی خێزانـداری و پیـاوەتییەوە بکرێتە بەربەست لەبەردەم خۆشەویستییەکی پـاک و بێگەرددا کە ئاکامەکەی بەختەوەربوونی ژیـان و داهـاتووی دووکەسەئەمەمایەی قبـووڵ نییەو هەرەسی بـاڵابوونی چارەنووسی مرۆڤـایەتی لـێ دەکەوێـتەوە کە دەکرێـت وەک تـاوانێـک سـەیر بکرێت(تـاوانی شـەرەف ئەوەیە کە لە ڕاسـتیدا پەیوەنـدداره بە سێکس, وە ئەوەی لەسەری سزا دەدرێت تەنیـا ئـافرەتە, پیـاو بە پێی ناولێنـانی کـۆمەڵایەتی ئـازادی ممارەسـەی "پیـاوەتی" هەیە وە هەمیشـە پاسـاوی بـۆ دادەنرێت, بەڵام ئـافرەت بـێ شک دەبێت تەنهـا بکوژرێت, هەرچەنـد بێتـاوانیش بێت دەبێـتە قوربـانی نەفـامی پیـاو, وە بێـدەنگ بـوون بەرامبەر ئەم تـاوانە لــوتکەی هەڵوێســتە, وە ئەگەر ســزاش بــۆ تاوانبــاری کوشــتنەکە دابنرێــت بە پێــی یاســا بــۆی ســوک دەکـرێتەوە)[2]ئەوەی مـاوەتەوە بیڵێـین ئەوەیە,کە "ئیرۆتیـک" نابێت لە هەرکـام لەلایەنەکـانی عەشق و ئەویـن لەگەڵ لایەنـی سێکسـی وجەسـتەیی تەواو تـێکەڵ بەیەکتربکـرێن, چـونکە ئەگەر ئەویـن لە سێکسـدا بتـوێتەوە جوانی و ماناکـانی لەدەست دەدات, لەگەڵ ئەوەشدا سێکسی بـێ ئەوین و سۆزیش لە بەربەریەت و وەحشیگەری زیاتر هیچ مانایەکیتر نابەخشێت.

هەر لەسەر ئەم بڕوایەدەشێ پشتی ئەویندارێکی پـاک بگرین و دژ بە هەرجۆرە پەیوەنـدییەکی سێکسی بـێ بنەمـاو دوور لە هەست و تەنهـا بـۆ پڕکردنەوەی حەزو ئارەزووەکـان بێت بوەستین و تـابۆی یاسـایی و شـەرعی بەسەردا بسەپێنین.بەمەش کۆمەڵ کەمتر گرفتـاری کێشە خێزانییەکـان دەبێتەوەو, تەندروست و پـاک دەبێت لە ڕووی نەخۆشییە ڤایرۆسی و دەروونییەکـانەوە, وە هوشیـاری تاکەکـان بە جیـاوازی ڕەگەزیـیەوە لەسـەر بنەمـای خۆشەویسـتی و وەفـاداری و ڕاسـتگۆیی دابمەزرێت, وادەکـات مۆدێلێکی بـاوەڕپێکراوو بۆماوەییـانە لەنەوەکـانەوە دەستاودەست بکـات و, هەرکەس لۆجیکییـانە ممارەسـەی "ئیرۆتیکییەتـی " خـۆی بکـات(کەواتە ئـازادی سێکسـی شەرعیەتێکی باوڕپێکراوی لەدەروونی هیچ ڕەگەزێکدا نییە, جگەلەوەی هەر مرۆڤێـک هێنـدەی هوشیاری هەبێت بزانێت ئەوەی ناوی ناوە ئـازادی سێکسـی بـازرگـانی سێکسییەو بە پلانـی دەزگـا گەورەو برجوازی و دژەمرۆڤەکـان دانراوە بۆ کۆیلەکردنی مرۆڤ لەداوێنی سیستەمە مـاددی و بـازرگانییەکانـدا کە واتـای بـوون و بەرژەوەنـدی ئەوان

---

١- سەعیدمحەمەدنووری -ماهیەتی سۆزو خۆشەویستی لەسایکۆلۆژیدا -ڕامان-ژ-١٢٤ -٢٠٠٧ —ل١٤١

٢- كاتبة سورية - محرمات..محرمات..محرمات- ألفجرألجديد -ع-٤١-٢٠٠٦-ص١٠٥

دەکات هەرگیز باوەڕ بەو پرۆسەیەو مل بۆ ئەو پرۆسەیە نادات)[1] کەواتە پێویستە تابۆیەک هەبێت پرۆسەکە بە ڕێکخستن بکات و,مەودایەکیش بۆ ئازادی تاکەکان بهێڵێتەوە.

## ٢-تابۆی دژەباو :

دژەباو بەرلەوەی بەرێگەیەکی پۆلەتیکییانە سانسۆر بکرێت یا ئەوەتەی بەرلەوەی میری و دەوڵەت چاودێری بخەنەسەر هەر لە وشەکە خۆی تێدەگەین کە مادام دژ بە عورف و عاداتی کۆمەڵایەتییە, کەواتە باونییەو هەر کردەیەک یا ڕەوشتێکی شاز لە خۆدەگرێت کە بە لادان هەژماردەکرێت لە سیاقی گشتی و ڕێپێدراودا, ئەم کردە یا ڕەوشتەش هەر لەیەکەم دایەنگەی مرۆڤەوە کە خێزانە تا هاتنە ناو هەموو کەرت و بەشە پێکهێنەکانی ژیان دەگرێتەوە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە هەر دیاردەیەک مرۆڤ پێی ڕاهاتووەو, بە کۆیی لە هەر کونجێکی ئەم زەمینەدا پەیڕەوی لێدەکەن دەبێتەباو , وە دەشێت دەست بخاتە ناو ئاکارە تایبەتی و گشتییەکانیشەوە, تادەگاتە ئاستی پیرۆزبوون و ڕێزلێنان, هەر دوای ئەمەش دەست بەجێ دەچێتە نێو خانە تابۆییەکان. خانە تابۆییەکانیش لە نەستی کۆدا دەچەسپێت و بۆ نەوەکان بەجێ دەمێنێت. جا هەر پشێویەکی دەروونی وا لەمرۆڤ بکات گوێ بە هیچ بەندوباوێکی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی نەدات, پسپۆڕانی دەروونی بە کەسایەتی "سایکۆپات" یان دژەکۆمەڵ ناوی دەبەن لەڕووی کەسایەتیشەوە هەردەم دۆخێک لەنامۆبوون و یاخیبوون بەسەریدا زاڵەو,هەڵچونێکی تەواو بە ناخییەوە دەبینرێت, لەدەرفەتێک دەگەڕێت تا ئەم هەڵچوونانەی خاڵی بکاتەوە, وە نارازیبوونەکانیشی بە دەوروبەر دەناسێنێت کەزۆرجار کاردانەوەی ئاینی یان سیاسی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.(دەروونزانان وادەبینن کە ڕەفتاری مرۆڤ لەم هاوکێشەیەی خوارەوە پێکدێت:

ئامادەباشی × ئامادەبوون × پاڵنەر

(بۆماوەیی) (ژینگەیی) (پاڵنەری تایبەتی تاک)

بۆیە دەبینین ئەوژینگەی کە سیمای ڕەفتاری ئەم چەشنە کەسایەتییە لەگەڵ ئامادەباشی بۆماوەیی, جگە لە بوونی پاڵنەری شاردراوە(ئامادەباشی دەروونی) لەلای منداڵ لەگەڵ ژینگەیەکی ڕەخساو بۆ ئامادەکردنی ئەم چەشنە کەسایەتییە بێ گومان بەم پێکهاتەیە دروست دەبێت)[2]وە بۆگەڕان بەدوای هۆکارەکانی کەسایەتی سایکۆپاتی یان بۆ لێکۆڵینەوە لەوڕەفتارە ناوازەو دژەباوانەی ئەنجامیان دەدات, دەبێت سەردابی هەموو ئەم گرێکۆلانە هەڵدەینەوە, کەتیایدا تاک توانا خودییەکانی خۆی لەدەست داوەو گوێ بە بەهاو گوناە و نەریت و پیرۆزییەکان نادات, شەرمەو عەیبە نازانێت, ئارەزووەکانی پێ کۆنترۆڵ ناکرێت, هۆکارەکانیش یەک بەدوای یەک پەیوەندی و کاریگەرییان بەسەر یەکترەوەیەو یەکتر تەواودەکەن, هۆکاری بایەلۆژی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و خێزانی و پەروەردەیی یان ڕۆشنبیری, چ هەریەک بەجیاجیا چ بە ئاوێتەیی فاکتەری سەرەکی

---

١- کازێوەصالح -هەولێر - فیمینیستانسی وجڤاکی کوردی — چ١-چاپخانەی ئاراس-٢٠٠٥-ل١٣٨

٢- د.ڕێزان عەلی ئیبراهیم- کەسایەتی دژبەکۆمەڵگا(سایکۆباتی) هۆکاروپێکهاتە- ڕامان- ژ- ١٤١-٢٠٠٩- ل١٠٥

بەهێزبـوون یـان لاوازبـوونی ڕەفتارەکـانی مرۆڤن,یەکێک لە خەسڵەتە هەرەدیارەکـانی ئەم جـۆرە کەسـایەتییە خەسڵەتی دژەباو یـاخود دژەکۆمەڵایەتییە, هەرچەنـدە باشیش ئاگـادارە لەوەی لادانـی لە بـاوی ناسـراو خـۆی لە خۆیدا شکاندنی تـابۆی متمـانە پێدراوی گشـتییە, بـۆ ئەم مەبەستەش دەتـوانین چەنـد جۆرێـک لەم کەسـایەتییە وەربگـرین و لەنێویشـیدا "دژەبـاو" یـان "دژە کـۆمەڵ" جۆرێکیـانە(١- نـاکۆمەڵایەتی,یـان دژبەکـۆمەڵ, تونـدوتیژی وتێپەڕاندن ودەست درێژی ٣- بێ ڕەوشتی ٤-داهێنەرو ئەفرێنەر, ١- چەشنی نـاکۆمەڵایەتی, یـان دژبەکۆمەڵ:ئەم چەشنە بەوە وەسف دەکرێت کە لە چەشنی کـۆمەڵایەتی مـاقووڵ لە ڕەفتـار دەردەچێت, واتە ڕەفتـاری نامـاقووڵ دەکـات, کەلەگەڵ داب و نەریتـی کـۆمەڵایەتی ناگونجێـت, ئەم چەشـنە ڕەفتاروئاکـارە بـۆ سـەرنەکەوتن لە دروسـتکردنی پەیوەنـدی نێـوان خـودو خەڵکـانی دەوروبەر دەگەڕێـتەوە.)[1] وە هەروەک پێشـتر ئاماژەمـدا ئەم هەڵومەرجانەی باوەکان دەخولقێنن بریتین لە قۆناغەکانی ژیـانی ئـادەمیزاد لە نێو سروشتی بۆماوەیی و کـات وشوێنی جیـاواز هەروەهـا لە پـۆلینەکەی سـەرەوەدا دەگەیـنە ئەو ڕاستییەی کە بنەمـاو ژینگە پەروەردەییەکـان شوێنەواریـان بەسەر کەسایەتی مرۆڤدا جێ دەمێنێت, جـا ڕەنگە بەرهەمی پۆزەتیڤ و گونجـاو لەگەڵ پرانسیپی کۆمەڵایەتی لەدایک ببێت, وە بە پێچەوانەشەوە ڕەنگە بەرهەمی ئەنتی کـۆمەڵایەتی و دابـڕاوو دژ بە هەمـوو نەریت و بەها ئەخلاقیەکان کەتـابۆیە لەخودی خۆیدا مەزن ببێت.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم تیشک بخەمە سەرخاڵێک ئەویش بەرچاو ڕوونییە بـۆ زانینمـان سەبارەت بەوەی کە مەرج نییـە هەمـوو بـاوێـک مەنتیقێکـی زانسـتی و دروسـتی پێوەبێـت, بەڵام تـاکەکـان لە ڕێگـای جۆراوجـۆرەوە ناچارکراون دان بەخۆیـان بگرن وچاوپۆشن لە لاسەنگییەکان, سەرەتـای ئەم ئـاوێتەبوونەی تـاک و باوەکـانیش لەوکاتەوەدەست پێدەکات کە ئـادەمیزاد لە تەمەنـی منداڵییەوە دەکەوێتە قۆنـاغی گەشەی عەقڵی و تێکەڵ بە حەڵاڵ و حەڕام و بقەو ئافەرینەکان دەبێت( وەک پسپۆڕە دەروونناسەکان بـۆی دەچن منداڵ هەویـرێکەو چ جـۆرە شتێکت بوێ, دەتوانیت لێی دروستبکەیت, بەتـایبەتیش لە سـاڵە سـەرەتاییەکانی تەمەنیـدا مـاڵ و قوتـابخـانەش هۆکارێکی بنچینەیین بۆ چاندنی ڕەوشت و ئاکاری جۆربەجۆر لە مێشک ودەروونی کەسەکاندا)[2]هیچ کاممـان بەبێ ئەوانیترو دوور لەکۆمەڵ هەڵنـاکەین, بەیەکەوە ژیانیشمان پەیوەستە بەکۆمەڵێک بەهـاوە کە لە کۆتـاییـدا هەر ئەم بەهایـانەن کە دەبـنە بـاوو دەست پێوەگرتنیـان دەبێـتە ئەمری واقیـع , کەواتە دەبێت بـۆ خەملانـدنێکی تیـــژڕەوانە بە نێـــو جیهـــانی بـــاوە تابۆییەکـــان ڕووبکەیـــنە جیهـــانی بەهـــا کۆمەڵایەتییەکـــان, بەهـــا کۆمەڵایەتییەکـانیش لە هەر کۆمەڵگایەکـدا ڕەگ و ڕیشـەکانی دەگەڕێـتەوە بـۆ دەسـتوورە ئـاینی و ئاکـاری و خێڵەکی و پەروەردەییەکانەوە( لەژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگادا بە پێی هەڵ ومەرج و دیـاردە فرەڕەنگییەکـانی ژیـان و کـۆمەڵ بەهـای جیـاواز هەیە کە بەپێـی پلەوپایەیـان دەکـرێ بەم جـۆرە دابەش بکـرێن: یەکەم: بەهـا ئاینییەکـان: پیـرۆز, تـابۆ ..تـاد دووەم:بەهـا گیانییەکـان وەک:داد, نـادادی, جـوان , دزێـو. سـێیەم: بەهـا

---

١- هـ - س -پ - ل[١٠٧]

٢- ئیسماعیل تەنیا-بەسەرکردنەوە٢٤بابەتی ئەدەبی وڕۆشنبیریە- چ١-چاپخانەی کشتوکاڵ-هەولێر-٢٠٠٥-ل[٢١٥]

ئاكارییەكان(هەستەكییەكان) وەک: پەسەندونا پەسەند..تاد, چوارەم: بەها زیندووەكان vital , یان بەهاكانی ژیان وەک: پایەبەرز, شكۆمەند, ساكار, سوک وچرووک, بەختەوەری , لەشساغی , بەهاكانی شت زانین و قانوون و هونەر ..تاد.)[1]لە دیوێكیتردا پێویستە بزانین كە هەندێ لەم باوانەی یان ئەم بەهایانەی بە كەڵكی سەردەمی نوێ نایەن, دەشێت بگۆڕێن و ماسكی كۆنەیان لە ڕوودا دابماڵرێت و بەمەدەنی بكرێن بێگومان هیچ گۆڕانێک بە سانایی نایەتە دی مرۆڤی خاوەن شوناس و بوێری و ڕۆشنبیرییەكی قوڵی دەوێت,كە خودو پێگەی خۆی لە كۆمەڵگادا بناسێتەوە, چونكە ئەگەر نەتوانێت بڕوا بە خەڵک بهێنێت كە دەرچوون لە بەندێک یا زیاتر زەرورەتە ئەوا كۆدەنگی جەماوەری وەرناگرێت یان دەكرێ بڵێین بەرەو پێشەوەچوونی تاک و , بازنەدانی بەسەر هەڵەو چەوتییەكان, یان هیچ نەبێت كۆمەڵگەیەكی وشیارو چاوكراوە بێتە مەیدان چاوپۆشی لە بەهایەكی باو نەكات كە لە پێناو پاراستنی كلتوورێكی سەقەت بۆ چەوساندنەوەو نامۆبوون بەڕێوەدەچێت.(ئەو شێوەو فۆڕمانەی مەعریفە كەبەناوی "عورف" یان "عەقڵی باو" (common sens) شەرعییەتی پێ دەبەخشرێ وبە سرووشتی لە قەڵەم دەدرێ, كارایی و بڕشتی "عەقڵی باو" وەک ڕوخسارێكی مەعریفەو فۆڕمێكی زانیاری لەوەدایە كە ڕاستی و هەقیقەتی ئەو عەقڵە پێویستی بە هیچ چەشنە پاساوێكی ئەوتۆنییە: "عەقڵی باو" واخۆی دەنوێنێ كە بەڵگە نەویست و سروشتییەو سنووری زەمان دەبەزێنێ و هەتا هەتاییە, بەڵام تائێستا لە قۆناغی جیاجیای مێژوودا, تێڕوانینگەلێكی نەواو دژواز لەسەردەستی "عەقڵی باو" بەڕاست و مەنتیقی لەقەڵەم دراون)[2] واتە مەعریفەی باوەكان ڕەوایەتی ئەبەدی بە خۆی دەدات و, ڕەوشت و كرداری نادروستیش دەباتە پێش و بە ناوی ئاین یا هەر ئایدۆلۆژیایەكەوە بێت كە مرۆڤەكانی پێ بەند دەكرێت, چینی لاوان بزوێنەری ڕەوڕەوەی مێژوون لە قۆناغە جیاجیاكانی كۆمەڵگاكاندا, لاوان كارگەی بەرهەمهێنانی گۆڕانكاری و تێپەڕاندنی چاخە بەبەردبووەكانی ژیارییە ئادەمییەكانن, چاوی هەمووان لە سەر ئەم شەپۆڵە هەستەوەرانەیە كە لاوان گوڕی پێدەدەن و كەشكۆڵی ئاواتەكانیانی پێ دەگەیەننە كەنارێكی ئارام, من وای دەبینم مانەوەو لادانی هەر بەندو باوێک لە فەرهەنگی هەر نەتەوەیەكدا پەیوەستە بە گرفتە سەرەكییەكانی ژیانی تاكەكان بەگشتی و لاو بەتایبەتی جابۆیە(ڕێكنەكەوتن لەگەڵ هەندێک كردەوەی باو, بەها , داب و نەریت و دەزگاو دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكان دەتوانێت پێشاندەری ماوەگرتن, بەرەنگاربوونەوەو تەنانەت ڕەخنەی بەشێک لەلاوان بێت, لێرەدایە كەسنووری نێوان بە لاڕێداچوون و داهێنانی نوێ, یاسا شكاندن و ئاڵوگۆڕەكۆمەڵایەتی –كلتوورییەكان تێک دەچێت)[3] نیشانە گرتن بۆ پێكانی ئامانجە بنەڕەتییەكان پێویستە لە ڕاوی داهێنانی نوێ و, ئاڵوگۆری كۆمەڵایەتیدا بە فۆڕمێكی دیموكراتییانەو مەدەنییانە هەنگاو بنێت, وە توندو تیژی تێ نەكەوێت, هەروەها كارنەكاتە سەر كەسێتی و پیرۆزییە تایبەتییەكانی هیچ كەس و لایەنێک.وە

---

١- د.حەمیدعەزیز-ماكس شیلەر,فینۆمینۆلۆژی زانین وبەهاكان- ڕامان- ژ-٣١- ٢٠٠٨ –ل١٠٤

٢- ڕاجێر وێبستێر-تۆژینەوەی تیۆری ئەدەبی- و.عەبدولخالق یەعقوبی-چ١-چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە-هەولێر-٢٠٠٦-ل١٢٣

٣- برنهاردشێفەرس-بنەماكانی كۆمەڵناسی لاوان- و.یووسف فەقیهی-چ١-چاپخانەی شڤان- ٢٠٠٨-ل٢٦٠

لەنێوباوەکانی سەردەمێکدا هەمیشە خواستێک بۆ دژەباو هەیە چونکە زۆرێک لەخەڵکی هەست بە بێزاری و چەپاندن دەکەن, لەهەوڵی ئەوەدان بتوانن بەهەر ڕێگەیەک کە گونجاوە بۆیان, نارەزایی پیشانبدەن تادەگاتە ئەوەی بە کردەوە دژایەتی خۆیان ئاشکرابکەن.

لە پاڵ هەر باوێکیشدا ئەوە زانراوە بەهەردەقنووسێک جا ئاینی بێت یان یاسایی تابۆیەک بۆ شەرعیەتدان بەباوەکە لە ئارادایە, ئەمەش هێندەیتر هێڵە تابۆییەکە تۆختر دەکات.قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا بە نموونە وەردەگرین بۆ ئەم مەبەستەش دەبینین کە(ئەونەریتە ئاینیانەی پێشان لە ئەوروپا باوبوون زۆر ڕەق و وشک و برینگ بوون, سێکسی وەک پیسی و پۆخڵییەک دەبینی ,دروست نەبوو دڵانی پاک وەخۆی گرن, لێدوان و نزیک بوونەوەو دەستلێدانی لە دوورەوەش پێ حەرام بوو بۆ ئەو کەسی بیویستبا خۆی پاک و بەرز ڕاگری)[١]لەکاردانەوەی سەرەتایی دۆخگەلێکی وادا نامۆیی و بە لاڕێداچوون دەبێتە دەسپێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە, جا ئەگەر تێبینیبکەین بە بەراورد لە نێوان تابۆی یاسایی و تابۆی ئاینیدا بۆ هەر ڕەوشتێکی دژەباوانە, ئەوا تابۆ ئاینییەکان کاریگەری زیاترییان دەبێت و, قوڵترو تۆکمەترلە ڕۆح ونەستی خەڵکیدا دەچەسپێن. وەڕەنگە ئاین لەهەندێ شوێندا لایەنی یەکلاکەرەوە بێت, بەڵام هەرچی تابۆ یاساییەکانە سزای فیزیکی و هەستی دادەنێت بەرامبەر بەم دژەکردارانە, بۆیە کەمتر مامەڵە لەگەڵ هزرو سۆزە دەروونییەکاندا دەکات, ئەمەش ڕێژەی پاڵەپەستۆی بۆسەر تاک لاواز دەکات. بە پێی ئەم لێکدانەوەیە ئاین بڵاوکەرەوەو بەرهەمهێنێکی سەرەکی دارشتنە باوەکانە کە بەنەگۆڕی دەمێننەوە(ئاین ئەوەیە کە لە توانای دایە ئارەزوو داب و نەریت پێک بهێنێت کە دەبنە پێوەری بەهێز بۆ ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵ, وەئەگەر داب ونەریتە ئاینییەکان پێوەری ڕەوشتبن, کەس سەرپێچی لێ ناکات, وە تاوان و لادان ڕوونادات, وەتاکەکان سەرکەوتوودەبن لە ڕەوت و ڕۆڵی کۆمەڵایەتییان, وەک ئەوەی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی پێشبینی ئەمە دەکات)[٢]لە لایەکیتریشەوە بەداسەپاندنی یاسا مەدەنی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان, فشار خراوەتە سەر هەڵس وکەوت و نووسین و هزرگەلێک کە لە ڕێڕەوی ئاسایی و یاسایی خۆی دەربچێت, وە ئەم جۆرە فشارانە پاڵەپەستۆیەکی دەروونی دەخەنە سەر تاکە گۆڕانخوازەکان, هەروەها ویستی جودا خوازی و دژەباوکردن زیاتر دەبێت لە کاتێکدا تاک پەی بەمە ببات کە یاساکان کۆنترۆڵی گشت ئازادیەکانی دەکەن. بۆیە هەر دەرفەتێکی دەست بکەوێت, تینوێتی خۆی لەسەرچاوەیەکەوە دەشکێنێت(وە دەشێت مرۆڤ بە بوونی ئەم هێزە داسەپاوە بزانێت بەهۆی بوونی هەندێ سزا کە یاسا دیاریکردووە, وە یان بەو بەرهەڵستکارییەی دووچاری هەوڵەکانی تاک دەبێتەوەو هانیدەدات بۆ یاخیبوون لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. وەلەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین پێناسەی ئەم دیاردانە بکەین کە بە هەمان شێوە بەگشتی دەردەکەوێت لامان لە لایەنێکی کۆمەڵایەتی)[٣] جگە لەم هۆکارانەی کە دەبنە هۆی دەرکەوتنی

---

١- محمد قطب -جەنگە نەریتیەکان- و.ژیوان گەلاڵی-چ١-چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر- ٢٠٠٤- ل ٣٣

٢- د.محمدسلامة عباری- ألإنحراف ألأجتماعي ورعاية ألمنحرفبن- ط١- كلية ألاداب -جامعة ألملك سعود بالرياض-١٩٨٦-ص ٢

٣- جماعة من ألمتخصين-ألأنسان وألمجتمع- ط١ - دارمكتبة ألحياة - بيروت -١٩٦٥ - ص ٥١

دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان ناساندنی باوەکان ئەوا خودی باو خەسڵەتێک دەدات بەخۆی بۆ چۆنیەتی بڵاوبوونەوەو بەکاربردنی لە لای خەڵکەوە, وەخاڵی لاوازبوونی بۆشاییە ڕۆحییە فەردییەکان یارمەتیدەرێکی باش دەبن بۆ جێگیربوونی ئەم بەندوباوانە, هەروەها بەردەوامی دووبارەبوونەوەیان و جوینەوەیان لەسەر زاری خەڵکەوە یان لە شێوەی فشارێکی کۆمەڵایەتییەوە بوونی خۆیان دەسەلمێنن.وە هەرکەس ولایەنێکیش بیەوێت بچێتە بەرەی دژیانەوە بێ ئەوەی زیانبەخش بێت دەبێت ئامرازە هۆشەکییەکانی بخاتەکار(چەکی بەرەنگاربوونەوی باوەکان, چەکی هێرش بردن نییە بەڵکو ئەمە گوزارشت لە هێزی فیکری و ڕوحی دەکات, وەتەرکیزدەخاتەسەر دواندنی هۆش و سروشتی ڕەخنەگرانەی بە ئاگاوە,وە بەزیندوویی ویژدان و بەهێزی ئیمانەوە بەکاردێت لەلایەن هاوڵاتییان وەک تاکێک لە لایەک و وە لە پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانیانەوە لە لایەکیترەوە)[1] لە ئەنجامی کۆکردنەوەی هاوکێشە ئاینی و یاساییەکاندا دەگەینە ئەوەی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریبکەین, وەلەکۆتاییدا ئەم پێکهاتەیە بریتی دەبێت لە چەند خاڵێک و بنەمایەک, کەدەتوانین بە سیستەم ناوی ببەین, وەهەر نەتەوەیەک لە سەربناغەی دەقنووس و بیروباوەڕەئاینی و یاسا دانپێنراوەکانەوە, سیستەمی خۆی دادەڕێژێت و ئەندامان و هاوڵاتییان ناچاردەکات پابەندبن پێیانەوە, بەڵام گەیشتنی سیستەمەکان بە پلەی پیرۆزی و مانەوەیان بە جێگیری پێویستی بە تێپەڕاندنی کات هەیە تادەبێت بە باوی ناسراو لای هەمووان(بۆیە لێرەوە سیستەمی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کۆکردنەوەی ڕێسا کۆمەڵایەتییە باوەکانی کۆمەڵگە, کەلەداب ونەریت و ترادیسیۆن و بەهاوخەسڵەتە ئاکارییەکان پێکهاتوون,هەندێک لەم توخم وڕەگەزە شارستانییانە دەمێنێتەوەو بەردەوام وسەرکەوتوودەبن دەگۆڕێن بۆ سیستەم. بۆ نموونە نەریت زاراوەیەکە ئاماژە بە شێوەکانی بیری ئەو ڕەفتارە جێگیرە دەکات,کەتاک لەناو دەستەو کۆمەڵەو کۆمەڵگەدا دەیکات, بەردەوامی کارکردن بەم نەریتە دەبێتە سیستەم.)[2] کەدواجارهەندێکیان دەبنەمایەی مەینەتی وبارگرانی بەسەرتاک وکۆمەڵ.

### ٣-تابۆی گوناه:

چەمکی "گوناه" وەکو فۆرموولەیەک باڵ بەسەر تاوانکاریدا دەکێشێت, لەڕوویەکیتریشەوە بەرگێکی ئاینی دەپۆشێت, واتە هەر تاوانێک مرۆڤ ئەنجامی بدات لە هەر بوارێکدا لە سادەترینەوە تا گەورەترین, ئەوا ئاین وەکو گوناه بە پەیڕەوکەرانی دەناسێنێت و سزای بۆ دیاریکردووە, هەر ئاینێکیش بە دەستوورو پەیامە تایبەتەکەیەوە تابۆو ڕێگری دەخاتە سەر گوناهەکان یان تاوانەکان, بێگومان هەردووتابۆکەی پێشتریش دەبنە بەشی ئەم تابۆیە, بەڵام ئەوان دوو ناوەندی بە تابۆکردن وەردەگرن هەم لەڕووی یاساییەوە هەم لە ڕووی ئاینییەوە, هەرچی تابۆی گوناهە ئەگەرچی یاساو کاروبارە دەوڵەتی و دادوەرییەکان سزای قانوونی دەسەپێنن

---

١- د.محمدطلعت عیسی - ألشائیعات وکیف نواجهها - ط١-داروماطبع شعب -قاهرة - ١٩٦٤- ص١٣٤

٢- د.محمدشوانی -سیستەم ودامەزراوەکۆمەڵایەتیەکان -کەوانە -ژ- ١٩ -٢٠١٣- ل٢٠

بەسەر تاوانباردا, بەڵام لە نێو خۆیشیدا تابۆ داڕێژدەبێت بۆ خودی ئەم پرسانەی ئاینەکان ڕەتی دەکەنەوە, بەو مانایەی تابۆی گوناه ڕوخسارێکی هەمەچەشنەو ناوەرۆکێکی ئاینی هەیە, من لێرەدا نامەوێت بچمە وردەکاری گوناه وتاوانەکان, تەنها گەرەکمە ئەوە ڕوونبکەمەوە کە پەردەیەکی تەنک هەیە لە نێوان ئەم جۆرە تابۆیەو تابۆکانیتردا, ڕاستی ئەم مەسەلەیەش لەوەدا چڕدەبێتەوە کە تابۆکانیتر هەرچەند پاڵپشتی لە دەقە ئاینییەکان وەربگرن لە هەمان کاتیشدا کلتوورو بنەچە کۆمەڵایەتی و خێڵەکییەکان جێ دەستییان بە سنوورە تابۆییەکانەوە دیارە , کەچی تابۆی گوناه تەنیا سرووش لە ڕێنماییەکانی پەروەردگار وەردەگرێت, وە بە درێژایی زەمەن بە نەگۆڕی دەمێنێتەوەو ئاڵوگۆڕەکانی بەندوباوونەریتەکان کاری تێ ناکات. بەڵکو بە پێچەوانەوە خۆی دەبێتە چاوگی بونیاتنانی ڕەفتارە ناسراوو بە پیرۆزبووەکان لە نێوان تاکەکاندا.(بە دڵنیاییەوە ئاین هەر ئەوەیە کە هەبووەو ئێستاش هەیە, چونکە ئاین هیچ جۆرە دەستکارییەکی تێدا ناکرێت, مەبەست ئەوەنییە کە مرۆڤ ناتوانێت دەست لە هیچ شتێک وەربدات, بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئاین چۆن دروستکراوە هەر وایەو مۆدێرنەو نوێگەری هەڵناگرێت, هەر ئاینێک کە لە سەردەمی خۆیدا دروستکراوە کت و مت بۆ ئەو سەردەمە دروستکراوە, بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەوکاتە هاتۆتە ئارا کە خۆی بەدیهاتووە)[1] بەم جۆرە بیرکردنەوە دوور لە دین و بێ لایەن و تاکەکەسی و جەماوەرییەکان ناتوانن دەسکاری تابۆی گوناهە ئاینییەکان بکەن, لەگەڵ ئەوەشدا زەینی زۆرینەی خەڵکیان بە پێکهێنانی نەستێکی ئاینی بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاکارەکان پڕکردۆتەوە.واتە لەکۆتاییدا گوناهەکان دوو پێناسی بە تابۆبوون وەردەگرن یەکێکیان لە کۆمەڵگاوە کە هەر لە ئاینەوە گەلاڵە بووە, ئەویتریشیان ڕاستەوخۆ لە خودی ئاینەوە پاڵپشتی وەردەگرێت.بۆ نموونە ئێمە نەستی کۆمەڵایەتیمان ڕێگە بە تێکەڵبوونی یان پەیوەندی نێوان نێرومێ ی مەحرەم بە یەکتر نادات, وە بەچاوی یاساخکاری سەیری دەکرێت, بەهەمان شێوەش ئاینەکەمان "کە ئیسلام "ە پاڵپشتی بەدەقی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز ئەم تابۆیە دووپات دەکاتەوە. ئەگەرچی هەردوو تابۆکەش لەیەک کلاوڕۆژنەوە هاتوون بەڵام یەکێکیان وەک باوکە کە ئاینەکەیەو ئەویتریان نەوەکانە کە کۆمەڵگایە, پەیامەکەش لە باوکەوە بۆ نەوەکان دەگوازرێتەوە. هەموومان درک بەمەش دەکەین کە ئەخلاقیات و بەهای ڕەوشتی نێو هەر کۆمەڵگایەک لە ئاینەوە سەرچاوەی دارشتووە بە بەڵگەی ئەوەی کە(ئەخلاق ئەگەر هیچ شتێکی لە ئاین لە خۆنەگرتبێت "وەرنەگرێت" , ئیتر ئەخلاق نامێنێت. لەم ڕووەوە, نەفرەتێک کە گوناه دەیوروژێنێت, لە هەر ڕوویەکەوە بەراورد دەکرێت لەگەڵ ئەو نەفرەتەی کە بەرامبەر بێ ڕێزی "بەشتێکی پیرۆز" لە باوەڕدارانددا دروست دەبێت)[2] وە دەششێ بە دوو ئاراستە وەریانبگرین بەوەی کۆمەڵگە بە تێپەڕبوونی بە هەرەس و لەدەستدانی بەها ئەخلاقی و مرۆڤایەتییەکان گەیشتبێتە ئەوەی چەند دۆگمایەک وەک پەتا بناسێنێت و بە بۆماوەییش دانی پێ پنرێت, وەهەم ئاینیش هاو ئاراستە ئەم ڕەوشە پشتڕاست بکاتەوە بە نیشاندانی بەڵگەو

١- عەلی ئەکبەر مەجیدی - جیاکردنەوەی ئاین لەسیاسەت وچاکسازی لە یاسادا- ل١٣٧

٢- مەسعودجەلالی موقەددەم -ئاین وکۆمەڵناسی - و.هیوامەلاعەلی-چ١- دەزگای وەرگێڕان -٢٠٠٥-ل٨٨

پەیامەکان(هەر بۆیە چ لە ڕێگای قورئانەوە چ لە ڕێگای سوننەتەوە(حەدیس), لە گۆڕەپانگەلی جیاوازی کۆمەڵایەتی وئابووری و کلتووریدا, یاساو ڕیشەگەلێک, بوونەتە خاوەن شێوازو وەک میرات ماونەتەوە کە هەم بۆ گۆڕانکاری نابن و هەم بە بوونی ئەوان, شوێنێک بۆ یاسادانان و دەنگی خەڵکی هەر دەورەیەک ناهێڵن. ئەو ئەرێ و نەرێیە داڕێژراوانە لە کۆمەڵدا کە بەهۆی کەس یان کەسان یان کۆمەڵێک یان وەک بەرهەمی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی نێوان بنکەو بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان,بێ پسانەوە لە دەورەیەکی تایبەتی دووپات بوونەتەوەو ڕەفتاریان پێکراوەو بۆ نموونە لە یەک ساڵەوە تا سەد ساڵ, ڕیشەیان داکوتاوەو زانایانە یان ناخۆئاگا, بوونەتە بەشێک لە ڕەفتارو بۆچوونی خەڵک)[1]ئەگەر گوزەرێکی کورت بکەین بە ناو کوچەی ئەو گوناه و تاوانانەی هەر لە ئەزەلەوە بەرۆکی مرۆڤایەتی گرتووە, دەبینین لە دزی و تالان و فێڵ و درۆو دەست درێژی سێکسی و تا دەگاتە گەورەترین تاوان کە ئەویش تاوانی کوشتنە,ئەم تاوانەش لە یەکەم نەوەی ئادەم و حەواوە هەر لە هابیل و قابیلەوە بۆمان بەجێماوە.

کوشتن جگەلەوەی وەک گەورەترین تاوانەکان دێتە هەژمار,لەپاڵ ئەمەشدا تاعوونی بەرژەوەندی و ململانێ و تەماحکاری لەگەڵ خۆیدا بڵاودەکاتەوە, ئەم تاوانە هەر لەکۆنەوە بەر نەفرەتی هەمووگەلانی دونیا کەوتووەو بەهەموو شوەیەک بەرهەڵستی لێ دەکەن, سزای یاسایی وکۆمەڵایەتیشی خراوەتە سەر, لەم لایشەوە ئاینەکان بە ئاسمانی ونائاسمانییەوە, سزای پاشەڕۆژێکی سەخت کەخودای هەردوو دنیا تووڕەدەکات بۆ ئەنجامدەرانی داناوە, هەروەک لە ئیسلامدا هاتووە هەرکەسێک کەسێکیتر بە ناحەق بکوژێت هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوەی دیواری کەعبەی پیرۆزی ڕووخاندبێت, جا هەریەک لەگوناهەکان بەپێی ڕاددەی خراپی و کاریگەریەکەی هەم لە ئاین و هەم لە کۆمەڵدا تابۆی بۆ براوەتەوە قەدەغەکراوە.(لەمێژووی دێریندا کە هێشتا دەوڵەت ودامەزراوە نەبووە, سیستەمی خێڵایەتی دەسەڵاتی سیاسی بووە کۆمەڵگاکانی بەڕێوەبردووە. بۆیە سەرۆکەکانی ئەو تایەفەو خێڵانە خۆیان و بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان پێوەریان بۆ چاک و خراپ و ڕاست و هەڵە داناوە. ئەمانە هەر خۆشیان دەسەڵاتی ئابووری کۆمەڵگاکانیان بەدەستەوەبووە, بۆیە توانیویانە پێوەرەکانی خۆیان بچەسپێنن. دەسەڵاتی ئاینیش کە برێتی بوونە لەو پیاوانەی کە نوێنەرایەتی باوڕیان کردووە, توانیویانە برێکیتری ئەو پێوەرانە دەستنیشانبکەن کە چاک وخراپی پێ لەیەکتر جوداکراوەتەوەو چوارچێوەی ئەخلاقی پێ دروستکراوە, چونکە ئەمانە دەسەڵاتیان بەسەر دەروون و ڕۆحی مرۆڤەکاندا هەبووەو توانیویانە کاریگەری لەسەر ناوەوەی مرۆڤەکان دابنێن)[2] ئێمە وتمان گوناهەکان و تابۆکردنیان یان سزاکانییان لەڕووی شەرعەوە بە نەگۆڕی دەمێنێتەوەو بەسەر پەیڕەوکەرانی ئاینەکان دادەسەپێت, بەڵام ڕاستییەک هەیە پێویستە بیخەینە بەرچاو ئەویش ئەوەیە کە بەهۆی کرانەوەی دنیا بە ڕووی زانست وپێشکەوتنە یەک بە دوای یەکەکانی ئادەمیزاد لە

١- د.حسێن خەلیقی - دیموکراسی ومافی مرۆڤ لەئاینی ئیسلامدا-کەوانە -ژ -١٥ -٢٠١٣ - ل١٠٦-١٠٧

٢ - خالیدعەبدولکەریم حەمەلاو- لەفیمینیزمەوە تاهیومانیزم-چاوپێکەوتن:مهابادقەرەداغی- -چ١-چاپخانەی ئاراس-هەولێر-٢٠١٠-ل١٢٩

ڕووی بە مەدەنیبوون و بە مۆدێرنە بوون هەندێ لەم تابۆو سزایانە پەراوێزدەخات کە لەگەڵ مرۆڤی سەردەمدا ناگونجێت و پێشێلکاری وچەوساندنەوەی مافەکانی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە لەوانەش لەکەم وڵاتی ئیسلامیدا(بێڕازکردنی مەی خۆرو بڕینی دەستی ئەوانەی دزی دەکەن, لەگەڵ بەردبارانکردنی ئەو کەسانەی پێوەندی ناشەرعی دەکەن و سەرانە سەندن لەوانەی موسڵمان نین و سەر بە ئاین ومەزهەبی ترن)[1] پەیڕەودەکرێت. بۆ ئەوەی گوناهەکان کۆنترۆڵی گشتییان بەسەرەوەبێت و ئاینەکانیتریش بێ جیاوازی بیانگرێتەوەو سزاکانیان قبوڵکراوبێت لای هەموو ڕەگەزو بەشە پێکهێنەکانی کۆمەڵ, دەبێت عەقڵی یاسایی ودەستووری بەژداربێت و لەبەردەم هەر کردەوەیەکی نامرۆڤانە سەر هەڵبڕێت.

تاسەی هەر تاوانلێکراوێکیش بە گەیاندنی تاوانباران بە وەرگرتنی سزاکەیان بشکێنرێت بە مەرجێک پێگەی شەرع لاواز نەکرێت و مرۆڤیش وەک بەندەیەکی چاخە سەرەتاییەکان سەیرنەکرێت و لە ژێر فشاری هیچ ئاینێک مافەکانی فەرامۆش نەکرێت, یان سزای توندو تیژانەی جەستەیی یان کەرامەت شکێنی بۆ نەبڕێتەوە,هێڵە تابۆییەکانیش لەسەر پێچەشتنی ڕاگرتن ودوور خستنەوەی گوناهبار لە ژینگەی ئاسایی کۆمەڵدا تۆختر بکرێتەوەو بەڕوونی بناسێنرێت(دەبێت هەرنەتەوەیەکی مۆدێرن بەهاگەلێکی ئەخلاقی هەبێت, بۆ ئەوەی بیکاتە پێوەریک بۆ ڕێکخستنی پێوەندی نێوان ئەندامەکانی, ئەگەر ئەو سیستەمی بەهایە بەهای حەڵاڵ وحەڕام بێت, ئەوا تەنیا هوشیاری دەستە جەمعی موسڵمانان قبوڵی دەکات و هاووڵاتییانی تر تەرێزی لێ دەکەن, لەبەرئەوەی لەگەڵ مۆڕاڵی تایبەتی ئەواندا یاخۆ لەگەڵ بەها ئینسانییە عەلمانییەکاندا ناگونجێت, لێرەوە بە ناچاری دەبێت سیستەمێکی مۆڕاڵی جیهانی پەیڕەوبکرێت کە هەمووان پەسەندی بکەن)[2]چونکە ئەگەر وانەبێت ڕاگرتنی باڵانسەکان لەنێو کۆمەڵدا لەنگی تێدەکەوێت و,لەبەرژەوەندی تاقمێک یان بیروباوەڕێکی دیاریکراودا دەشکێتەوە.

### ٤-تابۆی داشۆرین :

داشۆرین لەو ڕەهەندانەی پەلی بۆ دەهاوێ, تابۆیەکی دووسەرەی لێ پێکدێت, من لە ڕوانگەی کاری ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی و دەربڕینی ئاسایی باودا(توانج وتەشەر), داشۆرین پۆلین دەکەم.هەروەها ئەوەی تایبەت بوو بەکارە ئەدەبی و ڕۆژنامەوانییەکان قسەی خۆمانمان کرد لەبارەیەوە, ئەوەی ماوەتەوە پەنجەی بۆ درێژبکەم لە توانج و تەشەری کۆمەڵایەتییەوە بگرە تادەگاتە هەجووی سەرکردەکان و پیاوانی سیاسی و کاربەدەستانی دەوڵەت دەگرێتەوە ,بەتایبەت ئەم چەند وشەیەی لەکۆتاییدا دەرمبڕی جێگای سەرنجە, چونکە هەڕەشەو تۆقاندنی هاوڵاتی بەوەی سەرکردە یان پیاوانی ئاینی نێو کەنیسەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا لەوەی لێی چاوەڕواندەکرێت بەدەرەوو, نابێت کەس بە دۆکەیان بڵێ ترشە,جا چ جای ئەوەی جورئەت بکرێ, تۆمەتیان بخرێتە پاڵ و فرو فێڵەکانیان لەسەر مێزی تاوانکاری کەشف بکرێت,خەڵک ئەوەندە چاوترسێن کراون

١- عەفیف ئەخزەر- عەلمانییەت وئسوولییەت - و.شوان ئەحمەد-چ٢-چاپخانەی ئاراس- هەولێر-٢٠١٢ - ل١٩

٢- هـ -س - پ - ل٣٩-٤٠

کەنەتوانن دەردە دڵێک چ بە هۆنراوە یان بە وتارێک لە ڕۆژنامەیەکدا یا لەباس و خواسێکی کۆبوونەوەکاندا دەربڕن , سیاسییەکانیش هەمیشە خۆیان بە فریاد ڕەسی لێقەوماوان دەزانن لە پەنای سەرکوتکردن و دۆڵ لێدان بەناوی ئازادییەکانی ئەوانەوە, لافی پیرۆزی و شانوشکۆی پاڵەوانیەتی لێدەدەن. فیزی نیشتیمانپەروەری و خەمخۆری و سەروەرییەکانی ڕابردوو بەسەر پەککەوتەو هەژاراندا دەبەخشنەوە, بەجۆرێک کەشێکی تۆتالیتارییانەی بەرنامە بۆ داڕژاو دروستدەکەن, لە پێناو مانەوەی کورسی و سامان وپلەو پایەی ئاینی یان سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا , سیخوڕ بەسەر سیخوڕەوە دەکەنە چاودێر, هیچ بەهایەک بۆ ئازادی و دەنگە نارازییەکان ناهێڵنەوە.

ئەمانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێدا تەنها بۆ ئەوەیە کەخوێنەر بگاتە کرۆکی مەبەستەکەم لەتابۆی داشۆریندا, ئێستا بەهەموو مانایەک ڕوونە کە لەدۆخگەلێکی وادا هەر خاوەن ویژدانێکی زیندوو یان هەر دەروونێکی پاک وبێگەرد چ ڕۆشنبیر بێ یا ناڕۆشنبیر ئەدیب بێت یا کرێکار ڕۆژنامەوان بێت یان یاخیبوویەکی نامۆ, بە پێی مەودای کارو تێفکرین و دونیابینی خۆی حەز بە هەڵڕشتنی کەف و کوڵی ناخی دەکات, توانج لە هەر هەڵەو گەندەڵییەک دەوەشێنێت کە سەدان هەزار کەس دەکاتە قوربانی ئەژدیهایەک یان سیستەمێکی پاوانخواز, لێرەدا داشۆرین بۆ چەمکە ماف پەروەرانەو مرۆڤ دۆستییەکەی خۆی پێشنیگا دەکات, نەک بۆ ڕووشاندنی کەرامەت و قسەکردن لەسەر تایبەتییە خێزانی و کەسییەکانی خەڵک, هەر بۆیەش چ بەناوی ئاین یا سیاسەت ڕیشاڵە تابۆییەکانی بە نێو شانە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبۆتەوەو لە سەروویشەوە چەکوشی پایەدارو خاوەن هێزو دەسەڵات لە بانگخوازانی ئازادی و تانەلێدەرانی نادادی بڵندکراوە.کەواتە لەهەر شوێنێک زەمینەی ڕەخنەگرتن بە شێوازێکی دیموکراسییانە سازنەبێت, ئەوا هەرگیز ئەو جیهانە بەرهەم هاتووەی ئایدۆلۆژیا دایدەسەپێنێت, بێ داشۆرین و پلارو توانج نابێت هەرچەندە هەڕەشەو چاوسوورکردنەوەشی بخرێتە سەر(هەروەها برەو پێدانی ڕەخنەوڕەخنەگرتن کە ئەقڵ و ئاوەز دەژێنێتەوەو ڕوح ئاوەدان دەکاتەوەو ڕەخنەو ڕەخنەگرتن ڕێگە بۆ مرۆڤ خۆش دەکات کە شارستانییانە گوزارشت لە خۆی بکات, لە ڕق و کینە بەتاڵ دەبێتەوەو هەرگیز پەنا وەبەر توندو تیژی نابات)[1]وە بە پێچەوانەشەوە بە ناساندنی سیاسی و سەرکردەو پیاوانی دەوڵەت یا ئاین وەک کەسایەتی جیاواز لە مرۆڤی ئاسایی و کردنیان بە وەهمێکی ترسێنەر بەسەر هاوڵاتییاندا, هاوڵاتی ڕق ئەستوورتردەکات بۆ تانەدان و شوشتنەوەی ڕەفتارو کردارە نابەجێکانیان, بە ناولێنانی (داشۆرین)بۆ هەموو ئەم گوتارو هۆنراوەو نووسینە ڕۆژنامەوانییانەی کە دژ بە کەسایەتییە پیرۆزبووە نائاسایی و نادادپەروەرییەکاندا دەگوترێن, بە پێویستمزانی بڵێم "داشۆرین" بە پێودانگە ئەدەبییەکەی جنێودان و تەشەر ناگرێتە خۆ, هەروەها ڕەخنەی ئایرۆنییانە یان ساتیری گاڵتە ئامێزیش ناچنە ناو خانەی ناوەرۆکی ئەم چەمکانەی بە تابۆ لەقەڵەم دەدرێن و خەنجەری ژەهراوییان بۆ هەڵدەکێشرێت بەڵکە "داشۆرینن" لە چواچێوەی دیموکراسیدا بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر مافەکانی مرۆڤ و گێڕانەوەی متمانەی نێوان کۆمەڵ و دەسەڵات, یان

---

١- حەمە کەریم عارف -کۆمەڵگەوزەبروزەنگ - نەوشەفەق- ژ-٣٠- ٢٠٠٥-ل[٣٤]

پەردە هەڵدانەوەیە لەسەر بە لاڕێدابردن وچەواشەکردنی خەڵکی نارۆشنبیرو ساکار لە لایەن شێخ و فاڵگرەوەوەکانەوە. کەوەک باسمکرد چ وەک تابۆیەکی ڕۆحی و نەستی یان هەستپێکراوو لە لایەنی سیاسی یائاینییەوە ڕێگای پێ گیراوە, کەئەمەش سیمایەکی هەرە زەقی نەبوونی شێوازی دیالۆگ و دەمبەستکردنی ئازادی ڕادەربڕینە,نموونەی ئەم جۆرە سەرزەنشتە لە ئەدەبیات و ڕۆژنامەگەری ئازاددا ڕەنگی داوەتەوە , بەڵام زیاتر لە ئەدەبیاتدا دەبینرێت چونکە شیعرو پەخشان دەشێ بە چەندین لێکدانەوە ڕاڤەبکرێت و ڕەمز بۆ داتاکانی ناوی دابنرێت.هەروەها زۆری خوێنەری شیعرو کاریگەرییەکەی وایکردووە,دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان ترس و دڵەڕاوکێ بیانگرێت بەرامبەر شاعیران, بەرهەمی بەرچاومان هەن لەم بابەتە لە ئەدەبیاتی کوردیدا کە دواتر بە پێی پێویست بە درێژی دەیانخەمە ڕوو,دژ بە درندەیی ڕژێمە داگیرکەرەکان و تەڵەکەبازی شێخ و دەروێشەکان, هەروەها(نەبوونی دادپەروەری لە بەرنامە ڕێژی دەسەڵاتی سیاسیدا, ڕقی جەماوەر هەڵدەستێنێت, ڕۆشنبیرانیش هاندەدات کە ڕەخنە لەو بارودۆخە بگرن, بەڵام لەبەر زەبرو زۆری دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی حوکمڕانی نەدەکرا ئەو ڕەخنە بەجێیانە لە چوارچێوەیەکی میدیایی ڕاستەوخۆدا بدرکێندرێن, بۆیە مافێکی ڕەوای گەل بوو, کە ئۆرگانێکی نهێنی وابدۆزنەوە کە بتوانێت پەیامی خۆی جێبەجێبکات و لە هەمان کاتیشدا خۆی لەسانسۆرو بەدواداچوون و چاوسوورکردنەوەی دەسەڵات بپارێزێت)[1] ئەمەش شیعرو وتاری ڕەخنە ئامێزی نووسەرو ڕوناکبیرانە کە من لێرەدا دەتوانم بە ڕقی پیرۆزناویان ببەم.

ج- تابۆی جێگیر :

جێگیربوون یان نەگۆڕی لە هەر باباتێکدا, دەمانباتە سەر دووخاڵ یەکێکیان سەرەتاییە بۆ تێگەیشتن و چووونە ناو بابەتەکەوە, یان چۆنییەتی بە جێگیربوونی ئەم بابەتە لەنێو ژینگەی کۆمەڵایەتیدا, خاڵی دووەمیش خاڵی کۆتایی یان سنووری دابڕانییەتی لە ئەگەری دەستکاریکردن یان هەر جۆرە گۆڕانێک, واتە ئەو ڕاستییە چەسپاوانەی دانی پێدانراوەو هیچ بوارێک بۆ سەرپێچی و لادان لێی ناهێڵێتەوە, ئەمە وەک بابەت لە ڕووی کاتیشەوە دەبێ ئەمە زانراوبێت کە ئاکارو ئەدگارە نەگۆڕەکان بە درێژایی زەمەنی کۆمەڵایەتی هەر گەل و نەتەوەیەک وەک خۆی دەمێنێتەوە, بارودۆخە نوێ و پێشکەوتنە زانستییەکان یان گۆڕانە هزرییە خێراکان کاریگەرییان بەسەرییەوە نابێت.هەربۆیە پێناس و شوناسی خودی ئەم چەمکە چەق بەستووانە تابۆیەکی هەمیشەیی هەڵدەگرێت, کەواتە بۆ مانەوەی نەریتێک یان پەیڕەویکردن لە دەقێکی ئاینی یان هەر داسەپاوێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی هۆکار گەلێک هەن کە دەبنە ڕاگر بۆ موکومکردنیان لە نێو دەروونی کەسەکاندا,وە بەتابۆکردنیان بۆنموونە(بتێک کە شتێکی زۆر پیرۆزە, وە بە پیرۆزدانانیش بالاترین بەهایە, کەتاکو ئێستا مرۆڤەکان قەبوڵیان کردووە. بەم حاڵەش بتێک جگە لە پارچەیەک بەرد, یان پارچە دارێک هیچی زیاتر نییە, کە لە خودی خۆیدا هیچ بەهایەکی تێدانییە)[2] بەڵکوپاڵپشت بە هێزێکی ڕۆحی داسەپاو لە لایەن ڕابەرو

---

١- د.ئەحمەدقەرەنی-ڕەخنەی ئایرۆنی لە شیعری نوێی کوردیدا ١٩٢٥-١٩٧٠- چ١-چاپخانەی حاجی هاشم-هەولێر-٢٠١٢-ل[١٥٣]

٢- مەسعودجەلالی موقەددەم -ئاین وکۆمەڵناسی - و.هیوامەلاعەلی-چاپی یەکەم-دەزگای وەرگێڕان -٢٠٠٥- ل[٧٤]

خولقێنەری تەوتەمە ئاینی و نەریتییەکان , دەشێ هەر شتێکی ماددی یا مەعنەوی وەکو تابۆیەکی جێگیر بناسرێن و هەوڵی دژبوونیان قەدەغەبکرێت. تابۆجێگیرەکان دەبنەمایەی پیرۆزاندنی تاهەتایی چەند شتێک, جا بەقەدەغەکردنیان بەشێک لەم شتانە سوود بەخش دەبن بە قازانجی بەرگریکردن لە بەها ئەخلاقییە بەرزەکان بۆ کۆمەڵ دەشکێنەوە, بەشێکیشیان دەبنە مایەی سەرئێشەو بەرۆکی نەوەکانی داهاتوو دەگرن و دووچاری کێشەی ڕۆژانەیان دەکەنەوە, یان ئەوەتا دەستەی ڕۆشنبیران و تازەپێگەیشتووان نامۆو یاخی دەکەن, جابەڕای من پێویستە بە کۆمەکی دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی شەرعیەت و یاسادانان بەردەوام فلتەر هەبێت بۆ هێشتنەوەو بەرز ڕاگرتنی ئەو ئەدگارو بەهایانەی زەروڕەتی مێژووییان هەیەو ,وە لابردن یان گۆڕینی ئەوانەی کە بە زیان بۆسەر ماف و ئازادییە گشتییەکان دەشکێنەوە, فەیلەسوفان بە شێوەیەکی تیۆری لە هەڵکشان و داکشانی بە ڕەسەنایەتی بوون و سازدانی کەشێکی لەبار بۆ جێگرتنەوەی وشکبووەکان بە ماددەیەک یان پرۆژە یاسایەک کە جێگای خۆشحاڵی هەمووان بێت ,دواون.

نیتچە لە هزرو تێڕامانی فەلسەفیانەی خۆیدا هێز وەک فاکتەری دوابڕیار دەبینێت بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم بابەتانە(ڕەخنەکانی نیتشە لە بەها ئەخلاقییەکان زۆر بە هێزن, نیتشە پێمان دەڵێ ئەوانەی باس لە ئەخلاق دەکەن تەنیا لە ڕوانگەی هێزەوە ئەم کارە دەکەن و دەیانەوێت لە ڕێگەی خولقاندنی تابۆوە مرۆڤ ملکەچ و کۆیلەبار بێنن, سەرجەم ئاین و ئاینزاکان و سیاسەت و ئایدۆلۆژییەکان دەیانەوێت ویستی هێز بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن, سا لە ڕێگای ترس, یان پەروەردەکردنی مرۆڤی دەستەمۆبێ, یان ئەو هێزی کەوا خودی پارەو گەندەڵی سیاسی لە دنیادا دەیکات. نیتشە مێشکی مرۆڤ تیژدەکاتەوە چۆن لە دەسەڵات و ئاین وفۆڕمەکانی ژیان تێبگەین چۆن لەو ئەخلاقە گەندەڵانە بکۆڵینەوە کە دزەدەکەنە ناو مێشک وەک جاڵجاڵۆکە هێلانە دەکەن و بێ زەین دەخولقێنن!)[١]ئەگەر بمانەوێت لە ڕوانگەی ئاینەوەلە تابۆ جێگیرەکان بدوێین بۆنموونە دینی ئیسلام وەربگرین ئەوا پێکهاتەکانی خۆی دابەشدەکات بەسەر ئەرکانەکان و ئەحکامەکان, لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەم ئەرکانانە دەناسێنێت کە موسڵمانی بوونی هەر تاکێک دەسەلمێنێت, جگەلەمە کۆمەڵێک ئەحکام یاخود ئەم تیشکە ڕەفتار بەخشانە دەبینین کە بە نێو حەڵاڵ و حەڕامەکاندا دەڕوات و لە هەندێ شوێن تۆخ و لە هەندێ شوێن کاڵ و لە هەندێ شوێنیش لە نێوان تۆخی و کاڵیدا جۆرێک لە مشت ومڕی ئاینی بە جێ دەهێڵێت کە دواتر مەزهەبەکان یەکلایی دەکەنەوە, وەک ئەوەی دزی و ڕیباو ماڵی خەڵک خواردن و کوشتنی بە ناحەق و خواردنەوەی ئەلکهول و زیناو نەدانی زەکاتی دەوڵەمەندان و ..تا د بەتابۆی جێگیر ناسراون, هەروەها ئەرکانەکان کە قودسیەتێکی نەگۆڕیان هەیە, پایە سەرەکییەکانی موسڵمانبوونیان لەسەردامەزراوە(وەلەسەر ئەمە شەریعەتی ئیسلامی دوولایەنی هەیە یەکەمیان دەستووریەو نەگۆڕە بە نەگۆڕی بنەماو ئەرکانەکان وە دووەمیان زانیاری و قانوونیە, لەبەرئەوەی وێنای هزری ئیسلام و تێکۆشانەکانیان دەکات لەزەمەنێک لە زەمەنەکان یان لە چاخێکی جیاواز, وەئەم لایەنەیان پیرۆزی و قەدەغەکردنی وەک لایەنی

---

١-سەعیدکاکی-ڕەخنەی بەها ئەخلاقییەکان لە فەلسەفەی نیتشەدا- ڕامان- ژ-١٩٤ -٢٠١٣ - ل١٠٩

یەکەم نییە چونکە بۆیەکراوە بە ڕووکەشی عەقلی و تێکۆشانەکانی)[1] بە هەمان شێوە لەنێوکایەکانیتری دەسەڵات و سیاسەت و پاشاشدا لە ژێر هەر بیانوویەکەوە بێت ئەم جۆرە تابۆیە بەدی دەکرێت. وە لە هەندێ باردا ڕۆڵێکی ئەکتیڤ دەگێڕێت لە هەندێ باریشدا ڕۆڵێکی نێگەتیڤ دەگێڕێت, یانیش دەبێتە بارێکی قورس بەسەر شانی هاووڵاتیانی ئەم وڵات یاناوچەو هەرێمانەدا.

تابۆی سەرکردە یان ئەم پاسایانەی دەسەڵاتێکی تابۆ ڕێز بە تارماییەکی تۆقێنەرەوە بەسەرکردارو گوفتاری تاکەکانیدا دەیسەپێنێت, نموونەی ئەم تابۆیانەن کە هەروەک "نیتچە"پاسیدەکات بە هۆی فشارەوە دەیخەنە ناو مێشکی جەماوەرو, قابیلی هیچ گۆڕانێک نییە, لە حاڵەتی واشدا بە پەنابردن بۆ دیموکراسییەت و هەڵوێستی مەدەنییانە گۆڕانی ڕێژەیی هەر ڕوودەدات, وەئەگەر ڕووشنەدات خوێن لە دەمارە مەییوەکانی بەر دەبێت وگۆڕانخوازان وپاخیبووان سەری فیداکاری و بەرخودانی بۆ هەڵدەگرن. بەتایبەت ئەو شکۆمەندییەی دەدرێت بە سەرۆک و گەورە پیاوانی هۆزەکان یان کەسایەتییەکان تابۆی کلۆمدار دەخەنەوە(وە ڕەهەندێکی سیاسی بەم بەهایە دەبەخشن بەوەی هەموو ئەو سەرکردانەی کەسایەتی ڕابەریانەی خۆیان لە نێو گەلەکەیاندا دادەنێن, پێگەی سیاسی بەناوبانگی خۆیان وەدەست دێنن, بۆ وەسف کردنیان بە سیفەتی ڕێزلێنان وە هەژمارێک ناولێنانی تر)[2] وە بەدەر لەتابۆی نەگۆڕی ئاینی یان ڕامیاری, تابۆی نەگۆڕیتری پاسایی تایبەت بە ناوچەیەک یان چەند وڵاتێکی خاوەن پەیماننامەی نێودەوڵەتی وەک بەندەکانی مافی مرۆڤ و, ئەو پاسایانەی سەبارەت بە منداڵان و مافە مەدەنی وگشتییەکان دەرچوون تابۆی نەگۆڕیان لەسەرە بەمەبەستی لانەدان وسەرپێچینەکردن لە مافە سەرەتایی و بنەڕەتییەکان وئەفراندنی ڕەوشێکی مرۆڤدۆستانەی ئارام.

ئەمانەو سەرەڕای ئەمانەش بوونی قەیرێک لەم بەندوباوە فۆلکلۆرییە کلتووریانەی لە دێرزەمانەوە سنگیان داکوتاوەتە نێو هەر یەک لە نەتەوە جیاوازەکان, وەخەڵکیان لە ئەگەری وازهێنان یان پەیڕەونەکردن بێ ئومێدکردووە, چونکە هەمووان گەیشتوونەتە ئەم هوشیاریەی کە لە ئەگەری هەر گۆڕانێک لەم بەها وەستاوانەدا لاسەنگی و داڕووخانی کۆمەڵێک لە پەیوەندییەکان و توندو تیژی لێدەکەوێتەوە(هەندێ بەها هەن بەنەگۆڕی دەمێننەوەو کۆمەڵگە پارێزگاری لێدەکات, بەڵام بە شێوەیەک کە دەربڕینەکان لەو بەهایانە لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی دیکە دەگۆڕێت وەک ئازایەتی و کەڕامەت و ناموس, ئەمەش بۆ ئەو گۆڕانە مێژووییە دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵگە لە قۆناغێکەوە چووەتە قۆناغێکی دیکەوە)[3] واتە گۆڕانی قۆناغەکان لە گوندیەوە بۆ شارستانی یان لە کشتوکاڵییەوە بۆ پیشەسازی یان لەکۆنەوە بۆ مۆدێرن تەنها فۆڕمی ئەم بەهایانە جیاوازدەکات دەنا هەمان پێگەو بایەخی کۆمەڵایەتی و مێژوویان هەیە. هەربەم ڕەنگەکۆمەڵێک ئایدیا لە بەها کلتوورییە باوەکانەوە چەکەرەدەکات و بەرزدەبێتەوە بۆ نەخشەسازی بەڕێوەبردنی وڵات و دام و دەزگای حیزبی ودەوڵەتی, وە

---

١- د.محسن عبدألحميد-منهج ألتغيير ألأجتماعي في ألأسلام - ط١- مطبعة ألزمان- ١٩٨٦ -ص٦١

٢- د.قيس ألنوري- آفاق ألتغييرألأجتماعي ألنظرية وألتنموية- ط١-طبع بمطابع ألتعليم ألعالي-بغداد- ١٩٩٠ - ص١٨٥

٣- شوکرسلێمان - بەهای کۆمەڵایەتی لە مێژوودا - ڕامان - ژ-١٢١-٢٠٠٧- ل١٢٣

ڕەسەنایەتی و حوکمی ڕەها دەدات بە خۆی و هیچ هەویەیەکی تر قبوڵ ناکات لەم بارەشدا هەموو دژبوونێک بە یاساخ لە قەڵەم دەدات و خۆسەپاندنێکی هەمیشەیی دەخاتە هزری هاوڵاتییەوە(هەمیشە لە پەیوەندییە سیاسییەکاندا کۆمەڵێک باوەڕو ڕاستی هەن کە بە یاسا ڕێک نەخراون و دەبنە هێزێکی قەدەغەکاری مێژویی,توانایەکی عەقڵی ڕۆشنبیری و سیاسی گەورەی پێویستە بۆ لابردن وتێکدانیان, چونکە ئەم باوەڕانە ئەوەندە مۆرکی مێژووییان ڕەگاژوبووە کە نەمانیان یا باوەڕبوون بە لادانیان لە یادەوەری مرۆڤەکاندا بەکارێکی نەشیاوو ناماقوڵ دادەنرێ.)[1]کە ئەمەش هێزو تواناو مۆراڵێکی ئانارشیستیانەی پێویستە, بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تاکڕەوایەتی لە سێکتەرە ئابووری و سیاسی وکۆمەڵایەتییەکاندا.

جا خۆدانە بەر بەرهەڵستکردنێکی بە ئەستەم دانراو لەخۆبوردەیی و بوێری دەوێت. هەروەک مێژووش سەلماندوویەتی هەڵگرانی ئاڵای گۆڕانخوازی و ڕەوتە بەستەن شکێنەکان. کەسانی بیرمەندو خاوەن بەرهەمی فیکری و ئەدەبین, کە بەگژ قەدەغەکارییە ناپەسەندو نەگۆڕەکاندا دەچنەوە(ئانارشیزم دەڵێ یاساو ڕێساکان دژبەعەقڵن,چونکە مرۆڤ لەخودی خۆیدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی وئازادەو پێویستی بەیاساودەوڵەت نیەو,دەبێ دامودەزگا دەوڵەتیەکان هەڵبگیردرێن و خزمەتی سەربازی و وەرگرتنی باج هەڵبوەشێتەوە,کاروباری ئابووری لە کۆمەڵگایەکی بێ یاساو بەدوور لەهەرجۆرە تەنگ پێ هەڵچنینێک بەڕێوەبچێت. )[2]ئەمەش جۆرێکە لەخواستە هەمەکییەکانی مرۆڤ,کەلەدەرئەنجامی نارەزایی و,بێزاربوونی لەنەگۆڕە تابۆییەکاندا دەکەوێتەوە.

د- تابۆی گۆڕاو :

گۆڕان لە بنەما ئەخلاقییەکانی هەر پێکهاتەیەکی جڤاکیدا دووبنەڕەتی سەرەکی دەهێنێتە کایەوە,ئەوانیش: ئەم پاڵنەرانەی دەبنە هۆکاری گۆڕانکارییەکان هەروەها بکەرانی ڕیفۆرمخوازو یاخی لە مژارە جۆراوجۆرەکان. بەخوێندنەوەیەکیتر ئەگەر سەیری سیستەمی بەڕێوەچوونی کۆمەڵگاکان بکەین ئەوا دابەش دەبێت بۆ دوو شێوازی هاوسەنگی ولەنگەرگرتن لە پرۆسەی کردارو ڕەفتارە فەرمی و نافەرمییەکاندا کە هاوسەنگی جێگیرو نەگۆڕە وەک ئەوەی پێشتر لەسەری دواین , وەهاوسەنگی کاتی و ناجێگیرە کە کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە بەشێک یا لە هەموو بەشەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات. جا ئەگەر ململانێکان لەسەر گۆڕینەوەی بەرژەوەندی لایەنێک نەبێت بەلایەنێکی تر ئەوا بێشک خواستی جەماوەری لەسەرەو بەرەو چاکسازی و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادی و دیموکراسییە لەکایە جیاوازەکاندا, تابۆش وەک دیوی ڕێپێنەدراوی کردارو ڕەفتارو نووسراوەکان, لەکۆمەڵگەی کراوە بە ڕووی شارستانییەتی نوێدا خۆی گونجاندووە لەگەڵ سەردەمی پێشکەوتنەکانی مرۆڤ لەباری زانست و گەیشتن بە نهێنییە گەورەکانی گەردوون, بەواتایەکیتر تابۆکان یان پیرۆزکراوە هەمەکییەکان خراونەتە بەر میکرۆسکۆبی مۆدێرنەو پاکسازی بۆ کراوە تا ئەو ئاستەی مانەوە یان نەمانەوەی نەبێتە زیانبەخش بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری دەروونی لەسەر تاکەکان بە جێ نەهێڵێت

١- نەجات حەمید ئەحمەد- دەسەڵاتی قەدەغەکردن - نەوشەفەق -ژ-٣٦-٢٠٠٦-ل[10]

٢- ئازاد وەڵەدبەگی -فەرهەنگی ڕامیاری نیگا -چ١ -بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری -هەولێر-٢٠٠٥- ل[24]

(گەشەکردنی کۆمەڵگەو گواستنەوەی لە قۆناغێکی شارستانییەوە بۆ قۆناغێکی گەشەکردووتر لە مەدەنییەت , دەبێتە هۆی گۆڕانی هەندێ پێوەرو داب و نەریت و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی, هەندێ جاریش دەبێتە هۆی یەکانگیربوون لەگەڵ ئەو شێوە پێوەرانەی داب ونەریتی کۆمەڵ)[1] کەواتە هەندێ لە پێوەرەکان بە قۆناغ و پلە بە پلە لە خەڵک دابەستن و تاریکییەوە بەرەو کرانەوەو ڕووناکی هەنگاو هەڵدێنن, بە پێچەوانەشەوە هەندێکیتریان چ بەهۆی پێویستی مانەوەیان بێت چ بە هۆی فشارە دەرەکی و ناوەکییەکانەوە بێت وەکو خۆیان دەمێننەوە.

شایەنی باسیشە کەلەنێو تابۆ جێگیرەکانیشدا ئەوە هەست پێدەکرێت کە لەتابۆیەکەوە بۆ تابۆیەکیتر گۆڕان و جیاوازی لە سەنگ و مەترسییەکانیدا هەیە. بۆ نموونە لە تابۆ سێکسییە جێگیرەکان کە کردە سێکسییە ناشەرعییەکان ودەست درێژییەکان دەگرێتەخۆ, خیانەت و دەستبردن بۆ مەحرەم کە هەردووکیان تابۆی جێگیرن بە لام بە یەک چاو سەیرناکرین, واتە توندی وهێزوکاریگەری سێکسی مەحرەم تابۆکەی جێگیرترو نەگۆڕترە لەهەرجۆرە تابۆیەکیتری سێکسی(قەدەغەکان Taboos لەکۆمەڵگا سادەکان وێنای شێوەی نادروست دەکەن بۆ پێوەرە ڕەوشتییەکان . وە زۆر شێوازی هەیە لەوانە وەک یاساکانی سێکسی قەدەغەکراو کە بەرزترین نموونەی لادانی ڕەوشتی دەنوێنێ لە کۆمەڵگا مرۆییەکان کە وادەکات کاردانەوەی کۆمەڵایەتی بەرامبەر هەبێت, وە وێنای بەهای ڕەتکردنەوەو قێزلێبوون و ترسان دەکات, وە زانراوە لە زۆربەی کۆمەڵگەکان کە قورسترین سزا دادەنێت بۆ ئەو کەسانەی یاسای کۆمەڵایەتی پێشێل دەکەن بۆ سێکسی قەدەغەکراو, ئەمەش وەک ئەنجامدانی پەیوەندی سێکسی(زنا) لەنێوان دایک وکوڕ یان خوشک وبرا وەلەهەمان کاتدا پێوەرەکان سوکتر دەبن لەم لادانانەی کە لە لایەنە قەدەغەکانیتردا ڕوودەدەن لە مەیدانی سێکسدا, وەک ئەوەی لە ئەنجامی ناپاکی هاوسەریدا ڕووندەبێتەوە, کە کاردانەوەی کۆمەڵایەتی توندی لێدەکەوێتەوە بەڵام لە هێزدا یەکسان نابێت لەگەڵ ئەم لادانانەی دیاریکران کە لە نێوان کوڕو دایکەکان یان خوشک وبراکان ڕوودەدەن.)[2] وە ئەو گۆڕانانەی ڕوودەدەن ئەگەر بێ زۆری لێکردن یاخود بەبێ فشار خستنە سەر خەڵک وکۆمەڵ ڕووبدون ئەوا ئەنجامێکی پۆزەتیڤانەی دەبێت, بەوەی کە ئەگەر هەر تابۆیەک یان بەندو باوێکی کۆمەڵایەتی بە پێی سروشت و پێداویستی سەردەم لەسەر دەستی جەماوەر خۆی بگۆڕێت و پێناس و پێوەرێی تر هەڵبگرێت ئەوا ئاوسان و گرژی ناخاتە سەر سایکۆلۆژیای کۆمەڵ, بەڵام بە پێچەوانەوە هەر یاساو یاساخێکی گشتی یان عورفێکی ناسراو بەهۆی سانسۆرەوە یان بەهۆی ترساندن و ملپێکەچکردن بگۆڕدرێت, ئەوا ئەنجامێکی نێگەتیڤانەی ناتەندروست دێنێتەکایەوە کە توندوتیژیو یاخیبوونی تاکەکانی لێدەکەوێتەوە(لەلایەکیتریشەوە چاکسازی جیاوازە لەگەڵ شۆڕش لەم ڕێ وشونانەی دەیگرێتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی وە هەمیشە پشت دەبەستێت بە بانگەوازی کردن بۆ گۆڕانکاری و باوەڕپێهێنانی خەڵک لەڕێگەی گفت وگۆ نەک بەناچارکردن, بە پێچەوانەی شۆڕش کە گۆڕانکاری

---

١- شوکرسلێمان- گرفتی کۆمەڵایەتی- گ-کۆمەڵناسی-ژ-١-٢٧٠٧-ل٥١

٢- د.قیس ألنوري-آفاق ألتغییرألأجتماعي ألنضریة وألتنمویة- ط١-طبع بمطابع ألتعلیم ألعالي-بغداد- ١٩٩٠ -ص٢٠١

دەسـەپێنێت و پێشـبینی دەکـات خەڵـک پابەنـد بـبن وەلەسـەر ئەمە سروشـتی پـاژەیی لەو گۆڕانـانەی چاکسازیخوازان ئاواتیانە لەهەمان کاتدا شۆڕشخوازان جەختی لەسەر دەکەن لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی گشتگیر لەلایەنـی نمـوونەیی و جـۆرایەتی)[1]کەواتە شـایەنی ئامـاژە پێکـردنە کە ئەم قەدەغەکاریـیـانەی لە ڕێگـای چاکسـازییەوە گۆڕانیـان بەسەرداديێت وخەڵـک ئامادەدەکرێت لە ڕووی تێگەیشتن و قبوڵکردنیـانەوە, بەخـاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دادەنرێت, وە تەکان بە چوونەپێشی ڕەوتی مەدەنیبوون دەدات, وەکوێرانە لە ڕێگای شۆڕشێکی جەماوەری یا سیاسی سەرلەبەری خشتەی بەهـاو پیرۆزییەکـان ئاوەژووناکـات. جگە لەمەش مـاوەیەک دەخایەنێت تـا گرێکـۆڵەی پەتـی تـابۆکـان دەکـرێنەوە وەبەرەو ئاڕاستەی جۆرێکیتر لە چۆنـایەتی و جـۆرایەتی خۆیـان بەخەڵکـی ئاشـنادەکەنەوە, لەنمـوونەی ئەم جـۆرە تـابۆ گـۆڕاوانەش زۆرن ئەگەر بمانەوێت ئەرکی بەسەرکردنەوەیان بکێشێن.

لەوانەش ئەگەر سـەیری دیمەنـی ئـافرەت بکەیـن لە کـۆمەڵی ئیسـلامیدا لە هەنـدێ لەم وڵاتـانەی دەسـتی دیموکراسی و ئازادی و تەوژمی یەکسانی ڕەگەزیان گەیشتوەتێ دەبینین کە گـۆڕانێکی سەرنجڕاکێش لەمەڕچەمکی (شـەرەف) هـاتووەتە ئـاراوە, ئەوەی کە ئـافرەت و شـەرەفی بەیەکەوە دەلکانـد لە بـۆتەی تـابۆیەکی فەرمیـدا بریتیبـوو لە(باڵاپۆشـی) کەچـی ئێسـتا ئەم چەمـکە لە قـاڵبی ئەم تـابۆیەدا نـاتوێتەوەو ئـافرەت و شـەرەف پەیوەست نین بە باڵاپۆشی بەڵکو پەیوەستن بە پەروەردەی ڕەوشتی خودی ئافرەت وەکو تاکێک لە نێو پابەنـدی و دەستگرتن بە بەهـا مرۆڤایەتییەکـانی خۆیەوە,هەروەهـا تێـروانینە جیاوازەکـان گـۆڕانی ڕێژەیـی لە تـابۆکـان دروسـتدەکەن بەو واتـایەی شـوێنکەوتووانی بیروباوەڕەجیاوازەکـان گـۆڕان لە بەهـا قەدەغەکراوەکـان دەهێنـنە ئاراوەبۆنموونە(جیهـانبینییە ئاینییەکـان دەتـوانن یـارمەتی گروپەکـان بـدەن, بـۆ گەڕان بەدوای بڕیـاری قەدەغەکردنـی کردارێک, کە ئەوان لە ڕووی ئەخلاقییەوە بە هەڵەی دەزانـن وەک نموونەی کـارە سێکسییەکانی نێـوان هاوڕەگەزەکـان. بەم حـاڵەش هەنـدێکیتر لەوانەیە هەر لەم بیروبـاوەڕانە بـۆ ئاڕاستەکردنی پێشێلکردنی ئازادییەکان کەڵک وەرگرن, وەکو ئەو یاسایانەی کە نێربازی بە قەدەغە دادەنێت. بە پێی ئەمە ئـاوا بێدادییێک بەپـێچەوانەی بیردۆزەکـانی ئـایینە بەرامـبەر دادپەروەری و ڕێزگرتنێـک کە ئـایین بـۆ مرۆڤـایەتی بە هەمـوو جیاوازییەکانیـانەوە هەیەتـی)[2] گـۆڕانە سروشـتییە ناوەخۆییەکـان کە لە نێـو کۆمەڵگایەکـدا ڕوودەدەن, وەبەکـاریگەری جـوڵێنەرو ماوەبەسەرچوونی کـارپێکردنی هەنـدێ لە پیرۆزبووەکـان وەک تـابۆیەکی بەبەردبـوو, دێنەکایەوە,سـەرەڕای ئەمـانەش کـارلێککرنی ڕۆشـنبیری گەلان لە یەکتـرو تێکەڵبـوونی هەنـدێ لە عـورفە ئەخلاقیەکـان و خێرایـی گواسـتنەوەی بەرهەم و کلتـووره نوێکـانی سـەردەم لە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکیتر وەک لایەنی دەرەکی پڕیشکەکانی خۆی دەپـرژێنێتە نێو ئەم ئـاڵ و گۆڕیـانەی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هزری و ئابووریدا دێنە دیتن. وەزۆرجار تینی تابۆیەک لە کۆمەڵگایەگدا بەهۆی بەیەکداچوونی لەگەڵ نەریتی

---

١- أ.د-إبراهيم عثمان -,أ.د-قيس ألنوری-ألتغيير ألأجتماعي- ط١-شركة ألعربية ألمتحدة للتسويق وألتوريدات- قاهرة -٢٠٠٨-ص٢١٨

٢- مەسعودجەلالی موقەددەم -ئاین وکۆمەڵناسی - و.هیوامەلاعەلی-چ١- دەزگای وەرگێران -٢٠٠٥-ل٤٦

کۆمەڵگایەکیتر بەرەو ڕۆتین دەچێت و ئەم گەرمو گوڕیەو چاوبەستانکردنەی جارانی نامێنێت. وە ئەم کۆترە نامەبەرو نامەهێنانەی لە نێوان گەلاندا هاوبەشی لە پرانسیپ و بەهاو ئاکارەکاندا دروستدەکەن زۆربەی کات هونەرمەندان و ئەدیبان و کەسانی چالاکن لە نێو کایەی کۆمەڵایەتی خۆیاندا,هەر ئەمانیش دەبنە پردی پەڕینەوەی جۆرێک لە بەهاو بەندو باندۆرەکان یان لاوازکردنیان وگۆڕینەوەیان بە چەمکێکی نویێ (قسەکردن لەبارەی گۆڕان پێویستی بە ڕامان هەیە سەرەتا وەبەر لە هەمووشت لەسەربوونی ئەو داب و نەریتانەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕێکدەخەن. بەواتای ئەوەی ڕەفتاری خەڵک بە دوورکەوتنەوەو نزیک بوونەوەیان لەم نەریتانە دەپیورێن, وە ئاشکرایە تاکی کەمزان زیاتر دەست بەم نەریتانەوە دەگرن بە ڕادەیەک بەرزیدەکەنەوە بۆ ئاستی جێگیر یا وەستاو, بەڵام هەڵوێست وەرگرتن لەم بابەتانە پلەبەندی تێدەکەویێ تا دەگاتە تاکە ڕۆشنبیرەکان لە خاوەن بیرە کراوەکان ئەوانەی پلەیەکی بەرزیان پێوەدیارە لە تێگەیشتن لە گۆڕان و چاودێریکردنی تواناکانی گۆڕانکاری,وە تێبینی دەکەین زۆربەی ئەوانەی ڕەوڕەوەی گۆڕاکاری دەبزوێنن هەمیشە لەوانە نین کە پەیوەندی کۆمەڵایەتیان لاوازە, بەڵکو بەهۆی گەشەکردنی زانستی و فیکرییانەوە یان بەهۆی کاریگەری کەسێتییانەوە بەبێ لاسایی کردنەوەو جۆرایەتی)[1] کەواتەلە کۆتایی ئەم گەشتەمان دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ماف و تابۆکان وەکو دووسەری یەک پەت وان, وە ئەم دووسەرە هەم لە درێژەپێدانی کاروکردەوەکانی مرۆڤدا یەکتر تەواودەکەن, وەهەم لەڕێگەیەکی یاسایی یان ئاینی یان نەریتیدا, لەیەکتر گریێ دەدرێنەوە,هەموو ئەمانەش بۆ جوانترکردنی ماناکانی ژیانن بەرامبەر وەدیهێنانی ئاشتەوایی گشتی و,تەراندنی ناهەمواری ونایەکسانییە لەنێوان یەکەیەکەی پێکهاتەکاندا.

١- د.قيس ألنوري-آفاق ألتغييرألأجتماعي ألنضرية وألتنموية - ط١-طبع بمطابع ألتعليم ألعالي-بغداد- ١٩٩٠ —ص١٦٩- ١٧٠

## بەشی دووەم :

## پەیوەندی وکاریگەری لەنێوان قەدەغەکارییە واقیعییەکان و ئەدەب بەگشتی و, (شیعر بە تایبەتی لەڕووی فۆڕم وناوەرۆکەوە.)

**تەوەرەی یەکەم:**

**أ- لە تابۆ شکێنی واقیعییەوە بەرەو تابۆ شکێنی لە ئەدەبیاتدا:**

مرۆڤ لەڕووی جەستەیی و عەقڵییەوە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی پەیوەندیدارە بەدەورووبەری خۆی و, بیرکردنەوەو جموجۆڵی بەردەوام, بەرەو ئەم ئامانجە دیاریکراوانەی هەوڵی بۆ دەدات. وە زۆر جار دەگاتە حاڵەتێک کە خۆی دەکات بە قوربانی لە پێناو وەدیهێنانی هەندێ لە خەون و ئاواتەکانی, هەر لەم بارەیشەوە بە تێپەڕبوونی کات قۆناغەکانی باری ئاسایی و باری نامۆبوون و باری یاخیبوون دەبڕێت, ئەگەر بۆی دەرکەوت ڕێگای گەیشتن یان پیادەکردنی ماف و ئازادییەکانی لێ قەدەغە کراوە, بەم پێیە بارێکی نائاسایی لە خودی خۆیدا ڕادەگەیەنێت و هەنگاو بۆ تێکشاندنی ڕێگرییەکانی بەردەمی دەنێت,جائەم ڕەچەشکێنییە لە لایەن هەرکام لە بکەرەکانی کردەیی یا هزرییەوە ئەنجام دەدرێت, بەڵام هەر یەک لەم بکەرانە کەدەچنە بواری جێبەجێکردن, جۆرێک لە پشێوی دەروونییان پێوە دیارەو, بەو واتایەی کەسی یاخیبوو هەست بە فشارێکی دەروونی دەکات کە پاڵی پێوە دەنێت بۆ هێنانە خوارەوەی ئاڵای قەدەغەکاری و بەها پیرۆزکراوەکان, لێرەشدا ئەگەر جەستە بە ڕۆڵی فیزیکییانەیەوە هەڵبستێت توندوتیژی و دژەباوێکی واقیعی لێدەکەوێتەوە.(واتە مرۆڤ کاتێک دەکەوێتە ناو واقیعەوە, لە هەمان کاتدا دەکەوێتە ناو کۆمەڵێک مەکەو بکەوە , هەندێک لەو مەکەو بکانە دژ دێنەوە لەگەڵ کۆمەڵە حەزو خولیای مرۆڤ بۆیە مرۆڤ لە تەمەنی منداڵییەوە کۆمەڵێک خەون لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت,کە دواتر دەبنە هۆی نەخۆشی دەروونی..)[1]بەڵام بەواتای مرۆڤێکی ناتەواو نایەت بەڵکو لێرەدا مەبەست لەوەیە کە خودی نائاگا(ئەو)سەردەکەوێت بەسەر خودی باڵاداو, منێک یا خودێکی قەدەغە شکێن بە دوای خۆیدا دێنێت, ئەم قەدەغە شکاندنەش لە نەستەوە ئاڕاستە دەکرێت بۆچاڵاکی هەست پێکراو چ لە لایەنی جەستەیی یان چ لە لایەنی هزری کە خۆی لە بواری داهێناندا دەبینێتەوە, هەڵبژاردنی یەکێک لەم لایەنانەش بە ویستی مرۆڤ نییە بەڵکو دەوەستێتە سەر ڕادەی هوشیاری و جۆری دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و ڕەوشی کۆمەڵایەتی.( ئەگەر ئێمە وردبینەوە لە(ئەو)لایەنێکی هەیە جەستەییە, بەڵام لایەنێکیتری دەروونییە, ئەویش حەزو خولیکانن, کە هەر ئەم حەزانەیە وەک پاڵنەری سەرەکی کار لە جووڵەی جەستەی مرۆڤ دەکەن)[2] وەکاتێک جەستە ئامادە دەکرێت بۆ ڕووخاندنی بەهایەکی بە تابۆکراو یا هەر کاردانەوەیەکی فیزیکی, ئەوا بێشک ڕووبەڕووی سزای کۆمەڵ یا سزای یاسایی یا ئاینی دەبێتەوە, هەروەها دەشێ ڕەچەشکێنی لەسەر ئاستی تاک یان لەسەر ئاستی کۆ ئەنجام بدرێت واتە دەشێ مرۆڤ تاک لایەنە بە کردەیەکی ناباو هەڵبستێت, وەبەرامبەر بەمەش دەشێ کۆمەڵێک کەس بە هۆکاری تایبەت هێرش بۆ سەر گەمارۆدانەکان ببەن, بەتایبەت گەمارۆدانی سیاسی,کە یاخیبوونێکی خێرای جەماوەری پەیدا دەکات. لەم ڕووەشەوە دەروونی خەڵک ماندوو شپرزەیە بەدەست کۆت و بەندی قەدەغەکارییە سیاسییەکان, وەهانیاندەدات بۆ سڵ نەکردنەوە لە بەرەنگاری و

---

١ -پێشڕەو عەبدوڵڵا- دەروونشیکاری شیعر -چ ١ - چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر - ٢٠١٣ - ل[٢٩]

٢- هـ .س .پ .ل[٣٧]

تێکۆشان وشکاندنی تەوقی زۆرداری, دوای بڕینی ماوەیەک لە بێدەنگی و نامۆبوون ڕەوتێکی دژ سەرهەڵدەدات بۆ بەزاندنی ئەم سنوورە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی بوونەتە فۆبیایەک لە نەریت(چونکە بەڕاستی ئەوەی ئەمڕۆ هەیە وەک سیاسەت و ئاین و حکومەت هەمووی وەک نەریتێک ماوە لە پێناوی ئەو سوودو بەرژەوەندییانەی کە هەن. هەر بۆیە ئەگەر هات وئاکارێک لە دایک بوو کە مەبەستی گەیشتنە بە حەقیقەت و خزمەتکردنی ڕاستەقینە بەخەڵک ئەوە نەک هەر لە گۆڕەپانەکەدا نامۆیە, بەڵکو گەورەترین مەترسیشە بۆ ئەو نەریت و نەریت پارێزانە, بۆیە ڕاستی نەریت بەتەنیا نییە, بەڵکو بۆ پارێزگاری کردن لە خۆی و دەموچاوی پاسەوان و بەرگریکاری هەیە..)[1] کەواتە مەرج نییە ئێمە هەر کەناوی قەدەغەشکێنی ببەین, بیرۆکەی خراپ بە خانەکانی مێشکماندا گوزەرپێبکەین, چونکە دەتوانم بڵێم هەموو ئەم یاخیگەری و شۆڕشانەی لە پێناو ئازادی دەکرێن بەشێکی سەرەکین لەم سەرکێشییە مەزنانەی کە وەکو زەرورەتێکی حەتمی پەنای بۆ دەبرێت لە کاتی زەوتکردنی مافە ڕەواکانی مرۆڤدا, ئەمە بە هەمان پێودانگ بۆ گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕاستە, لەگەڵ ئەمەشدا دەستبردن بۆ ئەم پیرۆزییانەی بوونەتە ماکێکی ڕەش بەسەر لاپەڕەکانی مێژووی فەرهەنگی هەر نەتەوەیەکدا, وەلەبەینبردنی پاڵەپەستۆ دەروونییەکان, هاوبیری و دەستە جەمعی دەوێت بە کۆمەکی ئیرادەی بەهێزو بڕوا بە خۆبوونێکی پتەو لە نێوان گرووپە قەدەغە شکێنە شۆڕشگێڕەکاندا(بە دڵنیاییەوە سەدان مرۆڤ کە ئامانجێکی هاوبەشیان هەیەو بە ڕێکخستن و هەماهەنگی ویەکێتییەوە کاردەکەن, لە هەزاران مرۆڤ کە هەماهەنگی ویەکێتییان نییە پیرۆزترن, وە لەسەر هەمان تێگەیشتن هەماهەنگی و مەرکەزییەت لەکاری سەد کەس کە ئامانجی هاوبەشیان هەیەوداواکارییەکیان هەیە, زۆر ئاسانترە لە هەزاران کەس کە هەمان داواکارییان هەیە, لە ئەنجامدا دەگەینە ئەوەی کە هەرچەند کۆمەڵی سیاسی یەکترگرو بە کۆمەک بن لە گەڵ یەک ئەوا لە یەک چوون و سازان کەمتر دەبێت لە نێوان کەمینەی دەسەڵاتداران و زۆرینەی حکومەت ,هەروەها لەلای زۆرینە کێشە دەبێت کاتێک کەمینەی بالا پێچەوانەی ئەمە نیشانبدات.)[2] جابۆیەئەگەرقەدەغەکارییەکان بۆ پاوانکردنی بەرهەم وبیرو بانگەشەی ئازادی بێت, ئەوا دژوەستانەوەی ئەرکێکی ئەخلاقی ونیشتیمانییە , وەگرێدراوە بە چارەنووسی هەموو ئەو کەسانەی لە ستەمی موقەدەساتی ناڕەوا ناڕازین, وە دواجار دەیانەوێت لە گۆڕەپانی واقیعدا هەژموونی سەلەفییەت لە گشت کایەکانی ژیاندا ئاوەژووبکەن و بیسڕنەوە, شایەنی باسیشە کە کەلتووری پیرۆزاندن و لەتابۆدانی بەهاو ئایدۆلۆژییەکان پەیوەندی بە گۆڕانکارییە هەرێمی ونێوەخۆییەکانەوە هەیە, وەدەوەستێتە سەرجۆرو چەندایەتی ڕاچڵەکین بە ئەندێشە ئاینییەکان وپڕاکتیزەکردنییان لە لایەن تاکەکانەوە,بۆ نموونە بە بەراورد لە نێوان ئاینی مەسیح و ئیسلامدا یان فراوانتر بڵێین لە نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا بە ئاشکرا ئەم جیاوازییە هەست پێ دەکرێت لە ڕووی توانستی بەگژداچوونی موقەدەسات.(بۆیە

---

١- پێشڕەو عەبدوڵلا - ئەدەب شێوەکاری تیۆر - چ١ -چاپخانەی حاجی هاشم -هەولێر -٢٠١٤-ل٢٣١

٢-رابرت دوز, سیمور مارتین لیپست - جامعەشناسی سیاسی-ترجمة دکتر محمد حسین فرجاد- چاپ أول - چاپ حیدری - تهران-١٣٧٩-ل٣١٨

دەبینـین کاتێـک خۆرئـاوا سـوکایەتی بە موقەدەسـاتێکی ئـاینی دەکـات, ئەوابەمـافێکی ڕادەربڕینـی خـۆی دەزانێـت,چونکە لەکلتـووری خۆرئـاوا لە سـەردەمی ئێسـتا بەگشـتی بـڕوانین شـتێک نەمـاوەتەوە پێـی بوترێـت موقەدەس و پیـرۆز, بەڵام لە جیهـانی ئیسلامی وخۆرهەڵاتـداڕەخنەگرتن لە موقەدەس نەک سوکایەتیکردنیش, نەک هەر ڕێگەی پـێ نەدراوە,بەڵکـو تـاوانی گەورەشـەو جێگەی وەرگـرتن و قبـوڵکردن نییەو ئەنجامدنیشـی ڕووبەڕووی سزای تونـد دەبنەوە,چـونکە کلتوورەکەی ڕەخنەگـرتن و سوکایەتیکردن بە موقەدەس قبـوڵ ناکـات, بۆیە ئەم دوو کلتووره لەو خاڵەدایە کەبەریەک دەکەون, چونکە ئەم دووکلتـووره دیـدو تێڕوانینیـان بـۆ موقەدەس و ئاین وکارەکتەره پیرۆزەکانی ناوی جیاوازە لە یەکتری, بە شێوەیەک گەر ئـاین و موقەدەسەکانی قسەکردن و وتـن دەربارەیـان وڕەخنەگـرتن لێیـان بـڤەو قەدەغەکراووحەرامکراوبێـت,ئەوا لای کلتـووری خۆرئـاوا بەگشـتی تەنـانەت سوکایەتی پێکردن و حورمەت شکاندن و ئابڕووبردنیشیان ڕێگەپێدراوو ئاساییەو بگرە وەک مـافی ڕادەربـڕین و مـافی ئاسایی ژیـان تەماشا دەکرێت)[1] جگە لەمـانەش وەک پێشـتر قسـەمان لە سـەرکردووە,تـابۆی نەگـۆڕ لە نێـو ئـاینی ئیسلامدا ڕەچەڵەکـی تاهەتـایی هەیەو بـوار بە هـیچ قەدەغە شکێنێک نـادات چ لەڕووی واقیعـی چ لە ڕووی نـاواقیعی یـان ئەوەی کە لە ژێـر نـاوی هـونەر یـا ئەدەبەوە دەردەبڕدرێت.بەمەش زەمەنە جیاوازەکـان کارنـاکەنە سـەر مەودای هێـزو بونیـادی بە پیرۆزبووەکـان, ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕۆژئـاوا چەنـدین هەڵبـەزو دابەزی لە فەرمـانە گشتییەکاندا بە خۆیەوە بینیـوە, تـابەم حـاڵە گەیشتووە کە قەدەغەیەک بـوونی نەمێنێـت شکۆمەندی تـاسـەر پـارێزراو بووبێـت و نەشـکێندرابێت.(لە کلتـووری خـۆرهەڵات و جیهـانی ئیسـلامیدا تـادواجـار موقەدەس وپیرۆزەکـان وەک خۆیـان دەمێننەوەو پیـرۆزی و تـابۆیی لەدەست نـادەن بەردەوام درێژەشـی پێدەدەن,بە لام بە پێچەوانەوە لە خۆرئـاوا نەک پیـرۆزی و موقەدەس درێـژەو بەردەوامـی نابێت, بەڵکـو ڕۆژبە ڕۆژ دەکەونە بەردەم گاڵتەجاڕی وسوکایەتی پێکردن بە میکـانیزم و ستـایلی جیـاوازەوە)[2] ئەوەی گرینـگ بێت بـۆ مانەوە یان نەمانەوەی هەر بەندێک پێویستە لەسەربنەمای وشیاری مرۆڤەوە بڕیاری لەسـەر بـدرێت,وە مرۆڤەکـان خـاڵی بـووبنەوە لە هەرجـۆرە ڕەگەزپەرستییەکی نەژادی یـا ئـاینی یـا سیاسی لە ڕێگـای ناوەنـدە ڕۆشـنبیرییە جیاجیاکانەوە مەعریفەی مرۆڤ لە هەست و نەستێکی بـاڵاوە بـڕوانێتە کێشەو ئاستەنگییەکان وبەرژەوەنـدی کـۆ زاڵ بکـات بەسـەر بەرژەوەنـدییە تـایبەتییەکانیـدا, چـونکە لە دۆخێکـی پـێچەوانەدا, شـۆڕش و یـاخیبوونەکـان ئابڕومەنـدانە نـابن بەڵکـو وەک بزاوتێکـی بـێ ئـابڕووی ئـابڕووبەر دەکەونە بەرچـاو, شـکاندنی بەهـای هەر کـایەیەکی ژیـانیش بە دەنـگ و نـاڕەزایی کـۆمەڵەوە زیـاتر متمـانە وەردەگرێت نەک لە هـاواری یەکە بەیەکەی تـاکەکانـدا(زۆرێک لە بیرمەنـدانی سیاسـی پێیـانوایە کە ستەمکاری تـاک سـووکترین جـۆری ستەمکارییە, بەڵام ستەمکاری کۆمەڵ خەتەرناکترین و توندوتیژترین جۆری ستەمکارییە, بەڵام دەبێت بزانین کە جەمـاوەر هەر لە خۆڕا ستەم نـاکات, مەگەر ئارامی لێ ببڕێت یـان یەقینی بەوە هێنـاوە کە ئەو دەسـەڵاتەی فەرمـانڕەوایی دەکـات

١-سەلام عەبدولکەریم - موقەدەس وکولتور - چ١ - دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم - سلێمانی - ٢٠٠٧ - ل[٩٥-٩٦]
٢- هـ .س .پ .ل[٩٦]

دەیچەوسێنێتەوە یان تەفرەی دەدات)[1] لەم ڕوانگەیەشەوە ئەوە زانراوە کە هەموو کات ئەو شمشێربازییەی لەلایەن جەماوەرەوە بۆ تێک وپێکدانی عەقڵی مت بووی دەسەڵات دەکرێت خواستی هەموو تاکەکانی تیا نییەو, تاک دیسانەوە هەست بە سەرگەردانی و پەرێشانی دەکات لەدوای هەرەسی قەدەغەکارییەکانیشەوە.(چونکە جەماوەر لەیەک کاتدا بریتین لەکەسانی هوشیارو دەبەنگ, خێرخوازو هەڵپەرست, نیشتیمان پەروەرو خائین, ڕاستگۆو درۆزن..هتد, بۆیە پرانسیپە ئەخلاقییەکان لە ناو جەماوەردا مانایەکیان نییە, چونکە دەشێت خوێڕیترین کەس بە چوونە ناو ڕیزێکی جەماوەر ببێتە کەسێکی قارەمان و لە خۆبردوو)[2] زۆربەی زۆری ئەم بەرپەچدانەوانەش لەلایەن جەماوەر یان هاووڵاتییەوە لە ئەنجامی هەڵچوونێکدا ڕوودەدەن,ئەم هەڵچوونانەش لەدوای پاڵەپەستۆی دەروونیدا دەبێت کەلەشێوەی چالاکی کردەیی یا هزریدا خۆیان نیشان دەدەنەوە.وە لە هەندێ باردا قەدەغە شکێنییەکان دەگەنە پلەی تاوان ودەست درێژیکردن. پەنگخواردنی خولیاکانی هەرتاکێک لە خودی خۆیدا بۆ ماوەیەکی درێژ,دۆخی بێ دەنگی ونامۆبوون ڕەتدەدات و بەرەو ترۆپکی یاخیبوون دەچێت بۆ لابردنی سترێزە جۆراوجۆرەکانی سەری هەنگاو دەنێت(کاتێک مرۆڤ تووشی ئەستەنگ یان لەمپەرێک دەبێتەوە ڕێگە نادات بەمەبەستی دیاریکراوی خۆی بگات, هەڵدەچێت. بۆنموونە:هاندەری سێکسی بەلای ئەو گەنجەوە چالاک دەبێت,کاتێ کۆمەڵ و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگەی تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکانی لێدەگرن.)[3] بەڵام ئەگەر لە دیدێکی فەلسەفییەوەسەیری حاڵەتەکە بکەین دەبینین دەرچوون لە سنوورە داڕێژراوە داسەپاوەکان لە دیاردەیەکی دەروونییەوە تێدەپەڕێت بۆ سیفەتێک لە سیفەتەکانی مرۆڤی باڵا یاخود وەک ڕاستییەک کەدەبێت بوونی هەبێت لە تێڕامانی مرۆییدابەرامبەر ژیان,چاوی لێدەکرێت, واتە دەکرێت بڵێین ئێمە دەبێت هەردەم بەرپرسیاریەتی گرمۆڵە نەبوونی پێداویستی وئارەزووەسەرەتاییەکانمان لە ئەستۆ بگرین,گومان لەوەشدانییە کە ئەم هەڵوێستە,بوێری و یاخیبوون ولەڕکداچوونی دەوێت تا ئاستی نرخ نەدان بە هەندێ لە بەهاکان.(بەرامبەر بەخۆداماڵینیش لە دیاردە ئاکارییەگشتییەکان پێویستە لەسەر(باڵاڕۆح)لە کۆمەڵ دابڕێت, نەک بۆ دونیایەکی ناواقیعی, یان میتافیزیکی بەڵکو بۆ سەرایەکی پاکژی ساف تاخودی دەوڵەمەندبێت و واقیع هەڵبمژێت وبەتێگەشتنێکی وردەوە لە واقیعدا نوقوم بێت)[4]هەروەها وەک پێشتر باسمکردووە,تابۆ شکێنەکان بەر لەهەر نواندنێک بە یاخیبووندا گوزەردەکەن, هەر لەوێشەوە ئامادەباشی وەردەگرن وئامادەکاری دەکەن بۆ جەنگی کۆتایی هێنان بە ستەمی دەست بەسەرداگرتنە ماددی و مەعنەوییەکان.

---

١- سەمەد ئەحمەد - سایکۆلۆژیای دەسەڵات وجەماوەر -چ١ -چاپخانەی کاردۆ -سلێمانی -٢٠٠٩ - ل[٣٦-٣٧]

٢- هـ .س .پ .ل[٧١]

٣- هیمداد مەجید عەلی -کاریگەری هەڵچوون لەبەرپرسێتی تاوان وسزادا -و-دلێر میرزا -نامەی ماستەر -کۆلیژی یاسا -زانکۆی سلێمانی -چاپخانەی کارۆ- ٢٠٠٤-ل[٤٩]

٤-نیچە,فۆکۆ,ئەلبێرکامۆ,ئەریک فۆرم,شیدوارد سەعید,ئومبێرتۆئیکۆ,لوسیان گۆڵدمان -چەند وێسگەیەکی فیکری وئەدەبی - و- ئازادبەرزنجی-چ٣-دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم -سلێمانی - ٢٠٠٨ -ل[٣٩]

بەدڵنیاییشەوە ئەم جەنگە وریایی وشیارییەکی بە هێزی دەوێت, هەربۆیە یاخیبووان لە سوڕی خۆمەڵاسداندان تاجبەخانەی هۆش و دونیابینییان بە توخمەکانی دیموکراسییەت ومافەکانی مرۆڤ ومەدەنییەت پڕبکەن. لەلایەکیتریشەوە ئەو واقیعەی لەلای ئەوان بەزەبری ترس و کاریگەری نەستەکی داگیرکراوە دەبێت هەمان شت بۆکەسانیتریش گشتاندنی بۆبکرێت دەنا ڕەفتارەکانی دواییان بۆ قازانجی تاکەکەس دەبێت وپێشێلکاری مەتریسیداری لێدەکەوێتەوە(بۆیە جۆرە هۆشمەندییەک لەگەڵ یاخیبووندالەدایک دەبێت. هۆشمەندییەک بە"خود"و بەبەها،یان بە"ماف"ێک کەمرۆڤی یاخیبوو دەشێ ئامادەبێت لە پێناویدا بشمرێت. کەواتە ئەو مافە دەخاتە سەرووی خودی خۆشیەوە دەبێتە بەشێک لە مافێکی گشتی، یان "سروشتێکی مرۆیی" وەکو ئەوەی کاتی خۆی گریکەکان باوەڕیان پێی هەبووە)[1] وەئەگەر بەسەرنجێکی بەراورد ئامێزانە لە ئاکارو نەریتەکان وردبینەوە, ئەوا دەردەکەوێت کە ئاکارەکان بناغەیان پتەوترەو نەگۆڕترن لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان, بەومانایەی ئاکار یا ڕەوشتی تاک لە بڕوابوون بەچەند قیەمێکی پیرۆز لە دایک دەبن, لەسەر بنچینەی ئەم قیەمانەوە ڕەگیان لە ئاگایی مرۆڤدا دادەکوتن.بۆیە پەرێزی پاراستنیان لە هەر جۆرە سوکایەتی ودەست تێوەردانێک بۆ دروستکراوە,هەرچی نەریتە کۆمەڵایەتیەکانە, چونکە بەرهەمی ئەزموونە مێژووییەکانن و زیاتر بەندن بە سەردەمێکی دیاریکراو بۆیە ئەگەری کۆن بوون یان بەسەرچوونیان هەیەودەکەونە بەردەم شاڵاوی گۆڕانکارییەکان,ئەم نەریتانەی لەگەڵ بیرکردنەوەی نوێدا ناگونجێن هەمیشە هەڕەشەی یاخیبوون وهەڵگەڕانەوەی کۆمەڵیان لەسەرە,هەر لەم دۆخە چاوەڕوانکراوانەشدایە کاتێک شۆڕش و ڕاپەڕینەکان سەرهەڵدەدەن(نەریتەکان نەرمییەکی زیاتریان هەیە لە یاسا ڕەوشتییەکان, لەبەرئەوەی کاری ڕەوشتی لە بیرۆکەی سکماکییەوەیە, وەبەزۆری بنەماکانی ڕەوشت جۆراوجۆرنابن وە ئامانج ویاساکانی یەکگرتوودەبن وەلەپاشان نەریتەکان پابەندنابن لە ڕووکەشیاندا بەبنەمای نەگۆڕ, وەزۆرگۆڕانکارییان بەسەردادێ بە درێژایی مێژوو,وەگۆڕانە نەریتییەکان زیانیان نابێت لەخودی خۆیاندا,کێشەش نییە پێویستی بە چارەسەرنەبێت, بەڵام ئەوەی هەردەم زیانی دەبێت دەرچوونی نەریتەکانە لە یاسا سکماکییەکان یان لە بڕوابوون بەخواو بەرنامەکانی ئاین)[2] کەواتە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە قەدەغەکراوە نەریتییە باوەکانی کۆمەڵگەیەک جارەهەندەکەی سیاسی بێت یاکۆمەڵایەتی یا ئاینی لە لایەن کەسانی تووڕەبوو لە کۆمەڵەوە دەشکێنرێن. بەڵام بەهیچ پاساوێک ناتوانن قەدەغەکراوە ڕەوشتییە چەسپاوەکان لە نائاگایی کۆوە ڕیشەکێش بکەن یان بیانشێوێنن.

هەرچەندە زۆرکەم ئەمەش هەر ڕوودەدات, وەبەڕوودانیشی نارەزایی گشتی وبەدڕەوشتی لێ دەکەوێتەوە, بۆنموونە لە نێو میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا کاری سێکسی بەپێی ڕەوشتە ئاینییەکان پێویستە لە چوارچێوەی چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیریدابێت وە بەدەر لەوە هەرجۆرە پەیوەندییەکیتر لەنێوان کچ وکوڕدا بە ناشەرعی هەژمار دەکرێت, کەچی کۆمەڵگەی ئەوروپی ئەم قەدەغە سێکسییانەی شکاندووەو, بەناوی ئازادی سێکسەوە گوێ

---

١-هـ .س .پ .ل١٠٢

٢- محمد قطب - معركة تقاليد -ط٢ - ألناشرمكتبة وهبة - قاهرة- ١٩٦٢- ص١٠٠

بە هیچ بەهاو ڕەوشتێکی ئاینی یان مرۆیی لەڕووی سێکسی نێرومێ یان لە ڕووی هاوڕەگەزبازییەوە نادرێت, بە جۆرێک ئاکارە دزێوەکان وەک خوویەکی لێهاتووەو بووە بە نەریتێکی ئاسایی, حاڵەتی گۆڕانی ڕەوشتیش کەلە ئەنجامی ترازاندنی پەیوەندیە خێزانییەکان و لە دەستدانی کۆنترۆڵە دەروونییەکانەوە دروست دەبن لە کۆتاییدا خۆیان لە بۆتەی لێکدابڕانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و نەمانی پابەندییە ئاینییەکاندا دەبیننەوە(سێکس, کەلە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتدا جێگەی باس نییەو تابووە, لە ئەوروپا باسێکی یەکجار ئاسایی و مەسەلەیەکی ڕۆژانەیەو هیچ جۆرە سانسۆرێکی لەسەرنییە, دیارە زۆرلەمێژیش نییە, ئازادی سێکس, لە ئەوروپا,گەیشتوەتە ئەو پایەیەی ئێستای وهەرواش بە سانایی و بێ باج نەبووە, چونکە بنەماو بەراییەکانی ئەم ئازادییە سێکسییەی ئەوروپا, دەکرێت بگێڕدرێتەوە بۆ تەوژمی چەپایەتی وزاڵبوونی چەمکە شۆڕشگێڕی و یەکسانییەکانی کۆتایی سالآنی١٩٦٠ەکان وشۆڕشی سێکس)[1] هەربەم ڕەنگە کاتێک قەیرانی دەروونی یان هزری یان کۆمەڵایەتی سەرهەڵبدات بە تایبەتی لەلای چینی گەنجاندا, بارێکی گرژو ئاڵۆز بەدوای خۆیدا دەهێنێت,وە پەلکێشی زۆرێک لە ڕۆشنبیران و یاخیبووان دەکات بەرەو شۆڕش و, داماڵینی بەرگی بە تابۆکراوی ماددەو ڕۆحیانەت ونەریتە خۆجێیەکان. وە هەر لەسەر ڕەوتی ئەم جۆرە دەمارگیریانەدایە کە کەسایەتییە مێژووییە ناودارەکان دەردەکەون و,لاپەڕەیەکی نوێ بەسەر خەڵکی خۆیاندا دەکەنەوەو, ئەزموونێکیش بۆ جیهان و مرۆڤایەتی بە جێ دەهێڵن, هەروەها بە دەربڕینێکیتر قەدەغە شکێنییە واقیعییەکان لەکاردانەوەی فشارە دەرەکی وناوەکییەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەدەگرن و وە هەر لە گۆڕەپانی واقیعیشدا پێچەوانە دەبنەوە( وە دەتوانین بڵێین ئەم قەیرانانە لە چەندڕوویەکەوە ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەرەتایدا دەوەستێتە سەر:لایەنی هەژاری ,لایەنی ونبووی داخراو لە ناخی تاکدا,کەڕەتکەرەوەی هەموو قیەموو ناسراوو نەریت و تیۆرە سیاسییە نەرێنییەکانن, وە لایەنی پاڵنەرەکان,کە تێکۆشەرێکی وەک "گیڤارایان" گەورەکرد بە بێ ئەوەی لێی تێبگەن بەڵام ئەو لە واقیعی کۆمەڵگەکەی تێگەیشت ,وە بە پاڵنەری شۆڕشگێڕانەی پاکەوە بە تەنیا هەڵس وکەوتی دەکرد,بە ڕۆمانتیکیەتی شۆڕشگێڕانەی تایبەت کە گەنجی پێ دەناسرێتەوە,وە وزەیەکی دینامیکی بە هێزی دروستکرد بە باشترین ئاڕاستەکردن و ڕێنوێنیکردن, هەروەها پشتگیری لە جێگرتنەوەو مانگرتن دەکرد ئەگەر تواناکانی دەستنیشانکردنی زانستی و سیاسی واقیعی لەدەست چوون)[2] لەم بانەوە دەپەڕینەوە بەرەو بانێکیتر بەڵام بەهەمان هەواو نەفەسی ڕەتکردنەوەی ئەو بەندو ئاستەنگییە سواوانەی وەک تەمێکی ڕەش نیشتوونەتە سەر بیرو بۆچوون و نووسین و دەربڕینی ڕای تاکە کەسی وتایبەت, واتە لەدرزی قەدەغەشکێنی واقیعییەوە دێینە دەرو ڕووی گوتارمان دەخەینە سەر لادانی ئەدەبی و هونەری لە ڕووی ناوەرۆک یا مانادا, بە پشتبەستن بە تیۆرییە دەروونییەکان وبەرنامەو کاری ڕێبازە ئەدەبییە گورز وەشێنەکان. لێرەدا مەبەستم لەگورز وەشاندن

---

١-دیدارێکە(حەکیم کاکە وەیس)لەگەڵ(ئەمجەدشاکەلی) ئەنجامیداوە-ئەوەی نابێ بگوترێ دەبێ بگوترێ-چ١-چاپخانەی ڕۆشنبیری-هەولێر-٢٠٠٤- ل٣١

٢-عزيز ألحاج - ألغزوألثقافي ومقاومته - ط١ - ألمؤسسة ألعربية للدراسات وألنشر -بيروت -١٩٨٣ - ص١٣٠-١٣١

دیارە نەسڵەمینەوەیە لە گوزارشتکردن و نارەزایی نیشاندانی تایبەتی یان گشتی بەرێگەی هونەری یا ئەدەبی جۆراوجۆر, وەهەر لە سەرەتاوە مرۆڤ بێزاری و شەکەتی خۆی بەهێزو دەنگی خۆی ڕەواندۆتەوە وە دواتر بە نووسین یان داهێنان چاودێرییەکانی سەرخۆی لاداوەو ئازادانە بە ئاشکرا یا بە نهێنی سنوورە تابۆییەکانی بەزاندووە.

ئەدەب هەمیشە مەنزڵی خاڵیبوونەوەی ڕقی ڕۆشنبیران بووە لە ڕۆژگارو ئەو نەهامەتییانەی بە هۆی تەسک کردنەوەی ماف و ئازادییەکانییان دووچاری دەبنەوە(ئەو نووسەرو داهێنەرانەی خاوەنی ئامادەگی داهێنەرانەو ڕووناکبیرانەی خۆیانن وزیندوون, ئەوە هیچ هێزو دەسەڵاتێک لەو دونیایەدا نییە کەنارگیرو فەرامۆشیان بکا, مەگەر خۆیان لە گۆڕستانەکانەوە هاتبن و بە پەراوێزی و بەبچووکی لە دایک بووبن.خۆ ئەگەر لەناودەسەڵاتێکی نیشتمانیشدا لە قۆناغێکدا, یان لە ماوەیەکی کورتدا پشت گوێ خران و بە هۆی مافیاو کەسانی مەنغۆلی و میلیشیاکانی ڕۆشنبیری(لباد)خرایە سەر دەنگ و ڕەنگ وڕووخسارییان, ئەوە تاسەر ئەم کارەیان بۆ ناچێتە سەرو ئەو دەسەڵاتە نیشتیمانییە یان زۆر زەرەرمەند دەبێ بە دوور ڕاگرتنی ئەو توێژە,یان پیلانی مافیاکانی ڕۆشنبیری پوچەڵ دەبێتەوەو ئەو ڕۆشنبیرە پەراوێزخراوانە شوێن وجێگەی خۆیان دەگرن)[1] بۆ دەربازبوون لە تەنگەژەی کۆت وبەندی سەر قەڵەمی ئازاد, ڕۆشنبیران پێویستە سوورِی متبوون یا بێ هەڵوێستی بە جێ بێڵن و, کۆمەڵ لە زنجیری کەلەپووری داخراو ڕزگاربکەن. کە بێگومان وشیاری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە سەرووی هەموو شتێکەوە هاوکار دەبێت بۆ ئەدیب ونووسەران تا قۆڵی نوێبوونەوەی لێ هەڵماڵن و بە بەرهەمەکانییان قوفڵی دەرگا تابۆییەکان بشکێنن, ئەمەش لەگەلانی تینووی سەربەستی و مۆدێرنخواز چاوەران دەکرێت,هەرگیزگەلانی دەستەمۆ کراو یا دوورەپەرێز یا پاشکەوتوو کەسانی قەلەم بەدەستیشیان زاتی لادان لە سیاقە باوو مردووەکان ناکەن و بەردەوام لەدڵەڕاوکێ و سڵەمینەوەدان یا خود خۆبەدوور دەگرن لە بابەتە حەرامکراوەکان.(کەلەوانەیە حەزەروەرگرتن و ترس و سڵەمینەوە لە (کرانەوە),لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کەلەسەر بنەرەتێکی بەرژەوەند خوازانەی بەرتەسکی سیاسی و ئابووری دامەزرابێ و بوو بێتە(تابو)وبەشێک لە ستراتیژی ئەوگەلە دواکوتووانە)[2]بەلام هەرچەندە کرانەوەی تاکەکان و حەزوخەونەکانیان بە درکی چەپێنەرە ئاینی و ئایدۆلۆژیەکانەوە ئابلوقە درابێت,ئەوا تاکی تێگەیشتوو و هزرمەند لەخەڵوەتی ئەندێشەو ئەفراندنەکانی خۆیداهیچ سنوورێک ناناسێت,هەربۆیەش لەبەرهەمی ئەدەبیدا جگە لە فۆرمە هونەریەکان,دیوی ناوەوەی نووسەر بەروونی دەردەکەوێت و ئەوەی نووسەر نەیتوانیوە لە دنیای واقیعدا پێی بگات یان دەستی بۆ ببات لە نووسینەکان و دەربرینەکانیدا بە هەرشێوازێک بێت ئەگەر هەمووشی نەبێت کەمێک لە تاسەوتامەزرۆییەکانی دەردەهێنێت.(بوونی جیهانی واقیعی تەنها وەکو دیاردەیەکی ئیستاتیکی پاساوی هەیە و قابیلی ئیحتیمالە لە بەرئەوەی ژیان لەم ئاستەی ئێستایدا تەواوی تامەزرۆی مرۆڤ

---

١- ئازاد عەبدولواحید - کلتوورو ناسنامە - چ١ - چاپخانەی ڕۆشنبیری - هەولێر -٢٠١١ - ل٤٤

٢-هـ .س .پ . ل٦٦

تێرناکات,بۆیە مرۆڤ عەوداڵیەکی هەمیشەیی تێدا دەمێنێ بۆ باڵایی و تێپەراندن,کەئەم دووانەش تەنها دەروویێکیان هەیە ئەویش هونەرە,چونکە بە تەنها هونەرە وا لە ژیان دەکات مومکین بێت,هونەرمەندیش بەرگەی واقیع ناگرێت و بۆ باڵاترو بەبەهاتر دەروانێت,وەکو گوزارشتێک لە بڵند بوونەوەو قارەمانێتی نا ئاسایی جیهانێکمان بۆ دەخولقێنێت کە بە سروشتەوە پابەند نابێت)[1]بە ئاوڕدانەوەمان لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهاندا دەبینین هەر لە سەردەمی شارستانییەتی یۆنانییەوە تا ئەمڕۆ جۆرەکانی ئەدەب تژی بوون لەم باسو خواسانەی کە نەتواندراوە, بە ئاشکرا یان لە لێدوانە فەرمییەکاندا بدرکێندرێت بۆ نموونە "تراژیدیا" کە بە شێوازی شانۆیی پێشکەش دەکرا لەلایەن یۆنانییەکانەوە کاریگەرترین چالاکی هونەری بوو کەتیایدا "ئارەزووە سێکسییە سەرکوتکراوەکان" یان"پاکژبوونەوە لە هەستی ترس وبەزەیی" وەک "ئەرستۆ" باسی دەکات ,پێشکەش دەکران.(ئەوەی لەو تراژیدیایانەدا سەرنجمان ڕادەکێشێت ئەو تێکشکاندنەی یاساکانی کۆمەڵ و سرووشتە, لەوانەیە ئێمەش لە ناخی خۆماندا لە نەستماندا ئارەزووی ئەو حەرام(تابۆ)یانە بکەین, بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە پاڵەوانە تراژیدییەکە ئەو کردەوەیەی خۆی دەکات بە درۆو ساختەو ئەو جیهانە ناڕاستەقینە خەون ئاسایەمان بۆ دەخولقێنێت)[2]هەرچی ئەو بابەتە ئەدەبییانەی ترە کە تەنیا بە شێوەی نوسراودەردەکەون جا چ شیعربن چ پەخشان,ئەگەر ڕاستەوخۆش گۆمە وەستاوەکان نەشڵەقێنن یاخود ڕوونتر بڵێین ووشە قەدەغەکراوەکان نەدرکێنن, ئەوا دەکرێ لە ژێر میتۆدێکی ڕەخنەیی شیکارییان بۆ بکرێت ومانا شاراوەکانی دەقەکان ئاشکرا بکرێن, چونکە زۆرجار نووسەر بەهۆی بەکارهێنانی چەند ڕەمزێکەوە بەرگێکیتر دەکاتە بەر ووشەکانی کە لەڕاستیدا مەبەستی لەقاندنی ڕەگە تابۆیییە داسەپاوەکانە,هەرچەندە لەبەر هۆکارە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکان ناتوانێت واقیعیانە کەفو کوڵییەکانی ناخی هەڵبڕێژێت, لێرەشدا ئەرکی ڕەخنەگران ولێکۆڵەران لەسەر دەقە ئەدەبییەکان شلۆڤەکردنێکی سایکۆلۆژیانە دەبێت بۆ کەسایەتی نووسەر.(لەم حاڵەتەدایە کەمێژوونووس یا ڕەخنەگر دەتوانێ لەڕێگەی شلۆڤەی دەروونی دەقی بەرهەمەکەوە لایەنەکانی سازش ومامەڵەی نووسەر لەگەڵ هێزی دەسەڵاتدار ئاشکرا بکاو ئەم بابەتانە لە داهێنان و ڕوانگەی واقیعی نووسەر جیابکاتەوە)[3]لە لایەکیترەوە بەپێی تێڕوانینی "هیومانیسم"*بۆ ئەدیب وکارە ئەدەبییەکان ئەدەب وەک بەشێک لەکارە مرۆڤایەتییەکان هەژمار دەکرێت چونکە هەمان ئەم ئاکارو بەهاو ڕەوشتانەن کە ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەبەرهەمی ئەدەبیدا,بۆیە نووسەر لەکارەکەیدا هەڵدەستێت بە نووسینەوەی ڕەوشتەکان و ڕێکخستنیان لە کایەیەکی هونەریدا,کەئەمەش بە جیاوازی وتایبەتمەندی نووسەر دەگۆڕێت,واتە هەرکەسەو لەڕوانگەی ژینگەی

---

١-نیچە.فۆکۆ.ئەلبێرکامۆ.ئەریک فۆرم...چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی - ل٤٦

٢- هـ .س .پ . ل٤٧

٣-لوسیەن گۆڵدمەن - ئەدەبیات,کولتور,کۆمەڵگا - و-هادی محەمەدی -چ١ - چاپخانەی ڕۆمان - سلێمانی -٢٠٠١ -ل٢٧٨

*بەو بزووتنەوە فیکریە دەوترێت کە زاڵ بووە لەچاخی ڕێنسانسی ئەوروپیدا,بانگەشەی بۆ پشت بەستن بە بیرۆکەی مرۆیی و بەرەنگاری چەق بەستن و لاسایی کردنەوە دەکرد,بەشێوەیەکی گشتی هەوڵی ڕزگاربوونی دەدا لە دەسەڵاتی کەنیسەو کۆت وبەندەکانی چاخی ناوەڕاست.(محەمەد چیا,فەرهەنگی فەلسەفی –ئینگلیزی-عربی –کوردی-ل٨٠

**کۆمەڵایەتی وبـاری دەروونـی و ڕەوشتی جوگرافی وسیاسی هەرێمەکەی خۆیـدا گوزارشت لە پەیوەنییەکـانی خۆی لەگەڵ دەوروبەر یـان پەیوەندییەگشـتییەکانی نێـوان تـاکەکـانی کـۆمەڵگەی خـۆی دەکـات.(نوێ هیومانیسـتەکان "نـوێ مرۆڤخوازەکـان" تـایبەتمەنـدییە ئەخلاقییەکـان دەنرخێنێـت. ئەوان ئەم مەسـەلەیە ڕوون دەکەنەوە کە ئەزموونی مرۆڤ, لە بنەڕەتدا ئەزموونێکی ئەخلاقییە,بۆیە دەیانەوێ بناغەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لەسەر بەهـا ئەخلاقییەکـانی نێـو دەق دابـمەزرێ)[1] هەروەهـا لەسـەرئەم پێـودانگە بـۆ ئەدەب قوتـابخـانەی کلاسـیکیش کەبناغەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شارستانییەتی کۆنی یۆنانی "لاسایی کردنەوە" بەسروشتی ئەدیب وبەرهەمی ئەدەبی دادەنێت,"لاسـایی کـردنەوەش" لەدیـدو بۆچـوونی فەیلەسـووفە مەزنەکـانی ئەم سـەردەمە وەک "ئەفلاتـوون"و "ئەرسـتۆ"دا جیـاواز دەبێـت لەم ڕووەوە, بەجۆرێـک "ئەفلاتـوون" شـیعر بە تێکشـکێنەری بەهاکـان دەبینێـت و("ئەرستۆ"ش لەو بـاوەڕەدایە هـونەری شیعر جیهـانیترو گشـتیترە لەو شتـانەی کەهەر(بەشێوەی واقیـع) هەن)[2] واتە ئەگەر شـاعیر لە بەرهەمەکەیـدا واقیـع ئاوەژووبکـات و ئەوشـتانە نیشـانبدات کە لەگەڵ ژیـانی ئـاسـاییدا ناگونجێن لەبەرئەوەیە,کەدەشێت ئەم شتانە ڕووبدەن لە داهـاتووی هەر مرۆڤێکدا,بەومانایەی ئەوبەهایـانەی کە شاعیر پێشێلیان ناکات پەیوەست نین بە واقیعی حاڵەوە, بەڵکو لە پێناو هەستکردنەبە ئەگەری ڕوودانییان.**

**جـالەبەرئەوەی کەشیعر زووتـر لە پەخشـان بڵاودەبێـتەوەو ڕۆحـی ئـاوێتەبوونی لەگەڵ دڵەکانـدا زیـاترە,بۆیە هەرلەشیعریشـدا هەوڵـی پێکـانی ئەو ئامانجـانە دەدرێـن کە بـوونەتە بـارو مەینەتـی بەسـەر ژیـانی تـاک لە کۆمەڵـدا.بێگومان ئەمەش لە خـودی خۆیـدا شۆڕشێکە دژبە لەگۆڕنـانی ئازادییەکـان,کەواتە یـاخیبوون لە شیعردا پەیکـانێکە بـۆ گەیشـتن بەم شۆڕشـە ئەدەبییە.(یـاخیبوون لە شـیعری خەبـاتگێڕیـدا ڕاپەڕیـنە بەسـەرلایەنی خۆبەدەستەوەدان لە ژیانـدا,وە ڕووبەڕووبـوونەوەیەکی ئازایـانەیە بـۆ هەمـوو هێـزە تـاریکەکـان وداپلۆسێنەرەکان وداسەپێنەکان, وە هەوڵـدانە بـۆ ئـازادبوون لە دیلایەتـی نەریتەکـان لە ئـاستێکی هونەریـدا,یان ئـازادبوونە لە ڕەتکـردنەوەی گـۆڕانکـاری و ڕۆتینـی بیرکردنەوەکـان یـان لە بیـرو بـاوەڕو ڕەوشـت)[3] لەژێـر ڕۆشـنایی ئەوەی کە پەیـوەنییەکی دیـالێکتیکی بەردەوام هەیە لە نێـوان بونیـادی تـاک وبونیـادی کـۆمەڵگەدا,واتە کاتێـک بونیـادی کۆمەڵگا دەبێتە هۆی پێکهێنـانی بونیـادی تـاکەکـان ,هەروەهـا بە پێچەوانەشەوە بونیـادی کـۆی تـاکەکـان دەبێتە بونیادی کۆمەڵگایەک لەسەر جۆرو چۆنییەتی پێکهاتەی ئەم پەیوەندییە,ئەدەب بە ڕەنگە جیاوازییەکـانییەوە لە دایـک دەبێت,ڕەوشـتی مـرۆڤ چ بە تیـۆری ونووسـینەکی بێـت یـان بەکـردەوەی فیزیکـی بە هـۆی وەڵامـدانەوەی بەردەوامـی بـۆ کێشـەکانی بەردەمـی دەناسـرێتەوە, لێرەشـدا دەردەکەوێـت کە ئەدەب کـاردانەوەیەکی تیـۆری و خەیـاڵییە, پێشـبینی نووسـەرە بـۆ داهـاتوویەکی باشـتر لە ئێسـتاو ڕابـردوو ,ئەدەب ئەو تیـزەیە کەبەسـەر دارماندنی کۆشکی زۆرداری و تـاریکیدا دێتە بەرهەم.(وەسروشتی کـاری ئەدەبی ڕەخنەگرانە, وێنادەکرێت بەهـۆی**

---

**١-چارلز برێسلێر- ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی-و-عەبدولخالق یەعقووبی-چ١- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر-٢٠٠٢ -ل٨١**
**٢- هـ .س .پ .ل٤٤**
**٣- محمد أحمد ألعزب - عن ألتمرد في ألشعرألنضالي ألعربي - مجلة ألأقلام - عدد-٩ - ١٩٧٠ - ألسنة ألسادسة -ص٦٨٦٩**

**توانای نووسەر لەسەرداهێنانی ئەم کارە, وەپەیوەندییە بنچینەییەکانی بەپێی ئەوەی کە ئەو بەشێکی چالاک وکاریگەرە لە کۆمەڵ,وەئەم پەیوەندییەش پشت دەبەستێت بە توانای نووسەر لەکۆکردنەوەی شتەکان ودووبارە دارشتنەوەیان وە ڕێکخستنییان وەئەم سیاقە ڕۆشنبیرییەی کە زمانە ئەدەبییەکەی لێ وەرگرتووە)[1]وەکاتێک واقیعیەتی ژیانی مرۆڤ پارێزگاری لە جەوهەریەتی خۆی دەکات و وەکوخۆی دەگوێزرێتەوە بۆ نێو ئەدەبیات ئەوا هەموو گوزارشت ودەربرینە ئەدەبییەکان واقیعییانە دەبن وتەنها ئامرازی کارپێکردن بۆ هێنانەوەی هەرس نەبوونی هەندێ لە نۆرم ویاسا داسەپاوەکان لە توندو تیژییەوە دەگۆڕێت بۆ بەکاربردنی وشە یان ڕەنگ یان دەنگ ,بەجۆرێک وشەبەکارهێندراوەکان پەردەپۆش ناکرێن وهەمان گورو کاریگەری هێزی فیزیکیانەیان بۆسەر بکوژانی ئازادی وفەرمانبەدەستانی نایەکسانی وديکتاتۆریەتدا دەبێت,ئەمەش لە شیعرو چیرۆک ورۆمانی ڕیالیزمیدا, بەئاسانی وبە ئاشکرایی دەبینرێت, وە بە ئەدەبیاتی ڕیالیزم ناسێنراوەو لەقۆناغێکی مێژوویی پێویستدا بنەماکانی سەری دەرهێناوەو لەلایەن ئەدیبانەوە پەیرەوی لێکراوە.(ئەم ئەدەبیاتە دژایەتی وپارادۆکسەکانی کۆمەڵگەوتاک لە بواری یەکگرتندا بە شێوەی دیالێکتیکی دەردەخات.لێرەدا تاکەکان خاوەنی سۆزو خرۆشگەلی توندوتایبەتن., چونکە لەو شێوەئەدەبیاتەدا تاکی ئاسایی بەسادەیی دژکردەوەیەکی لاوازە لەودژایەتی وپارادۆکسانەی کەهەمیشە لەناخی تاک وکۆمەڵگایە, هەروەها ئالۆزیەکی لە گۆڕینی فۆرمی هەڵومەرجی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەدەگرێت)[2] لەگەڵ ئەمەشدا نابێت جۆرو چۆنایەتی پەیوەندی هەرتاکێک لەگەڵ کۆمەڵ و دەسەلاتدا لەڕووی تایبەتمەندییەجیاوازەکانەوە فەرامۆش بکەین چونکە هەرکەسێک جا هەرپیشەیەکی هەبێت یا خاوەن هەر ئایدیایەک بێت,لەکەسانیتر ناچێت لە مامەڵەکردنی یان قبوڵکردن و قبوڵنەکردنی نەریت وقەدەغەکارییە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکان.**

**هەربۆیەقەدەغەشکێنییە ئەدەبییەکانیش لە بەرهەمێکەوە بۆ بەرهەمێکیتر لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکیتر جیاوازی تێدەکەوێت.(جا ئەم تاکە هاوولاتە هونەروەر, سیاسەتکار, یا نووسەر یا هەرچییەک بێت,بەلام هەموویان یەک چەشنە پەیوەندییان بەم کۆمەڵەوە نییە,گرژی وخاوی ئەم پەیوەندییە کەوتوتە سەر هۆش وبیرکردنەوەیان,دوورنیە لە شێوەی ئیلتیزامێکی سەرکوتکردنانەدابێت ..یان دەشێت پەیوەندییەکی هوشیارانەی وابێت کەلەسەربناغەی بەرژەوەندی دوولایی تاک وکۆمەڵ لەسەر تێگەیشتن و دەرک کردن بەم بەرژەوەندییە دروست بووبێت)[3] بەلام وەک زانراوە هەستی ئەدیبێک ونووسەرێک ناسکترو پاکتروجوانترە لە هەستی یاخیبوویەکی چەک بەدەست یاخود شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی, واتە ئەدەب ڕابوونێکی هزری و هەستییە, کۆکردنەوەی نارەزاییە خودی وگشتییەکانە, دەرخستنی هەڵوێستە بەرامبەر زوڵم وکۆنەو باوەکان, هەمووئەمانەش لە قالبی زمانێکی ئەدەبییانەی خاوەن ناوەرۆکێکی بەرزو پڕمانادا دادەڕێژرێت.تەنها لە**

---

١- وليام بوليور - مدخل في علم ألأجتماع ألأدبي - ترجمة :إبراهيم خليل -مجلة ألأقلام - عدد-١٠ -١٩٨٤ - سنة تاسع عشر -ص٨٠

٢-کارل مارکس,ئەنتۆنیۆ گرامشی,جۆرج تامسۆن,لۆزا لۆکسامبۆرگ - لەبارەی ئەدەبیات وهونەرەوە - و-شەریف فەلاح - چاپخانەی شڤان - سلێمانی -٢٠٠٩ - ل١٠٥-١٠٦

٣- إسماعيل رەسول - چەند باسێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی - دارألحرية بەغدا ١٩٨١ - ل٦٤

حاڵەتێکدا نەبێت کە یاری بە شکۆمەندی هیچ کەس ولایەنێک نەکرێت, ئەوا بەرهەمی ئەدەبی هەم وزەی بڕوا بەخۆبوون و توانای بەرپەچدانەوە دەبەخشێت, لەهەمان کاتیشدا ڕستێک لە ووشەی بێ گوناە دەگرێتە لایەنی بەرامبەرکە ئازار بەخش وتێکدەر نابێت.(بەمەش چاکەوباشی پیاوانی ئەدەب و هونەر بەسەر پێشەوایانی ڕاپەڕینەکان و جەنگی مەملەکەتەکان دەردەکەوێ,هەروەها باشی وفەزڵی سەردەمی ئاشتی و ئارامی وئاسایش بەسەر سەردەمی ناکۆکی و هەڵگەڕانەوەو ڕووداوو جەنگەکان یان فەزڵی قەڵەم بەسەر شمشێردا دەکەوێتە پێش, وەجیاوازی دەکرێت لە نێوان بنیاتنەرو ڕوخێنەر یان لە نێوان چەسپاوو سەرپێچیکار..)[1]بەم پێیە هێزو توانای نووسەر دەوەستێتەسەر ئەو تەزووە وروژێنەرانەی لە ئاکامی وێناندنی بیرو بە ژیلەمۆکردنی ووشەدا دەیانئاخنێتە دڵ ودەروونی دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵاتان, وەبتی بەپیرۆزکراوی عەقڵی ژەنگ گرتووەکان تێک دەشکێنێت و کاردەکاتە سەر ویژدانی مردووی خنکێنەرانی ئازادی ڕادەربڕین.

کەواتە سروشتی بەرهەمی ئەدەبی سروشتێکی بزوێنەری هونەرییە بەرامبەر مەسەلەکراوەو داخراوەکانی ژیانی ئادەمیزادداو بێ بەرییە لەهەر گێرەشێوێنییەکی ڕاستەقینە.(ئەدیبی دانەرهیچ هێزێکی نییە تەنیا لە جیهانی خەیاڵەکانیدا نەبێت, وە بۆلەدایک بوونی وێنەکانی, ئەوەی دەیەوێت, ئەوەدەکات کە لە فریشتەی خەیاڵیدا بەخامەکەی دەی هێنێتە بەرهەم, وە بەشێوەیەک مامەڵەدەکات کەفریشتە خەیاڵییەکەی حەزی پێدەکات لە کەسایەتییە وەهمییەکان لە مرۆڤ و نامرۆڤ, یان لە ئازاو پاڵەوانەکان .ستایشی ئەوەدەکات کە دەیەوێ ئەوەش دادەشۆرێ کەدەیەوێ,وە هەرچییەکی بیەوێت دەیژیێنێت ودەیمرێنێت,یاری بەڕووداووقەدەرەکان دەکات, وەبەهەوەسی خۆی مامەڵە بە نەهامەتییەکان دەکات..)[2] نابێت ئەوەش لەبیربکرێت کە خەیاڵکردنەوەی شاعیر دووبارە دروستکردنەوەی حەقیقەتە بەڵام دوور لەهەرچاودێری و فشارێک بەڵکو گەڕانەوەیە بۆدونیای تایبەتی ورێکخستنەوەی پێکهاتەکانی ژیانە لە قاڵبێکی هونەریدا, بەسەرکردنەوەی حەزە بەدی نەهاتووەکانە, جگە لەمە دەشێت ئەوەی لەخەیاڵی شاعیردا وێنای بۆ دەکرێت ببێتە واقیعێکی بینراووبیستراو یان بەو واتایەی پەتی مەحاڵ لە بەرهەمی هونەریدا دەپسێت و بۆی هەیە پساندنی ئەم مەحاڵە تەنیا لەدووتوێی پەرتووکێکدا نەمێنێتەوەو دزەبکاتە جیهانی دەرەوە, کارێگەری بە هێزبخاتە سەر کەسایەتی مرۆڤ, یان مرۆڤ لە خەڵوەتی بێ دەنگی و سڕبوون بە ئاگا بێنێتەوە.(ئەمەش مانای ئەوەیە کە شاعیر کاتێک خەیاڵی بەکاردەهێنێت لە حەقیقەت ڕاناکات, بەڵکو دەست بە حەقیقەتەوە دەگرێت لە خەیاڵیدا, وەخەیاڵ و واقیع هەردووکیان هۆکارن بۆ گواستنەوەی ئەم دژبەرییە ناوەکییەی کە هونەرمەند پێوەی دەناڵێنێت, لەمەشەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم دەرئەنجامە هەڵەیە کە حەزی هونەرمەند بۆ دوورکەوتنەوە لە واقیع هانی دەدات بۆ داهێنانی هونەری بەم پێیەی ئەم ڕاکردنە لە واقیع لە جیهانی خەیاڵدا دەبێت وەخەیاڵیش بەشێکی گرینگە لە داهێنانی هونەری ,لەڕاستیدا شاعیر دەست بەسەر واقیعدا دەگرێت بە خەیاڵ, واتە هەوڵدەدات لە واقیعدا

١- محمدألسباعي - خواطر في ألحياة وألأدب - ألشركة ألعربية للطباعة وألنشروألتوزيع - قاهرة -١٩٧٢ - ص[١٨٢]
٢- ن . م . س. ص[١٨٩]

ڕۆبچێت بە خەیاڵ)[1] کەواتە دەتوانین بڵێین خەیاڵ پاژێکە لە واقیع و فەزایەکی هزری ئازادە بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەم بەشانەی ژیان کەمانا بە بوون دەبەخشن وتەوقی نەزانی ونەکردنەکان دەشکێنن,وەشایەنی باسیشە کە کاتێک هونەرمەند یا ئەدیب, دەیەوێت بەرامبەر دیاردەیەکی زاڵ یان خراپ پێگەیشتوو لەنێو کۆمەڵدا بێتە دەنگ,بێگومان لە هەندێ باردا پەنا دەباتە بەرجۆرێک لە دەمارگیری ,لەگەڵ ئەوەشدا لە حەقیقەت دوورناکەوێتەوەو هەوڵی بە نیشانەگرتنی ئامانجەکانی دەدات,ئەدەب مەیدانی جەنگە دەروونییەکانی نووسەرە,ئەدەب ئەم کاتەیە کە هونەرمەند تیایدا لە هەڵچوونییەوە بەرەو ئەندێشەکردن دەڕواو ئەم شوێنەیە کە هەڵچوونەکانی تیا خاڵی دەبێتەوە, بەتایبەت لەم بڕگەو بابەتانەی کە پێشێلی بەهاوبەستەڵەکە ئایدۆلۆژییەکانی تیا دەکات بەگشت ڕەهەندەکانییەوە.(هونەرمەند وەکو هەموو کەسێکیتر,بەحاڵەتێکی دەروونی دەناڵێنێ, وە ئازار دەچێژێ بە هۆکارێک لە هۆکارەکان,بەڵام هونەرمەند شێت نییە, هەتا ئەگەر هونەرمەند لە هەڵچوونیشیدابێت دەمارگیرییەکەی هیچ کارێک ناکاتە سەر داهێنانە هونەرییەکەی, لەبەرئەوەی کاتێک داهێنان دەکات لە حاڵەتێکی تەندروست وبەئاگاوەی دەروونیدایە بە هەموو ئەو واقیعانەی لە حەقیقەتدا هەن)[2] هەر بەم ڕەنگە ئەدەبیات بەگشتی خۆی لەم داهێنانە بەرزانەدا دەنوێنێت کە ڕەنگدانەوەی بەگژداچوونی ناوەوەی ئەدیب و دەرەوەیەتی,وە لەنێو ئەدەبیاتیشدا شیعر بەتایبەتی بەرپرسیاریەتێکی گەورە هەڵدەگرێت,بۆ زیندووکردنەوەی چەمکە نەگوتراوە بەمردووکراوەکان یاخود قەدەغەکراوەکان.

وەشاعیر لەودیوهونەری شیعرەوە دەرگایەکی بوێرانەی نوێ بەسەردەنگی ئازاددا دەکاتەوەو ڕووی دەمی دەباتە سەر هۆنینەوەی هەڵوێستەکانی و,سەنگەری ووشە بەرامبەر لەشکری تاریکی و ڕامکردنی دەربڕین دادەمەزرێنێت.(شاعیر وەک هەر مرۆڤێک, کوڕی چینە کۆمەڵایەتییەکەیەتی, وەهاوسۆزی لەگەڵ هەژاران وزۆرینەی خەڵکدا هەیە, وە بڕوای بەپرسەکەیەتی,گوزارشت لە هەڵوێستەکانی دەکات وە تێدەکۆشێت لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی)[3] هەروەها ئەوەی بەدی دەکرێت کە شیعرو ئەدەبیات بۆ گەیاندنی پەیامێکی دژ بە هەر سیستەمێکی داسەپاوی باو دەبێت بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەو نائاسایی تەوژمی شەپۆلە شیعرییە یاخیبووەکەی بڵاوبکاتەوە,واتە کرۆک ومەبەست لە بەرهەمە ئەدەبییەکەدا ئەوەیە کە ڕەوتی ژیان یان ڕووداوەکان وەک زەمەنێکی وەستاوی دووبارە بووەوە نمایش ناکرێن.بەڵکووەکو پێویەستییەک بۆ گەیشتن بە گۆڕان و وەرچەرخانی سەردەمییانە دەخرێتە بەر ئەفراندنی ئەدەبی یا هونەری,هەربۆیە شیعر پێگەیەکی باڵای هەیە لە شۆڕشی ڕۆشنبیریدا,وەتوانای بەرهەڵستیکردنی ئەم ئەستەمانەی هەیە کەوەکو هێڵێک کێشراون لەنێوان هاووڵاتی و بێ فەڕو سەرپێچیکاردا.(مەرج نییە شاعیر واقیع تێبپەڕێنێ بە سلبیاتەکانییەوە, لەبەرئەوەی شاعیر ناڕازییە لە زۆربەی کاتەکاندا وەیاخی دەبێت لە زۆربەی شتەکان و نەشیاوەکان,وەکاردەکات لەسەر

---

١- د.عزألدين إسماعيل -ألتفسير ألنفسي للأدب - ط١ - دارألمعارف - قاهرة - ١٩٦٣ - ص٤٤

٢-ن .م . س .ص٣٢

٣- صبيح ناجي ألقصاب - ألشعر بين ألواقع وألأبداع - دار ألحرية للطباعة - بغداد -١٩٧٩ -ص٣٦

گۆڕینی پەیوەندییەکان, وەگەشەیەکی نوێیان پێ دەدات, لەبەرئەوەی کرۆکی کاری شیعری بریتییە لە کاردانەوە, بەوەی کە ئەم کارانەی دەبنە هۆکاری کاردانەوەکان ناشێت هەموو کاتێک شیاوو ماقوڵ بن,وە شیعر لە حاڵەتێکی جێگیردا نامێنێتەوە, وە لێرەدا پۆستی شیعر بەردەوامی ونەمری وەردەگرێت ,بەم پێیەی بە وەستاوی نامێنێتەوە,وەلەسەر یەک پەت ناڕوات, لەبەرئەوەی دووبارەبوونەوەی شتەکان مانای وەستانی داهێنان و گەیشتن بە کۆتایی دەدات,وە ئەو وتەیەی لەسەر دەسەپێت کە شیعر زیاتر لەسەر خراپییەکان و ناکۆکییەکان کاردەکات)[1] مرۆڤ ئەگەر داهێنەرو ئەدیبیش نەبێت بەردەوام هەوڵ بۆ تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانی دەدات, بەدوای پەناو پەسیرێکدا دەگەڕێت تا ماندووبوون وشەکەتییە جەستەیی ودەروونییەکانی پشووپێ بدات. بۆیە شکستەکانی ڕۆژگار چۆکی پێ دانادات وسات بەسات بەگوڕتر تێدەکۆشێت بۆ شکست پێهێنانی تەنگەژەی کولتووری وسیاسی وئاینی وکۆمەڵایەتییەکان,تادەگاتە ئاستی شەڕکردن لەگەڵ واقیعی داڕێژراوو,ئەمە فۆڕمێکیتر وەردەگرێت ئەگەر ئەم مرۆڤە ڕێگای داهێنانی هونەری یا ئەدەبی بگرێتەبەر,چونکە ئەدیب یا هونەرمەند ئامرازو کەرەستەی ناتوندوتیژانە بەکاردەبات بۆ دوورخستنەوەی پاڵەپەستۆکانی سەری,شاعیریش لە پێناو دۆزینەوەی مەنفەزێک بۆ هەناسەدانێکی بێ سانسۆر گشت هەست وسۆزو خرۆشە ناخەکییەکانی کۆدەکاتەوەو دەیانکات بە ووشەی کاریگەرو بزوێنەر,وە لە چامەیەکدا بەرگی بەرەنگاربوونەوەیان دەکاتە بەر.(یەکێک لە لایەنە گرینگەکانی شیعر ئەوەیە,بوار بە هەناسەدانی سۆزەکان دەدات, وەهەڵدەستێت بە شکاندنی کارابوونی فشارەکان وەڕووبەڕووبوونەوەیان لە ڕێگەی جوڵاندنی ویژدانییەوە خرۆشاندن و یاخیبوون دەنێتەوە,وەبەرزیان دەکاتەوە بەسەر ئاستی فشارەکاندا, وە سۆزەکان بە ئامانجەکانییانەوە دەردەبڕێت, وەهەڵدەستێت بە شکاندنی حاڵەتی بێدەنگی و دڵەڕاوکێ, بۆهێنانە کایەی حاڵەتی ئارامی و گوێزانەوەلە هەمەکییەتەوە بەرەو بەڕێکخستن بوون, وەبەکاریگەری گڵدانەوەی دەمارگیرییەکان بۆشاییە هەستییەکان کارادەکات وهاندەردەبن بۆ هێنانە کایەوەی سەقامگیری دەروونی,وەئەم حاڵەتانەش ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر خوێنەر یا ئاڕاستەکراوەکان لەکاتی هاوسۆزبوونیان و تێکەڵبوونیان لەگەڵ چەمکە شیعرییەکەدا )[2]وەهەر لەم سۆنگەیەوە ئەدەبیات بەگشتیو شیعر بەتایبەتی سیماو ئەرکی جیاواز دەگرێتەخۆ لەوانە هەم وەک نیشاندانی توانای هونەری وئیستاتیکا لە داهێنانی بەرهەمی ئەدەبیدا وەهەم ئەرکی کۆمەڵایەتی ووشیارکردنەوەی تاک لەهەمبەر دۆخە داچەقیوە قەتیسبووەکانی سیاسی وئاینی ئەم ئەرکانەش لەهەڵومەرجی خراپ بوونی پەیوەندییە خودییەکان وناخودییەکان ئەدەب بەلایەکدا دەبات کە بە پێی پێویستی سەردەم لە خولگەیەکی بابەتیدا بسوڕێتەوەو گوزارشتەکانی لە یەک بچن,لەم بارەشدا ئەم ڕێبازو قوتابخانە ئەدەبییانە لەدایک دەبن کە بەچەند بنەمایەک دەناسرێنەوە ,بۆنموونە ڕێبازەکانی وەک دادایزم وسوریالیزم لە هەناوی بێ هودەیی و متمانە نەمان بە هەموو بەهاو واتایەکی فەڕزکراو سەریانهەڵداو,بێ گوێدانە هیچ

١-ن .م . س . ص[٥٦]
٢- ن . م . س .ص[٨١]

پرانسیپێکی عەقڵی ورۆحی, ئەدەبیاتییان خستە نێو جەنگی ئیدۆلۆژیاو نەریتەوە . بەمەش ڕێگایەکی تازەیان لەبەردەم کاری ئەدەبی وهونەریدا کردەوەو هەرچی بەدەمدابێت وبەخەیاڵدا گوزەربکات بوو بەناسنامەی ئەدەبی ئەم ڕێبازانە بۆنموونە.(ماهیەت وکرۆکی دادایزم لەگەڵ هیچ جۆرە یاسایەکی ڕیزبەندی وخانەبەندی وهونەرو جوانی ناسیدا نایەتەوە,چونکە ئەم یاخیو سەرکێشانە لە ڕابەدەر باوەڕیان بە پووچی کاروبارەکانی جیهانە.بۆ هەڵاتن ورزگاری لەم پووچیە لە هەوەڵەوە تا کۆتایی هەموو سوننەت ودابە کۆنەکان دەکەنە قوربانی هەوەسبازییەکانی خۆیان وپێشێلی دەکەن,بەڵام هیچ باوەڕێکی تازەی مکوومی لەجێگەدانانێن..بەلای دادابیەکانەوە هەر جۆرە پێوەرێکی بەها بێ بنەمایە,هەر جۆرە جیاوازی کردنێک لە بەینی ئەوەی پێویستە بکرێ و ئەوەی نابێ بکرێ, لەبەینی ئەوەی پێویستە بگوترێ و ئەوەی نابێ بگوترێ نایەتە پەسەند کردن, تەنیا ئەوەندە بەسە کەهەرچییەک بەهزردابێت پڕاکتیزەبکرێ)[1]وە لەگرینگترین ئەرکەکانی ئەم قوتابخانەیە گرێدانەوەی چارەنووسی مرۆڤە بە ئەدەبییاتەوە بەم پێیەی ئەدەب ئاوێنەی خواست وخۆزگەکانی مرۆڤەو هەرکاتێک ئەم خۆزگەو خواستانە کەوتنە ژێرباری هەڕەشەو تۆقاندن کەواتە چارەنووسی مرۆڤایەتی لەبەردەم مەترسیدایەو هەرکاتێکیش وەیشوومەکانی ئاشوب وڕێگریەکان و کوندەبووەکانی تاریکی لە مەیدانی هزرو هونەردا وەدەرنراون,ئیدی قەیدوبەندەکانی سەرمافە سەرەتایی وکۆتاییەکانی مرۆڤ هەڵدەگرێت وئەو ئیمبراتۆرییەتە وەهمیانەش دەڕوخێنن کە باڵیان بەسەر بیروبۆچونی کۆمەڵگەیەکی کۆنەپەرستی دەستەمۆکراودا کێشاوە ,کەواتە لەمەوە تێدەگەین کە نووسەرانی دادایزم بە دیدێکی فراوانەوە لە ئەدەبیان ڕوانیوەو,لەڕێگەی ئەدەبەوە تەنگیان بە تابۆکارییەکان هەڵچنیوە.(مەبەستی پەیڕەوکارانی دادا سەرکێشیکردنە دژی هونەرو ئەخلاق و کۆمەڵ.نووسەرو هونەرمەندانی دادایست دەیانەوێ ئەدەبیات,دواتریش مرۆڤایەتی,لەکۆتی عەقڵ ومەنتیق وزمان ڕزگاربکەن)[2]دوای ئەم ڕێبازە"سوریالیزم" وەکوقوتابخانەیەکیتری ئەدەبی بووە تەواوکەری هەمان ئەو سەرکێشیانەی کە لە ئەنجامی سەگەردانی وناماۆبوونی مرۆڤی ئەو سەردەمەوە دروستبووبوون,بەڵام زیاتر دەرئەنجامە دەروونشیکارییەکانی "فرۆید"یان بەسەردا زاڵ بوو,پشتیان بەم میکانیزمە دەروونییانە بەست کەلە نەستی چەپێنراوی مرۆڤدا ئاڕاستە دەکرێن.

جگەلەمە سوریالیستەکان وەک یاخیبوویەکی ئەدەبی دژ بەسیاسەت وئاین وداموودەزگای دەوڵەت وپڕانسیپی کۆمەڵایەتی بنەمای کاری خۆیان دامەزراند,وێنەی سێکسی وئارەزووە شاراوەکانی ناخیان لە نووسینی شیعرو کارە هونەرییەکانیان سیمایەکی دیاری هەبوو.(بۆ نووسەر یان هونەرمەندی سوریالی,تەنێ ئەوە بەسە کەتۆ خەونێکی خۆت بخەیتە چوارچێوەیەکی هونەرییەوە,یان تەنێ ئەوە بەسە کەتۆ هەوەسێک یان ئارەزوویەکی چەپێنراوی خۆت,یان حاڵەتێکی نائاگایی سێکسی بەیان بکەیت.هەرلێرەشەوە ئەدەبی سوریالیست,خاوەن ناوەخن ومۆرکێکی ئیرۆتیکە,ئەم ئیرۆتیزمە لە کاریگەرییێتی فرۆیدیزمەوە دارژابووە ناو بینینەکانیان: دەیانویست چنگ

---

١- ڕەزا سەید حسێنی - قوتابخانە ئەدەبییەکان- و.حەمەکەریم عارف - چ١ —چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە -٢٠٠٦ - ل٢٥٤-٢٥٥

٢- د.فەرهاد پیربال - ڕێبازە ئەدەبییەکان - چ١ - هەولێر ٢٠٠٤ - ل٣٢٨

لەدوورترین وقوڵترین پنتی چەپێنراوی هەوەس وئارەزووەکانی خۆیان گیربکەن وبیانخەنە ناو چوارچێوەی داهێنانەوە)[1] وەلەدیارترین ئەو لایەنانەی کە هەردوو ڕێبازەکە کردوویانە بە لوتکەی پێناساندنی کارە ئەدەبی وهونەریەکانییان,ناوهێنان وتێکەڵکردنی ووشەو وێنەو تابلۆسێکسی وتابۆییەکانە,بەڵام هەریەکەیان بەجیا,وەک ئەوەی لە سوریالیزمدا هەمان ئەوئاڕاستە دەروونییانە دەگیرێتەبەر کەباس لەهەڵدانەوەی کەبتی ناوەکی دەکات بە شێوەیەکی ئیرۆتیکی,هەرچی دادایزمە کار لەسەر دیوە ئاشکراو لەزەت بەخشە گشتییەکان دەکات لە ئیرۆتیکدا, بۆنموونە وەک ئەوەی لە ئاهەنگێکی ڕەشبەڵەکدا یان لە سەمایەکی تێکەڵاوی چێژدار لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا هەستی پێدەکرێت.(لە دادایزم وسوریالیزمدا سەرهەڵدانەوەی بوارەکانی تابۆی جەستەیی باس لە بابەتێکی قوڵترو فراوانتردەکات لەگەڵ ڕەتکردنەوەی پێودانگی ئەخلاقی تەقلیدی...لەدادادا جێگای سەرنجە کەوا جەستە زۆر بە دەگمەن وەکو زاراوەیەکی چێژدار یان هەست بزوێنەر بەرچاو دەکەوێت,سەماکردن دەورێی بالآی هەبووە لە کردە دادایزمییەکاندا)[2]نووسینی ئۆتۆماتیکی یەکێکیترە لەم خەسڵەتە باوانەی کە لەهەردوو ڕێبازەکە گرتوویانەتە بەر بۆتێکدانی ئەم پەیوەندییەی لە نێوان ووشەکان یان وێنەکان ودەلالەتەکانیاندا هەیە,بەومانایەی شێواندنی ئەم پەیوەندییە هەنگاوێک دەبێت بۆ ڕەچەشکێنی لە بەرهەم وداهێنانەکانیاندا چونکە بەهۆی ئەم جۆرە نووسینەوە ووشەکان لەسەر بنەمای پەیوەندی ناخرێنەپاڵ یەکتر بەڵکو بەمەبەستی لادان لە ڕۆتین ورستەی سواو,هەروەها بۆ تێکشکاندنی واتا هەمیشەیی و مەییوەکانی نێو فەرهەنگەکان پەنای بۆ دەبرا بەڵام هەر ڕێبازەو بە ڕێژەیەکی جیاواز دەیکردە ئامرازی بەکارهێنان.(شیعربەرهەمی هەستە ناخەکییەکانی شاعیرە, یا ئەو هەستانەی لە هەربەشێکی جەستەیدا کۆبۆتەوە کە هاواردەکات, نەفرەت دەکات,بەشێوەیەکی دووبارە بۆوە لەسەر زمانی تەتەڵە دەکات, بەپێی ویستی خۆی, وە ئۆتۆماتیزم لە لایەن دادایستەکانەوە بەشێوەیەکی ڕۆتینی کاری پێ دەکرێت,بەڵام لەلایەن سوریالیستەکانەوە بەشێوەیەکی سادە بۆتە بیردۆزێک لە زاراوەکانی شیکردنەوەی دەروونیدا)[3]وەگومانی تێدا نییە نییە کە ئەم جۆرە بێبنەماییە لە ئەدەبدا لەئەنجامی شەڕو کاولکاریەکانی سەردەمی جەنگەجیهانییە گەورەکاندا هاتە پێشەوە ,لە ئەوروپادا,وەکاریگەری ئەم ماڵوێرانی وبێبەهاییەی مرۆڤ کەوتەنێو لاپەڕەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکانیشەوە.

کاردانەوەی نەهامەتییەکانی ئەم جەنگانە دیدگایەکی پەشێواوی لەهزری فەیلەسووفە مەزنەکانی وەک "هیگڵ"یشدا ڕواند وە ئەم دیدگایە ڕەشبینە لە سوریالیزمەوە بەردەوام دەبێت وڕنگدانەوەی لەسەر ڕووناکبیرانی ناوەندە فیکرییە جیهانییەکان دەبێت وەک ناوەندە فیکرییە فەرەنسییەکان بەنموونە.(سەرەتاکانی ساڵانی ١٩٢٠ەکان بریتییە لە دەستپێکی گەشەسەندنی ئەدەبی کەتیایدا تێگەیشتنێی نەرێنی لەژیان چەقی بابەتەکان

---

١- هـ . س . پ .ل[٢٢٩]

2- David Hopkins-- Dada and surrealism:Avery short Introduction - Oxford University pressOxford -2004- p[115]

٣-هـ .س .پ . ل[٦٩]

بــوو,ئەمەش ئەو ســەردەمە بــووکە هیگــڵ(Hegel)دەبەســتێتەوە بەفرۆیــد(Freud), مــارکس(Marx), نیتــزش(Neizsche), کیرکیگــارد(Kierkeggard), وەلەســەردەمی سوریالیزمەوە (Surrealism), بــۆ مارکســـیزم(Marxism),وەبـــۆ وجـــودیە (Existentialism), وەئەوتێگەیشـــتنە نەرێنیـــانەی هیگـــڵ (Hegelianunhappy) شوێنێکی سەرەکی لە هزروبیـری فەرەنسی داگیردەکـات)[1] بەم شێوەیە یـاخیبوون ووەرسبوون لە باوو ئابڵوقەدانی هەوەس وئارەزووەکانی تـاک یـان سڤیل لە ژینگە داخراوەکاندا,لەهەڵکەوتێکی گونجـاودا لەدنیـای ڕاستەقینەو جولاوداخـاڵی دەبێـتەوەو تـاک هەڵسوکەوتێکی پێچەوانەی ئاڕاستەی یاسـایی وکۆمەلایەتی دەگرێتەبەر یانیش ئەوەتا لەمەیدانی ئەدەبدا شۆڕەسواری قەڵەمەکەی تـاودەدات بۆبەگژداچونەوەی هەمـوو ئەوەدەنـگ وڕەنـگە ناسـازانەی بەجیهـانی مـۆدێرن ومەدەنـیەت و دیموکراسی بێگـانەو نـامۆن.واتە ئەدەب وهـونەر هەم قەڵغـانە بـۆ تیغی دوژمـن و ڕەمزی بەرخودانی چالاکوانـانی بزاڤی ڕۆشـنبیرییە, وەهەم هێرشبەرو وێرانکەری ئەم قەلا بەردینە کۆنینانەیە کەسنگی بەسەر مۆڕاڵی گەشەسەندنی فیکریدا داکوتـاوە.

ب-پەیوەندی دیالێکتیکیانەی نێوان ئەدەب – تابۆکان:

لێرەدا بە پێی بەدواداچوونەکـانی پێشومان سەبارەت بە ئەدەب و تـابۆکـاری پەی بەوە دەبەیـن کە کـاریگەری پێچەوانە لەنێـوان هەردوو لادا بەدی دەکرێـت,واتە هەم قەدەغەکـاری و کلـۆمە ئاسـنینەکانی سـەر نووسـین و دەربـڕین کـار لەمەودای جیهـانبینی نووسـەران دەکـات و گڕوتینیـان پێ دەدات بـۆ نەسڵەمینەوەو قەدەغەشکێنی وەهەم ئەدەبیات ودونیای هونەر بەگشتی خاڵی بنەڕەتی هوشیاری وڕا پەڕینـە کۆمەلایەتییە دیاروبەرچاوەکـانی مێـژووی مرۆڤـایەتییە.بۆیەزۆربەی وەرچەرخـانە گەورەکـان هەر لەسـەردەمی ڕێنسـانسـی فەرەنسییەوە تـادەگـاتە شۆڕشـەمەدەنییە سـەرکەوتووەکانی ئێسـتاو ڕابـردوو بە وروژانـدنی هەسـتی جەمـاوەر کەوتـۆتە سـەرپێ لەلایەن ڕووناکبیران وشاعیران و فەیلەسوفانی خاوەن ئایدیای جیاواز لەکلتوورو بیروباوەڕی بەجێماو یـان چەق بەستوو ئەمەش ڕاستی ئەم پەیوەندییە دیالێکتیکییەی نێوان ئەدەب وتـابۆکان دەسەلمێنێت.

لەباشـــترین نمـــوونەی بەرچـــاودا "ئـانارشـــیزم" وەکـــوبزاڤێکی ئـــازادیخوازانە لە ئەوروپـــادا بە پێشـــڕەوی چەنـدبیریـارێکی ئەو سـەردەمە جـاڕی بـۆدراو,بەر لەڤوتـابخانەکـانی داداوسـوریا ئەدیبـان لەخـۆ کۆدەکـاتەوەو بڕشتیـان پێ دەدات بۆ بەکارهێنـانی بەرهەمە ئاگرینەکانیـان بەرامبەر هەر جۆرە هەورێکی ڕەش کەبەری خۆری ژیانـدۆستی و مافدۆستی بگرێت(بیری ئانارشیزم "ئازایخوازی"لەسـەدەی نۆزدەهەمـدا لە ئەوروپـا گەشـەدەکات, ئەمەش لەسەردەستی بیرمەنـدەکانی وەک "پروودۆن"و"بـاکۆنین"و "سـتیرنەر"ئەم فەلسـەفەیە پـێش هەمـوو شـتێک دەوڵـەت وداموودەزگاکـانی, بەکەنیسەکانیشـەوە ڕەفزدەکـاتەوە, چـونکە بەربەسـتن لەبەردەم ئازادییەکـانی تـاکە کەس وگەشەسـەندنی کۆمەڵگا.ئانارشیزم وێرانکـار نییە,بەڵکودەیەوێت سەرلەنوێ کۆمەڵگەیەکی ئـازادو پـڕ لە

[1] . Bruce Bauh - French Hegel From surrealism to post modernism- Routledge -London and New Yourk-2003-p5

هاوکـاریی ئەوتـۆ بنیـادبنێتەوە, کەتـاکە کەسـەکانی بە تەواوەتـی ئـازاد بـژین و دام ودەزگـا داپڵۆسـێنەکانی دەوڵەت وکۆمەڵگە چیتر ئەوملشکێنیەو ڕەها بەزەبرەیان نەمێنێ بەسەر تـاکە کەسە گوناحەکـانەوە)[1] لەسـەر ئەم ڕێبازە شـاعیرانیش دەست لە بێ دەنگی ونـامۆبوون هەڵـدەگرن و هیچ سنوورێک نـاناسن بـۆ بەدەستهێنانی هەر ئامانجێک کەبەهۆکاری هەمەجۆرلێیان قەدەغەکراوە.

لەپێچەوانەی ئەمەشدا کاتێک هیچ ئاسۆیەک نامێنێتەوە بۆ هزرین ودیالۆگ یان با بڵێین لـووتی هەنـاسـەدانی ئەدەب دەگیرێت بە هـۆی پەتـای داپڵۆسین ودانـانی تاشـەبەردە خنکێنەرەکـان ئەوا تـابۆکـان چەقـی منداڵـدانی ئەدەب داگیردەکەن وڕێگای نەشونوماکردن وبـاڵکشاندنی لێ دەگرن بەمەش ئەندێشەیەکی سست تـاو بە ئەفرانـدن دەدات کە هیچ جـوغزێکی موقـاوەمەت و لەگۆڕنـانی بێـدادی لە خۆناگرێت بەڵکـو دەبێـتە هەوێنـی پێگەیـانـدنی مرۆڤـی سـەرکزو دەم بەسـتراوو نـوزاوە.(بەمەش بۆمـان دەردەکەوێـت گەڕان بەدوای پـاڵنەرە نادیارەکـانی وەک هەوەس وئـــارەزوو کەبەنـــدە بە سروشـــتی پێکهـــاتەی کـــۆمەڵایەتییەوە وە پـــێگەی هونەرمەنـــد لەم پێکهاتەیە,نـاکۆکییە کـۆمەڵایەتییە ناوەخۆییەکـان تونـدتر دەکـات لە سیسـتەمی سـەرمایەداری ئەمەش هەمـوو شتێک دەگۆڕێت بۆ زەروو یان ئـاڵۆزبوون و والە هونەرمەنـد دەکەن هەست بە دڵتەنگی و نـامۆبوونAlination بکـات لە نێوکـۆمەڵگە, بەمەش هونەرمەنـدی کپکراو تەنیـا هەست بە نائومێـدییەکی تونـد دەکـات بەرامبەر ئەم جیهانە بڕەرو بێ بەزەییەی کە ئازادییەکـانی دەکوژێت و لە هەوڵەکـانی بـۆ گوزارشتکردن لە یاخیبوونەکـانی دژ بە دنیای سەرمایەداری و یاسا توندو تیژەکـانی, ئەم هونەرمەنـدە ڕێگـایەکی نەرێنـی وتـاک ڕەوانە دەگـرێتە بەر لە یاخیبوون وڕەتکردنەوە,بەبـێ ئەوەی ئەو توانایەشی هەبێت بە هۆکـاری ڕەوشەکۆمەڵایەتی و چینـایەتییەکەی بـۆ ئەوەی ئەم خـۆگرتنەی بکـات بە هەڵوێسـتێکی ئەرێنـی وکـاریگەرو بگـۆڕ تـاکرۆکی سیسـتەمی پـاوانخوازی سـەرمایەداری بکـاتە ئـامـانج کە ئـازادی و کەسـایەتی لـێ سـەندۆتەوە)[2]بـۆ ئەم مەبەسـتەش شیعر لە نێـو گشت بەشەکانیتری ئەدەبداو شاعیریش وەکـو هونەرمەنـدێکی دڵنـاسکی کـارتێکراو بە پـاڵنەرە دەرەکـی وناوەکییەکـان, ئەم پێشـەنگیەیـان بەردەکەوێـت لە تـــاودان وبزوانـــدنی ڕۆحـــی خۆبەدەســـتەوە نەدان و دەربڕینـــی نەگـــوتراوە تـابۆییەکان, وەهەرچەندە ئەم پەیوەنـدی وکـاریگەرییە پێچەوانەی نێوان ئەدەب وتـابۆکـانیش تونـدترو بەردەوام بێت ئەوا بێگومان ئومێدی وەرچەرخان لە  هەموو بوارەکان زیاتر دەکات,وە لەکۆتاییدا یـا تـاریکی بـاڵ  بەسـەر بینیـــنە جیاوازەکانـــدا دەکێشـــێت,یان کـــاروانی دیموکراســـی وبەمۆدێرنەبـــوون قەدەری ووشـــە لە زینـــدانی بەکارنەهێنانیدا دەردەهێنێت.

---

١- د.محمد ألنويهي- ثورة ألشكل وثورة ألمضمون في ألشعر ألمنطلق - مجلة ألشعر عدد-٧ - -١٩٦٤ - ص ٣٧

٢-د.عبدألسلام ألمسيحي ,د.عبدألواحد لؤلؤة,د.سلمان ألواسطي,فاضل ثامر -ألشعر ومتغيرات ألمرحلة - وزارةألثقافة وألأعلام - بغداد -١٩٨٦ - ص٦٩

• **تەوەرەی دووەم:ڕەی شیعر بۆ شکاندنی بەستەڵەکەکان:**

شیعر وەکو ڕەگەزێکی گرینگ وسەرەکی لە ئەدەبدا لێی نۆڕدراوە هەرلە شارستانیەتی کۆنی یۆنانەوە تادەگاتە سەردەمی ڕێبازە یەک بەدوای یەکەکان, واتە هەر لەکۆنترین ڕێبازەوە کە کلاسیزمە تادواهەمین ڕێبازە ئەدەبییەکانی وەک داداو سوریاو مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم شیعر هەر هێرشی بردووەو دەمی ووشەی بە ڕووی ژیاندا کردۆتەوە, وەهەم هێرشی بۆ براوەو,هەوڵی سەرکوتکردن وبێدەنگکردنی شاعیران تا ئەم ڕۆژگارەش بەردەوامی هەیە. بە هۆکارە ئایدۆلۆژی یان سۆسیۆلۆژییەکان,ئەمەش دەریخستووە کە شیعر بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی کارای لە هەموو کونجو کەلەبەرەکانی سەردەمدا هەبووەو,زمانی عەشق و ئازارو خۆشی وناخۆشییەکانی تاک وکۆمەڵ بووە,بەڵام بە پێی گۆڕانکاری وشۆڕشە کۆمەلایەتی و پیشەسازییەکان و کارەساتی جەنگە جیهانییە گەورەکان,هەروەها پێشکەوتنی زانست وتەکنەلۆژیا,ڕۆژئاوا زیاترو زووتر بووە مەڵبەندی شیعری تووڕەو بەستەڵەک شکێن,یان بوو بەیەکەم شارستانییەتی مرۆیی کە ئەدیبان و هونەرمەندانی لە بابەتە مێژووییەکانەوە گواستەوە بۆ سەر بابەتە هەنوکەیی و زیندووەکانی نێو دەروونی تاک و واقیعی حاڵی کۆمەلانی خەڵک بەگشتی.(ئەم واقیعە نوێیە, شیعری بە سیاسەت بارکرد, بەلام شێتیە ئەگەر شیعرە سیاسیەکانیان بە شیعری سیاسی بەستراو بە حیزب و لایەنی دیار وەسف بکەین,شیعرە سیاسییەکانیان لەگەڵ هیچ کەسێکدانییە, بەتایبەت ڕێکخراوەکان,بەڵکو ئەوانە شیعری "دژن" نەک شیعری(ڕەونەقدار), ئەو شیعرانەن کە لە نێو دووبەرەدا جووڵە دەکەن:«بەرەی تێڕوانینی گشتی بۆ مێژوو»,«وەبەرەی گرینگیدانی بە ڕۆژگاری ئەمرۆ» ئەمانەش ئەو شیعرانەن کە لەسەر یاخیبوون وەستاون, وەشۆڕش لەسەر کۆمەڵگاو لەسەر ناواقیعیەت وتوندوتیژی و(قیەم)دەکەن,ئەو شیعرانەن کە کۆمەڵگای پیشەسازی ولەناوچووی ئەوروپاو ئەمریکای ڕاپەڕاند)[1] کەواتە ئاوێتەبوونی شیعرو سیاسەت وابەستەیە بەم پێشهاتانەی کە بە چارەنووسی مرۆڤەوە گرێدراوە, یاخود دەتوانین بڵێین موتوربەکردنی شیعر بە ئایدۆلۆژیای دژ ئاڕاستە پێویستیەک بووە, کە هەمیشە ئاگری سەرهەڵدان و بەرەنگاربوونەوەی پێ خۆشکراوەو, شیعرکراوەتە دەنگی بێنەوایان و داردەستی ئەم دەروونە کپکراوانەی کە بەدوای دەروازەیەکدا دەگەڕێن تا خواستە ناخەکیەکانیان تیادا بخەنە ڕوو,نهێنییە بەندکراوەکانی تیا بەڕەڵلا بکەن.

ئەمانەش بەڵگەن لەسەر دەروونی شاعیران و,وردەکاری لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخە خودی و ناخودییەکان,شاعیر لە ئەنجامی خوێندنەوەکانی بۆ دونیای دەرەوەو یەکسان ڕاگرتنی هاوکێشە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان لە نێو بەرهەمەکانیدا,بوار بە ئەندێشەیەکی ڕەها دەدات لە نێو خۆیدا تا ڕاستییەکان وەک خۆی بهۆنێتەوە,هەروەها شاعیر دەبێت بێ لایەنانە پێ بخاتە نێو باسە ئایدۆلۆژییەکانەوە, بۆ ئەوەی هیچ پاساوێکی شەرمنانەو توانج ئامێز بۆ ڕەخنە بابەتییە ڕم ئاساکانی نەهێنێتەوە بەڵکو ڕاشکاوانە, هەڵوێستەکانی بخاتەڕوو.(شاعیر بە ئەزموونی هۆشیاری بۆ جیهانبینی دەڕوانێ, ڕووداوی مێژوویی دەکاتە

---

١-پول شاوول - كتاب ألشعرألفرنسى ألحديث (١٩٠٠-١٩٨٠) - ط١ - دار ألطليعه للطباعة وألنشر - بيروت لبنان - ١٩٨٠- ص٤٧

هەوێنی واقیع و تیۆری بێدەنگی ڕەتدەکاتەوە, چونکە مەسەلەی شیعر لە هۆشیاری و شێوە جیاوازییەکانی وپێوەندی هۆشیاری و مێژووجیا نابێتەوە, شاراوە لە نێو دیاردە ئاشکراکان پێدەگەیەنێ وپێچەوانەشیان دەکاتەوە, پەی بە نهێنی سەردەمیش دەبا, لەجەستەیەکی بێ ڕۆحدا مراندن و زیندووکردنەوە, واقیعی ڕووداوی مێژوویی پێ شیدەکاتەوە, هزری مرۆڤ بۆ کێشەی مرۆڤ بەکاردێنێ, بەدوای جەوهەری کێشەکان دەگەڕێ)[1]یەکێک لەم دیاردانەی بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە لەسەر زمانی خەڵک بۆ ڕسواکردنی یەکتر بەکاربراوە ئەم (تەنزوتانە) تیژکراوانەن کەبەرامبەر هەر کاروکردەوەیەکی دزێو یان ناباو دەربڕاون کەچی لەبواری ئەدەبداو شیعر بەتایبەتی جگە لە لایەنە گاڵتە جاڕییەکەی بۆتانەدان لە پاشماوە نەریتییەکان و پەردە لادان لەسەر عەورەتی بە عەیب کراوەکان یان بۆ داماڵینی دەمامکی ڕیاکاری پیاوانی بەناو ئاینەوەلای لێکراوەتەوە, ئەمەش بە شێوازێکی خەندە ئامێزەوە پێشکەش کراوە, بەمەبەستی خۆ بێبەرێکردن و پیشاندانی سادەیی لە ناوەرۆکدا, لەمەشەوە ڕووندەبێتەوە کە دەمی شیعر لە ژێر ناوی هیچ بەندەوارێکی فیزیکی و میتافیزیکیدا داناخرێت و ناتوانرێت بەر لە تەوژمی ڕمبازانەی بگیرێت.(تەنز لە زماندا بەمانای قەشەنگی و ئەم قسانە دێت کە بە ڕەمزو بزەی تاڵەوەبەیان دەکرێت, بەڵام ئەم دەستەواژەیە لە ئەدەبدا گوزارشتە لە ڕەوشێکی تایبەتدار لەنووسین, ئەوەیە کە شاعیر لە نێو وێنەیەکی هەجو ئامێزدا بەتەک لایەنی نەرێنی ژیانەوە خەوش و خراپییەکانی کۆمەڵگاو ڕاستییە ئازاربەخشە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی زێدە ڕۆییانە نمایش دەکات, بنەمای تەنز لەسەر خۆشی وخەندەیە, بەڵام ئەم خەندەیە, خەندەی خۆشی وشادومانی نییە, خەندەیەکی تاڵ وجیدی وخەماویە لەگەڵ سەرزەنشت و سەرکۆنەکردن, وەچزووداوە, کە خەتاکاران ڕووبەڕووی خەتای خۆیان دەکاتەوە خەوش وکەموکورتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی پەیوەستدار دەکات بە لایەنێکەوە)[2]کەواتە شاعیر بەپێی لەباری ونالەباری ژینگەی دەوروبەر بەرگ دەکاتە بەر ووشەو هۆنراوەکانی تا پێش وەختە لە گرفتە چاوەڕوان نەکراوەکان بیپارێزێت و,بۆمبە ناوەکییەکانی ناوی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ پرسە چارەنووس سازەکان بتەقێنێتەوە,واتە شیعر هەر ڕوخسارێک وەربگرێت لە کۆتاییدا یەک ئامانج دەپێکێت و کوتەکی بەستەن شکێن بۆ قۆناغێکی دیاریکراو هەڵدەگرێت,چونکە ئەوەی گرینگ بێت لای شاعیر ئەوەیە کەف وکوڵی هەڵچوونەکانی دابمرکێنێتەوە, جا بەهەر ڕێگاو شێوازێکی ئەدەبیانە بێت.

## أ- شیعرو شکاندنی بەستەڵەکی ئایدۆلۆژیا:

ئایدۆلۆژیاکان یان بەرهەمی بیری مرۆڤن بۆ بەرێکخستن کردن وبەسیستەمکردنی ژیان یانیش ژێدەرێکی ئاینی یان ڕەچەڵەکێکی تەوتەمیانەی تابۆییان هەیە,کە پشتاوپشت ماونەتەوە بۆ نەوەکان,لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی زەمەن و ناکۆکی وبەرژەوەندییەکانیشدا ئایدۆلۆژیاکان وەکو خۆیان نەماون,هەر لە ڕاستیانەوە هەتا چەپیان بەرەی دۆست ودوژمنیان لەخۆگرتووە, بەرە دژەکان یان لەسەر ئەرزی واقیع یان لەڕێگای جۆراو جۆریترەوە

---

١- ئازاد ئەحمەد مەحموود - شەش لێکۆڵینەوەی شیعری - چ١ - چاپخانەی ئاراس - هەولێر - ٢٠٠٨ - ل٥٢

٢- د.إسماعیل حاكمی - أدبیات معاصر أیران - چ٣ - چاپ:دیبا - طهران - ١٣٧٥ - ص١٥

دژایەتیان دەنوێنن و ناڕەزایی پیشان دەدەن,شاعیران و ڕۆشنبیرانیش وەکو چینێکی هەستیارو کاریگەر لە کۆمەڵدا, لەبەرەی دۆست یان دژدا بۆچوونەکانیان ئاشکرا دەکەن,شیعریش کە خاسیەتێکی چالاک و بەهێزی هەیە بۆ دنەدان وبڵاوبوونەوە لە نێو پێکهاتە جیاوازەکانی هاونیشتیمانیاندا هەر بەم گەرموگوڕیەشیەوە بەستەڵەکی ئایدۆلۆژیا کۆن وسواوەکان دەتوێنێتەوە.(شاعیر ناتوانێت بگات بەکەرەستەی داهێنانی هونەری تەنیا لە ناوەندی کۆمەڵایەتیدا نەبێت,وەزەبرو زەنگەکانی ژیان وهۆکارەکانی دەگوێزێتەوە لە ڕێگەی ئاگاییە خودییە هونەرییەکەیەوە,وەزمانێکی پاک یان ئاڵۆز پێشکەش دەکات بە پێی هەڵومەرجە هەرێمییەکەی شاعیر کە دەبێتە کەرەستەیەکی زمانی نوێ, وەئاسانکاری بۆ ڕێکخستنێکی نوێی ووشەکان دەکات بەپێی داڕشتنە شیعرییەکەی بۆ بیری نوێ و سۆزی نوێ, وەهەوڵ دەدات سەدەفی بێ ئاگاییە تاریکەکەی بسمێت,وە هەتا ئەگەر هیچ گۆڕانکارییەکی دەروونی لەگۆڕانی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان لە دایک نەبێت, بەڵام بزوێن وجووڵە لە هونەردا ڕوودەدەن, وەخەڵک لە دەربڕینی ناڕەزایی و "ئیدی بەسە"کانیان, بەشیعرە شۆڕشگێڕییەکان نەوە دوای نەوە بەردەوام دەبن.)[1] بەم ڕەنگە شیعر لە نوێبوونەوەی خۆی ناکەوێت و چۆک لەبەردەم زۆربۆهێنانی تەوژمی ئایدۆلۆژیادا دانادات,بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵدەدات هەرەس بە گەمارۆدانی عەقڵ بێنێت,بەهۆی تەکنیکی هونەری بەرزەوە, هەروەها ڕێکخستنە ڕێزمانی و واتا فەرهەنگییەکان لە شیعردا دەشێوێندرێن لە لایەن شاعیرەوە, واتای نوێ وبەدوای یەکداهاتنی نامۆی سەرنج ڕاکێش بۆ ووشەکان دروست دەکرێن وپیرۆزکراوەکان بە شتی بێ نرخ وکەم بەها دەبەسترێنەوەو, ناوو چەمکە سیاسی یا ئاینییە تۆخکراوەکان لە وێنەیەکی تێکەڵکراودا کاڵدەبنەوە.(لە ئەزموونی تایبەتی هەندێک شیعردا زمان دەیەوێت ڕووت بێتەوەو ئەرکی سەختی ئەو بەرگەجوانانەی ژیان و حەیاو ئەدەب و روح لەسەر شانی کەم بکاتەوەو وچانێک بدات,یان هیچ نەبێت مەلەیەک بکات,هەر وەک چۆن هەموومان پێمان خۆشە ڕەگەزی بەرامبەر لەجەستەی ڕووتدا ببینین,هەروەها شیعریش دەچێتە بۆسەی ڕووتبوونەوە, یان ڕووتکردنەوەی زمانەوە,زۆریشن ئەو شیعرانەی کە لەجەستەی ڕووتی زماندا داهێنانی ئەدەبی گەورەیان بەرهەمهێناوە,هەوڵی شیعر بۆ ڕووتکردنەوەی زمان, ئەو هەوڵانەیە بۆ داکەنینی بەرگەکانی فەرهەنگ,نەریت, ئاین,سیاسەت, تەنانەت هەموو بەرگی بەهاو ماناو ئاکارەکانیش بۆ سەیری جەستەو دەروونی ڕووت وقوتی زمان)[2] وەئەگەر لە پاڵ دەلالەتە زمانییەکانیشەوە دوورترو جوانتر لە شیعر بڕوانین,ئەوا دەبێ هەست بەوە بکەین کە تەنیا ئەوە بەس نییە,بۆڕاستگۆبوون. شیعر ئەرکی داماڵین و ڕاماڵینی بەرگەکان بێت بە ڕەنگە جیاوازەکانەوە,بەڵکو دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت کە ئایا شیعر لەدوای ڕەڤاندنی یان داشۆراندنی هەر بابەتێک,چ جێگرەوەیەک دادەنێت؟ یان هەوڵی داڵدەدانی چ بیرو بۆچوونێکیتر دەدات ؟بۆ ئەم مەبەستەش پرسیارێکیتر قووتدەبێتەوە ئەویش ئەوەیە کە ئایا شیعر خۆی بە دیواری ئایدۆلۆژیادا هەڵدەواسێت یان بە پێچەوانەوە؟ لە ڕاستیدا ئەگەر هەر وەڵامێک خۆی بسەپێنێت, گرینگ ئەوەیە

---

١- لیون تروتسکی- ألأدب وألثورة - ترجمة:جورج طربیشي - ط١ - دارألطلیعة - بیروت -١٩٧٥ - ص١٢٠

٢- ئەکرەمی میهرداد - بیرکردنەوە لە شیعر - ڕامان - ژ .٢١٢ -٢٠١٥ - ل٦٩

ئێمە دادوەری و ڕاستگۆیی لە شیعردا ببینین, بۆئەوەی لە ئەنجامی داوەشاندنی بیردۆزە بارگاویکراوەکان بە ئاین یا سیاسەت هیچ بۆشاییەک بۆ ڕەخنەی بێ بنەما نەمێنێتەوە.(شیعر نەک تەنیا بەسەر ئەفسانەو درۆکانی سیاسەتی رابردوو, ئێستاو , ئایندە سەردەکەوێت,بەڵکو تەنانەت بەسەر نیەت وپێش دادوەرییە ئایدۆلۆژیاکانی خودی شاعیریشدا زاڵ دەبێت,بەرهەمی شیعری وەفادار بۆ لۆژیکی خودی و دەروون باوەڕی خۆی دەتوانێت یارو هاوڕێی ڕاستی بێت ولەم مانایەدا هەرشیعرێکی باش لەخۆیدا شیعرێکی سیاسییە,شیعری ئەفرێنەرو هونەری دەتوانێت ئاگای لە ناکۆکی شاراوەی ناو چەمکی فۆڕم وشکستی ئامانجی نایابدا هەبێت و ئەو شیعرە دەتوانێت بەدیهێنەری دیالێکتێکی مەنفی بێت,کە سەختی وتوندی پۆزەتیڤانەی ئایدۆلۆژیای تۆتالیتاری ڕیسوادەکات)[1]

**١/شیعرو شکاندنی بەستەڵەکی ئایدۆلۆژیای ئاینی :**

مرۆڤ دوای تێپەڕاندنی قۆناغە سەرەتاییەکانی وەک ناو ئەشکەوتەکان وڕاوشکاری ودواتر هاتنەخوارەوەی بۆ پێدەشتەکان, پێویستی بە باوەڕێکی پتەوو نەگۆڕ هەبووە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی رۆژانەیی ورێک وڕاست ڕاگرتنی پەیوەندییەکانی لە دەروونی خۆیداو, وەلەگەڵ دەوروبەریدا,لەم سەروبەندەشدا ئاین وبیروباوەڕە جۆراوجۆرەکان هاتنە پێشەوەو بوون بەدەمڕاست وچاوساغی ڕێگای ژیان وبەشێوەیەک دایانکوتاوە کە هیچ مەودایەک بۆ تەشەرو ناو زڕاندن نەهێڵراوەتەوە, لەدۆخێکی واشدا ئاڵوگۆڕە سەردەمییەکان ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نامێنێت لە پاڵاوتن و پاکسازیکردنی ئەم دەقە بەبەردبوو یان ئەم ماددە بێ کەڵکە بەسەرچووانەی کە جگە لە زیان وئاشووب, سوودو فەریان بۆ کۆمەڵگای ئاینی ونەریتییەکان نابێت,وە ئەم پەچە ڕەفتارانەی لە میانی هەڵایسانی ناکۆکییەکاندا ڕوودەدەن, زۆربەی کات پشێوی و ئاڵۆزی لێدەکەوێتەوە, بێگومان ئەدەبیش زایندەی ساتە هەڵچووەکانە,سەدای بەریەک کەوتنەوەی ناهاوتاو دژبەیەکەکانە,وەلە هەمان کاتیشدا دەربڕی نەشئەو سۆزەو, بازنەی بەیەک گەیاندنی خەیاڵ وواقیع و,ڕاستی وناڕاستییە,شیعریش نۆبەرەی ڕەگەزەکانییەتی,هەربۆیە شیعر چاو لەمەڕ چاوبەستێنکردنەکانی ئاینیشدا داناخات وڕیشاڵی کۆنەپەرستی وجەهالەتی هەندێ لە ڕێنماییە ڕزیوەکانی ئاین دەداتە بەر نەشتەری ووشە چنین.(هیچ شتێک لەئەدەب باشتر ناتوانێت ئێمە لە نەزانی و دەمارگرژییەکان, ڕەگەزپەرستی,تاقمخوازی ئاین وسیاسی و نەتەوە گەرایی زێدەڕۆییانە ڕزگار بکات وئەمە ڕاستییەکە کە هەمیشە لەئەدەبی بەرزدا دەردەکەوێت, پیاوان وژنانی هەر نەتەوەو هەر وڵاتێک لەبنەڕەتدا پێکەوە بەرامبەرن وتەنیا زۆری لێکردن وستەمە کەتۆوی جیاوازی و ترس وچەوساندنەوە دەچێنێت.هیچ شتێک وەک ئەدەب ناتوانێت ئێمە فێری ئەوە بکات کە وەک دەرکەوتنی کەلەپورێکی دەوڵەمەندی مرۆڤانە لە جیاوازییە فەرهەنگی و ئەتنیکییەکان بڕوانین و وەک بەرهەمێکی خولقانی فرە ڕەهەندی مرۆڤانە ڕێزی لێبگرین)[2] ئەمە لەکاتێکدا کە تابۆ ئاینییەکان پەلوپۆی ئەدەب وزانست دەکەن وکار لەسەر

---

١-هـ . س . پ . ل[74]

٢-پەیام یەزدانجوو- خەلافەتی ئیسلامی , ئەدەب و تیرۆریسم - و.مستەفا شێخە - ڕامان - ژ.٢١١ - ٢٠١٤ - ل[98]

کورتکردنەوەی پێچاوپێچی وفرە گۆیی بەرهەمەکان دەکەن,ئاستی بینینی ئەدەب لە بابەتە ئاینییە تابۆییەکان کەم دەکەنەوە,ئەدەب یان شیعر لەخزمەتی وتنەوەی وانە ئاینییەکان یان بۆ بەرز ڕاگرتنی شکۆو سەروەرییەکانی ئاین بە ڕەوا دەزانن,بەڵام خێرایی پێشکەوتنەکانی ئادەمیزاد,تارادەیەکی زۆر دیارو بەرچاو بەری لەمانەوەی هەژموونی فیکرە تابۆییەکان گرت .

شانبەشانی ئەم پێشکەوتنانەش,پیرۆزی وبەهاو کلتووورە دەرگا لەسەر داخراوەکان بە ڕووی نووسەرو ڕۆشنبیراندا کرانەوە,تابەپێوانەی مەبەست, باشی وخراپیەکانیان بهۆندرێتەوەو بخرێنە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە زانستی وئەدەبییەکان.(تابۆ بنچینەی ئادابە ڕەوشتییەکانە وە هەروەها یەکەم قەیدەکانی ئازادی بیرییە. وەلەبنچینەدا گوزارشت لە تێڕوانینێکی زانستی ناکام دەکات,وەهیچ گۆڕانکارییەک لە هەندێ هۆکاری ئاشکراکردنی زانست بۆ بیروباوەڕی ئاینی پێناگەیەنێت.)[1]بەمەش بۆمان ڕووندەبێتەوە کە هەندێ لە بیروباوەڕە تابۆییە ئاینییەکان پەیوەندیان بەزانست وسەلماندنەوە پچڕاوەو, ناوڕۆکێکی تۆتالیتاریانەی مەڵاسدراویان هەیە لەژێر پەردەی ئاینەوە, لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی وکەسی, سیمایەکی پارێزراویان پێ بەخشراوە لەم لایشەوە وەکو مۆتەکەیەکی توند خراونەتە بینی هاوڵاتییان وهاوئاینانی کۆمەڵگاوە,تەنانەت زۆر جار پەیڕەوکەرانی ئاینە جیاوازەکانیش دەبنە سوتووی ئەم ڕەشبگیرییەی ئایدۆلۆژیای ئاینی باڵادەست بەسەریاندا دەیسەپێنێت, شۆڕشە ڕۆشنبیری یا مەدەنی وچەکدارییەکانیش بەڵگەی یاخیبوون ودۆش دانەمانی بیرمەندان وریفۆرمخوازانی سەرگەرمی ئازادی ودیموکراسییە,وە ئەگەر ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە خەبات و قوربانیدانی ئەدەب دۆستان وزانست پەروەران لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دژ بەکەنیسەو یاساو عورفە ئاینیە دەمامکدارەکان لە ڕۆژئاوا بە ئاسانی دەکەونە بەرچاو.(بەم پێیە ڕاپەڕینی ئەوروپی تەنیا ڕاپەڕینێکی ئاینی نەبوو بەڵکو ڕاپەڕینێکی ئەدەبی و زانستی و پیشەیی بوو لەهەمان کاتدا,وەلەگەڵ ئەوەشدا بنەڕەتی ئەم ڕاپەڕینانە ئارەزووی چاکسازیکردن بووە لە ئاین, وەدوورخستنەوەی پیاوانی ئاین بووە لە ئازاردانی خەڵک, وەتاچەند مرۆڤ دەتوانێت بەرامبەر پەرستراوەکەی بوەستێتەوە, وە چێژی خۆی بە بەندە تابۆییەکان نەبەستێتەوە, بەخێرایی تێکیانبشکێنێت,وەبۆ ئەوەی بە ئازادی بدوێ وکاریگەری سەلەفییەت لەسەرخۆی دابماڵێت, وەتاوەکو بە تێڕوانینێکی ڕەخنەیی لەهەموو شتێک بڕوانێت.)[2] کەواتە ئەدەب بەشێکی گرینگە لە پێکهاتەی گەلەکۆمەی سەر پنتە بەدۆگمابووەکانی ئایدۆلۆژیا ,وەشیعریش ڕۆڵێکی کارا دەبینێت بۆ بە نیشانگرتنی بیری پاوانخوازی و پووچەڵکردنەوەی هزرە ئەفسانەییە لە ئاین هەڵکێشراوەکان,چونکە شیعر بنکەیەکی جەماوەری فراوانی هەیە لە هەموو چین وتوێژەکاندا, وەخێراترو ئاسانتر لە هەر جۆرێکیتری ئەدەبی بڵاودەبێتەوە,لێرەدا درک بەوە دەکەین کە ئەدەبیات تەنیا هۆیەک نییە بۆ کات بەسەربردن و وەرگرتنی چێژێکی کاتی,لەبەرئەوەی لە هەناویدا پەیامێکی هەڵگرتووە, ئەویش هەڵدانەوەی ئەم برینانەیە کە جەستەی ناهوشیاری کۆمەڵگای پێ

---

١- سلامة موسى - حرية ألفكر - ط١ -مطابع ألهيئة ألمصرية ألعامة للكتاب - قاهرة - ١٩٩٣ - ص٢٢

٢- ن .م .س .ص١١٤

بەئاگا دێنێتەوە.ئەوەی بۆ ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی گونجاوەو هەڵدەکەوێت تاسەر بەکونە تاریک وسامناکەکانی پرسە کۆمەڵایەتی وسیاسی وئاینییەکاندا بکات و کۆنترۆڵەدرکاوییەکان ببەزێنێت, زۆرگران وئەستەمە کە کەسێکی ئاسایی کارێکی وابکات و بەرپرسیاریەتیش هەڵبگرێت, بۆیە شیعر خۆی لە خۆیدا هەم پیرۆزەو هەم پیرۆزییە کەڵەکەبووەکانیش بەسەریەکدا دەڕوخێنێت.(ئەدەب وهونەر هیچ چوارچێوەو سنوورێک ناناسێت, کەواتە هیچ سیستەمێک ناتوانێت بەربەستی بۆ دروستبکاوبیێتە تەنگەژەو ئاستەنگی ئەدەب وهونەر,شیعر سیستەم دەشکێنێ, سنوورەکان دەبەزێنێ,شیعر باڵندەیەکە ڕکە نەناس وجگە لە ئاسمانی بەرفراوانی ئازادی و سەربەستی وسەرمەستیدا باڵ ناکاتەوە,شیعر,شیعری ڕاستەقینە بۆ هیچ زۆردارو ملهوڕو سوڵطان وخونکارێ کڕنووش ناکات و سەر دانانەوێنێ.)[1] ئەگەر ئاین و شەریعەت بەهەر پاساوێکی سەلمێندراو یان نەسەلمێندراو بتوانن شوورەی بڵند بەدەوری بنەماو دەستوورەکانیان دروستبکەن و زەنگی تۆقاندن بۆ سەرپێچیکاران لێبدەن, بەڵام بێهودەو دەستەو دامان لە ئاست ئەدیبان و شاعیرانی بەرق وەشێن دەمێننەوە, بەجۆرێک لە ساتەوەختی هەڵچوونە بیری و دەروونییەکاندا ووشە چالاک کراوەکان زیندانی بێدەنگی دەشکێنن وبەسەر شوورە بەرزەکانی ئایدۆلۆژیای ئاینی بەزۆر ڕاگیراودا بەرز دەبنەوەو جاڕی یاخیبوون دەدەن و تەلیسمی بێ ئومێدی دەپسێنن.

شیعر لەم مەیدانەدا لە ئاسمانی خەیاڵێکی بێترس و بێ گەڕانەوەدا دەفڕێت و,کەلەپچەی قاچ وقووڵە بەندکراوەکانی لە بڤەو حەڕامکراوەکان دەکاتەوە, وەبوێرانە دەکەوێتە وێزەی کەلاکە مۆمیاکراوەکانی ئاین و شیتەڵیان دەکات.بەومانایەی شیعر ئاوێزانی فەنتازیای ڕۆحی ئازاد دەبێت و لە حاڵگرتن وکۆڕی دەروێشانەی ئایندا خۆی مەست ناکات.(شیعر ناوادارترین وپاکترین دیاردەی ئەدەبییە, بەڵام بە هەڵوێستێکی بەرهەڵستکارانە وەستاوە لەچاو جۆرەکانیتری ئەدەب,وە ئازادییەکی ڕەهای بە خۆی بەخشیوە لە گوزارشتکردن لەم سرووشانەی بۆ خەیاڵی بەتواناو زاڵبوودا دێت,وە بەردەوام بە زیندەگی ناخ و قووڵایی نەستدا ڕۆدەچێت.وە یاری بە بیرێکی خاڵیکراوە لە هەموو ڕاستییەکی باڵا دەکات, وە ئەم گۆڕانکارییانەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئەم زمانەی کە ڕەخنەگران وشاعیران خۆیان بەکاریدەهێنن لەقسەکردنیان لە شیعردا.)[2] هەر بۆیەشە هەرچەندە گەف و هەڕەشەی لێدوانە ئاینی یان گوتارە نەخوازراوە بێ بنەماو نازانستییەکان زیاد بکەن بە هاوتەریبی ژیلەمۆی شیعریش دەگەشێتەوەو بەرەو هەڵکشان دەچێت و, ناهێڵێت تەوتەمی ئاین ڕووناکی دیدگای مۆدێرن لێڵ بکات.لێرەدا بۆ ئەوەی بەدحاڵیبوون ڕوونەدات دەبێت تێگەیشتنمان بۆ ئەم بابەتە ڕوون و ئاشکرابێت لەوەی مەبەستمان لەم خاڵە جەوهەرییە تێگەتیڤانەیە کە مۆرکێکی ئاینیان دراوەتە پاڵ و بە بیانووی گوناح وتاوانەوە خراونەتە بینی هاووڵاتیانەوە, هاوکات شیعریش ناتوانێت خۆی بەدەستەوە بدات و

---

١-بورهان ئەحمەد- شیعر یاخی نەبێ دەستەمۆیە - چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلالی مەلەکشا) - ئاینده - ژ-٥٧ -٢٠٠٤- ل١٨٥

٢- د.عبدألغفار ألمكاوى - ثورة ألشعر ألحديث من بودلير ألىألعصرألحديث -ط٣ - مطابع ألهيئةألمصرية ألعامة للكتاب -قاهرة -١٩٧٢-ص٣٦

هەڵوێست وەرنەگرێت, لەگەڵ گەرمبوون وگرژبوونی سایکۆلۆجیای تـاکە سەرکوتکراوەکاندا شیعریش گەرم دەبێت و,دروشمە بەپیرۆز ڕاگیراوە سواوەکانی ئاین لەسەرخۆی لادەبات.(وەبە سوودبینین لەم بیرۆکەیەی کە لە هەموو شوێنێکدا بڵاوبۆتەوە ئەوەیە کە شیعر زمانی سەرەتاییە,یان زمانی دایکی مرۆڤایەتییە,زمانی پێگەیشتووی تـاکی پێگەیشتووە کە هیچ سنوورێکی جیاکەرەوە لەنێوان کەرەستەو بابەتەکان ناناسێت,وەهەم دیسان هیچ سنوورێکی جیاکەرەوە لە نێوان گەرمبوون یان«حەماسەتی»ئاینی وگەرمبوونی «حەماسەتی» شیعری ناناسێت.)[1] هەروەها پێویستە شاعیر فەلسەفیانە لە کێشەو جەنگە دەروونییەکانی سەردەمەکەی بڕوانێت واتە ڕووداوەکان لە ئایدیای هەستپێکردنی خەیاڵاویانە دەربهێنێت و بەرزیانبکاتەوە بۆ واقیع و دوور لەخەڵەتاندن و دواکەوتنی کوێرانە بیانخاتە سەر شیعر نووسین.

کاتێک بیرمەندێکی وەک «ئەرستۆ» شاعیران وفەیلەسووفان دەخاتە پێگەیەکی بەرامبەر,بۆئەوەیە کە شاعیر درک بە ڕاستییە زانراوو دانپیانراوەکان بکات و پلانی ڕۆژانەو نەخشەی داهاتوویەکی پێشبینیکراویان پێ بکێشێت. ئەمەش نایەتە دی ئەگەر تەکنیکی شیعریەتی شاعیر زاڵ نەبێت بەسەر یاساو کلتووره وەهمی وپاشماوە بیرییە بە تابوو کراوەکان.(چونکە فەلسەفەو شێوەی بیرکردنەوەی فەلسەفی دوای دین وشێوەی بیرکردنەوەی ئاینی دێ.بۆ ئەوە دێ بیر لە ئاسمانەوە دابەزێنێ بۆسەر زەمینی مرۆڤ,لەهەرێمی ئایدیال و خەیاڵەوە بۆ ڕاستی بەرچاوو ڕووداوی هەستپێکراوو ڕواڵەتی شایستەی سەرنجدان و شیکردنەوەو تێگەیشتن. فەلسەفە لە جێی باوەڕپێبوونی دینی تێگەیشتنی فەلسەفی دادەنێ, لەجێی بەدواکەوتنی کوێرانەی دەسەڵات پرسیارکردن لە دەسەڵات و بەرپرسکردنی دادەنێ)[2] لەم ڕوانگەیەوە شیعر ووشکە فەلسەفەیەکی دنیا بینانەی تایبەتی بیرکردنەوەو ئازادیی شاعیرەو ,وەمەرج نییە ئەم فەلسەفەیەش بە یاساو دەستووری سەلمێندراوەوە پابەند بێت,بەڵام دەستبردنی شیعر بۆ حورمەتی حەرامکراوەکان دڵنیایی بۆ دەرکەوتنی بیرۆکەیەکی سەرووی واقیع ڕادەگەیەنێت چونکە یەکێک لە ئەدگارەکانی فەلسەفاندن کردنەوەی ئەم کۆدانەیە,کە قوفڵی مێژووییان لەسەرە,یانیش دۆزینەوەی ئەم نهێنیانەی گەردوونی ئاکارەکانە کە ئاستەنگ خراوەتە بەردەم ئاشکراکردنیان, وە کاتێک شیعریش چزووی لە بابەتێکی وادەوەشێنێت, هەنگاوێک دەچێتە پێشەوەو, ئەدگارێکی فەلسەفی وەردەگرێت(هەڵبەتە شیعر لەپاڵ ئەوەی هەڵچوون و ئاوێتەبوون و جۆش وخرۆش وسۆزو هەستە, جۆرێک لە فەلسەفەشە, بۆوێنە شاعیرانی وەکو دانتی و شەکسپیرو گۆتە,لەمیانەی سۆزو هەڵچوونی خۆیانەوە گوزارشتیان لە جیهان کردووە, واتە ڕای تایبەتیان لەمەڕ جیهان هەبووە, هەڵوێستیان دەربارەی هەبووە, واتە فەلسەفەیەکیان هەبووە,جا لێرەدا کەپەیوەندی لە نێوان فەلسەفەو هەر شیعرێکی گەورەدا دروست دەبێت هەر بۆیەش توانەوەی هزرو فەلسەفە لە شیعردا جۆرێک لە ئاڵۆزی وتەمومژ بە شیعر دەبەخشێت)[3] هەرچەندە ئەم

---

١ - ن .م .س .ص٥٥

٢ - د.کەمال میراودەلی - بیرکردنەوەو ئازادی - ل١١٦

٣-حەمە کەریم عارف - هەزار توێی شیعری نوێخوازی - نەوشەفەق- ژ- ٢٠ - ٢٠٠٤ - ل٧٠

تەمومژوئالۆزیەش ئاسمانی شیعر داگیربکات, بەڵام زەمینەی شیعر هەردەم پڕیەتی لە تەقینەوەی ماناو لادان لە ناوەڕۆکی باوو, دەربڕینەکانیشی بارگاوییە بە تەزووی ئارەزووە سەرکێش وخەفەکراوەکان, ئەمە لەلایەک لە لایەکیتریشەوە فەلسەفەیەک لە باوەش دەگرێت بۆ تێپەڕاندنی قۆناغە سەخت ونالەبارەکان, بەگەڕانەوەیەک بۆ سەدەکانی پێشووی ئەوروپاو شارستانییەتی یۆنانی وڕۆمانی, زۆر بەڕوونی ڕاستی یەکگرتنی نێوان شیعرو فەلسەفە دەکەوێتە بەرچاوو, باڵادەستی ئایدۆلۆژیای ئاینی مەسیح و زەبرو زۆرییەکانی ئەو سەردەمانەی لەژێردروشمی ئەفسانەیی ئاینیدا بەرۆکی ڕۆشنبیران وئازادیخوازانی پێ گیرابوو, ڕەوشێکی نوێی تێژی لە کاردانەوەو گومڕاکردنی پووچگەرایی ئاینی هێنابوویە کایەوە بۆ وتنی ئەم دێڕو چەمکانەی کە نەدەبوا بوترێن.[1] هەر لەم سەروبەندەشدا ڕێبازە ئەدەبییە- فیکرییەکان لە ڕۆژئاوا بوون بە دایەنگەی پەروەردەیی بۆ شاعیران وڕۆشنبیران تاوەکو لە ڕێگەی بنەماو دەستوورە بەربەست بڕو بە هەڵپەکانی ئەم ڕێبازانەوە, بیری جودا خوازانەی خۆیان تەور ئاسا بدەن لە قەدی قاوغە ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.

دادایزم وسوریالیزم و نیهلیزمیش لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا لە نموونەی ئەم ڕێبازانەن,نیهلیزم یا (هیچگەرایی) یەکێکیترە لەم مەڵبەندە فیکرییانەی,کە بە شێوەیەکی خێراو ئاشکراو ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە ئەدەبیات بوو, وە هەگبەی شیعریان پڕکرد لە یاخیبوون و هەژانی هەمیشەیی ودەنگدانەوەی بەیەکداکەوتنی ئایدۆلۆژیا دژ بەیەکەکان.(هیچگەراییش لە پێناو یاخیبوون وخولقاندن وداهێنانێکی تازەتر, مرۆڤ لە حاڵەتی ئاسایی ڕزگار کات, لەکۆیلەیی ئازادی کات, بەرەو مرۆڤی قاڵاو خاوەن ئیرادەو هێزبیبات, دووریخاتەوە لە بیری ئەو دونیایەی بە بڕوایەکی میتافیزیکی لە چاوەڕوانی گۆدۆیەکی نەهاتوو یاخود بە خۆ هەڵگرتوویی بۆ ئایندەیەکی خوڕافی بێ بنەمای چاوەڕوان, بیری نەهلیستیەتی نیتچە لە شوێنگە کاریگەریەکانی پانتایی ئەدەب و هونەرو کایەکانی تری داهێنان سەری هەڵداو ئاسەواری بەدیار کەوت)[2] ئەوەی گرینگ بێت لێرەدا هەستکردنە بەو هێزە ئەفسووناوییەی شیعر,کەخۆی بە هەموولایەنەکانی ژیانی ئادەمیزاددا دەکات و پاڵ بە هزرو میتۆدە گەنیوەکانەوە دەنێت و,جگە لە ژوانی بابەتە ئیستاتیکی و سەرمەستکەرەکان, چنگ لە گەردنی ڕێسا ناوێزەو نەخوازراوەکانی ئاین گیردەکات,بەمەش کاریگەری و قەوارەو بوونی خۆی لە نێو کۆبەندی ژینگەی ئایدۆلۆژیدا دەسەلمێنێت.بەکورتی شیعر نایەوێت لە هیچ کاتێکدا کۆیلەبێت, یانیش قوژبنی نا ئومێدی هەڵبژێرێت. بەڵکو قوڕقوشم ئاسا بەسەر ماسکە ئاسنینەکانی ئاین و سیاسەتدا دەتوێتەوە, لێرەشدا شاعیر پابەندی هەڵوێست و بەرپرسیاریەتی هەڵگرتن دەبێت, ئەمەش زیندوویی وبزۆزی هارمۆنییەتی شیعر دەردەخات لەگەڵ دۆزو دۆخەجیاوازەکاندا.(مانای ڕاستەقینەی پابەندبوون هەستکردنی خودی نووسەرە بەو فەرمانەی لە خودی ئەدەبەکەی یا بەرهەمەکەیدا دەیبینێت و هەڵوێست وەرگرتنی تەواوە لەسەرجەم ڕووداوو دیاردەو گۆڕانکارییەکانی سەردەم و دەربڕینی ئەو هەڵوێستەی نووسەرە لە

---

١- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:ئیدریس عەلی- تەوەرەی شیعر- چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلال بەرزنجی)- ئاینده - ژ-٧٧- ٢٠٠٨- ل١٦٣

٢- موحسین ئاوارە - لەژێر ساباتی شیعردا -چ١ - بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری - هەولێر -٢٠٠٦ - ل٣٤

ناو بەرهەمەکەیدا, ئەمەش لە بریتی تەماشاکردن و بایەخ پێ نەدان و خۆ پەراوێزکردن هەروەک ئەوەی هیچ یەکێک لەو مەسەلانە ئەو نەگرێتەوە)[1]بۆیە شۆڕشە ئەدەبییەکان لە جیهاندا هیچیان کەمتر نییە لەم شۆڕش و خۆنیشاندان و ڕاپەڕینە جەماوەرییانەی لە دوای ماوەیەک لە سستبوون و پەنگخواردنەوەی بێزاری و, چەواشەکاری ئاینی و کپکردنەوەی نارەزاییە خودی وگشتییەکاندا دێنە کایەوە.

**٢- شیعرو شکاندنی بەستەڵەکی ئایدۆلۆژیای سیاسی:**

سیاسەت بەشداری لە هەموو پرۆسە فیکری وهەڵسوکەوتە جەستەییەکانی مرۆڤ دەکات, جا چ لە ساتە هێمن وخۆشی هێن وئارامکەرەوەکاندا بێت ,چ لە خورپەدڵ و ترس و کۆڕامانە کۆمەڵایەتییەکاندا بێت,بەم هۆیەشەوە پەلی سیاسەت گەیشتۆتە نێو ڕیزبەندی شیعرییەتی ووشەی شاعیرو, بۆتە ئەو دەستە چیلکە لەیەک بەستراوانەی بەیەکەوە ئینتیمای ڕاست وچەپی بەرهەم ونووسەر دیاریدەکەن .لە گۆشەی شیکارییە واتییەکانیشەوە هێماکانی دژ یان دۆستی بۆ دەسەڵاتی سیاسی دەردەکەون.(لە هەموو قۆناغێکدا دەسەڵات ئەفسانە کارو شایەرو شاعیرو ئایدیەوانی خۆی هەبوون.لەگەڵ شیعرا دەوری تاک تاکی بیرەوان و شاعیران لە خزمەت یان بەرهەڵستی دەستەڵاتدا باشتر دەردەکەون)[2]جاگەر شاعیر نوێخوازو دادناس بێت دەبێت هەمیشە بە مەعریفەیەکی باڵاوە بڕوانێتە ژیان وهەموو ئەم بیرو باوەڕانە ڕەتبکاتەوە,کە داڵدەی ڕیاکاری و چەواشەکردن و تۆقاندن دەدەن, هەروەها پێویستە شاعیر فریوی تەڵەکەبازی دەسەڵاتداران نەخوات و هەر ڕۆژەو لەسەر پەتێکی زمان یاری بەخۆی و عەقڵی میللەتەوە نەکات.(شاعیر بۆ ئەوەی بە گەنجینەی شیعر بگات,دەبێت سەرکێشی بکات و بت و سنوورە ئایدۆلۆژی وحیزبییەکان بشکێنێت. شاعیر دەبێت ئەوە بنووسێت کە هەستی پێدەکات, نەک ئەوەی کە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی دەپارێزێت, شاعیر دەبێت گۆڕانکارییەکانی لە دڵییەوە بێتە دەرەوەو لەسەر ئەو مەسەلانە بنووسێت کە بەلای خۆیەوە گرینگن,نەک ئەوانەی بەلای دەسەڵاتێکەوە مەبەستن.)[3] ئەودەمەی کانیاوی شیعر لەگەرووی شاعیردا هەڵدەقوڵێت,تەوژم بە خانە مێژووییە وەستاوەکان دەبەخشێت وە بۆ زەمەنێکی زیندوو, ڕۆحیان بەبەرا دەکات وئامادەیان دەکات . لێرەدا دەشێت بڵێین شیعری شۆڕشگێڕ کتوپڕ چەخماخە نادات, بەڵکو لە میانی تێپەڕاندنی یەک لە دوای یەکی قۆناغەکانی مت بوون ونامۆبوون وپاخیبوون دەگاتە ترۆپکە. بێگومان بەمەش شیعر بە دەروازەکانی ڕێبازێکی مۆدێرن وسەردەمیانە ئاشنا دەبێت.(تازەگەری لە شیعردا لە بۆشاییدا ڕوونادات,بەڵکو بەشێکە لە هوشیاری کۆمەڵایەتی پێوەندییەکی پتەوی بەو قۆناغە مێژووییەوە هەیە کە هەر کۆمەڵگایەکی پێدا تێدەپەڕێت. شیعری نوێ لە دەسەڵات یاخی دەبێت, شیعر تەنیا بە شێوازی کۆن وباو دەتوانێت لە ڕاژەی دەسەڵاتدا بێت, دەسەڵاتدار لە شیعری سوریالی تێناگات, بۆیە دژی دەوەستێت, کەس شیعری سوریالی بۆ دیکتاتۆر نالێت)[4] وە بۆ ئەوەی شیعر یان ئەدەب

١- ئەکرەم قەرەداغی - پابەندبوون لە ئەدەبدا - ئاینده - ل٢٥

٢-د.کەمال میراودەلی - بیرکردنەوەو ئازادی - ل١٦٩

٣- حەمە سەعید حەسەن - شیعرو شمشێر - دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس - هەولێر - ٢٠٠٤ - ل٣٤٧

٤- هـ .س .پ .ل١٠

نەکەوێتە بەرپێی دووبەرەکی وئـاژاوە ئایدۆلۆژییەکان یـان بە واتـایەکیتر تـاوەکو نووسـەر بێ ئاگایـانە نـووکی قەڵەم لە زەلکـاوە خەسیووبووەکانی سیاسـەت وەرنەدات و نەخـزێتە بەرەی هـیچ کەس ولایەنێـک, ئەوا دەکـرێ ڕەچـاوی گوزارشـت و بۆچـوونە تایبەتەکـانی خـۆی بکـات بە پـلەی یەکەم وە دواتـر کـۆی ئەم نـاڕەزاییە جەماوەرییـانە وەربگرێت کە ئـالاو ڕەنگی هیچ پـارت و پایەگـایەکی حیزبییـان پێوە نییە, ئەمەش بەو مانـایە نـایەت کەئەدەب وسیاسـەت وەکـو زەوی وئـاسمان بە یەک نەگەن, یـان کـارنەکەنە سـەر یەکتر,ڕاسـتر ئەوەیە بڵێین ئەدەب یـا شیعری قەدەغە شکێنی سیاسی سـەرەتا ڕنـووکی تـاکەوەبووی نووسـەری بەرهەمەکە لە نێـو گەرمـایی غەدرو خیانەتـدا هەم داغکـراوەو هەم هێنـدەی لەسـەر ڕژان وتەقینەوە کـوڵاوە, وە ئەم حـاڵەتەش دەنگدانەوەو ڕەنگدانەوەی نابێت ئەگەر نووسەر سەربەخۆیی خۆی نەپارێزێت.(هەرکاتێک ئەدەب ببێتە دروشمی خێڵ, یـان ئـاڵای ڕەگەزێک, یـان زمانحـاڵی پـارتێکی سیاسی, یـان دەنگی چین, یـان کۆمەڵەیەک, بە ئـاسانی دەبێتە ئـامێرێکی پڕوپاگەنـدە, ئیتر ڕەسەنایەتی خۆی لە دەست دەدات و ناتوانێت بـوونی خۆی بسەلمێنێت, چونکە دەبێتە پاشکۆی دەسەڵات و دوای قازانجە ماددییەکان دەکەوێت, بۆ ئەوەی ئەدەب بەرگری لە خۆی بکـات و نەبێتە ئـامێری سیاسـەت, پێویستە ببێتە دەنگـی تـاک, چونکە هەر لە سـەرەتاوە لە هەست وسـۆزی تـاک هەڵێنجـراوەو زادەی ئەو هەست وهەڵوێستەیە)[1] شیعری ڕاستەقینەش سرووش لە پەیوەندییە نابەرامبەرەکـانی نێوان دەسەڵات وکۆمەڵگە وەردەگرێت,پەردەی بێدەنگی دەشکێنێت.

وەهەروەک پێشتر ئـاماژەمکردکە کـارلێکی پێچەوانە لە مـابەینی ئەدەب وکێشـەکان یـان ئەدەب وتـابووەکانـدا دروست دەبێت, بەهەمـان تێگەیشـتن لە نێـو ئەدەبیشـدا دوو ئاڕاسـتە بـۆ پێگەیشـتن وپێگەیانـدن لەیەکتـر جیـادەبنەوە, بەوپێـیەی ئەدەب هەم خـۆی لە نێوبـابەتە جۆراوجۆرەکانـدا پێـدەگەیەنێت وە هەم دەبێـتە سـەرچاوەیەک بۆزایانـدنی بیـری نـوێی وزەبەخش بە شـانە شـەکەتبووەکانی جەستەی کەنـارگیرو ساردەوەبووی کۆمەڵگایەکی ژێـر دەست,کەواتە ئەدەب دەتوانێت لەیەک کاتـدا ڕۆڵـی کـارتێکەرو کـارتێکراو ببینێت وجۆش بە هـزرو دەربـڕینە پەیوەستدارەکان بدات,شیعریش وەکـو یەکێـک لە بەهێزتـرین ڕەگەزەکـانی ئەدەب ئەم ڕاستییە دەسـەلمێنێت .بەوەی ووشـەکانی لە چنـگ کەڵـبە تیژەکـانی سـتەم دەردەهێنێـت و بیـری ئـازادیخوازی وبەرەنگـاربوونەوەی پـێ دەنووسێتەوە.(وەک چۆن ئەدەبـی بەرگـری زادەی بەرەنگـاربوونەوەیە, هەرواش ئەدەبـی بەرگـری ڕۆڵێکـی گرینـگ لە گەشەسـەندنی بەرەنگـاربوونەوەو فیکـری شۆڕشیشـدا وازی دەکـات وهەمیشـە پێوەنـدییەکی دایلێکتیکی لە نێوان ئەدەب وفیکـردا هەبـووەو هەیەو هەر دەشمێنێت.)[2] بەڵام پێویستە ئـاگـاداری ئەوەبین کە هەموو ئـایدۆلۆژیایەک بەرهەمی دروێنەکردنی ئەدەب نییە, بەمەش وەک دەبینین زۆرینەی سیاسەتە بـێ بنەمـاو لە خۆڕاهاتووەکـان خەسڵەتێکی دژەئەدەبییـانەی داپڵۆسێنەرییان هەیە, وەسنووری جیـاکەرەوە لە بەینـی خۆیـان وکـارە ئەدەبییەکانـدا دەکێشـن, وەلەهەنـدێ باریشـدا ئەدەب دەبێـتە پاژێـک لەم جـۆرە

---

١- عەلی عوسمان یەعقووب - ئەدەب.دەنگی ڕاستەقینەی تاک -ڕامان- ژ-٢١٢ - ٢١٥ - ل١٦٠

٢- حەمە سەعید حەسەن - شیعرو شمشێر - ل١١٩

ئایدۆلۆژیایانەوخزمەتی ئارەزووە مشەخۆری و خوێن مژییەکانی کەڵەمافیاکانی دەسەڵاتداران دەکات, ئەمەش بە هیچ پێوانەیەکی ئەدەبی ورەخنەیی ناچێتە نێو کلێشەی هونەرو داهێنانی مەزن چونکە هیچ سنوورێک نابڕێت و جگە لە پاشکۆیەتیکردن شتێک بەدوای خۆیدا جێناهێڵێت.

کەواتە دەگەینە ئەودەرئەنجامەی کە ئەدەبی ڕاستەقینە جێگای ڕەزامەندی هەموو ڕەوتێکی سیاسی نییەو بێ دوودڵی وبە نەگۆڕی دژ بە بەستەڵەکی سیاسەتی پاوانخوازییە.(سەرەڕای ئەوەش ئایدۆلۆژیا سیستەمێکە لە چەمک ومەزەندە کۆمەڵایەتییەکان,ئایدۆلۆژیا دیاریکراوو دەستنیشانکراوە, کەچی ئەدەب وهونەر گشتییەوهەردەم یاخییەو گشت سنوورو یاساو دەستوورەکان دەبەزێنێت, لەبەرگشت ئەمانە پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیا پەیوەندییەکی سادە نییە بەڵکو پەیوەندییەکی ئاوێتەو چووەناویەک وزۆر ئاڵۆزە)[1]جاکە هاوێنەی ڕوانین دەخەینە سەر جیهانی ئەدەب و جۆرەکانی,تیشکۆی سەرنجمان بۆ تەوەرەی شیعر چڕدەکەینەوە, ئەم هەڵپژانە ڕۆحییە گرژبووانە دەبینین, کەچاو بۆهیچ خوێنخوارو بەد ڕەفتارێک نانوقێنن ودەستڕێژی ووشە دەگرنە قەڵای زۆرداران, هەربۆیەشە سەنگی شیعر زۆر بەرزترە لەوەی کە ئێمە بیبەینە بەر محەکی ئایدۆلۆژیاو بە ساختەکاری سیاسەت سیخناخی مەوداکانی بکەین, چونکە لە ڕاستیدا شیعر بازدانە بەسەرسنوورە دەسکردەکانی سیاسەت و نەریت وکۆنەبیری باو, وەڕاکردنە بە دوای هەرچی زووترە لە بەدەستخستنەوەی مافە زەوتکراوەکانی تاک و,شیعری ئازاد سەکۆیەکە بۆ وتنی قەدەغەکراوەکان و دەربڕینی ئەم ووشانەی کە هەڵگری پەیامی خۆشەویستی ومرۆڤایەتییە, لەگەڵ ئەوەشدا زەنگی وشیارکردنەوی کۆمەڵ و گەفی ئاگادار کردنەوەیە بۆ دیکتاتۆران.(شیعریەت وحەساسیەتی شیعری ناسنامەی ڕاستەقینەی هەر شیعرێکی زیندووو نەمرەو هەر شیعرێکی ڕەسەنیش بگری خۆبە خۆ پەیامی مرۆڤایەتی و مرۆڤپەروەری لە خۆدەگرێت ولەوە دووردەکەوێتەوە ببێ بە دەهۆڵ وزوڕنای هیچ دەسەڵات و دۆزێک و,ناچێتە سایەی هیچ تەقسیم بەندییەکی سیاسیانەو دەسکردەوە.)[2] وە ئەگەر بڕیاربێت شیعر ئاوێنەی واقیع بێت و وێنەی ئەم ڕووداوانە بکێشێت کە لە واقیعدا ڕوودەدەن, کەواتە شیعرو واقیع دەست لەملانێی یەکترن و لە پێناو جوانترکردنی ماناکانی ژیان شیعر دەچێتە پاڵ ئەو حەقیقەتانەی کە خۆشی وناخۆشی و بەرزی ونزمی ژیان نیشان دەدەن, وەپاکی وبەرائەت بە ئەزموونی داهێنانی هونەرییەوە پەخش دەکەنەوە, ئەمەش لەوەوە دەست پێدەکات کە شاعیر بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو سروشتێکی ئاوێتەیی هەیە لەگەڵ پێکهاتەو فۆڕمی هەموو ئەو سێکتەرانەی وابووەکانی(واقیع)ئادەمیزاد دەردەخەن, وەلێرەشدا ئەم دۆستایەتییەی نێوان شیعرو واقیع بە تێوەگلانی لە هەر ڕەهەندێکی سیاسی یا ئاینی دەشێوێت و متمانەی ڕاستی بوونی خۆی لەدەست دەدات, بەمەش دەردەکەوێت کە شیعری واقیع بین لە پێناو بەرژەوەندییەکی کاتی بوێری وڕاستگۆیی خۆی نادۆڕێنێت.(شیعر دیاردەیەکی سیاسی نییە, دیاردەی سیاسی دۆخێکی هەڵەبەرە, دەربڕین لە ناوەرۆکی واقیع وەک خۆی ناکات, واقیع لەبوونی خۆیدالە ڕێکخستنێکی جواندا جێگای کراوەتەوە,

---

١- د.شکري عزیز ألماضي- تیۆری ئەدەب - و.سەردار ئەحمەد گەردی - چ١ - چاپخانەی ماردین- هەولێر - ٢٠١٠ - ل١٤٢

٢- حەمە کەریم عارف - دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی - چ١ - چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر -٢٠١٤ - ل٨

سیاسەت دەستی لێداوەو ڕێکخستنەکەی بەملاو ئەولادابردووە, ئەمە بڕیارو بۆچوون وپێوەرێکی شیاوە, سیاسیبوونی ئەدەب لادان وخۆدزینەوەیە لە ئامانجی ئەدەب, ئامانجی ئەدەب دامەزراندنی بڕواو بنەمای جوانییە بۆ ژیانێکی نەشڵەژاو تا ئارامی هێزی خۆی تێدا وەرگرێت وجوانییەخش بیکات بە کەرەستەو وزەی دەربڕینی)[1]بەڵام ئایا ئەم هەموو خۆ ڕاپچکان ودەنگ بڵندکردنەوانەی شیعر لە پای چیە؟,ئایا دەکرێت شیعر بۆ هەر مەبەستێک ڕم لە بەستەڵەکی ئایدۆلۆژیای سیاسی بوەشێنێت و بێلایەنانە سەیری بکرێت؟

یان ئەوەتا نهێنییەک بۆ وەڵامدانەوەی ئەمانە خۆی لە نێو خودی شیعردا حەشارداوەوڕاشکاوانە ئەم خاڵە دیاریدەکات کە پارێزگاری لە مانەوەی دەکات,هەوڵ بۆ ڕزگارکردنی دەدات, بێگومان ئەم خاڵە بنەڕەتییەش,کە شیعر بە ئامانجی گرتووە نا بێت مۆری هیچ شوێن و گروپ ولایەنێکی پێوەبێت و,داکۆکی لە کردەوەی ناپەسند بکات, وەنابێت دروشمی مۆدێرنەو دیموکراسی وئازادی ڕادەربڕین بۆ ناوزڕاندن ولەکەدارکردن بەکاربێنێت کەواتە دەتوانین بڵێین.( لە کرۆکدا شیعر هێنانە گۆی دەنگە گەمارۆدراوەکانەو بەرزکردنەویەتی لە ئاست واقیع و پێچەوانەکردنەوەی دەسەڵات و هێزی خۆ سەپێنەری ئەو واقیعەیە, کەنەیهێشتووە پڕ بە دڵی لە ناوی بژێت و خودی هەستیارو نیگەران وماندووی خۆی تێدا دامەزرێنێت,لە واقیعی کۆمەڵگای زیندوودا شیعر وەک یەکەم دەرکەوتەی مرۆڤ وڕۆشنایی بوون ناسراوەو فۆڕمی وەرگرتووە, پاشان بۆ پاراستنی خۆی بەردەوام کاری لەسەربوون وهەبوون کردووە.)[2] لە داڕشتنی شیعری چاونەترس وکراوەدا هەر میکانیزمێک بگیرێتەبەر بۆ بینای زمان یان بۆ هەڵخستنی کەرەسەکان بەسەر ڕستی مانادا, چ بەچوونە سەرباڵی خەیاڵەوەبێت چ بە لاساییکردنەوەی واقیع, ئاستەنگ ناخاتەبەردەم شاعیر, چونکە شاعیر لێرەدا یاری بەچەند ووشەیەکی خوێن تێزاوەدەکات و شەڕی مان ونەمان لە پێناو سارێژکردنی کێشەیەکی بنەڕەتی دەکات, بۆیە ئەگەر لە هەندێ باردا واقیع بە تونێلی خەیاڵدا تێبپەڕێندرێت ئەوا دوورنییە بە هەمان شێوە, خەیاڵی شیعری بە نێو بەرداشەکانی واقیعدا بڕوات و وە هەریەکێک لەم ڕێگایانەش بەیەک ئاڕاستەی بەرنامە بۆ داڕێژراو بەکاردەبرێن, کە ئەویش تێکشکاندنی ئەو بەها سیاسیانەیە کە دەستیان بەسەرگشت دامەزراوە کردەکی وبیریەکاندا گرتووە, لە ئەنجامیشدا یان هاوکێشەکان گۆڕانیان بەسەرردادێت و پیاوانی دەوڵەت بە کردەوەکانیاندا دەچنەوە یانیش پشکۆی شۆڕش بەبەردەوامی لە نێوکایە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکاندا لە گەشانەوەدا دەبێت, (بەختیار عەلی) لە دیدارێکی ئەدەبیدا سەبارەت بە(خەیاڵی واقیعی) دەڵێت:(مەرج نییە خەیاڵ هەمیشە ناواقیعی بێت, بۆنموونە ئەدەبی واقیعی جۆرە«خەیاڵێکی واقیعی» دروستیکردووە کە جیاوازە لەو خەیاڵەی کە لە واقیعیەتی سیحریدا دەستبەکارە,خەیاڵ دەشێت واقیع تەواو تێکبشکێنێت و هەوڵی سڕینەوەی ڕووە زاڵەکانی بدات, وەک لە هەندێک شیعردا یان لە تابلۆیەکی سوریالیدا دەیبینین, بەڵام دەشێت واقیعیشمان لە گۆشەنیگایەکی دییەوە نیشانبداتەوەو چاوێکیترمان تێدا بچێنێت بۆ

---

١- سەباح ڕەنجدەر - ئەزموون وەک ئاخاوتنێک لەناو ژیان - چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر -٢٠١٤ - ل١٤٤

٢-هـ .س .پ .ل١٨٩

بینینی ئەو شتانەی کە هەیە,واتە واقیعی بێت, بێ ئەوەی واقیع وەک خۆی دووبارە بکاتەوە)[1] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەرکی شیعر لە قۆناغی ڕەتکردنەوەی ڕەهادا, لە پاڵ بنەما ستاتیکییەکانەوە, حەقیقەتی ژیانێکی ئارەزوومەندانە لە خەیاڵێکی تیژوپەنهاندا هەڵدەهێنجێت وە شاعیر لەم دۆخەدا ئایندەیەکی نموونەیی نیشان دەدات, بە شێوەیەک میکانیکیەتی دەسەڵاتی ئایدۆلۆژی ئاوەژوو دەکاتەوە کە سۆزی جەماوەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و, خولیای شۆڕشیان لە دڵدا دەچێنێت, هەربەمەش ناوەستێت بەڵکو ئەم خولیایە لە جەستەی مەعشوقدا دەئاخنێت وچینی ڕەنجبەران ومافخوراوانی لێدەکات بە عاشقێکی سەوداسەرو سەرسەخت بۆ ڕاوەدوونانی ستەم و یەکتاپەرستانی سیاسەت.

کەواتە شیعر ناچێتە ژێرفورسایی و فشاری هیچ جەبرو مەرجێکی دیاریکراوەوە, فەزایەکە پڕە لە ئازادی و سنوورەکانی تیادا دیاری ناکرێت, جگە لەمەش هەرتەنیا لە دووتوێی سیاسەتدا ووشەبازی ناکات, چونکە لە بنەڕەتدا ئامانجی شیعر بە ئەتەکیەتکردنی ڕەفتارو چالاکییەکانی مرۆڤە جا چ لە ڕووی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئاینی یان ئابوورییەوەبێت.(ئەرکی شاعیر ئەوەیە گۆڕان لە ڕوانین و نەریتی باوی کۆمەڵگا دروستبکات, واتە شۆڕشگێڕبێ لە ڕوانێن وگۆڕینی چێژبۆ جوانی, کە جوانیشی خۆشەویستکرد لە ناو کۆمەڵگادا, واتە تەواوی ژیانی خۆشەویست وپەسەندکردووە,شۆڕشگێڕیش بەشێکە لە ژیانی پەسەندکراو, بەڵام بیری توندوتیژی ناڕەوا, یان سیستەمی دیکتاتۆری سیاسی لە دەقی شیعریدا هۆی خنکێنەری فەزاو هونەری پەتییە, بیری توندوتیژی سیاسی شیعری هەڵچوندار بەرهەم دێنێت)[2]وە هەڵچوونەکانیش لە سیاقی ڕەتکردنەوە دەردەچێت بۆ هەڵکوتانە سەر پەتا درم وترسێنەرەکانی دەسەڵات و دامرکاندنەوەی کۆژانە جەماوەرییەکان, بۆیە شاعیری گەلدۆست لە بەرامبەر هەموو پرس و لایەنە چارەنووس سازەکاندا خاوەن هەڵوێستەو زوبانی دێتەگۆ, وەهەموو ئەم گۆمە مەنگ ووەستاوانە دەشڵەقێنێت کە ڕووبەری دەربڕینیان داپۆشتووەو, بەری داهێنان و دارشتنی ئەدەبییان لە گۆمەزێی بچووکدا تەسک کردۆتەوە, شیعر هەرگیز کۆتدار ناکرێت و لە هەموو لایەکدا خۆی دەتوێنێتەوەو ڕێ دەگرێتەبەر لە پێناو بەرەڤانیکردن وخۆشکردنی پەیوەندییە جڤاکییەکان ولەگەڕخستنی پەروانەی بەرژەوەندیخوازانەی سەرمایەدارانی سیاسی و تێکشکاندنی یاساو بیروبۆچوونە سەپێنراوو بەستەن کردووەکانییان.

**ب- شیعروشکاندنی بەستەڵەکە کۆمەڵایەتییەکان:**

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هەر نەتەوەیەک دابەشدەبێت بەسەر چین و توێژە جیاوازەکاندا,پەیوەندی نێوان چین وتوێژەکانی کۆمەڵیش بەندە لەسەر بنەماکانی پێکەوە ژیان, وەکاتێک ئەو بنەمایانە لە سەرچاوەیەکی ڕۆحی وئاینی یان لە کلتووری بەجێماودا وەردەگیرێن ودوور لە کۆدەنگی و حەزی گشتی دەکرێنە نەریت بۆ هەڵسوڕاندنی کارو پێداویستییەکانی مرۆڤ, بەمەش جۆرێک لە بەرزی ونزمی و دۆگمابوون ونایەکسانی

---

١- حەمە کاکە ڕەش - کۆڕامانێک لە شیعر - چاپخانەی لەریا - سلێمانی - ٢٠١٠ - ل[٧١]
٢- سەباح ڕەنجدەر - ئەزموون وەک ئاخاوتنێک لەناو ژیان — ل[٢٣]

دەستەبەردەبێت لە نێو تاکەکاندا کە لێ لادانی بۆ نییەو پەیڕەویکردنیان شتێکی حەتمییە, بەڵام لە ئەنجامی کەڵەکەبوون و نەگونجانی ئەم نەریتە کۆمەڵایەتییانە لەگەڵ نەریت وپێشکەوتنەکانی سەردەم, درزو کەلێن لەمانەوەیان بۆ تاهەتایی وەکو خۆی پەیدا دەبێت, واتە دەتوانین بڵێین ئیدی مایەی قبوڵکردن نین و دووچاری کردەی فیزیکی و میتافیزیکی دژەباوانە دەبنەوە,هەروەها بەو پێیەی ئەدەب دیاردەیەکی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتییەو دەرهاویشتەی خۆشی و ناخۆشییەکانە, ئەمەش وادەکات ئەوپەڕی هەستیاری بنوێنێت بەرامبەر ئەو شەپۆڵە دەروونییانەی هەست وهۆشی ئادەمیزاد داگیردەکەن و سترێز دەخەنە سەر ئارەزووەکانیان.

لەبەرئەوەی ئەدەب دونیابینی نووسەر بۆ خۆی و دەوروبەر دەردەخات و ڕاستییە تاڵ وشیرنەکان دەخەملێنێت کەواتە.(لە پاش هەمووشتێک ئەو ئازادییەی نووسەر دەینوێنێ لە چۆنییەتی تێگەیشتنێکی خودییانەی خۆی لەشتەکان ,ئەو تێگەیشتنەی لە کۆنترۆڵکردن وداسەپاندن دەردەچێت تاکو تەنها بە بێگەردییەکی زۆرەوە بە هێزێکی گەورەوە بەسەرهاتی تێگەیشتنی خۆیمان بۆ بخاتە ڕوو, نەک وەکو وانەبێژێک نەک وەکو ڕێنماییکارو ڕێنیشاندەرێک, بەڵکو وەکو برینداروو بە ئازارێک وەکو مرۆڤێک کە بەدووی کامەرانیدا بگەڕێت, وەکو گەشتیارێک لە هەر شوێنێک پرسیارێک لە خۆی ودەوروبەری دەکات)[1]وەجگە لەمانەش کاری ئەدەبی هەرچەندە ئەفراندنی ئەدیبێک یا نووسەرێک بێت, هەرچەندە دەربڕی ناخ وکێشە تایبەتییەکانی خاوەنەکەی بێت بەڵام لە کۆتاییدا بەشێکە لەمێژووی نەتەوەو دانەبڕاوە لە گرفت و تەنگوچەڵەمەوبۆنەو جەژن وشادییەکان, ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت,کە نووسەری سەرکەوتووبەرهەمەکەی جا چ شیعر بێت یا ڕۆمان یا چیرۆک یا هەر ڕەگەزێکیتری ئەدەبی بێت گرێی دەداتەوە بە بارودۆخی گەرموگوڕی ئەو زەمەنەی,کە خۆی وەک تاکێک لە نێویدا دەژێ و دەبێتە گەواهیدەری ڕووداوە ئەرێنی یان نەرێنییەکانی هاوڵاتییان وخەڵک بەگشتی, بەم چەشنە لەوە حاڵی دەبین,کە ئەدەب داخوازی و خەم هەڵڕشتن و تانەدان و خۆشی دەربڕین وهێرشبردنێکی هونەرییە لە نێوجەرگەی بونیاتە چینایەتی وجۆرایەتییەکانی کۆمەڵگادا.(وە بە قەدەر ئەوەی کە کاری داهێنانی ئەدەبی کارێکی خودی و ئازادە بەو پێیە دەبوایە جۆرێکی خاڵی بێت لە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان, بەمانایەکیتر ئەگەر بەو پەسنەی کە نووسەر مرۆڤێکە وە هونەرمەندێکە کە پێویستە وێنای جەماوەرەکەی بکات و, هەستبکات لەگەڵ جەماوەرەکەی یەکیگرتووە, وەمەترسییەکی گەورەیە ئەگەر نەتوانێت بە ئاشکرایی ئەو شتانە دیاریبکات کە جەماوەرەکەی ئاڕاستەی دەکەن, وەکاری داهێنانی ئەدەبی بە ڕەفتاری خنکاوێک دەچێت,کە شووشەیەک فڕێیداتە نێو دەریا, وەئەم پێچواندنە ڕاست دەرناچێت تەنیا بەوە نەبێت کە ئەم خنکاوە پێشبینی ئەو ڕزگارکەرەبکات کە پەیامی ئاڕاستەدەکات ووە واهەستبکات کە لەگەڵیدا بووە بەیەک,جگەلەمەش نازانێت بۆکام کەناری نادیار پەیامەکەی هەڵدەگرێت)[2].کەواتە ئەدەب هەڵگری پەیامێکی کۆمەڵایەتییە کە لە لایەن جەماوەرەوە بۆ نووسەردەچێت وەنووسەر خۆیشی یەکێکە لەوانەی کە هاوخەم وهاوسۆزە بە پێشهات وبەسەرهاتە

١- نەجات حەمید ئەحمەد- ئازادی شیعر لەدەرەوەی ڕێنماییەکاندا - نووسەری نوێ - ژ-٣٩ - ٢٠٠٧ - ل٥٢

٢- روبير إسكاربيت - سوسيولوجيا ألأدب - ترجمة -آمال أنطوان عرموني - ط١ - منشورات عويدات - بيروت, باريس - ١٩٧٨ - ص٥١

کۆمەڵایەتییەکان, بەمەش هەرگیز ناتوانێت دوور لە چاوی خەڵک بنووسێت و هیواو ئاواتەکانییان بە هەڵدێری خیانەت و وێنای ناپەسند بەرێت, چونکە هەروەک لە پێشتر باسمانکردووە, بەرهەمی پەیوەستدارو لایەندار هەمیشە کرچ وکاڵەو متمانەی کۆمەڵ بەدەست ناهێنێت, وەلێرەشەوە پێویستە درک بەوە بکەین کە زنجیرەیەک کارتێکردن لە نێوان(نووسەر – بەرهەم – جەماوەریان خوێنەر)دێتە ئاراوە, کارتێکردنەکانیش لەسەر ئاستی هوشیاری جەماوەرو ئینتیمای ئایدۆلۆژی نووسەرو جۆرو چۆنایەتی بابەتە ئەدەبییەکە دەوەستێت وە لە زۆر حاڵەتیشدا پێچەوانە دەبنەوە یان بە هاوسەنگی فشاردەخەنەسەریەکتر.(ڕۆڵی جەماوەر بەشێوەیەکی تیۆری کە نووسەری ئەدەبی ڕۆشنبیر ڕووی تێدەکات کاریگەری ئەدەبییە,کە هیچی کەمترنابێت لە بەشداریکردنێکی بەبێ پابەندبوون, وە ئەم کاریگەرییە زیندوو دەکاتەوە لەسەر نرخە ئەدەبییەکەی, بەوەی ئەم جەماوەرە ناوەندێکی کۆمەڵایەتی بۆ نووسەر دادەمەزرێنێ وە هەندێک لە سنوورداریشی بەسەردا فەرزدەکات.)[1] وەئەوەی لێرەدا مەبەستمە جەختی لەسەربکەم ڕێک پێچەوانەی ئەمەیە واتە کارکردنی نووسەر یان شاعیرو ئەدیبە بۆ لەناوبردنی نرخاندنە سانسۆردارەکان و گوێ نەدانە بەم سنوورانەی کە جەماوەر بەهەر پێودانگێک فەرزی دەکات بەسەر پانتایی هزرو ئازادی دەربڕیندا.

## ١- شیعروشکاندنی بەستەڵەکە نەریتییەکان:

هەڵبەتەشیعر هەردەم ڕۆڵی پێشەنگی بینیوە لە گۆڕانکارییە هەمەجۆرەکانی سیاسی وکۆمەڵایەتیدا,وەئەرشیفی مێژووی مرۆڤایەتی تاڕاددەیەک پاراستووەو تۆماریکردووە,وەبەردەوام خەونی ئایندەیەکی نوێ بۆ نەوەکانی داهاتوو دادەڕێژێتەوە لەسەر بنەمای گەڕان بەدوای تەکنیک و ناوەرۆکی تازەو وەلانانی ئەم پێوەرو قاڵبە نەریتییانەی دەستی شیعر لە زیندانی کۆن وباودا دەبەستنەوە,ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە شیعر بانگەشەیەکی ئانارشیزمیانەی بەرەڵلا بێت و کلتووره جوانەکان بسڕێتەوە بەڵکو بە سوودبینین لە ئەزموون و خەوش وپێشوەچوونەکانی ڕابردوو جیهانێکی ڕاستەقینە لە خەیاڵێکی هونەریدا دەسازێنێ وەدەستبەرداری هیچ یەک لە ئەرک وپێداویستییە سەرەکییەکانی نابێت, وەلە خەسڵەتە دیارو بەرچاوەکانی شیعری زیندوو ئەوەیە کە هیچ کات لە ئاشووبی نەریتە ماوە بەسەرچووەکان غافڵ نابێت و وەکو فریادڕەسێک بەسەر هاوارو نارەزاییەکاندا دەشنێتەوەو سارێژی ئەندامە لەکارکەوتووەکانی جەستەی کۆمەڵگا دەکات وخودە نامۆکان بە یاخیبوون وسەرکێشی دەناسێنێت.(کاتێک بەرهەمی فەرهەنگی, بەتایبەت داهێنانی هونەری و ئەدەبی لە زۆر لایەن وڕەهەندەوە مەیلی دابڕان لە قاڵب وشێوازو پارادایمی وەرگیراوو چەقبەستووی نەریتی ومێژوویی هەیەو, هەر بەو پێیەش هەوڵی دابڕان لە ماناو چەمکە کلێشەیی و سواوەکان لە ئارادایەو, هونەرمەندان وشاعیران ونووسەران بیر لە داهێنانی تازە دەکەنەوە)[2] بەڵام لادان لە عورفی باو هەرواکارێکی ساناو حازر بەدەست نییە, وڕەیەکی بەرزو پشوویەکی درێژی دەوێت تاهەنگاو بە هەنگاو کارە ئەدەبی

---

١- ن. م . س- ص٥١

٢- عەتا نەهایی - ئاوڕدانەوەیەک لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی - ئاینده ژ-٥٣ - ٢٠٠٤ - ل٥

وهونەرییەکـــان و کــرانەوەی کۆمەڵگـــا بە ڕووی ڕۆشـــنبیری و پرانســـیپە دیموکراتییەکـــان دەبـــنە هەوێنـــی گۆڕانکارییەکـــان و جـێ بەگەوجـی وبیروبـــاوەڕە ئەفســـانەییەکان لەق دەکەن, بەمەش بە شـێوازێکی مەدەنیـــانەو لەسەرخۆ یاساو داب وکلتووری نوێ دێنە ناوەوە, شوێنی نەریتی بەزۆر داسەپاوی چەق بەستوو دەگـرنەوە, خـاڵی هەرەســـــەرەکی لەم ئـــــاڵوگۆڕە فەرهەنگیـــــانەدا بـــــریتییە لە وەگەڕکەوتنـــــی داینەمـــــۆی گواســـــتنەوەی ڕێوڕەسـمەکۆمەلایەتییەکان لە قۆنـاغێکەوە بـۆ قۆنـاغێکیترو هاوتـاکردنیـان لەگەڵ تێگەیشـتنی سـەردەم.(لەم ڕووەوە پرۆسەی بـاوبوون کەمتر لێکدانەوەیەکی تونـدوتیژانەی هەیە کە گۆڕانکـاری بە شێوازی پلەپلەیـی تێـدا ئەنجـام دەدرێـت لەم کۆمەڵگایـانەی کە بـاوەڕە بەنرخەکانیـان ڕێنووسکراوەو هەڵگیـراوەو بەرزکـراوەتەوە بـۆ بیروباوەڕی دەروونی هەر باوەڕدارێک, وەئەم بیرو باوەڕە خودیانە تایبەتمەنـدی ناچارییـانەی خۆیـان لە ئاستی کـۆمەلایەتییەوە وەدەست دێـنن, لەحـاڵەتێکی وەهـادا وا دەکەوێـتە بەرچـاو کە ئەم گۆڕانکارییـانەی ڕوودەدەن هەرچەنـــدە پـــاژەیی ونـــاڕوونن, بەڵام بێگومـــان بە کۆتـــا نـــایەن, چـــونکە گەیشـــتن بە وەســـتان وکۆتـــایی قبووڵناکرێت.)[1] بەم ڕەنگە پلیکانەکـانی ڕابـوون ودەرچوون لە خـووە نەریتییەکـان بەسەر لایەنە ئایـدۆلۆژی و کۆمەلایەتییەکانـدا دابەش دەبێـت وپشکی شێر وەبەر ئەو نێوەنـدە فیکـری وئەدەبـی و بـزووتنەوە شۆڕشگێڕییە مەدەنییانە دەکەوێت کە توانای وەرچەرخاندنییان هەیەو ڕای گشتییان پێ دەهێنرێتە دەنگ.

ئەدەبیـات وجۆرەکـانی و شیعر وەک نووسینێکی هەڵچنـراوی هـزری هەمـوو ئەم نووسـراوە بە پیرۆزکـراوانە هەڵدەوەشێنێتەوە کە هێڵی سووری تابۆییان بە ژێرداهێنراوەو, بوونەتە کارخـانەی هەڵهێنـانی کۆیلەیی و دەست بەســەری, بــۆیە دەبێــت نووســین جــا ئەگەر لە پۆســتی شــیعر یــا ڕۆمــان یــا چیــرۆک یــا وتــار یــا هەرچییەکیتردابێت,بەبـایەخەوە کـاری پێبکرێـت و وەکـو پێداویستییەکی سـەرەکی وگرینـگ بـۆ بە شارستانیبوون وپەروەردەکردن تەماشابکرێت.(نووسین لە مەودایەکدا ناسووڕێتەوە, سنووری نووسین ئەوە دەبڕێ تەنیـا دەنـگ هەڵبڕین و وتنی ووشەکان بێت, بگرە نووسین پەیامە, نووسین کردنەوەی دەرگا داخراوەکانە, نووسین شێوەیەکە لە هەڵکشـــان و دابەزیـــن بـــۆ نێوەنـــدی پێوەنـــدییەکان, نووســـین دووبـــارە کـــردنەو نییـە بە ئەنـدازەی ئەوەی چاوخشانە بەخودو ئەو شێوە بیرکـردنەوانەی کە دەوریـان داویـن.)[2]جاکەلەمەیـدانی نووسیندا دەستنیشـانی شیعر دەکەیـن بـۆ تێهەڵچوون وتێڕامـان لە دەوروبەر, دەبێ قسـە لەسـەر نیازپـاکی نووسـەری شیعربکەین,بەوپێیەی شـاعیر پێویسـتە لە پێنـاو هـیچ مەرامێکـی تـاکە کەسـی کـار لە سـۆزە چەپێنراوەکـانی تاکەکـان نەکـات وە نەیـانوروژێنێت, بۆ ئەوەی لەئەنجامدا گەوهەری شیعرێک بەرجەستە بکـات کە خواستی ژیانـدۆستی و ئـابڕوبردنی ئاکارە نەخوازراوە بەسەرچووەکانە, وەهەرکاتێک گرێبەستی کۆمەلایەتی شیعر لەسـەر بنەمـای گـۆڕینەوەی پێـوەرو بەهـا ئەخلاقییـە نەگۆڕەکـان لەگەڵ بێلایەنـی ئەداکردنـی ئـازادییە مەعـنەوی و فیکرییەکـان دابمەزرێـت ئەوا بێگومـان دەگەیـنە ئەو بـڕوایەی کە شـاعیر ڕاسـتگۆیانەو ڕابەرانە پێشـەوایەتی سـەروەری و سـەنگەرگرتنەکانی

١- كى إرمه - فرهنگ ودموكراسى - ترجمه-مرتضى ثاب فر -چ١ - چاپ دیبا - إنتشارات ققنوس- تهران- ١٣٧٤ء - ص١٠٨

٢- سەلاح حەسەن پاڵەوان - شیعری کراوە-لەئەزموونی شیعری نوێی کوردیدا - چ١ - چاپخانەی ئاراس - هەولێر- ٢٠١٠ - ل١٥٣

جەنگە نەریتییەکان دەکات.(شاعیری ڕاستگۆ سووره لەسەرپاک ڕاگرتنی شیعرەکەی لە هەموو ئەم بارودۆخانەی پێیدا تێدەپەڕێت, جا چ خراپ بێت بۆی یان باش بێت وە لەبیرو باوەڕی خۆیپاشگەزنابێتەوە هەرچەند ڕووبەڕووی هۆکارەکانی مەرگیش بێتەوە وە بیرمەندی ئازاد لە پێناو مرۆڤایەتیدا بۆ ئەداکردنی ڕاسپاردەکەی دەست بەسەر ئاڵۆزییەکاندا دەگرێت و,ئازاری ناخۆشییەکان دەچێژێت, هەرچەندە بەربەستەکانی ستەمکاری و دیوارەکانی زیندان بێنە پێشیەوە, وەهونەرمەندی ڕاستەقینە هەڵدەستێت بە ئازادکردنی هونەرەکەی لە خەیاڵ وترس و دەستەمۆکردنی لە پێناو ژیان ومرۆڤایەتی بەبێ ئەوەی سپڵەکان بتوانن بەرهەڵستی بکەن.)[1] لەگەڵ ئەوەشدا بەر لەوەی شاعیر ببێتە سومبوڵی جوڵاندنە هەستییەکان,کۆمەڵانی خەڵک خۆیان ویستی دەربازبوون دەکەن لەمانەوەی کۆنەپەرستی و دەخوازن لاپەڕەیەکی نوێ بۆ ژیانێکی نوێ هەڵبدەنەوەو, لەبارێکی واشدا کێشەو ململانێی نێوان کۆن ونوێ سەرهەڵدەدات,بەم جۆرە بزاوتێکی بەردەوام لە نێو ئاست وچینە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا پاڵ بە ناوەخن و ڕواڵەتی چەمکە بە ڕەسەنکراوەکانەوە دەنێت بۆ جێگیرنەبوون وکرانەوەی دەرچەکانی وەرگرتنی بیری تازەو بنەمای تازەو دونیای تازەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان, وەلەنێو ئەم بزاوتەشدا کایە زیندووە ڕۆشنبیرییەکان و نووسەران وشاعیران زۆرترین ڕۆڵیان دەبێت.(کۆمەڵگاکان لەگفت وگۆو ململانێیەکی توندان لە پێناو دەرچوون لە وەستانەکان, بەمەش وێنای دینامیکیەتی خۆیان دەکەن, وەشاعیران درک بەم حەقیقەتە دەکەن بۆیە خۆیان وشیعرەکانیان دەکەنە بەشێک لەم کارە, شاعیران بەحەق وەڵامی داواکارییە ڕاستەقینەکانیان دەدەنەوە, ئەم بەربەستە وەستاوانە دەشکێنن بە هۆی تەقینەوەی شیعرییەکانیان, وەلەو کاتەدا ئەوان دەوری بەشێک لە جوڵانەوە واقیعی و دینامیکی و مێژوویی پێشکەوتووەکان دەبینن.)[2]بەمانایەکیتر پێویستە دان بەوەش دابنێین کە بەنداوی شیعر هەر تەنیا ئەم ڕێڕەوە ناکۆکانە گلنادات‌ەوە کە وزەی دژبەریکردن بەسەر گیانە خامۆشکراوەکاندا دەبەخشنەوە چونکە هەموو فیداکارییەکانی شیعر لە پێناو ڕاستەڕێکردنی چەوتییەکانی ژیانی مرۆڤە, وەبوژەخساندنی کەشێکی هەمەڕەنگ ولەبارە بۆ پراکتیزەکردنی بنەماکانی ئازادی ڕادەربڕین, ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە شیعر بێ ڕەڤینەوە بەسەر مەرزەکانی ئاین وسیاسەت ونەریتەکاندا تێدەپەڕێت و لە کۆتاییشدا کۆششەکانی بەرەو چەند ئامانجێک چڕدەکاتەوە, ئەوانیش سازش نەکردنە لەسەر بەدیهێنانی یەکسانی و ڕاوەدوونانی ملهوڕییەکانی سیاسەت و, کاڵکردنەوەی ئەم پێوەرە ڕەوشتییانەیە کە بە ئاین وئایدیای پڕوپوچەوە ڕووپۆشکراون.(شیعری شۆڕشگێڕشیعری دنەدان نییە وەک ئەوەی کە هەندێک لە ئەدیبان لێی تێگەیشتوون وەبەهای شۆڕش بەهایەکی جۆشداری ڕووکەشکراونییە هاوشێوەی هاوارێکی هیستریایی, وەبۆ دەرکەوتنی لایەنە تەندروستە ڕوناک و پێویستەکانی ژیانی بەرزو بەشکۆی مرۆڤایەتی, وەهێزی هونەری هاوشێوەی شیعر هێزێکی شۆڕشگێڕانەی داهێنەرە وەدەوری

---

١- وحيد ألدين بهاء ألدين - في ألأدب وألحياة - مطبعة دار ألبصري - بغداد - ١٩٦٩ - ص٦١-٦٢

٢- د.جلال خياط,كمال نشأت,د.عزألدين إسماعيل,أحمد ألمجاطي,د.جليل كمال ألدين- ألشعر وألثورة - دارألحرية للطباعة - بغداد-١٩٧٤ -ص١٤٣

خۆی دەبینێت لە مێـژووی ئـادەمیزاددا.)[1]لە ڕۆژگـاری ئەمرۆداشیعرو هەمـوو ڕەگەزەکـانیتری ئەدەب لە ڕوانـگەی ئەدەبییەوە دەبنە چاودێرو پشکنەرونوژداری ئەم قەیـدە نەریتییـانەی بـارێکی قورسیان خستۆتە سەر کـاروانی مەیسەربوونی ئـاریشەکانی هاوڵاتیـان, بەمەش هاووڵاتیـان دەکەونە ژێربـاری چەنـد فاکتەرێک بۆ بـرەودان یـان ڕیسواکردنی نـاوەرۆکی بەرهەمە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکـان ئەم حـاڵەتەش پەیوەنـدی دوولایەنەی پـتەو لە نێـوان جەماوەرو سەرخانی کۆمەڵایەتیـدا پەیـدا دەکـات ,وە دەبێت هاوسەنگی ئەم کـارلێکە پێچەوانەییە پارێزراوبێت بەوەی هیچ کامێکیان نەبنە هاندەر یان هەڕەشە بۆ سەر ئەویتر وە پێویستە هاریکـاری هەردوولایەن بەمەبەستی بنەبڕکردنـی تەنـگەژەو دامەزرانـدنی پـایە بە هێزەکـانی پەرەسـەندنی ژیـنگەی دیمـوکراتی و, ناشـتن وکـارپێنەکردنی دەرکردەکۆمەڵایەتییە مردووەکـان بێت.( ڕەخنەگـران کـاریگەری ئـاین وداب ونەریت و یاسـایان بەسەر ئەدەبەوە دەستنیشانکرد, بەهەمان شێوە کـاریگەری ئەدەبیشیـان بەسەر ئـاین و یاسـاکانی کۆمەڵەوە کرد بەمەرجێکی سەرەکی لە تەواوبـوونی دووتـای هاوکێشەی کـارتێکەری و کـارتێکراوی, لەو هاوکێشـەیەدا بابەتێک هەیە پێی دەوترێت هۆکـاری کۆمەڵایەتی, مەبەست لە هۆکـاری کۆمەڵایەتی ئەو بنەمـا سایکۆلۆژیەیە کە هـانی جەماوەر دەدات مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکەن, بەوەی بابەتەکە وەربگرێت یان ڕەتی بکاتەوە.)[2] هەروەهـا شیعر یـا هەر ڕەگەزێکیتری ئەدەبی کە ئاوێزانی بـابەت و کێشە کەسی وگشتییەکان دەبێت وەک ئەوە وایە ببێتە بەشێک لە داڕێـژەرو بگـۆڕانی دەسـتووره نائۆرگانییەکـان و سـەرەتایەک بـۆ ئـاڵوودە نەبـوون و وەئاگـا هـاتنەوە لە دەقگرتنی پەڕاوە نەریت نووسکراوەکان, دەخاتەبەردەم خوێنەرانی.کەواتە شیعر دەتوانێت لە پێگەی هونەری و ستاتیکییەتی خۆیەوە دابەزێتە ناو بابەتە ڕوحی و ڕەوشتییەکان و دەست لەم پەیـڕەوو پرۆگرامانە وەربدات کە بە درێژایی کات یەک پێناس و تێگەیشتنیان لە خۆگرتووە.

لەم سەرووبەندەشدا بە ئاشکرا ئاسـەواری پەیـڤە هەست بزوێنەکـان بەسـەر گوفتـارو کـردەوەی تاکەکـان دەبینرێـت و, چـریکەو نەوڕەسـی شیعر قەدەری یاسـاغکارییەکانی کـۆمەڵ بە ئاڤـاری کـرانەوەو هەڵوەشـاندا دەبات.(شـاعیران بنـاغەی پێوەرەکـانی ئاکـار دادەڕێـژن, مانـای ئاکـاریش لە شـیعردا بـاڵای پێـوەرە کۆمەڵایەتییەکـانەو هەروەهـا گواسـتنەوەی شـیعریش لە جیهـانێکی بەرتەنـگەوە بـۆ جیهـانێکی مرۆڤـایەتی بەرجەستەدەکات, چونکە شیعر تەنیا نییە, بەڵکو گرێدراوی ژیان وواقیعی ڕۆژانەی مرۆڤە, ئەو شـاعیرەی کە بە عەقڵ بیردەکـاتەوەو بە دڵیش هەست بە بـوونی شـتەکان دەکـات, ناتوانێـت لەدوورەوە بەتەنیـا تەماشـابکاو گۆڕانکاری لەو واقیعە نەکات کە کۆمەڵگای گرتووەتەوە, هەردەقکی شیعریش گرێبەنـدییەکە لە نێوان داهێـنەرو پەیـام وەرگـر ,ئەوگرێبەنـدییەش لەوەوە دەستپێدەکات, کە داهێـنەر نـامەیەکی تـایبەتی لە ڕووی نـاوەڕۆکێکی پێوەری دەگەیەنێـتە خـوێنەر.)[3] وەلە کۆتـاییـدا خـوێنەر ئەمە یەکلادەکـاتەوە, کەچـی لەشـاعیر داوادەکـات و وە

---

١-ن .م .س .ص[٧٥]

٢- د.ئازاد عەبدولواحێد کەریم - ڕەخنەی ئەدەبی - چ١ - چاپخانەی کارۆ - کەرکوک - ٢٠١٣ - ل[٣٥]

٣- د.ئازاد عەبولواحێد کەریم - سۆسیۆلۆژیای ئەدەب - چ٢ - چاپخانەی کارۆ - کەرکوک -٢٠١٣ - ل[١٢٧-١٢٨]

شاعیر ناچاری کام شێوازی دەربڕین دەکات, لە بەرامبەر ئەمەشدا شاعیر لەوە تێدەگەیەنێت کە چۆن گیان بەبەر پێڕستە شیعرییەکانیدا بکات و وەک پەسنێکی ئەخلاقی نوێ بەسەر خوێنەرانیدا پەخشیبکاتەوە, بۆیە شاعیر ڕێگە بەخۆی دەدات بەسەر ئابڕومەندی و شەرمو شکۆی شوورە بەرزەکانی ترادسیۆنە جیاوازەکاندا بازبدات و پێشنیازو ئامادەکاری نوێ پێشکەش بە ئێستاو ئایندەی ئاکارە کۆمەڵایەتییەکان بکات. ئەم ڕێگە بەخۆدانەش وزەی ئەوەی پێدەبەخشێت دەست لە هیچ نەپارێزێت و خوو بەداوەشاندنی کۆنەباوە بێزراوەکانەوە بگرێت. لەم ڕووەشەوە شیعردەبێتە دەروازەیەک بۆ لێدانی قاڵبە سواوە نەریتییەکانی کۆمەڵ, لەهەمان کاتیشدا خودە سەرکراوە پابەندەکان وریا دەکاتەوە لە چەرمەسەرییەکانی ئەم نەریتانە.(گەورەترین تۆڵەیەک, کەدەکرێت لەشتەکان شیعر ئەنجامی دەدات, چونکە دەست دەبات بۆ هەموو شتەکان, لەم دەستبردنەدا مێژووی ئەم شتە لەبەرچاوناگرێت, ئەوە بە هەند وەرناگرێت ئەم شتە چۆن هات و چۆن لێی دەڕوانن, ئایا پیرۆزە یان قێزەونە, چونکە شیعر وەک یەکەمجارو بە پێی ئەم دۆخەی شاعیر مامەڵە دەکات, بۆیە جیهانی شیعر جیهانی هارمۆنی شتەکان و جیهانی لێدانە لە بەهاکان و لەماناکان و, تۆڵەسێنە لە هەموو ئەو شتانەی ڕۆژێک شاعیریان ئەزیەتداوە, یان تووشی سەرئێشەیان کردووە)[1] بەڵام نابێت ئەوەش لە یادبکەین کە هەمووکات شاعیر دژ بە بەها مێژووییەکان ناوەستێت, بەومانایەی لە هەندێ باردا ئەو بەهایانەی لە دەرئەنجامی تێکەڵبوونی کلتووری نەتەوە جۆربە جۆرەکاندا دێتە ناوەوە یان ئەم پێودانگ وبیردۆزانەی ڕژێمە سەرمایەدارەکان لە پەنای شەرعیەت بە خۆدان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان وەکو سیستەمێکی بەڕێوەبردن دەیسەپێنن لە ڕاییکردنی ئەرکو دیاریکردنی سنوورە ئاکارییەکاندا دەبنە مایەی نائارامی و تێکچوونی باڵانسی دەروونی تاکەکان, بۆیە شاعیر لێرەدا پێویستە دژەباوێکی بە ئاگابێت, بۆئەوەی لە نێوان بەها کۆن و تازەکاندا هەڵبژاردەکەی پێچەوانەی ڕای گشتی نەبێت دەبێت نەریتێک ناوزڕێن بکات کە زۆرینەی ڕەها پێوەی نامۆو دڵتەنگبن.(لەم قۆناغەدا ئەدیبان پەی بەوە دەبەن کە تۆفانێکی ترسناک هەموو ئەم بەهایانە بشکێنێت کە هاووڵاتیان لە ڕابردوودا بۆیان بەجێماوەو زەمەنێکە لەگەڵیدا دەژین, وەهەر لەم قۆناغەدا تەنیا گیروگرفت لە نێوان ئەدیبان و بەها ماددیەکاندا دروست نابێت بەو پێیەی ئەوەی لە هەموو شت زیاتر دەیانترسێنێت ئەوەیە کە ئەوان بڕوایان بەوە هەیە کە ئەدەب- جاهەرجۆرێکی بێت – ناتوانێت بەردەوام بێت و بمێنێتەوە تەنیا بەوە نەبێت کە بەها مرۆڤایەتییە گشتییەکان هەردەم زیندووبن و خۆیان لەپشت هەموو دیمەنێک لە دیمەنەکانی ژیانەوە بنێن وە ئەم مەرجە گشتییانەی ژیان کە ئەدەب پێوەی گیرۆدە دەبێت درێژدەبێتەوەو ڕووبەرێکی فراوان لەم ئەزموونانە دەگرێتەوە کە خەڵک تیایدا دەژین)[2] بەمەش لەوە حاڵیدەبین کە مانەوەی ئەدەب پەیوەستە بە مانەوەی بەها مرۆڤایەتییە بەنرخەکان, چونکە هیچ کاتێک ئەم بەهایانەی ڕاگری پردی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیەکانن هەرچەندە مێژوویی بن ولە نەوەکانەوە بگوازرێنەوە بەڵام نابنە

١- پێشڕەو عەبدوڵڵا - ئەدەب شێوەکاری تیۆر - ل[111]

٢- د.محمد زكى ألعشماوى - ألأدب وقيم ألحياة ألمعاصرة - ألدارألقومية للطباعة وألنشر - ألأسكندرية - ١٩٦٦ - ص[143]

هۆكاری ترازان و بەدبەختی لەژیانی تاكەكاندا, بۆیە ئەركی ئەدەب بەرگریكردنە لێیان و وەدەرنانی هەرجۆرە یاساو دەستوورێكی ناوازەو ناماقوڵە, وەئەم یاساو پەیڕەوانەی كە كۆمەڵ قبووڵی ناكات و ڕەتی دەكاتەوە دەشێ لە قاڵبی سیستەمە كۆمەڵایەتییە نەویستراوەكان دابنرێت و جیابكرێتەوە لە تابۆ سیاسی یان ئاینییەكان یان نەریتییەكان,بەوەی كە تابۆ هەردەم سیمای فشارێكی دەرەكی لە خۆدەگرێت و پشت بە تیۆرێكی ئاسمانی یان پۆلەتیكی دارێژراو دەبەستێت.هەرچی نەویستراوەكانە پەیوەندی بە ویست و خواستی تاكەكانەوە هەیە هەروەها پەیوەستە بە چەندییەتی وچۆنییەتی فەراهەمبوونی ئازادی بیر لە ڕووی خوێندن ودەربڕین ونووسینەوە.(كەواتە جیاوازی نێوان قەدەغەكراوو قبوڵنەكراو یان نەویستراوەكان ئەوەیە كە قەدەغەكراوەكان دەرەكین, وەبەمەش وێنای بەندە داسەپاوەكان دەكات لەلایەن دەسەڵاتە جیاوازەكانەوە جا سیاسی بێت یان ئاینی, ماددی بێت یان هێمایی(رمزي), بەڵام نەویستراوەكان پەیوەندیان بە بەڵاو كۆسپەكانی بیری تاكەكانەوە هەیە, ئەمانەش ئەم كۆسپانەن كە وێنای نەریتە هۆشەكییەكان و میكانیزمەكانی بیركردنەوەو قاڵبەكانی زانین دەكەن, وەئەگەر ئازادی بەگشتی مومارەسەی بەرەنگاربوونەوەی«قەدەغەكراوی دەرەكی» بێت بۆ ئازادبوون لە دەسەڵاتە پەیوەنددارەكان, بەڵام ئازادی بیر تایبەتە, وە مومارەسەی وەلانانی یاسا كۆمەڵایەتییەكان و نەویستراوە خودیەكان دەكات بۆ ئازادبوون لە دەسەڵاتە هزرییەكانی خود, وە ئازادی بەم مانایە بریتییە لە خۆڕاهێنان لە ڕەخنەگرتنێكی كارا كە سەرنج دەخاتە سەر گرینگیدان بە كەرەستەكانی زانیاری و هۆكارەكانی گەیشتن بە ڕاستییەكان, كەڕێكخراوە لەسەر بنەمای بیركردنەوەو ڕێگای مامەڵەكردن لەگەڵ بیركردنەوەكان)[1]بەو پێیەی كارە هونەری و داهێنانە ئەدەبییەكان بەرهەمی بیرو ئەندێشەی مرۆڤن, بۆیە هەرگیز جڵەو بۆ ستەم و سانسۆرەكان شل ناكەن, وەلەهەمان كاتدا ئەوە ڕەتدەكەنەوە كە كۆمەڵ ڕەتیدەكاتەوەو هاوشانی خەڵكی نایەنە ژێرباری نەریتە قبووڵنەكراوو نەویستراوەكان, وە هەموو شاكارێكی مەزن خاوەن پاشخانێكی ڕۆشنبیرانەی بوێرو ڕاستگۆیە, وە لە نێویشیاندا شیعر چالاكترین ڕەگەزە ئەدەبییەكانی بیری نەسرەوتووی پێشكەوتنخوازە.

شیعر ئاوێنگی ڕژێنە گوشراوەكانی شاعیرە یان دركاندنی ئەم پەنهانانەیە كە هەر تەنیا شاعیری هۆشمەندو وریا بێ باكانە دەیدركێنێت و لە ڕێگەیەوە ناسۆرییەكانی دەروون و پەرۆشییەكانی بۆ خەمی خەڵك هەڵدەڕێژێت, بۆیە دەگەینە ئەم ڕاستییەی كە شیعری دلێر زایەدەی بیرو ئەندێشەی ئازاو ئازادە.(جا بیر هەر ئەوەندەی بەسسە كە قاوغی شكان و داب و نەریتە باوەكانی بەزاند ئیدی یەقینیەت و یەقینكاری لە دەست دەدات و, بە دوای حەقیقەتدا لە گومانێكەوە دەچێتە سەر گومانێكیترو, لە قاڵبی هیچ داب و نەریتێكدا ناگیرسێتەوەو پابەندی هیچ ڕێسایەك نابێت, جگە لە یاسای گۆڕان. جا بەم پێیە مرۆڤیش هەر ئەوەندەی زەحمەتە تا دەكەوێتە سەر ڕاستە ڕێگەی بیركردنەوەو, ئیدی كەڵكەڵەی خۆناسین و دنیا ناسینی دەكەوێتە سەرو گیانی یاخیبوون و یاخیگەری تێدەگەڕێت و چاوی دەكرێتەوەو قاڵب و قەفەز لە هیچ هێزو كەسێك

---

١- علي حرب - ألممنوع وألممتنع - ط٢ - ألمركزألثقافي ألعربي - بيروت - ٢٠٠٠- ص١٦٣- ١٦٤

قەبووڵ ناکات و بەگەڵ ڕەوتی ژیان دەکەوێت و هەموو ڕێگەیەکی لێدادەخرێت و تەنیا ڕێگەی پێشڤەچوونی لەبەردەما دەمێنێ ئەمەش ئەوپەڕی نیگەرانی و ڕاڕایی لێدەکەوێتەوە)[1] وە کاتێک بیر لە بۆتەی هونەر یا ئەدەبدا دەئاخنرێت وەک ئەوەی لە شیعردا دەیبینین, ئەوا هەموو ئاستە کۆک وناکۆکەکان بەخۆوە دەبینێت و تا دەگاتە لووتکەی بەربەرەکانێ و سنوربەزاندن, کەواتە شیعری نەریت شکێن هەڵگری بیری گرگرتووی بڵێسەدارە, بەندە نەریتییە ناسازو نەگونجاوەکان دەسوتێنێت و گرێبەستە کۆمەڵایەتییە سواوو ناپێویستەکانیش دەشکێنێت.

**٢- شیعرو شکاندنی بەستەڵەکە ڕەگەزییەکان:**

لە بەسەرکردنەوەی ڕێبازەکانی ئەدەبدا هەرلە کلاسیزمی نوێو ڕۆمانسیەتەوە بگرە تا ڕێبازەکانی دواتری وەک داداو سوریالیزم و مۆدێرنیزم دیاردەی بزرکاندن و بە پیرەوە چوون و باسکردنی نەستە داچەپاوە سێکسییەکان بۆتە خولیایەک کە شەپۆڵە هۆشەکییەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵکردووەو هانی ئەدیبانیداوە تا لێدوانە سۆزاوییە پەرتەوازە بووەکانیان بەرەو مەسەلە تابۆییە ڕەگەزی و سێکسییەکان چڕبکەنەوە, دادایزم وسوریالیزم نموونەی ئەم ڕێبازانەن, وە لە دیارترین کارەکانی ئەم ڕێبازانەش لەم بوارەدا هونەری وێنەکێشان و سەماو شیعری دامالراوە لە هەموو بەرگە ئاینی و نەریتییەکان, وەهەرلە سۆنگەی ئەمانەشەوە تیۆری دەروونشیکاری فرۆید یارمەتیدەرێکی بەهێزبوو بۆ تیشک خستنە سەر ئەم بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییانەی بێباکانە لە هەر دەسەڵات و ڕێسایەک ڕێچکەیەکی دانەپۆشراوی ڕەگەزیان گرتووەتەبەر, شیعریش لەم نێوەندەدا داهێنراوێکی ئەوتۆیە کە توانای خۆ گۆڕینی هەیە بە چەند بارێک و لەسەر خەوشکاندنێکی بێ ئاگایانە یان لە ئاگامەندییەکی ئامانجداردا خۆی لە تابووتی شەرمو شەرەف دەردەهێنێت و ڕووت دەبێتەوە.( وەک چۆن قوتابخانەکانی دادائی وسوریالییەکان زۆر لەژێر چەمکە سایکۆلۆژییەکەی فرۆیددابوون, بەهەمان ئەندازە لە نێو دەقە شیعرییەکانی ئێستا هەست دەکەی زمانی شیعر زیاتر زمانی غەریزەکان و خەونەکان و نەستی مرۆڤە, قوڵتر لە نێو پانتایی غەریزەو خەونە چەپێنراوەکان کاردەکات, بە زمانێکی ئیرۆتیکی گرنگی بەبەها ئیرۆتیکییەکان دەدات.)[2] واتە شیعر پڕترین هەستە سێکسییەکان سەرەتا بە ئاشنابوون بە زمانێکی خەون ئاسای تێکەڵ بە ووشەو دیمەنی ختووکە هێن خاڵیدەکاتەوەو, وەهەمان ئەم ووشەو دیمەنە بزوێنەرانە دەبنە بونیادی ناوەرۆکێکی بارگاوی بە نەشئەی ڕۆمانسیانەی چێژدار بەڵام بە مەرجێک ئەم جۆرە شیعرە نەبێتە تەشەر بۆ هیچ ڕەگەزێکی ناسراو بەڵکو مەبەست تیایدا بڕینی پەتە ڕەگەزییە تابۆییەکان بێت و سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت بۆ وەسفێکی ئاشکرای بابەتە سێکسییە نەستییەکان, بەدەر لە پەستاوتن و ڕەمزو بەکارهێنانی خوازەی هێما بۆکراو, ئەمەش بێگومان وروژاندنێکی ئەدەبیانەو هونەرییانەی نوێ و کاریگەرە, کە هەم خوێنەر لە پاڵەپەستۆ دەروونییەکان ڕزگار دەکات وەهەم نووسەریش دەخاتە بەردەم ئارایشێکی بێ پەردانەی شیعر یان هەر جۆرێکیتری ئەدەبی. لەم ئارایشە هونەرییەی شیعریشدا نمایشی ئەندامەکانی جەستەی

---

١- حەمە کەریم عارف- پەیڤستانی من - چاپخانەی شڤان - بەڕێوەبەرێتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی -٢٠٠٩ - سلێمانی - ل٣٠١

٢-ئیدریس عەلی - چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەلال بەرزنجی) - تەوەرەی شیعر - ئاینده - ژ-٧٧ - ٢٠٠٨ - ل١٦٠

مرۆڤ دەکرێت و ڕەگەزی مێ یان ئافرەت کارەکتەری سەرەکی دەبێت, بەڵام هەروەک باسمانکرد پێویستە شاعیر بەرپرسانە ڕەفتاربکات و هەستی کەس بریندار نەکات.(واتە شاعیری هاوچەرخ هاتۆتە نێو مەیدانی جەنگێکی تازەوە, شەرم دەکوژێ, عەیبە وەلاوە دەنێ, ترس ڕادەماڵێ, لە نائاسایی تێپەڕدەبێ و ئاوڕی لێناداتەوە, ئاساییە لەلای ئەو حەزەکانی ئاگرو پشکۆکانی ناخ و نەست وخواست و چێژی لوولخواردووی هەڵڕێژێ, ئیرادەی خاڵیدەکاتەوە لەو دەنگانەی دەرگای لێداخستووە , ئەوەش کە لە نێو جەستەی شیعرەکەیدا خۆی دەدۆزێتەوە ئەو شیعرەی کە پانتاییەکی لیبراڵ وڕادیکاڵە هەڵگری ئیرۆسییەتە, ئەندامەکانی هەستەوەری تیایدا چالاک و بزێوو نەمرن, گەلێ جاران ئەو شیعرانەی بەلای (سێکس)ەوە دەشێنێتەوە بەلام نەک سێکسی ڕووت, بەڵکو مانادارو بەکاربردنی وەک ئامرازێک و ئاوێتەبوونی لەگەڵ بابەتی مەبەستدار بۆ ئامانجێک و لێکەوتنەوەی دەربڕینێکیتر کە شیعری تەڕو ناسکی لێ دەکەوێتەوە.)[1] بە واتایەکیتر دەتوانین بڵێین کاتێ شیعری هاوچەرخ مەنەلۆگ بە ناخی شاعیر دەکات ڕازەکانی پێ دەدرکێنێت ئەوا هەرگیز پەنا نابات بەر کوشتنی حەزە ئیرۆسییەکانی وە بە پێچەوانەوە ووشە قەتیسکراوەکانی لە تابلۆیەکی ڕووتدا پێ دەنەخشێنێت و,کانیاوی زمانێکی پڕ لە حەسرەتی پێ دەتەقێنێتەوە. هەروەها وەک دەزانین مەعریفەی کۆمەڵایەتی مرۆڤ پڕە لە دیاردە کۆمەڵایەتییە دەرەکییەکان کە لە زانستی دەروونزانیدا بە (منی باڵا) (Super ego) ناوزەد دەکرێت, وەهەر ئەم دیاردانە بڕیار لەسەر داخستن وکردنەوەی ڕەفتارو چالاکییەکان دەدەن, بەو پێیەی قەوارەی کۆنەستی نێرو مێیان پڕکردۆتەوەو ماسکێکی ئاینی یان تابۆیی فیکریان بە خۆداداوە, بیناکردنی بەستەڵەکە ڕەگەزییەکانیش ساناترین کاری ئەم دیاردانەن, چونکە بە خێرایی پاساوگەلێکی زۆریان پێوە دەبەسترێتەوە, لەوانەش لەژێرناوی شەرەف و نەریتی خێڵەکیەوە دەخرێنە نێو چوارچێوەیەکی سنووردارو داخراو.(دیاردەی کۆمەڵایەتی بەوە دەناسرێتەوە کە تاکەکەس دروستی نەکردووە بەڵکو بەرهەمی کۆمەڵێک هەلومەرج و بارودۆخە, خەسڵەتێکیتری ئەوەیە کە خۆسەپێنەر(ألجبرية ) واتە خۆی بەسەر تاکە کەسەکاندا دەسەپێنێ و تاکە کەسەکان ملکەچی پەیڕەوکردنی دەبن بە بێ ئیرادەی خۆیان)[2] جاکاتێک شاعیر وەکو تاکێکی ترسێنراو دەکەوێتە بەر شاڵاوی شەرم وبڤەو حەرامکراوەکان, ناوهێنان وباسکردنی ئەندامە جەستەییە سێکسییەکان و پرۆسەی جووتبوون لە نییەتی خۆ لێبواردن دەردەهێنێت و لە شێوەی دایلۆگێکی دڵخوازو ئاوەزگردا خوانی شیعری پێ دەڕازێنێتەوە. لێرەدا مەرج نییە ئەزموونی کردەیی شاعیر بێتە پێوەر, بەڵام گەورەیی داهێنانەکەی لەوەدایە کە چۆن ڕاوی دەستەواژە دەستەمۆکراوەکان دەکات و لە دەقێکی زیندوودا گیانی یاخیبوون و وێنەی نایابی هونەریان تێدا دروست دەکات.

ئەگەر ئەدەبیاتی کوردی و شیعری هاوچەرخ بە نموونە وەربگرین لەم بوارەدا هەرچەندە هەوڵی بەرچاو لە ساڵانی بەر لە ڕاپەڕین دەبینرێت کەچی هێشتا لە ئاستی پێویستدا نییە, بەهۆکاری جیاوازو نالەبار ئەم جۆرە

---

١- موحسین ئاوارە - لەژێر ساباتی شیعردا -چ١ - بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری - هەولێر -٢٠٠٦ - ل٩٦

٢- موسڵح ئیروانی - سەرەتایەکی کورت لەبارەی کۆمەڵناسییەوە - گۆڤاری توێژینەوە - ژ-٩ - ٢٠٠٦ - ل٦٥

شیعرانە پوکاونەتەوەو, لەژێر هەژموونی ڕەمزییەتدا تویێنراونەتەوە, لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی پەیوەست بووە بە ناخە داتەپیوەکەی شاعیرەوە, زۆر کەمتر لەوە پەیوەندی بە گەشەسەندنی ڕۆشنبیری و کرانەوەی کۆمەڵگای کوردییەوە هەبووە, ئەمەش بەڵگەی پەراوێزکەوتنی ڕۆڵی ئەدەبە لە گۆڕانە چاوەڕوانکراوەکاندا, شاعیرانی ئەم سەردەمەش خۆیان دان بەم ڕاستییەدا دەنێن و لێدوانی لەبارەوە دەدەن, هەروەک لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری ڕامان لەگەڵ (جەلال بەرزنجی)دا لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێت.:( زۆر کێشە هەیە نەهاتوونەتە ناو ناوچەی کلتووری و واقیعی ڕۆشنبیریمان ولە ناوچە (حەرام کراوەکان) یان (پەی پێ نەبراوەکان) ماونەتەوەو ڕۆشنبیرانمان زۆربەیان هێشتا لە ناوچەیەکی کۆن و سەلەفیدا کاردەکەن کە ناتوانین بیگۆڕین, چونکە هەمیشە ڕابردوو ناگۆڕدرێ ,بەلای منەوە ئەوەش پەیوەندی بە ئازادنەبوونی لیبرالانەی ڕۆشنبیران و دەسەڵاتە سیاسییەکان و دامودزگا ڕۆشنبیرییەکان و دواکەوتوویی ئەزموونی ئیشکردن لەگەڵ کایە مەعریفییەکاندا هەیە, پەیوەندی بە نەکرانەوەو دایەلۆگی ڕۆشنبیری لەگەڵ دەرەوەی دنیای کوردەوە هەیە, پەیوەندی بە ڕوونەدانی ریفۆرمی ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و سێکسییەوە هەیە)[1] لە لایەکیتریشەوە ناشێت کاریگەری بابەتی هونەری و ئەدەبییەکان بە گشتی و شیعر بە تایبەتی چ لە نێو کوردو یان هەر میللەتێکیتری نەریت پارێزدا بەسەر پەرەسەندنی پەیمانە ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەکانەوە فەرامۆش بکرێت چونکە ئەدەب یا هونەر ئەگەر بەند کراوو بادراوی بارودۆخە بەدوای یەکەکانیش بێت, لە هەمان کاتیشدا سەرمەشقی ڕاپەڕین و نەسرەوتنەکانە, لە نێویشیدا شیعر ڕەنگپێدەری زۆربەی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەو قسە لەسەردیارو نادیارەکان دەکات, گرینگترین وهەستەوەرترین پرسەکان دەوروژێنێت, کەواتە بە دڵنیاییەوە بەرامبەر گەمارۆدانە ڕەگەزییەکان بێ دەنگ نابێت وگۆمەکە دەشڵەقێنێت بەمەش پەردەی شەرم دەشکێنێت و دەرگا بۆ ئەندێشەو دەربڕینی ڕاستەوخۆ دەخاتە سەر پشت, پاشانیش زمان ومانا لە وێنەیەکی بەجەستەکراوی دوو ڕەگەزی یەکانگیردا دەهۆنێتەوەو دەیکێشێت, بەم چەشنە گرژبوونە دەروونییەکانی شاعیر خاودەبنەوەو, هەستە سۆزاوییە گرگرتووەکانیشی پەرێزی پیرۆزی وشوورەی شوورەیی دەسوتێنێت.( دەربڕینی هونەری هەڵسوکەوت لەگەڵ هەموو بابەتێک دەکات دەچێتە ناو ئاڵۆزییەکانی ژیانی مرۆڤ, سێکس و بە هەموو ئەوانەی دەوری ئەم ووشەیان داوە,وەک ئەوەی کە زانراوە کاریگەرییان بەسەر ژیانمان و ڕەفتارمان ودەروونمانەوە هەیە, وە بەهۆی ئەمەوەپێویستە تیشکی هونەری بخرێتەسەر, وەجیاوازییەکە لێرەدا ئەمەیە کە پەیوەندی بە بنەمای ئەزموونداریەوە نییە بەڵکو پەیوەندی بە ڕاو بۆچوونەوە هەیە, وە وەستاوە لەسەر ڕێگای گوزارشتکردن لێیەوە , وەدەرخستنی ڕاستەوخۆ یان نووسین لەبارەی سێکس و دەرهاویشتەکانی لە دەست بڵاوییەوە ڕووبەڕووی شاعیر دەبنەوە, بە مانایەکی گشتی وە لە لایەنی ڕەوشتییەوە بەمانایەکیتر, وە لێرەشدا ڕەمز سیحرێکی هونەری هەیە لە گرتنە خۆی ئەم بابەتانەو وە لەنێوچاڵی ڕووتبوونەوەیەکی بەربڵاوو دەرخستنێکی ئاشکرا بەرزیان دەکاتەوە بۆ تایبەتمەندییەکی تاکییانەو دەستی بۆ درێژدەکات بەڵام دیاری ناکات وە هەڵی دەلووشێت بەڵام ناو

---

١- ئازاد عبدألواحد - چاوپێکەوتنی ڕامان لەگەڵ (جەلال بەرزنجیدا) - ڕامان - ژ-١٠٥ - ٢٠٠٦ - ل$^{٥٤-٥٥}$

نازرێنێت ولەکەداری ناکات.)[1] لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ڕەمز سەرتاپای چامەیەکی هاوچەرخ دابپۆشێت یان بەو مانایەی هەموو کۆدەشیعرییەکانی شیعرێکی تووڕە لە نێو ڕەمزدا ئاخنرابێت, ناونیشانی قەدەغەشکێنی لەدەست دەدات, لەبەرئەوەی وەک ماسیگرێک لە قەراغ دەریا وەستابێت وایە کە لە دوورەوە پەتەکەی هەڵدەدات کە ئەمەش هێمایە بۆ ڕاوکردنێکی لەسەرخۆی چاوەڕوانکراو, جیاواز لەوەی ڕاستەوخۆو لە نزێکەوە بە بێ هیچ پەناو پەسیرێک بۆمب بگیرێتە ناوچەیەکی دیاریکراو یان هەست پێکراو چونکە تەقینەوەکانی ناو خۆی شیعر نابێت تەنیا لە سینەی داغدراوی وێنەو هێماکانیدا بمێنێتەوە بەڵکو پێویستە ڕووبەڕوو, یەک دەم,بە ڕاشکاوانە بپرژێتە نێو پانتایی هەرێمە تابۆییە پەناگیرکراوەکانەوە.

لە هەندێ باریشدا هەرچەندە شاعیر بشزانێت لە هەڵوێستەکەیدا تەنیایەو کەس پشتی ناگرێت یان گیروگرفتی بۆ دروست دەکات بەڵام خۆڕاگرتن و سووربوونی لەسەرکارەکەی نیشانەی بوێری و بێ لایەنییە هەستکردنە بە لووتکەی بەرپرسیاریەتی وقوربانیدان, لەمێژوودا زۆرن ئەم کەڵە ئەدیبانەی شەڕەفی یەکەم ووشەو یەکەم دەنگی نارەزاییان پێ بەخشراوە وە لە دوای خۆشیاندا ڕێبازو فەلسەفەیەکی گەورەی جەماوەریان بەجێ هێشتووە, کەواتە پێشڕەوییەکانی شاعیریش بۆ دەرچوون لە رووبەری هەر بازنەیەکی داخراودا سەرەتا لە لێکدانەوەو تێڕوانینەکانی خودی خۆیەوە دەست پێدەکات ئینجا لە مەیدانی دژیەک و دوالیزمە کۆمەڵایەتییەکاندا, چەپڵەکێشی دەستەیەک, چینێک, یان هاوڕەگەزەکانی وەردەگرێت یانیش بەرهەمەکەی بە ناشایستەو ناپەسەند لە قەڵەم دەدرێت, بە چاوێکی نزم سەیری دەکرێت و بە تایبەت ئەگەر بە باڵای ئەندامە سێکسییەکانی جەستەی مێینەیەکدا هەڵگەڕێت ئەوا بەهانەی بێ ئابڕوویی پێ دەگیرێت و بەکەم نرخ هەژمار دەکرێت. (وە هەروەها تێبینی ئەوە دەکرێت کە شاعیرە ڕاستگۆکان ناتوانن لە هەموو سەردەمێکدا لەگەڵ کۆمەڵەکەیان هاوڕابن بەڵکو هەردەم توانای شۆڕش و یاخیبوونیان تێدایە, وە پێویستە تێڕوانینەکانیان جیاوازبێت بە جیاوازی کەمکردن یا زیادکردنی تێڕوانینە باوەکان لە دەوروبەرو بەسەرهات وبیروباوەڕەکان, وە ئەگەر وارێک کەوت شاعیر لەگەڵ هەموو باوەڕو پیرۆزییەکانی سەردەمەکەی و نەتەوەکەی کۆک وتەبا بوو ئەوا زۆر ئەستەمە شاعیرێک بێت کە خاوەن ڕەچەڵەکی ڕاستەقینەی شاعیریەتی بێت, وەچاوەڕوان ناکرێت هاوشێوەی ئەم شاعیرانەش سوودێکی تۆکمەو بەردەوام وەربگرێت بەمجۆرە سەرنجدان تێڕوانینە, وە ئەگەر هەموو کۆمەڵ سووربن لەسەر پەرە پێدانی شیعر لە لایەنی ڕۆشنبیرییەوە, وەدرک بە بەها بێ هاوتاکەی پەیامی شیعربکەن لە نوێکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و خۆشنوودییە ڕۆحییەکان, وەپاڵ پێوەنانی پێکهاتەی بە بەردەوامی لە ڕێگەی گەشە پێدان و بە پیتکردن و دەوڵەمەندکردنییەوە, ئەم جۆرە نەتەوەیە زۆر سوورە لەسەر ئازادی شاعیرەکانی وە لەپێناو ئەم مەبەستەش هەموو ئەم جیاوازییانە هەڵدەگرێت کە لە سروشتی شاعیرانەو ڕاستگۆیانەیانەوە دەردەچێت , هەرچەندە ئەم جیاوازییانەش ئازاربەخشن بۆ ئەم کۆمەڵگایە.)[2] لەم

---

١- کمال نشأت - ألعطر ألصنايع - مجلة ألشعر - عدد-٦ - ١٩٦٤- ص١١٠

٢- موحسین ئاوارە - لەژێر ساباتی شیعردا - ص٢٦

سەروبەندەشدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ئەگەر شاعیر لە دەرگـا ئیرۆتیکییەکـانی شیعربدات ئەوا دەبێت ڕووبەڕووی سەلەفییەت و عەیبە پەرستان ببێتەوەو ئازادانە سەردابی ئیرۆتیکای خۆی والابکات, بۆ بڵاوکـردنەوەی عەورەتـی شیعرە ڕۆمانسی و تەڕو دانە پۆشراوەکان .

بەڵام لێـرەدا پێویسـتە ئەوە بـزانین کە شیعر نـابێتە دەزگـای پەخشکردنی فیلمێکی سێکسی چەشـەدار,بەڵام فەزایەکی کـراوە دەخولقێنێت بـۆ ژوان وبەیەکـداچوونی وێـنە بەرجەسـتەکراوەکان و دامەزرانـدنی سـتاتیکایەکی هــونەری بەرز لە چوارچێــوەی نـــاوەرۆکێکی عاشــقانەی بەربەســـت بەزێنـــدا, هەروەهـــا گـــرینگە ئەوەش لەبەرچاوبگیرێت کە شیعر لەم بـوارەدا هەردەم دەبێـتە میمبەری بەیەک گەیشتنی ڕەگەزەکـان و ئەم بەسـتەڵکە بەسـتووانە دەشـکێنێت کەلەسـەهۆڵبەندانی سێکسـی ڕێپێـنەدراودا ڕووخسـاری ئەوینـداران سـوور هەڵـدەگەڕێنێت لەمەشەوە دەگەینە ئەم دەر ئەنجامەی.(لە ئەدەبیـاتی ئیرۆتیکدا نووسەر بە قـووڵی باسی سەرجێیی و ئـاڵۆش ناکات بەڵکو زۆر جـار هێمـا نیشـان دەدات ئەمەش لەبەر ئەوەی مەبەستی ئەو کردارەکە نییە,بەڵکو کـاریگەری کــردارەکەیە, وەک وێنەگرتنــی سـێبەری ژنێکــی ڕووت نەک ژنەکە خــۆی.)[1] لەنێــو ژانرەکــانی ئەدەب و شــیعر بەتـایبەتی هەمـان ئەو قـاوغـانە دێنەوە بەردەم لەیەک نزیکبـوونەوەی هەردوو ڕەگەز, کە لە نـۆڕمی بـاوکسالاری هەر کۆمەڵگایەکیشـدا بەدی دەکرێت بەڵام شیعر دەسـتەودامان نـامێنێت, بـاڵەتیژەکـانی دەکـاتەوەو, گەشـتێکی ئەندێشەیی بە نێـو ئـاسمانی ئـارەزووەکانیـدا دەکـات, شیعر دەبێـتە چۆڕگەی خوێنی ئەم عەشقە زامدارانەی لە مێینەیەکی خەتەنەکراوو نێرینەیەکی نـامۆی کۆست کەوتـووەوە دەتلێـتەوە, بەڵام پـاکیزەیی خۆی لەدەست نـادات وچڕنـووک لە حـورمەتی حەرەمسـەرای مرۆڤـایەتی ناگرێت, بەڵکـو دووربینـانەو وردبینـانە هەڵـدەکوتێتە سـەر مۆرانە نەریتییەکـان و پامـاڵی زەبوونییەکـانی سـەر ئـاوێتەبوونی ڕۆحە ئەڤینـدارەکان دەکـات,کەواتە شیعر ئەم دڵنەوایــیە دەســتکردەیە کە لە ســوێی دابــڕان و قەدەغەکارییەکانــدا چرۆدەکــات و ئـــابلۆوقە ئابڕووییەکـــان دەشکێنێت.( مرۆڤ لەنێو شیعرەکانیدا ئاشقێکی تـا هەتـایە نییە, بگرە ئاشقێکە بەرەو ڕزگـارییەکی دیـاریکراو, لەژێـر کـاریگەرییەکی مەودا کورتـدا دەجووڵێت. خولیـاو تـانوپۆی ڕستەکانی ڕوون ولە ڕوون, پێوەنـدییەکانی ڕەگەزی پێکهاتەی تـا ڕەگوڕیشە قووڵ ناکاتەوە, بەڵام هـارمۆنییەت و تەباییەکیـان لە نێوانـدا دروست دەکـات و بە دووری و ئاسۆیی ڕۆمانسیانەو کەش وهەوای گۆڕانکـارییە واقیعییەکـان گرێیـان دەداتەوە, هەنـدێک جـاریش یـاخییەکی تـۆڵە سێنەو توندوتیژی دەخـاتەوە.)[2] بـۆ گـرتنەبەری ئەم ڕێگایـانەش شـاعیر ناچاردەبێت لە پـاڵ گەڵاڵەکردنـی بۆچوونەکـانی لەسـەر دیـاردەو ئاکـارو بەهـاو پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکان,ئینجـا شۆڕشـێک بە ئاخاوتنە شیعریەکانی بکات وزەمینەیەکی گونجاو بۆ دەرخستنی وێنە نەستییەکانی بسازێنێت.

---

١- هێرۆ کوردە - ژن و ئەدەبی ئیرۆتیک و ئەدەبی ڕووتی پیس- ڕۆژنامەی هەولێر - ژ-١٩٨٣ - ٢٠١٤ - ل١٦

٢- سەباح ڕەنجدەر - ئەزموون وەک ئاخاوتنێک لەناو ژیان - ل٢٠٣

• تەوەرەی سێیەم- شیعرییەتی شیعری قەدەغە شکێن :

بەرلە ناسینەوەی جۆری ڕیتم و ئاوازی هەرشیعرێک یان دەمەتەقێکردن لەسەر شرۆڤەو لێکدانەوەی لێکەوتەی دەستەواژەو دێڕەکانی, پەی بە خوێندنەوەیەکی جیاواز دەبرێت لەچاو گفت وگۆیەکی پەخشان ئاسای ڕەواندا, جا ئەم جیاوازییە بەردەوام دەبێت تاوەکو شیعرییەت دەخولقێنێت, واتە تێکچڕژانێکی هونەری جوان باڵ دەکێشێت بەسەر پانتایی دەقەکەدا, وەهەموو ئەم شێوازانەی لە هەڵکەوتنی شیعرییەتی هەر هەڵبەستێکدا دەگیرێتەبەر بە دەستکاریکردنی سیستەمی ڕێکخستنی ووشەکان لە نێو زماندا لە لایەک و بە وێناکردنی ناوازەییە واتاییەکان لەلایەکیترەوە دێتەدی,بەم پێیە کاتێک دەمانەوێت بەرهەمێکی ئەدەبی بۆ ناوەرۆکێکی دیاریکراو دیزاین بکەین,بۆ نموونە لە داڕشتنی یان هۆنینەوەی هۆزانێکی بەرهەڵستکارانەدا دەبێت بە وردی چاو ببڕدرێتە چۆنییەتی چنینەوەی کەرستەکانی زمان لەڕووی پێکهاتەی ڕێزمانی و واتایی ودیمەنە خەیاڵییە ئەستەم بڕو بێ هاوتاکان.بەکورتی دەتوانین بڵێین کە شیعرییەت (دەستلێدانی زمانە.)[1] لەسەربنەمایەکی ئەدەبی, لە دواییشدا هەموو ئەم ئاماژانەی دەگەنە لای خوێنەر چێژێکی تایبەتی دەبەخشن و دونیایەکی بێ کەندو کۆسپ لە ناوەخنی تێکستەکاندا هەستی پێدەکرێت, شاعیر هەمیشە ململانێ لەگەڵ زەمەن دەکات و زاراوەکانی لەودیو واقیعەوە لە مەجازو مەحاڵ هەڵدەهێنجێت, هەربۆیە ئەوەی,کە لەدەنگ وسەدای پەیڤینە ئاهەنگدارەکانی شیعرەوە دەبینرێت مرۆڤ دووچاری مەستییەک دەکات کە بەتەوسەوە خولیای ئاوێزانبوونی بێت بێگومان ئەم مەستبوونەش بەهۆی ئەم هێزە ئەفسووناوییەیە کە خۆی لە بەیەکەوە لکانی ووشەو مانا بارکراوەکان ئاخنیوە, ڕوونتر بڵێین کاریگەرترین نووسینێک کە ئادەمیزاد سەرسام بکات و بیرکردنەوەکانی بتاسێنێت بریتییە لەم گوزارشتە داتاشراوانەی لە دووتوێی شیعردا هەڵوەستەیەکیتر لەسەر مەسەلە جۆربەجۆرەکانی ژیان دەکەن و تاکەکان لە ئاستی ناوەوەی زماندا خۆ بەخۆ دەهێنێتە دواندن.(شیعرییەتی ووشە شیعرییەتی ئەو زمانیە کە دەیەوێ لە شێوەی ئاسایی بچێتە دەرێ, چوونەدەرەوە لە شێوەی ئاساییەوە بۆ شێوەی شیعری ڕەسەن ئەو هەوڵەیە کە شیعر دەیدا بە مەبەستی بەرپاکردنی کودەتا.)[2] وە ئاشکراشە کە یەکەم کودەتای شیعر لە پێکهاتەکەیەتی کە زمانە, چونکە ئەگەر زمان تێکنەشکێت و نەبێت بە شیعر یان هیچ نەبێت شێوازێکیتر لە دۆخی پێشووی وەرنەگرێت, ناتوانێت ئەدەبییانە مامەڵەبکات و بناغە تابۆییەکان بلەقێنێت.

أ-زمانی شیعری:

ئەگەر یەکێک لە ئەرکەکانی زمان ئەوە بێت,کە هۆکارێکە بۆلەیەکتر گەیشتن و پەیوەندییە مرۆییەکان دروست دەکات,ئەوا لە لایەکیترەوە دەبێتە پەسنێک بۆ ناسینەوەی نووسراوو وتاری جۆربەجۆر لەبواری زانست و ئەدەب وهونەردا, بەم پێیەی لە هەریەک لەم بوارانەدا تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت و فەرهەنگی ووشەکانی جیاواز دەبێت, وەلەبەر ئەوەی ڕووی قسەمان لەسەر شیعرە, بۆیە لێرەدا دەشێت بڵێین شیعرو زمان هێندە

١- عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا - زمان,بوون,شیعر - چ١ - چاپخانەی خانی - دهۆک - ٢٠١٠- ل٤٢

٢- سەلاح حەسەن پاڵەوان - شیعری کراوە-لەئەزموونی شیعری نوێی کوردیدا - چ١ - چاپخانەی ئاراس - هەولێر- ٢٠١٠ - ل٨١

سەروكارییان بەیەكەوەیە تادەگاتە پلەی توانەوە لەناویەكتردا.(زمان لەچوارچێوەی جیهانی خۆی ئامرازی گەیەنەرە,كەچی لەبەرهەمی ئەدەبیدا سەرچاوەی وروژان و جموجۆڵ وجولانی ووردترین هەستە)[1] ,بەلام هەستەوەری شیعر بەرامبەر بە زمان جیاوازترە لەهەر كایەیەكیتر چونكە كایەی پەخشان جالەكام بواری ئەدەبی یا زانستیدا بێت تەنها پێویستی بە زمانێكی شیكاری یا وەسفی یان جۆرێک لە ڕێكخستنی هونەری دەبێت لە نێو كەرستەكانیدا هەرچی شیعرە تەنیا بەوە ناوەستێت,كە زمان لە پێناو ناوەرۆكی بابەتێكدا بتوێنێتەوەو بەس بەڵكو خۆیشی واتە خودی پێكهاتەی گشتی شیعر لە بۆتەی زماندا دەچێتەوە ناو یەک و لە هەواریدا میكانیكییەتی بەشەكانی دەدۆزێتەوە.(زمان لە شیعردا بەم پێیەی لەهەمان كاتدا هەم شێوەیەو هەم ناوەرۆک, جا لێرەدا ئەو قەناعەتە دروست دەبێت,كە تەمو مژو ئاڵۆزی لە هەوەڵەوە تا كۆتایی دیاردەیەكی زمانەوانییەو شیعریش لە دەرێی زماندا بوونی نابێ و هەر شیعرێكیش ناچارە ئەگەر ڕێزی شیعرییەتی خۆی بگرێت زمانێكی تایبەتی بۆ خۆی بخولقێنێ و بایەخی ئەو زمانەش لەوەدا دەردەكەوێت,كە چەند توانای بەسەر نیشاندانی ناوەوەدا دەشكێ, چەند نەگووتنییەكانی پێ دەگوترێت, چەند لە دەلالەتە باوو هاوبەشەكان دووردەكەوێتەوەو چەند دەلالەتی نوێباوو تایبەت دەگرێتەخۆ, كەواتە زمان سەرچاوەیەكی لەبن نەهاتووی دەلالەتە, شاعیر هەمیشە دەبێ بیتەقێنێتەوە.)[2] زمان بۆ ئەوەی لە شیعر بچێت و ئەدگارەكانی شیعر وەربگرێت پێویستە گۆڕانێكی سەرتاسەری لە نێو خۆیدا بەرپابكات, وەسەرەتای ئەم گۆڕانەش بریتی دەبێت لە بیركردنەوە لە دابڕان.

لەساتە وەختێكدا كە شاعیر بیر لە هەڵچوونە دەرەكی و ناوەكییەكانی دەكاتەوە هەر لەهەمان كاتیشدا بۆ دەربڕینی ئەم بیرە زمانێكی جیاوازو گونجاوی بۆ هەڵدەچنێت و دایدەبڕێت لە دەربڕینێكی ئاسایی وسادە, بێشک ئەم دابڕینەش لێهاتوویی و زمان ناسی دەوێت, لەگەڵ ئەمانەشدا وەک دەردەكەوێت ناونیشانی هەموو مەسەلەیەكی وروژێنەر یان كاریگەر بەسەر ئاوەزی شاعیردا میكانیزم و داڕشتنەوەی تایبەت لە خۆ دەگرێت كە بە هیچ پێوەرێک ناچێتە نێو قاڵبە سواوەكانی پۆلینكردنی ناوەرۆكی شیعر.(كەواتە زمانی شیعر ئازادییەكەی لەوێدایە, كە ناتوانێت نازناوێكی قاڵبداری داسەپاو بە خۆوە بگرێت بە جۆرێک وەكو شێوازێكی چەسپاوی زمانەوانیی لێ بێت بەڵكو ئازادی زمان بە تەواوەتی لەو گەردوونەدا لەدایک دەبێت كەپاشنووسینەوەی شیعر كۆمەڵێک سیماو خەسڵەتی نوێی هێزەكانی دەربڕین لێكردن وئاخاوتن دەنوێنن.)[3] وە تێبینی دەكرێت لە شیعری هاوچەرخدا زمان شێوازێكیتر وەردەگرێت لەچاو شێوازی كۆن, بەم پێودانگەی كە پەیوەندی ئۆرگانی نێوان كەرەستەكانی زمان لە شیعری نوێ وهاوچەرخدا كەمتر بوونی هەیە بەبەراورد لەگەڵ زمانی شیعری قۆناغەكانی پێشووتر, ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەرەتایەكە بۆ كردەیەكی تازەو جۆرێكە لە ڕەچەشكێنی, بەلام

---

١- ألدكتور فتوح أحمد - واقع ألقصيدة ألعربية - ط١ - دارألمعارف - قاهرة - ١٩٨٤ -ص[١٤]

٢- حەمە كەریم عارف - هەزار توێی شیعری نوێخوازی - نەوشەفەق - ژ-٢٠ - ٢٠٠٤ - ل[٧٥]

٣- نەجات حەمید ئەحمەد- ئازادی شیعر لەدەرەوەی ڕێنماییەكاندا - نووسەری نوێ - ژ-٣٩ - ٢٠٠٧ - ل[٤٨]

لە نێوخـۆی شـیعردا ئیتـر دوای ئەوە شـیعرو زمـان تەکـانێکیتر بەیەک دەدەن و هەنگـاوێکیتر دەچـنە پێشـەوە, بەومانایەی کاتێک دانە وردو درشتەکانی زمان پرۆسەی گونجاندن و هاورێکی لەدەست دەدەن ,ئیتر هیچ بوارێـک بۆ نەگووتن ناهێڵنەوە.وەزمانی شیعربەپێی سەردەم وزەمەنە جیاوازەکان گۆڕانی بەسـەرهاتووە,بۆنموونە قۆنـاغی گواستنەوەی شیعرلە کلاسیکەوە بۆ ڕۆمانتیک بەپێی گشت بۆچوونەکان گۆڕان وڕاپەڕینێکی دیارو بەرچـاوی لە نێـو ئەرک وئاماژەکارییەکانی پاژەکانی زماندا بەرپاکرد, بە تـایبەتیش لە نووسینی شیعردا, چونکە ئـاخێوەری شیعر بەهـۆی گەڕەلاوژەییەکـانی ژیـانییەوە ناچـارکراوە, کە دووبـارە مانـا ببەخشـێتەوە بە ڕەمـزە فەرهەنگییەکـان وباریانبکـات لە دەلالەتـی نوێی حەپەسێنەر.(جوانکردنی شیعر لەسـەردەمی ڕۆمانسیزمدا وای لە زمـانی شیعری کـردووە کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر جیاوازبێت لە زمـانێکی مـردوو, لەگەڵ ئەوەشـدا توانیـویەتی بیـرۆکەی زمـانێکی شـیعری بـاو بەگەڕبخـاتەوە لە هەمـان کاتـدا دووریشـیبخاتەوە لە پەخشـانی ڕۆژانەی ئـاخـاوتن.)[1] وەدەرکەوتنی ئەم جۆرە دەقە شیعریـانەش هەردەم بۆ سەنگەرگرتنە لە تێگەیشتنە بـاوەکـانی زمـان, وەهەرچەنـدە دەق نووس لەسەر ئەم جۆرە جوانکاریـانە بۆ زمـان بەردەوام بێت بێگومـان پەنـا دەبـاتەبەردەم جۆرەهـا تەکنیکی هـونەری هەربـۆیە دەقـی بـزوێنەرو کـاراخوێنەرێکی بزێـوو چوسـت وچەڵەنگیشـی دەوێـت.(شـیعر تێکشـکاندنی نۆڕمی(norm)ی زمـانی ئـاساییە,شـاعیربە شیعرەکەی خـۆی لە زمانـدا کارێـک دەکـات,خوێنەر لەنێـوان زمـانی شیعری ئەوو,زمانی ڕۆژانەدا جیاوازی دابنێ.)[2]

بەم پێیە ئـامادەکردنی کۆنتێکست بـۆ هـاوبێژکردنی واژەو تێکستە ئەدەبییەکـان وە بەکارهێنـانی هونەرەکـانی ڕەوانبێـژی ئەم فـێڵە زمانییـانەن کە ئەدیـب یـا نووسـەر بەهـۆیەوە خـوێنەر لە قەڵـسبوون و شـێوەگرتنی پاکێجەکـانی ئـاخـاوتنی بـاو دووردەخـاتەوە, لەهەمـان کاتیشـدا وریـایی پـێ دەبەخشـێت, بـۆ ئـاگـابوون لە گۆڕانکارییەکـان و سـۆزە جـۆربە جۆرەکـانی لە چەشـنی بەزەیـی و خۆشەویسـتی ورق وتـرس و دابـڕان وشـادی و تـادەگاتە ئەوەی سۆزە هەڵچوونـدارەکان لە دڵی جەماوەردا دەوروژێنێت, یەکێک لە بەهێزتـرین و دیـارترینی ئەم هونەرانەش بەکارهێنانی ڕەمزە بە شێوازە جیاوازەکانییەوە, جا ئەم ڕەمز یا (جەفەنگانەش) سوودیان لێبینـراوە بۆ لادانێکی کاتی لە واتـادا کە بێگومان ئەمەش بـۆ چەنـدین مەبەست پەنـای بۆ بـراوە, بە تـایبەت لە شیعردا شـاعیر بەهـۆیەوە ڕێگە بـۆ زمـان خـۆش دەکـات تـا مەرامە بە ئـامـانج گرتووەکـانی لەچوارچێـوەی شیعرییەتدا دابڕێـژێتەوە .( شـیعر بە هۆکـاری زمـان, بابەتێـک نییـە تەنیـا ئـامـانجی بـوونی گەیانـدن بێـت, بەڵکـو لەم (بوون)ەدا, دەیەوێت بە هـۆی ڕەمزەوە, کە بنەمـای قەدەغەشکێنی هەیە, لە ناخیدا هەندێ مەرج دابنێت, یـان لە ڕێگـای وێنـاکردنەوە جیهـان هەڵگەڕێنێـتەوە. بەم جـۆرە ڕەمـز بە تەنیـا نـوێنەرایەتی ئەم واقـیعە ناکـات کە هەسـتی پـێ دەکرێـت, بەڵکـو لە هـۆش وبیـردا بـارگەی هـۆی ڕوودانـی واقـیعەکە هەڵـدەگرێت.)[3] لەدوای

---

1-Fadhil Haydar Khueada- Astylistic Study of Selected Poems of E.E .Cummings - University of Salahaddin - College of Languagees Erbil -2009 - p36

٢- عەبدولخالق یەعقووبی - دەنگی بلووڕینی دەق - ڕەخنەو لێکۆڵینەوە - چاپخانەی ڕاز - سلێمانی - ٢٠٠٥ - ل١٣.

٣- د.ئازاد ئەحمەد مەحموود - بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا - چ٢ - چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر - ٢٠١٢ - ل١٩٠.

هەڵوەستەکردنمان لەسەر زمانی شیعر تێبینی هەبوونی خاوەنداریێتی زمان و ئاراستەیەکی دیاریکراوی شیعری دەکەین لە لایەن شاعیرەوە, هەر ئەمەش وای لێ دەکات وەکو پیشەوەرێک هەوڵی بیناکردنی زمان بدات, وەئەم بیناکردنە ئاڵۆزەی زمان پێویستی بە وەستایی وکارامەیی هەیە بۆ بەیەکەوە نانی پاژە فەرهەنگییە بنچی و بە واتا بارکراوەکان چونکە.( زمانی شیعریەت زمانێکی لادراوە,سەرپێچیکارە لەزمانی ئاسایی و,یاسای ڕێزمانی تایبەت بەخۆی هەیە )[1] کەواتە دەتوانین بڵێین شاعیر ڕۆڵی دایکێک دەگێڕێت لە بەرهەمهێنانی ووشەی تازەو ئەم ووشانەش وێنەو بینینی سەربەخۆو خواستراو دەخەنەوەو, بوار بۆ کەڵەکەبوونی هێماو ئاماژە واتاییە باوەکان ناهێڵنەوە, بەلێکدانەوەی ئەم دەرهاویشتانەش لە پەیکەری بنیاتنراوی ئەم ژانرە ئەدەبییە بێ چەندوچوون دەسەڵات و هەژموونی شاعیر هەستی پێ دەکرێت بەسەر زمانە شیعرییە کۆکراوەکەی لە دەرئەنجامی تێپەڕبوونی زەمەندا[2]. کەواتە ئەم بارستاییەی شیعر هەڵیدەگرێت بۆ گواستنەوەو گەیاندن قورساییەکەی دەکەوێتە سەر زمان جا چ لەڕووی ستاتیکی هونەرییەوە یا لەڕووی بەیەکەوە گونجانی لۆژیکی لە نێوان هێماو هێما بۆکراوەکان, بەڵام وەک دەبینین ئەم گونجێنە لۆژیکییە لە شیعری هاوچەرخدا کاری پێ ناکرێت و دەستەواژەکان لە ڕێڕەوی ئاسایی زمان دەردەچن, هەر لەم ڕوانگەیەوە فەرهەنگێکی نوێ دەبێتە کارنامەی شاعیر کە پڕیەتی لە داتای واتا بۆ داتاشراو, واتە دەتوانین بڵێین نووسینی نێو ئەم فەرهەنگە خودی شیعرەو,دانەرەکەیشی نووسەرێکە هێماکان لە قسەکەرێکی سرووشتی زمان وەردەگرێت و بۆ هەڵبژاردنی واتاکەیشی بە نێو دیدگاو خەیاڵدانیدا گوزەردەکات, لەم نێوەندەشدا دیسانەوە ڕەچە دەبەزێنێت و لە سەرێکیترەوە ڕێگە بە خۆی دەدات ناو لەم نەبوونانە بنێت کە تەنیا بە پاڵنەری ڕۆحی یان ویژدانی یاخود جوانترە بڵێین لە سەرووی هەستەوە درکیان پێ دەکرێت[3] هەر بەم چەشنەلەشیعری قەدەغەشکێندا کاتێک هەردوو باڵی شیعر چ لە ڕووی شیعریەتەوە چ لە ڕووی ئەرک و بەرپرسیاریەتییەوە لە جەستەی زماندا بە یەک دەگەن, ئیترپەی بە هەموو ئاشکراو نهێنییەک دەبەن و,هەمووبابەتێک تەی دەکەن.ئەوەی لە دەقە شیعرییەکانی ساڵانی هەشتاکانی باشووری کوردستانیشدا دەبینرێت لەڕووی زمانەوە ,خۆی لەم لادانانەدا دەبینێتەوە کە ڕیزبەندی سینتاکسی زمانی کوردی هەڵدەوەشێنێت ومانای کەرەستە پێکهێنەکانیش بەسەر پانتاییەکی بێ سنووردا پەرتەوازەدەکات و بۆ خوێنەری جێ دەهێڵێت.(سەباح ڕەنجدەر) یەکێکە لەم شاعیرە پێشەنگانەی ئەم دەیەیە کەجێ پەنجەی لەم بوارەدا دیارە,بۆنموونە شاعیر لە ناوەڕاستی چامەی(جەنگی پرسیار) دا دەڵێت :

(.... مانگ زەرتکیەتی

هەناسەی لە ئاو بانگەوازە

---

١- د.كمال أبوديب - في ألشعرية - ط١ - مؤسسة ألأبحاث ألعربية - بيروت - ١٩٨٧ - ص١٧ .

٢-بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د.لطفى عبدألبديع- ميتافيزيقا أللغة - مطابع ألهيئة ألمصرية ألعامة للكتاب- قاهرة- ١٩٩٧- ص٩٧.

٣-بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەکرەمی میهرداد- بیرکردنەوە لە شیعر - ڕامان - ژ-٢١١- ٢٠١٤ — ل٨٢.

چاوی چەپی تریفە

چاوی ڕاستی ماسی

بۆشایی دەرگا

یاداشتی ئاڵۆزبوونی دوو تارمایی

درەختی ساکار

پەلکی گوڵلە

بۆشایی چاو

ئاڵۆزبوونی پیاسەی ئێوارە

گوێی سپێدە کرایەوە ...)[1] -١٩٨٩-

لەم کۆپلەیەو دێڕەکانی پێشترو دواتریدا شاعیر پێ لەیاسا ڕێزمانی و واتاییەکانی زمان دەنێت و, سنوورەکانی ناوەوەو دەرەوەی زمان تێک دەشکێنێت, وەک دەبینین لە هەندێ دێڕدا دوو ووشە هەیە, کەجگەلەوەی واتاکانیان یەکتر تەواو ناکەن, لەگەڵ ئەوەشدا لە بنەمای پێکهاتەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا دەردەچێ وبەم هۆیەشەوە,ئاڵۆزییەکی زمانی هێناوەتە بوون. لەم ووشانەش:(مانگ :زەرتک),(چاو :تریفە),(یاداشت :تارمایی),(پەلک :گوڵلە),(گوێ :سپێدە),شاعیر لەسەر ئەم شێوازە نابەوەی بەردەوام دەبێت وتادەگاتە ئەو ئاستەی ڕێنووسی زمان وژمارەکانیش لە ڕێکەوتێکی مێژوییدا تێکەڵ بەیەکتر بکات و سڵ لە هیچ جۆرە دارشتنەوەیەک نەکاتەوە کاتێک دەڵێت:

( .....لەوخانووەی تێیدا لە دایک بووم

بەخوێنی ناوکبڕینم نووسیان ١٩٦٥/١١/١٨ هەولێر....)[2] - ١٩٨٩ -

وە شایەنی باسیشە کە فراژبوونی زمان لە نێو شیعردا پەیوەستە بەو زەمەنە مێژووییەی کە تەنیایی شاعیرلە باوەش دەگرێت و لە قوژبنی بیرەوەریەکانیدا دەستەو ئەژنۆ دادەنیشێت, کۆبوونەوەی سۆزو هەڵچوونە پەنگخواردووەکانی ناخ پێویستی بە جۆرێک لە زمان و زاراوەی جیاوازە, کە هەر تەنیا نووسەر خۆی دەزانێت کام دەستەواژەیە بەکاردەبات و کام گوزارشتی دەروونی پێ دەردەبڕێت.

ب- وێنەی شیعری:

تێڕوانینە ئەندێشەییەکانی شاعیر بۆ دەوروبەر,مەودایەکی بێ کۆتایی لەبەردەم شاعیردا سازدەکەن تاوەکو ئازادانە دەروازەی شیعر بکاتە ئاوێنەی وێنە خەیاڵی و, خواستنە درکاوی وئاشکراکانی ناخی چەپێنراوو نامۆی.وێنەی شیعری تژییە لە ئەفراندنی هونەری بەرز بەجۆرێک هەندێک جار وێنەکان لەدەرەوەی پێوەری کۆمەڵایەتی و کلتوورین و بە ڕووخساری خەڵکەوە نامۆن, لەگەڵ ئەوەشدا جووڵەیەکی بە هێزیان تێدایە,کە

---

١- سەباح ڕەنجدەر - ڕووەکەکانی خواوەند - چاپخانەی ئۆفێستی هەولێر- هەولێر - ١٩٩٩ - ل٣٦

٢- هـ . س .پ .ل٤٢

ئەندێشەی خوێنەر بەرەو دونیایەکی بەبێ مەحاڵ ڕاپێچ دەکات,وەنە لەنێو یاساکانی دەربڕین و نە لەدەرەوەی ئەم یاسایانەشدا شتێک بۆ حەشاردان و خۆ لێبواردن ناهێڵێتەوە, بەم جۆرەش پەیوەندییەک لە نێوان شیعرو وێنە ئامادەکراوەکان لەسەر بنەمای شیعرییەتی زماندا دێتە بەستن, (ئەو زمانەی کە وێنەی شیعری دروستدەکات, دەبێ ڕەگەکانی لە قوڵاییەکانی ئینسان دابێت و توانستی خەیاڵکردن و خەوبینینی تیابێت و بتوانێ دنیای هەست تێپەڕێنێ و لە دەروازەکانی دنیای نەست بدات)[1]. وە تێبینی ئەوە دەکرێت بە پێی چۆنییەتی ڕەوتی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغە مێژووییەکاندا وێنەکان سیماو پەسنی نایەکسان نیشان بدەن, واتە پێگەیشتن و هاوچەرخبوونی دیمەنەکان لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیتر دەگۆڕێت, لە کۆمەڵگای خێڵەکیدا کەمتر تازیی ولادانی سیمانتیکی بەخۆیەوە دەبینێت, وەهێمنتر مەیلی نائاسایی بوون دەکات و لەگەڵ دەقە بۆماوەییەکان چەق دەبەستێت, بەرامبەر ئەمەش لە کۆمەڵگای شارستانی و پێشکەوتوودا وێنە شیعرییەکان دەبنە تابلۆیەک و شێوەی سەیرو سەمەرە دروست دەکەن[2]ئەو وێنانە تەنیا لە سنوورێکدا ناوەستن, بگرە دەڕۆن مەودای جووڵەی خۆیان بەرفراوان دەکەن , وەلەهەندێ باردا بە جۆرێک تێکەڵ دەبن تەنەکان وناتەنەکان شوناسی تایبەتیان ئاڵوگۆڕدەبێت بۆنموونە لە دەقی شیعریدا: ڕۆح دەبێت بە پەپوولەو خۆشەویستی دەبێتە دەریاو ,بولبول دەبێتە دڵدارو, گوڵیش دەبێتە یار, ڕۆچوونی باران لە زەویشدا پرۆسەی جووت بوون وێنا دەکەن,بەم پێیە.(وێنەی شیعری ئەو هۆیەیە کەشاعیر لەڕێگەیەوە دەتوانێت ئەو پەیوەندییەی لەنێوان بیرو هەست وسۆز,یاخود ماددەو خەیاڵدا هەن,جێگرو چەسپاویان بکات,چونکە وێنە لەئەنجامی بەراوردکردنی نێوان دوو کەرەستەی لێک دوور دروست دەبێ,جائەو دووشتە زۆرلێک دووربن,یاکەم.)[3] ئەگەر شیعر بە پرۆسەی خەیاڵکردنەوەدا تێنەپەڕێت نابێتە خاوەنی هیچ بەهایەکی جوانی وە دەشێ ئەم پرۆسەیە بە حەساری خەون و غەریزەکانی نووسەردا تێپەڕێت و لە نێویشیدا ئەم فۆتۆیانە وەربگرێت کە لەکاتی پەخشکردنەوەیدا مقۆ مقۆ بە پەراوێزخستنی بەدوادابێت یانیش بخرێتە ڕیزی نووسراوو بڵاوکراوە یاساغکراوەکانەوە.

بە شێوەیەکی گشتی لە شیعری هاوچەرخدا وێنەکان ئەفسووناوییانە یاری لەسەر سەکۆی بیرو ئەندێشەی خوێنەردا دەکەن, گیان بەبەر بێ گیاندا دەکەن و پەیوەندی نێوان بێ گیانەکانیش لە جووڵەو سەمایەکی سەرسوڕهێنەردا دەخەنە ڕوو,بەم پێیەی دەرفەت نادەن هەمان پەیوەندییە باوو پێشبینی کراوەکان دووبارە بێتەوە, ئەم ڕەونەقە سەرابییەی بۆ تینوێتی شکاندنی لایەنی ڕۆحی لە وێنەکاندا پیشان دەدرێن لە ڕاستیدا نە لەسرووشت نە لە شتەکانی دەوروبەرماندا بوونیان نییە بەڵکو ئامانج لێیان دروستکردنی جموجۆڵێکی نا ئاساییە تاوەکو بەهۆیەوە گشت ڕەمەکە داگیرکراوو بوار بۆ نەڕەخساوەکانی مرۆڤ لە پاڵ چەند وێنەیەکی

---

١- ئەحمەدی مەلا - شیعر تەنیا هەر بنەمایە - چ١ - دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس - هەولێر - ٢٠٠٥ - ل[٤٦]

٢- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدألحميد محمد - روح ألأدب - تقديم- ألدكتور عبده بدوي - دارألثقافة - ١٩٧٢ - ص[٥٨]

٣- د.محمد غنيمي ألهلال - ألنقدألأدبي ألحديث - دارألعودة - بيروت -١٩٩٧ -ص[٤٢٤]

کارتۆنی لە ووشە ئامادەکراو جلەویان بۆ شلبێت و بەردەمیان چۆڵبکرێت , ئەمەش خۆی لە خۆیدا داهێنانێکە لە پێناو ڕێکردن بە نێو تەمتومانی تابۆکاریدا کە بەدەستی ئەنقەست پێکهێنراوە[1] لەلایەکیتریشەوە هێزی ڕاکێشانی خەیاڵ و دیدگای فراوان و دوورهاوێژی ئاوەزی دەروونییە(ألعقل ألباطني) بۆ بە نیگارکردنی نەست لە نیگایەکی شاعیرانەی مەستانەدا, کە ئەویش زمان هێڵکاری بۆ دەکێشێت و نووسینیش لە بۆتەی ڕەگەزێکی ئەدەبی دەئاخنێت. (هەرسێ ئاستی کەسایەتی شاعیر, کە بریتین لە"هەست یان هۆش", "نەست", "هۆشی ناوەکی", لە بنیاتنانی وێنەی شیعرێکدا بەکارابیەوە ڕۆڵ دەبینن, ئەوەی لە هۆش و هەست و ئاگاییەوە دەرژێتە سەر لاپەڕە ئەو وێنانەن کە دەقاودەق لە واقیعدا هەن و بە پێنج هەستەکەی"خود"ی شاعیر نامۆ نین, بەڵام ئەو ووردەکارییانەی کە هونەرێکی سەر سوڕهێنەر دەبەخشنە داهێنانێکی شیعری و تەلیسمی پێ دەبەخشن, زادەی نەست و هۆشی ناوەکی شاعیرن کە بریتین لەو واژەو ڕستەو وێنە ڕووتانەی کە سروشتی هونەری دەتوانێ بە ڕەهاییەوە دەرگاکانی خۆی گازەرا بۆ پێشوازیکردنیان بخاتە سەر پشت.)[2] کەواتە بۆ ئەوەی خەونە کانی نووسەر ببن بە شیعر پێویستە بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ بەهاو بەهانەیەک لە قاڵبی جوانترین و ناوازەترین دیمەنی هونەری بگیرێن ,لە ئەنجامدا ماهیەتێکی ڕۆحی ئەوتۆ دەخەنە ڕوو, کە هەمیشە لە بۆسەدا دەبن بۆ بەشیعریەتکردنی گرتە نەستییە تابۆییەکان.

لەسەردەمی ئازادی ڕادەربڕینیشدا,شیعرهەرتەنیا بەوە ناوەستێت کە لاجانگی دەق لە کێش و سەروا دابماڵێت, بەڵکو هێرشی زەینی دەباتە سەر ئیمبراتۆریەتی پێوەرو پەیڕەوە گەردوونییەکان, وەئەفرێندراوە بەرهەستی ونابەرهەستییەکانیش ڕزگار دەکات لە کۆتی بەیەکتر نامۆبوون و نا ئاشنابوون[3] هەروەها لەبەر ئەوەی یەکەم وێسگەی تەشەنەسەندنی بیری نوێخوازیەو وەستان لەسەرپرسە بە دۆگمابووەکان,لەزمانی شیعرەوە دەست پێ دەکات ولەسیحری ئەداکردنی ئەم زمانەشەوە, وێنەی زیندووو کاریگەر دەخولقێندرێت,بەجۆرێک خوێنەر دەهێنێتە جومبووش کە هەمیشە گەرای یاخیبوون و سەرگەرمی بۆ تێهەڵچوون لە بابەتە هەستیارەکان لە نێو لەشیاندا بگەڕێت, هەر ئەمەشە وا لە شاعیر دەکات بەر لە هەموو شت گرینگی بە چۆنیەتی ڕێکخستنی وێنەکانی بدات. تاوەکو زۆرترین وبەهێزترین لادان لە ئاستی زماندا ئەزموون بکات چونکە.(وێنەی شیعری زیاتر لەهەموو ڕەگەزەکانیتر پشت بەخەیاڵ دەبەستێت,شیعروخەیاڵ زۆر لێک نزیکنو خەیاڵیش بەزۆری پشت بە لادان دەبەستێت,بۆیە زۆربەی وشەو پێکهاتەکانی وێنەی شیعری لەو لادانانەوە سەرهەڵدەدەن)[4] لە ڕێبازەئەدەبییەکانیشدا پێشەنگترین ڕێبازێک کە قوڵی لەگوشارە ئایدۆلۆژی و فیزیکی و ناخەکییەکان هەڵماڵیبێت (ڕێبازی ڕەمزییە) کە بەهەموو شێوەیەک واقیعی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ڕەتدەکردەوەو ئەم

---

١- عومەر میراودەلی - زمانی دەق - چ١ - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری - هەولێر - ٢٠٠٨ - ل ٢٨ - ٣٠

٢- مهاباد قەرەداغی - ژن و کۆمەڵگە لە قۆناغی باڵندەیی شێرکۆ بێکەسدا- ل٣- http://Afrat.0rg

٣- د.لطفی عبدألبدیع - میتافیزیقا ألل‌غة - مطابع ألهیئة ألمصریة ألعامة للکتاب - قاهرة - ١٩٩٧ - ص ٢١٨

٤- د.مصطفی ناصف- ألصورةاللأدبیة -دارالأندلس - بیروت- بدون تأریخ ألطبع - ص١١

ڕەتکردنەوەیەش هەندێ جار دەگەیشتە داشۆرینێکی ڕاستەوخۆی بەها کۆمەڵایەتییە باوەکان[1]ئەم ڕێبازە جگە لەوەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ لایەنە دەروونییەکانی ئادەمیزادەوە هەبوو, بەڵام نووسەرانی سەر بەم قۆناغە ئەدەبییە دریغیشیان نەدەکرد لە بە فوارەختنی ڕەمزی وێنەیی بە شێوازێکی هونەری جوان جا لە پاڵ هەر چ جۆرە مەبەست و پاساوێکدابێت, وەبەدرێژبوونەوەی ئەم ڕەوتە ئەدەبییەش بەرەبەرە دەروازەی کراوەتر بەسەرکاروانی نووسینە تۆماتییکییەکاندا کرانەوەو ڕێبازەکانی دواتری وەک سوریالیزم و پەڕناسی ئەم پرۆسەیان گەیاندە لووتکە, تائەم پلەیەی خوێنەر هەوڵەکانی بۆ تێگەیشتن چڕبکاتەوەو, توانای مۆنتاژێکی خەیاڵی هەبێت بۆ لێکدانەوەی واتای وێنەکان, بەردەوام بوون لەسەر ئەم کارە هونەریانەش وای لە ئەدیبان وشاعیران کرد لەڕێگەی ئاڵۆزاندنی زمانەوە بکارن دەست بۆ هەرچییەک ببەن کە بیانەوێت لە ژێر چەپۆکی شەرم وشاردنەوەو هەڕەشەکردن بیهێننە دەرەوە.(وێنە ڕەمزییەکان ئەو پەیوەندیانە تێکدەشکێنن کە هۆشیاری وعەقڵ و هەستەکان دیاریدەکەن, بنیاتنانی پەیوەندی نوێتریش ئیحابەخشترن و پێویستیان بە لێکدانەوەو ووردبوونەوەی زۆرتر هەیە بەمەبەستی تێگەیشتنیان.)[2] لە نێو ژانرە هەرە دیارو بەرچاوەکانیشدا شیعر زووترو سەلارتر دەکەوێتە وێزەی زمانی ئاخاوتن, بۆیە شیعر ئەم دەقنووسە بە ووردەو پڕ ئەفسوونەیە, کە هەستی بینین بۆ هەستەوەری شەشەمی مرۆڤ دابین دەکات و لەودیو گەلەری پێشنیگا خراوەکانەوە سەرابستانێک لە ووشەی خەیاڵی بۆ لەچاڵنانی وێنە ئەدەبییە ئەبستراکتیەکان بونیاد دەنێت.(ئەو وردەکارییانەی کە نەست وهۆشی ناوەوەی شاعیر دەیانبەخشن بە وێنەیەکی شیعری,ئەوانەن کەهەستی خوێنەری شیعر دەبزوێنن ولەڕێگەی ئەو بزواندنەوە برێک لە وێنە حەشاردراوەکانی نەست وهۆشی ناوەوەی خوێنەریش فوارەدەکات و ئازاد دەبێت , شیعر دەبێتە ئەو کەرەستەیەی کە بەهۆیەوە نووسەرەکەی و خوێنەرەکەشی لە برێک وێنەی پەنگخواردووی دەروونی ئازاد دەکات.)[3] لەشیعری هاوچەرخی کوردیشماندائەم جۆرە وێنەکێشانەشیعریانە,دەرکەوتەی هەژمارێک لە چەپاندن وقەدەغەکاری جۆراوجۆربوون کە فشاریان بۆ شاعیر دەهێنا. بۆئەم مەبەستەش لەچامەی(سزای هەمیشەیی) (سەباح ڕەنجدەر)دا,لەم چەمکانە وورد دەبینەوە:

(...بارانی سەغڵەتکەر دەچمەوە قۆزاغەی هەور

وێنەی سەتڵە ئاوێکی ئەفسانەیی بیر لەکات دەکەمەوە

ئاو چاوی کوێر نەبوایە بەلەشی نەرمی کیژان وشک نەدەبۆوە

پەشتەماڵ ختووکەیان دەدات لاسکەلاسکی گەرم داهاتنیان گۆرانییەکە ئاشنا

بە شێوەزاری ئاه ئاه ئم ئم هـ هـ دەگوترێ..)[4] -١٩٨٧-

---

١- د.پەخشان سابیر حەمەد - ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی - کرمانجی خواروی کوردستان - ١٩٧٠-١٩٩١ - چاپخانەی حاجی هاشم -هەولێر - ٢٠١٢ - ل[٣٦]

٢- هـ . س. پ. ل[١٦١]

٣-کۆمەڵێ نووسەر - خەیاڵ ورۆح -لێکۆڵینەوە -دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم -سلێمانی - ٢٠٠٤

٤- سەباح ڕەنجدەر - ڕووەکەکانی خواوەند - چاپخانەی ئۆفێستی هەولێر- هەولێر - ١٩٩٩ - ل[٧]

شاعیر لەم چەند نیوە دێڕەدا, سێ وێنەی نامۆی لە ئیرۆتیک هەڵکێشراومان پیشان دەدات, لەوێنەی یەکەمیدا خۆی بە(سەتڵە ئاوێک) وێنادەکات,کە لە چاوەڕوانی ئەو کاتەدایە کوێرانە بەلەشی کیژاندا دابچۆڕێ و وشک بێتەوە,هەروەها بەکەسکردنی(ئاو)لەڕێگەی هەستی بینینەوە, لەهەمان کاتیشدا بە(کوێر)ناساندنی بەهۆی ئەنجام نەدانی سێکسەوە لەگەڵ لەشی کچ وێنەیەکی تری شاعیرانەی ناباوە, دواتریش لە وێنەیەکی دەنگی خرۆشێنەردا,لێک خشاندنی نێوان پەشتەماڵ ولەشی کچ دەخاتە نێو چوارچێوەی تابلۆیەکی ڕیتمی,کەبەگۆرانی ناوی دەبات,دەربڕینی چێژوەرگرتنە سێکسیەکانیش بە شێوەزارێک دەچوێنێت کە ئاشنایە بەدەنگەکانی (ئاه,ئم,هـ),ئەمەش نموونەیەکە لە شیعریەتی ئەم دەقانەی وێنەی شیعری نەگوتراو یان تابۆ ئامێز لەخۆدەگرن.

- **تەوەری چوارەم- میکانیزمی شیعر بۆ قەدەغەشکاندن:**

ئەدەب سەرمایەیەکی فیکرییە کە مرۆڤ بەهۆیەوە بەرزاییە سەختەکانی ژیان و نێوەندە تەماوییە جۆربەجۆرەکان تەی دەکات,شیعریش بەتینترین و تیژترین تەبەرەکانی ئەدەبە بۆ گورز وەشاندن وپەلار گرتن, وەئەم هێزەش کە شیعر کێش دەکات بۆ فیداکاری و سەرنەوی نەکردن دەبێت بە یەکێک لە میکانیزمەکانی دووریانی ئاگایی یا بێ ئاگاییدا تێپەڕبێت, بەڵام ئەوەی گرینگ و بایەخداربێت بۆ هەوادارانی ئەم ڕەوگە شیعرییە ئەوەیە کە بەبێ دوودڵی تیایدا چاوەنواڕی بیستن و بینینی ئەم پەیڤە دڵخوازانە بن کە موچڕکیان پێ دەکاو بە ئاوازی دڵیان دەخوێنێ, جائەگەر ئەم پەیڤە چزوودارانە بە هەر درزێکدا گوزەربکەن, یەک ئەنجام دەدەن بە دەستەوە کە ئەویش پەڕاندنی برگەی نامۆبوون و نائومێدییە لە پێرستی چەمکە وێنەیی و بەشە گوزارەییەکانی شیعردا, چونکە لە بنەڕەتدا چ بەهەڵرشتنی ڕستەو دێڕە خەبەرییە هۆشەکییەکانییەوە بێت, چ بە تکاندنی دڵۆپە دەرنەبڕاوە ناهۆشەکییەکانی نەستەوە بێت شاعیر خۆی بۆ وەستانەوە لە دژی کلتوورو سیاسەتی جاڕسکەر ئامادەکردووە, وە ئەم گۆڕەپانە جەماوەرییەی نووسەر کاڵا وێژەییەکانی تیا دەخاتە ڕوو فراوانترە لە ڕووبەری بیرۆکە زاتییەکانی خۆی, لەبەرئەوە لەسەریەتی میکانیزمێکی وا پەیڕەوبکات کە چێژسییەکانی جەماوەر پڕبکاتەوە, بەو مانایەی کاتێک پێکە شەڕابییە سوورەکانی شیعر لە خەڵوەتی بێ ئاگاییدا دەبن بە ووشە ئەوا کڵپە دەروونییەکانی جەماوەریش لەژێر هەناسەیەکی سارددا دەقوڵێن, بەڵام ئەگەر شیعر وەک نارنجۆک بۆ چەپەری چەوتی چەوسێنەری مرۆڤایەتی بهاوێژرێت, ئەوا بەدڵنیاییەوە دووکەڵ مژێنەوەکانی خەڵکیش گەیشتۆتە ئاستی خنکان و ڕاپەڕین و نارەزایی بە دواداهاتووە, پاشانیش بۆ ئەوەی ڕاسگۆیانەترو ڕاشکاوانە ناوبژیوانی بکەین لە نێوان ئەم دوو ڕێچکەیە بۆ ئەم بابەتە, هەرچەندە جیۆپۆلەتیکی و ئاین وکۆمەڵ بەژداری وسەنگی بەرچاویان هەیە بۆ گرتنەبەری یەکێک لە میکانیزمەکان, کەچی زۆربەی کات جیهانە خەونی و بێ ئاگاییەکەی شاعیر باڵادەستی دەنوێنێت جا بەهەر هۆکارێک بێت کەواتە.(لەکاتێکدا کە دەشێ بە ئاگایی بە جۆرێک بەژداری بکات لە بەرهەمهێنانی دەقێکی شیعریدا دەبێ ئەوەش بزانین کە نائاگایی یان نەست وخەیاڵ ڕۆڵی کاریگەرو لەبەرچاوتر لەبەرهەمهێنانی دەقی زیندوودا

دەبینن و دەبنە هۆی دروستکردنی دنیایەکی ئەندێشاوی یان یۆتۆپیا.)[1]جا بۆیە هەڵبژاردنی ئەم ڕیتمە ناعەقڵانییە لە شیعردا دووسەرەیە چونکە فەزایەکی کراوەو ئازاد بۆ بیرکردنەوەو بینینە جیاوازەکانی نێوان نووسەرو خوێنەری دەق دەستەبەر دەکات, ئەم کارنامەیەش لە ئەدەبداو لە بواری شیعر بەتایبەتی لە زووەوە هانای بۆ براوە, لەنێو دەقە وڕێنەییەکانی شاعیراندا مانۆڕی ووشەیی و کردەی کەم وێنەو ئاستەنگبڕیان پێ ئەنجامدراوە.لێرەشدا بە پێویستی دەزانم میکانیزمەکانی  شیعر بۆ قەدەغەشکاندن دابەشبکەم بۆ:

أ-بێ ئاگایی ونەستی شاعیر:

بیری مرۆڤ پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە بەشە دەرەکی وناوەکییەکانی لە ژێر ڕکێفدایە,پاڵ بە هەستەکانەوە دەنێت بۆ ژیان و پەنهانەکانیش گل دەداتەوە لەکاتی نادیار بە پێی جۆری کەس و ڕەوشی نابەرامبەرو حاڵەتی جیاواز نیشانەکانی دەردەکەوێتەوە, جا ئەگەر ئەم کەسایەتییە هونەرمەند یا نووسەرو شاعیر بێت, کارو چالاکی یان بەرهەمە ئەدەبییەکانی ڕەنگدانەوەی بەشە ناوەکیەکەی دەبێت و, ژیری وژیاری کۆمەڵگاش یارمەتیدەر دەبێت لەوەی کە تاچەند ئاکارو دیاردەو درکپێکراوەکان وەک خۆی دادەڕێژێت یا بە عاقاریکیتریدا دەبات لەچەشنی خەون و خەیاڵ و وێنەی ئەندێشەیی یا ڕەمز, شیعر لە بێئاگاییدا ئەشکەوتە قووڵەکانی ڕۆح دەپشکنێت و نهێنی وگەوهەری حەزەکان بەزمانێکی وێنەدار ئاشکرا دەکات ولەگەڵ خۆشیدا خوێنەر پەلکێشی سیناریۆیەکی پڕ لەجووڵەی ووزە بەخش دەکات و تاسەی خەم و خولیاکانی دادەمرکێنێتەوە.(شیعر دەشێ کلێشەیەک بێ بۆ ڕۆحی ڕامانەکانی ناوەوەی مرۆڤ, دەشێ چڕبوونەوە هەوێنی ئەو مانایانە بێ کە لە نزیکی هەستەکانمانەون و هەست بە وونبوون یان کاڵبوونەوە یانیش شێوانیان دەکەین, شیعر کارکردەیەکی دەروونی چڕو ئاڵۆزە, نهێنییەکی گەورەیە, ڕەنگە ئاشکراکردنی بەشێکی مەحاڵ نەبێت و ئاشکراکردنی بەشێکی تری مەحاڵ و ئەستەم بێت,شیعر مەتەڵێکی دەروونییە, دۆخێکی دەروونی دەیئافرێنێ, هەر دۆخێکی دەروونیش دەتوانی بەشێکی نهێنییەکانی بدۆزێتەوە.)[2] هەروەها بە پێی لێکۆڵینەوە سایکۆلۆجییەکان ئەوە دەرکەوتووە, کە مرۆڤ بە درێژایی تەمەن وێڵە بە دوای ئارەزووە لەدەست چووەکانی و هەمیشە لە هەوڵ وململانێی بەردەوام دایە لەگەڵ لایەنە دژەکانی بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم بۆشاییە دەروونییانەی لە ئەنجامی چەپاندن و قەدەغەکارییەوە دروستبوون.چۆنییەتی ژینگەی دەوروبەری خودەکان و جۆری خودەکانیش لە ڕووی پیشەیی وئاستی بیرکردنەوەیاندا شێوازو کەرەسەی ململانێکان دەگۆڕێت بۆ نموونە,کە قسە لەسەر ئەدەب دەکەین کۆی ئەدیبان لە ڕێی بەرهەمەکانیانەوە مەیلە داگیرکراوو لێبڕاوەکانیان بە هۆی خەیاڵی هونەرییەوە وەدەست دێننەوە, شاعیری یاخی وکۆست کەوتووش زۆربەی تەوەرە تابۆییەکان بەسەردەکاتەوە, لە نێویشیاندا سێکس,کە یەکێکە لە ئەزمە سەرەکییەکانی شیعر بە تایبەتیش لە شیعری هاوچەرخدا. لەبەر ئەوەی شیعر توانای بەرزبوونەوەی هەیە بۆ چالاکییەکی کۆمەڵایەتی یا ڕۆشنبیری, وەباری سرووشتی و ڕۆشنبیریش دەخاتە حاڵەتی

---

١- عەتا قەرەداغی - گەڕان بەدوای شیعرو شیعرییەتدا - چ١ - چاپخانەی شڤان - سلێمانی - ٢٠٠٩ - ل١٠

٢ - مهاباد قەرەداغی - ژن و کۆمەڵگە لە قۆناغی باڵندەیی شێرکۆ بێکەسدا- ل٣- www. http://Afrat.0rg

بەرەنگاربوونەوە, بەمەش تەنیا میکانیزمی بەرگری دەروونی بەرزدەکاتەوە, چونکە هیچ کردەوەیەکی سێکسی ڕاستەقینەی تیا ئەنجام نادرێت, بەمەش بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەران وڕۆشنبیران لە جەوهەریاندا مۆرکی دامرکاندنەوەو بارگۆڕین بەخۆوە دەگرن[1] شیعریش وەکو بەشێکی گرینگ وبەنرخ لە نێو سامانی ڕۆشنبیری ئەرکی گۆڕینی نهێنییە حەشاردراوە ناخەکییەکان بۆ پێکهاتەیەکی ئەدەبی لەخۆدەگرێت و بارە ناجێگیرو پەستراوەکانیش بەرەو ئاسایی بوونەوە دەبات, وە زۆربەی کات ئەوەی لە واقیعدا لەبەرچاومان ڕوودەدات زۆر جیاوازە لەوەی کە بەهۆی بێ ئاگاییمانەوە داپین دەبێت و بوونی خۆی دەنوێنێت, جا مرۆڤ بۆ ئەوەی ئەم دوو جیهانە لەیەکتر نزیک بکاتەوەو بیانکات بە هاوەڵ پێویستە زەمینەیەک بدۆزێتەوە بۆ تێکەڵکردنیان, وەئەگەر سازدانی ئەم زەمینەیە لە دۆخی کردەییدا بێت و ڕەچاوی پاراستنی ماف و ئاسایشی کۆمەڵایەتی تیا نەکرێت, ئەوا توندوتیژی ونالەباری دادەهێنێت بەڵام ئەگەر ئەدەبییانەو بابەتییانە دوالیزمەکان کۆبکاتەوەو لەیەکدیان گرێ بدات, ئەوا داهێنانێکی بە پێز دەخولقێنێت و, مرازی ڕۆحیانەتی زمانی نەپژاومان حاصل دەکات.(بە دڵنیاییشەوە شیعر ئەم پردەیە کە جیهانی ڕاستەقینەی ڕۆژانە بە جیهانی خەونە خۆشەکانمان دەگەیەنێت, وە سێبەری ئەم پردە تاقانەیەش بۆ کەسانێکە کە دەیانەوێت پارێزگاری لە زهنییەتی ڕوون و ڕەوان بکەن وەبۆ ئەوانەی دەیانەوێت هێما ناوییەکانی زمان لە بیروباوەڕێکی توندی داسەپاو یان ئایینییەوە شلۆقە نەکرێن.)[2] کەواتە شیعر حەقیقەت لە خەیاڵ مارە دەبڕێت و خەسڵەتەکانیان تێهەڵکێشی یەکتر دەکات, لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر وەکو هەر هونەرمەندێک تاوەکو خۆی و هونەرەکەی دانەبڕێنێت لە ئاگامەندی تەواو, ئەوا بۆی نالوێت ژێر زەمینە داخراوەکانی دەروون ڕۆشن بکاتەوەو بەوپەڕی بێباکییەوە ئەم پەیڤانە بدرکێنێت کە لەگەڵ ڕاستیدا ناگونجێن, پاشان پێویستە ئەم دابڕانە هێندە دوور نەکەوێتەوە کە قەصیدەی هاوچەرخ شەڵاڵی بێ بنەمایی و بێ ڕێزی بکات بەرامبەر هیچ بیروباوەڕو کەس و لایەنێک, لەم ڕووەشەوە شاعیر نیشتیمانێکی بێ سنووری تایبەت بۆ خۆی ئاوادەکات وەمەملەکەتێکی نموونەیی وخەیاڵی دادەمەزرێنێت, بەم چەشنەی هەمان ئاڵوودەیی و ئافاتی ئیفلیج بوونی حەزەکانی لە کوولانەی نەست ئازاد دەکات, وە ئاوارەبوونی خۆی لەم نیشتیمانە ئەندێشەییەدا بەتاڵ دەکاتەوە.(هونەرمەند لە بنچینەدا مرۆڤێکە واقیع لە خۆی دادەماڵێت لەبەرئەوەی ناتوانێت بگونجێت لەگەڵ خواستە خۆ گۆڕەکان بۆ ڕازیکردنی غەریزەکانی لە یەکەم بینین و درک پێکردنەوە, بۆیە پەنا دەباتە بەر ژیانێکی فەنتازیانەی وا کە ڕێگە بە ئازادبوونی ئارەزووە سێکسییەکانی دەدات, لەگەڵێشیدا ڕێگەیەک واڵا دەکات بۆ گەڕانەوە لە فەنتازیاوە بۆ واقیع, وەبەهۆی بەهرەی تایبەتەوە سرووشە فەنتازییەکانی بە شێوازێکی نوێ لە نێو واقیعدا بنیات دەنێت.)[3] شیعریش هونەرێکە کە بەهۆی ئامرازی بیرو ووشە وابەستبووەکانەوە دێتە بوون, وە بۆ ئەوەی ئەم بیرو ووشە پەیوەستکراوانە فەنتازیایەکی

---

١- عدنان عبدألرحيم - فرويد وألطبيعة الأنسانية - ط١ - دارألحقائق للطباعة وألنشر وألتوزيع - بيروت-لبنان -١٩٨١ -ص٣٥

٢- فردينان آلكية - فلسفة سريالية - ترجمة-وجيه ألعمر - مطبعة وزارة ألثقافة - دمشق - ١٩٧٨ - ص٤٠

٣- د.أي .شنايد - ألتحليل ألنفسي وألفن - ترجمة- يوسف عبدألمسيح ثروة - ط١ - دارألحرية للطباعة - بغداد -١٩٨٤- ص٨٩

مەزندەیی هەڵبگرێت بێ چەندو چوون دەبێت بە تونێلی بێ ئاگاییدا بڕوات, چونکە بێ ئاگایی بەوە ناسراوە کە خاوەن هێزێکی داهێنەرەو هەموو یاساکان لەسەر خۆی لادەبات, وەتوانایەکی دینامیکی هەیە بۆ تەقینەوەو پێدا هەڵپژان کە ئەمەش توانایەکی بێ سنوورە و گۆڕانکارییە بێ کۆتاییەکان بە دوای خۆیدا دەهێنێت, هەروەها کە مامەڵە لەگەڵ دەقێکی شیعریدا دەکرێت دەبێ هاوکات وەک کەرەسەیەکی دەروونی و مێژوویی شاعیر تێی بڕوانرێ, مەبەست لە کەرەستەی مێژوویش بیۆگرافیای ژیانی شاعیرو ئەو ژینگەو کۆمەڵگەیەشە کە پێکهاتەکانی دەروونی و جەستەیی شاعیر تیایاندا گەشەی کردووە.

سەرهەڵدانی ڕێبازی دەروونناسی و بیردۆزەکانی "فرۆید" کە بە باوکی ئەم ڕێبازە دادەنرێت, وە ئەم ڕێبازە ئەدەبییانەی دواتری وەک سیمبوڵیزم و سوریالیزم و..هتد.کە لە بنەماکانیاندا پشت بە ڕێبازی دەروونزانی دەبەستن بە تایبەت سوریالیزم کە زیاتر وەک ڕەوتێکی شیعری هاتە پێشەوە زانیاری و لێکۆڵینەوەی گرینگیان لەم بارەیەوە پێشکەش کرد, وە کەسایەتی ئەدیب و بەرهەمە ئەدەبییەکان لەم ڕوانگەیەوە کاریان لەسەردەکرا, (دکتۆر کامیل حسن عزیز) لە کتێبی "ڕەخنەسازی مێژوو پەیڕەوی کردن" کە دێتە سەر ئەم باسە دەڵێت :(پەیڕەویکەرانی ئەم ڕێبازە بڕوایان وایە کە واقیع و بوونی هەست پێیکراو مەنطقی و بە یاساو دەستوورو نەریت و خوو ڕەوشتی کۆمەڵایەتی سنوورکێشراوو شورەبنیاتنراو, بەهیچ جۆرێک واقیع و بوونی ڕاستەقینە نین, بەڵکو لە دەورووبەرو سەرووی ئەم واقیع و بوونەوە واقیع و بوونێکی ڕەسەن وڕاستەقینە بە چەشنێکی زیندوو هەیە, هەمیشە دەمارەکانی بە خوێنی ژیانی حەقیقی قوڵپ دەدات ئەم واقیع وبوونەش هەڵبەت لە عەقڵ وهۆشمەندییەوە قەوارەی خۆی نانوێنێ و, بەڵکو لە ناهۆشمەندی ناماقوڵ و(لاوەعی) ئادەمیزادەوە لێشاو دەهێنێ, ئەم واقیع وبوونەش بەلای سریالیزمەکانەوە هێزێکی دامرکاوو خنکێنراوە.)[1] بەڵام لە هەر سات و شوێنێک درزێک بدۆزێتەوە دەبێتە هێزێکی دیارو کاریگەر وشالاوی ئەم هێزەش بە هەر دەروویەکدا تێبپەڕێت پاکتاوی وشیاری هۆشەکی و پرۆگرامو نووسراوە ئادەنمی و نائادەمییەکانی تیا دەکات, لە دەرووی شیعرو ئەدەبیاتیشدا بەوە دەناسرێتەوە کە نووسەر خۆی بە هیچ بەرپرسیاریەتیکی کارپێکراو نابەستێتەوە, وەهەر تەنیا بەوەش ناوەستێت بەڵکو بە هەوای نەفەس یاخود بەکامی دڵ وەسف و ئاکارە سرووشتییەکان لە جێگەی خۆی هەڵدەکەنێت و لە دەوەنێکی دوورو بەدەنێکی جیاوازدا دایاندەنێتەوە, بەمەش ئەم ڕێککەوتنە ئەزەلییانە هەڵدەوەشێنێتەوە کە لە نێوان گیاندارو بێ گیاندا یان لە نێوان پێکهاتە گەردوونیەکاندا هەن بۆ ئەم مەبەستەش شاعیر دەبێت بێداری بڕەتێنێت و گۆشەی بێ ئاگایی بۆ وشەکانی هەڵبژێرێت, تامەستانە قسەبکات و مەهانەی حورمەت شکاندن وگێرەشێوێنی پێ نەگیرێت.( شاعیر شۆڕشگێڕێکی ئازای ترس نەناسی جەسووری پشت ئەستوورە, چەکی شانی قەڵەمی نێوان پەنجەکانیەتی, فیشەک و گوللەی ووشەی جوان و ڕاستی دەربڕو کاریگەرو ڕستەی بە پێزو بزوێنەر, شۆڕش ئەکات دژی هەموو کۆنەو ڕزیوێکی بێ بناغەو بێ بایەخ,چ لە جیهانی(معنوی) چ لە جیهانی(مادی)دا بەمەبەستی دانەدواوەو لابردنیان و جێ خۆشکردن بۆ هی تری نوێی

---

1- دکتۆر کامل حسن عزیز البصیر - ڕەخنەسازی مێژووپەیڕەوی کردن - چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق - بەغداد - ١٩٨٣ - ل١١٢

ڕەواو پاک و بەکەڵک کە ببنە مایەی خۆشبەختی و سەرفرازی تاک و کۆمەڵ.)[1]سەرەڕای ئەم هەموو جەسارەت وبەرزیەی شیعریش شاعیر پێویستە بێ فیزبێت بەرامبەر خودە هەستییە ناز هەڵنەگیراوەکانی خۆی بەو مانایەی بەڕلاکردنی ئیرۆسیەتی ناخ نەبێتە هۆی پچڕاندنی شیرازەی کەسێتی شاعیرو لاوازکردنی پێگە کۆمەلایەتیەکەی ئەمەش بەوە دەبێت کە جگە لەم ئەرکە غەریزەیی و تایبەتانەی بە میتافۆر لە ڕێگەی میتافیزیکیەتی شیعرەوە ئەنجامیان دەدات, ڕازونیازی فەلسەفیانەی ستاتیکی بەرز لە نێو بەرهەمەکەیدا دابین بکات, ڕوونتر ئەوەیە بڵێین کە بێ ئاگایی لە شیعردا حەوصەڵەی داڵدەدانی جۆرەها قەدەغەشکێنی هەیە هەر لە سڕکردنی سیستەمە سینتاکسی و سیمانتیکیەکانی زمانەوە بگرە تادەگاتە هەڵڕشتنی داچەپاوە نەستییەکان و سەیرکردنی مرۆڤ و ژیان وگەردوون لە بوونێکی یەک پارچەی هەمە ڕەفتارو هاوکاردا, هەر ئەمەشە بالادەستی شیعر دەنوێنێت بەسەر هەموو کونج وکەلەبەرێکی دیارو نادیار,ڕاستەقینەو ئەفسانەیی, موقەددەس وناموقەددەس, میحنەت و عەشق وشاگەشکەیی وکات و شوێنی بەجێماو یا زیندوو یا دانەهاتووی خەیاڵ بۆکراودا لەلایەکیتریشەوە تێکئالاندنی گشت ڕەگەزەکانی سروشت بە ووردو درشتیەوە.(شیعر کاتێ پەنا بۆ(خوازە) دەباو دۆزینەوەی پێکچووەکان مەبەستی ئەوە نییە تایبەتمەندی هەر ڕووداوێک کەم بکات,بەڵکو مەبەستی لەم خوازەیە ئەوەیە کە تێکڕای شتە پێکچووەکان ئەوە دەسەلمێنن کە (بوون) یەک پارچەیەو دابەش ناکرێت و مۆرکێکی گەردوونی هەیە..شیعر جگەلە(خوازە) هەڵدەستێ بە ئەرکی گونجاندنی نێوان هەستێکی تایبەت و هەستێکی گەردوونی کە تیایدا تایبەتمەندی و سروشتی شتەکان بەهای نامێنێت.)[2]خوازەش بەشێوەیەک لە شێوەکان زمانی ناوەوەی خودی شاعیرە, موتوربەکردنی ڕەسەنایەتی بوونی شتەکانە بە ئاکاری ناباوو نامۆ, نووسەری دەق دەتوانێت بە هۆیەوە بەسەر سنووره تابۆییەکان بازبدات و وێنەیەکی خەونی بهۆنێتەوە, بەم پێیەی کە خەون لە ئەدەبدا یەکێکە لە میکانیزمەکانی بەرگری لە بێ ئاگاییدا کاری پێ دەکرێت لە گەڵیشیدا هۆکارێکە بۆ دابڕان لە دەوروبەرو, وەدەرنانی(خودی بالای) مرۆڤ, بەلام بۆئەوەی ئەم دابڕانە نەبێتە هۆی لەناوچوونی کرداری هەستکردن, دەبێت شاعیر خاوەن هەستێکی قووڵ بێت و بتوانێت هەستەکانی خۆی بە شێوەیەکی کاریگەرو سەرنج ڕاکێش ئاڕاستەبکات وبەسەر تەوژمە نەریتیەکانیشدا سەرکەوێت, بێگومان ئەم شێوازەش لە ئامێتەبوونی خەونەکان لە خوازە بەلاغییە شیعرییەکاندا بەدی دێت, بەدیهاتنی ئەم حاڵەتەش ڕەنگدانەوەی کەشێکی دیکتاتۆری یا واقیعێکی کۆمەلایەتی ئاڵۆزکراوە, بۆیە شیعریش لەم ڕێگەیەوە هەم یاخی دەبێ و هەم یاخیبووش ئامادە دەکات.(بە واتایەکی دیکە یاساو ڕێسا باوە کۆمەلایەتییەکان وپەرگیرانەبوونی لایەنگرو داکۆکیکەرانی ئەو بەهایانە وادەکا گوتارێکی میتافۆریانەو فرە ڕەهەند بەرهەم بێ , شیعر سەرەکیترین ئەو ژانرەیە کەبە شێوەیەکی بنەمایی لەو گوتارە لە لایەک بە قازانجی شیعریەتی خۆی کەڵکی وەرگرتووە لە لایەکی دیکەشەوە بۆتە تریبوونێی گونجاو بۆ ئەو بکەرە

---

١- جمال حبيب ألله - دەروازەی شیعر ناسین - چ١ - بازاڕی زانست بۆ چاپ وبلاوکردنەوە - هەولێر - ٢٠١٢ - ل[٣٢]

٢- ئازاد خدر - میکانیزمی شیعر - ڕۆژنامەی برایەتی ئەدەب وهونەر - ژمارە -١٥١- ١٩٩٩ - ل[٨]

بژاردانەی کە لە واقیعی سەردەمی خۆیان  یاخیبوون.)[1] سەرەکیترین میکانیزمەکانی شیعری هاوچەرخیش بریتیە لەپێچانەوەی هەژانە دەرەکییەکان وهەڵگرتنیان لە چاڵە دەروونی و ویژدانییەکانی ناوەوەی نووسەر, وە بەکاربردنەوەیان بە فۆڕمێکی هونەری و دەربڕینیان لە پێناو نغرۆکردنەوەی سەنگەلاییە مەعنەوییە کەبت کراوەکان.لەشیعری هاوچەرخی کوردیشدا زۆرجار کاتێک خۆزگەو بینینە جیاوازەکانی شاعیران لە نائاگاییەوە خەیاڵیان بۆ دەکرێ,لەگەڵیدا بەستێنە تابۆییەکانیش دەتوێنێتەوەو,شیعر خەون ئاسا هەموو تەلیسمێک دەبڕێت .بۆنموونە(کامەران مەنتک) لەپەنای زیندەخەویکی شیعری(دووگوڵ) دەکات بە پاڵەوانی خەیاڵێکی دوورودرێژ,تادەگاتەئەوەی ڕەچەی ئاینیان پێ دەشکێنێت,کاتێک دەڵێت:

( ....ئاخ

کێ دەڵێ ئەو گوڵە جوانە

پێغەمبەرێکی نوێ نەبوو

پەیامێکی ڕاستگۆتری

بۆ هەژارەکان پێ نەبوو!

کێ دەڵێ ئەو گوڵانە

دڵدارنەبوون لێکم کردن....)[2]  - ١٩٨٣ -

بەم چەشنە وەک دەبینین شاعیر تخووبی(پێغەمبەری نوێ) بۆ(پەیامێکی ڕاستگۆتر) لەڕووی ئاینیەوە,ناخودئاگایانە لەگەڵ کلکە پرسیاری(کێ دەڵێ ؟)ی, ئەندێشەفڕێندا دەبەزێنێت و ناڕاستەوخۆ دەچێتە نێو تابۆی ئاینیەوە.

**ب-ئاگایی ومەبەستی شاعیر:**

ڕەنگە هەندێ جار شڵەژان و هەڵچوونەکان بە ڕێژەیەک توندو بەزەبربن,کە مرۆڤ برشتی هەڵدانەوە ناوەوەی نەبێت و وای لێبکات چیتر ئارام نەگرێت و, قوڵپدانە ناخەکییەکانی پێ کۆنترۆڵ نەکرێت, بەومانایەی بەرگەی ڕاچەنینە دەرەکییە بەهێزەکان ناگرێت بۆیە ناچاردەبێت بە ئاگاییەوە ڕاستەوخۆو بەبێ هیچ پێچکردنەوەیەکی ئەدەبی کاردانەوە بنوێنێت ,جا لەکاتێکدا ئەم کەسە ئەدیب یا شاعیر بێت ئەوا نووسینە بێ پەردەو ئاشکراکانی گەواهی بۆ هەڵوەستەکردنە هۆشمەندانەکانی دەدەن , بۆیە لێرەدا (من)ی شاعیر دەست بەجێ دووچاری خرۆشاندن دەبێت و لەو پەڕی ووشیارییەوە بە خاوەنداریتی بڕواو ئیرادەیەکی قایمەوە هەڵمەتی شێرانەی شیعر دەباتە سەر درووشمە ناوەرۆک پووچەڵەکان و کلتوورە سیاسی وکۆمەڵایەتییە تابۆ تێزاوەکان, جابەم بۆنەیەشەوە دەشێ بوترێت شاعیر هەر لە بێ ئاگاییدا جبەخانەکەی پڕناکات چونکە.(جاری واهەیە شاعیر بە ئاگادارییەوە شیعرەکەی دەکاتە چەکێک بەرامبەر ئەو ڕەوتەی دەسەڵات یاکۆمەڵگای پێ

---

١- مەحموود شێرزاد - بژاردەو ئاخافتنی میتافۆریک - ڕۆژنامەی کوردستان-ژمارە ٤٢٠ - ١٣٨٤ - ل٥

٢- کامەران مەنتک - فرمێسکی ئەستێرە - هۆنراوە - مطبعة أسعد - بغداد - ١٩٨٨ - ل٤٩

بەڕێوە دەبرێت. جا چ ڕەوتەکە وەک لایەنێکی ڕۆحی دیاربێت و چ وەک ڕەوتێکی لەبەرچاوو بەرهەست. ئەوکاتەی شاعیر بە ئاگاییەوە دەست دەداتە وەها کارێک بێگومان هەوێنی زۆربەی شیعرەکانی لەکۆمەڵگەو دەسەڵات و ئەو ڕەوتە وەردەگرێت کە ژیانی تێدا بۆتە قوربانی و گەلی تێدا بۆتە دەستەچیلە.)[1] کەواتە ئەم بزوێنەرانەی گالیسکەی شیعریان پێ وەگەڕدەخرێ سووتەمەنی یان هێزی پاڵپێوەنان لە پاشخانی ئاگایی یا بێ ئاگاییەوە وەردەگرن , وەهەریەک لەم پاشخانە هەستی ونەستیانەش بۆسەر چەند سێکتەرێک دابەش دەبن کە دەقنووس دەبێت شارەزایی هەبێت لە بەراوردکردن و ڕاخستنی میکانیزمی تایبەت بۆیان, هەرچەندە لە شیعری هاوچەرخیشدا چەمکە سایکۆلۆجییەکان تێکەڵ دەبن , بەڵام دەکرێ بڵێین شیعرییەت وناشیعرییەتی زمان لەهەر پاژە دێڕێکیدا ئەم مەتەڵە یەک لایی دەکاتەوە,جا بەم پێودانگە.(توخمێکی دیکەی شیعر, هۆشیاری وئاگایی شاعیرە دەربارەی ڕاستییەکان,هەڵومەرجی مێژوویی,لایەنی بیریاری,نەریت وفەرهەنگ,ئاگایی ئستێتیکی(جوانناسی), لە ئاستە جیاوازەکانی ئەو ئاگاییە شاعیر دەتوانێت شیعری داهێنەرو بەرهەمی باش لە جیهانی ماناو بڕوادا پەیدابکات.)[2] لێرەدا بە پێویستی دەزانم بڵێم کە ئەم جۆرە ئاگاییە جیاوازە لەگەڵ ئاگایی دەروونی لەبەرئەوەی ئاگایی دەروونی بەمانای(من) ی نووسەر دێت,پەسنەکانی کەسایەتی لەخۆدەگرێت, وەلەژێر هەڕەشەو بارگرژییەکانی جیهانی دەرەوەو ناوەوەی مرۆڤدایە, وەتیایدا تایبەتییە هزریەکانی خودیش دەردەکەوێت, نووسەر بەهۆیەوە دەتوانێت ڕاوبۆچوونەکانی ڕاشکاوانە دەرببڕێت, بەمەرجێک خودە دەستەمۆکەی ڕزگاربکات لە پاڵپەستۆی سانسۆرە گشتییە باوو فەرزکراوەکان لەلایەک و لەلایەکیتریشەوە هێمنی خود بپارێزێت و ڕادەستی گێژاوی ئارەزووە نەستییەکانی نەکات, بەمەش منێکی ڕاستەقینەی بەئاگا لەدایک دەبێت, کە واقیع وەک خۆی دەبینێت و ئازادیشە لەوەی پەسەندی بکات یان ڕەتی بکاتەوە, وە شیعریش وەکو واقیعێکی بە هونەرکراو دەشێت خۆی لەم جۆرە ئاگاییە هەڵبکێشێت, بەڵام وێڕای پارێزگاریکردن لەم ئۆتۆنۆمییە خودییە پێویستە نووسەر یا شاعیر پەیوەستی جۆرێکیتر لە ئاگایی بێت و بیکات بە هاوسێی ئاگاییە بنجییە سایکۆلۆجیەکەی کە ئەویش(ئاگاداربوون) ی شاعیر یا نوسەرە بە فاکتەرەکانی گۆڕانکاری و بڕەو سەندنە ئایدۆلۆجی و مادديەکان, بەواتایەکیتر هەمەلایەنی وفرەجەمسەری جیهانبینی نووسەرو ئاستی تێگەیشتن بۆ ڕووداوە لۆکاڵی و هەرێمییەکان دەبنە جۆری دووەمی ئاگاییەکان وشاعیریش دەتوانێ بەهۆی پەرەپێدانی ئەم ئاگاییانەوە شێرگیربێت و سەر بۆفشارە نێوخۆیی و ڕامیاری وکۆمەڵایەتییەکانیش دانەنەوێنێت.(دەبێ شاعیر هەڵگری مەعریفەیەکی قووڵی شیعری و خەیاڵی بەرزو دنیابینی مۆدێرن بێ, دەبێ شاعیر لە ڕووی داڕشتن وفۆڕمەوە ئاگایی لە دنیای نوێ وتەوژم وشەپۆڵی نوێی دنیاو سەردەم هەبێ شاعیر بەبێ هوشیاری و دنیابینی و مەعریفەی قووڵی شیعر مەحاڵە بتوانێ لە گرفتە شیعرییەکانی خۆی ودنیا نزیک بکەوێتەوە, شاعیر بەبێ

---

١- کامەران جەوهەری (هەلوەدا) - شیعر وەک چەک - گۆڤاری هەنار - ژمارە-٧٣ - ٢٠١٢ - ل٤٧

٢- ئەکرەمی میهرداد - بیرکردنەوە لە شیعر - ڕامان - ژمارە-٢١٢ - ٢٠١٥ - ل[71]

ئاگایی وهەستێکی ناسکی شیعری مەحاڵە بتوانێ ڕستەی شیعری جوان بخاتە نیو دنیای شیعری ئیبداعییەوە.)[1]
جابۆیە ئاگایی بەر هەرکام لە کایە پێگەییوەکانی شاعیر بکەوێت جا چ لەڕووی ناوچە چاڵاکبووەکانی درک پێکردنی هۆشەوەبێت چ لەڕووی وەدەستهێنانی زانیاری دەرەکییەوە بێت شاعیر بەرەو داهێنان دەبات, وەئەرک وپێداویستی گەورەی دەخاتە سەرشان.

هەروەها کەڵەکەبوونی ئاگاییە جۆراوجۆرەکانی شاعیر لە دەقێکدا ڕاماندەکێشێت بۆ ووردبوونەوەی زیاتر بۆ تێگەیشتنمان لە چۆنییەتی ئەنجامدانی پڕۆسەی پەخشکردنەوەی تۆمارە ئاگاییە هەستییەکان,واتە ئەم ئاگاییانەی لەڕێگەی هەستەوەرە جەستەییەکانەوە وەک(بینین, بیستن ,...) دەگوازرێنەوە, یانیش بەهۆی خەیاڵی شیعرییەوە دووبارە وێنا دەکرێنەوە, وەگونجاویشە شاعیر پاژە(هەستی وخەیاڵییەکان) بەیەکەوە بسازێنێت, ڕوونتر ئەمەیە بڵێین وریایی شاعیر لەوەدایە کە بزانێت چ بەهۆی خەیاڵەوە واقیع ئامادە بکاتەوەو, چ ڕاستەوخۆ لە واقیعیشدا پەیامخوازو پەیامنێرێکی بینەرو بیسەرو دەم پاک و دەست کراوەو ڕاستگۆبێت.[2] بەم چەشنە بونیادی ئاگایی شاعیر لە هەردوو ڕەهەندی دونیابینی و خودیبوونی ڕەهاوە دادەمەزرێت و, بۆ شێوازی داڕشتنەوەیشی سوود لە وێناندن, یان لە وەک خۆی وتنەوەی حەقیقەتەکان وەردەگرێت, بەمەش هیچ جۆرە مۆڵدانەوەو مۆڵخواردنەوەیەک بۆ گوزارشتکردن لەماناو تەوەرە بەرتەنگ کراوەکان و داخراوەکان نایەتە پێشەوە.شیعری هاوچەرخی کوردیشمان لەم بارەیەوە بۆئەوەی توندترو ئاشکراتر ناوچە تابۆ ڕێژکراوەکان بتەنێت,بەوپەڕی ئاگامەندییەوە لەلایەن هەندێ لەشاعیرە بلیمەت وبوێرەکانی دەیەی هەشتاکان بەتایبەتی ناوی ئەم چەمکانە خراوەتە بۆسەی قەدەغە شکێنییەوە لەشیعردا,کە زەمەنێک بوو ترس وڕاڕاییان بەسەرەوە بوو,(جەلالی میرزاکەریم) یەکێکە لەم بوێژە چاونەترسانەی هەردەم لەهەوڵی ئەوەدابووە ووشیارانە ڕمی شیعرەکانی لە نیشانە ئایدۆلۆژییەکانی سیاسەتی داپڵۆسێنەرانەو کۆمەڵکوژانەی ڕژێمی بەعس بوەشێنێت,بۆ نموونە شاعیر لەچامەی(لەخەمی هەڵەبجەی ژارا)دا لە دواکۆپلەدا دەڵێت :

- نەت ئەزانی

هاجووج وماجووجی جادوو

بەرماڵە چڵکنەکانیان

لەبەر مزگەوتی پاشادا

بۆبانگی نوێژی مەرگ ڕاخەن

- نەت ئەزانی!

ئەگینا چۆن ئەتهێشت ئاوا

سەددام زەرووی بۆ خوێن تینوو

---

١- عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا - داهێنان سەر بەکەشفکردن و خەون و دنیابینییە - چ١ - چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر - ٢٠١٢ - ل١٣٢

٢- پێشڕەو عەبدوڵڵا- دەروونشیکاری شیعر -چ ١ - چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر - ٢٠١٣ - ل٨٢

بەگازی نامەی مردوویان

لەتوێی سووتووی٧٤ تا

جـــارێکیتر بەری هەتـــاوت لـــێ داخەن.)[١] -١٩٨٨- .

بەسـەرنجدان لەوەی نـاوبردنی (سـەددام) بەشـێوەیەکی ڕاسـتەخۆ وەکـو کەسـایەتیەکی خـوێن مژ,هەڵـدانەوەی پەردەیە لەســـەر تـاوانکــاری و دیکتـــاتۆریەتی ئەم ســـەرکردەیە کەبە (زەرووی بەخـــوێن تینـــوو) وەســـفی دەکات,ئەمەش لێدانێکی شیعری بێدارانەیە لەتابۆی سەرکردەو کاروکردەوە نامرۆڤایەتیەکانی.

• تەوەرەی پێنجەم- تـابۆی گشتی و تـابۆی تـایبەتی و ڕۆڵی ڕووناکبیران :

تابۆی گشتی بەمانای ئەم یاساو کلتوورە دەستکردو بۆماوەیی و ئاسمانییانە دێت کە لە کۆمەڵگایەکدا بەبێ جیاوازی بەسەر هاونیشتیمانیان دابەشبوون,وە وەکو عورفێکی بـاو هەمووکەس ئاگـاداری سنووری بـاڵکێشـان و قەڵەمڕەویـانە, بەم پێیەی بەلای زۆرینەی خەڵکەوە ناسراون و خەڵـک ئاشنایە بە چۆنییەتی بەرزڕاگـرتن و چەنـدێتی هەژموونکردنیـان بەسـەرژیان و بیرکردنەوەیانـدا, لەبەشـی یەکەمـی ئەم باسـەدا پـۆلینی تـابۆ گشتییەکانم بەپێی پێویست خستەڕوو, بەڵام لێرەدا ڕووی باسەکە دەخەمەسەر بەشێک لەم تابۆیـانەی شکڵێکی تایبەتییان وەرگرتووە لەلایەن دەسەلات وگرووپ وناوچەو مەزهەبی تـایبەتەوە , وە ئاڕاستەی کەسانی خوارتر لە خۆیان دەکرێن و مۆرکی ئەم نـاوچە یـان دەسەڵات یـان مەزهەبەی پێوە دیاردەبێت, لەگەڵ ئەوەشدا هەروەک ئاشکرایە بەگوێرەی شوێن و دەمکـاتی مێژوویی و, جۆری چینی بەڕێوەبەرایەتی یـان بیروبـاوەڕی ئـاینی تـابۆ گشتییەکان تایبەت دەبنەوە, هەرچەندە سیماو شەقڵی پـاوانخوازانەو بەرژەوەندیدارانە وەردەگرن کەچی لەژێر ناوونیشانی بریقەدارو ماسکی جیاواز گشتاندنیان بۆ ئەنجام دەدرێت.(یاسا گشتی و تایبەتییەکان بەپێی مـاوەی مێژوویی کە تیایدا کـاردەکەن جیاوازیـان هەیە, یاسا گشتییەکان لە هەموو قۆناغەکانی مێـژووی مرۆڤایەتیـدا کـــاردەکەن بەڵام یاســـا تایبەتییەکـــان تەنیـــا لەم دامەزراوانەدا بەدی دەکـــرێن کە تێیـــدا کـــاردەکەن.)[٢]لەم ڕوانـگەیەوە تابۆکـانیش بەگشـتی و تـایبەتیەوە بەشـێکن لە یاسـا نێـودەوڵەتی و خۆجێییەکـان بـۆیە ئەگەری دەسکاریکردن و گۆڕانیـان هەیە, واتە ڕێژەیەکی چەسپاویان نییە, لەکۆمەڵگـایەکەوە بۆ کۆمەڵگـایەکیتر لەگەڵ هەڵومەرجە ناجێگیرەکانـدا کورتی و درێـژی تـێ دەکەوێت .کەواتە هیچ گرەنتیەک نییە کە تـابۆیەکی یاسـایی لەبـۆتەی یەک شـێوازی کـارپێکردن بهێڵێـتەوە, بـارودۆخە نـاوخۆیی وجیهانییەکـانیش پێـوەری سـەرەکی ئەم مەسەلەیەن, ڕەوشی دیموکراتی و ئـازادی ڕوونـاکبیری و گەشـەی ئەدەبی و فەرهەنگی هەر گەل ونەتەوەیەکیش دەستنیشانی بڕی توندی و خاوییەکانی ئەم یاسایانە دەکەن و بەشەخصەنە بوون یـانیش بە نیشتیمانی بوونیـان بە گەڕانەوە بـــۆ لێکـــۆڵینەوەی ڕەخنەیـــی و شـــیکاری دەروونـــی بـــۆ نووســـینە ئەدەبییـــە جۆراوجۆرەکـــان

١- جەلالی میرزا کەریم - ڕێگا دوورەکانی چاومان - شیعر - مکتب ألسلیمانیة لخدمات ألفنیة بألطباعة - سلێمانی- ١٩٩٢- ل١٣٢

٢- ج .گلیزر مین - واتـای یاساگشتی وتـایبەتییەکان - ئامادەکردن وگۆڕینی - بیری نوێ - ڕۆژنامەی بیری نوێ- ژمارە -٢٩٢ - ١٩٧٨ - ل٢

دەردەکەوێت,بەوەی کە ڕادەی ڕووبەڕووبوونەوەو ڕەخنەگرتن یا بەزاندنی سنووری هێڵە تابۆییەکان, چەندێتی بەرگەگرتنی جەماوەرو ئەدیبان ڕوومالّ دەکات .(هەرچۆنێک بێت جیاوازی نێوان یاسا گشتی و تایبەتییەکان سرووشتێکی نسبی هەیە لەلایەک یاسای تایبەتین بەلاّم لەلایەکیترەوە وەک یاسا گشتییەکان کاردەکەن.)[1] بۆ نموونە کلتووری هەر میللەتێک لە کۆمەڵێک بەهاو ئاکارو پەیڕەوی کۆمەلاّیەتی باو پێکدێت کە تایبەتن بەو میللەتەو, وەکو لەمپەرێک کەوتوونەتە پێش نوێکردنەوەو فۆڕماتکردنی توخمە بۆماوەییە پارێزراوەکان, وەلەبەرئەوەی سەرجەم کەسایەتییە سڤیل و خاوەن ئەرک وپێگە کۆمەلاّیەتییە جیاوازەکان ملکەچی پابەندبوون کراون, بۆیە وەکو یاسایەکی گشتیان لێهاتووە, واتە وەکو دەستوورێکی تایبەت دەستاودەست دەکەن و لە کارنامەی ڕۆژانەی خەڵکیشدا بەکۆی دەنگ پەیڕەویان لێ دەکرێت و, دەبنە سیستەمێکی فێرکراوی دەستەجەمعی سەپێنراو, جابۆئەوەی بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانەی هێمن هەوڵی چاکسازیکردن و پاکسازیکردنیان بدرێت, پێویستە هزرو ئەندێشەی ئەدەبی و هونەری بۆ ئەکتیڤ بکرێت و, لە دەروازەکانی مەدەنیەتەوە هەنگاوی کردەیی بۆ بهاوێژرێت, هەروەها زۆربەی جار ئەوەش بەدی دەکرێت کە تابۆکارییە زۆر تایبەتەکانی وەک تابۆی سەرکردەو تابۆی ڕەگەزی و تابۆی هەندێ پیرۆزکراوی ئاینی و تابۆی نەریتە نایاساییەکان زادەی کلتوورێکی بەڕەسەن ناسێنراون.(دیارە شکاندنی تابووە کلتوورییەکان, بەمەبەستی گۆڕانکاری کۆمەڵگا تەنها بە هێرشکردنە سەر بەکارهێنانی زمانی توندو تیژانە نایەتە کایەوە, بەڵکو پێویستی بە خەباتی کەلتووری و کۆمەلاّیەتی هەیە.)[2] وە ئەگەر لە هەرێمێکی داخراوی کلتووریەوە تابۆکان لە تایبەتەوە بۆ گشتی ئاڕاستە بکرێن یاخود بەهۆی پلانی بەرنامە بۆ داڕێژراو لە بەرژەوەندی لایەن وکەسایەتیدا بەزۆر بکرێنە ملی هاولاّتییان بێگومان لەلایەن تێکڕای جەماوەری ئازادیخوازەوە ڕەتدەکرێتەوەو, تەنیا کەسانی ئەڵقە لە گوێ داکۆکی لێدەکەن, بۆنموونە ئەگەر تابۆی سەرۆک بە ڕوویەکی نایاسایی بسەپێنرێت و گشتاندنی بۆ بکرێت, ڕژێمێکی دیکتاتۆرانەی تۆتالیتاری ئاوادەکات, وەبە پێچەوانەشەوە زۆربەی قەدەغەکارییە نێودەوڵەتییەکان کە واژۆی زۆرینەی ولاّتانی بەشداربووی پێوەیە, ئەگەر لە هەر ولاّت و ناوچەیەکدا تابەتمەندی پێ بدرێت و بخرێتە ڕۆژەڤی کارەوە, ئەوا بەرێژەیەکی بەرز ماف و ئەرک و داخوازییەکانی گەل بەرقەراردەکات, لە دووڕیانی ئەم دووجۆرە تابۆیەشدا ئەرکی نووسەر یا ڕووناکبیر ئەوەیە لە کلتوورێکی دۆگمابووی سەقەتەوە نەڕوانێتە ژیان و خوێندنەوەیکی دروست بۆ ئاڵوگۆڕییە سەردەمییەکان بکات, بەو مانایەی پێویستە ڕووناکبیر تابۆی تایبەت لە نێو تابۆی گشتیدا بتوێنێتەو,ڕوونتر ئەوەیە بڵێین ماف وتابۆ یاساییە جیهانییەکان ببنە سەنگی مەحەکی دەستی ڕۆشنبیران بۆ لەناوبردن و تانەدان لە تابۆی نەگۆڕی تایبەت, بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت نووسەر هارمۆنیەتێک لە نێوان یاسا گشتییەکان و هەڵومەرجە نەتەوەیی و کۆمەلاّیەتییەکەی خۆیدا سازبکات و بیانگونجێنێت ئینجا پراکتیزەیان بکات لە نێو دەقدا.( بە گوتەیەکی دیکە ئەم چەمکە جیهانیانە

---

١- هـ .س .پ .ل[٢]

٢- بێریڤان جەمال حەمە سەعید - شکاندنی تابووە کەلتوورییەکان - ڕۆژنامەی هاولاّتی - ژمارە-٢٠٠٩ -٢٠٠٥ - ل[٨]

دواجار له دەرکەوتێکی ناوچەییدا خۆیان دەخەنە بەردەست ڕۆشنبیر, ڕێک وەک خاڵەکانی بەیاننامەی مافی مرۆڤ کەتەنیا بۆیان هەیە لە چوارچێوەی قەوارەی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتاندا ڕەچاو یان پێشێل بکرێن, بۆیە ئەم ڕۆشنبیرەی کە نەتوانێ یان نەخوازێ لە ڕاستیەکانی دۆخی بوون یان نەبوونی ئەم چەمکانە لە کۆمەڵگای خۆیدا بکۆڵێتەوە, ئەوا بێگومان مافی ئەوەشی نییە لافی ئەوە لێبدات کە پشتگیری لەماناو دەرکەوتە جیهانییەکانی ئەم چەمکانە دەکات.)[1]بۆ نموونە لە کۆمەڵگایەکی سەر داپۆشراوی بن تابۆکراودا ئاین دیدو بنەما حەڕام و حەڵاڵ کراوەکانی لە بەیاننامەی تایبەتیدا پێشکەش بە پەیڕەوکەرانی دەکات وە بۆی هەیە سنووری ئازادییەکانی زمان و ڕاوبۆچوونی تاکەکەسی دابخات, واتە لێرەدا تابۆی تایبەت دەبەخشێتەوە, چونکە نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە لەوانەیە لە وڵاتێک یان هەرێمێکدا چەندین مەزهەب و ئاینزا بەیەکەوە خاکی نیشتیمانێک ئاوەدان دەکەنەوە, بۆیە تا ڕاددەیەک پەیڕەووپڕۆگرامەکانیان جیاوازو تایبەتن, وە قەدەغەکاری تایبەت و کلتووری لە ئاین ئاخنراویش دادەڕێژن.(بە وتەیەکیتر کلتووری لەم چەشنە زمانێک بەرهەم دێنێ کە سنووری دین نەبەزێنێ,هەربۆیە ئەو گۆڕانکاری و تازەگەری و گەشەو نەشە هزری و کۆمەڵایەتیانەی کە لە دەرەوەی ئەو بازنەیەدابن, بە حەڕام و تابوو لە قەڵەم دەدرێن و زمان لەم چەشنە کولتوورەدا مافی ئەوەی پێ نادرێ ئامێز بۆ ئەم دەڤەرە تازانە بکاتەوە.)[2]ئینجا لەم سۆنگەیەوە ئەرکی ڕۆشنبیر یان شاعیرو ئەدیب ئەوەیە لە چوارچێوەی ماف وتابۆ مرۆڤایەتییە گشتییەکانەوە دەرگا بۆخۆی والابکات و بەیداغی دیموکراسی و هیومانیستی بەسەر سنوورە تابۆییە بۆمب ڕێژکراوە ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییە تایبەتەکاندا بەرزبکاتەوە , شاعیریش وەکو ئاخێوەرێکی سەرقۆزو بن ئاڵۆزی زمان واچاکە کاڵای بەسەرچووی بێزراو بهەنجنێت و, خودئاگاو ناخودئاگاکانی لە پێشانگا هاوچەرخییەکانی شیعرداو لە دیوان و دیوەخانی ماف و یاسای گشتیدا ساغبکاتەوە.

١- عەبدولخالق یەعقووبی - لە کلتوورەوە بۆ ئەدەبیات - چ١- دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس - هەولێر — ٢٠٠٨- ل٩

٢- هـ .س .پ . ل٣٦

## بەشی سێیەم:

## شیعری هاوچەرخی کوردی ساڵانی (١٩٨٠-١٩٩١)-باشووری کوردستان.(لەپەیامی وشیاری و یاخیبوونەوە بەرەو ڕەچەشکاندن).

**• تەوەرەی یەکەم- شیعری هاوچەرخی کوردی و زەروورەتی دەرچوون لە سیاقە گشتییەکان:**

یەکێک لە دیارترین سیماکانی شیعری هاوچەرخی گەلان چ لە رووی مانـاوە چ لەڕووی فۆرمەوە بـریتییە لە دەست هەڵگرتن لە پیادەکردنی ئەم پێناس و تەکنیکە کلێشەدارانەی شیعریان لە تەویلی خانە خوێکردن لەسەر هەندێ مژاری تایبەت و هێزو ئاوازەو پێوانەی تایبەت دابەست کردبوو, شیعری کوردیش دوای دابڕان و جێهێشتنی چەند ڕەوتێک لە مێژووی ئەدەبەکەیدا هاودەم لەگەڵ زیندوویی زەمەنە تاریک و ڕۆشنەکانداو هاودەنگ لەگەڵ نارەزایی و نرکەو نیازو نزاکانی میللەت تەکانی پێدراوەو لە تێوەگلانی ناچاری و نابەرپرسانە هاتۆتە دەرەوە,بەپێی هاوچەرخێتی پێداویستییە مرۆییەکان فراژی کردووە, شاعیرانی کورد هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ ئەرکێکی پیرۆزیان ناوەتە سەرشان, خۆیان بە خاوەنی دۆزی ڕۆشنفکری و گەڕان بە دوای مانا شاراوەکانی حەقیقەت دەزانن ,ئەمەش وایکردووە هێندەی خەمی پڕکردنەوەی بۆشاییە دەروونی و مەعنەوییەکانی ئەمڕۆیان بێت, ئەوەندە متووی خۆ هەڵپەساردن نەبن بە سیاقی شێک داڕشتنی زمان ,هەروەها ئەوەی ئەمڕۆ لە شیعری هاوچەرخماندا بەدیدەکرێت, جیاکردنەوەی تێکستی شیعرییە لە وتاری مۆنۆپۆڵکراو بەترس و پڕوپاگەندەی سیاسی و بەندو بالۆرەی کۆمەڵایەتی و ئاینی, بۆیە لێرەدا دەبێت بە گرینگییەوە بڕوانینە حەتمییەتی ئەم لادانە هەست پێکراوانەی  کە ڕوودانیان مەرجێکی سەردەمییانەیە.(ئەرکی شاعیر تەنیا پرۆسەی بە شیعرکردنی دیارو نادیاری ڕووداو لە جەستەی نامۆییدا شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی واقیع نییە, بەقەد ئەوەی کە یاخیبوونە لەو واقیعەی بەزۆر سەپێنراوە, تەقەلادانە بۆ هەڵوەشاندنەوەو بیناکردنەوە بەنەخشەو کەرەسەی نوێ,بەو تێڕوانینە گەشبینییەی کە هەنگاو بەرەو دواڕۆژی مرۆڤی ئەو وەچەیە دەنێ کە بە پاکی بۆ ژیان خولقاوە)[1] بەم چەشنە هەر ئەم پێداویستییە واقیعی و مەعنەوییانەی ناوەرۆکی شیعر داگیردەکەن هەر ئەمانیش شیعر ناچاری خۆگونجاندن دەکەن لەگەڵ تێگەیشتن و داڕشتنەوەی تازەدا,پێداویستییەکانیش بە پێی کۆمەڵگەو سیستەمی بەڕێوەبردن و ئاسایش وئابووری وڵات دەچێتە دۆخی تایبەتەوە, لادان ودەرچوونەکانیش لەهەر کام ئاستی شیعردابێت , وەکو شۆڕشێکی ئەدەبی تەواوکاری بە شۆڕشەکانیتر دەبەخشێت, بەمەش ئاسۆی بیری خوێنەر فراوان دەبێت و, سێرەداگرتن لە کێلی چەقدابەستووی ڕووخسارو ناوەرۆکی شیعری زێدەتردەبێت,قۆناغی لاساییکردنەوە یان بێ بنەمایی لە هەڵچوون و داچوونەکان تێدەپەڕێنێت بەرەو قۆناغی زەرورەتی بوون دەچێت .( پێویستە بەر لە هەموو شتێک ئەدەبی نوێ, لەناوەرۆکی وەستاو دەربچێت, پاشانیش لە شێواز, وە کۆتایی بەڕابردووی چەقبەستووی بهێنێت, بەمەش دەردەکەوێت کە ئەدەب حەقیقەتی ئێستای یان هاوچەرخی خۆی لەگەڵ ئەم پێکهاتە سایکۆلۆجییە تازانەی گەل و ئەو هەڵچوونانەی بەهۆی شۆڕشە نوێکانەوە لەدایک دەبن پێچەوانە دەکاتەوە)[2] بێگومان لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیشدا بە دیاریکراوی لە دەیەکانی حەفتاکان وهەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا هەموو ئەم زەمینە لەبارانە

---

١- کەمال غەمبار - بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێک - چ١ - دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس - هەولێر - ٢٠٠٨ - ل٣

٢- ضرورة خلق أدب جديد - صلاح حمدى - طبع بمطبعة ألجامعة - بغداد - ١٩٦٠ - ص٦

لەبەردەم شاعیری کورد سازبوون کە سەریان گەرم بکات و وایان لێبکات کە دەست لە جوینەوەی ناپێویست هەڵبگرن , یاخود بەگەرمی ڕووبکەنە ئەم مەسەلانەی کە تا ئەو کات قەدەغەبوون و باسکردنیان ئاسایی نەبوو, لیرەشدا ئەم بیرۆکەیەی شاعیر دەخاتەسەر شیعر نووسین و چۆنییەتی ئاوێتەبوونی شاعیر لەگەڵیداو ,پاڵپشتی وژینگەی دەوروبەر بۆ جەخت کردنەوە لەسەر ئەم مەسەلانە, فاکتەری سەرەکین بۆئەوەی ئەدیبی نوێخواز یا هۆنەری بەتوانا بتوانێت لەشەقەی باڵی هۆش وخەیاڵیدا بدات و کودەتا بەسەر فۆڕم و ناوەخنی شیعردا بکات, واتە دەتوانین بڵێین ڕووداوە زیندووەکان عەقڵیەتی جیهێشتنی ڕووداوە بەسەرچووەکان بۆ شاعیر کارا دەکەن.(چونکە شاعیری نوێ ئەیەوێ, لەڕێگای ڕووداوەکانی ڕۆژانەوە,بگاتە کێشەی گەورەی مرۆڤایەتی ئەم چەرخە, جاکەلەماوەی تاقیکردنەوەی تایبەتیەوە , ئەم ڕێگایە ئەبڕێ, فیکری کامڵ بوو لای شاعیر, وائەکات, هەڵوێستی هۆشیارانە بەرامبەر مرۆڤ وجیهان لە ڕێگای دەربڕینەکانییەوە, بەشیعر دیاریبکات.)[1] ڕۆشنبیران وشاعیرانی کوردیش لەگەڵ یەکەمین زەنگی کارەسات وڕووداوە مێژووییەکانی سەدەی بیستەمدا وەئاگا هاتن و بەپێی ویست وداخوازییەکانی ڕۆژگار بەرەو پێشەوە چوون , هەروەک ئاشکراشە سەرەتای گۆڕانکارییەکان لە کرۆکی شیعردا دەستیان پێکردووە, واتە باردۆخە تایبەت و پڕ لەکێشەمەو جموجۆڵە جەماوەرییەکان لەبواری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا, ئەمەی بەسەر شاعیرانی کورددا سەپاندووە کە زووتر بەتەنگ نوێکردنەوەی بابەتدا بچن دواتریش هاوکات بەسەرهەڵدانی بزووتنەوە ئەدەبییە جیهانی و نێوخۆییەکان لەگەڵ هەڵپژان و داپژانی تەوەرەکاندا سیاقی زمان و وێنەو کێشانەو ڕەوی و پاش ڕەوییەکانی شیعر تێکشکێنران و بەپێی تینوێتی و ئارەزووی سەردەم گوزارشتکران,تادەگاتە ڕاددەیەک ڕووکەش ومژاری شیعر دەبنە دووباڵی تەریب بۆ دەربازبوون لە قەفەسی دەسکردوو بەتابۆکراودا.(بۆیە بۆ وەلانانی ئەو یاسا کۆنانەی کە ئەوسا لە ئارادابوون و لەژێر کاریگەری دەوروبەرو خوێندنەوەی ئەدەبیاتی گەلانی ترو بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری نەتەوەیی, لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا, تازەگەری لە ئەدەبیاتی کوردیدا سەری هەڵداو شیعر کاوژی کۆنی خۆی فرێداو بەرە بەرە بوژایەوە.)[2] کەواتە کۆتاییەکانی ئەم سەدەیەش بە گشتی و دەیەی هەشتاکانیش بەتایبەتی بە هەموو بۆنەو ئاریشەکانی ناویەوە تەواوکردنی ئەم یاخیبوون و سەرکێشیە ئەدەبییە مەزنانەیە کە هاوشانی شۆڕشی چەکداری بەردەوامی پێدرا تاگەیشتە ئاستی لووتکە لە دەربڕینی ناوازەو خۆش ئاوازو سەربزێو, بۆ دابینکردنی ئەم ئارەزووە ڕۆحییانەی پاڵیان بە مرۆڤی کوردەوە دەنا تا لەڕێگەی هونەرو ئەدەبیشەوە بەدەستیان بهێننەوە, شیعریش وەکو بەهێزترین کایەی ئەدەبی زیندوو لە نێوگشت چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا بە درێژایی مێژووی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد تا ئەمڕۆ بەر لە ڕاپەڕینە مەزنەکەش شەرەفی بەرخودان ودرووشم و سروودی ڕاپەڕین و سەرهەڵدانە جەماوەرییەکانی لە ئەستۆ گرتووە هەرکاتێک گەلی کورد خواستی جووڵەو گۆڕان و فراژیبوونی هەبوویێت لە هەر بوارێکدا ئەوا شیعر یەکەم فێرگەو دایەنگەی

١- عبدألله عباس - شەش وتار دەربارەی شیعری نوێ وتاقیکردنەوە - چاپخانەی(علاء) بەغدا - ١٩٨٠ - ل٣٨

٢- فەهمی شوکری عەبدوللا- ڕەگەزی نوێی شیعری کوردی لای قەدری جان -چ١ - چاپخانەیا حەجی هاشم - هەولێر - ٢٠٠٦ - ل٣٤

پەروەردەیی وخەباتگێڕی بووە لەڕووی سیاسی وکۆمەڵایەتییەوە بۆیە دەبینین زووتر لە ژانرەکانیتری ئەدەب بەرگی کۆنینەو کاوێژکراوی خۆی فرێداوە.

• **تەوەرەی دووەم-پەیامی شیعری هاوچەرخی کوردی کۆتایی سەدەی بیستەم/**

**أ- شیعری هاوچەرخی کوردی و توانای وشیارکردنەوە :**

بەر لە شیعری هاوچەرخ لە ئەدەبیاتی کوردیماندا هەوڵی لەمێژینەو بەردەوام دراوە بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد بە ئاگابێت لە هەموو ماف و پێداویستی و تایبەتمەندییە نەتەوەیی وجوگرافی و مێژووییەکەی, شاعیرانی کورد لە کلاسیکەوە تا ئەمڕۆو تاسەربەخۆیی یەکجارەکی دەست لەم ئەرکە نیشتیمانییەیان هەڵناگرن , ئەحمەدی خانی وحاجی قادری کۆیی وشاعیرانی بابان نموونەی ئەم شاعیرە مەزن و کۆڵنەدەرانەن کە دوای خۆیان پەیامێکی پیرۆزیان بۆ نەوەکان ورۆشنبیری دواڕۆژیان بەجێهێشت کە ئەویش بێدارکردنەوەی بێ هۆشی و ڕزگاربوونە لە دواکەوتوویی و نەزانین , شاعیرانی هاوچەرخیش لەسەر هەمان بیروباوەڕ بە شێوازێکی پەخشکردنی جیاواز سووریان بەم چەرخە مۆڕاڵی و بۆماوەییەدا, تاوەکو گەل لە چاوی چاوەڕوانییدا دۆش دانەمێنێت و, دەست نەخاتە ملی کۆنەپەرستی و بە نەیارانی گومڕانەبێت.

نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و هەڵگیرسانی شۆڕشی چەکداری یەک بەدوای یەک لە سالآنی شەستەوە تا دەگاتە شۆڕشی نوێ و ئەنفال وکۆمەڵکوژی وڕەشبگیری و زۆری وزۆرداری ڕژێمی بەعس لە سالآنی حەفتاکان وهەشتاکاندا ژیلەمۆی پڕ لەتین وتاوی شاعیرانی شاخ و شاربوون , پشکۆی ئەم شۆڕشە هەر لەگروپی ڕوانگەوە چەخماخەی داو نەگەڕایەوە دوا تا لە هەشتاکانداو لەسەر دەستی شاعیرانی وەک (لەتیف هەڵمەت و , شێرکۆ بێکەس و, ڕەفیق سابیر ,دلشاد عەبدوللا ,عەدولڵا پەشێو ,موئەیەد تەیب ..هتد) گەیشتە چڵە پۆپکەو ڕاپەڕینی سەرتاسەری بەدوای خۆیدا هێنا , ئەمەش بەرزی و فراوانی دەسەڵاتی شیعر بەسەر کۆمەڵ و میللەتاندا دەردەخات.( چونکە تایبەتی شیعر لەوەدایە کە پتر لە هونەرەکانی دیکەی ئەدەب گفتوگۆ لەگەڵ ڕووداوو گۆڕانکارییەکانی ژیان وکۆمەڵ دەکات, هەروەها لە بەرامبەر زۆربوون وگەورەبوونی ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشە لەژیان ومانی وڵات دەکەن, شیعر دەبێتە بەیاننامەیەکی سیاسی ومیللەت ئاگاداردەکاتەوەو ڕێزەکانی بۆ بەرگریکردن سازدەکات.)[1]لە سالآنی ١٩٨٠ ش بەدواوە شاعیرانی کورد لە کوردستانی باشووردا ڕووپەڕی گۆڤارەکانی وەک (بەیان ,ڕۆشنبیری نوێ ,کاروان ,نووسەری کورد ,ڕۆژی کوردستان ), ڕۆژنامەی (هاوکاری)یان بەنووسین و هۆنراوە ئاگرینەکان پڕکردوو لەژێر ناونیشان و ڕەمزی تایبەتەوە تاکی کوردیان لەسەرکزۆڵەکردن ڕاچەناند, هەروەها چوونە دەرەوەی بەشێک لە شاعیرانی ئەم چەرخە بۆ دەرەوەی وڵات و بەشێکیتریشیان بۆ نێوجەرگەی مەیدانی جەنگ لەدژی دوژمن لە شاخدا جۆرێک لە هۆنراوەی قەدەغەکراوی نهێنی هێنایە بەرهەم کە گوزارشتیان لە دۆخ سەندنی ئەم سەردەمەو باری دەروونی و کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییە ناوخۆییەکانی

---

١- د.عەبدوڵلا یاسین عەلی ئامێدی - هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا - ١٩٣٩-١٩٧٠ — چ١ - چاپخانەی وەزارتی پەروەردە - هەولێر - ٢٠٠٥ - ل١٠٥

کوردستان دەکرد, ئەمەش چاوی خەڵکی کردەوەو زیاتر هانیدان بۆ شکاندنی ترس وسووربوون لەسەر داواکارییەکانیان. (ئەو بارودۆخ و گۆڕانکارییانەی لە ئەنجامی ئەو شۆڕش وڕاپەڕینانەدا ڕوویاندا, کاریان کردە سەربوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی, لەوانە کاری کردە سەر شیعری کوردی وشاعیرانی کورد وەک توێژێکی ڕۆشنبیر ئەو بارودۆخ و ڕووداوو کارەساتانەی لەمیانەی شۆڕشەکاندا ڕووبەڕووی کۆمەڵگە بووبوونەوە, گواستیانەوە بۆ ناو شیعرەکانیان و کەرەستەی ناوەرۆکی شیعریان لێ پێک هێنا.)[1]بۆ ئەم مەبەستەش شاعیرانی هاوچەرخ لە ناوخۆی کوردستاندا لە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی بێگانەو بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوەیی خۆیان بەرێکخستن کرد لە نێو چەند گرووپێکی ئەدەبیدا بۆنموونە لە حەفتاکاندا (گروپی ڕوانگە) و(ڕەوتی نوێخوازی لە هەشتاکانی شاری هەولێر)لە هەشتاکاندا وە ئەم گرووپە ئەدەبیانەش بریتی بوون لە کۆمەڵێک شاعیری هاوچەرخ کە لە ڕێگەی بیرو داهێنان و کرداری نوێوە, زمانی شیعری نوێ و وێنەی شیعری ڕەنگاوڕەنگی بە هێزیان خستە بەردەم ئەندێشەو هزری بەندینکراوی جەماوەر, وەبۆ ئەوەی ڕووبەری وێنە شیعرییەکان فراوانتربێت لە مانایەک یا زیاتریان پێ بەخشراو وشیاری وجیهانبینی نەوجەوانانی خوێن گەرمیان پێ دەبردە پێشەوە.(هەندێ جار شاعیرانی نوێخواز, یان شاعیرانی هاوچەرخ , واتا لە وێنە دووردەخەنەوەو,بۆئەوەی خوێنەر خۆی بەدوای لێدانەوەی زمان و واتا بکەوێ, تاکو لە وێنەکەوە جیای بکەنەوە, چونکە هێندە بە توانایەکی بەرز وێنەو واتاو زمانی شیعری ئاوێتەی یەکتر دەبن, کە لێک جیاکردنەوەیان, پێویستی بە خوێنەرێکی باش هەیە, کە پاشخانێکی ڕۆشنبیری بە هێزی هەبێت, بۆ دەستنیشانکردنی وێنەکان.)[2] کەواتە نووسەران وئەدیبانی ئەم سالأنەی دوای حەفتاکان و بەر لە ڕاپەڕین چ لە ڕێگەی جوان دارشتن و ئەفراندنی هونەرییەوە بێت, چ لەڕێگەی ناوەرۆک وتەوەرەی شیعری بەرز و ئاگابەخشەوەبێت , وزەی خورپەداریان وەبەر ئاوەزو دڵی نوزە لێبڕاوان و هەناسەساردکراوەکانی توێژە بندەست و ماف خوراوەکانی کۆمەڵگە دەکرد, هەژارانیان دەخرۆشاندو ئافرەتانیان بۆ ژیانێکی یەکسان لەگەڵ پیاوو شکۆمەند لەڕووی کەسایەتی و ڕەگەزییەوە هان دەدا, لەگەڵ ئەوەشدا شیعری هاوچەرخ توانای بزواندنی ڕۆحی کوردایەتی هەبوو لە دڵ و دەروونی تاکی کورددا, وەهەر لەسایەی هەبوونی ئەم پێگە جەماوەرییە گەورەیەی کە شیعر لە پانتایی میللی و ڕۆشنبیری گەلی کورددا هەیەتی, بەیەکداچوون و کارلێکی پتەو لە نێوان شیعرو کۆمەڵ یا شاعیرو خوێنەردا هاتۆتە کایەوە, شاعیرانی هاوچەرخیش لێنەبڕاوانە ئەسپی شیعرە تاودراوەکانیان بۆ مەیدانی ئاگامەندی و خورت بوونەوە زین کردووە.(هەموو ئەوگروپ و گروپکاریەی بەر لە ڕاپەڕین هەبوو, کاریگەری خۆیان هەبووە, چونکە ئەو سەردەم, نووسەران ونەوەی تازە بایەخیان بە خوێندنەوە دەداو بازاڕی ئەدەب وڕۆشنبیری گەرم بوو, هەروەها ئەدەب و ڕۆشنبیری ببووە پەنجەرەیەک بۆ ئاشکراکردنی داهێنانەکان لە ڕووی

---

١- یادگار ڕەسوڵ باڵەکی - سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ١٨٩٨ -١٩٣٢ -چ١ -چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر - ٢٠٠٥ - ل٣٥

٢- د. حوسێن غازی کاک ئەمین گەلاڵەیی - ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە باشووری کوردستان - ١٩٨٠-١٩٩١ - چ١ - چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر - ٢٠١٠ - ل٦١

زمان و شێوازو فۆرم وناوەرۆکەوە, ئیدی گەنجان دەپرژانە سەر خۆ بەهێزکردن لەم بابەتانەداو هەمیشە بەدوای ئەم بەرهەمانە دەچوون کە نەوەی پێش خۆیان بۆ ئەوانی بەرهەم دەهێنا.)[1] بەم چەشنە شاعیرانی حەفتاکان یا گروپی ڕوانگە کە پێکهاتبوو لە نووسەرانی وەک (شێرکۆ بێکەس, حسێن عارف , جەلالی میرزا کەریم,کاکە مەم بۆتانی ,جەمال شارباژێری , کەمال ڕەئوف محەمەد) و چەند کەسایەتیەکیتر نموونەی شیعری بەرزیان کردە پەیامی ئەدەبی لە پێناو زیندوو ڕاگرتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و بەجوولە هێنانی ویژدانی نەتەوەیی و دەرهێنانی شیرازەی کۆمەلایەتی لە خەوی غەفلەت و دواکەوتوویی , خۆیان گووتەنی " گۆمە وەستاوەکەیان شلەقاند" ودەرگایان بۆ یاخیبوون وڕەچەشکێنی لە گشت لایەنەکاندا والاکرد, بەچاو خشاندنێکی خێرا بە گۆڤاری (ڕوانگە) وژمارەکانیدا بە ڕوونی ئەمە بەدی دەکەین, بۆ نموونە لە ژمارە(١)ی گۆڤارەکەدا کە لە ساڵی ١٩٧١ دەرچووە لە لاپەڕە(٥١)دا پارچە شیعری (ژێرەوە) ی (شێرکۆ بێکەس ) کۆمەڵێک توانج لەخۆدەگرێت بۆ وەئاگا هێنانی هاونیشتیمانیان لەکردەوەی ناپەسەندی ژێراوژێر بەناوی ئاینەوە لەلایەن کەسانی هەڵپەرست و درۆزنەوە هەروەک دەڵێت:

(لەژێر کەشی شارەکەمدا
لەژێر مێزەری گەورەیا,
لەناو قوبەی منارەیا..
ڕۆژێ ی هەزار بەچکە ڕێوی ی
چاو زیت ئەزێن..
ڕۆژێ هەزار,
سوێندو بەڵێن
لەتەنافی بەنگەخوێنی ئابڕویەوە
هەڵ ئەواسرێن ! )[2]

لێرەدا شاعیر (مێزەرو قوبەی منارە) وەک دەمامکی پاکانە لە خۆکردن نیشان دەدات بۆڕیاکاری و فێڵی ڕیویانەی کەسانی چەواشەکارو بەد خوو ئەمەش هەوڵی بوێرانەی شاعیرە بۆ بلاوکردنەوەی وشیاری کۆمەلایەتی, لە هەشتاکانیشدا بەهەمان ڕەوت وئاڕاستە شیعری هاوچەرخی کوردی بەردەوامی بە گیانی تین تێکردن و چزوودان لە جەستەی خەسیوی بێ نەوایان و بێ ئاگایانداو بەرەو بەرەنگاری وتێکشکاندنی زوڵموجەورو ستەمی ئەم دەمە ڕاپێچی کردن ,لەبەرهەمی چەند شاعیرێکی دەنگ دلێری هەشتاکانیشدا بە

١- د. هیمدادی حوسێن - بزووتنەوەی ڕوانگەو شاعیرانی حەتاو هەشتاکانی هەولێر - چ١ - چاپخانەی کارۆ - کەرکوک- ٢٠١١ - ل٨٧
٢- حسێن عارف - گیانی یاخیبوون وبەگژاچوون لە شیعری نەوەی نوێماندا - گۆڤاری ڕوانگە- مطبعە نعمان - ألنجف ألأشرف- ژمارە-٢-١٩٧١ - ل٥١

هۆکاری سیاسی دەربڕینەکان هەندێجار خراونەتە ژێر پەردەی ڕەمزو تەمو مژەوە, لەنموونەی بەرچاویشدا لەدەقی (زریان)ی (نەوزاد ڕەفعەت) کە لە ساڵی ١٩٨٠ نووسیویەتی ئەم تەوەرە خراوەتە ڕوو هەروەک دەڵێت :

- حەزدەکەی ببی بەخۆر یا زریان ؟
- ببمە هەردووکیان
- ببم بەخۆر تا لە بچووکترین
درزو کولانکەی
ڕۆژگارە ڕەش وتارەکانەوە
بچمە ژوورەوە.
ببمە زریانیش تاخەڵک بڵێن:
((ئەها کوڕینە
وا ئەو زریانە بۆ ئێرە دەکشێ
کە هەر درەختێ زڕو ووشک بێ
چەند بەتەمەن وتوندو تۆڵیش بێ
هەڵیدەکێشێ))[1] - ١٩٨٠ -

لەم دەقەدا شاعیر دەیەوێت بەناوی(خۆرو زریانەوە) ئاگایی بدات بە کۆمەڵی ژێرچەپۆکی شەوە زەنگی دیکتاتۆریەت بەوەی کە ئەگەر وەکو خۆر بەردەوام بۆ ڕووناکی و ئازادی نەسووتێن ناتوانن ڕۆژگارە تاریک و ڕەشەکان تێبپەڕێنن و, وەدەیەوێت ئەمە بەخەڵکی دابەستکراوی دەم بەستراو ڕبگەیەنێت , کە دەبێت زریان ئاسا ڕابن و ڕەگی زڕو ووشک هەڵاتووی زۆرداری و کۆنەپەرستی هەڵبکێشن , بەم چەشنە لە هەندێ باردا شیعر مەشخەڵی نەسرەوتن هەڵدەگرێت و هەژانێک بە ڕواڵەتی خاوو , خۆشی لێ خامۆشکراوی گەل دەبەخشێت چونکە واقیعی کۆمەڵایەتی وسیاسی ئەوسای کوردستان وای دەخواست کە.(شیعر شەیپوور پێ, نەک لایەلایە, واتە بە ئاگا هێنەربێ نەک خەوهێنەر.)[2] بۆیە شاعیرانی دوای ڕۆمانسییەت و دوای دەوری سەرەتاییانەو پێشەنگانەی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر دەستی (گۆران و پیرەمێردو شێخ نووری و ڕەشید نەجیب ..هتد) بۆ تازەکردنەوەی شیعر لەهەمان دەروازەوە دەستیانپێکرد بەڵام هەر تەنیا بە لاواندنەوەی ڕۆمانسیانەو وشیارکردنەوەی بێ سەرکێشیکردن نەوەستان بەڵو دەرگای بێدەنگیان شکاندو بوونێکی تازەیان بۆ شیعر خولقاند.(کە دەنگدانەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورەی بەخشییە شیعری کوردی وهەروەها توانی هوشیاری نەتەوەیی لە لای توێژە فراوانەکانی کورد پتەو بکا.)[3] تادەگاتە ئاستێک شاعیری هاوچەرخ پەیامی ئاگایی

---

١- نەوزاد ڕەفعەت - نیگەرانی - چاپخانەی (ألزمان) - بەغدا - ١٩٨٥ - ل٥٧

٢- أحمد شاملو - دەربارە هنرو أدبیات- باکوشش ناصر حریری - چ٤ - نشر آویشن,گوهر مرداد - تهران - ١٣٧٧ - ص١٧٣

٣- معروف خزنە دار - موجز تأریخ ألأدبألکردیألمعاصر - ترجمة - د.عبدألمجیدشیخو - أناشر-هوشنك کرداغی - ١٩٩٣/٢٠٠٠-ص١٠١

ئاراستەی شاعیرانی هاودەمی خۆی بکات و داوای چاوکراوەیی ودەست بڵاوی و جووڵەی تەکنیکی وبابەتیان لێبکات, بۆنموونە (شێرکۆبێکەس) لەبەرگی سێیەمی دیوانەکەیدا لە دەقێک لەژێر ناونیشانی(ڕووبار) دا دەڵێت :

( شاعیرانی وڵاتەکەم
بۆچی خۆتان لەناو تەنها
دەوارێکی هۆبەی شیعرا
قەتیس ئەکەن؟!
بۆ لەیەک ئاواز ئەخوێنن؟!
بۆ تۆوی گوڵێک ئەچێنن ؟!
چاوی شیعر کوێ نابینێ؟!
گوێچکەی شیعر چی نابیستێ؟!
خەیاڵ کوا سنووری هەیە!
بەهرە کوا ڕێی دووری هەیە ... )[1] - ١٩٨٤ -

لەم دەقەدا شاعیر مەبەستیەتی شاعیران ئاگاداربکاتەوە لەوەی کە لە گێژەلوولکەی خۆ هەڵواسین بە یەک ڕێچکەی شیعر نووسین خول نەخۆن وبە باڵی خەیاڵ بۆ هەموو دوورگە نزیک و دوورەکانی ژیانی ئادەمیزاد بڕۆن و پەردە لەسەر نەبینراوو نەبیستراوەکان هەڵبدەنەوە, بێگومان لە کۆتاییشدا ئامانج ڕێنوێنی کردن و جۆشدانی میللەتە بۆ ئێشکگرتن و بێداربوونەوە لە هەمبەر هەر مەینەتی و نەگبەتییەک کە ڕوویان تێبکات, بەمەش دەردەکەوێت کە شیعری هاوچەرخی کوردی لە واقیعیەتەوە بە درزی هوشیارکردنەوە تێپەڕیوەو هێدی هێدی بەرەو یاخیبوون و ڕەچەشکێنی هەنگاوی شێلگیرانەی ناوە کە لەدەیەی هەشتاکانی بەر لە ڕاپەڕین گەیشتە ئەنجامی بەرز وپێگەیشتوو لەسەر دەستی چەند شاعیرێکی بەتواناو هەناسە درێژو خاوەن ئەزموونی ئەم سەردەمە کە دواتر بە پێی پێویست بەسەریان دەکەینەوە.

## ب- شعری هاوچەرخی کوردی- لەیاخیبوونەوە بەرەو ڕەچەشکاندن: ١٩٨٠-١٩٩١ –باشووری کوردستان:

دوای ئەوەی شیعری هاوچەرخی کوردی بنچینەو بنیاتی ناوەرۆکی خۆی لەسەر چەند مەسەلەیەکی داخراوو بەرتەسک دووپات دەکردەوە, بەڵام لەگەڵ ئەوشدا لێرەو لەوێ لە کوردستانی باشوور هەر لە میرنشینی بابانەوە سێ کوچکەی (نالی ,سالم ,کوردی ) تادەگاتە حاجی قادری کۆیی دەنگی نارەزایی وپەیامی وشیاری سیاسی وکۆمەڵایەتی دەدرا بە گوێچکەی خەڵکی, بەتایبەت حاجی قادری کۆیی کە بە شۆڕەسواری ئەم مەیدانە لەدوای (ئەحمەدی خانی) دادەنرێت ,ئەوەی جێگەی باسە هەردوو جەنگی گەورەی جیهانی یەکەم ودووەم لەسەرەتای سەدەی بیستداو, چەندین کارەسات وڕووداوی تری نێوخۆیی ودەرەکی ڕێڕەوی شیعری کوردیان بردە

---

[1]- شێرکۆ بێکەس - ڕووبار - چیرۆکە شیعر - بەرگی سێیەم - مطبعة علاء - ١٩٨٤ - ص٥

پێشــەوە, کە ســەرەڕای ئەم داهێنــان و وەرچەرخانــانەی لە بــواری تەکنیکــی دارشــتن و بیــرۆکەی شــیعری ئەنجامـدران,هەر لە (شێخ نـووری وپیرەمێـرد وگـۆرانەوە) تادەگـاتە شەسـتەکان وحەفتاکـانی سـەدەی ڕابـردوو ,کەچی لەمەشقی بانگێشتی نیشتیمانی و ئاگایی پێدانی کۆمەڵایەتی خۆی نەکەوت, بەڵکو بەرە بەرە باوێشکی دیلی و ژێردەستەیی زراند تالە شیعری هاوچەرخدا یاخیبوونی پێوانەیی بەرپـاکرد.(ئەم تـازەکردنەوەیەش هەروا بەخۆڕایی نەبوو, بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لەورۆژگـارەدا پێویستی بەژیـانێکی نوێ و سەربەستی وگـۆڕان لەچەمکـی شیعریشـدا هەبـوو وەکـو بەشداریکردنێک لەم پرۆسـەیەدا, ئەوەش دیـارە سـەرەتاکەی لە لای کەسـانی خـاوەن ڕۆشـنبیرییەکی بەرز دێـتە کـایەوە.)[1] هەروەهـا پێویسـتە ئەوەش بوترێـت کە ئەم یـاخیبوونە شیعریەی بەرهەمی شاعیرانی هاوچەرخی بە خۆوە سەرقاڵ کردبوو درێژەپێدەری هەمـان ئەو ڕەوتە ڕیـالیزمییە بوو کە لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەمەوە ڕووی لە ئەدەبیـاتی کوردی کردبـوو, چونکە شـاعیرانی ئەوسەردەمە هەسـتیان بەوە کردبـوو کە چیتـر فرمێسـک ڕشـتن و بەیـاردا هەڵگـوتن وگۆشـەگیری ڕۆمانسـیانە بەهەڵـوەدای ڕەشوڕووت و لـێ قەومـاوان نـایەت بۆیە هەر زوو کەوتـنە خۆ بـۆ لێدانی بەردی بنـاغەی بەرهەمهێنـانی دەقـی شیعری ڕۆچـوو بە نـاخی کێشـەو گرفتەکـانی کۆمەڵگـای ئەوسـای کـوردی و دانـانی هەڵوێسـتی بەرگریکـارانەو شۆڕشگێڕانە بەرامبەر دۆزی نەتەوەیی ونیشتیمانی خەڵکی کوردستان, لەم ڕووەشەوە.((بێ کەس وگۆران وهەردی و دیلان وکامەران)یش بەهەمان شێوە مەشخەڵی گڕی تـووڕەی شۆڕشگێڕی نەتەوەیـی و دەردە کۆمەڵایەتییەکـان لە چەوسـانەوەی ئـافرەت و کێشـەی نێـوان دەرەبەگ و جووتیـارو نەخوێنـدەواری و چەنـدین بـابەتی ڕۆژانەی چینـی زەحمەتکێشـیان کـردە بـابەتی شیعرەکانیان و ڕێبـازی ڕیالیزمیـان چەسـپاند.)[2] پەرەسـەندن وبەردەوامـی ئەم ڕێبـازەش بە ڕواڵەتێکـی تـازەو پێشکەوتووتر لە لایەن نەوەی نـوێی شیعرو ئەدەبیـاتی کـوردیەوە, بـووە هـۆی چەکەرەکردنی تۆوی یـاخیبوون و هەڵگەڕانەوە لە پێوەنـدی سیاسی و نەریتی چینـایەتی و نـاوچەگەریێتی بـاوو, هەژموون گەرایـی ئـاین و ڕێگـری و بەربەسـتە ڕەگەزییەکـان, بـۆ ئەم مەبەستەش هەر لەسـەرەتای حەفتاکـانی سەدەی ڕابردوودا سەنگەری شیعرو سەنگەری شۆڕش لێکدران و پرۆسەی خەبـاتی ڕۆشنبیری کوردی بەشێوەیەکی مەیـدانی کەوتە بەردەم داهێنـان و ئەزموونی گەورەو شـاکاری ئەدەبی زینـدوو وخۆڕاگر کە هەرگیـز ئـامادەی بـێ دەنگــی نەبــووەو ئیــرادەی خــودی نووســەرو جەماوەریشــی ڕادەســتی کۆنە پــارێزی و سیاســەتی ملهــوڕی نەکردووە.(هەروەها لەبەرئەوەش کە ئەو هەوێن و کەرەسەی بیرو وێنەو شێوازو شێوەو مەبەست وئامانجانەی لە شیعری ڕیالیزمیدا پێویستن وبەکـاردێن بـریتین لە مەسـەلەی گەل و ئـازادی وەمـاف و دادو ئاشـتی و برایەتـی وکاروبـاری کـۆمەڵایەتی و مرۆڤـایەتی وچینـایەتی و هەمـوو ئەو دەردو نـاسـۆریانەی لە کۆمەڵگـای نەخـۆش و دواکەوتـووو دیلـدا تەشـەنەیان کـردووە.)[3] بـۆیە هەروەک دەبینـین یاخیبوونەکـانی دوایـیش هەر لەسـەر ئەم

١- د.هیمدادی حوسێن - ڕۆژنـامەوانی کـوردی - گۆڤـاری هیـوا- ١٩٥٧- ١٩٦٣ - بەرگـی یەکەم -چ١ - چاپخانەی ئـاراس - ٢٠١٠- هەولێر - ل[٦٠]

٢- هـ .س .پ .ل[٨٣]

٣- حەمە حەمە ئەمین قادر - کاروانی شیعری نوێی کوردی - بەرگی یەکەم - چ٢ - چاپخانەی (حسام) - بغداد - ١٩٨٠ - ل[٥٦]

مەسەلانە ڕەنگیان دابووەوە, کە هوروژمی مۆڕاڵیان بۆ جەماوەر دەهێناو زیاترو موکومتر ڕەگوڕیشەیان لە دڵ ودەروونی خەڵکیدا دادەکوتا, بەدڵنیاییشەوە هەموو ئەم هەڵچوونانەی لە نێو شیعری هاوچەرخدا فوارەیان کردووە بەرئەنجامی فشاری دەروونی و تەسکبوونەوەی مەودای ئازادی ڕادەربڕین و گرمۆڵەبوونی تەنگەژەی سیاسی وکۆمەڵایەتییەکانە.کەواتە یاخیبوون لە خنکبوونی کەش وهەوای دیموکراسی و گەفکردن لە مافە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دەکەوێتەوە, هەروەک (علاء ألدین سجادی) لە(مێژووی ئەدەبی کوردی)یەکەیدا دەڵێت :(ئاشکرایە هەتا هێزی گوشین زیاتر بێ تەقین زووتر ئەقەومێ, هەتا هێزی گوشین زیاتر بێ دەنگی ئەو تەقەیە زۆرتر بەرز ئەبێتەوە, هەتا بای پێچەوانە توندرتبێ دەنگی گڤەگڤەکە قایمتر ئەبێ,منداڵ, یاکەسێکی تر هەتا لێیدەیت دەنگی گریانەکەی زیاتر ئەڕوا, ئەگەر ئەم هێزانە هیچیان نەبوون نەدەنگی تەقین ونەدەنگی گڤەو نەدەنگی گریان بەر گوێی کەس ناکەوێ.)[1] بەوپێیەی کە شیعریش بوونێکی مەعنەوی هەیەو بە چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژی وسۆسیۆلۆژی دەورەدراوە, بۆیە کاتێک پاڵەپەستۆی دەکەوێتەسەر, ووشە ناکۆکەکان بەیەک دادەدات و کانگای ئەندێشە واتایە بەدینەهاتووەکان دەخاتە خزمەت وەسفێکی ئەدەبییانە بۆ نارەزایی و,سەرکێشانە لە پەیڕەوە داڕێژراوەکان هەڵدەگەڕێتەوە, ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕاپەڕینێکی ڕۆشنبیرییە, کەلەکاتی بڵاوبوونەوەو بانگەوازیکردندا هێندەی شەقڵی چین وتوێژێک وەردەگرێت ئەوەندە ناچەمێتەوە بۆ خواست و مەرامە تایبەتی و کەسییەکانی شاعیر , بەڵکو شاعیر لێرەدا سەرسامکەرو وزە پێدەرێکی بە توانایە, کەشانە یاخیبووەکان ئامادە دەکات بۆ شۆڕشێکی شیعری.(ئەم شۆڕشە شیعرییە گەلێ بەندو باوی پووچ کردەوە سەلماندی کە شیعری کوردی نەوەستاوەو ناوەستێ چونکە ئەو کۆمەڵە شاعیرە بە توانایەی ئەو سەردەمە کە تا ئێستاش بەردەوام دەنووسن و بەرهەمی ڕەسەن پێشکەش دەکەن لەو باوەڕەدابوون لەو باوەڕەشدان کە دەریا چەند قووڵ بێ ئەگەر ڕابوەستێ بۆگەن دەکات.)[2] بۆیە یاخیبوونی خۆیان لە تەواوی پرۆسەی شیعریدا ڕاگەیاند, بەو مانایەی چیتر بەدیار مۆڵخواردنەوەی حەزە زگماکییەکانیان دانەنیشتن و, لە سوێی تینوێتی ئازادییە جۆربە جۆرەکانیاندا, یاخیبوونی شیعریان کردە بەدیلی سەرابستانە خەیاڵییەکانیان,لەم ڕووەشەوە شیعری هاوچەرخی کوردی لەبەرەیەکی پێچەوانەی دژ بە ئاڕاستە کەچ بین ودەست بڕو خوێن مژەکان پێگەی هەمیشەیی و هونەری خۆی دامەزراند, دواتر هەر لەم پێگەیەوە بۆ بالاتر ئارەزووی نواندو تامەزرۆییە ئاگرینەکانی ناخی جەماوەری دامرکاندەوە.(بەم پێیە, نیشانەی هەرە دیارو ئاشکرا لە شیعری شاعیرانی نەوەی نوێدا, کەجێگەی شانازی هەرە گەورەشیان بێت ئەوەیە کە ئازایانەو دوور لە ترسی دەستەڵاتی سامناکی حووجی درۆو تەڵەکەبازی ناو کۆمەڵەکەیان, جێ پێی خۆیان دیاری ئەکەن و ڕستێک درۆو درۆزنی هەم زل و هەم زەبر بە دەست بە درۆ ئەخەنەوە.)[3] بەم چەشنە دەتوانین بڵێین شیعری

---

١- علاء ألدین سجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی - چ٢ - چاپخانەی معارف - بغداد - ١٩٧١ - ل٢٢٣

٢- ئامادەکردنی هێرش- چاوپێکەوتن لەگەڵ لەتیف هەڵمەت - شیعر شکاتنامەی منە - ڕۆژنامەی هاوکاری - ژمارە- ٩١٠-١٩٨٧ - ل٧

٣- حسێن عارف - گیانی یاخیبوون وبەگژاچوون لە شیعری نەوەی نوێماندا - گۆڤاری ڕوانگە- ل٦٥

هاوچەرخمان بە دوو قۆناغ لە وەرچەرخانی گەورەدا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە ئەم ڕۆژگارە, ڕەچەشکێنی بەرایی بە ڕابەرایەتی (گۆران) لە ساڵانی پەنجاکاندا بۆ تێکشکاندنی فۆڕمە شیعرییە تەقلیدییەکان هاتە کایەوە, ڕەچەشکێنی دوای ئەوە لە سەرەتای حەفتاکاندا زەنگوڵی لێداو کەوتە گمین بۆ سەر لەدوونانی کپی وخامۆشی و زینددووکردنەوەی ڕاسپاردە شیعرییە هەست بزوێنەکان, ڕاهاتن لەسەر ئەم شێوازە نووسینە, بڕوابەخۆبوونی شاعیرانی پتەوترکردوو جورئەتی دەرچوون لەسیاقە داسەپاوەکانیشی پێ بەخشین کەواتە.(لەدوای ساڵی ١٩٧٠ وە ئەدەبێکی تازە پەیدابوو کە تەعبیر لەو بیرو ئەندێشەو ڕووداوانە بدات کە ئینسانی کورد تیایانا ئەژیا, شیعریش بە شێوەیەکی باش پێشکەوت, شیعرێکی وا هاتە ناوەوە کەلە شیعرەکانی(گۆران)یش جیاوازە, ئەو جیاوازی و تازەبوونەوەیەیە کە بینای شیعری نوێی کوردی پێک دێنێت.)[1]لە نموونەی یاخیبوونە شیعریەکانی ئەو سەردەمەش لە ژمارە-٢- ی گۆڤاری(ڕوانگە)دا ئەم دەقانە دەکەونە بەرچاو, هەروەک(سامی شۆڕش) لە شیعری(سێ برگە خەمی یاخیبوو)دا دەڵێت:

( دڵم لوولەی تفەنگێکی یاخیبووە...
بەمووچڕکی ئازاری ڕەش... دەروون پڕە
سوێی برینی چاوی مێژووم... سارێژ دەکات
وشەم ...هەرەس هێنانێکی چیای ئاگرە...
تیشکی گەرم- بۆناودڵی سەهۆڵی سەر چەکوشەکەی ..
کاوە دەبات!)[2]

لێرەدا دەبینین ئاستی یاخیبوونی شاعیر دەگاتە ئەوەی (دڵی) دەکات بەچەکی یاخیبوون و ئازاری (دەروون) مووچڕکی پێ دەگرێ و(ووشە) کانیشی چیایەک لە ئاگر پێک دێنێت و گەرمی دەدات بە چەک وچەکوشی دەست کاوەو کاوەئاساکانی کورد,پەڕینەوەی ئەم هەورە گرمەو بروسکەلێدانە شیعرییانە بۆ سەر ساڵانی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووش هەر بەردەوام بوو, وەتادەهات دەست ڕۆییەکانی شاعیران بەرفراوانتر دەبوو, وەپەنجەیان بۆ هەر زامێکی قووڵ بردایە دەنگی ئازارو هاوارێکی تووڕەو توندیان لێ هەڵدەستاند, واتە شیعریان کردە پێشڕەوی هەموو ئەم کودەتا فیکرییانەی دەرحەق بە نارێکی و نایەکسانی و نامرۆڤایەتی سیاسەت و کۆمەڵگەی سک پڕ بە داب ونەریت ئەنجام دەدران,لەنموونەی بەرزی ئەم جۆرە شیعرە تەقیوانەشدا کۆپلەیەک لە شیعری(ئەگەر ڕێت کەوتەوە بێرکۆت) ی شاعیر (موحسین ئاوارە) لەدیوانی (گوڵناز) دەڕوانین کە دەڵێت:

(بابەگوڕ گوڕ خامۆش نابێ
دوژمن بارتەقای دەریابێ
ڕێ ی بەرەو(بانە)چۆڵ نابێ

١- مستەفا صالح کریم - شاعیری زریان و وتو وێژێک - چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر - ڕۆژنامەی عێراق - ژمارە- ١٩ -١٩٧٨ - ل[٤]
٢- حسێن عارف - گیانی یاخیبوون وبەگژاچوون لە شیعری نەوەی نوێماندا - گۆڤاری ڕوانگە– ل[٣٤]

تا تاقە پێشمەرگەیەک مابێ

کچە کوردی دیاربەکر

مارە براوی کوڕەکوردێکی ئامێدی

هەر لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر

سنوور تەلبەند کەن

ڕێناسی ناوچە بێ سەر کەن

چی تخوب وهێڵی دەستکرد هەن

دەیبەزێنین و دەیبزێنین

ئەم بووکە بۆ ئەو زاوایە

دێنین و دێنین و دێنین

هۆ لایلایە کوردستانە شیرینەکەم هۆلایلایە)[1] -١٩٨٧- هەولێر

کاتێک شاعیر سەرسەختانە یاخی دەبێ, هەموو سنوورە دەستکردە سیاسییەکان ڕەتدەکاتەوەو, جارِی یەک پارچەیی خەڵکی کوردستان دەدات, کچێک لە دیاربەکرەوەو کوڕێکیش لە ئامێدیەوە دەکاتە سومبوڵێک بۆ ژووانی ئازادی, پێشمەرگەش وەک کڵپەو گڕی بابە گوڕگوڕ بۆ مەشخەڵی زەماوەندی بەیەک گەیاندنەوەی بەشە داگیرکراوەکان دەناسێنێت.(بەو پێیە شاعیرانی کورد هەمیشە هەڵوێستێکی فیکری و نەتەوایەتییان بەرامبەر بە کۆمەڵ وەرگرتووە, لە هەمان کاتیشدا هەندێک لە شاعیرانی تر هەڵوێستی فیکری تایبەت بە خۆیان هەبووە سەرباری ئەوەش بەمەبەستی گۆڕینی چەمکە کۆمەڵایەتی و نەریتە ناشایستەکان پەیامێکیان بە خەڵکی گەیاندووە.)[2] وە هەندێ جار شاعیر ڕوو لەخۆی دەکات و لەگەڵ خۆیدا مەنەلۆگێکی شیعری دەسازێنێت, وەبەم هۆیەشەوە تیشکۆی سەرنجی بۆ هێڵە جیاکەرەوەو تایبەتمەندەکانی خۆی چڕدەکاتەوە, وەک ئەوەی بیەوێت شوناسی ئەدەبی خۆی ڕەخنەگرانە لە نێو خودی بەرهەمەکەدا بخاتە ڕوو, جالەم حاڵەتەدا ناوەرۆکی دەق جگە لەبابەتیبوونی خۆی جۆرێک لە بەرهەڵستکاری نیشان دەدات دژ بەنۆرمی ئاسایی شیعر دارشتن, واتە شاعیر لێرەدا دوو ئامانج دەپێکێت لە یەک کاتدا, بۆ نموونە کاتێک شاعیر یاخی دەبێت, لەپای ئەوەی پلەی گەرمی شیعرەکەی بەرزکاتەوە تاڕاددەی هەڵچوون, دێت وەسفی ئەم یاخیبوونەی دەکات,(فەرید زامدار) لەم چەشنە دەربڕینەمان پێشکەش دەکات و دەڵێت :

(تادیکۆری

هۆنراوەیەک دادەڕێژی

هەرچی ووشەی یاخی هەیە

---

١- موحسین ئاوارە - گوڵناز - چ١ - وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ وبڵاوکردنەوە - سلێمانی - ٢٠٠٣ - ل٩٢

٢- د.ئازاد عەبولواحێد کەریم - سۆسیۆلۆژیای ئەدەب - چ٢ - چاپخانەی کارۆ - کەرکوک -٢٠١٣ - ل٢٧٠

دێنە سەرپێ

ووشەی خەتەر

شیعری خەتەر

زمانی خەتەر

لەعەشقێکی مەزندایە...)[1] -١٩٨٢-

ئەوەی گرینگ بێت بۆ دیاریکردنی جێ پەنجەی شیعر بەسەر ئاکام وئاینـدەی ڕووداوو پێشهاتەکان ئەوەیە کە کاتێک ئەدەب یا شیعر لە واقیعی حاڵ دەتۆرێت و ویژدانی مرۆڤ دێنێتە دەنگ ئیتر(وشە یاشیعر یازمان) ی (خەتەر) ی شاعیر دەگـۆڕێن بۆ(عەشـقێکی مەزن)و لە قـوڵایی نـاخی شۆڕشگێڕاندا دەبـنە پـاڵنەر بـۆ جـوڵانی جەستەیی وفیکـری, پاشـانیش لەگەڵ برەوسـەندن وبەردەوام بـوونی ئەم کـارلێکە پێچەوانەیەی نێوان شـاعیرو شۆڕشـگێڕ,چەک وقەڵەم دەبـنە دووانەی هاوسـەنگەرو هاوخەبـات بـۆ لێـدانی گشـت بـن بەسـت و بەربەسـتە کـۆمەڵایەتی و سیاسـی وئاینییەکـان, بەمەش لەوە تێـدەگەین کە شـیعر بەهـۆی سروشـت و پێکهـاتە گەیەنەرو موگناتیسیەکەیەوە لە ڕووی پەیام بردن وسەرنج ڕاکێشـاندا پەیتـا پەیتـا بەسـەر پلیکـانەی نەبەردی دەکەوێت و لە هۆشداریدان و یاخیبوونەوە هەڵدەکشێت بەرەو ڕەچەشکاندن لەهەر بوارێکدا.(بەمەیش "ووشەو کـار" ئەبـن بە جمکانەیەک ولەیەک دابڕنابن و ناکرێن, نا بەڵکو ئەشبن بە بنچینەیەکی پتەو, بۆ خۆ ئامادەکردنێکی گورج بۆ "شۆڕش"ێکی گەورەی مرۆڤـایەتی, لەپێنـاوی داهێنـانی شارسـتانیەتێکی بەرفراوان بـۆ ئەو مرۆڤـایەتی یە.)[2] کە بتوانێت پێ بە پێ لەگەڵ پێشکەوتنەکان بڕوات و ئـاڵۆزییەکـان تێبپەڕێنێت.بێگومـان بەدیهێنـانی دیموکراسـی وتەنـاهیش لە هـیچ کۆمەڵگەیەکـدا بەبـێ شـۆڕش و قوربـانیـدان نابێـت وە هـیچ هەڕەشـەکاری و لە قـاوغـدانێک تـاسەر درێژەی نابێت ئەگەر هەموو هێزوو هێزو تواناکـان یەک بخرێن و, سـەرخان و ژێرخـان بخرێنە خزمەتـی بەها مرۆڤایەتییە گشتییەکان.

ج- قەدەغەشکێنی وجۆرەکانی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا: ١٩٨٠ — ١٩٩١ :-

دوای ئەوەی شیعری هاوچەرخ لەئەدەبیاتی کوردیدا قۆزاغەی ڕەنگاوڕەنگی بۆ نمایشکردنی چەند مەسـەلەیەکی جیاواز کردەسەرو لە نوێترین شکل وشێوازیشدا بەبەرگێکی تـازەوە, بەرسڤێکی تونـدی دەدایە هەر گەمارۆدانێک کە بەرتەنگی دروستبکات, ئیتر لەوە بەدوا, نـاڵە ئەبـوو بەڕەهێڵەی شیعرو شەرمیش ئەبـوو بە شـەوارەو زریـان, کەهەرچی زاڵ و زەواڵ هەیە ڕایـدەماڵێ و ووشـە دەست بەسەرکراوەکانیشـیان لە میحرابـی داپۆشین وکوفرانـدن دەردەهێنـاو لەبەرۆکـی دەقێکـی شیعری واڵاو هەرزەگۆیـان ئەچەقـاند, بـۆیە شـیعری هـاوچەرخی کوردیمـان لە نامۆترین پێڕستی خۆیدا ئەوەی ڕاگەیاند کە داڵدەی هیچ جۆرە قەدەغەکاری و سەرکوتکارییەک نـادات , بەڵکو تێدەکۆشێت لە پێنـاو ڕەخسـاندنی سوکنایی دەروونـی و کەشێکی لەبـارو کـراوە بـۆ ئـاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان

---

١- شیعری فەرید زامدار - مطبعە ثقافە وألشباب - بغداد - ١٩٩٠ - ل٢٠٠

٢- محمود زامدار - شیعرو بەرهەڵستی وڕاچەنین لە کوردستانی ئێراندا - مطبعە جاحظ - بغداد - ١٩٨٩- ل٦

وبەرهەڵستیكردنی تۆقاندنە ڕامیاریەكان و فشارە ئاینییەكـان.(هەر بۆیەشە "ئەدەبی بەرهەڵستكار" و "فیكری بەرهەڵستكار"و"كاری شۆڕشگێڕانە" تاكە چەكێكە بۆ بنیاتنـانی ویـژدان ونیهـادی نویٚ و پـاكی مرۆڤـی چەوسـاوە. مەبەسـتیش لەو ئەدەب وفیكـرو كـارە, ئەو پێشـبینییەیە كە مرۆڤـی ڕوونـاكبیر لەژیـان ودژی چەوسـاندنەوەی چەشناوچەشن هەڵی ئەخات وئەیكاتە ئامرازێك, ئامرازێكی پاڵەوانانەی وا كە مرۆڤ بەرەنگـاری ئاوزینگدان و مەرگ بێـتەوەو بەوپەڕی لەخۆبـوردنەوە, بەرگـری لە مـافی خـۆی و لە خـاك ونیشـتیمانەكەی لەگەڵ بەهـاو پاشـەڕۆژەكەی بكـات.)[1] لە ئەدەبیـاتی كوردیشـدا جـگە لەو تایبەتمەنـدییانەی كە شیعری هـاوچەرخ هەر لە حەفتاكانی سەدەی بیستەمەوە بەخۆیەوە گرتبـوو, كەچی ساڵانی دەیەی هەشتاكان هێشتا جیـاوازترو ئـاڵۆزتر یاری بەئاگرو گرێكۆڵە نەریتی و ئایـدۆلۆژییەكان دەكرد,چونكە ئەم دەیەیە لە لایەک ئاسەواری بەرگریكـارانەو شۆڕشگێڕانەی حەفتاكـانی لەگەڵ خۆیـدا هەڵگرتبـوو لەلایەكیتریشـەوە كەوتبـووە بەردەم واقیعـی حـاڵێكی تـاڵ ونەگـریس بەهـۆی شـاڵاوە وەیشـوومەكانی جینۆسـایدو ئەنفـال و كیمیابـاران , لەم نێوەندەشـدا دەبـوا هەڵگـری زمانێكی توندو زبربێت بۆ ئەوەی قۆناغێكیتر بچێتە پێشەوەو ئامێز بـۆ سەرجەم بیـروڕاو دەربڕینەجۆراوجۆرەكـان بكاتەوە وە زیاترو بەجۆشتر گویٚ لەدەنگ و داخوازییەكـانی میللەت بگرێت, بەدڵنیاییشەوە شیعری ئەم دەیەیە تـوانی ببێـتە سـوتووی ئەم خۆڵەمێشـە بە تـین وتـاوەی كە شەنگەسـتە شـەختەییە داسـە پاوەكان بتـوێنێتەوەو جـارێكیتر ووشـەو دێـڕە پەڕێنراوەكـان بێنێـتەوە نـاو فەرهەنگـی دەق, لەبەر ئەوە دەبینـین كە.(لەناوەڕاسـتی هەشتاكاندا شێوەی بیروبۆچوون ولێكدانەوەی شاعیران خوێنێكی تـازەی هەڵسووڕاندە نـاو جەستەی شیعری كوردی و بـابەتەكـان بەرەو مەعـالیمی تـازە دەچـوون.)[2] ئەم هەڵ ومەرجـانەی دەبـوونە خەزێـنەی خـولقێنەر بـۆ شـاعیر وایـان دەكرد شاعیر بەرەو دابڕان لە خوودیبـوون بـڕوات ومەیلی ململانێكـردن لەگەڵ ستوونە چەقێنراوەكـانی ئەو سـەردەمە بكـات.كەواتە هەتـا نـاكۆكی و دووركەوتـنەوە لەنێـوان میكـانیزمە بەكاربراوەكـانی شـیعرو بنـاغە بەكۆنكریت داڕێژراوەكـانی كۆمەڵگە زیـاتر بێت, هێنـدەیتر شـاعیر ڕق ئەسـتوور دەكـاو دایـدەماڵێ لە پەیوەست بـوون بە دەسـتوورو یاسـا گشـتییەكان, هەشـتاكانی سـەدەی ڕابـردووش لەكوردسـتانی عێراقـدا پڕاوپڕبـوو لەم قەیرانانەی كە مرۆڤـی كوردیـان تیـا دەچەوسایەوە, قەدەرێكـی تـژی لە كارەسـاتیان بەسـەردەهێنا, شـاعیرانیش وەكـو تـاكێكی هەسـتیارو كـاریگەر بە دۆخە نائاسـاییەكان, هەمیشـە لە بۆسـەدابوون بـۆ بە نـاقۆلا(إدانە)كردنی سیسـتەمی سێكتەرە داخراوەكـانی نێـو ئەم دەیەیەی ئەوسـای كوردسـتان,ڕووناكبیرانیش خۆیـان گەواهـی بـۆ ئەوە دەدەن كە.(هەرگیـز شـاعیر نـاتوانێ بەبـێ جیـاوازبوون لەگەڵ جیهـان شیعر بنووسێ ئەگەر هەوڵـی ئەوە نەدا, كەشـیعر بەنــاو شــەبەنگی هەزار ڕەنگــی دژەرێســای جیهانــدا نەبــات , چــونكە لەوێ دەتــوانێ قســە لەگەڵ نهێنییەكـانی خـۆی بكـات و لەوێ دەتـوانێ تیمـا مرۆییەكـانی شیعر بـدۆزێتەوە.)[3] شـاعیران و بـوێژانی بەر لە

١- هـ. س .پ .ل[٦]

٢- د. هیمدادی حوسێن- بزووتنەوەی ڕوانگەو شاعیرانی حەفتاو هەشتاكانی هەولێر -چ١- چاپخانەی كارۆ - كەركوک- ٢٠١١ - ل[٨٣-٨٤]

٣- هـ .س .پ .ل[٨٧]

ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستانیش بەوپەڕی بوێری و لەخۆبوردەیی یەوە سەرەڕای چواردەورگیرانیان بە هەزاران شوورەی دروستکراوی نەگۆڕ, تەلدرە هەڵچنراوە کلتووری وسیاسی و نەریتییەکانییان پساندو,بەشمشێری ووشەکانیان کەوتنە وێزەی تەوتەمو تابۆکارییەکان, ئەم هەڵمەتی لە فۆڕمو نۆڕم دەرچوونەش بەسەر چەند تەوەرێکی سەرەکیدا دابەش بوو کە لە گرینگترینیان ،شکاندنی هەژموونگەرایی دەسەلاتی حوکم گێڕان و بڤەو عەیبەی ئاین و کۆمەڵگایە, ئەمەش لە هۆنراوەکانی چەند هۆنەرێکی دیدگا تیژو خەیاڵ فراوان و وورە بەرز بە ڕوونی وئاشکرایی یەوە دیارە.

## ١- دەقی ئیرۆتیکی:

بەرلەوەی ئیرۆتیک یاخود دەربڕاوە بێ پەردەو ڕووتەنەکان,ختووکەی شیعر بدەن و بزەی حەز بخەنەسەر لێوی خوێنەر, پێویستە ئەوە بزانین کە ئایا بۆچی شاعیر وروژانە هەستی و سێکسییەکان دەڕژێنێتە نێوگۆمەزی دەق؟ یانیش ئایا کولانەی دەق ئەو پەناگە ئارامەیە, کەڕەمەکە بنجی و سرووشتییەکانی مرۆڤ تێربکات یان دایبمرکێنێتەوە ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەمان پشت بە تیۆرە دەروونیەکان دەبەستین و دەڵێین: مادام سێکس و دەرهاویشتەکانی لایەنێکی سەرەکی لە هەست ونەستی ئادەمیزاد پێک دەهێنن, وەبەو پێیەش کە ئەدەب دوورینەوەی ویست وئارەزووە بنجی و چێنراوەکانە لەبەرئەوە.(چەپاندنی سێکسی هەموو ئەو حەزوئارەزووە سێکسیانەیە, کە نەهاتوونەتە دی و لەناخی دەروونی شاعیردا ماونەتەوەو لەکاتی نووسینی شیعردا زۆرجار بەئاگایی و زۆر جاریش لە بێئاگایی هاتوونەتە نێو دونیای شیعرەوە.)[1] ئەگەر لە دەرەوەی شیعرو دەقی ئەدەبیشەوە سەیری مەسەلەکە بکەین دەبینین لە هەردوو ڕەهەندی "کردەیی ونووسینەکیدا" دونیایەکی یەکجار فراوان و فرە لق لەخۆ دەگرێت, بەو واتایەی ئیرۆتیکی کردەیی دەچێتە نێو چەند مەغزایەکەوەو لەچەند دەروازەیەکەوە دەردەکەوێت بۆ نموونە دەشێ کردەیەکی سێکسی هەر لە ماچێک وڕوانینێکی ڕۆمانسیانەو چێژ وەرگرتن لە بینینی فیلمێک یا دیمەنێکی سێکسی تا دەگاتە جوان پەرستی و گۆڕینەوەی چپەی سۆزدارانەو ئەنجامدانی سەرجێیی دەگرێتەوە کە بە هەمامان شێوەی" ئیرۆتیکی نووسینەکی" بەپێی بەندو باوەکانەوە بە سانسۆرکراوە.

"دڵشاد عبدالله" لە کتێبی "ئیرۆسکێ" کەیدا دەڵێت :(یەکەم ژن کە کراسی تا سەرووی ڕانی شەقکردوو بەو تلێشە سەرنج ڕاکێشەوە سەمای کردو ڕان وپشتی ڕووتی خۆی نیشاندا لای من یەکەم یاخیبوونی شۆڕشی ئازادی لەش بوو لە دژی شەوی دەسەلاتی سیاسی وکۆمەلایەتی وئاینیدا.)[2] ئیرۆتیکای نووسین و ئەندێشەی ڕۆمانسیانەش لە ئەدەبداو لە چەند نووسراوێکی مێژووی و فۆلکلۆری و کتێبە ئاسمانییەکانیشدا بە پێی پێویست لای لێکراوەتەوە, بەلام ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ئەدەبدا, لە شیعر بە دیاریکراوی بە ئەندازەی کردارە ئیرۆتیکییە قەدەغەکراوەکان گوشاری لەسەرەو,درکاندن وناوهێنانی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ هێندە

---

١- د .هاوژین صلیوە - ڕەهەندی دەروونی لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەت - چاپخانەی ڕۆژهەلات- چ١- هەولێر-٢٠١٣ - ل٢٠٣

٢- دڵشاد عەبدوڵڵا - ئیرۆسکێ - چ١ - دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم - سلێمانی - ٢٠٠٥ - ل٩

شەرمەندەیە کە ئەگەر شاعیر بەکاریانبهێنێت لە دەقدا بە لادان وڕەچەشکاندن بۆی دادەنرێت, ناوو ناتۆرەی ناشیرنی دەدرێتە پاڵ, هەندێ جاریش لە لایەن دەستەو تاقمی سەر بە دەسەلات یان کەسانی تاریک پەرستەوە سزای توندی بۆ دەبڕدرێتەوە, کەچی دەبینین ڕاشکاوانەو بێ پەردە.(لەناو کتێبە پیرۆزەکاندا لێرەو لەوێ شەوق وبریسکەی لەش دەرکەوتووە, سلێمان پێغەمبەر لە سروودی سروودەکاندا دەقێکی ئیرۆتیکی پیرۆزی ئێجگار جوان و دانسقەی تۆمارکردووە,سروودێکی بۆ خرۆشاندنی لەش گووتووە, هیچ کەسێک نەیوتووە, ئەو دەقە دەچێتە خانەی ئەدەبی ڕووتەوە, هێندە سەرامەدانە باسی سک ومەمک و ناوڕانی ژنی کردووە ئێستا جورئەتی ئەو ڕاست وڕەوانییە لە دەربڕیندا نابینرێ.)[1] وە ئەگەر هەشبێ یەکسەر وەکو شیعرە هەجووە کلاسیکییەکانی(شێخ ڕەزا) لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا پێی دەڵێن "ئەم شیعرانە ڕووی مەجلیسیان نییە" و لەکتێبخانەکاندا گۆشەگیر دەکرێن, بەڵام ئەوەی مایەی خۆشحاڵی بێت ئەوەیە شیعری هاوچەرخمان لە دوای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە حەفتاکان بە دواوە کەوتە گەڕان بە دوای ووشەی تازەو نامۆو بەکار نەهاتوو لە دەقداو, بەتایبەت قەصیدە پەخشانییەکانی ئەو سەردەمە, جەستەی شیعریان بە ووشەی وروژێنەرو کاریگەر ڕووت کردەوە.(لە هەشتاکاندا ئەو جۆرە شیعرە بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئەدەبی کوردیدا دیارکەوت, پێشتر چەند هەوڵێکی کەم درابوو.)[2] لەم بارەیەوە, بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر پشت بە هەندێ لەم دەقە ئیرۆتیکیانە دەبەستین کە لەو دەمەدا سەرەڕای مقۆ مقۆو تانەو تەشەری ئەملاو ئەولای دژبەرەکانیان کۆڵیان نەداو گوڵچنی ووشەکانیان گەیاندە لووتکە لە شیعری نوێی هاوچەرخدا.(سەباح ڕەنجدەر) کە یەکێکە لە شاعیرانی دەیەی هەشتاکان لە کۆتایی قەصیدەی (سزای هەمیشەیی) دا بەچەند ووشەیەکی ئیرۆتیکی لە ژوان وئاوێزانبوونی ئادەم و حەوا لەگەڵ یەکتردا دەخاتە ڕوو دەڵێت:

( ...ئاژەڵێکی دڵنیا لە کێڵگەی ناو ئاوێنە دەلەوەڕێ

ئادەم بە ڕووتی حەوای بوو

بە ڕووتیش نووشتایەوە سەری

لەسەر زەمین شتەکان یەکەمجاریانە دەبنە ڕووداو.)[3] -١٩٨٧-١٩٨٩-

لەم کۆپلەیەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کەهەردوو وشەی "ڕووت , نووشتایەوە سەری" جگە لەوەی ڕەچەشکێنیە لە دەربڕیندا لەگەڵ ئەوەشدا دیمەنێکی سێکسی تەواوە, هەروەها کارپێکردنی هەردوو کارەکتەری (ئادەم وحەوا)ش لە پرۆسەکەدا, هەمدیس ڕوویەکیترە بۆ هەڵگرتنی تابۆی سەر چەمکە پیرۆزکراوەکان, هەندێ جاریش وێنە ئیرۆتیکییەکان ڕەنگدانەوەی باری دەروونی شاعیرن و دەربڕی ئەو بارە ناجێگیرەن کەلەنەستی شاعیردا ئامادەگیان هەیە , لەم حاڵەتەشدا سۆزو ئەندێشەی هۆنەر دەبنە پاڵنەر بۆ ئەفراندنی وێنەی هونەری دژ بە

---

١- هـ .س .پ .ل٩

٢- هـ .س .پ .ل٦٢

٣- سەباح ڕەنجدەر - ڕووەکەکانی خواوەند - چاپخانەی ئۆفێستی هەولێر- هەولێر - ١٩٩٩ - ل٢٦

واقیعی باوو داسەپاو.(بەم جۆرە وێنەی دەروونی خۆی لە خۆیدا کلیلێکە بۆ چوونە نێو هەڵچوون و بارە تایبەتییەکانی شاعیرو ئاشنابوونمان پێیان.)[1] لە هەرجۆرە لادان و زێدەگۆییەک لە دەقدا, لە نموونەیەکی بەرچاودا(کەریم دەشتی) شاعیر لە قەصیدەی "ستوونەکانی با" دا لەچەند دێڕیکدا, حەزەناخەکییەکانی دەخاتە نێو وێنەیەکی دەروونیەوەو دەڵێت :

(...وەرە خۆت ڕووت کەوە لەبەربای کۆڤانم ڕاکشێ
چەند خۆشە باران و ئەدگارت تێکەڵ بن
کەون بۆمان بگری وبسکی خۆی هەڵپاچێ)[2] -١٩٨٦-

لێرەدا زۆربە ڕوونی هەست بەم گرێیە دەکرێت کە شاعیری گیرۆدە کردووەو, وایکردووە, حەسرەت کێشییەکانی بخاتە نێو زمانی شیعرو, لە چوارچێوەی وینەیەکی خەیاڵیدا , بچێتە ژوانی دلبەرو وەک ئەوەی کە خۆی بانگی دەکات و دەیەوێت بەجەستەی (ڕووت)ەوە بێتە ژێرباری هەوەس وگرژبوونەکانی , بۆ ئەم مەبەستەش (بای کۆڤان) دەکات بە وێنەی هەڵچوونە سێکسییەکانی خۆی و(تێکەڵبوونی باران و ئەدگاری دلبەریش) خۆشییە زۆرو ئارەزووکراوەکەی شاعیرن, چونکە دیمەنی گەیشتنی شاعیر بە لووتکەی چێژو پلەی ئۆرگازم پیشان دەدەن لە نێو دەقەکەدا, لەچاوپێکەوتنی ڕاستەخۆشماندا لەگەڵ خودی شاعیر بەم شێوەیە ڕای خۆیمان دەربارەی "ئیرۆتیک لەشیعردا"پێ ڕادەگەیەنێت و دەڵێت:(پیشەی شاعیر شکاندنی قەدەغەو تابۆو کۆت وپێوەندەکانە, بۆئەوەی بتوانێ فەزایەکی ئازاد بۆخۆی بخولقێنێ, "ئیرۆتیک" بەشێکی گەورەی ژیانی ئینسانە, لە پێداویستییەکانی مرۆڤە, پەیوەندییەکی گەورەی بە شیعرەوە هەیە , هەموو نەریتەکانی کۆمەڵگا خراپ نین, شاعیر هەوڵی ئەوەدەدات خراپەکان لەناوببات.)[3] جگە لەمەش بەبەراورد لەگەڵ دەقەکانی پێشوو دەبینین دەقی واهەیە کە لەبری ناوبردنی دەستەواژە نامۆکان بەشێوازێکی "وەسفی" پێناسی تابۆ شکێنی خۆی دەکات لە بواری ئیرۆتیکدا, بۆنموونە (فەرید زامدار)لە دەقێکی بێ ناونیشاندا دەڵێت:

(سێبەرە چەماوەکانم
دەنێرمە سەر خۆڵمێشی
ئاگرە هەڵنەکراوەکانی سەمای شەیتان
ڕەدووی قەدەغەترین خۆشەویستی خۆم دەکەوم
تا دوا دوورگە دوورەکانی
پشت خاکی شەیتانی شیعر
ڕادەکەم وڕاناوەستم !...

---

١- د. فەرهاد قادر کەریم - بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا - چ١ - چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر - ٢٠١٢- ل[٢٢٨]
٢- کەریم دەشتی - تەمەسپییەکانی ڕۆح - بەیارمەتی ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری ولاوان لەچاپدراوە- بغداد - ١٩٨٨ - ل[٥٩]
٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ (کریم دەشتی),- هەولێر - ڕێکەوتی ١ /٦/٢٠١٥

**نامەویٚ بە پیٚ بڵقەکانی گۆڕی شەیتان بچمە خواریٚ**

**تاڵەناو دڵی ژنیٚکی**

**نیوە ماسی هەڵدەنیشم ...)[1] - ١٩٨٠ —**

ئەوەی لەم کۆپلە شیعرەدا جیٚگای سەرنجە ئەوەیە کە شاعیر لە پشت چەند لیٚدوانیٚکی وەسفیەوە ویٚنە ئیرۆتیکییەکانی ڕادەگەیەنیٚت و ئەم وشانەی شویٚنە جەستەییە هەستیارەکان لە خۆدەگریٚت بۆ پیٚشنیگاکانی خویٚنەر جیٚ دەهیٚڵیٚت بەم پیٚیە لەم جۆرە دەقەدا خویٚنەر بەژداریٚکی کارایە لە ویٚناکردنی ئیرۆتیکیەتی بەرهەمە شیعرییەکە, وەدەربڕاوی(ڕەدووی قەدەغەترین خۆشەویستی خۆم دەکەوم..تا دوا دورگە دوورەکانی پشت خاکی شەیتانی شیعریش ڕادەکەم وڕاناوەستم!)ئەم ڕەچەشکیٚنییە فراوانەو فرە لایەنەیە کە شاعیر بە شیٚوازیٚکی نویٚ بانگەشەی بۆ دەکات. وەلە چاوپیٚکەوتنیٚکی ڕاستەوخۆشمان لەگەڵ شاعیردا لەوەڵامی پرسیاری(تاچەند شیعر دەتوانیٚ ئەم چیٚژانە بەرجەستە بکات کە لە جیهانی ناوەوەی تاکدا خولیای دەکریٚت؟) دەڵیٚت:(ئەوە لە شاعیریٚکەوە بۆ شاعیریٚکی تر دەگۆڕیٚت تیٚگەیشتن و تیٚنەگەیشتنی ئەو شاعیرە بەرامبەر ئەو وەزعە ئیجتیماعیە نەوعیٚکە, لای یەکیتر نەوعیٚکە, هەرکەسە بە جۆریٚک لیٚکدانەوەی تایبەتی خۆی هەیە ناتوانین بە شیٚوەیەکی مطلق باس لەم بابەتە بکەین.)[2] کەواتە ئەم جۆرە پەیڤینە لەمەڕ ئیرۆتیک لە شیعردا تایبەتمەندی شاعیر خۆیەتی و بەم شیٚوەیەش ڕای خۆیمان دەربارەی (ئیرۆتیک) پیٚ دەڵیٚت :(ئیرۆتیک لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا هەیە بە لام بویٚرانە نییە, چیٚژ هەر لە خواردندا نییە,چیٚژ هەر لەگەڕان وسوڕاندا نییە, یەک لەم چیٚژانە چیٚژی سیٚکسییە, حاڵەتەکە زۆر طەبیعییە بەلام لەلای موجتەمەعاتی دواکەوتوو یان لە لای ئیٚمەی کورد عەیبەیە چونکە موجتەمەعەکە قبووڵی ناکات, وەئیٚمەش ئەم کۆمەڵگایە نین بۆ قبوڵکردنی ئەم وەزعە ئینسانییە بەلام لە ئەوروپا مەوجودە.)[3] لە چەشنە وشەبازییەکی تردا بۆ نمایشی ئیرۆتیکای شیعری, سەرکیٚشیٚکیترمان لە شیعری هاوچەرخدا زۆر کەڕەت تیٚهەڵکیٚشیٚکی بازنەیی لە نیٚوان ناوەڕۆکی ئاینیانەو ئیرۆتیکیانە دەنەخشیٚنیٚت بە جۆریٚک پەیوەستیان دەکات بەیەکتر تا لە نیٚو یەکتریدا دەیانتویٚنیٚتەوە, وەقەدەغەو تابۆی هەر یەکیٚکیان بەویتریان دەشکیٚنیٚت, ئەویش "لەتیف هەڵمەت" ی شاعیرە, کە لەسادەترین ویٚنەی ئیرۆتیکیشیدا دەڵیٚت:

**( کچان یەکەمجار لە ماچ ئەترسن**

**دوای لەماریش**

**سڵ ناکەن ...**

---

١- شیعری فەرید زامدار - مطبعە ثقافە وألشباب - بغداد - ١٩٩٠ — ل١٨٢

٢- چاو پیٚکەوتن لەگەڵ (فەرید زامدار),-هەولیٚر - ڕیٚکەوتی ٢٠١٥/٦/١٠

٣- هـ .س .پ

ئەڵێن ماچ حەرامە

ئەی سۆفی بەچی بژی...)[1]

لێرەدا وشە یاخود وێنەی (مار) خوازەیە بۆ (زەکەر) ی پیاو, وەبەستنەوەی (ماچ) و(سۆفی)ش بەیەکەوە, دوو ڕەچەشکێنی بەهێزن لە بۆتەی تابلۆیەکی شیعری نیمچە ڕووتدا, لە هەڵگەڕانەوەیەکیتردا خولقاندنی هەندێ لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ لە خزمەت ئەنجامدانی چەند کردەیەکی سێکسیدا دەخاتە نێو بیناییمانەوە, وەهەر لەم پێناوەشدا سوپاسگوزاری خودا دەبێت و دەڵێت:

(خوایە سوپاس
پەنجەت بە دەستمان بەخشی
ئەگینا بەچی
مەمکی کچانمان دەگوشی
خوایە سوپاس
لێوت بە دەممان بەخشی
ئەگینا بەچی
مەمکی کچانمان دەمژی
خوایە سوپاس
ددانت بەدەممان بەخشی
ئەگینا بەچی
سەرگۆی مەمکی
کچۆڵانمان دەگەزی)[2]

لەجوانترین وبەرزترین وێنەو کردەی ئیرۆتیکیش لە شیعری هاوچەرخی کوردیماندا, شیعرە تەڕو ناسکەکانی "قوبادی جەلی زادە"دەبن بە پێشانگایەکی هونەری ڕەنگاو ڕەنگی ئەوتۆ کە زۆربەی لایەنە ئیرۆتیکییەکانی شیعر لە خۆدەگرێت وتائاستێکی پێویست و باش کێڵگەی وشکبووی ناخی ئارەزوومەندانی ئەم جۆرە ئەدەبە تەڕ دەکاتەوەو,ئاهێک بەبەر سینەی ساردو سڕکراوی تاکی بە حەڕام گەمارۆدراوی کورددا دێنێتەوە,شاعیر مرۆڤ وسروشت وسێکس تێکەڵ بەیەک دەکات و, ڕەگەز بۆ هەر شتێک دروست دەکات کە بە بەردەم بینینە جیاوازو نامۆو سەرنجە ڕووت کەرەوەکانیدا گوزەربکات,بەمەش توانیویەتی گورزی شیعری بەهێز لە قەراغە هەڵبەستراوە تابۆییەکان بوەشێنێت, لەمیانی چاوپێکەوتنێکی ڕاستەوخۆشماندا لەگەڵ شاعیر لە وەڵامی

١- لەتیف هەڵمەت - ددانی پاشەڕۆژ وەک ددانی جەنگ سپی یە - چ١ - وەزارەتی ڕۆشنبیری - سلێمانی – ٢٠٠١-ل٤٩٩
٢- هـ .س .پ . ل٩٥

پرسیارێکمان دەربارەی چیەتی و چۆنیەتی کارکردن لەسەر (ئیرۆتیک) لەشیعردا دەڵێت :(خەڵک جنس وئیرۆتیک تێکەڵ دەکات بەڵام "ئیرۆتیک": بریتییە لە ڕووتەمەنی یان جوانی پەرستی یان جوانی جەستە پەرستی, بەبێ ئیرۆتیک ڕەنگە نەتوانم هەر کاربکەم ,چونکە کاری من کارێکی ئیرۆتیکییە, لەمەجالی ئیرۆتیک کاردەکەم,ئیرۆتیک ئەو چرایەیە خۆمی پێ ئەبینم, دەوروبەری پێ ئەبینم, یەعنی لەسایەی ئیرۆتیک ئەتوانم شتی جوان بنووسم.)[1] ئەمەش لە سەرەتاییترین بەرهەم وکارە شیعرییەکانیدا کە دیوانی( قەڵەمێکی ڕدێن سپی)یە بەڕوونی دیاردەکەوێت, لەنموونەی ئەم دەربڕینانەشی دەڵێت :

ئێستە مەمکت...
دوو پشیلەی خڕی ماڵین
هەتا زێتر
دەستیان بەسەر سەرا بێنم
پتر چاوی حەز لێک دەنێن!
کەچی دوێنێ
دوو بارە کەوی کێوی بوون
هەتا شاباڵیم هەڵکێشان
سەد دەنووکیان دا لە دەستم !!)[2]

ئەمە پێدەچێ لە سادەترین وێنە شیعرییە کراوەو شەهوەت بزوێنەکانی شاعیر بێت, بەڵام ئەوەی شایەنی گرینگی پێدانە ئەوەیە کە شاعیر هەرتەنیا بە ئەفراندنی گرتە سێکسییە شیعریەکان ناوەستێت, بەڵکو بەسووربوون لەسەر ئەم ڕێچکەیە دەگاتە ڕەچەشکێنی تەواو,بەشێوەیەک جەستەو شیعر لە نێو یەکتردا دەتوێنێتەوە, کەڕۆحی هۆگران وخوێنەرانی ئاسوودە دەکات و تامەزرۆیی زیاتریان پێ دەبەخشێت ,شاعیر خۆشی لەوەڵامی پرسیارێکماندا کە ئەویش(پێت وایە شیعر دامرکاندنەوەیەکی ڕۆحییە؟) دەڵێت:(دەقێکی شیعری لای من وەکو مومارەسەیەکی سێکسیە, چۆن ڕۆح بەتاڵ دەکەیەوە لەخەمەکانت , ئاواش بەتاڵکردنەوەی حەزەکانی جەستەشی تیا ئەبینم , هەرچەندە بەلای منەوە روح وجەستە دوو دیوی دراوێکن هەرگیز لەیەک جیانابنەوە , هیچ شاعیرێکیش بێ نامەیەک شیعر نانوسێت, بەڵکو پەیامێکی هەیە.)[3]پەیامی "قوباد"یش لە دەقە ژن دۆستییەکانیدا هەر وەک خۆی دەڵێت:(گەیاندنی چێژێکە بە خوێنەرو ئەنجامدانی کارێکە کە پێشتر نەکرابێت.)[4] یان هیچ نەبێت لە ڕەوتی نوێگەری شیعری هاوچەرخماندا ,ڕەچەشکێنی خۆی بە (ئیرۆتیک)

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ(قوبادی جەلی زادە),- سلێمانی - ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/١٤
٢- قوبادی جەلی زادە - قەڵەمێکی ڕدێن سپی - بەیارمەتی ئەمینداریێتە ڕۆشنبیری ولاوان لەچاپ دراوە - بغداد - ١٩٨٨ - ل[11]
٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ(قوبادی جەلی زادە), - سلێمانی- ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/١٤
٤- هـ .س .پ

**تۆماربکـات, دیوانی(شـەهید بەتەنیـا پیاسـەدەکات) دەمانبـاتە نێـو ئەم جیهـانە تـایبەتەی شـاعیرو ئاشـنامان دەکات بە بوێرییەکانی لە هۆنینەوەی شیعردا لەوانەش بۆ نموونە لە دەقێکدا دەڵێت:**

**( ...وەرە بـاپێکەوە**
**سەربردەی سووتـانی ئەوکچە قەیرانە بخوێنینەوە,**
**کە شەوان لە نێو پێخەفی تەنیاییدا**
**ئەنگوستیـان دەکەن بە چەقۆی لەزەت و**
**داوێنی خۆیـان پێ قیمە دەکەن..)[1]**

**لێرەدا شاعیر بە ئاشکرا باس لە ئۆرگازمی نهێنی وبەدەست ئەنجامدراوی کچانی قەیرەو شوو نەکردوودەکـات واتە (ألعادةألسرية )*کە ئەمەش جەسـارەتێکی ئیرۆتیکـانەی مۆدێرنە لە شیعردا, بە دڵنیاییشەوە ئەم شۆڕشـە شیعریەشـی بە ئامـانجی ئـازادی جەسـتە بەرپـاکردووە, هەروەک دەڵێـت:( بـا قفـڵە ژەنگاوییەکـانی لەش هەلا هەلاکەین و پەپولە مەحکوم کراوەکانی ماچ هەڵفڕێنین.)[2] کەواتە باسکردن لە هەر کردارو ڕەفتـارێکی سێکسی بەلای شـاعیرەوە بۆ شکاندنی قەفەزی زینـدانییە ئـاینی وکۆمەڵایەتییەکـانی سـەر لاشەی ئـادەمیزادە بە هەردوو ڕەگەزەکەیەوە, لە نموونەی دەقێکیتری بـارگاوی بەم جۆرە هەڵوێستانەیدا دەڵێت:**

**(..., تـاریکی لە کەلێنی پەردەکانەوە**
**دەڕوانێتە ژن**
**ئەودەمەی خۆیـان دەگۆڕن**
**ئەودەمەی ڕووت ڕووت دەبنەوە**
**ئەودەمەی لە بـاوەشی مێردەکانیـانا**
**گڕدەگرن**
**ئەودەمەی لە حەمامێکی داخراودا**
**لەشیـان**
**نوقمی کەفی صابوون وهەنـاسەی هەڵمە**
**سبەینـان زووش**
**لەودیوی هەر پەنجەرەیەک**

**١- قوبادی جەلی زادە - شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات - چ٢ - دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس - هەولێر - ٢٠٠٧- ل٣٧١**
**٢-هـ .س .پ .ل٢٩٧**
***إستنماء بـاليد - دەسپەڕ,ئاوهێنانەوە(کەمال جەلال غەریب-کەمالنامە-فەرهەنگی زانستی-عربی-ئینگلیزی کوردی- چ١- چاپخانەی ڕێنوێن - سلێمانی -٢٠٠٣**

چەند دڵۆپێک تەڕایی
گیا دەڵێ:ئەودڵۆپە کزرانە
فرمێسکی بەجێماوی شەونمن
ژنیش دەڵێ: ئەوتنۆکە لینجانە,
نم نمەی(شەهوەتی) ی
ڕەحەت بوونی شەون!!)[1]

شاعیر خەیاڵە شیعرییەکەی بەرەو شوێنە داخراوو لەچاوشاراوەکانی ژن دەبات وبەناوی (تاریکی)یەوە,چاویلکەی شیعر دەپۆشێت ودەچێتە ژوورە تایبەتەکانیانەوە, لەحەرەمی ڕووتبوونەوەو, جووتبوونەکانیشیاندا تەنیا ڕاوی وشە ساکارو سادەو پەتییە بەکارنەهاتووەکانی زمان دەنێت وبەبەرۆکی پەیکەرە شیعرییە ئیرۆتیکییەکانیدا هەڵی دەواسێت, بەمەش قەیدو بەندەکانی زمان تێ دەپەڕێنێت وتوخونی بابەتە دەست بۆنەبراوەکان دەکەوێت, بۆیە دەگەینە ئە ڕاستییەی کە.(قوباد هەروەکو چۆن هەموو بەرگەکانی فەرهەنگ, نەریت, سیاسەت ,دین وتەنانەت شیعرو هونەریش لەبەری ئافرەت دائەکەنێ و لە شیعردا ڕووتی ئەکاتەوەو, لەوجەستە ڕووت وجوانە جیهانێک لە پەیڤ وێناو جوانی شیعری ئافەرین دەکات وخودی ئەو جەستە ڕووتە دەبێتە کانگای سرووش و فەزای تێکست, هەر بەو جۆرەش زمانیش دادەماڵێ لە مانا پێش وەختەکانی جاران و, مانا فەرهەنگییەکانی, مانا نەریتی ودینی وکۆمەڵایەتییەکان وتەنانەت مانا ئەدەبی و هونەرییەکانی پێش خۆی بە جێ دەهێڵێ و دێتە سەر زمان و ووشە پەتییەکان.)[2] هەروەک لەم دەقەی پێشوودا دەستەواژەکانی "حەمام وصابوون وڕەحەت بوون" ئەوپەڕی خاکی وسەرزارەکی دێنە بەرچاو, ئەمە جگە لەوەی لەگەڵ خۆشیاندا باوەشێک لەزەتیان لەجەستەی شیعرەکەدا ئاڵاندووە, شاعیر لە دەقێکیتردا بە شێوازێکیتر لەتەنکترین وناسکترین ئەندامە سێکسییەکانی ئافرەت دەدوێ و تەنانەت عەورەتیش نابوێرێت کاتێک دەڵێت:

(خوایە
ئەو مەمکە تورتەم بدەیە
شاخ بۆ ئەوان هەنار بۆ ئەوان........تادەگاتە
......لە نێوان دوو ڕانی ئاگریندا
خودایە
ئەو درزە شەرمنەم بدەیە
چەم بۆ ئەوان

١- هـ . س . پ .ل٦٩٤
٢- هـ .س .پ . ل٩

چیمەن بۆ ئەوان)[1]

هەروەها شاعیر لە هەندێ دەقدا دیاردە سرووشتییەکانیش ئاوێتەی ڕوانینە مەست وپەردە پۆشنەکراوزەکانی دەکات و دڵەخورپەی حەزە سێکسییەکانی لە سروشتێکی بێ بەرگ و, ڕەگەز بۆ دروستکراوی خەیاڵیدا هێور دەکاتەوەو, تینوێتی ووشەکانی پێ دەشکێنێت, لەم حاڵەتەشدا شاعیر جێگرەوەیەک بۆ هەڵپڕژان و پشێویە ڕەمەکییەکەی دادەنێت, کەبەهۆیەوە هەم وەستاکاری خۆی لە بوارە هونەرییەکەدا دەسەلمێنێت و لەسەرێکیشەوە لەپاڵیدا پڕ بە ویستی خۆی هەستە ئیرۆتیکییەکانی دەنووسێتەوە, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی.(کاتێک مرۆڤ دووچاری چەپاندنی غەریزەکانی دەبێت, ئیدی دووچاری نامۆبوون دێت وجگە لەخۆی هیچ شتێکیدی نابینێت و لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە دووچاری ئاڵۆزی دێت و پەنا بۆ خۆشەویستی خۆی دەبات و ئەوەش کاریگەری قووڵ لەسەر دەروونی دادەنێت, کە هەمووشتێک لەبەرامبەر خۆیدا دابنێ و بە چاوی بەرژەوەندییەکانی خۆی بیانپیوێ.)[2] ئەوەتانێ شاعیر بەم شێوەیە سەرنجەکانی بۆ وەرزی "پایز" هەڵدەخات ودەڵێت:

( خەفەتە...

کەژنان گوێیان لە ترپەی پایز دەبێ,

قۆڵی ڕووت و

سینگی ڕووت و

پووزی ڕووتیان دادەپۆشن.

بەڵام درەختەکان ناهێڵن تەنیا بین,

یەکە

یەکە

خۆیان ڕووت دەکەنەوە

تەنانەت دەرپێکانیشیان توور دەدەن!)[3]

لەدەقێکی هاوشێوەی ئەم "بەکەس کردن" یا "بەمرۆڤ کردن" انەی دارودرەختە ڕووتەوەبووەکانی پایزدا هەمدیسان دەڵێت :

پایز

(لەپشتی پەنجەرەکانەوە, تەماشای باغ دەکەم,

سەرووێک چاوی سەوزی بڕیوەتە,

قۆڵی ڕووت و

مەمکی ڕووت و

١- هـ .س . پ .ل٧٣٥

٢- سەرووەر کەریم - عەشق وخۆشەویستی لە نێوان وەهم وواقیعدا - چاپخانەی تەوار - سلێمانی -٢٠٠٥ - ل٨٤

٣- قوبادی جەلی زادە - شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات - ٢٠٠٧- ل٥٧

زگی ڕووت و

سمتی ڕووتی درەختەکان و

بەدزییەوە,

دەسپ .......ڕ دەکات!!)[1]

لەم دوو دەقە شیعریەی پێشوودا ئەوە دەبینرێت کە شاعیر جگە لەوەی هەوەسە سێکسییەکانی لە دیاردەو گۆڕانکارییەکانی سروشتی پایزدا دەتوێنێتەوە, بەڵام لە پەنای ئەم تەکنیکەشدا بەچەند ووشەیەکی نامۆ ڕەچەشکێنی دەکات و بەندو باو ناناسێت, لە دەقی یەکەمیدا دەربڕاوی(دەرپێکانیان تووڕدەدەن!) ووشەی (دەرپێ)ئیرۆتیکیەتی دەقەکە دەگەیەنێتە لووتکە, بەهەمان شێوە لە دەقی دووەمدا هەردوو چەمکی(سمت),(دەسپ...ڕ) خوێندنەوەیەکی دژ بە یاساو یساغکارییەکان بە زمان ومانای شیعرەکە دەبەخشێت.
هەر لەچوارچێوەی ئەم تەوەرەدا لایەنێکیتر هەیە کە زۆرجار شاعیران هانای بۆ دەبەن وە تیایدا ئازادانە جاڕی ئارەزووە شاراوەکانی ناخیان دەدەن و ڕیشاڵە تابۆییەکانی تیادا لێک دەترازێنن,ئەویش(خەون وئەندێشەی زیندە خەونەکان)ە,لەشیعردا,بەوپێیەی خەیاڵو ئەندێشەی شیعری بەشێکە لە جیهانی ناوەوەی نووسەرو دابڕانێکی مەعنەوی وفیکریە لە واقیع ودەوروبەر, جاکاتێک شاعیر پەیڤە ئیرۆتیکییەکانی لەم جیهانە دەخوازێت, پتر لە نائاگایی خودی ڕۆدەچێت و ڕەدووی چنینەوەی چەمکە سانسۆر لەسەرەکان و, ناوهێنانی ئەندامە سێکسییەکانی لەش وخۆشەویستییە قەدەغەکراوەکانی دەکەوێت و لەژێر ناسناوی خەونەوە, ناسنامەی سنووربەزێنی بە دەقەکانی دەبەخشێت.(خەون دەکرێتە پەیژەیەک بۆ هەڵگەڕان بە دیواری بیری نالەباری کۆمەڵگا, دوا هەوڵی چوونە ناو هەرێمێکی قەدەغە دەڕەخسێنێ و ڕووخسەتی هەرچەشنە دەسکارییەکی دنیای دەرەوە بە شاعیر دەبەخشێ,گەیشتن بە ئەوپەڕی ئاوات ونیازەکان لە خەوندا ئەستەم نییە.)[2] هەروەها یەکێک لەم ڕێبازە ئەدەبییە هاوچەرخانەی کە لەپرۆگرامیدا پشت بەبنەماکانی ڕێبازی دەروونشیکاری "فرۆید" دەبەستێت "سوریالیزمە" کەلەسەر ئەم پێودانگە بەرهەمە ئەدەبی وهونەرییەکان بە" نەست"ەوە گرێدەدات و"خەون" یش بە کۆڵەگەی سەرەکی دادەنێت بۆ زامنکردنی ئەو هەستانەی لە ژێر پاڵەپەستۆی دەرەکیدا سرکراون, لە نێویشیدا شیعر بە جوانترین شێوە لەم مەیدانەدا پێشبڕکێ دەکات بۆ بزێوی وسەرکێشیکردن لە بوارە جیاوازەکاندا.(ئەم ڕێبازە دەیویست نەست وخەونی سەیر لەناو شیعرو نیگارەکانیاندا ڕەنگبداوەتەوە بۆ ئەوەی ژیان بشێوێنێ و ئەمەش بانگهێشت بکرێ بە واقیع.)[3] پەڕینەوەی ئەم ڕێبازەو چەندین ڕەوتی تری نوێی شیعری لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بۆ نێو ئەدەبی هاوچەرخی کوردی, گیانێکی تازەی وەبەر شیعردا کردووە, لایەنی سۆزداری تەشەنەی کردوو, پەستانی عەشقە ڕۆحی و جەستەییەکانی بەسەردا کاڵکردەوە, بەم

---

١- هـ . س. پ .ل٥٧١

٢- فازیل شەورۆ - ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا - چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر - ٢٠١٤ - ل٨٠

٣- د. هیمداد حوسێن - ڕێبازە ئەدەبییەکان - چ١ - چاپخانەی دەزگای ئاراس - هەولێر - ٢٠٠٧ - ل٢٢٦

هۆیەشەوە شاعیران توانیان پڕ بەسینەی حەزو خۆشەویستیان بۆ ڕەگەزی بەرامبەر هەناسەی سەبووری هەڵمژن و, لە قەصیدە خەونییەکانیاندا تاسەی ڕەمەکە سێکسییەکانیان بشکێنن چونکە.(لەم حاڵەتانەدا خەونەکە دەبێتە پەرژینێک و لە پاڵ ئەمەیشا شاعیر دەتوانێ ئازادانە بیرەکانی بخاتە چوارچێوەی خەونێکی دیاریکراو ولێکدانەوەی ڕەمزەکانی نێو خەونەکانیش بۆ وەرگربەجێ دەهێڵرێت, ئەمەش خەسڵەتێکی شیعری خەون ئامێزە.)[1] هەرچەندە ئەم جۆرە میکانیزمە پێشتریش لەلایەن شاعیرانی کلاسیکەوە بۆ هەمان مەبەست و ناوەرۆکی ئیرۆتیکانە یاخود سیاسیانەو ئاینیانەی ڕێگە پێنەدراو گیراوەتەبەر, کەچی هێشتا بەقەد شیعری هاوچەرخ بەهۆی کاریگەری شیعری بیانی و قوتابخانە ئەدەبییە مۆدێرنەکانەوە برەوی نەسەندووە, واتە وەکو بیرۆکە کاری پێکراوە لەئەدەبدا هەر لە قەصیدەی" مەستوورە"کەی نالییەوە تاچیرۆکی "لەخەوما"ی "جەمیل صائیب" وچەندین بەرهەمی تر.(بەڵام شەپۆلی گەورەی نووسین لەدوای هەشتاکانەوە دەست پێدەکات و مەسەلەی خۆشەویستی و عەشق بە هەند وەردەگیرێ و قسەی لەسەردەکرێ,چونکە پانتایی ڕۆشنبیری ئێمە لە ژێر کاریگەری کەلتورو ڕۆشنبیری خۆرئاوادابووە.)[2] وەگواستنەوەی هەندێ لە سیماکانی ئەم کلتوورەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ نێو ئەدەبیاتی کوردی نەبووە, بەڵکو پێویستی بەوە هەبووە کە بەچەند فلتەرێکدا تێبپەڕێت و چاودێرییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی دەمامکی هونەرییەوە لەخۆی دووربخاتەوە, لەوانەش بەکاربردنی "خەون" لە شیعردا یەکێکە لەم هونەرو تەکنیکە بەرچاوانەی کە لەلایەن نووسەران و شاعیرانەوە بۆ کردنەوەی ڕووە داخراوەکانی کۆمەڵگای کوردی بەرامبەر تەوەرە سێکسی یان سیاسیە بە سانسۆرکراوەکان کراوەتە کلیلی چوونە ناو ئەم تەوەرانە, لەبەرئەوەی.(بەکارهێنانی فەرهەنگی زمانەوانی سێکسی, کەلە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاردێ, وەلێ لە ئەدەبیاتی تۆمارکراودا وەک حەرام وتابۆ سەیر دەکرێ وبەئاسانی جێگایان بۆ ناکرێتەوە.)[3] هەربۆیە بەسوود وەرگرتن لەم تەکنیکە شاعیرانی هاوچەرخ ونوێخواز زیاتر خوویان داوەتە ئەم نەریتە لە دەقە ئیرۆتیکییە ڕچەشکێنەکانیاندا, لەنموونەی ئەم دەقانەش (فەرید زامدار) لە کۆپلە شیعرێکدا دەڵێت:

( شەوی دەنگە نووسووەکانی خەونی ئێسقان!
ماڵئاوایی لە خۆم دەکەم
لەهەورازە تەسکەکانی شۆڕبوونەوەم
ماڵئاوایی
لە هێزێکی بێزاردەکەم
چەند پەنجەیەکی ژنانە
لەسەر سینگم بەیەک دەگەن

---

١- د.پەخشان سابیر حەمەد - ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی - ل٣٠٣

٢- سەروەر کەریم - عەشق وخۆشەویستی لە نێوان وەهم وواقیعدا - چاپخانەی تەوار - سلێمانی -٢٠٠٥ -ل١٢٣

٣- فازیل شەورۆ - ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا - چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر - ٢٠١٤ - ل١١٣

دەزانم چ بۆشایی یەکە

مەمکە خڕوپڕەکانی

ڕەوانەی بیابانی دەست و

چۆڵەوانی پەنجە نووستووەکانم دەکا!

گوناه

هێزێکی وون

لەزەتی ڕووت

دەست لە سەبووریم دەخشێنێ...)[1] -١٩٨٦-

لەم کۆپلەیەدا شاعیر زۆر ڕاشکاوانە باس لەوە دەکات کە بەهۆی "خەون"ەوە بەرەو ناخی خۆی شۆڕدەبێتەوەو ماڵئاوایی لە (هێزێکی بێزار) واتە پاڵنەرو ڕێگرییەکانی بە ئاگابوون دەکات, وەدەیەوێت لەدەسپێکدا بۆ دەربڕینی هەوەس و چوونە ناو حەزە سێکسییەکانی "خەون" بکات بەدەروازە, پاشان یەک بەیەک دێتەسەر وێنەو کردە ئیرۆتیکییەکان لەدەقەکەدا کە ئەوانیش بریتین لە "چەند پەنجەرەیەکی ژنانە لەسەر سینگم بەیەک دەگەن" ئەمە حەزێکی شاعیرە کە پەنجەکانی "ژن" بخاتە سەر سینگی ولەباوەشی بگرێت, جۆرێکیشە لە جووڵەی سینەمایی ڕووت لە شیعردا,شاعیر بەم شێوەیە لەسەر ڕەچەشکێنی بەردەوام دەبێت و دەڵێت ئەوە "بۆشایی" یەکانی دەروونمن کە خەونە شیعریەکانم پڕدەکەن لە گەمەی سێکسی "دەزانم چ بۆشایی یەکە, مەمکە خڕوپڕەکانی, ڕەوانەی بیابانی دەست و,چۆڵەوانی پەنجە نووستووەکانم دەکا!", وە ئەم بۆشاییەش بە دوو ووشە ناوزەد دەکات "گوناه" بەمانا ئاینی وکۆمەڵایەتیەکەی, تابۆیەکە, بەتایبەت بۆ سێکسی ناشەرعی, "هێزێکی وون" گوزارشتە لە هێزی ناوەوەی شاعیر(نەست) یاخود (لەبیدۆ) بەمانا سایکۆلۆژیەکەی, "لەزەتی ڕووتیش" بریتییە لە خاڵیبوونەوەی هەستی سێکسی لەکاتی چێژوەرگرتن تیایدا کە شاعیربە "سەبووری" دادەنێت بۆ ئارامکردنەوەی ئەم بارە ناجێگیرەی لە نێوان "گوناه یان تابۆ", "هێزە وون"ەکەیدا دروست بووە کە(ئەو)ی شاعیرەو, چەپێنراوە بە هۆی ئاین وکۆمەڵگاوە.

بەهەمان شێوە "لەتیف هەڵمەت" لە پارچە شیعری "ووشەو خەوندا" دیمەنێکی دڵوازی چەشەدارمان بۆ ئەخاتە قاڵبی خەونێکی شیعرییەوەو دەڵێت :

(وشەو خەون

گشت وشەیەک

ئاسمانێکی ئاگرینە

ماچی دەکەم بەدەممەوە دەچزێ

---

١- فەرید زامدار - ستێکس - وەزارتی ڕۆشنبیری - بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبڵاوکردنەوە - سلێمانی - ١٩٩٧ - ل٥٥-٥٦

**هەموو خەونێک کچۆڵەیەکی چاوشینە**

**شەو بەڕووتی**

**لەتوێی باڵی چەپما دەنوێ )[1]**

**لەم کۆپلەیەدا هەروەک دەردەکەوێت شاعیر "وشەو خەون"ەکانی دەخاتە پاڵ یەک و دەیەوێت هەموو خەونەکانیشی بە "کچۆڵەیەکی چاوشین" بچوێنێت و، تاسەی لەزەت وەرگرتن لەم خەونانەشی لەباوەشی ڕووتی جەستەی ئەم کچۆڵەیەدا بشکێنێت "باڵی چەپ" ی شاعیریش ئاماژەیە بۆ "دڵ" یشاعیر کە سووتاوەو خوازیاری ئەم ئاوێزانبوونەیە، وەبەکارهێنانی ووشەی "ڕووت " بۆ جەستەی کچێک هەر لەخۆیدا چزەیەک ئەبەخشێ بە گیان و مووچڕکە ئەدات بەلەشی خوێنەر. هەروەها بارێکیتر بۆ سەرنجدان لەم دەقە ئەوەیە کە شاعیر نایەوێت ڕاستەوخۆ باس لە ئارەزووە سێکسییەکەی بکات بەڵکو لەڕێگەی یەکسانکردنی "خەونەکانی" بەم حەزەوە، ئیرۆتیک بۆ ناوەرۆکی دەقەکە بەرهەم دێنێت، لە چاوپێکەوتنێکی ڕاستەوخۆشماندا لەگەڵ خودی شاعیر، لەوەڵامی پرسیاری (بۆچی شاعیر پەنا دەباتەبەر ئەم ووشانەی کە کۆمەڵگە ڕەتی دەکاتەوە؟) دەڵێت:(کۆمەڵگا یەک جل لەبەرناکات، کۆمەڵگا یەک شێوە بیرناکاتەوە، مەحاڵە تۆ بڵێی هەمووکۆمەڵگا ئەکەم بە مارکسی یا هەموو کۆمەڵگا ئەکەم بە بە ئیسلامی یا لیبراڵی، ناکرێ، لێگەڕێن با ئینسان ئازادبێ، خوا ئینسانی ئازادکردووە، وشەشی ئازادکردووە، خوا خۆی هەموو ووشەیەکی لە قورئانی پیرۆزا بەکارهێناوە، ئەو ووشانەیشی کە بۆنی ئەوەی لێ دێت لای کۆمەڵگا عەیب بێت، با لێگەڕێن ووشە ئازاد بێ ،من هیچ ووشەیەک بەقەدەغە نازانم لەبەرئەوە هەموو ووشەکان بەکاردەهێنم.)[2]جگەلەمەش سەبارەت بە ئەم شیعرانەی کە بە جیهانە ئازادو بێ سەروبەرەکەی خەوندا سنوورەکان دەبەزێنن وگەشت بەنێو قەدەغەکارییەکاندا دەکەن لەوەڵامی پرسیاری (میکانیزمی شیعر لەخەوندا لایەنی نەستی دەگرێتە خۆ، ئایا ناکرێ ئەم میکانیزمە لابدرێ و یەکسەر ڕاستوخۆ شاعیر قسەبکا بە ڕاشکاوی؟) دەڵێت :( خۆی دنیا خەونە، ئەگەر دە ڕۆمان نووسرابێ لەسەر ئەنفال و هەڵەبجە ،من هیچی بەڕۆمان نازانم، چونکە هاتووە ڕووداوەکان یا قەوماوەکان وەکو خۆی ئەخاتە سەرکاغەز، ئەمەش ئیشی مێژوونووس و وتارنووسە ئیشی ڕۆمان نووس نییە، ڕۆمان نووس دەبێ لە سەرووی واقیعەوە لەسەرووی بوونەوە ئیش بکا، ئەگەر لەسەرووی بوونەوە ئیشی نەکرد من بە ڕۆمان نووسی نازانم.)[3] لێرەدا مەبەستی شاعیر لە (ڕۆمان نووس) کەسایەتی هەموو ئەدیبێکە جاچ شاعیربێت یا ڕۆمان نووس. هەروەها دەربارەی (خەون)یش کەئایا زیندە خەون ئەنووسێتەوە یابۆ مەبەستێک لە پاڵ "خەون" دا دەنووسێت دەڵێت:( شیعرەکانی من خەوبینینە بەڵام من قەصیدەم هەیە لەخەوی حەقیقیا هەر لە خەوی تەواوا بیرۆکەکەیم بۆ هاتووە، دوایی دامرشتۆتەوە، کاتێک شیعرێک تەواو ئەکەم لە بێ ئاگایی تەواوی ئەکەم بەڵام دوای ئەوەی**

---

١-لەتیف هەڵمەت - ئەونامانەی کە دایکم نەیانخوێندەوە - (هۆنراوە) - چاپخانەی ألحوادپ - بغداد — ١٩٧٩-ل٢٨

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ شاعیر (لەتیف هەڵمەت)،- سلێمانی - ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/١٥

٣- هـ .س . پ

چەنــد جارێــک پیایــدا دەچــمەوە ئەوە لە هەســتەوەیە لەنەســتەوە نییــە، کەواتە نــاکرێ بڵێــین ئەم قەصــیدە لەهەستەوەیە یـا لەنەستەوەیە ،چونکە هەردووکـی تـێکەڵ دەبـێ.)[1] بـۆ بەراوردکـردنیش لە نێـوان هەردوو کـۆپلە شیعری( لەتیـف هەڵـمەت ) و( فەریـد زامـدار) کە پێشــتر خستمانە ڕوو دەگەیـنە ئەو ئەنجـامەی کە لایەنـی لێکچوون لە نێوان هەردوو شیعرەکەدا لە ڕووی غەریـزییەوە بـریتییە لە "سێکس"، وەبەکارهێنـانی ووشـەی "ڕووت" لە هەردوو شیعرەکەدا ئەم بەیکچوونە پشت ڕاست دەکەنەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا کەبتی سێکسی لەنەستی هەردوو شـاعیردالە ڕێگەی"خەون"ەوە تێپەڕێنراوە،لایەنـی جیـاوازی نێوانیشـیان لەوەدادەردەکەوێت کە "خەونەشیعر"ەکەی "فەرید" لەباری ئاگاییەوە بەرەو باری بێ ئاگایی دەچێت و زۆر بە ئاشکرایی هەست بەم هێڵە شیعرییە دەکرێت کە هەردوو بـارەکە لەیەکتـر دادەبڕێـت، نیـوە دێڕەکـانی" ماڵئـاوایی لەخـۆم دەکەم" یـان "ماڵئـاوایی لە هێزێکـی بێـزار دەکەم" بەڵـگەی ئەمەن، بەڵام "خەونە شیعر"ەکەی "لەتیـف" جگە لەوەی هەردوو بـارە دەروونییەکەی تیـا دەبینرێت کەچی هیچ هێڵێک لەنێوان هەردوو بارەکە نەکێشراوە، واتە ڕاستەوخۆ لەبـاری ئاگـایی یەوە بەرەو بـێ ئاگـایی ڕۆدەچێـت "مـاچکردنی ووشـەو سـووتان وچـزانەوەی دەم" گوزارشـتە لە ئاگـایی وچەپانـدنی ئـارەزووە سێکسیەکانی شـاعیر لەکۆمەڵگەیەکـدا "وەکچـۆڵەیەکی چاوشـینی ڕووتیش"لەخەونـی شـاعیردا گوزارشـتە لەبـێ ئاگایی شاعیر.

**٢- دەق ودەسەڵات:**

دەسـەڵات بەمانـا سیاسییەکەی دەشـێ بەم پێکهـاتە ئۆرگـانیکراوە پێناسـە بکرێـت، کەهەڵگـری شوناسـێکی ئایــدۆلۆژییەو،بارگاوییە بەمەعریفەیەکــی دیــاریکراوی داهێنــراولەلایەن کەســایەتییەک یــان چەنــد کەسایەتییەکەوە، کۆی ئەم پێکهـاتەیەش بەهەمـوو لایەنەکـانییەوە، ئەرکـی بەڕێوەبەرایەتیکردنی کـایە مەدەنـی وڕامیـاری و ئابوورییەکـانی وڵاتـی لە ئەسـتۆدایە، جاهەرکاتێـک قورسـایی دەسـەڵاتی سیاسـی لە قەوارەی خـۆی چـووەدەرەوە زۆرتـرو تونـدتر هەژمـوونی بەسـەر کۆمەڵـداکرد، ئەوا بێگومـان شوناسـی دیموکراسـی و مرۆڤپـارێزی لەدەست دەدات ومەودای ئازادی ڕادەربڕین لە کەش وهەوایەکی هێمندا بەرتەسک دەکـاتەوە، ئەدەبیش بەوپێیەی پاژێکی سەرەکی وزیندووە لە نێوەنـدی ڕۆشنبیری هەر نەتەوەیەک و، شێوازو بیروبۆچوونی تـایبەتی نووسەریش لەبەرهەمـی ئەدەبیـدا دەستنیشـانی چەنـدێتی و چۆنـایەتی ئەم دۆخە سیاسییە دەکـات کەتیایـدایە، لەنێویشـیدا شیعر ئەم سـەربازە وونەیە کە هەمیشـەلە ئامادەباشـیدایە بـۆ موقـاوەمەت و بەرگریکـردن لەپێنـاو وەدیهێنـان و پاراسـتنی ڕەوشـێکی سیاسـی تەندروسـت و لەبـار بـۆ هاووڵاتیانی.(شیعر لە هەمووکاتێکـدا ئەم هـونەرەیە کە شۆڕشـێکی ئاشـکرا ڕادەگەیەنێـت و، وەداوا لە هاونیشـتیمانییان دەکـات کە پشـتیان بەم هۆشـیاریە شۆڕشـگێڕیە ببەسـتن کە ئەدەبـی بـابەتی بـڵاوی دەکـاتەوە، وەشـیعر تـاکە هـونەرێکی ئەدەبییـە کە دەتوانێـت ئـاوازێکی شۆڕشـگێڕانەی گەرم لێبــدات، بەوەی کە پێــدەچێت شــاعیران زۆرتــرین هەســتیاری وخێراتــرین هەڵچوونیــان

---

١- هـ .س .پ

هەبێت.)[1] ڕەنگە هەموو ڕاپەڕینێک خەبات وقوربانیدانی گیانی بوێت بەڵام مەرجیش نییە تەنیا چەک بتوانێت جۆری گۆڕانکاری دیاریبکات یان قۆناغە مێژووییەکان لەیەکتر جیابکاتەوە ,چونکە بەر لەهەر تەقینەوەیەکی جەماوەری, بیرۆکەیەک هەیە کە هەست ونەستە نامۆو کپکراوەکان ڕادەچڵەکێنێت, وەزۆرجار ئەدەب وەشیعربەتایبەتی دەبێتە دەزگای جۆشدان وپەخشکردنی شەپۆڵە مۆڕاڵییەکان, هەر شیعریشە کە بێ ترس دێتە مەیدان و جاڕی یەکەم شۆڕش و بەرپەچدانەوەی بارە نەخوازراوەکان ڕادەگەیەنێت.(ئەدەبی بەرەنگاری, یان شیعری بەرەنگاری, ئەدەب وشیعری ڕاستەقینەیە, کەچاودێری داهاتوو دەکات بۆ تێپەڕاندنی واقیع یان ڕەتکردنەوەی یان گۆڕینی.)[2] یەکێک لەسیما دیارەکانی شیعری کوردیش لەسەردەمی ڕژێمەتوندڕەوەکانی بەرلەڕاپەڕین لەباشووری کوردستان ناوەرۆکێکی ڕیالیزمیانەی سۆشیالیستیانەبووە*,ئەمەش ڕەنگدانەوەی نایەکسانی و زوڵم وزۆرداری سیستەمی حوکمڕانی بووە لەعێراقدادژ بەمافە سەرەتاییەکانی گەلی کورد, وەشاعیرانی سالانی هەشتاکانیش لەبەر ئەوەی لەژێر فشارێکی دەروونی توندا دەژیان ولەگەورەترین کارەساتەکانی وەک هەڵبجەو ئەنفالیش لەم دەیەدا ڕوویاندا, بۆیە بەردەوامیاندا بەهەڵوێستە ئەدەبییە ووزە بەخش وکاریگەرەکانیان و شانیان دایەپاڵ شانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد.(لەمەشەوە دەگەینە ئەم ڕاستییەی کە باوەڕمان بەبوونی خەسڵەتەکانی ڕیالیزمی سۆشیالیستانە هەبێت کەلەنێو ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا گەشەی کردووە,وە ئەوەش بەڵگەیە لەسەر زیندوویەتی ئەم ئەدەبەو بەرزبوونەوەی بۆ ئاستی ئەدەبیاتی جیهانی , وەڕیالیزمی سۆشیالیستانە لە ئەدەبدا خزمەتی بە دۆزی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد کردووە, وەئاڕاستەی کردووە بۆ خەبات وتێکۆشان وەبەرپەرچی پروپاگەندەی داگیرکەران وشۆڤێنیەکانی پێداوەتەوە.)[3] وەهەر ئەم ڕەوتە ئەدەبییەش بووە کە تەکانی کردەیی گەورەی بەسەر شیعری کوردیدا هێناو, وایکرد شیعرلە خەون وخەیاڵی ڕۆمانسیانە بێتە دەرەوەو, بەرەو پساندنی پەتە تابۆییەکان پێ هەڵبنێت, کەواتە هەڵگرتنی پەیامی نەتەوەیی لەلایەن شاعیرانی هاوچەرخی کوردەوە, ڕەگو ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساتەوەختی وشیاربوونەوەی ڕۆشنبیران وشاعیران لەدەست چەوساندنەوەی جەستەیی وفیکری, بۆیەش هەرلەزووەوە دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوە پارێزی و یاخیبوونی سیاسی.(ئەمەش ئەوە دەردەخات کە گۆڕانی شیعری کوردی لەسەرەتادا بە ناوەرۆک دەستیپێکردو ئەوناوەرۆکەش بەگشتی بریتی بوو لە ناوەرۆکێکی سیاسی کە ئەمەش ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی ئەو بارودۆخە سیاسییە بوو کەلەو سەردەمەدا بۆ میللەتی

---

١- د.حسنی محمود حسین - مطالعات شعرألمقاومة ألعالمي - دارألشؤونألثقافية عامة - بغداد - ١٩٨٦- ص١٥
٢- ن. م .س .ص٢٥

*ڕیالیزمی سۆشیالیستی:لەبەرتیشکی تیوری یەکی ئابوری وڕامیاریدا ڕووداوی ژیان و باری کۆمەڵایەتی بەشێوازێکی ئامانجدارو ڕابەریکەر شی دەکاتەوەو,بەرەومەبەستێکی تایبەتی دەیبابەڕێوەو,ژیانی داهاتووی بەختیار لەچوارچێوەی کوێرەوەری و ئێش وئازاری چینە زەحمەت کێشەکان و زوڵم وزۆری چینە دەسەڵاتدارەکاندا وەکو هیوایەکی ڕووداوی نەخشەدەکێشێ.( دکتۆر کامل حسن عزیز البصیر - ڕەخنەسازی مێژووپەیڕەوی کردن-ل٦٩.)
٣- ألدكتور عزألدين مصطفى رسول - ألواقعية في ألأدب ألكردي - منشورات ألمكتبة ألعصرية صيدا - بيروت - ١٩٦٦ - ص١٥

کورد دروست ببوو.)[1] شیعر دەنگی نارەزایی میللەت بوو لەلایەکیتریشەوە بزوێنەری رۆحی کوردایەتی وبەرخودان ونیشتیمان پەروەری بوو,ئەگەرچی هەموو ئەم خەسڵەتانەی شیعر لە قالبی جوڵانەوەی مەعنەویدان بەڵام لە راستیدا یەکەم فێرگەو وەگەرهێنی چالاکییە کردارییەکانن,واتە شیعر بەر لەهەر سەرهەڵدانێکی جەماوەری یان هەرکودەتایەکی سیاسی جەنگێکی ئەدەبی دژبە ئایدۆلۆژیاو سەرکردەو جموجۆڵە نارەواو, درندانەییەکانیان رادەگەیەنێت,دواتریش بانگەشە بۆ یەکخستنی شانە چەکدارییەکان دەکات و, بۆ هێرشی فیداکارانە ئامادەیان دەکات, ئەمەش سەلمێنەری ئەم راستییە.(کەبەرپاکردنی شۆرش لای شاعیر سەرەتاکەی بە یاخیبوونێکی ئیجابی دەست پێ دەکات ولە دواییدا بەشۆرش کۆتایی دێت, واتە یاخیبوون بەسەرەتای هەنگاونان دادەنێت بەرەو هەڵگیرساندنی شۆرش.)[2] لەم رووەوە شیعری هاوچەرخی کوردی دەیەی هەشتاکان بەم قۆناغە دژوارانەدا گوزەری کردووە تا گەیشتۆتە چلەپۆپکەی رەچەشکاندن و خەباتی رزگاریخوازیشی گەیاندە راپەرین, یەکێک لەم شاعیرانەش کە پەیڤە ئاگرینەکانی لەم بوارەدا هەردەم لە بلێسەدابووە "عبدألله پەشێو" ە, شاعیر لە ئان وساتە پێویستەکان و رۆژگارە شوومەکانی سەردەمی رژێمی دیکتاتۆری بەعسدا سەرسەختانە توانا شیعرییەکانی خۆی ئەزموونکردووەو بەگژ تاوانکاری وتابۆکارییەکانیاندا چۆتەوە, ئەوەتا لە شیعرێکدا بە توندی بەرهەڵستی ئەم بیرۆکەیە دەکات کە(چەوساوەوچەوسێنەر) بەبراو دۆستی یەک هەژماردەکەن و جنێویان پێ دەدات ودەڵێت :

(....کەمن دان بم کوا دەرفەت ؟

یامن ,یا مێروو

کەمن خوێن بم کوا دەرفەت ؟

یامن , یازێرو

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن :

دان ومێروو برای یەکن

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن :

خوێن وزێروو برای یەکن

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن :

ماسی وچەنگاڵ,

مشک وجەواڵ,

دەست وچزوو برای یەکن

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن :

---

١- د.پەرێز سابیر - رەخنەی ئەدەبی کوردی ومەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر- دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس - هەولێر - ٢٠٠٦- ل٤٥١

٢- هـ . س .پ .ل٦١٨

پەت وگەدن,

گوێزان وموو برای یەکن...

تـادەگاتە:

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن :

ماری شیرین ژاریش هەیە

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن :

تەوری برای داریش هەیە.)[1] -١٩٨١-

لێـرەدا شـاعیر زۆر بەڕوونـی ئەم چەمکـانە دەخـاتە بەرچـاو کە خۆیـان لەمانـای دوالیزمی(بـێ دەسـەڵات ودەسەڵاتدار) یـان(بەهێزوبێ هێـز) دادەبینـنەوە, چەمکەکـانیش ئەمـانەن :(دان ومێروو),(خوێن وزێروو),(ماسی وچەنگاڵ),(مشک وجەواڵ),(دەست وچزوو),( پەت وگەردن),(گوێزان وموو),(مـاری شیرین ژار),(تەورودار).شـاعیر هەمـوو ئەمـانەی لە بریتـی ئەوە بەکارهێنـاوە کە دەیەوێـت بڵێـت " گـورگ ومەڕ" بەیەکەوە ئاونـاخۆنەوە, وەسەرکێشی دەکـات و جـوێن بەم کەسـانە دەدات کە لەپێنـاو بەرژەوەنـدی تایبەتـدا, دوژمـن ودەسـەڵاتەکەی بە هـاوکۆک ودۆسـتی دۆزی گەلـی کـورد لەقەڵەم دەدەن, بەپەسـنی "قەحـپە" هەڵدەکوتێتەسـەر ئەم جـۆرە ئایدۆلۆژیایەو ڕیسوای دەکات, بەمەش قەدەغەی سەر تەوقە تابۆییەکان دەشکێنێت,وە لە کۆتـایی شیعرەکەشیدا ئەوە دەردەخات کەچ ئازارێک کەف وکوڵی بەناخی کردووەو وای لێکردووە بەم شێوازە زمانە بێتە دەنگ, کاتێک دەڵێت :

(من پشتێکی بریندارم,

لە قامچی خۆم ڕاپەڕیوم,

من لافاوێکی لاسارم,

لەو کەنارانە هەڵساوم,

کەتەنگیان پێ هەڵچنیوم,

نانیشمەوە.

نانوومەوە,

بێ ئارامم,......)[2] -١٩٨١-

شـاعیر لەم دەربڕینـانەی وەک:(پشـتێکی بریـندار,قامچی ,ڕاپەڕیـوم, هەڵسـاوم, نانیشـمەوە, نـانوومەوە), زۆر بەڕوونی ئەوە دەدرکێنێت, کە پاڵپەستۆو چەپاندنی دەروونی وایـانلێکردووە چیتر ئـارام نەگرێت و, هەڵوێستە سیاسییەکانی خـۆی, بەم گەرم وگـوڕییەوە دەربـبڕێت.(پەشێو) یەکـێکە لەم شـاعیرە نـوێ بـاوانەی کە هەرگیـز

---

١- عەبدوڵلا پەشێو - برووسکەچاندن(١٩٧٣ - ١٩٨٨) - چ١ - سوێد - ٢٠٠٠ - ل[١١٥-١١٦]

٢- هـ .س .پ .ل[١١٧]

لەسەر مەسەلە چارەنووس سازەکان بێ دەنگ نەبووەو خۆی ڕادەستی قەدەری ڕەش نەکردووە, بەڵکو بە پێچەوانەوە, تین وتەوژمی گەورەی لە نێو شیعرەکانیدا چاندووەو, خۆی بەخاوەنی نرکەو ناڵەی ئەم دەروونە پڕ لەناسۆرانە دەزانێت کە بوونەتە سۆتکەی خوێن مژی وئەشکەنجەی یەخسیری دەستی ڕژێمی ئەوسای بەعس بەم شێوەیە.(شاعیرانی گەل داوای ژیانێکی ئازادیان دەکرد, وەبێ وچان خەباتیان دەکرد بەبێ ترس ونیگەرانی لەمردن, لەبەرئەوەی مرۆڤ هەمیشە لەپێناو ژیانێکی شەرەفمەندانەی شکۆدار تێدەکۆشێت و قوربانی دەدات لەپێناو گەلەکەی.)[1] پەشێویش وەکو یەکێک لە شاعیرانی پێشەوای گەل باکی بە مەرگ و قوربانیدان نەبووەو سڵی لە هیچ ووشەیەکی کێشەداری(کوشتن لەسەر) نەکردۆتەوە, ئەوەتا لەپارچەشیعری (کۆنگرەی شووشان), دەستەواژەی (بەعس) دەخاتە نێو ناوەرۆکی دەقێک کە بە دێوەزمەی قڕکەری مرۆڤایەتی دەیخەملێنێت و, دەڵێت:

( بوتڵێکی ڕەشی
لە سپێدەوە کڕو کپ ومۆن
قووت بۆوەو هاتە بەردەم میکرۆفۆن.
خوشکان , برایان !
من وەکو ئێوە سەربردەم نییە,
نەمێژم دیوە , نەکۆڕی یاران ....
نەگەشتی لادێ, نەباڕی شاران....
ڕاتستیتان دەوێ؟!
ئەو ڕێیە دوورەم بۆیە بڕیوە,
تا پێتان بڵێم:
من شووشەی بەعسم,
لەپاش وپێشی مرۆڤ بترازێ, هیچم نەدیوە!)[2]

کەواتە لێرەدا شاعیر دەیەوێت لە شێوەی(بوتڵێکی شووشە)دا(بەعس)مان بۆ بخاتە نیو پێکهاتەیەکی شیعری وچەند خەسڵەتێکی نامرۆڤانەیشی دەداتەپاڵ لەوانەش ڕەنگی (ڕەش) کە هێمایە بۆ شوومی و نەگبەتی,نەبینینی( کۆڕی یاران, گەشتی لادێ, باڕی شاران) وەسفێکە بۆ نەبوونی ژیان دۆستی لای ئەم ڕژێمە, هەروەها نەبینینی هیچ شتێک جگەلە (پاش وپێشی مرۆڤ) بەڵگەیە لەسەر وەحشیەتگەری و قەلاچۆکردنی خەڵک و, پاکتاوی ڕەگەزی , کەگشت شارو شارۆچکەیەکی کوردستانی گرتبۆوە, شاعیر لە پارچە شیعرێکی

---

١- معروف خزنەدار - موجز تأريخ ألأدب ألكردى ألمعاصر - ترجمە:د.عبدألمجيد شيخو - ١٩٩٣/٢٠٠٠ - ص١٨٩
٢- عەبدوڵڵا پەشێو - برووسکەچاندن(١٩٧٣ - ١٩٨٨) - ل١٧١

تردادێته سەر هێڵێکیتر له قەدەغەشکاندن و گەمەیەکیتری ووشەبازی لەسەر سەرکردەی سیاسی ئەنجام دەدات, بەڵام ئەمجاره شاعیر ڕووی له غەیره کورد نییه, بەڵکو قێز له گەنینی خۆ فرۆشانی کورد دەکات و,تابۆی سەرکرده دەشکێنێت و,دژ بەو سەرکردانەی کورد قسەدەکات که بوونەته فاکتەری هەڵگیرسانی دووبەرەکی وشەڕی نەگریسی ناوەخۆ.(تابۆی سەرۆک لەو شیعرانەی پەشێودا زۆر به ڕوونی دیاره کەچۆن هەموو غەم ومەینەتییەکانی خۆی له شیعرەکانیدا دەردەبڕێت.)[1] لەیەکێک لەم شیعرانەشیدا دەڵێت:

(جووتێک پێڵاوی ڕەشم له پێیه:
پینەدار, هەرزان ,گەمار, سووک ,گڵاو,
هەزارجار ئەم پێ وئەوپێ پێکراو.
چەندجاری کەوا سەرنجیان دەدەم,
بەدەست خۆم نییه, لمۆزی پێڵاو
قەپۆزی هەندێ
سەرکردەی کوردم دێنێته بەرچاو.)[2] -١٩٨٦-

وەک دەردەکەوێت شاعیر ئەم تابۆیه لەژێر ناوونیشانی( پێڵاو)دا دەشکێنێت, بۆئەوەی له پایەی دەسەڵاتداری بخات و, بەهای بەپیرۆز ڕاگیراویان دێنێته خوارەوە, وه بێگومان شاعیر بۆ ئەم مەبەسته کۆمەڵێک بەهانەو ئازاری ناخەکی شاراوەی هەڵگرتووه که دەیوروژێنێت, لەوانەیه قسەکردن لەسەر ئەم جۆره بابەتانه بەلای خەڵکی سادەوە ئاسایی نەبێت, یانیش دڵەڕاوکێ وترس لەگەڵ خۆیدا بخاته دڵەوە, بەڵام هەروەک زانراوه لای شاعیر هیچ سنوورێک نییه بۆ دەربەست بوون و وەستان, لەم بارەیەوە "دڵشاد عبدألله" لەکتێبی "کۆشیعری ٢"دا دەڵێت :(پەنابردن بۆ بابەتی گەورەو گشتی پڕ مەترسییه, ئێجگار زەحمەته داهێنان لەو کەرەسته ئاشکرایانه دروست بکرێت, وەلێ ناتوانم بڵێم مەحاڵه, هەموو بابەتێک دەشێ ببێ به زەمینەو کەرەستەی خولقاندنی شیعر, هەر لەپەلکی بێ بایەخی سەر شۆستەیەک , تاخوێنی شەهید تخوبێک لەبەردەم شیعردا نییەو, هەرچی شوێنی نەوی وبڵنده دەشێن بۆئەوەی تۆوی شیعریان تێدا هەڵتۆقێ.)[3] سیاسەت وسەرکردەی سیاسیش یەکێک بوو لەم مەسەله بەگەورەکراوانەی کەلەگەرووی هەموو تاکێکی ئەم دەڤەره گیر کرابوو, وەهیچ مەودایەک بۆ تێفکرینی جیاوازو, تانەدان لەکردەوەی نارەوا نەهێڵرابوّوە, بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم تۆقاندن و هەڕەشەو گوڕەشه سیاسیانه, کەچی.(کەباس دێتەسەر هەشتاکان باسی ئەو گۆڕانه دەکرێ که دەکرێ به قۆناخی تێپەڕاندنی مۆدێرنیزمی ناوبنێین, قۆناغی کرانەوە بەسەر هەموو بیرووبۆچوونەکان وقەتیس نەبوون له جومگەی یەک بیرو

١- پێشڕەو عەبدوڵڵا- دەروونشیکاری شیعر -ل١٦٤
٢- عەبدوڵلا پەشێو - برووسکەچاندن(١٩٧٣ - ١٩٨٨) - ل١٢٦
٣- دڵشاد عەبدوڵلا - کۆشیعری ٢ - چ١ - دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس - هەولێر - ٢٠١٠ - ل٨٩

بۆچووندا.)[1] یەکێکیتر لە شاعیرانی ئەو دەیەی بەر لەراپەڕین, کە پەرتەوازەیی ئەندێشەو بۆچوونەکانی خۆی لەچامە شیعرییەکانیدا جێ دەکردەوە "هاشم سەڕاج" ە, "سەڕاج" وەک شاعیرانی تری ئەودەم, لەژێر پاڵپەستۆی واقیعێکی سیاسی تاڵدا پەلاری شاعیرانەی خۆی دەوەشێنێت و, ئەگەر لە سووچێکی نادیاریشدا بێت, سەرەقەڵەمێک لە تابۆی سیاسەتی شۆڤینیانەو, خوێن مژانەی ڕژێمی بەعس دەخشێنێت و لە پەنای ئەمەشدا گوزارشت لە نامۆبوونی سیاسی خۆی دەکات وەک ئەوەی لە نێوەندی چامەی (تاوسی سپی) دا دەڵێت :

(...ئاخر ئەز شەکەتم

بەخۆ بە تورەگەوە شەوڕۆمە

ئەسمەر پێچیان بەر زەرنیخ دا

تاوسی لەشم پڕ پۆقلە تێزاب

نەژیان هێمنییەکی جاویدانەیە

مەرگیش وێرانەیی وبەس

نەڕژێم خودان ئابڕووە

گۆڕستانم نغرۆ

هەردوو حەمایلۆکەی تاوسیشیان دزی ....)[2] -١٩٨٩-

شاعیر لەم کۆپلەیەدا بەهۆی جێناوی(ئەز)ەوە, ئاوڕێک لەخودە شەکەت ودەروونە شڵەژاوە نامۆبووەکەی خۆی دەداتەوەو, ووشەی لێکدراوی (پۆقلەتێزاب) دەخاتە شوێن ئەم برینە بە سوێیانەی کەوەک (تێزاب) ڕۆح وجەستەی تاوسانەی فرەڕەنگی هەڵدەقرچێنن,شاعیر لەم نامۆبوونەیدا دەگاتە ئەوپەڕی بێ هودەیی و لەنێوان ژیان ومەرگیشدا دووچاری پەراگەندەیی و سەرلێشێوان دەبێت لەوەی کە دەڵێت:( نەژیان هێمنییەکی جاویدانەیە....مەرگیش وێرانەیی وبەس),شاعیر لە دوای ئەم نامۆبوونەیدا لە پڕ ڕاستەوخۆ گورزی ئابڕووشکاندن لە ڕژێم دەدات و, لەبۆتەی بێ ئابڕوویی ناو زڕێنی دەکات کاتێک دەڵێت:(نەڕژێم خودان ئابڕووە...گۆڕستانم نغرۆ), بەوەسفی ڕەوشت نزمی تابۆی سەر "ڕژێم" دەرەوێنێت, هەروەها ئەوەی لەم دەقەدا تێبینی دەکرێت بۆ بەراوردکردن ئەوەیە کەشاعیر ڕاستەوخۆ لە غوربەتی سیاسییەوە بەرەو قەدەغەشکێنی چووە, واتە,هیچ تووڕەبوون ویاخیبوونێک لەنێوەندەکەدا بەدی ناکرێت, ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆئەوەی.(هەست کردن بە غوربەت, بەتایبەتی ئەگەر ئەنجامی ملهوڕی و چەوسانەوەو سەرکوتکاری بێ, کۆمەڵێک موعانات و کوڵ وکۆڤان وژان وژاری دەروونی وڕۆحی بەگەڵ دەکەوێت.)[3] کە هەندێ جار ئەم خەم وژانە هێندە قووڵە

---

١- هـ .س .پ .ل[228]

٢- هاشم سەڕاج - گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس - چ١ - چاپخانەی ئۆفسێتی ژین - سلێمانی - ٢٠٠٠ - ل[89]

٣- حەمە کەریم عارف- پەیڤستانی من - چاپخانەی شڤان - بەڕێوەبەرێتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی -٢٠٠٩ - سلێمانی- ل[311]

شاعیر بۆی نالوێت بپرژێتەسەر هەڵچوونێکی کاتی بەڵکو دەست بەجێ کوتەکی شیعر لە بارستایی هێزی بە ئامانجگیراوی دەسەڵات دەوەشێنێت, هەر لەچوارچێوەی زەمەنی دیاریکراودا بوێژێکی تری خاوەن تواناو بەهرەی برووسکەی شیعری نیشانە شکێنمان دەردەکەوێت, کەیەکێکە لەسەردەستەی نووسەرانی گروپی (کفری) ئەویش شاعیر(فەرهاد شاکەلی)یە, ناوبراو لەسالآنی بەر لە هەشتاکانەوە هاتۆتە مەیدانی ئەدەب و بۆتە قەڵەمێکی دیاری سەردەمەکەی, لەبەردەوامی کارو بەرهەمەکانیشیدا قۆناغەکانی نامۆبوون ویاخیگەرێتی تێدەپەڕێنێت ولە و,لەبواری سیاسی و نەتەوەپارێزیشدا ڕەچەشکێنی تەواوی ئەنجامداوە, بۆ نموونە لەسەربردەکانی چامەیەکدا دەڵێت:

(...لە تاریکایی شەوەزەنگی مێژوو ڕاهاتووی
خەدەنگی, خەدەنگێکی ڕووت,
گڕو خوێنت لێ دەچۆڕێ,
چوارپێنج باڵی ئاگرینت لێ ڕواوەو
ڕووت کردۆتە تەپەو تەلانی ئاسیا
ئاسیای بێهەوسارو بێناڵ وبێزین وبەرە...)[1]

شاعیر لەم چەند دێڕەدا بوێرانە ئاماژە شیعرییەکانی دەخاتەسەر یەک پارچەیی خاکی کوردستان ولەژێرناوی (خەدەنگ)*دا ئەم یەکبوونە دەچەسپێنێت, وەکاتێک دەیەوێت قسە لەسەر دابەشکردنی ئەم وڵاتە بکات بەسەر چەند پارچەیەکدا بە(چوارپێنج باڵی ئاگرین) ناوی دەبات کە پەلی بۆ(تەپەوتەلانی) بەرزاییەکانی خۆرئاوای کیشوەری(ئاسیا) هاویشتووە, ئەمەش هەرلەخۆیدا جۆرێکە لەبەرگریکردن و ڕووبەڕووبوونەوە چونکە(شیعری بەرهەڵستیکار زۆرترین پەرۆشبوونی تێدایەو, وەدەربارەی حەقیقەتی ئەم جۆرە بەرەنگاربوونەوەیەش زۆرترین دەربڕین لەخۆدەگرێت لەنێوجەرگەی خاکێکی داگیرکراودا, بەوپێیەی ڕاستگۆیانە لە ئازارەکانی گەل دەدوێ وزیاتر لە نێویدا قووڵ دەبێتەوە.)[2] "شاکەلی" لە هەڵوێستەکانی بەرامبەر مشەخۆرانی سەر وڵاتەکەی بەردەوام دەبێت و بانگی ئەوەی لێ دەکات کەجارێ سەربەخۆیی بدات و چیتر بەدەم ئەم تاسەیەوە, لەچاوەڕوانی نەمێنێت, لەمەشدا لووتکەی بیری نەتەوایەتی خۆی نیشان دەدات و, ئەم تابۆیە دەشکێنێت کەخراوەتە سەرداوای مافی چارەی خۆنووسینی جەماوەری خەڵکی کوردستان, لەم بارەیەشەوە دەڵێت :

( .....سروودێکت لەسەرزارە
بانگەوازی شەیدای ڕەنجەڕۆیە
چاوەڕێی چییت؟

---

١- فەرهاد شاکەلی - بڵاچەیەک درز دەخاتە تاریکەشەوی تەمەنم-چ١ - دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس - هەولێر- ٢٠٠٩ - ل[١٣٧]

*درەختی گەز,نێزە,تیری ڕاست ودرێژ,تیری خەدەنگ,ئەوتیرەیەکەلە درەختی خەدەنگ دروستکرابێ(حەمەکەریم عارف-فەرهەنگی گۆڤەندوزنا- فارسی-کوردی-چ١- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە —هەولێر -٢٠٠٦-ل[٤٠٧]

٢- د.أحمد سليمان الأحمد - ألشعرألحديث بين ألتقليدوألتجديد - ألدارألعربية للكتاب -طرابلس - ١٩٨٣ - ص[٢٨٣]

تاکەی ئەم ئەوینە دەردە جاڕنادەی؟

تاکەی بەدەم پەتای تاسەوە دەتلێیتەوە؟...)[1]

شاعیر دوای ئەوەی لە پەنای چەند ڕەمزێکەوە قەدەغەسیاسییەکان دەشکێنێت,بەڵام وەک دەبینین هەربەوەندە ناوەستێت, بەڵکو دەیەوێت بە ئاشکرا بڵێت کە هەموو ئەم یاسایانەی ناحەزان ودوژمنان دەورەی مرۆڤی کوردیان پێ تەنیوە, بێ بنەماو پووچ وبەتاڵن, وەئەگەر نەتەوەیەک بڕیاری سەربەخۆیی وئازادبوونی دابێت,ئەوا هیچ بیروباوەڕو تەنانەت ئاینێکیش ناتوانێت بەری پێ بگرێت,چونکە ئەگەر بەدەر لە مەسەلە تابۆییەکانیش لەژیانی مرۆڤ و ئەدەب بڕوانین ئەوا دەتوانین بڵێین کە.(ژیان هەمووی بریتی نییە لە یاساوڕێسای توندوتیژانەی نەگۆڕ, وەئەگەر هات وئەدەبیش لە چوارچێوەتەسکەدا کورت کرایەوە, ئەوا ناتوانرێت بە ئەدەبێکی پێگەیشتوو دابنرێت, هەروەها هەر وەک چۆن پێویستیمان بە ڕێکخستنی یاساکان هەیە لە کۆمەڵگادا بەهەمان شێوەش پێویستیمان بەخەیاڵ ودەربڕینی ئازادو ئارامی دەروونی هەیە.)[2] بۆیە شاعیرمان لەم ڕوانگەیەوە سەیری مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەی دەکات و لەڕێگەی شۆڕشی ئەدەبی شیعرەوە, دەستوورە تابۆییە داڕێژراوەکان ڕەتدەکاتەوە, هەروەک دەڵێت :

(....هەموو ڕۆژێ

دەبیتە ئاشنای تاسەیەکی تازە

بیر لە زیان وتیاچوون و ماڵوێرانی مەکەوە!

ئەگەر ئەوینداری, مل بنێ,ئاوڕمەدەرەوە!

لەتەک خانم وپەریزادانی مێژوودا

چاوبڕکێ بکە!

یاسایەک نییە

ڕێگەت لێ بگرێ

پەیکەری داگیرکەران نەشکێنی,

ئاینێک نییە

ڕاپەڕینی بەلەنگازانی پێ باش نەبێ.)[3] - ۱۹۸۳-۱۹۸٤ -

بەسەرنجدان لە نیوەدێڕەکانی( یاسایەک نییە,ڕێگەت لێ بگرێ,پەیکەری داگیرکەران نەشکێنی ) لەوە تێدەگەین کە شاعیر لەپێناو وەدیهاتنی کیانێکی سیاسی بۆ نەتەوەکەی, گشت قەدەغەکارییە بەناو یاساییەکان دەخاتە لاوەو, باکیشی بە هیچ قوربانیدان و زیانێکی ماڵی و گیانیش نییە بۆ ئەم ئامانجە بەم پێیەی

---

١- فەرهاد شاکەلی - بڵاچەیەک درز دەخاتە تاریکەشەوی تەمەنم -ل١٣٧

٢- بدرخان عبدألله ألسندى - طبيعة مجتمع ألكردي في أدبه - ألجزء ألأول - مطبعة بلدية كركوك - ١٩٦٧- ص٩٨

٣- فەرهاد شاکەلی - بڵاچەیەک درز دەخاتە تاریکەشەوی تەمەنم-ل١٣٨

دەڵێت.(بیر لە زیان و تیاچوون ومالۆیرانی مەکەوە!, ئەگەر ئەویندای مل بنێ ئاورمەدەوە!), لەڕوویەکیتریشدا زۆرێـک لەشاعیرانی ئەو دەمە هەر لە تەوەوەرەی دژە سیاسـیدا سـەرکۆنەی ئەم جینۆسـایدو کۆمەڵکوژیەیـان دەکـرد,کە دەرحەق بە کەسانی بـێ تـاوان ئەنجام دەدران,جـاچ لەڕێگەی شیعری بەرەنگاریـدا بێت چ بەهـۆی زەقکـردنەوەو بە ڤێـزەون ناسـاندنی ڕەفتـاروکردەوە نامرۆڤایەتییەکـان بێـت, کەئەمەش بەپێـی دەسـتوورە نابەجێیەکـانی هەر ڕژێمێکـی نادیموکراتـانە بە لادان وسـەرپێچی دادەنرێـت و وەکـو بێڕێزیکـردن بە دەوڵەت وشکاندنی یاساو پیرۆزییەکـانی ئەم دەسـەڵاتە مـامەڵەی لەگەڵ دەکرێت."محسن ئـاوارە" کەیەکێکە لەشـاعیرە دیـارو شۆڕشـگێڕەکانی دەیەی هەشـتاکان جگەلەوەی کە وەک وپێشـمەرگەیەک گیـانی خـۆی بەکەم زانیـوە بـۆ نیشتیمانەکەی, شیعرەکانیشی لە مەیـدانی ئەدەبـدا خستۆتە گەڕ بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەو ڕیسـواکردنی سیستەمی شۆڤینیانەی بەعس وسەرکردایەتییەکەی, بۆنموونە لە پارچە شیعرێکدا لە ژێرنـاوی "لەفەرهەنگی گرتووەکانـدا" زۆر بەڕەوانـی نـاوی ئەم بەنـدیخانەیە دێنێت کە لەسـەردەمی خۆیـدا ڕۆڵەی کـوردی تیـا ئەشکەنجە دەدرا وەک دەڵێت:

( خاڵێک بەقەد دەنکە نیسکێ رەش کە.....رەشتر

گەورەو گەورەتر

(ئەبوغرێب)ێکی غەریب وگەورەیە

بەندەکانی , چەندوچوونیان

لەگەڵ دەرگای قەفەزو پەنجەرەیە

لەفەرهەنگی مێشکیاندا,

وشەیەک هەیە,

کەس وەکو ئەوان لە مانای ناگا

دێ ودەچێ وەک داشی شەترەنجە

ئەزانن چییە...؟

ئەشکەنجە! .)[1] -١٩٨٦-

ئەوەی جێگـای سـەرنجە لەم دەقەدا ئەوەیە کە شـاعیر چەمکـی" ئەبوغرێـب " لە نێـودوو کەوانەدا دەخـاتە بەرچاو,وە لەدرێژەی شیکارییە شیعریەکەشیدا,پەردە لەسەر ئەم جەورو ستەمانە هەڵدەداتەوە, کەلەنێو ژوورە تـاریکەکـانی ئەم زینـدانە گەورەیەی بەعسدا بەڕێوە دەچوو, هەروەهـا لەکۆتـایی ئەم ڕوماڵەشیدا, بـوێرانەو چاونەترسـانە تـابۆی سـەر چەمکەکە هەڵدەگرێت و, دەریـدەخات کە زینـدانیانی ئەم شـوێنە جگە لە ئـازارو ئەشـکەنجەی جەسـتەیی هـیچ مانایەکیتریـان بـۆ ژیـان لا نەمـاوەو,هەردوو چەمکی(ئەبوغرێب),(ئەشـکەنجە) بەرامبەر یەک ڕادەگرێت, ئەمەش لەکاتێکدایە کە بەخراپ نـاوبردنی هەر دام ودەزگـایەکی سەر بەڕژێم هێڵـی

١- موحسین ئاوارە - کارێزەمەرجان - چ١ - چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر - ٢٠١٤ - ل٢٥٠

سووربووە لەوکاتەدا, شاعیر خۆیشی لەچاوپێکەوتنێکی ڕاستەوخۆماندا لەگەڵی لەم بارەیەوە لە وەڵامی پرسیاری(کاتێک شاعیر بەرەو ئەوە دەچێت کە ئەم بەربەستانەی بەردەمی بشکێنێت یاخود ئەوەی کە گوێ بە سیاسەتی داپڵۆسێنەرانەی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن نەدات ,یانیش کاتێک نەریتە کۆمەڵایەتییەکان وئەوشتانە فەرامۆش دەکات کەکۆمەڵگە پەسەندی دەکات وبەباوی دادەنێت,ئایا چۆن, وەچ ڕێگەیەک دەگرێتە بەربۆ ئەم مەبەستە لە شیعرەکانیدا؟) دەڵێت:( خۆی بەڕاستی دەمێنێتەوەسەر کەسەکە, ئەو کەسە تاچەند ئەو ڕووحە شۆڕشگێڕییەی تێدایە, ئەوجورئەتەی تێدایە کە ئەو تەلیسمانە بشکێنی, کە ئەو ڕێچکە شکێن بیتن,, کەشتێک ببینیتەوە خۆی قەناعەتی پێ هەبیتن, دووەمیش چاونەترس بێت, بۆئەوەی دڵی هەموو خەڵک خۆش بکاتن,بەڵام دڵی ئەو کەسانە ناخۆش بکاتن کە دەسەڵاتن یان ئەوانەی خەڵک دەچەوسێننەوە ... من بەش بەحاڵی خۆم لەلایەنی نەضەریەوە زۆر زەرەرم کردووە, بەڵام لەلایەنی پڕاکتیکیەوە کە شیعرم نووسیوە خەڵکانێک پۆستاڵ لەپێ نەکەن, کڵاش لەپێکەن وچەکم داوەتە دەستی بەشیعر تا ببێتە پێشمەرگە بە شیعری موقاوەمە, وامڵێکردووە خۆی تووشی ئەبوغرێب و سجن بکا موقابیل بەوەش مەوقیفم هەبووە, ئەویش ئەوە بووە من تاراپەڕین یا پێشمەرگە بوویمە یانیش خۆم حەشارداوە, یانیش لێنەگەڕایمە دنکە حوبرەکی ڕەش لەسەر کراسەکەم بیتن, وەکو مەوقیف,مەوقیفەکانم لەگەڕ شیعرەکانم بووە, پێویستە ئینسان جەریء بیتن, چونکە هەرشاعیرێک بیەوێ ڕەچەشکێن یان یاخی بی دەبی تەضحییە بەبەرژەوەندی خۆی بدات, جا ئەمەش دەمێنێتەوە سەر شاعیرەکە.)[1] بەم شێوەیە شاعیر وەکو ئەرکێکی نیشتیمانی لەسەر کارەکەی بەردەوام دەبێت و بەرهەمە شیعرییەکانی بەم ووشانە گۆش دەکات کە بەبەر گوێی دوژمن نامۆو قبووڵنەکراون,لە دەقێکی هاوشێوەدا شاعیر لەژێرناوی(چەکوش وئاڵای نەورۆز), سروودێکی نەتەوەیی کورد دەخاتە نێو دوو کەوانەوەو, تابۆکەی دەشکێنێت و,وەکو چقڵ دەیخاتە بەرچاوی نەیارانەوە وەک دەڵێت:

(...هاتووم چەکووش بوەشێنم
تۆڵەی هەژارو لانەوازەکان بسێنم
ئێوە مێژووتان ڕووزەردکرد
مۆمتان کوێرکرد
ڕووناکیتان لەم شارەدا شاربەدەرکرد
ئێوەبەهارتان شاردەوە
پەڕەسێلکەتان بەگریان ناردەوە
هاتووم چەکۆش بوەشێنم
ئاگر لەخەلەو خەرمانی ستەم بەردەم
لەکۆشکی تەڵسم وسەختدا

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ شاعیر- موحسین ئاوارە - ڕێکەوتی ٢٠١٥/٥/٣١ - هەولێر

پەلكێش كەم

لەسەر تۆقەڵەی ئەم كۆشكەدا

مەشخەڵانێ هەڵكەم

هاتووم وناگەڕێمەوە

تاسروودی (ئەی ڕەقیب) نەڵێمەوە,.)[1] -١٩٨٣-

ئەوەی لە ڕێـڕەوی ئەم دەقەدا بەدی دەكرێـت,ئەوەیە كە شـاعیر بەشـێوەیەكی بەردەوام لەهەر كـۆپلەیەكی دەقەكەدا بەدوای یەكدا نامۆدەبێت و, پاشـان یـاخی دەبێت, بەڵام دواكـۆپلەی دەقەكە بەوە جیـادەكرێتەوە كە شـاعیر لەنـامۆبوونەوە بەرەو یـاخیبوون دەچێت ودواتـریش ڕەچەدەشكێنێت و لە نێـو دووكەوانەدا چەمكـی(ئەی ڕەقیب)دەنووسـێت.واتە دەتـوانین بەم شـێوەیە دواكـۆپلەی ئەم دەقەلەڕووی ئاڕاسـتەی مەبەسـت و نـاوەرۆكەوە دیـاریبكەین: شـاعیر لەنیوەدێڕی(ئێـوە مێژووتـان ڕووزەردكرد)تـاوەكو دەگاتە(پەڕەسـێلكەتان بەگریـان ناردەوە)نامۆدەبێت,پاشان هەرلەنیوەدێڕی(هاتووم چەكۆش بوەشێنم)تادەگاتە(مەشخەڵانێ هەڵكەم) یـاخی دەبێت ولەدێـڕی كۆتـاییشداكە(هاتووم ونـاگەڕێمەوە, تـاسروودی(ئەیڕەقیب)نەڵێمەوە)یە, هـیچ سنوورێک بـۆ نەگـووتن نـاهێڵێتەوە, چـونكە بەوهـۆیەوە ڕایـدەگەیەنێت كەكـورد نەتەوەیەكە خـاوەن زمـان وئـاڵاو نەخشـەیەكی جوگرافی سیاسـییە, وەئەم تـابۆیە ڕووبەڕووی دوژمـن دادەداتەوە كەبـوونی دەوڵەت وئـاڵاو كیـانی سـەربەخۆ شایسـتەی نەتەوەی كـورد ڕەوانـابینن و بەقەدەغەی دەزانـن. بەم شێوەیە شـاعیرانی ئەم دەیەیە لەشـاخ ولەشـارو لادێكـانی كوردستـانەوە, كەڵبەی شیعرەكانیـان لە دوژمن تیژ دەكردەوەو تەنگیان بە تەوژمی زۆردارانەوە ملهوڕانەی سەرانی ئەم ڕژێمە هەڵـدەماڵی وگشـت ئەم تـابۆكـاری و پـلانە ڕەش وشـوومانەیـان هەڵدەوەشـاندەوە كە دەرحەق بەكـورد بڕیـاریان بۆ درابوو.

٣- دەقی دژ بە كەسایەتی و یاساو ڕێساو پیرۆزییە ئاینییەكان :

نەتەوەی كورد بەوپێیەی كە زۆرینەی موسڵمانەو,ئاینی ئیسلام وبیروبـاوەڕەكـانی نـاوی ئەو حەڵاڵ وحەڕامـانە دیاریـدەكەن كەژیـان وئـاخیرەتی مـرۆڤ ڕێـک دەخەن و بەهـۆی پەیڕەویكـردن لە بنەمـاو پڕۆگرامەكـانی ئەم ئاینەشەوە, ڕێژەی پەیوەیستبوون و دینداری هەر باوەڕدارێک دەناسرێت, بەڵام بۆ ڕووكردنە ئەم تەوەرە لەڕووی ئەدەبییـەوە, تێڕوانینەكـان دەگـۆڕێن و قۆنـاغی جیـاواز لەخـۆدەگرن , چـونكە هەر لەكـۆنەوە ئـاین وئەدەب سەروكاریان بەیەكەوە هەبـووەو, جایـاـئەوەتـا ئاینەكـان قسـەیان لەسـەر ئەدیبـان هەبـووە یـانیش ئەدەب چۆتە خزمەت یـا دژبەرێتـی ئاینەكـانەوە, شـاعیرانیش ڕۆڵـی سـەرەكیان لەم بـوارەدا بینیـوە, بەرهەمە شیعرییەكانیش هەمیشە چالاكترین ڕەگەزەكـانی ئەدەب بـوون,كە لەلایەن ئاینەكـان وكەسـایەتی ئـاینی و پەیـامبەرانەوە جێگـای گرینگی پێدان بوون, وەلەبەرامبەر ئەمەشدا شـاعیران زۆرجـار ڕاستەوخۆ لە نێـو دەقەكانیـانـدا خۆیـان لەمەسـەلە

---

١- موحسین ئاوارە - كارێزەمەرجان — ل١٤٠

تـــابۆیی و, نەگـــۆڕە ئـــاینییە دۆگمابووەکـــان هەڵقورتاندووەو,ســنووری پیرۆزییەکانیـــان بەزانـــدووە, بەمەش توانیویانە داهێنانی تازەو کاریگەر لە نێو پێکهاتەو سێکتەرە جیاوازەکانی شیعردا ئەنجام بدەن.(هەربۆیەش شاعیرانی داهێنەر لەهەر دەقێک کەبەرهەمی دەهێنن سەیردەکەی دونیایەکی تازە دەبەخشنە خوێنەر, هەموو ئەم شیعرانەی بەم سەختییەوە دەنووسرێن, سەرسامی بۆخوێنەر دروست دەکەن, ئەمە یەکێ لە خاسییەتەکانی دەقی شیعری مەحاڵخوازە, هەڵبەت ئەگەر ئەمە لەبەرچاو نەگرێ جاویدانی نابێ, بەرهەمی شیعریشی توانای نەمری وجاویدانی نابێ)[1] شاعیرانی کوردیش لەم ڕووەوە لەهیچ سەردەمێکدا دریغیان نەکردووە, ئەوە جگە لە پێداهەڵگۆتن و بەشکۆدانانی بنەماکانی ئیسلام وپەرستگا ئاینییەکانی,لەشیعری کلاسیکیدا,بەڵا هەرلە کۆنەوەش شاعیران ڕەخنەی توندیان لە کاروکردەوەی شێخ وسۆفی و نەریتە کۆمەڵایەتیە بەناو ئاینکراوەکان گرتووە,تا ئاستی ڕەچەشکاندن تانەیان تێگرتوون, کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمیش کرانەوەیەکی خێراترو فراوانتری بەخۆیەوە بینی لە ئەدەبیاتی کوردیدا بۆ نووسین وقسەکردن لەسەر هەموو ئەم لایەنانەی کە زەمەنێک بوو بەحەڕام وتابۆ دەزانران,بەڵام لەدوای ئەم بزووتنەوەو گروپ و ڕەوتە ئەدەبییە مۆدێرنانەی بەهۆکاری دەرەکی یا ناوەکی هاتنە ناوەوە, ئیتر ووشەیەک نەمایەوە بۆ شاردنەوەو پەراوێزخستن, وەهەموو ئەم تارمایییە خنکێنەرانەی لە ڕێگای ئاینیشەوە باڵیان دەکێشا بەرەو کاڵبوونەوە چوون , شاعیرانیش لە هۆنینەوەی ماناکانی دەقدا داشی چەمکە نامۆو بەرگریکارەکانیان جووڵاندو, هەنگاوی بەهێزیان نا بۆ شکاندنی تەلیسمە ئاینییە بە تابۆکراوەکان کە هەژموونێکی تۆتالیتارانەیان بەسەر گیانی کۆمەڵگاوە هەبووچونکە.(تاکی دینی لەم سەردەمەدا نەتەنیا, خۆی لەداب و نەریتە ئاینییەکان بەچەشنی بەکۆمەڵ بەدوور ئەبینێ, بەڵکو توانای ڕیفۆرمی دینیش لە قەوارەی تاکدا بۆخۆی دەستەبەر ئەکاو تەنانەت وەک سەرچەشنێکی نوێ ئەیداتە بەر پڕوپاگەندەو لایەنگر بۆ خۆی ئەدۆزێتەوە.)[2] کە بێگومان ئەمەش زیاتر لەلایەن هونەرمەندان و ئەدیبان بەرجەستە دەبێت, هەروەها هەر ئەوانیشن کە دەتوانن بەهۆی بیرو بەهرە تایبەتەکانیانەوە کاریگەری بۆ سەر کۆمەڵ دروستبکەن, لەگەڵ ئەمەشدا بەڕەچاوکردنی ئەمەی کە هەردوو ڕەهەندی هونەر یا ئەدەب وئاین دوو پێداویستی گرینگ و سەرەکین بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە ڕۆحییەکان و, وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تایبەت بەژیان وگەردوون . کەچی هەریەک لەم دووبوارە لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا بەتەریبی ناکەونە بەرامبەر یەکتر بەڵکو هەندێ جار پێچەوانەو یەکتربڕدەبن وهەندێ جاریش نیمچە هارمۆنییەتێک دەکەوێتە نێوانیان, کۆمەڵی کوردەواریش بەوپێیەی کە زۆرینەی ڕەهای موسڵمانە, بۆیە ئاینی ئیسلام تیایدا باڵادەستە, هەمیشەش وادەرکەوتووە کە پارسەنگی ئاین زاڵە بەسەر لایەنی هونەریدا.(بەڵام هونەر لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵانەش بۆ دەستەمۆکردنی, یاخیبوونێکی ئاشکرا بەخۆیەوە ئەبینێت, ئەم یاخیبوونەی هونەر سەرچاوەکەی خودی هونەریست خۆیەتی, هونەریست بەدوای جیهانێکدا ئەگەڕێت لە دونیای

١- کەریم دەشتی - بەرەو منداڵی بەجلی پایزەوە - بناغەو ئەزموونی شیعر - چ١ - بڵاوکراوەی ئاراس - هەولێر - ٢٠٠٧ - ل١٠٥
٢- شەماڵ حەسەن زادە - لە ئوستورەوە بۆ دین - ئایندە - ژمارە-٧٥ - ٢٠٠٧ - ل٦٤

ڕۆژانەی خۆی نەچێت, لێرەوە سەرەتای یاخیبوون دەست پێ دەکات, شاعیرەکان هەمیشە لەم حاڵەتەدا شیعر ئەخولقێنن.)[1] ئەوەی کە لە ئەدەبیاتی کوردی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمیشدا چاوەڕوان دەکرا ئەمەبوو بۆ ئەم قۆناغە کە شیعر دەست لە هەموو کونێک وەربدات و, چەپۆکی توند لە وەحشییەتی تخووبە ئایدۆلۆژییە سیاسی وئاینیەکان بوەشێنێت, وەئەم شاعیرانەش کەلەم ئاستەدا توانا فیکری و هونەریەکانیان خستبووەگەڕ, خۆیان بەخاوەنی ئەزموونەکە دەزانن و لەمەڕ گۆڕانکاری و چۆنیەتی وچەندێتی تێگەیشتن و وەرگرتنی ئەم ووشانەی کە گێرەو دۆخەیان بەدواوە بوو قسەی خۆیان هەبووەو, بەوپەڕی گەشبینیەوە ڕای خۆیشیان سەبارەت بەسەردەمەکە دەربڕیوە. (کەریم دەشتی) لەم بارەیەوە دەڵێت:( هەشتاکان قۆناغێکی گەرمی ئەدەبی وداهێنان بوو بەرهەمێکی باشی ئەدەبی وڕۆشنبیری و ڕەخنەیی بەرهەم هێناوە, ئاسۆی بیرکردنەوەی شاعیرانی بەرەو جیهانیەت فراوانکرد, پەرەی بە تێزو دیالۆگ دا, شوناسێکی تایبەتی بۆخۆی دروست کردووە.)[2], شاعیر لێرەدا مەبەستیەتی ڕخنەی شاعیرانەو, بەجیهانیبوونی شاعیر یاخود مەودای پێوەرە زیهنیەکانی شاعیر بۆ دونیاو دەوروبەر, لەقاڵبی داهێناندا بۆ ئەم دەیەی هەشتاکان بناسێنێت, شکاندنی تابووە ئاینییەکانیش لای شاعیر هەر دەچێتە نێو ئەم قاڵبەوە, لەنموونەی شیعریی ئەو دەمەشیدا, شاعیر لەدەقێکدا لە ژێر ناوونیشانی (میدۆزا)دا دەڵێت :

(....چاوەکانی وەک دوو پشکۆی تووڕەی
چاخە بەردینەکان
دڕیان بە دارستان دەدا
تاشەبەردو کەڤری دەکردە مرۆڤ و
بەدۆڵی مێژووی وەردەکرد
پرچی مێژووشی دەکردە کەزیە ماریێ
لەلولاقی خوای گیردەکرد....)[3]

شاعیرلەوەسفی ئەم کەسایەتیەدا هێندە سەرسامی پیشان دەدات,تادەگاتە ئەوەی تەکنیکی(بەمرۆڤ کردن) بۆ هەردووچەمکی (مێژوو,خوا) بەکاربێنێت و,,(پرچ)لە مێژوو دەنێ و(لولاقیش) دەداتە پاڵ (خوا),کەئەمەش لەڕووی ئاینیەوە گوناحەو تاوانێکی حاشا هەڵنەگرە,یەکێکیتر لە شاعیرانی ڕەچەشکێنی ئەم بوارە(لەتیف هەڵمەت)ە,کەهیچ سنوورو بەهایەکی پیرۆزییە ئاینیەکان وەک بەربەست لەبەردەم شیعرەکانیدا ناهێڵێتەوەو,

---

١- زانکۆ ئیسماعیل ڕۆژ - ئەو دەرگایەی بە ئاسانی ناکرێتەوە- ئاینده - ژمارە-٣٦ - ٢٠٠٢- ل٩٠
٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ شاعیر(کەریم دەشتی) - هەولێر - ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/١
٣- کەریم دەشتی - تەمە سپیەکانی ڕۆح - ل٦

قەدەغە ئـاینییە هەرەگەورەو شکۆمەندداراەکان دەشکێنێت,بۆنموونە لە دیـوانی(ئەو هـۆنراوەیەی کە تەواوئەبـێ وتەواو نابێ)کەلەکۆتـاییەکانی سالآنی حەفتانووسیویەتی لە دەقێکی بێ ناوونیشاندا بەم شێوەیەگوزارشتەکانی دەکات بە ووشەو دەڵێت :

(....ئای ئەگەر پێغەمبەرێک دەبووم

نەمردووم زیندوو دەکردەوەو

نەدەچووم بۆ ئاسمان

زیندانەکانی زەویم دەکرد بە ئاو

***

ئای ئەگەر پێغەبەرێک دەبووم

داوام لە خوا دەکرد

نەخشەیەکی دی بۆ زەوی دابڕێژێ...!

***

ئاخ ئەگەر یەک چرکەیەک

تـاجی دەسەڵاتی خوایەتیم

لەسەردەکرا..

خۆشەویستیم لە هەموودڵێکا

دەکرد بە خوێن.....!)[1] -١٩٨٣-

ئاخ هەڵکێشان وخۆزگە خواستن بۆ بـوون بە(پێغـومبەر) یـان (خـودا), لەم سێ کـۆپلە شیعرییەی ئەم دەقەدا خەیـاڵێکی شـاعیرانەی نـابەجێیەو,بەپێی دەستووری ئیسلام دەرچـوونە لە بنەماکـانی بـاوەڕ بەخـوداو پێغەمبەر, بەڵام وەک دەبینـین, شـاعیر بـێ گوێـدانە ئەم پێـوەرانە, خـۆی دەخـاتە نێـو گێـژاوی تـابۆیەکی ئـاینی هەڕەشـە ئـامێزەوە بەجۆرێـک, کەپیرۆزتـرین نەگۆڕەکـانی ئـاین کە(خـوداو پێغەمبەر)ەکەیەتـی دەبەزێنێت,شـاعیر ئەگەر بۆ(چرکە)یەکیش بێت خواستی شوێن گرتنەوەیـان دەکـات, ئەمەش لە کاتێکدایە کە نابێت عەشقە مەزنەکەی شـــاعیر لە ڕاڤەی ئەم دەقەدا پشـــت گـــوێ بخەیـــن, کە ئەویـــش نیشـــتیمانەکەیەتی, یـــاخود کوردســـتانە داگیرگراوەکەیەتـی , بـۆیە شـاعیر قوربـانی دەدات و مەترسیدارترین سـەرەڕۆیی(مجازفە) لەم پێنـاوە ئەنجـام دەدات, هەروەک لە کۆپلەکانی دواتر ئەمە ڕووندەبێتەوە کاتێک دەڵێت :

(....بەڵام من شاعیرم و

شاعریش هەر ئەوەندەی پێ دەکرێ

وشە بکا بە چەقۆ

١- لەتیف هەڵمەت - ئەوهۆنراوەیەی کە تەواوئەبێ وتەواونابێ - چاپخانەی ألحوادث - بغداد - ١٩٧٩-ل٦٥-٦٦

هەر نەخشەیەک پێش لەدایک بوونی خۆی کێشراوە

ونجڕ ونجڕی بکات...

***

.. تۆم خۆش دەوێ...و

تۆیەکەم وڵات و

دوا وڵاتمی..

ئەی نیشتیمان...!)[1]

لێرەدا شاعیر هەم بێ دەسەڵاتی خۆی بەبەراورد بەم چەمکە تابۆییانە نیشات دەدات کە پێشتر ئاواتی پێ دەخواست, چونکە هەروەک خۆی دەڵێت :(ئەو شاعیرەو هیچی ترنییە, شاعیریش لە ووشە زیاتر هیچ کەرەسەو ئامرازێکی تری بەدەست نییە بۆ دەربڕین), لەلایەکیتریشەوە هەر لەدوا کۆپلەدا شاعیر پاساوی (خۆشەویستی نیشتیمان) بۆ ئەم لادان ویاخیبوونە ئاینیەی دەهێنێتەوە شاعیر لەم بارەیەوە ڕای خۆیمان زۆربەڕوونی لەسەر ئەم مەسەلەیە بۆ دەردەبڕێت وقسە لەسەر دەقێکی هاوشێوەی ئەم دەقە دەکات, کە بۆ هەمان مەبەست نووسیویەتی و دەڵێت :( من بەوپەڕی پێشکەوتنخوازیەوە ئاینم بەکارهێناوە لەشیعرەکانمدا, مەسەلەن ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ) ئەڵێ: کە پێغەمبەر منالّ بووە حەزرەتی جبرائیل هات دڵی کردەوەو نبووەتی خستە ناو دڵیەوە من ئەم حاڵەتەم کردووە بە قەصیدەیەک, ئەڵێم فریشتەیەک هاتە خوارەوە, لەئاسمان سینگمی هەڵدڕی و عەشقی کوردستانی لەدڵما چاند ئەمە لەسەداسەد تەناصێکە, گۆڕانکارییەو ,مەلایەک ئەگەر بەمە بزانێ ڕەنگە بمانخاتە خانەی گومڕاییەوە,بڵێ خۆتو پێغەمبەرنیت فریشتەیەک دابەزێ,کەواتە دڵی تۆ عەشقی خوای تیانییە عەشقی کوردستانی تیایە,.)[2] کەواتە لەوتەکانی شاعیر لەوە تێدەگەین کە ئەم دیاردەیەی لەشیعرەکانیدا وەکو شێوازێک بەکارهێناوە,بۆئەوەی عەشق وتامەزرۆکانی بۆ نیشتیمان لە پیرۆزییە ئاینیەکان گرێ بدات و, وەبەر لە وروژاندنی هەستی نیشتیمانی لای خوێنەر, هەستی ئاینیەکەی دەوروژێنێت,تاوەکو دواتر بەرەو شەیدابوونی خاک ونەتەوە ڕاپێچی بکات و ڕایچڵەکێنێت.بەم شێوەیە شاعیر کۆڵنادات وتادێت سوورترو گەرمتر خەنجەری ووشە ئاگرینەکانی تیژدەکات و,لەتاو ئەوینی وڵاتدا تابۆی ئاین دەسمێت, هەروەک لەم دەقانەی خوارەوە دەم دەکاتەوەو دەڵێت :

(.... ئەم وڵاتە.هەنێ جار

لەعەرشی نووری خوای سۆفیەکان

گەورەترەو

هەندێ جاریش زیندانێکی تەنگەبەرەو

---

١- هـ .س .پ . ل ٦٦- ٦٧

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ شاعیر (لەتیف هەڵمەت),- سلێمانی - ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/١٥

سمێڵم له دیوارەکانی دەخشێ

بەڵام هەر وڵاتی منەو

وڵاتی منەو

وڵاتـــــی مـــــنه.)[1]

.

ئەوەی ڕاستی بێت جێگای تێڕامانه که چ هێزێکه والەشاعیر دەکات,ئەگەرچی تەنهابه ووشەش بێت,بەڵام لەسنووری حەرامترین تابۆکانی ئاین نەسڵەمێتەوە,تادەگاته ئەوڕادەیەی وڵاتەکەی له عەرشی خودا بەگەورەتر بزانێت یان کاتێک دەڵێت :  ( ....من نوێنەری شیعرم و

خوا ڕەوانەی ئێوەی کردووم..و

هەمیشه هەست به پەری یەک

دەکەم پێم دەڵێ:

- بنووسه

+ چی بنووسم

- بنووسه خوا دەڵێ:

هەش بەسەر ئەو نەتەوەیەی

لەزەوی خۆیدا ڕەگ داناکوتێ و....)[2]

ئەم وشانەی شاعیر لەکاتێکدایه,کەدەزانێت خودا پەیامی خۆی لەڕێگەی پێغەمبەرەکانییەوە ئاڕاستەی مرۆڤ دەکـــات و یەکەم وشەیشــی که به گــوێی پێغەمــبەری ئیســلام(محمد) (د.خ) چرپانـــدووه ووشـــەی(إقرأ)ه واته(بنووسه),شــاعیر ئەمه وەردەگێڕێــت بــۆ ئەفســوون وئیلهــامی شــیعر, لێرەشــدا به هەمــان شــێوە بــۆ وە ئاگاهێنــانەوەی نەتەوەکەی لەســەر زاری خــودا دێــته گــۆ که ئەمەش بەزانــدنی لــووتکەی تــابۆو هــێڵه سووره ئاینیەکـانه, بەوەی چەنـد پەیڤێک دەکـات به پەیـامی خـوداو, له فریشـتەیەکەوە بـۆ خـۆی ئاڕاسـته دەکـات له دەربـڕاوی(-بنووسـه خـودا دەڵـێ:هەش بەسـەر ئەو نەتەوەیەی لەزەوی خۆیـدا ڕەگ دانـاکوتێ) ,لەچەنـد دێڕێکـی پێشتری ئەم شیعرەدا بەهەمان شێوە دەپەیڤێت کاتێک دەڵێت :

( ...خوا پێی وتووم و

ئەوا منیش

پێتان دەڵێم :هیچ سەگێک ئەوەندەی

ناپاک گڵاونیەو

---

١- لەتیف هەڵمەت - وشەی جوان گوڵەگوڵ - چاپخانەی ألحوادث - بغداد - ١٩٧٩ - ل١٨٠

٢- هـ .س .پ .ل١٨١

هیچ تـاوانێک ئەوەندەی بەرگری لە وڵات

نەکردن

گەورە نیە

نیشتیمان دایکە. دایک

ئەرێ کەستان پێتان خۆشە

دایکی خۆتـان ڕووت کەنەوە..؟)[1]

شایەنی باسیشەکە(لەتیف هەڵمەت) یەکەم شاعیرو دواشاعیریشمان نابێت کەئاین بکاتە پردێک بۆ مەسەلە نەتەوەییەکـان, ئەمەش لەوەوە سـەرچاوە دەگرێـت ,کەدەسـتوورو یاسـاکانی ئیسـلام لەنێـو کـورددا بنـاغەیەکی پتەویـان داکوتـاوە, شاعیریش وەکو ڕووناکبیرێک و بوونەوەرێکی کۆمەڵایەنی, درک بەو ڕاستیە دەکـات ,کەئەگەر پەتـی پیـرۆزییە ئـاینی و نەتەوەییەکـان بەیەکەوە گرێبـدات دەتوانێـت زیـاترو کـاریگەرتر مـووچڕک بەلەشـدا بێنێت,(بەختیـــار عەلـــی) لە وتـارێکیـــدا لەژێ ناونیشـــانی (قـــانع وســـەرەتاکانی ســـەرهەڵدانی مـــۆڕاڵی ناسیۆنالیستی) بەم شێوەیە دەستنیشـانی تەوەرەکە دەکـات و دەڵێـت :(فیکـری ناسیۆنالیسـتی ئێمە لەجەوهەردا دابڕان نییە لە کولتـووری ئیسلامی, دابـڕان نییە لەسیستەمی سەمبوڵی ئیسلامی, بەڵکو لەسەر ئەو سیستەمە هەڵدەسـتێتە سـەرپێ, لێـرەوە هەڵەیەکـی گەورە دەکەیـن واتێـبگەین کە فیکـری ناسیۆنالیسـتی کـوردی لە جەوهەریـدا بەرەنگـارییەکی قـووڵی لەگەڵ سیسـتەمی ڕەمـزی ئیسـلامیدا دروسـتکردووە, بەڵکـو لە قوڵاییـدا سیسـتەمی وێنـاکردن لەنێـوان دیـن و ناسیۆنالیزمی کوردیـدا یەک شـتە.)[2] , کەواتە پشـت بەسـتنی شـاعیر بە ئاوێتەکردنی دین وناسیۆنالیزم بۆ گەیاندنی پەیامی شیعریەکەی, بۆڵێدانی بەها ئاینییەکان نییە ئەگەرچی لە ڕواڵەتـدا بەوپەڕی ئەنتـی ئـاینیەوە دەردەکەوێـت وپێشـێلی پیـرۆزییە نەگۆڕەکانیشـی دەکـات,بەڵام لەکۆتـاییـدا خاڵی(إنتمـا)بۆکراو نیشـتیمانی شـاعیرەو,ئەو مەنزڵگـایەیە کە ئامـادەیە بە هەرنـرخ و قوربانیـدانێک بێـت پارێزگـاری لێبکات,سـەبارەت بەم دێڕەشـیعرانەیش کە نەوابەسـتەی ئایـدۆلۆژیایەو, نەگیـرۆدەی داوی هـیچ ئەوینێکە, تەنها بە ئارەزووی خەیـاڵ ئاڕاستەی ئـاین کراوە,ئەوا هیچ پەرژیـن و پاسـاوێک هەڵناگرێـت و جگە لەسەرکێشی یـان ویسـتی شـاعیر بـۆ لادان لەم ئاکـارە ئاینیـانەی بەدرێژایـی مێـژووەوە هـاتوون هیچیتـر نـیە, لەنموونەی ئەم جۆرە شیعرانەی(لەتیف هەڵمەت) زۆرن لەوانە :

(...دەڕۆم

لەسووچی مەیخانەیەکدا

مزگەوتێک دروست دەکەم بۆخۆم

دەڕۆم

---

١- هـ .س . پ. ل[١٧٥]

٢- بەختیار عەلی - قانع وسەرەتاکانی سەرهەڵدانی مۆڕاڵی ناسیۆنالیستی - سەردەمی ڕەخنە- ژمارە-٢- ٢٠٠٥ - ل[١٠٦]

لەگۆشەی مزگەوتێکدا

هەرسەدویەک ناوەکەی خوا

بە پێکی مەیەوە دەخۆم

دەڕۆم

لەکەعبەدا دەس بە قوفڵی سوراحی عەشقەوە دەگرم

دەڕۆم

لەسەر سینگی کچۆڵەیەکی عاشقدا

دەس بە ئەڵقەی پیرۆزی کەعبەوە دەگرم)[1]

وەک دەبینین لێرەدا شاعیر بێ پێچ وپەنا دەست بۆ گرانبەهاترین تابووەکانی ئاین دەبات,تابووی(مزگەوت, ناوەکانی خودا,کەعبە) دەخاتە ژێر چەمکە دژەکانی وەک(مەیخانە, مەی, سینگی کچ)ەوە, بەسەرنجدان لەوەی کە ئەگەرچی شاعیر لە کۆتایی ئەم کۆپلەیەدا دەیەوێت,ڕوویەکی(ئیرۆتیکیانە) نیشان بدات و فێڵێکی هونەری لە ئاوەزی خوێنەردا بخولقێنێت, بەڵام ناتوانێت ئەم هاوسەنگییە ڕابگرێت وهوروژمی هەڵچوونی داچەپاوە نەستییەکانی بشارێتەوە. یان لە شوێنێکیتردا دەڵێت :

( ئەو مەسیحەی لەخاچ درا

ترسنۆک بوو

ئەو مەسیحەی سبەینێ دێ

خۆی خاچ بۆ خەڵکی دی هەڵدەخا...!)[2]

لێرەشدا خستنەپاڵی پەسنی (ترسنۆک) بۆ یەکێ لە پێغەمبەرەکانی خودا کە(مەسیح)ە,پێناساندنی هاتنەوەی(مەسیح)یش, بەوەی کە خەڵک لە خاچ بدات, ئاوەژووکردنەوەی ئەو ڕاستیانەیە, کەلە کتێبە ئاسمانیە پیرۆزەکاندا باسی لێوەکراوە. هەروەها شاعیر لەهەندێ دەقیتردا کەمێک هەڵگرتنی باری ئەم بەرپرسیاریەتیە لەسەرخۆی سووک دەکات و لەپەنای تابوو شکاندنەوە, ناوەرۆکی دەق بەلاڕێی(ئیرۆتیک)یان وێناکردنی جەستەی ژن لەبۆتەی تابۆی ئایندا دەکاتە یارمەتیدەرێک بۆ خۆی لەم نموونانەشی کاتێ دەڵێ :

( بە وشە پەرستگایەک دەکەم

مایۆی کچێکی چاو باشقاڵ

بۆخۆم دەکەم بەبەرماڵ

---

١- لەتیف هەڵمەت - ددانی پاشەڕۆژ وەک ددانی جەنگ سپی یە - چ١ - وەزارەتی ڕۆشنبیری - سلێمانی - ٢٠٠١ - ل٤٣

٢- هـ .س . پ .ل٤١

سـوژەی عەشـقی لەسـەر دەبەم)[1] .

شـاعیربە ناوهێنانی(مـایۆی کـچ) سـەرەتا لەخـانەی (ئیرۆتیـک) تـابوویەک دەشـکێنێت و کردنـی مـایۆش بە(بەرماڵ)ی نوێژو(سوژدە)بردن بـۆ عەشق هەمـوویـان پێچەوانەی ئاکـارە ئاینییەکـانی ئیسلامن و دەرچـونن لە پرانسیپەکان, لە شوێنێکیتردا دەڵێت :                    ( خودام ون کرد

لەژێر لمی لەشی کچۆڵەیەکدا

دۆزیمەوەو سوژدەم بۆ برد..!)[2]

پێدەچێت نهێنی ئەم جۆرە داڕشتنە شیعریانەی شاعیر جگە لەلایەنی دەروونی یان حەزی سەرکوتکراوی شـاعیر بـۆ لایەنە ئـاینییە قەدەغەکراوەکـان, هەنـدێ مەرام وبۆچـوونی تـایبەتیش لە خۆبگرێت. جـا چ لە چـۆنیەتی بینیـنە تیـژو پەنهانەکـانی شـاعیر بـۆ ژیـان و مرۆڤـایەتی بێـت, چ لەڕووی دەرخسـتنی توانـای هـونەری و, بەکارهێنـانی ئـامرازە سـتاتیکیەکان بێت, هەر وەک خـۆی بەڕاشکاوانە پێمـان دەڵێت :(هەمـوو نـوێیەک بەلای کۆمەڵەوە شتێکی قەدەغەیە)[3] کە ئەمەش ئـاماژەیەکە بـۆ ویسـتی نوێکـاری لە شیعردا لای شـاعیر. یـان کاتێـک دەڵێت :(بەلای منەوە دین تەواوکەری جوانییەکانی ژیانە.)[4] هەروەهـا شـاعیر لە هەنـدێ کـۆپلەیتردا کەوەک(دژە سۆفیگەری) دەبینرێت, ئەگەرچی لەناوەخنیدا دەشێت شاعیر نیـازی ئەوەبێت, ئـاینپەروەری بکـات, یـان لەڕێگەی تەکنیکی دوالیزمەوە, دژەکان بۆیەک مانا کۆبکاتەوە, وە وەکو جوانکاریەک ئەم ئەنجام وتێگەیشتنە بـۆ خـوێنەر بەجـێ بێڵێـت, بەڵام هەرگیـز ناتوانێـت خـۆی لەوە دەربـازبکـات,کە سـەربەخۆ بڕیـاردان لەسـەرهەندێ چەمکـی کردەیی دروست نییەونەگونجـاوە, وەشـاعیر بیەوێت یـان نەیەوێت خـراوەتە نێـو دەرەوەی بـازنە ئاینیەکـان, وەک ئەوەی دەڵێت:

(ماچ بەبێ دەست نوێژ دروست نیە

چونکە وەکو هەندێ لە سۆفیی یە گەورەکان

سەلماندوویانە

ماچ جۆرێکە لە جۆرەکانی نوێژ)[5]

ئەوەی لێـرەدا جێگـای سـەرنجەو خـوێنەر دەوەسـتێنێت ,لە چەمـکە کرداریەکانی(دروسـت نـیە, سەلماندوویانە,جۆرێکە لەجۆرەکـانی نـوێژ)دا چڕبۆتەوە,چونکە جێگـای سەرسامیە,کە شـاعیر بەبـێ هیـچ بەڵگە هێنـانەوەیەکی ئـاینی یـان دەسـتووری (ئەم شەکرانە دەشکێنێت) و, وەرگـرتن یـان تـامکردنەکەیشی,بێ ئاکـام بـۆ خـوێنەر بەجـێ دێڵێـت, بـۆیە زیـاتر وەک ڕەچەشـکێنیەک دەردەکەوێت,هەرچەنـدە لەوانەیە مەبەسـتی شـاعیر

---

١- هـ .س .پ .ل٤٥

٢- هـ .س .پ .ل٩٦

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ شاعیر (لەتیف هەڵمەت),- سلێمانی - ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/١٥

٤- هـ .س . پ

٥- لەتیف هەڵمەت - ددانی پاشەڕۆژ وەک ددانی جەنگ سپی یە — ل١٠٣

جیاوازیێت.شاعیر لە کۆپلەیەکیتردا دیسانەوە ڕەگی تابۆی ئاینی لەناو ڕووتکردنەوەی جەستەی مێینەداهەڵدەکێشێت و دەڵێت : ( ئەی مێینە

ئەی دڕندە میهرەبانەکە

بۆئەوەی باوەڕم بەخوای مەزن لەق نەبێ

هەمیشە لەنێوانی هەردوو مەمکتدا

سوژدە بۆ جوانی دەبەم..

ئێستا دەزانم بۆچی گومەزی مزگەوت و

مەمکی مێینە لێک دەچن....! )[1]

(سوژدەبردنی شاعیر لەنێوان دوو مەمکدا) خۆی لەخۆیدا بەدەرە لەهەر ڕێسایەکی ئاینی باو یان بەپەسەند دانراو, لەگەڵ ئەوەشدا بەیەکچواندنی(مەمک وگومەزی مزگەوت) ئەگەر بەپاساوی هەر پەسنێک یان ڕوویەکی لێکچوونیش بێت, گونجاونیەو,ڕێگە پێنەدراوەلەڕووی ئاینیەوە, بەتایبەتیش لە ئاینێکی پیرۆزپارێزی وەک ئاینی ئیسلام دەچێتە خانەی بێڕێزی کردن بە بنەما ئاینیەکانەوە.

جۆرێکیترلەم کارە شیعریانەی لەژێرپەردەی شکاندنی یاساکانی ئاین بنیاتنراون,کەچی لە بنچیەندا نیشانەی تر دەپێکن, یاخود ڕوونتر ئەوەیە بڵێین ,لەنێوان تابۆی ئاین و تابۆی ئایدۆلۆژیای سیاسیدا, شاعیر سەرەتا گورز لە تابۆی ئاین دەوەشێنێت تالەو ڕێگەیەوە لەتابۆی ئایدۆلۆژیای سەرکوتکاری و دیکتاتۆریەت بدات, چونکە شاعیر ناتوانێت ڕاستەخۆ هەڵوێستی دژبەرانەی خۆی نیشانبدات, بۆیە ناچار دەبێت ترسی یەکێک لە تابۆکان لە خۆی دابماڵێت بۆ گەیشتن بە ڕاکێشانی لغاوی تابۆیەکیتر ,کە سیاسەتێکی تۆقێنەری تۆتالیتارەو, دام ودەزگاکانی بریتین لە کارخانەی بەرهەم هێنەرو بڵاوکەرەوەی ترسێکی گەورەتر لە ترسی واهیمە ئاینیەکان.(ئەم ترسەش دیسانەوە ترسێکی نوێیە , ترسێکە لەوێوە سەرچاوەدەگرێت کە دەسەڵاتی سیاسی لەم سەدەیەدا دەبێتە خاوەنی کۆمەڵێک ئامرازو میکانیزم کە بەهۆیانەوە دەتوانێت کۆنترۆڵ ودیسپلینی تەواوەتی کۆمەڵگا بکات ترس لەوەی کە دیکتاتۆرەکان یان سیستەمە دیکتاتۆریەکان بتوانن هەموو دەرکەوت و ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وتاکەکەسی, ژیانی دەرەکی وناوەکی ئینسان کۆنترڕۆڵ بکەن ,ئەوترسەیە کە سەدەی بیستەم دروستی دەکات و دەیکاتە بەشێک لەخولیاو بیرکردنەوەی ئینسانەکانی.)[2] بەم بۆنەیەشەوە شاعیرانی کۆتایی سەدەی بیستەمی باشووری کوردستان بەشێکی زۆریان لەم ترسە سیاسیە لەلا کۆبووەوە, بۆیە دەبینین زۆربەیان وەک پێشتریش باسمانکرد ڕەگ وڕیشەی تابۆی ئاینی و تابۆی سیاسیان لە یەک دەقدا خستۆتە بەردەم تەبەری شیعرەکانیان.(مؤید طیب), کەیەکێکە لە شاعیرە شۆڕشگێڕەکانی سالانی هەشتا,

---

١- هـ . س . پ .ل١٤٧

٢- مەریوان وریا قانع - دیکتاتۆریەت وتۆتالیتاریزم لە نێوان(جۆرج ئۆرویل) و(فریدریک هایک) دا - سەردەمی ڕەخنە - ژمارە-٢ - ٢٠٠٥ -ل١٠

بەگیـان وخـوێن وخەبـاتی ئەدەبیـانەش ,ڕووبەڕووی ڕژێم ودەسـەڵاتەکەی بـۆتەوە, هەروەک خۆیشـی لە پێشـەکی دیوانی(ستران وبەفرو ئاگردا) دەڵێت:( ل سالا ١٩٨٢ی ئەز ژبەغـدا دەرکەتـم و چـوومە نـاڤ ڕێزێت شۆرەشێ, ل وێـرێ مـن دیـت, شعرێت مـن بەری مـن بێـت گەهشـتین و دنـاڤ پێشمەرگادا دبلاڤـن, لـوێرێ ژی مـن کاسـێتەک تۆمارکرو هەروەسا من گەلەک ژ وان شعرا ب دەنگێ خۆ ل رادیۆیـا "دەنگێ کوردسـتانێ" خوانـدن.)[1] لەنموونەی ئەم دەقانەیشی کە لە دەروازەی تێکشکاندنی بەهای ئاینیەوە, دەچێتە سەر تەوەرەی سیاسیەوە ئەم دەقە پێش نیگادەخەم کە بە بەکاربردنی میکانیزمی(خەون)ەوە, بۆ دەقەکە, بەرگری لە دەروونـی داگیرکـراوو دەستەمۆکراوی دەکات ودەڵێت :

( - شفێدی , دا!

من خەونەک دیت

- خەوناتە خێرە کوڕێ من

هێدی بێژە دیوار بگوهن!

یادێ من دیت..

گۆیا زەمین دبوو مەحفویرەک

خودێ ژ ئاسمانا هاتە خوار

وی سەرەک گرت .... من سەرەک گرت

مە داقوتا .. مەداقوتا .. مەداقوتا

پاش ئەم فرین چووینە سەر ستێرەکا بلند..

هەمی چیاو باژێرو گوند

بوونە...زەریەک نقستی و رویس

شانە ,شانە مە هێڤ کرێ..

نەتاج مابنە, نەپستال ماینەو , نەپۆلیس!!)[2] -١٩٨٤-

شاعیر سەرەتـای دەقەکە بە(خەون) دەستپێدەکات, بۆئەوەی بتوانێت لەم ڕێگەیەوە جڵەو بـۆ نەسـتی ڕەهـا شل بکات و,پارێزگـاریش لەهەر دۆخێکی نەخوازراو بکـات کەلەئەنجـامی ناتەبـایی ماناکـانی دەقەکە لەگەڵ دنیـای دەرەوەیـدا ڕووبەڕووی بێـتەوە, شـاعیر دیـالۆگێکی کـراوە لە نێـوان بـاوک وکوڕێکـدا بـۆ گێـڕانەوەی ئەم خەونە دەکاتە دەستپێک و لە نیوەدێڕی( هێدی بێژە... دیوار بگوهن!)یشدا, زەنگی تـابۆ شکێنی بـۆ نیوەدێڕەکـانی دوای خۆی لێ دەدات, بەوپێیەی وێنەیەکی شیعری ناباوو قبوڵنەکراو لەڕووی ئاینیەوە دەخاتە بەرچاو, کاتێک باس

١- مۆید طیب - ستران و بەفر و ئاگر - چ٢ - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر - ٢٠٠٤ - ل٧

٢- هـ .س .پ .ل١٣٦

**له هاتنه خوارەوەی خودا دەکات بۆسەر زەوی و پاشان خۆی وخودا دەخاته ڕیزی یەک بەرەوە بۆ(داقوتان)ی نەیاران و سەرانی دەسەڵاتی سیاسی.**

**هەر لەمیانەی ئەم جۆرە دەقانەدا هەندێکیتر له شاعیران تابۆی ناوی (خودا) بۆ هەڵگرتنی سیفەتی هێزوتوانای له ڕادەبەدەر دەدەنه پاڵ خۆیان, که ئەمەش به پێوەری ئاین و دەستووره ئاسمانییەکان, شکاندنی پیرۆزترین بەهاکانه,بەڵام ئەگەر بەچاوێکی ئەدەبی لەم جۆره دەقانه بڕوانین دەبێت تێڕوانینەکانمان سەبارەت بەم دەقانه بگۆڕێت,(عبدألمطلب عبدألله) لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (چاودێر) لەم بارەیەوە دەڵێت:( دەشێ خودا له شیعردا وەک ئیحاو میتافۆڕێک, تەماشابکرێت,که هەمیشه بەکراوەیی بۆ ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی جۆراوجۆر بەجێ دەمێنێ, بەو مانایه دەشێ تێگەیشتن له وشەی خودا تێگەیشتن بێ له فرەمانایی و وێنەی ئیستێتیکی ڕەهەندگەلی مەعریفی وخەیاڵی جیاواز. وەک چۆن دەشێ بەشێوەی باو, وەک بوونێکی بان سروشتی خاوەن توانای ڕەها که جیهانی خولقاندووه تەماشابکرێت.)[1] هەرچەنده له ڕووی ئاینیەوە چاوپۆشی لەسیمای قەدەغه شکێنیانەی ئەم جۆره دەقانه ناکرێت, بۆنموونه (هاشم سەراج) له چامەی (دووکەڵ) لەچەند بڕگەیەکدا ئەم چەمکانه دەردەبڕێت :**

**(...ئەمن دەمرم ,**

**ئەتۆش مەله له ڕووباری حەزی تەنیاییا دەکەی**
**دووکەڵی سپی(ئەستێ) خانم**
**مامانی هۆنراوەکانم ...هۆزان شێته**
**مسی ئەستوونی شەقامەکان تێرت ناکەن**
**دەبم بەخوای هەور.. کێڵگەکان دەکوژم..ئەوجا**
**له بیلبیلەی چاوەکانت دەتوێمەوە...)[2] - ١٩٨٠-١٩٨٢ -**

**وەک دەبینین شاعیر لەلایەن خۆیەوە(مەنەلۆگێک) دەسازێنێت,له نێویشیدا,خانمێک ئامادەیه که پەیامی شیعریەکەی ئاڕاسته دەکرێت, وه شاعیر تیایدا(مردنی خۆی) و(تەنیایی هاوسۆز)ەکەی, ناخوازێت و, هەموو جۆره نامۆبوونێک ڕەت دەکاتەوە, هەر بۆیەشه دەسەڵاتێکی وەهمی بۆخۆی دەخولقێنێت و, ڕەچاوی هیچ سنوورێک ناکات, وەک(خودای هەور) خۆی دەبینێت و, یاخیانەو سەرکێشانه له(بیلبیلەی چاوەکان)یدا(دەتوێتەوە), لێرەدا چەمکی (خودای هەور) بەلێکدانەوەی ئەدەبی, ڕەمزو ئیحایه بۆ دەست ڕۆیشتوویی و خۆ به لاواز نەزانین و یاخیبوون, به خوێندنەوەی ئاینییش گوناهێکی فەرمیەو, شەرعیەتی نیه.**

**لەلایەکیتریشەوە هەندێ له دەقه شیعریەکانی ئەم دەیەیه, بەبیانوی مۆدێرنیەتەوە, لەنێو بەرگێکی ئیرۆتیکیدا, دەستیان بۆ تخووبەکانی ئاین درێژ کردووه, تەلیسمه نەگۆڕەکانیان دەشکاند, وەلەسەر ئاستی**

---

**١- عبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا - داهێنان سەر بەکەشفکردن وخەون ودنیابینی یە-چ١ - چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر - ٢٠١٢ - ل[١٨٧]**
**٢- هاشم سەڕاج - گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس - ل[٢٨]**

کولتووری وکۆمەڵایەتیشدا ڕووبەڕووی ڕەخنەو پلاری توند دەبوونەوە.(بۆیە دەبینین لای خوێنەری ئاسایی ئەوجۆرە دەقانە سەرەتا وەکی خیانەتێک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ و, لەلایەن زەوقی گشتییەوە دژایەتی دەکرێن, تائەو ئەندازەیەی نەفرەتیشیان لێ دەکرێ, ئەو جۆرە خیانەتە سپیانە, خیانەتە لە زەوقی باو لە ئیقاعی باو لە وەستان وبۆگەنبوونی خەیاڵ..هتد, دواتر کە جێگەی خۆی بە زۆری دەکاتەوە ئەوجا دەبێتە بەشێکی گرینگ لە ژیانی فیکری وڕووحی گشتی.)[1] لە ئەدەبیاتی کوردی سەدەی ناوبراویشدا(قوبادی جەلی زادە) نموونەیەکی پێشکەوتووی بەردەستە لەم بوارەداو چونکە هەرکاتێک ویستبێتی دەنووکی شیعرەڕووتەکانی لەهێڵەسنوورییەکێشراوەکان داوەو,خۆیشی لە چاوپێکەوتنێکماندا لەگەڵی دەربارەی(ئاین)دەڵێت :(ئاین بۆمن نەبەربەستە نە هاندەریشە, یەعنی نەئەتوانێ ڕێم پێ بگرێ, نەئەشتوانێ دەستم بگرێ,یەعنی نەڕێگرە, نەدەست گرە,ناڵێم من لەدەرەوەی ئایندام, بەڵام ئەگەر لەدەرەوەی ئاینیش بم لەدەرەوەی خودانیم, یەعنی پێم وایە کەلەدەرەوەی ئاینیش قووەتێکی موتڵەق هەیە کە جیهان بەڕێوەدەبات.)[2] بەمەش ڕوون دەبێتەوە کە تێگەیشتنەکانی شاعیر بۆ ئاین تایبەتەو, ئەم تایبەتیەش لەشیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوەو جیاوازیەکی دیارو ئاشکرای پێ بەخشیوە.(بەمەش قوباد دەبێتە یەکێک لەشاعیرە مۆدێرنە دیارو ناسراوەکانی کورد, ڕەخنەی شیعری قوباد دەگاتە ڕاددەیەک کەهەموولایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی, سیاسی,دینی وفەرهەنگی دەئانگێوێ ولەمانای نەریتی وڕابردوو دایان دەماڵێ, بەڵام ڕاستەوخۆ ئەمەمان پێ ناڵێ, بەڵکو لەکەشی شیعری ودەلالەتیک لە وێنای ئەو بۆ بابەتەکانی شیعری دەیاننەخشێنێ.)[3] شاعیر لە دەقێکدا لەژێرناونیشانی (سەرەتا) تخووبی(خودا)دەبەزێنێت و دەیکات بە(لێکەوتەی ماچێک)شاعیر بە ئیرۆتیک دەستپێدەکات ودەڵێت :

(لەیەکەم ژوانی ئادەم وحەوادا
سێ ماچ
لە لێویانەوە کەوتەوە
خ وا ر
یەکێکیان ئاسمان هەڵیکێشاو
بووبەخۆر
یەکێکیان زەوی زەوتی کردوو
بوو بەدەریا
سێهەمیشیان, لەنێوانی زەوی وئاسمانمدا

١- کامەران سوبحان - چاوپێکەوتن لەگەڵ (ڕەزاخەندان) - ئاینده - ژمارە-٧٥ - ٢٠٠٧ - ل٨٩
٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ(قوبادی جەلی زادە),- سلێمانی - ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/١٤
٣- قوبادی جەلی زادە - شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات - ل١٠

بووبه خوداوەند!!)[1]

هەروەها شاعیر لە ناوەڕاستی چامەیەکدا لەژێر ناونیشانی(سەرەتاوکۆتایی), بەئاشکرا ناوی چەند پیرۆزییەک دەبات و,حەرەمی ئەم پیرۆزیانەش دەخاتە ژێر نەشتەری چەمکە ڕووتەنەکانی ئیرۆتیکی شیعری, کەوەک خۆی دانی پیادەنێت لەنێو دەقەکەدا,جگە لە قرتاندنی گەمارۆی بازنەیەک,کەمەبەستی گەمارۆی ئاینیە, شتێکیترنین, شاعیر لە پێشەوە چەند دیمەنێکی جیاوازو, فرە ڕەهەند بۆ نیشاندانی قەدەرو بونیادی جەستەی ئافرەت دەخاتە بەرچاو یاخود,زەبوونی وقوربانیدان و ژێردەستەبوون و نامۆبوونی ئافرەت پێناس دەکات لەچامەکەدا, دواتر بەرگی نامۆیی پێ فڕێدەدات و, ئەندامە سێکسیەکانی جەستەی ئافرەت لەملی تابۆی ئاینیدا دەئاڵێنێت ودەڵێت :

...ئەومەمکانەت دوو میوەی درەختێکی پیرۆزبوون,
سێبەریان لەکتێبە موقەددەسەکانی خودا دەکرد,
تۆ لەغەفڵەتێکدا ڕفاندت.
ئافرەت
ئافرەت
ئافرەت
مەمکت گومبەزی کتێبە پیرۆزەکانی بەهەشتن, ڕاوت دەنێم
دەمت تەمبووری گۆرانییە ڕووت وقووتەکانی, بەهەشتن,ڕاوت دەنێم
قەڵشتەکانی لەشت,خەزنەی کلیلە زێڕینەکانی بەهەشتن,ڕاوت دەنێم
لە قرتاندنی گەمارۆی بازنەیەک نابمەوە, دەکەومە نێو
عەڵقەی بازنەیەکی ترەوە
لەنێو ئەو بازنە تێلدڕانەدا - با - وورده ئاسنەو - زنە- کێم ..)[2]

هەردوو نیوەدێڕی (مەمکت گومبەزی کتێبە پیرۆزەکانی بەهەشتن) ,(قەڵشتەکانی لەشت,خەزنەی کلیلە زێڕینەکانی بەهەشتن),شڵۆڤەکردنی ئەندامە ئیرۆتیکییە وروژێنەرەکانی ئافرەتە بە پیرۆزییە ئاینییەکان, وەلەهەمان کاتیشدا, لێدوانێکی شیعریانەی ناباوو ناشایستەیە بۆ ناساندنی شوێنە چارەنووسسازە ئاینیەکان بۆ مرۆڤایەتی کە(بەهەشت) یەکێکە لەم شوێنە بەهادارانەی کە,خودا هەر خۆی دەتوانێت وەسفی پەنهانەکانی بکات, وەجێگای سەرنجە کە شاعیر لە دێڕی دوای ئەوە, ئاماژە بە دوو گەمارۆی تابۆیی دەکات بەبێ ناوهێنانیان, کەخوێنەر خۆی دەبێت هەستیان پێ بکات,کە بە دڵنیایی یەوە ئەوانیش تابۆی ئیرۆتیکی وتابۆی

١- هـ .س .پ .ل٤٢٥
٢- هـ .س .پ .ل٤٣٢-٤٣٣

ئـاينين, شـاعير بەردەوام دەبێـت و ئـاڵۆزی وبـارگرژی وئـازارە دەروونيەكـانی ژێـر پاڵەپەسـتۆی ئەم تـابۆيـانە دەخاتە ڕوو.

### ٤- دەقی دژەباو یا نەریت شكێن :

نەریت لەهەر كۆمەڵگایەكـدا ئەم هەڵـس وكەوت وئـاكـارە ڕەوشـتی و كۆمەڵایەتیـانە دەگـرێتەوە, كەسـاڵەهـایە بەشێوەیەكی بۆمـاوەیی لەلایەن تاكەكـانی ئەم كـۆمەڵگەیە پەیـڕەوی لـێ دەكرێـت و بـووەبە یاسـاو دەسـتوورێكی باو, كەبنجی خۆی داكوتـاوەو,لێ لادان ودەرچوون لەم یاسـا كۆمەڵایەتیـانەش وەكـو پەشمێک چـاوی لـێ دەكرێت, وەلەگەڵ گۆڕانكـاری وئـاڵوگۆڕە سەردەمیەكانیشـدا هەمیشـە پابەنـدبوون بەنەریتەكـان لەنێـوان چـین وتـوێژە جیاوازەكانـدا نـابەرامبەری تـێ دەكەوێت, بەوپێیەی موكوڕبـوون ومـانەوە لەسـەر پارێزگـاریكردن لەم نەریتـانە لەلایەن دەسـتەی ڕۆشـنبیران وئەدیبـان بەكۆنەخـوازی دەزانـرێ و بە پێچەوانەشـەوە لەلایەن كەسـانی تـرەوە داكۆكی لێ دەكرێت, بێگومان كۆبوونەوەو بەریەک كەوتنی ئەم ئاڕاستانەش لەكۆتـاییدا دەبنە شوناسی كولتـووری ئەم كۆمەڵگایە چونكە.(كولتووری هەر كۆمەڵگایەک لەهەر بڕگەیەكی مێژووییدا كۆمەڵێک تـوخم كەلەسەرچاوەی جۆراوجـۆرەوە هـاتوون,دەگرێتەخۆ,وەک كەلەپـووری ڕابردوو,نوێكاری,خواسـتنەوە نوێیەكـان وهارمۆنیـا تەواوكاریەكان,كەگشتیان تـاقیكراونەتەوە یـان لەقۆنـاغی تـاقیكردنەوەدان.)[1] ئەدەب وهونەریش وەكو بەشێک لەچالاكیە مرۆڤایەتیەكانی هەر میللەتێک دەبنە لایەنێكی سەرەكی بـۆ بینـاكردن و بەئەرشیفكردنی كلتووری ئەم میللەتـانە,بۆیە ئەدەب بەگشـتی وشـیعریش بەتـایبەتی ڕۆڵێكـی كـاراو دیـاری دەبێـت لەڕاڕەوە مێژووییەكـان و پێشـهاتە سیاسـی وكۆمەڵایەتیەكانـدا, وەبەهـۆی ئەم بـوونە زینـدوویی یەو بـزاڤە ڕۆشـنگەریانەی بەردەوام لە پێشڕەویكردنی شیعردا جووڵەی خۆگونجێن لە پێكهاتەی دەرەكی وناوەكی شیعردا دروست دەكەن و, وایـان كـردووە ئەم ئەركەی شیعر دەیبینێت لە نێوهەڵبەزودابەزی سروشتی ئاكارو نەریتە كۆمەڵایەتیەكاندا بەهیچ ڕێكخراوەو دامەزراوەیەكی یاسایی وابە سـانایی جێ بەجێ نەكرێت, ئەمەش ڕاژەی جەمـاوەری شیعر دیاریـدەكات,بەوەی كە هەم دەتوانێت زەوقـی هـونەری تاكەكـان تێربكـات وهەمـیش پارسـەنگ وفشـار دەخـاتە سـەر هـزرو ئەندێشـەو بیركردنەوەیان.(چونكە شیعر لەمیـانەی جێ بەجێكردنـی ئەركە ئیستـاتیكیەكانیدا ئەركێكی گرینـگ بۆژیـان جێ بەجێ دەكات,چونكە جێ بەجێكردنی ئەركە كۆمەڵایەتیەكان پێویستی بەوە دەكات ئەركە ئیستاتیكیەكان بەجێ بگەیەنـێ.)[2] كەواتە ئەگەر شـیعر بیەوێـت پاڵپشـت بەهەر ڕێبـازێكی هـاوچەرخی ئەدەبـی لادان و كودەتـا بەسـەرهەر لایەنێكـی ژیانـدا بكـات, ئەوانابێـت پێداویسـتیە سـتاتیكیەكان پشـت گـوێ بخـات, چـونكە شـۆڕش وگۆڕانكاری لەهەر بوارێكدا چەک وئامادەكاری پێشوەختەی دەوێت, كەرەسـەو ئـامرازو ئامادەكارییەكـانی شـیعریش بۆ ئەم مەبەستە ڕوون وئاشكرایە كە,هەڵچنینـی كەرەسـتە شیعریەكانە لەسەربنـاغەیەكی ئیستـاتیكی و هونەری

---

١- پیتەر مورداک - نسبییەتی كولتووری - وەرگێڕ-موسڵح ئیروانی - گۆڤاری توێژینەوە - ژمارە٢ - ٢٠٠٥ - ل١٩٠

٢- د.ئازاد عەبولواحێد كەریم - سۆسیۆلۆژیای ئەدەب - ل١٧٩

بەرچـاو کە توانـای ڕازیکردنـی ئـاوەزو ئارەزووەکـانی خـوێنەری هەبێـت بـۆ سـەرجەم ڕاوبۆچـوون وتێگەیشـتنە جیاوازەکان.شیعری هـاوچەرخی کوردیشـمان لەهەمـوو قۆنـاغە جیاوازەکـانی تەمەنیـدا دەنگـی دژەبـاوانەو دژە نەریتیـانەی هەمەڕەنگـی تێکەوتووە,هەمـوو ئەم دەنگـانەش لەسـەر بنچینـەی جوانکـاری وهـۆنینەوەی هـونەریی تێکستەکان بنیـات نـراوە,لەوانەش هەندێ لە شـاعیرە مێینەکانمـان بـوێرانە ڕێچکەی داب ونەریتە بـاوەکانیـان شـکاندووەو, هەسـت وسـۆزی عاشـقانەی خۆیـان بـۆ ڕەگەزی نێر( پیـاو) دەربڕیـوە, ئەمەش لەکاتێکـدایە ژن یـا ئافرەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەدرێژایی سەدەکان چواردەوری بە تـابۆ کۆمەلایەتی و نەریتیەکـان تەنراوە.(ژیـان بابەگوڕگوڕ) کەناوی ڕاستەقینەی(ژیـان صابر إبراهیم)ە,کە ئەگەرچـی خـاوەن چەنـد تێکسـتێکی شیعری کەمیشـە, بەلام دەربـڕینە شیعریەکانی پـاژێکە لەم مۆدێلە نوێیـانەی سـالانی هەشـتاکانی شیعری هـاوچەرخی کوردیمـان, لەجوانترین ودژەبـاوانەترین دەقەکانیشـیدا,ئاگری حەزە پێنەگەیی‌وەکـانی هەڵـدەکات و لە پێنـاو ئەم حەزەشـدا, تـابۆی نەریت وتەنـانەت ئاینیش دەبەزێنێت کاتێک دەڵێت :

(بێ دەنگیت ئازارم ئەدا ..!!

تێڕوانینە قوڵەکانت

کۆرپەی شادیم ئاگردەدا..!!

یەکەم کەس بووی خۆشم ویستی

وەکو خواوەندی ئاسمان

ئەمپەرستی....!! )[1]

شاعیر لەدەقەکە زۆر ڕاشکاوانە,هەستی خۆشەویستانەی خۆی بۆ کەسی دووەم دەردەبڕێت,کەبێگومان بۆ ڕەگەزی نێر گوتراوە, بەمەش خوێنەر بەبیستنی ئەوینێک ئاشنا دەکات,کەلەسەر زاری مێینەیەکدا دەربڕاوە, ئەمەش کولتوورێکی فیمینیستانەی نوێیە,کەبەرگی نەریت وتابۆی نەریتی لەشیعر دادەماڵێت و سنووری نێوان ڕەگەزەکان دەسڕێتەوە, هەروەها شاعیر هەربەوە نەوەستاوە,بەڵکو پیرۆزترین وبەهادارترین واژە ئاینیەکانیش کە(خودا)یە,بۆپەرستن,لەگەڵ عەشقەکەیدا دەخاتە خانەی هاوتاییەوە, ئەمەش نموونەیەکە بۆ ڕەچەشکێنی شاعیرانی ئافرەتمان لەو ڕۆژگارانەی ئەدەبی کوردی بەرلە ڕاپەڕین .

لەهەنـدێ باریشـدا هەنـدێ لە شـاعیرانی هـاوچەرخ ئـارەزووی بەکارهێنـانی ئەم جـۆرە وشـانەیان کـردووە لەدەقەکانیانــدا,کە بەلای کــۆمەڵگەو نەریتــی کــۆمەلایەتیەوە نــامۆن و,زۆرو کەم لەبەرهەمــی ئەدەبیــدا بینـراون,ئەمەش حەزێکـی نـوێی شـاعیرانەیە بـۆ بـازدان و وەلانـانی هەربەنـدو باوێـک کە گرفت بخـاتە بەردەم, ئازادی نووسین و ڕادەربـڕین, لەم بارەیشـەوە هەمـان ئەم شـاعیرە لادەرو سـەرپێچیکارانەی تەوەرەکـانی سیاسـەت وئــاین وئیرۆتیکیــان بەزانــدووە,زۆربێ باکــانەش لەم تەوەرەدا ڕازی دڵەکانیــان دژبە دۆگمــای نەریتــی هەڵڕشتووە.(قوبادی جەلـی زادە)لە چاوپێکەوتنێکمانـدا دەربـارەی پرسیاری :(ئایـا نەریتـی بـاو یـان سـواو یـان

١- ژیان بابە گوڕگوڕ - بێ دەنگیت ئازارم ئەدا - من مطبوعات ألأمتنة ألعامة للثقافة وشباب - ١٩٨٩ - بغداد - ل٢٢

**کلتووری کۆمەڵگا چی دەگەیەنێت بەلای جەنابتەوە؟,ئایا ڕێگربوون یان ڕێچکەیان پێ بەخشیوی؟) لە وەڵامدا دەڵێت:( ئەمانە دووبەشی هەیە, بەشێکی جوان بەشێکی ناشیرن,بەشە ناشیرنەکە هەمیشە کۆتە,هەمیشە زیندانە بۆ نووسەرو ئەدیبی پێشکەوتووخواز, ئەوانەی دەیانەوێ ئەو سنووورە ببەزێنن, هەندێکیش جوانە تۆ دەتوانی ئیشی لەسەربکەی وجوانتری بکەی.)[1] شاعیر بەم ڕۆحیانەتە ئەدەبیەوە دێتە نێو مەیدانی سەرکێشیەکانی شیعرو ڕێگە بەخۆی دەدات, هەرچی ووشەی دەست لێ هەڵگیراو هەیە بیانهێنێتەوە نێو فەرهەنگی شیعرو دووبارە لە دووتوێی دەقدا قاڵبی هونەریان بۆ بتاشێت و بە خوێنەریش بڵێت, ئەمانە هەر تەنیا ووشەی نهێنی و بازاڕی و جوێندان نین بەڵکو دەشێت لە شیعرو ئەدەبیاتیشدا جێگایان بۆ بکرێتەوە, شاعیر لە پارچە هۆنراوەیەکدا لەژێر ناونیشانی(مێژوو) دەڵێت:**

**(گەل مێژووی خۆی بەشۆڕش دەنووسێتەوە**

**شاعیر بەخەون**

**ڕووبار بەگوڵ**

**شەونم بە فرمێسک**

**پەروانە بە ئاگر**

**زیندان بە جەللاد**

**کەر بە زەڕین**

**قەحپە بەگان)[2]**

**وەک دەردەکەوێت شاعیر لە هەردوو نیوەدێڕی کۆتاییدا واژەکانی.(کەر,زەڕین,قەحپە,گان) دەخاتە نێو چوارچێوەیەکی شیعریەوە, ئەمە جگەلەوەی شاعیر واتاکانی ناوەرۆکی دەقەکە بەم ووشانە تەواودەکات بەڵام لە دیوێکی ترەوە تێبینی ئەوە دەکرێت کە شاعیر مەبەستێتی بە ئەنقەست ئەم ووشە ناباوانە هەڵبژێرێت و بە شێوازێکی ستاتیکیانە لەگەڵ چەند ووشەیەکیتردا ڕیزبەندیان پێ بکات و,قفڵی نەگوتن و ,داخستنی دەرگا بەندینیەکانی سەریان بکاتەوە. بەهەمان شێوە(لەتیف هەڵمەت) لە ژمارەیک دەقدا بەهەمان هەناسەی شیعریەوە, شووڵ لەهەر جۆرە بەندو بازگەیەکی کۆمەڵایەتی یا نەریتی هەڵدەکێشێت و,هیچ ووشەیەک باوبێ یان ناباو بێ, بێ بەری ناکات بۆ نەخشاندنی تابلۆ شیعرییەکانی, لەنموونەیەکدا شاعیر لەژێر ناونیشانی (بۆهەندێ لە ڕەخنە چی یەکان)بە شێوازێکی ناباو,بەرەیەکی شیعری توند دژ بە هەندێ لە ڕەخنەگران دەکاتەوەو دەڵێت:**

**( شێخ ڕەزانیم**

**ئەزانن کێم**

**شاعیرێکی بێ شوێن وجێم**

**١- چاوپێکەوتن لەگەڵ(قوبادی جەلی زادە),- سلێمانی - ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/١٤**

**٢- قوبادی جەلی زادە - شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات -ل٣٧٨**

بەزمانی ئاگر دەدوێم

سۆفی یەکی

مەستی بادەی ئەنالحەقم

هەمـــوو ڕەخـــنە زۆڵەکانتـــان دەگـــێم؟)[1] .

دەبینـین ئەوەی لە سـەرەتای شـیعرەکە شـاعیر خـۆی پـێ دەناسـێنێت و جـاڕی بـۆ دەدات,بەکارهێنـانی نـاوی کەسایەتی شاعیری کلاسیکیمان (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)یە, کەبەشاعیری هەجوو ناسراوە لە ئەدەبیـاتی کوردیـدا, شاعیر بە ناوهێنـانی ئەم شاعیرە ڕێگەی هێرش بـردن و هەجووکردن یـان بڵێین نابـاو گووتن بـۆ خـۆی خـۆش دەکـات و, تـالەکۆتـا ووشەیدا نیوەدێڕی.(هەموو ڕەخنە زۆڵەکانتـان دەگێم) گۆدەکـات, چونکە دیـارە شـاعیر لە ڕەخنە ناسازەکانیان پەستە ناشیەوێت بە ستایلێکی کلاسیکیانەی سواو یـاخود(ئەحمەدی خـانی) یـانە بڵێت:(لـێ هێڤی دکەم ژ موستەعیدان..حەرفان نەگرن ژموستەفیدان),بۆیە ووشەیەکی هەجوو ئـامێزی نادیوەخانیـانەی (شێخ ڕەزا) ئـاسـا لەدەقێکـی هاوچەرخـدا دادەڕێــژێتەوە. لەکۆتـاییشـدا دەمەوێـت ئەوە بیــربخەمەوە کە شــاعیرانی نوێخوازمان لە (شێخ نووری وشێخ نەجیب و پیرەمێردو گۆران)ەوە,تـادەگـاتە شیعری هـاوچەرخ و, ئەمڕۆی شیعری کوردیش زۆر یا کەم توانیویانە لاپەڕەکانی ئەدەبیاتی نوێی کوردیمان تـا ئـاستێکی دیـارو کـاریگەر لە هەڕەشەو قۆرغکـاری سیاسی وئـایینی وکۆمەڵایەتی ڕزگـاربکەن و, شیعر بگەڕێـننەوە نێـو پـانتـایی هەرێمێک کە دووربێت لەهەر تـارمـاییەکی تـابۆیی ئایـدۆلۆژی و ئـاینی یـا بۆمـاوەیی یـان بەرنـامە بـۆ داڕێـژراو,ئەمەش ئەم ڕاسـتیە دەسەلمێنێت کە شیعر باڵندەی ڕۆحی ودەروونی شاعیرەو هیچ سنوورو بەربەستێکیش بۆ هەڵفڕین ناناسێت.

---

١- لەتیف هەڵمەت - ددانی پاشەڕۆژ وەک ددانی جەنگ سپی یە -ل٧٣

## ئەنجام :

١- قەدەغەدانان بەهەموو زمانەکانی دنیا بەواتای وەستاندنی مرۆڤ دێت لەبەردەوام بوونی لەسەر بۆچوونێک یان هەڵوێستێک یان ئەنجامدانی کارێک,کەبەپێی دەستووری وڵات یان شەرعیەتی ئاینی یان نەریتی کۆمەڵایەتی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر دەگۆڕێت.

٢- جێ بەجێبوونی ئەم وەستاندنانە بەشێوەیەکی فەرمی یان نافەرمی بەسەرتاکەکەسدا,لەهەندێ باردا بەقازانجی گشتی کۆمەڵدا دەشکێتەوەو,بەرگری لەمافەکانی مرۆڤ دەکات,لەهەندێ باریشدا مرۆڤ دووچاری ڕەشبینی وگۆشەگیری دەکات و,دەیخاتە دۆخێکی دەروونیەوە کەبەنامۆبوون دەناسرێت.

٣- کاتێک نامۆبوون ویاخیبوون بڕی ئارەزووی مرۆڤ تێرناکەن و,تاسەی خەون وئاواتەکانی بۆ ناشکێنن,ئیتر کاردانەوەکانی توندتر دەبێت و,سەرکێشی دەکات ولەئەم بوارانەی تێیدا نامۆو یاخی بووە وەک(ئاین و,سیاسەت و,کۆمەڵگاو,نەریت,سێکس,سانسۆری فیکری وئەدەبی...هتد)بەقوڕسی هەڵدەچێت ولەدژیان دەوەستێتەوە,بەمەش سنوورەکان تێدەپەڕێنێت وشۆڕشێک بەرپادەکات کەدەکرێ بە(قەدەغەشکێنی) ناوی ببەین.

٤- هەندێجار بەتابۆکراوەکان لەیەک سەرچاوەوە بنەمای تابۆیی وەردەگرن وەک ئەوانەی لەپێشتر باسمانکرد,بەڵام هەندێجار بەتابۆکراوەکان لەدوو سەرچاوە یان زیاتر بنەمای تابۆیی وەردەگرن,لێرەشدا بە(تابۆیتابۆ) ناومان بردوون,کەزۆربەی کات بابەتەکانی وەک(سێکس ودژەباوی وتاوان وئابڕوتکێنی)لەخۆدەگرن.

٥- ئەگەر تابۆی هەر بابەتێک یان هەر ڕەوشتێک بەنەگۆڕی بمێنێتەوەو,مەودای نێوان قۆناغە مێژووییەکان کاری تێ نەکردبێت بە(تابۆی جێگیر) دەناسرێت,وەئەگەربە پێچەوانەشەوەبێت ولەگەڵ هەرسەردەمێک یاسای نوێ جێگای یاسا کۆنەکان بگرێتەوە ئەوا بە(تابۆی گۆڕاو)دەناسرێت.

٦-پەیوەندیەکی دیالێکتیکیانە لەنێوان ئەدەب و تابۆکاندا بەدی دەکرێت,بەوەی کەهەم تابۆکان کاریگەریان بەسەر ئەدەبەوە هەیەو,هەم ئەدەبیش دەتوانێت کار لەدۆگمابوونی تابۆکان بکات.

٧- شیعری هاوچەرخی کوردیمان ئەم کایە بەهێزە ئەدەبییە بووە,کەبەرامبەر هیچ ئایدۆلۆژیایەکی توندڕەوو کلتوورێکی چەقبەستووی کۆمەڵایەتی نەسڵەمیوەتەوە,چونکە شاعیرانی ڕەچەشکێنمان بەدانایییەوە مامەڵەیان لەگەڵ چۆنیەتی دارشتنەوەی شیعرەکانیاندا کردووەو,شێوازو میکانیزمی جۆراوجۆریان گرتووەتە بەر.

٨- شیعری هاوچەرخی کوردی,چ لەڕووی ڕووخسارو لادانە زمانی و وێنەییەکانەوە بێت,چ لەڕووی ناوەرۆک وبەکارهێنانی ووشەو واتا ناباوەکانەوە بێت,ئاگایی ونائاگاییەکانی لەشیعردا کردۆتە سەنگەری لێدانە تابۆییەکان و,لەئاستێکی باڵاو بەرچاویشدا,پێشەنگانە خوێنەریان لەهەندێ پەتای تابۆیی ڕزگارکردووە.

٩-(ئاین وسیاسەت,نەریت وڕەگەز یا ئیرۆتیک)ئەم سێکتەرە بەکاربراوانەن,کە هەمیشە لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا پیرۆزییە بەتابۆکراوەکانیان دەشکێندرێت و,گەمارۆی سەر ووشە نەبیستراوەکانی تیا هەڵدەگیرێت.

١٠- شيعری هاوچەرخی کوردی کۆتایی سەدەی بیستەم ودەیەی هەشتاکان بەدیاریکراوی,بەهۆکاری سیاسی وکۆمەڵایەتی جیاواز تەکانی بەخۆی داوەو,پێویستیەکانی ئەو سەردەمە وایلێکردووە,بەتەنگ داخوازیەکانی خەڵکەوە بچێت,ناهەمواری بارودۆخی کوردستانی باشووریش لەڕووی سیاسی ونەبوونی ئازادی بیری,هێندەیتر شاعیرانی تاوداوە,تاله قۆزاغەی بێ دەنگی دەرچن وتابۆیەک بەتابۆیەکیتر بشکێنن و فۆڕمی شیعریش بخەنە خزمەت داڕشتنەوەی ناوەرۆکێکی ڤین هەڵگرو تۆڵە ستێن.

١١- شیعری هاوچەرخی کوردی لە پەیامی وشیاری پێدانەوە بەرەو یاخیبوون دەچێت ولەوێشەوە هەنگاوێکیتر دێتە پێش و,شیعری قەدەغەشکێن بۆ گشت بابەتە شیعرییەکان لەلایەن شاعیرانی بوێری هاوچەرخەوە دەبێتە باوێک و پەیڕەوی لێ دەکرێت.

١٢- شاعیرانی هاوچەرخمان لەدەیەی هەشتاکاندا بەتایبەتی,دەستیان بۆ سەرجەم ووشە تابۆلەسەرەکان بردووە,گورزیان لەگشت تەوەرە قەدەغە بەسەرەکان وەشاندووە,بەڵام لەشاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکیتر,چەند تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوە دەبینرێت لەوانە:

- قوبادی جەلی زادە,بەشاعیری ئیرۆتیک ناسراوە,زیاتر لەم بوارەدا پەردەی شەرمی لەسەرکردەو چەمکە سێکسیەکان لاداوە,هەرچەندە بەبۆنەی ئەمەیشەوە زۆربەی جار تابۆ ئاینیە نەگۆڕەکانیشی بەزاندووە.

- لەتیف هەڵمەت زیاتر لەگەمارۆی بازنە ئاینیەکان دەردەچێت و لەم پێناوەش زۆرجار خۆشەویستی نیشتیمان دەکاتە پاساو,وەلەهەندێ دەرکەوتەی شیعریشدا ڕەچەی ئیرۆتیک وڕەچەی ئاین بەیەکەوە دەشکێنێت و,ڕاوی تابۆیەک بە تابۆیەکیتر دەکات.

- فەرید زامدار,شێوازی مەنەلۆگی شیعری بەکاردەبات و,وەسفی خواستە ناخەکیەکانی خۆی دەکات بۆ دەرچوون لە سیاقە تابۆییەکان.

- (عبدألله پەشێو,محسن ئاوارە,فەرهاد شاکەلی,مؤید طیب,هاشم سەراج,جەلالی میرزاکەریم)هەریەک بەدەنگوڕەنگ وتەکنیکی جیاواز تابۆی سیاسی دەشکێنن وتانەلە ئایدۆلۆژیای چەوساندنەوە و دیکتاتۆریەت دەدەن.

- سەباح ڕەنجدەر سوریالیانە دەستووره ڕێزمانییەکانی زمان ونجڕ ونجڕ دەکات و سەدان وێنەی دژەباو, یان ئیرۆتیکی,یان دژە ئایدۆلۆژیای ئاینی,لەچامەی شیعریدا نمایش دەکاتەوە.

- کەریم دەشتی بەشێوازێکی جیاوازتر وێنە شیعریەکانی لەتابلۆیەکی ئیرۆتیکی تابۆشکێنندا نمایش دەکات .

- لەکۆتاییدا دەتوانم بڵێم دەیەی هەشتاکان بۆ شیعری هاوچەرخی کوردی,ئەم پردە بوو ,کەشاعیرانی لەیاخیبوونی شیعری دەیەی حەفتاکان پەڕاندەوە بۆ دوورگەیەکی بەرفراوانتر بۆ ڕەچەشکێنی و,ئاسۆی بینینەکانی شاعیرانیشی بەرەو ئاستێکی پێگەیشتووتر بردو,توانستی ئەوەی پێدان,کە خۆیان لەهیچ قەدەغەکاریەکی ناڕەوا نەبوێرن.

**سەرچاوەكان :**

**كتێبی كوردی:**


**١- ئازاد ئەحمەد مەحموود(د.)- بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی كوردیدا -چ٢ -چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر -٢٠١٢**

**٢- ئازاد عەبدولواحید - كلتوورو ناسنامە - چ١ - چاپخانەی ڕۆشنبیری - هەولێر -٢٠١١**

**٣- ئازاد عەبدولواحێد كەریم (د.)- ڕەخنەی ئەدەبی - چ١ - چاپخانەی كارۆ - كەركوك - ٢٠١٣**

**٤- ئازاد وەڵەدبەگی -فەرهەنگی ڕامیاری نیگا -چ١ -بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری -هەولێر-٢٠٠٥**

**٥- ئازاد ئەحمەد مەحموود - شەش لێكۆڵینەوەی شیعری - چ١ - چاپخانەی ئاراس - هەولێر - ٢٠٠٨**

**٦- ئایزایابێرلین- ئازادی و خائینانی -و:مەنسوورتەیفولای- چ١- چاپخانەی موكریان -هەولێر-٢٠١٠**

**٧- ئیسماعیل تەنیا-بەسەركردنەوە٢٤بابەتی ئەدەبی وڕۆشنبیریە- چ١-چاپخانەی كشتوكاڵ-هەولێر-٢٠٠٥**

**٨- ئەحمەدقەرەنی( د.)-ڕەخنەی ئایرۆنی لە شیعری نوێی كوردیدا ١٩٢٥-١٩٧٠- چ١-چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر-٢٠١٢**

**٩- ئەحمەدی مەلا - شیعر تەنیا هەر بنەمایە - چ١ - دەزگای چاپ وبڵاوكردنەوەی ئاراس - هەولێر - ٢٠٠٥**

**١٠- إسماعیل رەسول - چەند باسێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی — دارألحرية- بەغدا ١٩٨١**

**١١- أمين عبدألقادر - دوو چەمكێن هاڤیبوون یاخیبوون د هۆزانا نوێخوازا كوردیدا - چ١ -چاپخانا هاوار-دهۆک- ٢٠٠٥**

**١٢- برنهاردشێفەرس-بنەماكانی كۆمەڵناسی لاوان- و.یووسف فەقیهی-چ١-چاپخانەی شڤان- ٢٠٠٨**

**١٣- بوونی مرۆڤ و دەركەوتەكانی - د.عرفان مستەفا -چ١- چاپخانەی منارە- هەولێر - ٢٠١٠**

**١٤- بەختیار عەلی -لەدیارەوە بۆ نادیار- بەرگی دووەم چ١- چاپخانەی كارۆ - سلێمانی - ٢٠١١**

**١٥- بەرهەمی ژمارە٤ی هوشیاری(1.rev)- مافەكانی مرۆڤ- چاپخانەی دێكان- چ ١-سلێمانی-٢٠٠٥**

**١٦- بەهرام محەممەد(كاكل)-ڕۆشنبیری كۆمەڵگای مەدەنی- چ١-چاپخانەیبینایی -سلێمانی-٢٠٠٦**

**١٧- پێشڕەو عەبدوڵلا- دەروونشیكاری شیعر -چ ١ - چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر - ٢٠١٣**

**١٨- پێشڕەو عەبدوڵلا - ئەدەب شێوەكاری تیۆر - چ١ -چاپخانەی حاجی هاشم -هەولێر -٢٠١٤**

**١٩- پەخشان سابیر حەمە (د.)- ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی كوردی - كرمانجی خوارووی كوردستان - ١٩٧٠- ١٩٩١ - چاپخانەی حاجی هاشم -هەولێر - ٢٠١٢**

**٢٠- پەرێز سابیر (د.)- ڕەخنەی ئەدەبی كوردی ومەسەلەكانی نوێكردنەوەی شیعر- دەزگای چاپ وبڵاوكردنەوەی ئاراس - هەولێر - ٢٠٠٦**

**٢١- جمال حبیب ألله - دەروازەی شیعر ناسین - چ١ - بازاڕی زانست بۆ چاپ وبڵاوكردنەوە - هەولێر - ٢٠١٢**

**٢٢- جۆن ماكواری - فەلسەفەی بونگەرایی -و. ئازاد بەرزنجی -چ١-چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی -٢٠٠٥**

٢٣- جەلالی میرزا کەریم - ڕێگا دوورەکانی چاومان - شیعر - مکتب ألسليمانية لخدمات ألفنية بألطباعة - سلێمانی- ١٩٩٢
٢٤- چارلز برێسلێر - ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی -و-عەبدولخالق یەعقووبی -چ١ - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر -٢٠٠٢
٢٥- حوسێن غازی کاک ئەمین گەلاڵەیی( د.) - ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە باشووری کوردستان - ١٩٨٠-١٩٩١ - چ١ - چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر - ٢٠١٠
٢٦- حەمە حەمە ئەمین قادر - کاروانی شیعری نوێی کوردی - بەرگی یەکەم - چ٢ - چاپخانەی (حسام) - بغداد - ١٩٨٠
٢٧- حەمە سەعید حەسەن - شیعرو شمشێر - دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس - هەولێر - ٢٠٠٤
٢٨- حەمە کاکە ڕەش - کۆڕامانێک لە شیعر - چاپخانەی لەریا - سلێمانی - ٢٠١٠
٢٩- حەمە کەریم عارف - دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی - چ١ - چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر -٢٠١٤
٣٠- خالیدعەبدولکەریم حەمەلاو- لەفیمینیزمەوە تاهیومانیزم -چاوپێکەوتن: مهابادقەرەداغی - چ١-چاپخانەی ئاراس - هەولێر- ٢٠١٠
٣١- داکۆکی ڕێکخراوی دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی -مافەکانی مرۆڤ :چەمک -پرانسیپ- چاپخانەی بینایی سلێمانی-٢٠٠٦
٣٢- دڵشاد عەبدوڵڵا - کۆشیعری ٢ - چ١ - دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس - هەولێر - ٢٠١٠
٣٣- دڵشاد عەبدوڵڵا - ئیرۆسکێ - چ١ - دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم - سلێمانی - ٢٠٠٥
٣٤- دیدارێکە(حەکیم کاکە وەیس)لەگەڵ(ئەمجەدشاکەلی) ئەنجامیداوە-ئەوەی نابێ بگوترێ دەبێ بگوترێ-چ١-چاپخانەی ڕۆشنبیری-هەولێر-٢٠٠٤
٣٥- ڕاجێر وێبستێر-تۆژینەوەی تیۆری ئەدەبی- و.عەبدولخالق یەعقوبی-چ١-چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە-هەولێر-٢٠٠٦
٣٦- ڕێکخراوی دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی-مافەکانی مرۆڤ:چەمک,پرانسیپ,داکۆکی- چ١-چاپخانە:بینایی - سلێمانی- ٢٠٠٦
٣٧- ڕەزا سەید حسێنی - قوتابخانە ئەدەبییەکان- و.حەمەکەریم عارف - چ١ –چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە -٢٠٠٦
٣٨- زیگمۆند فرۆید -تەوتەم و تابۆ و. ڕەزا مەنوچەهری- چ١- چاپخانەی گەنج- سلێمانی -٢٠٠٥
٣٩- ژیان بابە گوڕگوڕ - بێ دەنگیت ئازارم ئەدا - من مطبوعات ألأمتنة ألعامة للثقافة وشباب - بغداد- ١٩٨٩
٤٠- سەباح ڕەنجدەر - ڕووەکەکانی خواوەند - ئۆفێستی چاپخانەی هەولێر - هەولێر -١٩٩٩
٤١- سەردارعەزیزخۆشناو- نووسەر لەنێوان ئازادی ڕادەربڕین وپابەندبوون بەیاسادا-چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر -١٩٩٩

٤٢- سەرکەوت سەعدی قادر- نامۆیی لە ڕۆمانەکنی(سەلاح عومەر)دا- چ١-چاپخانەی حاجی هاشم—هەولێر -٢٠١١
٤٣- سەروەر کەریم - عەشق وخۆشەویستی لە نێوان وەهم و واقیعدا - چاپخانەی تەوار - سلێمانی -٢٠٠٥
٤٤- سەلاح حەسەن پاڵەوان - شیعری کراوە-لەئەزموونی شیعری نوێی کوردیدا - چ١ - چاپخانەی ئاراس - هەولێر- ٢٠١٠
٤٥- سەلام عەبدولکەریم - موقەدەس وکولتور - چ١ - دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم - سلێمانی - ٢٠٠٧
٤٦- سەمەد ئەحمەد - سایکۆلۆژیای دەسەڵات وجەماوەر -چ١ -چاپخانەی کاردۆ -سلێمانی -٢٠٠٩
٤٧- شكري عزيز ألماضي( د.)- تیۆری ئەدەب - و.سەردار ئەحمەد گەردی - چ١ - چاپخانەی ماردین- هەولێر - ٢٠١٠
٤٨- شێرکۆ بێکەس - ڕووبار - چیرۆکە شیعر - بەرگی سێیەم - مطبعة علاء - ١٩٨٤
٤٩- شیعری فەرید زامدار - مطبعه ثقافه وألشباب - بغداد - ١٩٩٠
٥٠- عبدألله عباس - شەش وتار دەربارەی شیعری نوێ وتاقیکردنەوە - چاپخانەی(علاء) بەغدا - ١٩٨٠
٥١- علاء ألدين سجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی - چ٢ - چاپخانەی معارف - بغداد - ١٩٧١
٥٢- عمرعلی غفور-مافی ئافرەت لەنێوان ڕەگەزسالاری ومرۆڤ سالاریدا - چ١-چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر-١٩٩٧
٥٣- عوسمان یاسین-هیگڵ ودوولەقوتابیانی- چ١- چاپخانە:خانی دهۆک- ٢٠٠٨
٥٤- عومەر میراودەلی - زمانی دەق - چ١ - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری - هەولێر - ٢٠٠٨
٥٥- عەبدولخالق یەعقووبی - دەنگی بلووڕینی دەق - ڕەخنەو لێکۆڵینەوە - چاپخانەی ڕاز - سلێمانی - ٢٠٠٥
٥٦- عەبدولخالق یەعقووبی- لە کلتوورەوە بۆ ئەدەبیات-چ١- دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس-هەولێر- ٢٠٠٨
٥٧- عەبدوڵلا پەشێو - برووسکەچاندن(١٩٧٣ - ١٩٨٨) - چ١ - سوێد - ٢٠٠٠
٥٨- عەبدوڵلا یاسین عەلی ئامێدی( د.)- هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا - ١٩٣٩-١٩٧٠ - چ١ - چاپخانەی وەزارتی پەروەردە - هەولێر - ٢٠٠٥
٥٩- عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا - داهێنان سەر بەکەشفکردن و خەون و دنیابینییە - چ١ - چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر ٢٠١٢
٦٠- عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا - عرێش,بـوون,زمان - چ١-یەچاپخان خانی - کۆدە - ٢٠١٠
٦١- عەتا قەرەداغی - گەڕان بەدوای شیعرو شیعرییەتدا - چ١ - چاپخانەی شڤان - سلێمانی - ٢٠٠٩
٦٢- عەفیف ئەخزەر- عەلمانییەت وئسوولییەت - و.شوان ئەحمەد-چ٢-چاپخانەی ئاراس- هەولێر-٢٠١٢
٦٣- عەلی شەریعەتی (د.)- یاخیبوونەکەی کامۆ- و.ڕێکان تەحسین - چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر-٢٠١٤
٦٤- غياث الدين نقشبندی - نامۆیی -چ٢- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان - سلێمانی- ٢٠٠٤
٦٥- فازیل شەوڕۆ - ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا - چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر - ٢٠١٤
٦٦- فەرهاد پیرباڵ( د.)- ڕێبازە ئەدەبییەکان - چ١ - هەولێر- ٢٠٠٤

٦٧- فەرهاد شاکەلی - بڵاچەیەک درز دەخاتە تاریکەشەوی تەمەنم-چ١ - دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس - هەولێر- ٢٠٠٩

٦٨- فەرهاد قادر کەریم (د.) - بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا - چ١ - چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر - ٢٠١٢

٦٩- فەرید زامدار - ستێکس - وەزارتی ڕۆشنبیری - بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبڵاوکردنەوە - سلێمانی - ١٩٩٧

٧٠- فەهمی شوکری عەبدوللا- ڕەگەزی نوێی شیعری کوردی لای قەدری جان -چ١ - چاپخانەیا حەجی هاشم - هەولێر - ٢٠٠٦

٧١- قوبادی جەلی زادە-شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات-چ٢- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس-هەولێر- ٢٠٠٧

٧٢- قوبادی جەلی زادە - قەڵەمێکی ڕدێن سپی - بەیارمەتی ئەمینداریتە ڕۆشنبیری ولاوان لەچاپ دراوە - بغداد - ١٩٨٨

٧٣- کارل مارکس,ئەنتۆنیۆ گرامشی,جۆرج تامسۆن,لۆزا لۆکسامبۆرگ - لەبارەی ئەدەبیات وهونەرەوە - و- شەریف فەلاح - چاپخانەی شڤان - سلێمانی - ٢٠٠٩

٧٤- کازێوەصالح -هەولێر - فیمینیستانسی وجڤاکی کوردی — چ١-چاپخانەی ئاراس-٢٠٠٥

٧٥- کامل حسن عزیز البصیر(د.) - ڕەخنەسازی مێژووپەیڕەوی کردن - چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق - بەغداد - ١٩٨٣

٧٦- کامەران مەنتک - فرمێسکی ئەستێرە - هۆنراوە - مطبعة أسعد - بغداد - ١٩٨٨

٧٧- کامەران مەنتک- ئازادی لە نێوان فەلسەفەو یاسادا- دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم -چ١- سلێمانی-٢٠٠٥

٧٨- کلاوس هوفنر-چۆن سکاڵادژی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ بەرزئەکەینەوە -چ٣- چاپخانەی دێکان- سلێمانی-٢٠٠٥

٧٩- کۆمەڵێک نووسەر - خەیاڵ وڕۆح - دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم - سلێمانی - ٢٠٠٤

٨٠- کەریم دەشتی-بەرەو منداڵی بەجلی پایزەوە -بناغەو ئەزموونی شیعر-چ١- بڵاوکراوەی ئاراس-هەولێر- ٢٠٠٧

٨١- کەریم دەشتی -تەمەسپییەکانی ڕۆح - بەیارمەتی ئەمینداریتی ڕۆشنبیری ولاوان لەچاپدراوە-بغداد - ١٩٨٨

٨٢-کەمال غەمبار-بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێک-چ١-دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس-هەولێر- ٢٠٠٨

٨٣- کەمال معروف( د.)—ئەدەبیاتی کلاسیکی و شیعری نوێخوازی کوردی- چاپخانەی ژین ,چ١—سلێمانی- ٢٠٠٣

٨٤- کەمال میراودەلی (د.)-بیرکردنەوەو ئازادی- چ١- -چاپخانەی ڕەنج -سلێمانی -٢٠٠٧

٨٥- گەڕان بەدوای ماناکانی شیعردا -چ١- دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی-٢٠٠٦

٨٦- لوسیەن گۆڵدمەن - ئەدەبیات,کولتور,کۆمەڵگا- و-هادی محەمەدی -چ١- چاپخانەی ڕۆمان -سلێمانی -٢٠٠١

٨٧- لەتیف هەڵمەت - ددانی پاشەڕۆژ وەک ددانی جەنگ سپی یە -چ١- وەزارەتی ڕۆشنبیری - سلێمانی - ٢٠١١

٨٨- لەتیف هەڵمەت - وشەی جوان گوڵەگوڵ - ەچاپخان ألحوادث- بغـداد - ١٩٧٩

٨٩-لەتیف هەڵمەت - ئەونامانەی کە دایکم نەیانخوێندەوە -(هۆنراوە) - چاپخانەی ألحوادث - بغداد - ١٩٧٩

٩٠- فیتەل تەمەڵە -یەیەنراووەەێ ەک یبەواوێەت یواونابەوت یەچاپخان ألحوادث -- بغداد - ١٩٧٩

٩١- لەلایەن چەند لێکۆلیارێکی یاساییەوە نووسراوە -دادپەروەری ومافی مرۆڤ لە سەردەمی جیهانگیریدا- چ١- چاپخانەی بینایی -سلێمانی -٢٠٠٦

٩٢- لەلایەن چەندلێکۆڵەرێکی یاساییەوەنووسراوە-ئازادییە گشتییەکان و دیموکراسی -چ١-چاپخانەی بینایی - سلێمانی -٢٠٠٥

٩٣- محمد قطب -جەنگە نەریتیەکان- و.ژیوان گەلاڵی-چ١-چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر- ٢٠٠٤

٩٤- محمود زامدار - شیعرو بەرهەڵستی وڕاچەنین لە کوردستانی ئێراندا - مطبعة جاحظ - بغداد - ١٩٨٩

٩٥- محەمەدکەمال (د.)-نیتشەو پاش تازەگەری — چ٢ -دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی -٢٠٠٩

٩٦- موحسین ئاوارە - کارێزەمەرجان - چ١ - چاپخانەی ڕۆژهەلات - هەولێر - ٢٠١٤

٩٧- موحسین ئاوارە - گوڵناز - چ١ - وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ وبڵاوکردنەوە - سلێمانی - ٢٠٠٣

٩٨- موحسین ئاوارە - لەژێر ساباتی شیعردا -چ١ - بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری - هەولێر -٢٠٠٦

٩٩- موساغەنی نەژاد- کۆمەڵی مەدەنی:ئازادی ئابووری وسیاسەت- و:ڕێبازمستەفا-چ٢- چاپخانە:داناز- سلێمانی -٢٠٠١

١٠٠- مۆیدطیب - ستران وبەفرو ئاگر - چ٢ - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر - ٢٠٠٤

١٠١- مەریوان وریا قانع- سیاسەت ودونیا- چاپخانەیئاوێنە- سلێمانی-٢٠١٢

١٠٢- مەسعودجەلالی موقەددەم -ئاین وکۆمەڵناسی - و.هیوامەلاعەلی-چ١- دەزگای وەرگێڕان -٢٠٠٥

١٠٣- ناوەندیمافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان -مافەکانی مرۆڤ- جیاکاری دژی ژن- چاپخانەی ئازە هەولێر- ٢٠٠٠

١٠٤- نیچە,فۆکۆ,ئەلبێرکامۆ,ئەریک فۆرم,شیدوارد سەعید,ئومبێرتۆئیکۆ,لوسیان گۆڵدمان -چەند وێسگەیەکی فیکری وئەدەبی - و-ئازادبەرزنجی-چ٣-دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم -سلێمانی - ٢٠٠٨

١٠٥- نەوامحمدسعید-مافەکانی ژن ومێرد لە ئیسلامدا- چ٢-چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر-٢٠٠٦

١٠٦- نەوزاد ڕەفعەت - نیگەرانی - چاپخانەی (ألزمان) - بەغدا - ١٩٨٥

١٠٧- هاوژین صلیوە (د.)- ڕەهەندی دەروونی لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەت-چاپخانەی ڕۆژهەلات- چ١- هەولێر-٢٠١٣

١٠٨- هاشم سەڕاج - گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس - چ١ - چاپخانەی ئۆفسێتی ژین - سلێمانی - ٢٠٠٠ [1]

١٠٩- هیمداد حوسێن( د.) - ڕێبازە ئەدەبییەکان - چ١ - چاپخانەی دەزگای ئاراس - هەولێر - ٢٠٠٧

١١٠- هیمدادی حوسێن (د.) - بزووتنەوەی ڕوانگەو شاعیرانی حەفتاو هەشتاکانی هەولێر - چ١ - چاپخانەی کارۆ - کەرکوک- ٢٠١١

١١١- هیمدادی حوسێن (د.)- ڕۆژنامەوانی کوردی - گۆڤاری هیوا- ١٩٥٧- ١٩٦٣ - بەرگی یەکەم -چ١ - چاپخانەی ئاراس -هەولێر - ٢٠١٠

١١٢- هەژاری عزیزسورمێ- لەبیرەوەری یۆبیلی زێرینی جاڕنامەی مافی مرۆڤ-چ١-چ:وەزارەتی پەروەردە-هەولێر-١٩٩٨
١١٣- یادگار ڕەسوڵ باڵەکی - سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ١٨٩٨ -١٩٣٢ -چ١ -چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر -٢٠٠٥

فەرهەنگە کوردییەکان :

١- پرشنگ حەمە ئەمین ئەحمەد- فەرهەنگی یاد-ئینگلیزی,عربی,کوردی-سلێمانی-چ٢-چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە-٢٠٠٣
٢- حەمە کەریم عارف – فەرهەنگی گۆڤەندو زنا - فارسی - کوردی-چ١-چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر -٢٠٠٦
٣- ڕزگار کەریم -فەرهەنگی (ژیر), عربی-کوردی , چ١-چاپخانەی إحسان- سلێمانی -٢٠١٣
٤- زانەر محەمەد- فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)- کوردی - عربی -ئینگلیزی -چاپخانەی چوارچرا- سلێمانی- ٢٠١٤
٥- سەلام ناوخۆش- فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)-ئینگلیزی - کوردی- چاپخانەی نازە-چ١- هەولێر -٢٠٠٢
٦- شێخ محمدی خاڵ- فەرهەنگی خاڵ- چ ١- سلێمانی- ٢٠٠٠
٧- کەمال جەلال غەریب -کەمالنامە -فەرهەنگی زانستی -عربی-ئینگلیزی-کوردی -چ١ -چاپخانەی ڕێنوێن-سلێمانی -٢٠٠٣
٨- گیوی موکریانی- فەرهەنگی کوردستان- چ ١ -١٩٩٩
٩- محەمەد چیا - فەرهەنگی فەلسەفی - ئینگلیزی - عەرەبی - کوردی- چ٢-سلێمانی- ٢٠٠٤
١٠- هەژار- فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە - (کوردی –فارسی)- تهران- ١٣٤٩

چاوپێکەوتن :

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ (فەرید زامدار),-هەولێر - ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/١٠
٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ(قوبادی جەلی زادە) - سلێمانی - ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/١٤
٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ (کریم دەشتی),- هەولێر - ڕێکەوتی ١ /٢٠١٥/٦
٤-چاوپێکەوتن لەگەڵ (لەتیف هەڵمەت)- سلێمانی - ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/١٥
٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ (موحسین ئاوارە)– هەولێر- ڕێکەوتی ٢٠١٥/٥/٣١

نامەی زانکۆیی :

١- ئارام محمد قادر- نامۆیی لەشیعری کوردیدا-کرمانجی خواروو - نامەی ماستەر - زانکۆی سلێمانی -٢٠٠٧

٢- جلال أحمدعبدالله-ڕەهەندەکانی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەنجان –نامەی ماستەر–زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر-٢٠١٠
٣- کمال سعدی مصطفی- چوارچێوەی یاسایی ئازادی ڕۆژنامەگەری لەکوردستانی عێڕاقدا- نامەی ماستەر - کۆلێژی یاساو ڕامیاری-زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر-٢٠٠٣
٤- هیمداد مەجید عەلی -کاریگەری هەڵچوون لەبەرپرسێتی تاوان وسزادا -و-دلێر میرزا -نامەی ماستەر - کۆلیژی یاسا زانکۆی سلێمانی- چاپخانەی کارۆ- ٢٠٠٤

گۆڤارە کوردیەکان :

١- ئازاد عبدألواحد - چاوپێکەوتنی ڕامان لەگەڵ (جەلال بەرزنجیدا)– امانڕ - ژمارە--١٠٥- ٢٠٠٦
٢- ئومێد حەمەعەلی- دیاردەناسی مرۆڤی یاخی - ارىۆڤگ - هەنار - ژ-٦٨-٢٠١١
٣- ئەکرەم قەرەداغی -پابەندبوون لە ئەدەبدا - ەندىئا -ژمارە-٦٩- ٢٠٠٦
٤- ئەکرەمی میهرداد- بیرکردنەوە لە شیعر- امانڕ-ژمارە-٢١١-٢٠١٤
٥- ئەکرەمی میهرداد - بیرکردنەوە لە شیعر - امانڕ-ژمارە- ٢١٢- ٢٠١٥
٦- ئیدریس عەلی - تەوەرەی شیعر - چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلال بەرزنجیەندىئا) - - ژمارە- ٧٧-- ٢٠٠٨
٧- بورهان ئەحمەد- شیعر یاخی نەبێ دەستەمۆیە - چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلالی مەلەکشا) - ئاینده - ژمارە-٥٧-٢٠٠٤
٨- بەختیار عەلی - قانع وسەرەتاکانی سەرهەڵدانی مۆراڵی ناسیۆنالیستی - سەردەمی ڕەخنە- ژمارە-٢- ٢٠٠٥
٩- پەیام یەزدانجوو- خەلافەتی ئیسلامی , ئەدەب و تیرۆریسم - و.مستەفا شێخە - ڕامان - ژمارە-٢١١- ٢٠١٤
١٠- پیتەر مورداک - نسبیبەتی کولتووری - وەرگێڕ-موسڵح ئیروانی گۆڤاری توێژینەوە - ژمارە٢ - ٢٠٠٥
١١- حسێن خەلیقی( د.)- دیموکراسی ومافی مرۆڤ لەئاینی ئیسلامدا -کەوانە ژمارە-١٥- ٢٠١٣
١٢- حسێن عارف - گیانی یاخیبوون وبەگژاچوون لە شیعری نەوەی نوێماندا- - ارىۆڤگ ەوانگڕ-مطبعـة نعمان -ألنجف ألأشـرف ەژمار -٢-١٩٧١
١٣- حەمە کەریم عارف - هەزار توێی شیعری نوێخوازی- ڤەفەوشەن - ژمارە-٢٠-٢٠٠٤
١٤- حەمە کەریم عارف -کۆمەڵگەوزەبروزەنگ– ڤەفەوشەن - ژمارە-٣٠-٢٠٠٥
١٥- حەمید عەزیز( د.)-ماکس شیلەر,فینۆمینۆلۆژی زانین وبەهاکان– امانڕ - ژمارە-٣١-٢٠٠٨
١٦- ڕێزان عەلی ئیبراهیم (د.)- کەسایەتی دژبەکۆمەڵگا(سایکۆباتی) هۆکاروپێکهاتە- ڕامان ژمارە-١٤١-٢٠٠٩
١٧- ڕەفیق سابیر- نامۆبوون لەچیرۆکەکانی حسێن عارفدا- ارىۆڤگ ژىێ لاوەگ ێنو - ژمارە-٢-١٩٩٧
١٨- زانکۆ ئیسماعیل ڕۆژ - ئەو دەرگایەی بە ئاسانی ناکرێتەوە - ئاینده - ژمارە-٣٦ - ٢٠٠٢
١٩- سامان محمد -ڕەنگدانەوەی نامۆبوون لەنێوان شێرکۆ بێکەس ومەحموود دەروێشدا- ڕامان- ژمارە- ١٤١-٢٠٠٩

٢٠- سۆنیا سدیق -هونەر مرۆڤ یاخی دەکات - ارىۆڤگ رهون-ژمارە-٤٩-٢٠١٣
٢١- سەعید کاکی-ڕەخنەی بەها ئەخلاقییەکان لە فەلسەفەی نیتشەدا --امانڕ -ژمارە- ١٩٤-٢٠١٣
٢٢- سەعید محەمەد نووری -ماهیەتی سۆزو خۆشەویستی لەسایکۆلۆژیدا -ڕامان- ژمارە-١٢٤ -٢٠٠٧
٢٣- شوکرسلێمان - بەهای کۆمەڵایەتی لە مێژوود- امانڕ - ژمارە-١٢١-٢٠٠٧
٢٤- شوکرسلێمان- گرفتی کۆمەڵایەتی-کۆمەڵناسی—ژمارە-١ -٢٧٠٧
٢٥- شەماڵ حەسەن زادە - لە ئوستورەوە بۆ دین - ئایندە - ژمارە-٧٥ - ٢٠٠٧
٢٦- عادل باغەوان- پڕۆژەی تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی ئاین -ارىۆڤگ مەردەس - ژمارە -٥١- ٢٠٠٧
٢٧- عەبدولخالق مەعروف- ئادەمیزاد لەکۆمەڵی کوردەواریداارڕۆڤ -ژمارە- ١٧٠- - -١٩٩٩
٢٨- عەتا نەهایی - ئاوڕدانەوەیەک لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ئایندە -ژمارە - ٥٣-٢٠٠٤
٢٩- عەلی ئەکبەر مەجیدی -جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت و چاکسازی لە یاسادا-کەوانە-ژمارە ٣-٢٠١١
٣٠- کامەران جەوهەری (هەلوەدا) - شیعر وەک چەک -ارىۆڤگ نارەە - ژمارە-٧٣-٢٠١٢
٣١- کامەران سوبحان - چاوپێکەوتن لەگەڵ (ڕەزاخەندان) - ئایندە - ئایندە - ژمارە-٧٥ - ٢٠٠٧
٣٢- کەیهان یوسفی - ڕاگەیاندنی ئازاد -شکىت-ژمارە -٢٧-١٣٩٨
٣٣- محمد شوانی (د.)-سیستەم ودامەزراوەکۆمەڵایەتیەکان-کەوانە- ژمارە-١٩-٢٠١٣
٣٤- موسڵح ئیروانی - سەرەتایەکی کورت لەبارەی کۆمەڵناسییەوە - ارىۆڤگ دوەنىژێتو - ژمارە-٩- ٢٠٠٦
٣٥- مەریوان وریا قانع - دیکتاتۆریەت وتۆتالیتاریزم لە نێوان(جۆرج ئۆرویل) و(فریدریک هایک) - سەردەمی ڕەخنە- ژمارە-٢- ٢٠٠٥
٣٦- نەجات حەمید ئەحمەد- ئازادی شیعر لەدەرەوەی ڕێنماییەکاندا - رىەنووس ىٚنو - ژمارە -٣٩-٢٠٠٧
٣٧- نەجات حەمید ئەحمەد- دەسەڵاتی قەدەغەکردن - ڨەفەوشەن - ژمارە -٣٦-٢٠٠٦
٣٨- هوشیاری عبدالعزیز -کۆمەڵگاوبیرکردنەوەی نادیموکراتییانە-رىىب ىٚنو - ژمارە -٤٥-٢٠٠٨
٣٩- یوسف عوسمان -خەسڵەتی نامۆبوونی تاک ئەنتی کەسایەتی -ارۆڤگ امانڕ — ژمارە -٧٣-٢٠٠٢

ڕۆژنامەکوردیەکان:

١- ئازاد خدر - میکانیزمی شیعر -ىەژنامڕۆ تىیەبرا -بەدەئ روهون مژمار -١٥١- ١٩٩٩
٢- بێریڤان جەمال حەمە سەعید - شکاندنی تابووە کەلتوورییەکان-ڕۆژنامەی هاوڵاتی - مژمار-٢٠٠٩-٢٠٠٥
٣- ج .گلیزر مین - واتای یاساگشتی وتایبەتییەکان - ئامادەکردن وگۆڕینی - بیری نوێ- ڕۆژنامەی ىٚنو - رىىبژمارە-٢٩٢-١٩٧٨
٤- مستەفا صالح کریم - شاعیری زریان و وتووێژێک - چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر راقىٚع -مژمار-١٩ - -ىەژنامڕۆ ١٩٧٨

٥- مەحموود شێرزاد - بژاردەو ئاخاڤتنی میتافۆریک --یەژنامڕۆ کوردســـتان - مژمار-٤٢٠ -١٣٨٤
٦- هێرۆ کوردە- - ژن و ئەدەبی ئیرۆتیک و ئەدەبی ڕووتی پیس - ڕۆژنامەی هەولێر - ژمارە-١٩٨٣ - ٢٠١٤
٧- هێرش- چاوپێکەوتن لەگەڵ لەتیف هەڵمەت - شیعر شکاتنامەی منە- ڕۆژنامەی هاوکاری -ژمارە- ٩١٠- ١٩٨٧

کتێبی عەرەبی:

١- إبراهيم حيدری- ألنقد بين ألحداثة وما بعد ألحداثة –ط١-دارألساقی - بيروت-لبنان ٢٠١٢
٢- أحمد سليمان الأحمد (د.)- ألشعرألحديث بين ألتقليدوألتجديد - ألدارألعربية للكتاب -طرابلس - ١٩٨٣
٣- إسماعيل حاكمی (د.)- أدبيات معاصر أيران - چ٣ - چاپ:دیبا - طهرا - ١٣٧٥
٤- أكرم مطلك محمد- ألأخلاق والدين بين ألفلسفةألأنغلاق وألأنفتاح للفيلسوف هنری برجيسون –ط١- بيت ألحكمة - بغداد - ٢٠١٣
٥- أي .شنايد - ألتحليل ألنفسي وألفن (د.)- ترجمة- يوسف عبدألمسيح ثروة - ط١ - دارألحرية للطباعة - بغداد -١٩٨٤
٦- ضرورة خلق أدب جديد - صلاح حمدی - طبع بمطبعة ألجامعة - بغداد - ١٩٦٠
٧- بدرخان عبدألله ألسندی - طبيعة مجتمع ألكردي في أدبه - ألجزء ألأول - مطبعة بلدية كركوك - ١٩٦٧
٨- پول شاوول - كتاب ألشعرألفرنسی ألحديث (١٩٠٠-١٩٨٠) - ط١ - دار ألطليعه للطباعة وألنشر - بيروت لبنان - ١٩٨٠
٩ جلال خياط( د.),كمال نشأت,د.عزألدين إسماعيل,أحمد ألمجاطي,د.جليل كمال ألدين- ألشعر وألثورة - دارألحرية للطباعة - بغداد-١٩٧٤
١٠- جماعة من ألمتخصين-ألأنسان وألمجتمع- ط١ - دارمكتبةألحياة - بيروت -١٩٦٥
١١- حسنى محمود حسين (د.)- مطالعات شعرألمقاومةألعالمي - دارألشؤونألثقافية عامة- بغداد - ١٩٨٦
١٢- روبير إسكاربيت - سوسيولوجيا ألأدب - ترجمة-آمال أنطوان عرموني - ط١ - منشورات عويدات - بيروت, باريس - ١٩٧٨
١٣- سلامة موسى - حرية ألفكر - ط١ -مطابع ألهيئةألمصرية ألعامة للكتاب - قاهرة - ١٩٩٣
١٤- سيجموند فرويد –معالم تحليل نفسانی –ت:د.محمد عثمان نجات –ب ط- مطبعة سعادة بمصر - قاهرة
١٥- صبيح ناجي ألقصاب - ألشعر بين ألواقع وألأبداع - دارألحرية للطباعة - بغداد -١٩٧٩
١٦- عبدألحميد محمد - روح ألأدب - تقديم- ألدكتور عبده بدوي - دارألثقافة - ١٩٧٢
١٧- عبدألسلام ألمسيحي (د.), عبدألواحد لؤلؤة (د.), سلمان ألواسطي( د.),فاضل ثامر -ألشعر ومتغيرات ألمرحلة - وزارةألثقافة وألأعلام - بغداد -١٩٨٦

١٨- عبدألغفار ألمكاوى( د.)- ثورة ألشعر ألحديث من بودلير ألىألعصرألحديث -ط٣ - مطابع ألهيئة ألمصرية ألعامة للكتاب -قاهرة -١٩٧٢
١٩- عبدالقادر موسى المحمدي - الإغتراب في تراث صوفية الإسلام - بيت ألحكمة - بغداد-٢٠١١
٢٠- عدنان عبدألرحيم - فرويد وألطبيعة ألأنسانية - ط١ - دارألحقائق للطباعة وألنشر وألتوزيع - بيروت- لبنان -١٩٨١
٢١- عزألدين إسماعيل( د.)- ألشعرألعربي ألمعاصر- ط٥ - دارألعودة -بيروت-١٩٨٨
٢٢- عزألدين إسماعيل( د.)-ألتفسير ألنفسي للأدب - ط١ - دارألمعارف - قاهرة - ١٩٦٣
٢٣- عزألدين مصطفى رسول(د.)- ألواقعية في ألأدب ألكردي - منشورات ألمكتبة ألعصرية صيدا-بيروت - ١٩٦٦
٢٤- عزيز ألحاج - ألغزوألثقافي ومقاومته - ط١ - ألمؤسسة ألعربية للدراسات وألنشر -بيروت -١٩٨٣
٢٥- فاروق ألقاضي- آفاق ألتمرد —ط١ - ألمؤسسة ألعربية للدراسات وألنشر- بيروت -٢٠٠٤
٢٦- فتوح أحمد(د.) - واقع ألقصيدة ألعربية - ط١ - دارألمعارف - قاهرة - ١٩٨٤
٢٧- فردينان آلكية - فلسفة سريالية - ترجمة -وجيه ألعمر - مطبعة وزارة ألثقافة - دمشق - ١٩٧٨
٢٨- فريق من ألأختصاصين- ألمجتمع وألعنف -ت-ألأب ألياس زحلاوى - ط٣ -ألمؤسسة ألجامعية للدراسات وألنشروألتوزيع -١٩٩٣
٢٩- قيس ألنوري(د.)-آفاق ألتغيير ألأجتماعي ألنظرية وألتنموية -ط١-طبع بمطابع ألتعليم ألعالي-بغداد- ١٩٩٠
٣٠- قيس ألنـورى (د.أ ),إبـراهيم عثمان (د.أ ) -التغيير الاجتماعي ط١- شركة ألعربية ألمتحدة للتسويق لتوريدات - ٢٠٠٨
٣١- كمال أبوديب (د.)- في ألشعرية - ط١ - مؤسسة ألأبحاث ألعربية - بيروت - ١٩٨٧
٣٢- كمال نشأت - ألعطر ألصنايع - مجلة ألشعر - عدد-٦ - ١٩٦٤
٣٣- لطفى عبدألبديع( د.)- ميتافيزيقا ألغة - مطابع ألهيئة ألمصرية ألعامة للكتاب - قاهرة - ١٩٩٧
٣٤- ليون تروتسكى- ألأدب وألثورة - ترجمة :جورج طربيشي - ط١ - دارألطليعة - بيروت -١٩٧٥
٣٥- محسن عبدألحميد( د.)- منهج ألتغيير ألأجتماعي في ألأسلام - ط١- مطبعة ألزمان- ١٩٨٦
٣٦- محمد زكى ألعشماوى( د.)-ألأدب وقيم ألحياة ألمعاصرة -ألدارألقومية للطباعة وألنشر-ألأسكندرية - ١٩٦٦
٣٧- محمد غنيمي (د.)ألهلال - ألنقدألأدبي ألحديث - دارألعودة - بيروت -١٩٩٧
٣٨- محمد قطب - معركة تقاليد -ط٢ - ألناشرمكتبة وهبة - قاهرة- ١٩٦٢
٣٩- محمدألسباعي - خواطر في ألحياة وألأدب - ألشركة ألعربية للطباعة وألنشروألتوزيع - قاهرة -١٩٧٢
٤٠- محمدسلامة عبارى(د).- ألإنحراف ألأجتماعي ورعاية ألمنحرفبن- ط١- كلية ألاداب -جامعة ألملك سعود بالرياض-١٩٨٦
٤١- محمدطلعت عيسى( د.)- ألشائعات وكيف نواجهها - ط١-دارومطابع شعب -قاهرة - ١٩٦٤

٤٢- مصطفى ناصف (د.)- ألصورةاللأدبية - دارالأندلس - بيروت- بدون تأريخ ألطبع
٤٣- معروف خزنه دار - موجز تأريخ ألأدبألكرديألمعاصر - ترجمة- د.عبدألمجيدشيخو - أناشر-هوشنك كرداغى - ١٩٩٣/٢٠٠٠
٤٤- وحيدألدين بهاء ألدين - في ألأدب وألحياة - مطبعةدار ألبصري - بغداد - ١٩٦٩

گۆڤاره عەرەبییەکان

١- فائق بطي (د.)-جدل ألحرية وألاحرية قراإت في قانون ألعمل- مجلة ألصحفي - عدد-٤٥-٢٠٠٨
٢- كاتبة سورية- محرمات..محرمات..محرمات- ألفجرألجديد -عدد-٤١- ٢٠٠٦
٣- كمال نشأت - ألعطر ألصنايع - مجلة ألشعر - عدد-٦ - ١٩٦٤
٤- محمد أحمد ألعزب - عن ألتمرد في ألشعرألنضالي ألعربي - مجلة ألأقلام - ألسنة ألسادسة عدد -٩ - ١٩٧٠
٥- محمد ألنويهي (د.)- ثورة ألشكل وثورة ألمضمون في ألشعر ألمنطلق - مجلة ألشعر عدد-٧-١٩٦٤
٦- وليام بوليور - مدخل في علم ألأجتماع ألأدبي - ترجمة :إبراهيم خليل -مجلة ألأقلام -سنة تاسع عشر- عدد-١٠ -١٩٨٤

رسالة ماجستير:

١- أحمدحاچم محمد- ألغربة وألحنين في ألشعرألعربي ألأندلسى -رسالة ماجستير –جامعة بغداد –كلية ألاداب -١٩٨٣
٢- شريف مهني عبدة محمود- دراسة الاغتراب وعلاقته بمستوى الطموح لدى طلاب الثانوي العام وافني والصناعي - رسالة ماجستير- جامعة عين شمس- ٢٠٠٠
٣- نوزادحمد عمر -الغربة في الشعر كاضم السماوي-رسالة ماجستير- جامعة صلاح الد ين- كلية تربية -٢٠٠٨

فەرهەنگی عەرەبی:

١- أبو عبدألرحمن ألخليل بن أحمد فراهيدى- كتاب( ألعين)—دارألشؤن ألثقافية ,ط٢-١٩٨٦

سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

1- David Hopkins-- Dada and surrealism:Avery short Introduction – Oxford University pressOxford -2004
2- Bruce Bauh-French Hegel From surrealism to post modernism - Routledge-London and New Yourk-2003
3- Fadhil Haydar Khueada- Astylistic Study of Selected Poems of E.E Cummings -University of Salahaddin - College of Languagees Erbil -2009

سەرچاوە فارسیەکان:

١- أحمد شاملو - دەربارە هنرو أدبیات- باكوشش ناصر حريرى - چ٤ -نشر آويشن,گوهر مرداد - تهران - ١٣٧٧

٢- رابرت دوز, سيمور مارتين ليپست - جامعەشناسى سياسى-ترجمة-دكتر محمد حسين فرجاد- چاپ أول - چاپ حيدرى  تهران- ١٣٧٩

٣- كى إرمه - فرهنگ ودموكراسى- ترجمه-مرتضى ثامب فر -چ١- چاپ ديبا - إنتشارات ققنوس- تهران- ١٣٧٤

سەرچاوەی ئینتەرنێت:

١- مهاباد قەرەداغى - ژن و كۆمەڵگە لە قۆناغى باڵندەيى شێركۆ بێكەسدا-- http://Afrat.0rg

## Abstract

Taboos in contemporary Kurdish poetry(1980-1991)-south of Kurdistan:

The title of the research pays much attention to systematize society by the effects of laws that are used on the part of religion or people- made laws for freedom at expression and literary works.

Importance:

The importance lies in the investigation of all those psychological gaps at artists and poets that taboo created them.

The border of this study is the explanation of taboos that become part of human rights and some of them are local.

The method adopted here is descriptire analysis.

The title of the study is taboos in Kurdish poetry (1980-1991) in south of Kurdistan. It consists of three parts:

The first part is the definition of the term which is against taboo. This also explains its types.

The second part of the research is the transference of break of taboo from reality into literature. Then ,I talked about the effect and relation between literature and taboos.

The last chapter talks about Kurdish poems of eighties. This is the practical part of the study.

At the end , there are recommendations and a list of books consulted for writing this research.

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# Taboos in Contemporary Kurdish Poetry (1980-1991) – South of Kurdistan

**A Thesis**
Submitted to the Council of the College of Education Salahaddin University-Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Kurdish Literature

**By**
**Hawkar Mamand Taha**
B.A.in – Salahaddin University -2006

**Supervised by**
**Prof . Dr. Nawzad Waqas Said**

Erbil, KURDISTAN
October 2015